هادی عەلەوی

# گۆلبژێرێک لە
# دەقەناوازەو بەتامەکانی مێژوو

وەرگێرانی
حسێن عوسمان نێرگسەجاڕی

سلێمانی-2005

## المستطرف الجديد

ناوی ئەم کتێبە (المستطرف الجديد)ە, 650 ساڵێک لەمەوبەر نوسەرێک بە ناوی (ئبشیهی) کتێبێکی بە ناوی (المستطرف فی کل فن مستظرف) داناوە.. کە ئەمیش بریتییە لە چەندین دەقی تایبەت بە پەند و قسەی نەستەق و....هتد. ئەم کتێبەی (هادی عەلەوی)ش بە هەمان نەفەس هەمان فەزا ڕێکخراوە, وەلێ (هادی) بەجۆرێک هەڵیبژاردوون خزمەتی بەرنامە و بۆچوونە فیکری و سیاسییەکانی خۆی پێبکات.. کە بەرنامەیێکی مرۆڤدۆستی و دادوەرانەی کۆمەڵایەتییە.

نرخی 2500 دینار

# گوڵبژێرێك لەدەقەدەگمەن و نایابەکانی مێژوو

نووسینیو راڤەکردنی
هادی عەلەوی

وەرگێڕانی
حسێن عوسمان نێرگسەجاڕی

سلێمانی- 2005

**حكومەتی هرێمی كوردستان**

**وەزارەتی ڕۆشنبیری**

**بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان**

www.roshnbiri.org
khanaywargeran@yahoo.com

➢ **ناوی كتێب**: **گوڵبژێرێك لە دەقە دەگمەن و نایابەكانی مێژوو**

➢ **ناوی نووسەر**: **هادی عەلەوی**

➢ **وەرگێڕانی لەعەرەبییەوە**: **حسێن عوسمان نێرگسەجاڕی**

➢ **بابەت**: **پەندو بەسەرهات**

➢ **تایپ و نەخشەسازی كۆمپیوتەری**: **سۆران عەبدوڵڵا**

➢ **نەخشەسازی بەرگ**:

➢ **زنجیرە**: 126

➢ **تیراژ**: 1500

➢ **ژمارەی**(340)**ی وەزارەتی ڕۆشنبیری سلێمانی پێدراوە**

➢ **چاپ**: **ئەلەند**

"صَدَقَ اللهُ العَظيم"
سورة النمل آية(60-61)

**پێشکەشە بە**

**گیانی پاکی نەمران**

**پیرەمێرد**

**شێخ محەمەدی خاڵ**

## بابەت

1–**سەرەتایەك‌و چەند تێبینیەك / هادی**

2–**ئەو شۆڕە سوارەی ... حسین عوسمان نێرگسەجاڕی**

3–بۆ هادی عەلەوی/ شیعر/ عبدالله پەشێو
4–گوتەی پەخشكار/ سەنتەری سۆشیالیستی عەرەبی
بەشی یەكەم/ رامیاری‌و چونڕامیاری
راڤەو چەند تێبینی/
بەشی دووەم/ چەند بابەتێكی زانستی و فەلسەفی
–راڤەو چەند تێبینیەك
بەشی سێیەم/ چەند بابەتێكی ئەخلاق‌و حەزاری
–راڤەو چەند تێبینیەك
بەشی چوارەم/ خۆشەویستی‌و ئافرەت
–راڤەو چەند تێبینیەك
بەشی پێنجەم/ هەمەجۆر
–ئەزموونی سۆفیگەری
تقاسم علی القران
راڤەكردن‌و چەند تێبینیەك
بیبلۆگرافیای بابەتەكان
چەند وشەیەكی زانستی‌و تەكنیكی
بیبلۆگرافیای كەسەكان

# سەرەتایەك

خوێندنەوەی ئەمجۆرە بابەتانە, جێگەی ئەو سەرچاوانە ناگرێتەوە کەتوێــژەران ســۆراخیان دەکــەن, ئــەو سەرچــاوانە دەســتنوس و چاپکراوی عـەرەبی و پسـپۆڕان لەگەنجینـەکانی جیهانـدا سـوودیان لێدەبەینن.
ئێمـە خوازیـارین ئـەمجۆرە بابەتانـە رابـەرێك بـن بـۆ دۆزینـەوەی ئاراســتە گشــتییەکان لەمێــژوو کــەلتوورو لێگەیشــتنیان, ئــەو خوێنەرانەش کە ناخوازن لە مێژوودا پسپۆڕ بن, لەم بابەتەی ئێمەوە دەتوانن بروانننە هەندێك لایەنی کەلتووری.
زۆر جارێش یارمـەتیان ئـەدات بـۆ گەلالـەبوونی دیدوبۆچوونێکی تایبەت لەبارەی باس و کێشەیەکی نێو ئەم دەقە هەڵبژێراوانە.
کەواتـە بابەتـەکانی ئـەم کتێبـە بـۆ مێـژوو نووسـێکی پیشـەوەر (موحتـەریف) نیـە, هەرچـەند زۆرجاریش پەیوەنـدن بەخواسـتەکانی ئەمەوە.
مـن دەمـەوێت ئـەو کەلێنـە پڕکەمـەوە کەنـەبوونی سەرچـاوەیە بـۆ زۆرینەی رۆشنبیران, چونکە ئەو سەرچاوانە دوورەدەستن و بـەگران دەگەنە دەستی رۆشنبیران, ئەو سەرچاوانەی کە هەمیشـە ئاواتیـان بۆ دەخـوازن چونکە دوورن لەشوێنی ئاسایی رۆشنبیران, هـەروەها کتێبـە کۆنـەکانی کـەلتوور بەشێوازێك دارێـژراون بـەگران ئـەتوانرێت هەڵوێستێکی روون و هاوسەنگیان لێوەربگیرێت.
پێوەری من بۆ هەڵبژاردنی بابتەکان: هەوڵمداوە بەوردی بژنینە بـن (انتقـائی), مەبەستیشـم ئـەوە بـووە کـە هەڵسـەنگاندنی پێشـینان (ئەسلاف), وەك خۆیانبن, نەك وەك (ئەوەی ئەمانەوێت).
بەو پێوەرو پێودانگەی سەرەوە, خوێنەر هەستدەکات کـە دەقـەکان زۆرجــار دژ بەیــەکن, ئــەم پێکــەوە نەگونجانــە زۆرجــار لــە ســەربازگەیەکداو بگـرە لـەخودی کەسـایەتییەك و (حاڵەتێکـدا) روو ئەدەن.
زۆرینــەمان گەیشــتووینەتە ئـەو قەناعەتـەی کـە (کەسـایەتییەکی هەڵکــەوتووی مێــژویی) بوونــەوەرێکی رووت نیــە, بــەڵکو زادەو بەرهـەمی چـالاکیی (بیۆکۆمەڵایەتی)یـەو وەك (ئەقلیـدس) بڕوانینـە مرۆڤ بەگشتی و ئەو (کەسایەتیە) بەتایبەتی.
بێگومــانم خوێنــەری ئــەم ســەردەمە ئارەزوومەنــدە کەلــە دەستپێشخەرییەکانی پێشینانی خۆی ئاگاداربێت و بیان ناسێت,

**ئەو پێشینانەی کە تا رادەیەك خاوەنی هوشیاریی کۆمەڵایەتی و شەرەف و ئازایەتی و بیرکردنەوەی ئازادانەی سەربەخۆ بوون, تەنانەت لەهەندێك کەسی ئەم سەردەمەش باشتر بوون.**

**پێویستە ئەم کارە دروستەی من نەبێتە کۆسپ لەرێگەی ئاشکراکردنی بوودەڵەیی سایکۆلۆژیی, پێشینانداو, من لەم کتێبەدا نامەوێت لێکۆڵینەوەیەکی رەخنەگرانە بۆ شارستانی پێشینان ئامادە بکەم, بەڵام رێبازی هەڵبژاردنی دەقەکان هەتا رادەیەك بۆ پێداویستیی ئەو لێکۆڵینەوەیە دەگونجێن.**

**هیوادارم کەبە ستایشەوە نەگلێم, ئا لەم بۆنەیەدا گوتەیەکی (ئەنگلس) دەهێنمەوەکە لەکتێبی ((ئەنتی دوهرنگ))دا کە دەڵێت:**

**((لەکاتێکدا رۆڵی مێژوویی فەلسەفەی سروشتی کۆن هەڵدەسەنگێنین, زۆر ئاساییە پڕ جنێوی بکەین)), دیارە لەنێوان (ستایش و جنێو) دا نەك تەنها فەلسەفەی سروشتی, بەڵکو گشت حاڵەتەکانی ((کەلتورو شارستانیەکانی کۆنیش)) بێئارەق دەرناچن, بۆیە منیش لەنێوان خوێنەرو دەقەکاندا دەبمە (واسیتە)و ناونیشانیش بۆ هەموو دەقەکان دائەنێم کە بگونجێن لەگەڵ مانایاندا.**

**لەکۆتایی هەموو بەشێکدا بەپێی پێویست ئەم دەقانەم راڤەکردوون, لەکۆتایی کتێبەکەدا بۆ بابەتە سەرەکییەکانی ئەو دەقانە پێرستێکی روونکردنەوەم ئامادە کردووە.**

**من دڵنیا نیم لەو ناوبژییەدا چەندە سەرکەوتووم, بگرە لەوانەیشە لەهەردوو تاقمی (داشۆرین و ستایش)ەوە بدرێمە بەر نەفرەت, بەڵام هەرچۆنێك بێت ئەمە پاداشتی (تێوەگلان)ە لە کەلتووری شارستانییەك کە زۆرترین وروژان و لێدوان هەڵدەگرێت.**

**هادی عەلەوی**

# چەند ئاگادارییەك لەبارەی چۆنییەتی هەڵبژاردەو ڕێکخستنەوە

1–ئەم کتێبە کراوە بە (5) بەش:– ڕامیاری، زانستو فەلسەفە، ڕەوشتو شارستانی، خۆشەویستیو ئافرەت، هەمەجۆر.

2–دەقی شیعرم کەمتر هێناوە، لەهەموو پێنج بەشەکەدا ئەو شیعرانەم هێناون کە بۆ دەقەکان دەگونجێن.

3–ئاماژە بۆ دەقەکان جیاوازن چونکە سەرچاوەیان جیاوازن، ئەو دەقەی لێی دڵنیامو لەتۆمارە مێژووییەکانەوە وەرمگرتوون، ناوی خاوەنەکەیم نوسیوە، ئەو دەقەی لێی بەگومانم وشەی (منسوب)یان (متداول)م بۆ داناوە، ئەو فەرموودەی پێغەمبەرە کە دەماودەم هاتووەو پچڕانیشی تێکەوتووە، زاراوەی (موضوع – دانراو)ی بۆ بەکارهێنراوە، دیارە لەزانستی (حدیث)دا هەمان زاراوە بەکارهاتووە، بۆ دەقە بنەڕەتیو سەرەکییەکان ئاماژەم بۆ سەرچاوەیان کردووە، لەکۆتایی کتێبەکەدا پێڕستێکی گشتیم بۆ سەرچاوەکان ئامادە کردووە.

# ئەو شۆڕەسوارەی کە باوەڕو کرداری پێکەوە گرێدا

**نووسینی : حسێن عوسمان نێرگسەجاڕی**

کەباسی کەڵە رۆشنبیرانی جیهان دەکرێت, درەوشاوەترین کەس ئەوانەن کە, لەگەڵ خۆیان و خەڵکدا راستگۆبوون, توانیویانە باوەڕو کردار پێکەوە گرێبدەن, بگرە خۆیان بۆ بەخشین و داهێنان و خزمەتی خەڵك تەرخان کردووە.

(هادی عەلەوی) یەکێکە لەو مێژوو و کەلتوور نووسانەی کەهەموو ژیانی خۆی تەرخانکردبوو بۆ دەوڵەمەندکردن و موتوربەکردنی مێژوو و کەلتوور بەبیری مرۆڤایەتی و جیهان.

لەکتێبی (مدارات صوفیه) دا باسی هەژاری و منداڵیی خۆی دەکات کە (ناوکەخورما)ی کۆکردۆتەوەو فرۆشتوویەتی, ئەم ژیانە فێری خۆشەویستیی هەژارانی کردووە, کاتێکیش زانی هۆی ئەو هەژارییە چییە لەوڵاتێکی پڕ خێرو ساماندا, چووە پاڵ ئەو هێزو بزوتنەوانەی کەبۆ بەختیاری و ئازادی تێدەکۆشان.

(هادی عەلەوی) دەیویست بیری (مارکس) بەگشت کەلتووری رۆژهەڵات (بەئاینیشەوە) موتوربەو ئاشنا بکات, لەبەغداوە هەتا چین.

بەڕادەیەك هەڵوێست و (ژیانی کەم قنیاتی) سۆفیانە کاری تێکردبوو, ئەمیش وەك سۆفییان و (معری) ئاسا ژیاو مرد.

(هـادى عەلـەوى) يـەكێك بـوو لەباشـترين تـوێژەرانى بوارەكـانى فەلسـەفەى (عـەرەبى – ئيسـلامى)و زمـانو (سۆشياليسـتى رۆژهەلاتيانـە)، كتـێبى زۆر بـەنرخو لێكۆڵينـەوەى تێـرو قـووڵى پێشكەش بەكەلتوورى مرۆڤايەتى كردووە.

كـۆنترين كتێـب لەسـاڵى (1962) دا بـوو، بـەناوى (أضـواء علـى معضلات الكنـز) پاشـان (قـاموس الـتراث)و دەيـان كتـێبى نووسـيون وەك بە (نموونە):

*نظرية الحركة الجوهرية عند الشيرازي

*شخصيات غير قلقة في الاسلام

*ملا صدر الشيرازي

*المستطرف الجديد

*المستطرف الصيني/دارالمدى/1994

*عن تأريخ التعذيب في الاسلام

*عن تأريخ الاعتدال في الاسلام

*فصول من تأريخ الاسلام السياسي

*فصول عن المرأة

*المرأة في الجاهلية والاسلام

*مدارات صوفية

*دەيـانو سـەدان گوتـارو لێكۆڵينـەوە، لـەگۆڤارەكانى (الـنهج) و (المدى) و (الثقافة الجديدة) دا.

لـەگوتارە سياسـييەكانيدا هـەتا رادەيـەك تونـدبوو، لـە هەڵوێسـتە سياسـييەكانيدا هەنـدێكجار واقعيانـە نـەبوو، منـيش لەگوتارێكـداو

لەرۆژنامـەی (الاتحـاد) دا باسـی هەنـدێك لـە راوبۆچـوونی هەڵـەیم کردووە بەناونیشانی:

(شواطيء السياسة أم لجج البحار)، لـەو گوتارەدا تکام لێکـردووە کـە، نزیکـی کـەنارەکانی سیاسـەت مەکـەوە چـونکە پـڕن لـە (مـین)و تاشـەبەردی تیـژ، بـڕۆ بـۆ قوڵاییـەکانی دەریـای کـەلتوورو مێـژووی مرۆڤایەتی کەسەدان ساڵە دەیشێوێنن و ژەهراویان دەکەن و تۆیش باشترین و کارامەترین مەلەوانی ئەم بوارەیت.

ئەوەتـە (عبـدالرزاق الصـافي)یش باسـی ئەوە دەکـات کـە هـادی هەرچەند لـە (حیزبی کۆمۆنیستی) عیراقـەوە زۆر نزیك بووە، بەڵام چـەندینجار لەبۆچـوون و (اجتهـاد)ە سیاسـییەکانیداو لـەڕووی دڵسۆزییەوە توندڕەوو زۆر رادیکالیانـە بووە، بەڵام لەهەمانکاتیشدا سنگی فراوانبوو بۆ رای بەرامبەرو قبووڵکردنی راستی.

لـەکاتی تیرۆرکردنـی (دکتـۆر فـرج فـودە)داو بەحەقنـە زانـینی ئـەو تیرۆرکردنـە لـەلای هەنـدێك (ئیسـلامی سیاسـی)، (هـادی عەلـەوی) لێکۆڵنەوەیـەکی چـڕو دەوڵەمەنـدی ئامـادەکرد لەسـەر (حـوکمی ئـەو کەسانەی کە - مورتەدن-) لە ئیسلامدا.

لـەو لێکۆڵینەوەیـەدا، هـادی عەلـەوی باسـی ئـەوە دەکـات لـەکاتی پەیـدابوونی (مرتـد)ەوە، پێغەمبـەر هـەتا کـاتی مردنیشـی لەجەنگـدابووە، هـادی ئەوەیشـی ئیسـپاتکردووە کـە لەقورئانـدا ئایەتێك نیە کە (کوشتنی مرتد) بەواجب بزانێت.

هـەروەها دەڵێـت: (مـن تەحـەدا دەکـەم کـە ئایـەتێك ببێـت وەك بەڵگەیـەکی کـۆنکرێتی و قـەتعی بـەبێ (تأويـل و اجتهـاد) لەسـەر کوشتنی مورتەد).

هــەروەها راوبۆچــوونی ژمارەیــەکی زۆر لەگــەورە شــەرعزانەکانی (فقهاء) هێناوە کە هیچیان رایان لەسەر کوشتنی (مرتد) نییە.

نووسینو داهێنـانو (بەهەڵوێستیی) بـەرای (هـادی علـوی)، کـاری فیـداکاریو گیانبازییــە، هــادی لەدەقــە ئاینییەکانــدا لەشــەرعزانێك (فقیە)ی ئیسلام زۆر شارەزاترو وردتر بوو.

(هادی عەلەوی) ژیانی خۆی تەرخانکرد بۆ ئازادکردنی کەلتووری ئیسلامی لەرەفە کۆنەکانو کتێبە دێرینەکانـەوە بۆ بـەردەم پرسیارە گەرمـەکانی ئـەم سـەردەمە، ئـەو بـەردەوام خـەمو خولیـای ئـەوەبوو، بیسەلمێنێت کە:

*ئایین رۆڵێکی کاریگەری هەیە لەژیاندا.

*جووڵێنــەری (محــرك) مێــژوو، بـاوەڕو پیرۆزیــی -قداســە- نیــە، بەڵکو بریتییە لەململانێی سیاسیو ئابووریو کۆمەڵایەتیی.

بــۆ ئیســپاتی ئــەم بۆچــوونەی ســەریکردووە بەهــەموو کــونو سووچێکی کتێبەکانی شـەرعو حـەدیسو فەلسـەفەو مێـژوودا، بۆیـە هاوڕێو رۆشنبیرانی سەردەمی خۆی پێیان دەگوت:

(مشـکی کتێبـە کۆنـەکان)، بگـرە بـەکتێبێکی کـۆن رازی نـەدەبوو، بــەڵکو بۆچــوونی چــەندین شــەرعزانو حەدیســزانی دەهێنــاو بەردەوامیش گومان بۆ دەریای ئەو کتێبانە کێشی دەکرد.

(هـادی عەلـەوی) وەك سـۆڤ مەشـرەب وەك (سۆشیالیسـتخوازێك) دابەشـکردنی چینایەتی (وەك سـنوورێکی تیـژ) لـەنێوان هـەژارانو سـامانداراندا، لــەنێوان دەســەڵاتدارانو بێدەســەڵاتاندا، بــەپیرۆز دەزانی.

(ماركسيەت) بەتەنها (ئینتیما)ی هادی نەبوو, بەڵكو سۆفیگەریش بۆ ئەو پەناو هانایەك بوو, چونكە ژیانی هادی سادەیی و (كەمقنیاتی)بوو, ئەمەیش كرۆكی سۆفیگەرییە, بۆیە لەم كتێبی (مستطرف) ەدا بەدەیان نموونەی هێناون بۆ ئیسلامە پاك و بێگەردەكان كە سامان و پلەو پایەیان خستۆتە ژێر پێی بێگەردی و خاوێنیی دەروون و رۆح.

(هادی) زۆر ژیرانە, بابەتە مێژوویی و كەلتورییەكانی هەڵدەبژارد, بەردەوامیش وێڵ و شەیدای دادپەرستی بوو كە نەلەرژێمەكانی هاوچەرخدا بەدیكردو نە لەرژێمە كۆنەكاندا, ئەو تەنها لەتۆمارەكانی (ئۆپۆزیسیۆن) و رۆشنبیرەكانیدا ئەو (عەدالەتە بزرەی) سۆراخدەكردو تۆزێكیش سوكنایی دەهات.

هەڵوێستی (هادی) بەرامبەر گەلی كوردو كێشە رەواكەی بەگشتی, بەشێك بوو لەجۆری بیركردنەوەی, ئەو بەتەنها باسی كێشەكانی ئێستای نەدەكرد, بەڵكو شۆڕ دەبووەوە بۆ مێژوو كەلتوورو دەیگوت:

كورد بەشداریی كارای هەبوو لە (حەزارەتی) مرۆڤایەتیدا, وە (كوردستان) بەتەنها زاراوەیەكی جوگرافی و سیاسی هاوچەرخ نییە, بەڵكو لەپێش هاتنی ئیسلامدا نیشتمانی (حەزارەتێكی) مرۆڤایەتی بووە.

لەكۆتاییدا دەڵێم...

هەرچییەك بنوسرێت لەبارەی ئەم كەڵە زاناو نیشتمانپەروەرەوە هێشتا هەر كەمە, چونكە زۆر ئەستەم و گرانە لەیەك لایەنی هزرو هەڵوێستی هادی بگەیت, بەبێ شارەزایی لەكتێب و لێكۆڵینەوەكانی.

ئیدی منی گچکەو بستەبالا چۆن دەتوانم بەپەرێزی ئەو مەزنەدا بڕۆمو لەبارەیەوە بنووسم!

لەم بۆنە دا جوانترین شت ئەم شیعرەی (جواهری) یە:

لغز الحياة وحيرة الالباب
ان يستحيل الفكر محض تراب
ليت السماء الارض, ليت مدارها
للعبقري به مكان شهاب
يوماً له ويقال ذاك شعاعه
لامحض أخبار و محض كتاب

زاناکان نهێنیو مەتەڵی ژیان گێژیکردوون
کەچۆن هزر دەبێتە خۆڵ!
خۆزگە ئاسمان, زەوی بایەو
لەخولگەیەکدا, جێگەیەك بۆ بلیمەت بایەو (شهابئاسا)
ئامازەیان بۆ دەکردو دەیانگوت: ئەوە تیشكو پرشنگی ئەوە
نەك تەنها هەواڵەو کتێب

# بۆ هادی عەلەوی

عبدالله پەشێو

تۆ لەسەردەمی کورتەبالآیان,
بالآی بەرزی خۆت لەکوێ هێناوە؟
تۆ لەسەردەمی قاتیو نەهاتا
وەرزی سەوزی خۆت لەکوێ هێناوە؟
لەبەرخرینگەی شیرو زرینگەی
ئالتوونی قورەیش
چۆن گوێت لەناڵەو نرکەی عەلی بوو؟
چۆن لەبەرژاوەی ئایشێو حەفسان
گوێت لەسکالآی (ماریەی قیبتی) بوو؟
خۆ سەدەکانی ئێمە هەموویان
لکی درەختی چاخی جاهیلین
کڵێسەو مزگەوت, شووراو پەرلەمان,
بارەگاو دیوان
هەموو بازاڕی گەرمی عوکازن...
(نابغە)کانیش هەمان نابیغەن:-
خودایان ورگە .. نەوەی بەرازن,
لەملا بەرزگی شای غەساسینە باوەشێن دەکەن
لەولا بۆ بنپێی شای منازیرە وەك بەردە بازن
لەرۆژهەڵاتی رۆژلەبن پێدا
لەرۆژهەڵاتی:
دەستنوێژهەلگرتن بەخوێنو پترۆڵ

**لەرۆژهەڵاتی**

**مارە بەجاش‌و**

**رشك‌و ئەسپێدا**

**لەو رۆژهەڵاتەی**

**نامووس فیرارەو**

**پەنابەرێکە لەناو دەرپێدا**

**سەرم سوڕماوە**

**چۆن توانیت گەورەم!**

**بێدەنگی قانگدەی؟**

**تۆ چۆن زاتت کرد**

**ئەو کوولەکەیە بدەی بەعەرداو**

**پڕ بەدەنگ بانگدەی!**

**ئەی رۆژهەڵاتی کورتە بالایان!**

**ئەم باڵا بەرزەت سەد جار پیرۆز بێ**

**ئەم وەرزە سەوزەت سەد جار پیرۆزبێ**

1990

# گوتەی پەخشکار

پێشینان زۆر بەکورتی و بەمەبەستی سوود وەرگرتن و چێژ وەرگرتن, چەندین بابەتی رۆشنبیریان پێشکەش بە خوێنەرانیان دەکرد, ئەو بابەتانە یارمەتی ئەدان بۆ ئەوەی ئاسۆی رۆشنبیریی گشتیان فراوانترو گەشتر بێت.
دیارە چ دانەرانی ئەمجۆرە بابەتانەو چ خوێنەرانیان ئەمجۆرە کارانەیان لەلا باش و شیرین بوو, بۆیە لەم بوارەدا کتێبی زۆر بوو بە (باو) لەکارە ئەدەبیەکاندا, چەندین کەسی بەناوبانگ هەڵکەوتن وەك: (جاحظ-التوحيدي- الراغب الاصفهاني....).
ئەمجۆرە بابەتانە بە کەشکۆڵ یان بە (هەمەرەنگ) دەناسران, هەتا دوای (سەدە ئیسلامیەکان)یش ئەمجۆرە کتێبانە لەبرەودابوون,دوا کتێبی لەمجۆرە, کتێبی (ابشيهي) بوو لە ساڵی (852 ك)دا بەناوی (المستطرف في كل فن مستظرف), مامۆستا (هادی عەلەوی) وەك ئیلهامێك و بەهەمان شێواز کتێبی (المستطرف الجديد)ی داناوە, بەهەمان شێوەی دانەرە پێشینەکان کردوویە بەچەند بەشێکەوە.
بەڵام (مستطرف)ی (هادی عەلەوی) نەك تەنها بەناوو کاتیش, تازەیە, بەڵکو بابەتەکانی بەپێوەرێکی تایبەتی هەڵبژێردراون, وەك لەچاپی یەکەمی (مستطرف)دا بەمجۆرە نوسراوە:
((چەند دەقێکی کەلتووری کەبەپێوەری رەخنەگرانەی هاوچەرخ هەڵبژێردراون)).
ئەو پێوەرەی (هادی عەلەوی) بەوردیی کۆکە لەگەڵ هەڵوێستی کۆمەڵایەتی خودی خۆی و رۆشنبیریە زانستیەکەی کە, ئەو نموونانە یان هەڵوێستن یان رۆشنبیرین.
واتاو ناوەرۆکی ئەم هەڵبژاردنە, دانەر بە (هەستیاریەکی مارکسیانە) بژێنیەی کردوون و ناوو (ناونیشانی) بۆ داناون, ئەمەیش بەو مەبەستەی کە ببنە کلیلێك بۆ تێگەیشتنی زانستیانە بە پێی توانا.
ئەم کتێبە سەرچاوەیەکی زۆر باشە بۆ کەلتوورو بەپێی پەیرەوی (مەتریالیزمی زانستی) سەرلەنوێ هەڵدەسەنگێنرێن (تقییم), خوێنەران دەتوانن بەپێی ئەو دەقانەو بەشێوەیەکی زانستیانەی

هاوسەنگ, بڕواننە ئەو كێشانەی كە لەبارەی رابردوو (وە) دەوروژێنرێن و چۆن بۆ ئەم سەردەمە رەنگئەدەنەوەو شۆڕ دەبنەوە.

ئەوەش لەیاد نەكەین كە گشت بڕگەكانی ئەم كتێبە (جێددی) نین, بەڵكو بڕگەی پەندو بەسوودو جەفەنگ و نەستەقیشی تێكەڵ كردووە (هەرچەند هادی) بەدەگمەن پێدەكەنێت و زۆرجاریش پەست و بێزاریان دەكات و باوەڕە تۆكمەكانیان كاڵدەكاتەوە, هەرچۆنێك بێت وەك كتێبەكانی پێشینان مەرجەكانی:- پەندو رابواردنیشی رەچاو كردووە.

ئەم چاپەی (المستطرف الجدید) دوو هێندەی چاپی یەكەمی لەخۆگرتووە, دیارە زیادكردنیشی دەشێت زیاتر بكرێت چونكە سەرچاوەكانی كەلتوری ئیسلام لەتەمەنی مرۆڤ زۆرترن.

(سەنتەری لێكۆڵینەوەی سۆشیالیستی جیهانی عەرەبی) ئارەزوومەندە كە دانراوەكانی مامۆستا (هادی عەلەوی) پەخشبكات نەك تەنها چەند نموونەیەك لەكەلتووری هزرو فیكری پێشكەوتووخوازی عەرەبی بخاتە بەردەم خوێندەواران, وە هەروەها دەیەوێت بەپەیڕەوێكی پێشكەوتووخوازانە تاووتوێی ئەو كەلتوورانە بكرێت و ئەوەی باش و بەسوودە پێشكەشی بەخوێنەرانی هاوچەرخ بكرێن.

((سەنتەری لێكۆڵینەوەی سۆشیالیستی لەجیهانی عەرەب))

كانونی یەكەم
1968

# بەشی یەکەم

## سیاسەتو لەتەنیشت سیاسەت

## رامیاریو چونڕامیاری

1-راسپاردەو ئامۆژگاری بۆ سیاسە تمەداران[1]:- عمر بن الخطاب:-

وریابن قەڵەو نەبن چونکە لەپێدەکەون, پێخاوسبن چونکە نازانن چیتان بەسەر دێت.

(البرصان/ جاحظ)

2-مەترسییەکانی دەستبلاوی[2]:-

(عمر بن خطاب) بانگکرا بۆ شاییەك بینی گەلێك مەنجەڵی پڕ لەجۆرەها خواردن ریز کرابوون, لەمەنجەڵێك جامولکەیەکی تێکردو گوتی:- عەرەب ئەمە بخۆن یەکتر دەکوژن.

(جاحظ/ البخلاء)

3- پێداگرتن:-

کاتێك هەواڵی کوشتنی فەرماندەیەك گەیشت بەڕابەری زنج گوتی:

کە سوارچاکێکمان کۆچیکرد, یەکێکی تر لەبەردەم نووکی رمدا ئامادە دەکەین.

4-هەلپەرستان و ماستاوچیان[4]:-

(عمر بن خطاب) هەواڵی (سعد بن ابی وقاص)ی لە (عمرو بن معدی) پرسی و ئەویش گوتی:_

باشترین میرە, (نبطی)یە لەئازایی و چالاکیدا, لەشالاوو پەلاماردا عەرەبئاسایە, شێری لانەیە.

عمریش پێی گوت:-

ئەم بەیەکدا هەڵدانەتان لەکوێ قەرز کرد!!

(امثال الميدانى)

## 5-نیشانەی ناپاکی[5]:

ئەگەر میرێکی لەڕو لاواز دوای ماوەیەك قەڵەو بوو باش بزانە ئەو لەگەڵ میللەتو خودادا ناپاکی کردووە.

(تنبيه المغتربين-للشعراني)

## 6-بێدەنگکردنی میرێك:

(حویطب) سەردانی (مروان بن الحکم)ی کرد کە گەورەی (مدینە) بوو, مەروان گوتی:

مەروان: تەمەنت چەندە؟

حویطب: گەیشتوومە 120 ساڵ.

مەروان: پیرەمێرد! درەنگ ئیسلام بوویتو ڕووداوەکان پێشتکەوتن (مەبەستی مەروان: لەپاش فەتحی مەکە ئیسلام بووە)

حویطب: خودا یاریدەربێت ... چەندین جار دەمویست ئیسلام ببم, بەڵام باوکت نەیدەهێشتو دەیگوت:

ئاینی باوکتو باپیرانت جێدەهێڵیو دەچیتەسەر ئاینێکی نوێو دەبیتە پاشکۆ؟

مەروان بێدەنگ بوو.

(صلة تأريخ الطبري)

## 7-پەیژەی شکستو داڕوخان:

لە تەمەنی (240) ساڵیدا: کچەکانتان باشترین کورتانن.

له (50) ساڵیدا: باشترین ژنتان ژنی نەزۆکە.

لەتەمەنی (60) ساڵیدا: پیاوێکی بێکەس.

لەپاش (60)و لە (70) ساڵیدا: بەڵای سەختو گران.

لە (80) ساڵیدا شمشێر....

لە (90) ساڵیدا ئۆمەتەکەم دەبن بەقەشەی خەساو.

لە (300) ساڵیدا باشترین ماڵ قەبرە.

(اللئائی المصنوعة)

8- سەرچاوەی خراپەو گەندەڵی:-

کەخەلافەت کەوتە دەست (عمر بن عبدالعزین) لەهاوڕێیەکی خۆی پرسی:

-وەك بزانی لەخەلافەت دەترسم؟

-هاوڕێکەی: لەگەڵ پارەدا بەینت چۆنە؟

-عمر: خۆشم ناوێت.

-هاوڕێکەی: ئیدی مەترسە.

(تأریخ الخلفاء للسیوطی)

9-بارودۆخی ئاسیاوی[9]:

لە (معاویة الأحنف)یان پرسی: زەمانو رۆژگار چییە؟

-تۆ رۆژگاری, ئەگەر باش بیت باش دەبێت, خراپیش بیت خراپ دەبێت.

10-گاڵتەکردن بەوەزیر:

(صاعد بن مخلد) وەزیری (معتمد) بوو, دیانێکی نۆموسوڵمان بوو, هەرچ کاتێك (ابو العیناء) سەردانی دەکرد سکرتێرەکەی (حاجب) دەیگوت: نوێژ دەکات, (أبو العیناء)یش بەتەشەرەوە گوتی:

هەموو شتێکی نوێ خۆشه!

11-**لەکۆڕێکدا باسی بەخشندەیی** (بەرمەکیە)کانیان کردو وەزیرێکیش لەو کۆڕەدا ئامادەبوو, (أبو العیناء)یش ئەوەندەی تری بۆ زیاد کرد, وەزیرەکە گوتی:

ئەمانە هەموو درۆو دەلەسەی کتێبو نووسینەکانەو ئەوان هەڵیانبەستووە, (أبو العیناء)یش گوتی:

جەنابی وەزیر! ئەی تۆ بۆ درۆت بۆ ناکەنو پێت نالێن بەخشندەیە, وەزیر فزەی نەکرد.

ابو العیناء نابیناو قسە رەق بوو.

(مروج الذهب)

12-**فەرمانبەرێکی گەورە:**

خەلیفە معتمد داوای لە (أبو الضیاء)کرد کەباسی (صاحب دیوان البرید)ی بۆ بکات کە لەجێگەی بەڕێوەبەری گشتی بەریدی ئێستایە, ئەویش دەڵێت:

بەدەست ئەدزێ, بەقنگ ئەتڕێ, وەك جوولەکەیەکە نیوەی گەنجینەکەی بدزرێت, شالاو دەباتو زوویش رادەکات, باشەکانی نابەدڵەو خراپەکانیشی سروشتی خۆیەتی.

(مروج الذهب)

## 14-دووڕوویی کاربەدەستان

لەساڵی 312ی کۆچیدا فەرمانێك لە (قاهرە)ەوە دەرچوو بۆ حەرامکردنی شەراب و جۆرەکانی, بۆ جاریە سترانبێژەکان و کۆیلەکان, دەستکرا بەگرتنی گۆرانیبێژانی پیاوانی خەساوو ئافرەتانی کۆیلەی سترانبێژ.

زۆریان دوورخرانەوە بۆ بەسرەو کوفە, ئەمە لەکاتێکدا کە خەلیفە (قاهر), خۆی شەیدای خواردنەوەبوو, بەگۆرانی کۆیلەکان لەخەو هەڵدەساو کێی لەوان بویستایە لەتەکیان جووت دەبوو.

## 15-( حسێنی )و هەژاران: لە ( عبدالرحمن الخزاعی )وە:

لەپشتی حسێنی کوڕی (علی) پەڵەیەك پەیدابوو, کە لە (زین العابدین) یان پرسی گوتی:

لە نەبەردی (الطف)دا بەهەمانەو توورەکە یارمەتی دەبرد بۆ هەتیوو بێوەژن و هەژاران, ئەم کارە بوو بە هۆی پەیدابوونی ئەو پەڵەیە.

## 16-رەچەتەیەك بۆ چارەسەری برسیەتی [16]:

(ئەشعەریەکان)کە لەکاتی غەزادا خۆراکیان کەم دەبوو, یان ماڵ و منداڵیان بێخواردن دەبوون – ئەوەی کە هەیانبوو دەیانکرد بەیەك و پاشان بەدەفرێك و بەیەکسانی دابەشیان دەکرد, ئەوان لەمنن و منیش لەوانم.

(صحيح البخاری)

## 17-دووڕوویی ئیماندارێك:

فاتمەی كچی حسێن دەڵێت: پاش كوشتنی باوكم, من كۆیلەیەكی گچكەبووم خڕخاڵێكی زێڕ لەقاچمدا بوو, دەوارنشینێك بەگریانەوە خڕخاڵەكانی لەپێم دەرهێناو بردی, لێمپرسی:

–ئەی دوژمنی خودا بۆ دەگریت؟

–چۆن نەگریم من كچی پێغەمبەر تالاٌندەكەم.

–جابۆ دەیكەیت؟

–دەترسم یەكێكی دی بیبات.

(المجلسي)

## 18- ڕەوتو ڕۆیشتنی خەلیفە[18]:

پیرێكی شاری مەدینە دەیگوت: عمری كوڕی عەبدولعەزیزم لەمەدینە دیوە بەجوانترین پۆشاكو بەخۆشترین عەترو بەجوانترین ڕەوتو ڕۆیشتن.

لەپاش بوونی بەخەلیفەیش وەك قەشەیەكی (دونیا نەویست)م دیوە لە ڕۆیشتندا .... ئەوەی گوتی كە ڕەوتو ڕۆیشتن ڕەفتارێكی سروشتیە باوەڕ مەكە.

(الخراج)

## 19-دژی بیرۆکراتی:

علی کوڕی ئەبو طالب بەسواری بۆ ئیشێك رۆیشت و پیاوێکیش شوێنی کەوت, علی پێی گوت:

بگەڕێرەوە, هاتنی یەکێکی وەك تۆ لەگەڵ یەکێکی وەك مندا ئاژاوەیە بۆمن و سوکایەتیە بۆ تۆ.

(نهج البلاغة)

## 20-دژی ئەشکەنجە:

(السخاوی)لەکتێبی (الاعلان بالتوبیخ)دا دەڵێ: لەسەر مێژوونووس پێویستە باسی ئەشکەنجە نەکات و ئەگەر توانیشی بیشارێتەوە, ئەمەیش بۆ ئەوەی کەس چاوی لێنەکاو کەسیش نەیکات بە بەڵگە.

پاشان (السخاوی) دەیگێڕێتەوە کە (حجاج) داوای لە (انس بن مالك) کردووە کە خراپترین سزای پێغەمبەر چی بووە؟ (انس) یش بۆی باسکردووە, ئەم هەواڵە کە دەگاتە (شێخ حەسەنی بەسری) دەڵێت سەد بریا (انس) باسی بۆ (حجاج) نەکردبا.

(الاعلان بالتوبیخ)

## 21-کوفرو ستەم لە پەیوەندی موسوڵمانان[21]:

خاوەن موڵك و سامان, دەمێننەوە, بەڵام ستەمکاران ناتوانن بەردەوام بن.

## 22-لەبارەی کەڵەکەکردنی سامانەوە[22]:

(فەخری رازی) لەراڤەو تەفسیری ئایەتی (کنز)دا دەڵێت: خوا سامانی بۆ نەهێشتنی پێوستی دناوە, مرۆڤ کە هێندەی پێداویستیەکانی سامانی بوو, بەردەوامیش سامانی کەڵەکە دەکرد, سوود لەسامانی وەرناگرێت, چونکە نایشیدات بەوەی کە پێویستی پێیەتی, چونکە ئەگەر پێویستبایە سەرفی بکات نەیدەتوانی کۆی بکاتەوە. کەواتە ئەگەر دەوڵەمەند (سامانی زیادی) سوودی بۆ کەس نەبوو, واباشترە دەسەلآتی نەبێت بەسەر ئەو سامانەدا.

## 23-**لەبارەی کۆیلەوە:**

(فەخری رازی)لەراڤەو تەفسیری ئایەتی (تحریر الرقبة)دا دەڵێت: (تحریر) بریتیە لەکردنی کۆیلە بەئازاد, ئازادیش بەمانا پوختو تەواو.

مرۆڤ لەئەزەلەوە خولقاوە کەخاوەنی هەموو شتێك بێت, وەك خوا دەفەرموێت ﴿خلق لكم مافي الارض جميعا – خوا ئەوەی لەسەر زەویدا هەیە گشتی بۆ ئێوە خوڵقاندووە﴾.

کەواتە مرۆڤ کە موڵکی خەڵقبوو, سیفەتی مرۆڤایەتی ئەو چڵکنو لێڵ دەبێت, ئاساییە بەلابردنی (موڵکیەت) بگوترێت (ئازادکردن) واتە ئازادکردنی مرۆڤ لەو حاڵەتەی کە (مرۆڤایەتیەکەی – انسانیة) لەکەدارو چڵکن دەکات.

## 24-حەرامکردنی بازرگانی[24]:

(فەخری رازی) دەڵێت: هەندێك خەڵك دەڵێن: کڕین و فرۆشتن بە (کەمکردن و زیادکردن) دەبێت دیارە مافیشی تیا پێشێل دەکرێت بەتەواوی حەرامە.

(التفسير الكبير)

## 25-گەندەڵیی و گومڕایی:

(فەخری رازی) لەراڤەکردنی ئایەتی ﴿وماكان ربك ليهلك القرى بظلم وأهلها مصلحون﴾ دەڵێت: خودا خەڵکیی گوندێك تەنها بەهۆی (خوا نەناسیەوە) لەناو نابات, ئەگەر ئەوان لەکارو مامەڵەی رۆژانەدا راست و چاکبن, بەکورتی خوا بڕیاری لەناوبردن و ریشەکێشکردنی میللەتێك نادات کە (موشریك و کافر)بن بەڵکو بۆ ئەوانە ئەدات کە ستەمکارن و زیانیان بۆ خەڵك هەیە.

بۆیە (شەرعناسان) دەڵێن: خوا لێبوردەو ئاسانکارە, مافەکانی خەڵك کەمن و پێشێلکاری هەڵناگرن.

(التفسير الكبير)

## 26-هاومافیی[26]:

(فەخری رازی) لەراڤەو تەفسیری ئایەتی ﴿ويل للمطففين..﴾دا دەڵێت: (مطففين) ئەو کەسانەن کەمافی خۆیان لەخەڵك دەسێنن بەڵام مافی خەڵك پێشێل دەکەن.

(التفسير الكبير)

## 27-كۆزمۆبۆليتى:

لەپەندەكانى موسوڵمانان:

بۆتـۆ هـيچ نيشـتمانێك لەنيشـتمانێكى دى باشـتر نييـە, باشـترين نيشتمان ئەوەيە كەتيا ئەژيت.

(امثال الميداني)

## 28-ئاينداره موناففەكان:

دەبينيـت يـەكێكيان بەتونـدى ئەبوبـەكرى خۆشـدەوێت لەكاتێكـدا حەرامخۆرە, بۆ درۆو (فضولي)زماندرێژە, بەچەندين جۆر خراپكارە, خۆ ئەگەر ئەبوبەكر پێى بگات وەك دوژمن تەماشاى دەكات.

يان فزوليەكـى دى بەتونـدى عـەلى خۆشـدەوێتو لەكاتێكـدا عـەلى لـەماوەى دەسـەڵاتيدا كراسـێكى (3) درهـەمى لەبـەردابووە ئـەويش كـورت بـووە هـەتا ئـەژنۆى, بـەڵام ئـەم فاسـقە پۆشـاكى حـەرير دەپۆشـێو بـەپارەى حـەرام خـۆى جوانـدەكاتو گوايـا عـەلى خۆشدەوێت..!!

(أحياء علوم الدين/ الغزالي)

## 29-سامانو دەسەڵات: دەڵێن فەرمودەى محمدە:

وەك چـۆن ئـاو لەزەويـدا پاقلـە دەڕوێنێـت, ئـەوهايش سـامانو دەسەڵات لەدڵدا نيفاق دەڕوێنن.

(هەمان سەرچاوە)

### 30-دژی بیرۆکراتیەت:

یەکێك لەخەلیفەکانی راشدین پرسی شتێکی بەپیاوێك کرد, ئەویش لەوەلامدا گوتی:

تۆی پێشەوای موسوڵمانان لەمن باشترو زاناتریت:

خەلیفە بەتووڕەییەوە پێی گوت:

من ستایشم لەتۆ ناوێت.

### 31-سامان:

لە (معاویە بن حیدە)وە:

پرسیارم لەپێغەمبر کرد: بۆ دنیا چیم پێویستە, ئەویش گوتی: ئەوەندە تێرتبکات و عەورەتت دابپۆشێ.

### 32-دژی ئەشکەنجە[32]:

(جراح بن عبداللە) والی خۆراسان بوو, ئەم نامەیەی بۆ خەلیفە (عمر بن عبدالعزیز) نووسی:

من کە هاتمە خوراسان دیم گەلێکن لەفیتنەو پشێویدا دەژین و خۆیشیان ئەوەیان پێخۆشەو مافەکانی خودایان ناوێت, تەنها شمێشرو دارکاریی باشیان دەکات, منیش بەبێ رەزامەندی تۆ پڕکێشی ناکەم.

خەلیفە عومەریش بۆی نووسی: ئەی جەراح! تۆ لەوان زۆرتر حەزت بە فیتنەیە, بەحەق نەبێت لەئیماندااران مەدەو دارکاریان

مەکە, بترسەو وشیار بە, تۆ دەچیتەوە بەردەم ئەو کەسەی کە ئاگادارە لەنهێنییەکانی دڵو دەروون.

(الكامل في التأريخ)

## 33-دزیەکی بەوەراسەت[33]:

دەریاچەی (الطریخ) لەئەرمینیا یەکێکە لەشتە دەگمەنەکانی جیهان, چونکە ماسیەکانی بچکۆلەن و لەوەرزێکی ساڵداو لەڕووبارێکی ترەوە دەڕژێنە دەریاچەکە, زۆرجار بەدەست یان بە ئامێری دەستی دەگیرێن, گرتنیان بۆ هەموو کەس ئازادبووە.

بەڵام (محمد بن مروان) کەبوو بە والی ئەرمینیا, گرتنی ماسی قەدەغە کردوبەکرێ دای بەیەکێكو داهاتی دەبرد بۆ خۆی, پاشان ئەو داهاتە درا بەکوڕی (مروان), کەدەسەڵاتی بنەماڵەی (محمد بن مروان)یش نەماو هەتا ئێستایش ئەم قۆرخکردنە (احتکار) هەر ماوە.

کەواتە ئەو کەسەی یاساو نەریتێکی خراپ دائەنێت هەتا ڕۆژی قیامەت ئۆباڵو گوناهی بۆ ئەوە.

(ابن الاثير في الكامل)

## 34-سزای ئەوانەی کە لەسوپا رادەکەن[34]:

لەسەردەمی (خلفاء الراشدين)دا بەئاشکراو لەبەردەمی خەڵکدا (عمامە)کەیان لێدەسەندەوەو سوپای جێدەهێشت.

لەسەردەمی (مصعبی کوڕی زبیر)دا کەوالی عیراق بوو گوتی: ئەمە هیچ نیە ... دەبێت سەرو ردێنیان بتاشرێت.

(بشـری کـوڕی مەروان)کـە بـوو بـەوالی عـیراق, (تسـمیر)ی داهێنـا:
راکــردووی ســوپا لــەزەوی بــەرز دەکرێتــەوە, دوو بزمــار دەکــوتن بەهـەردوو دەسـتیا لەسـەر دیوارێك, زۆرجار بە بزمارەکـەوە دەمرد, سەربازێکی شاعیر بۆخۆشەویستەکەی نامە دەنێرێتو دەڵێت:

ئەگەر (بشر)و سزاکەی نەبایە
ترسی بزماری دەستم نەبایە
شوێنی سەنگەرم بۆ چۆڵدەکردی
لەبری سەردان تاسەم بۆ ناردی

پـاش (بشـر) حـەجاج هـاتو گـوتی سـزاکانی پێشـوو گەمـەبوون — ئەوەی سەنگەر چۆڵدەکات بدەن لەملی!

(ابن الاثیر)

35-**بەیاساکردنی ستەم**[35]:

(عبدالملك بن مروان) لە (مدینە) خوتبەی داو گوتی:
ئاگـادارین! مـن تـەنها بـە شمشـێر چارەسـەری ئـەم گەلـە دەکـەمو راسـتی دەکەمـەوە.. قەسـەم بەخودا لـەپاش ئـەم خوتبەیـە هەرکـەس ئامۆژگاریم بۆ خواناسی بکات ئەدەم لە ملی.

(ابن الاثیر)

36-**دڵمردوو**[36]:

(عبدالعزیز بن مروان) بە (سعید بن المسیب)ی گوت:
-ئەبو محمد! حاڵەتێکی سەیرم تووش بووە باشـە دەکـەم دڵخۆش نابم, خراپە دەکەم پێی تێکناچم.

-سعیدیش گوتی: ئێستا بەتەواوی دڵت مردووە.

(ابن الاثیر)

**37-نەخشەیەك بۆ ستەمو ملهوڕی:**

(عمر بن عبدالعزیز) باسی سەردەمی (ولید بن عبدالملك)ی دەگێڕایەوە گوتی:

حەجاج لەعێراق‌و (ولید) لەشام‌و (قرة)لەمیسرو (عثمان) لە مەدینەو خالد لە مەکە.. خوا پەنامان بدەی جیهان پڕ بوو لە زوڵم‌و ستەم.

(ابن الاثیر)

**38-قۆرخکردنی خۆراك:**

ئەوەی خۆراك (40) شەو دەشارێتەوە, پەیوەندی بەخواوە نیەو خودایش پەیوەندی بەوەوە نیە, هەرناوچەیەك پیاوێکی برسی تیا بێت, خودا لەوانە دوورەو (بەریە).

(فەرمودەی پێغەمبەر)

**39-بازرگانێك:**

(ابو حنیفة)-یەکەم ئیمامە لەچوار مەزهەبەکە- و لەهەمانکاتدا بازرگانیش بوو, (حفص بن عبدالرحمن) شەریك‌و هاوبەشی ئەبو حەنیفە بوو, کە کاڵاو جلوبەرگی بۆ دەنارد دەبوو خەوش‌و عەیبەکانی ئەو کاڵایە بۆ کڕیار باسبکات.

جارێـك عبـدالرحمنى شـەريكى وەجبەيـەكى فرۆشـتو باسـى عەيبـەكانى بـۆ كڕيـاران نـەكرد, ئـەبو حەنيفـە بەشـەكەى خـۆى وەرگرتو بەسەر هەژاراندا دابەشيكرد.

40- ئاوەز (عقل): گوايا فەرموودەى پێغەمبەرە:

بەعـەقڵ دەگەينـە خۆشـىو باشـە, ئـەوەى عـەقڵى نـەبێت دينيشـى نيە.

(تحف العقول)

41-خەونى ئاشتىو خۆشـگوزەرانى لاى شـيعە- لەسەرچـاوەكانى شـيعەوە گوايا عەلى گوتوويە:

كەپێشەوامان (محمدى مهدى) پەيـدابوو ئاسمـان بـەخوڕ دەبارێت, زەوى خێـرو بەرەكـەتى دەخاتـە بەردەسـت, رقو كينـە لـەدەروونى خـەڵك رەو دەكـەن, تەنانـەت شـێرو دڕنـدەكانيش مـاڵى ئـەبن, ئافرەتـانيش لـەنێوان عێـراقو شـامدا دەگـەڕێنو پـێ بەسـەر رووەك دەنێنو زەميلە بەسەريانەوەيە, ترسيان لەشێريش نيە!

(تحف العقول)

42-گيانى كۆمەڵايەتى:

(على بن الحسين) بيستى كە پياوێك نزا دەكاتو دەڵێت:

خودايە پێويستيم بەكەس نەبێت.

على دەڵێت:

وانابێت, مرۆڤ پێويستى بەيەكترە, بێژە:-

خودایه پێویستیم به بەندە خراپەکانی تۆ نەبێت.

(تحف العقول)

43-**سنووری موڵکداری شەخسی**(43)**:**

**جعفر الصادق:**

سامان (4) هەزارە

(12) هەزار درهەم (کنز)ەو کەڵەکەکردن,

هەرگیز (20) هەزار بەحەڵاڵی کۆناکرێتەوە,

خاوەنی (30) هەزار چارەنووسی لەناوچوونە, ئەو کەسە لەگرۆی شیعە نیە کە (سەد هەزار)ی هەیە.

(تحف العقول)

44-**بەدگومانی باشترە (موسى الكاظم)**(44)**:**

کەزوڵم زۆرتر بوو لەهەق, کەس بۆی نیە بڵێت فلان باشە هەتا لێی دڵنیا نەبێت.

(تحف العقول)

45-**رای گشتی**(45)**: (علي بن ابي طالب):**

دڵی میللەت گەنجینەی سەرۆکی وڵاتە, چی لەو گەنجینەیەدا بێت لەدادو ستەمو ئەوە هی سەرۆکە.

(مستدرك نهج البلاغة)

46-**دیاریو سەوقاتی کاربەدەستان:**

**عەترێکیان بەدیاری برد بۆخێزانی (عمر بن الخطاب)**

**عمر عەترەکەی لێسەندو خستیە (بیت المال)، خێزانی لێی پرسی بەدیاری بۆ من هاتووە بۆچی بردت، عمر گوتی: تۆئەگەر ژنی (أمیر المؤمنین)نەبایتایە دیاریت بۆ نەدەهات**

**(سیاسة الدنیا والدین)**

47-**رای گشتی:**

**عمر بەیەکێك لەوالیەکانی خۆی گوت:**

**وابزانە لای خەڵك رێزو پلەوپایەت چۆنە، لای خوایش هەمان پلەو پایەت هەیە.**

**(الطبري)**

48-**رەفتاری فەرمانڕەوایەك:**

**(حفصة) بەباوکی (عمر بن الخطاب)ی گوت:**

**باوکە! پۆشاکی نەرمتر بپۆشیو خواردنی باشتر بنۆشی باشتر نییە؟ ئەوەتە خودا زەوی بۆ گەورە کردویتو رزقیشی بۆ زۆر کردویت. خەڵکی تریش ئەمەیان پێگوت، لەوەڵامدا عومەر گوتی:**

**منیشو ئێوەیش خەڵکێکن بچین بۆ سەفەرێك، پارە بدەین بە یەکێك لەخۆمان وبڵێین تۆ پارەمان بۆ خەرج بکە، ئایا حەڵاڵە بەهەوەسی خۆی تەخشانو پەخشانیبکات؟ منیشو ئێوەش هەمان ئەو کەسەین.**

**(الطبري)**

### 49-هۆی جیاوازی موسوڵمانان:

(عمر بن عبدالعزیز) گوتی:

ئـەم ئومـەتی ئیسـلامە نـە لـەخوداو نـە لـە پێغەمبـەرو نـە لەکتێبـدا جیاوازیو ئیختلافیان نیە, تەنها لەدینارو درهەمدا ناکۆکن.

(سیر السلف والبدایة والنهایة)

### 50-سەرکردەکانی فتوحات:

(ابو موسی الاشعری) کەوالی بەسرە بوو (60) شەست خزمەتکارو مـزووری لــەکوڕی جوتیـاران‌و (جاریـة)یـەکی بـۆ خـۆی دانـا ... (حطیئة)یش هەزار دینار.

ئــەم هەواڵــە گەیشــتەوە بــە (عمــر), ئــەمیش لێپرســینەوەی لەگەڵـداکردن‌و دانیـان نـا بـەو کـارەداو بەڵگـەو بیانوویـان بـۆ عمـر هێنایەوەو ئەویش ڕەزامەندی نیشاندا.

(عن ابن الاثیر...)

### 51-زنجیرەی دزیی: لە(عمر بن عبدالعزیز)ەوە:

پێغەمبــەری خــوا کۆچــی کــردوو روبارێــك ســامانی بــۆ خــەڵك جێهێشـت, دوو پیـاوی پاشـخۆی جێهێشـت نـەخۆیان‌و نـە خزمیـان هیچیان لـەو ڕوبارەوە نـەبرد, سێیەمیان جۆگەیـەکی بۆ خـۆی بردو دای بەکرێ.. هـەتا ئێستاش خـەڵك لـەو (روبـارە سـامانە) جۆگـە بـۆ خۆیان هەڵدەگرن‌و ئێستاش ئەو روبارە دڵۆپێکی تیا نەماوە.

(الاغانـي – شرح النهج)

52-**هەڵبژاردنی ئیمام: (فەرموودەی پێغەمبەر):**

ئەو ئیمامەی کەخەڵك خۆشیان نەوێت, نوێژەکانی هەتا گەردنی بەرز نابنەوە.

(تأريخ دمشق/ لابن العساكر)

53-(**عثمان بن عفان**) (80) هەزار دیناری بۆ (ابي ذر الغفاري) نارد بەیەکێك لەکۆیلەکانی خۆیداو پێی گوتبوو ئەگەر (ابو ذر) ئەم پارەیەی لێوەرگرتی ئازاد بە.

کۆیلەکە بە (ابي ذر)ی گوت: تکایە لێم وەربگرە چونکە بەوەرگرتنی ئەم پارەیە من ئازاد دەکرێم.

(ابي ذر)گوتی: کەتۆ ئازاد بوویت من دەبم بە کۆیلە.

(الكشكول للعاملي)

54-**خاڵێکی ستراتیژی**[54]:

**شیعر:**

بەدواداچوونی کارێك پێش کاتی خۆی, بایی بوونە

دواخستنیشی بۆ دوا رۆژ, لاوازیی و کەمتەرخەمیە

55-**یەکسانی: بەئامادەبوونی (جعفر الصادق):**

هەندێك گاڵتەیان بەپیاوێکی (بیرهەڵکەن) دەکرد, جەعفەریش پەرچی دانەوەو گوتی:

مرۆڤ بە عەقڵە پاشان بەئاینە پاشان سەخاوەت و خواپەرستی, مرۆڤ لەئادەمەوە یەکسانن.

(اصول الكافي)

**56-لێپرسراوێتی دەوڵەت – عمر بن الخطاب:**

**ئەگەر مەڕێك لەكەناری فورات لەناو بچێت, ئەترسم لێمبپرسنەوە.**

**(الطبري – طبقات ابن سعد)**

**57-دژی ستەم: ( جعفر الصادق ):**

**ئەو کەسەی بچوکی و سەرشۆڕی بۆ ئیمامێکی (یان گەورەیەکی – وەرگێڕ) ستەمکار دەکات, بیّ ئاینە.**

**(اصول الكافي)**

**58-هۆکارەکانی گوناه: ( جعفر الصادق ) لە پێغەمبەرەوە:**

**ئەوەی لەخوا یاخیە (6) شتی تیایە:**

**خۆشەویستی دونیا, خۆشەویستی سەرداری و دەسەڵات, خۆشەویستی خواردن, خەو, حەسانەوە, ژن.**

**(اصول الكافي)**

**59-تەفسیرێکی مادی[59] : کەشکۆڵی بهاء الدين العاملي:**

**جیهان خڕەو لەسەر سیّ شتی خڕ دەسوڕێتەوە: دینارو درهەمو کولێرە.**

**بەهەمان مانا (ابن السماك الكوفي) دەڵێت: ئەگەر سیّ شت نەبایە شمشێر بەکار نەدەهات و زوڵمیش نەدەبوو: پاروویەکی باشترو پلەوپایەی بەرزترو (ملك ادق من سلك)**

(الامتناع والمؤنسة)

60-**دژی بیرۆکراتی- جعفر الصادق:**

**خراپترینی ئێوه ئەوانەن حەز دەکەن خەڵك شوێنیان بکەون.**

**(اصول الكافي)**

61-**هاوکێشەیەکی سیاسی – (جعفر الصادق):**

**هەق دەوڵەتی خۆی هەیە, باتڵیش دەوڵەتی خۆی هەیە, هەموویشمان لەدەوڵەتەکەی ئەوی تردا زەلیلو بێدەسەلاتین.**

**(اصول الكافي)**

62-**سامو هەیبەتی دەوڵەت – عمر بن سعد- الصحابی**[62] **:**

**ئیسلام دیوارێکی سەختەو دەرگایەکی پتەوە, دیواری ئیسلام عەدالەتە دەرگاکەیشی هەقە, هەرکاتێك دیوارو دەرگا رووخان ئیسلامیش تەخت دەبێت.**

**هێشتا ئیسلام سەختو تۆکمەیە مادام گەورەی وڵات توندبێت (شدید).**

**توندی گەورە بەشمشێرو کوشتنو دارکاری نییە, بەڵکو بەرەچاوکردنی هەقو عەدالەتە.**

**(المحاضرات والمحاورات للسیوطي)**

63-**رەنگدانەوەی دەوڵەت بۆ دەزگاکانی خوارەوەی خۆی:**

پیاوێکی خەڵکی سەرسنوور ژیرو بەتەمەن بوو, هاتەلای (عمر بن عبدالعزیز) و ئەویش لێی پرسی:

–کاربەدەستەکانی ئێمە چۆن دەبینیت؟

–جەنابی خەلیفەی موسوڵمانان! کەسەرچاوە پاك بوو روباریش سازگارە.

(هەمان سەرچاوە)

64–بەرەنج و هەوڵدان ناگەنە سنووری سامانی زۆر (الثراء الفاحش)و دەبێت سۆراخی هەل و کاری زۆرتر بکەن.

(مقدمة ابن خلدون)

65–**دژی بێگار (سخرة)**[65]:

تاریکترین و خراپترین شت بۆ ئاوەدانی, بێگارکردنی ناهەقە بەخەڵك, چونکە بەکار رزق و ژیان دابین دەبێت و ئاوەدانی پەیدا دەبێت, خەڵك سەرچاوەی ژیانیان کارکردنە, کەبەزۆرو ملهوڕی بران بۆ کارو بێگار, هەم خۆیشیان زیانیان لێدەکەوێت و هەم بێگارەکەیش بەباشی ناکەن.

خۆ ئەگەر بێگاریش زۆر بوو نائومێد دەبن و ئارەزووی کاریان نامێنێت.

(مقدمة ابن خلدون)

66–**هێزو رمێنی ئاینی تازە:**

ئیسلامەکان لەکاتی فەتحی عیراقدا بەئاسانیو بەسواری ئەسپ لەدیجلە پەڕینەوە بۆ (مدائن), سەلمانی فارسی لەم بارەیەوە دەڵێت:

ئیسلام تازەیەو خودا وەك ووشکانی بۆ ئاسانکردوون, هەروەهایش دەریا..

(الطبري)

**67-مەرجەکانی عمر بۆ (والی)یەکان[67]:**

(عمر بن الخطاب) کەوالی دەنارد بۆ شوێنێك ئەم مەرجانەی پێدەگوت:

1-سواری وڵاخی کەتە مەبە.

لەدەرگای ژوورەکەتا (حاجب) نەبێت (سکرتێری ئێستا).

3-پۆشاکی کەشخەو تەنك لەبەر مەکە.

4-خواردنی قورسو گران مەخۆ.

(کتاب الاغاني – الطبري- الحجاب/ للجاحظ تذكرة ابن حمدون)

**68-کوشتنی خەلیفەکان[68]- عمر بن الخطاب:**

خەڵك توانایان هەیە پیاوێك لەخۆیان هەڵبژرێن بەگەورە, ئەگەر بەڕاستی حوکمی کردن شوێنی دەکەون, ئەگەر لایشی دا دەیکوژن, لەم کاتەدا (طلحة) هەڵیدایەو گوتی:

ئەیبۆ ناڵێیت ئەگەر لاربوو لایدەبەن؟

عمر گوتی: نەخێر! کوشتن بۆ ئەوانەی دوای ئەو دێن باشترین دەرزو ئامۆژگارییە.

(الطبري)

69-**ئۆروستوكراتی- عمر بن الخطاب:**

**وریابن لەگەنجی قوڕەیش و كوڕی (خانەوادە بەرزەكانی)، ئەوان بە ئاسوودەیی دەخەون و لەكاتی توڕەییدا دەخەنن و لەتەڕ دەخۆن و لەوشكیدا دەنوون.**

**(الطبري)**

70-**سەرەتای یاخیبوون:**

**خەڵكی ئەفریقیا لەوكاتەوە كەفەتح كراوە لەهەمو خەڵكی جیهان بەئیتاعەت و گوێگرتربوون، هەتا سەردەمی (هشام بن عبدالملك) لەوكاتەوە خەڵكی عیراق چوونە ناویان و دووبەرەكیان تێخستن، هۆی دووبەرەكیش ئەمەبوو:**

**ئەفریقیەكان بەخەڵكانی ئۆپۆزسیۆنیان (معارضة) یان دەگوت: ئێمە سەرپێچی ئیمامەكان ناكەین بەهۆی خراپی كاربەدەستانی خوار ئەوان، موعارەزەكانیش پێیان دەگوتن:**

**ئەمان بەفەرمانی ئەوان كاردەكەن.**

**(الطبري)**

71-**عەلی وەسفی عوسمان دەكات:**

**كۆمەڵێك ناپاك لەدەوری كۆبوونەوە، هەریەكێكیان چەندین شوێن و زەویان بۆخۆیان قۆرخكردوو خەڵكیشیان ژێردەستەكرد.**

**لە (نهج البلاغە)دا دەڵێت:**

سێیەمیش هات‌و بەخێرایی (گەوڕو گەلەخانەکانی) پڕکرد, لەگەڵ ئەمیشدا (بنو ابیە) براگەل هاتن‌و ماڵ‌و سامانی خوایان لووشدا وەك هوشتر چۆن گیای بەهار دەخوات, پاشان لەئەنجامی کارو کرداری خراپیان دەزگاو دووکانیان پێداخستن‌و پێشینیان کردن.

## 72-سنووری بەرپرسیاریی – علي بن ابي طالب:

لەبارەی خەڵك‌و نیشتمانەوە لەخوا بترسن, ئێوە لەبەردەم خوادا بەرپرسن تەنانەت لەکولانەو گەوڕی ئاژەڵ‌و گیانلەبەرانیش!!

(تأريخ الطبري, نهج البلاغة)

## 73-گورزی هەژاران (73):

(المختار بن عبيد) سەرکردەی گروپێکی کۆیلەو هەژارانی غەیرە عەرەب بوو, دەسەڵاتی خۆی سەپاند بەسەر کوفەدا, ئەشراف‌و خانەوادە بەدەسەڵاتەکانی کوفە هەڵسان بەڕاپەڕینێك دژی (المختار) و (سراقة بن مرداس)یش لەو یاخیبوونەدا بەشداریکردو (المختار) بەدیل گرتی, (سراقة) لەم چەند شیعرەدا مەرایی‌و ماستاو بۆ (المختار) دەکات:

تکایە بە (أبا اسحاق)رابگەیەنە کە:
گەمەیەکمان کردو بوو بە (بەڵا) بۆمان,
واماندەزانی هەژاران لاوازن‌و هیچ نین,
ئێمە ئەوانمان بە کەمهاتنە پێشچاو,
بگرە کە بەیەکداهاتین لێشاوی کوللە بوون,
کە لێمان دەرکەوتن زۆر بەلاوازو برسیمانزانین,

وەڵێ گورزێکی ئێجگار توندیان لێداین و بەئاسانی سەریان پێ نەویکردین.

(الطبري)

## 74-ستەمکارترین خەڵکی جیهان[74]:

لەبزوتنەوەی (ابن الاشعث)دا دژی (حجاج بن یوسف الثقفي)، (الشعبی) هانی خەڵکی ئەدا بۆ کوشتار دژی حەجاج و دەیگوت:

ئەی موسوڵمانان! بیانکوژن سڵمەکەنەوە، سوێند بەخوای گەورە، لەسەرزەویدا لەمانە زاڵمترو خراپتر شکنابەم.. خێراکەن رایانماڵن.

(الطبری – کامل ابن الاثیر)

## 75-ترس و تۆقاندن:

(ولید بن عبدالملك) لەڕۆژی بوونی بەخەلیفەدا بەمجۆرە بۆ خەڵك دوا: خەڵکینە! ئەوەی بەرامبەر ئێمە خۆی دەنوێنێ، ئەوەی دوو چاوی تیایە (یەکسەر) لێی ئەدەین، ئەوەیش بێدەنگە بەدەردی خۆیەوە با بمرێت.

(الطبري)

## 76-قرمتییەك:

شۆفارێك بە (علی بن عیسی)ی وەزیری راگەیاند لە بەغداد کە دراوسێیەکی خەڵکی شیرازەو نامە دەنووسێت بۆ (ابا طاهر القرمطي)و هەواڵی بۆ دەنێرێت، وەزیر بانگی دەکات و ئەویش ئیعتراف دەکات و دەڵێت:

دۆستايەتی من‌و (ابا طاهر) لەبەرئەوەیە کە: دڵنیام ئەو لەسەر هەقە, تۆو خەلیفەی دۆستت کافرن‌و ماڵی خەڵك بەناهەق دەخۆن, پێویستە لەجیهاندا و لەسەر زەوی یەك نوێنەری خودا ببێت.

ئیمامی ئێمە (المهدی محمد)ی کوڕی ... هەتا گەیشتە (جعفر الصادق)و ئێستا لەوڵاتی مەغریبە, ئێمە نە (رافضی)و نە (اثنا عشر)ین کە دەڵێن ئیمامێکمان هەیە چاوەڕوانی هاتنی دەکەین, ئەوان لەگەڵ یەکتر درۆ دەکەن‌و دەڵێن: من دیومەو شتی دەخوێندەوە...خۆیشیان نکوڵی لەوە دەکەن کە نەفامن‌و نابێت تەمەنی یەکێك بدرێت بەو ئیمامە.

وەزیر لێی پرسی: تۆ سەربازەکانی ئێمە دەناسیت, کامیان هەواداری مەزهەبی تۆن؟

ئەویش گوتی: جەنابت بەم عەقڵەوە وەزارەت دەبەیت بەڕێوە؟ چۆن خەڵکانی ئیماندار تەسلیم بەکافری وەك ئێوە دەکەم بیکوژن؟

پاشان وەزیر فەرمانیدا بەلێدان‌و دارکاریکردنی, ئاوو خواردنیان لێبڕی‌و لەپاش سێ ڕۆژ مرد.

(ابن الاثیر)

## 77-هەڵوێستێکی ئەخلاقی:

لەبزوتنەوەی (بابك الخرمی)دا ژمارەیەك سەربازی خەلیفەی عەباسی دیلکران.

کە شۆڕشەکە تێکشکاو دیلەکان ئازادبوون, بابەك بەدیلیی لەبەردەمی سەربازە دیلەکانەوە تێپەڕین‌و زۆر گریان‌و لەخۆیاندا بۆ حاڵی بابەك.

(أفشــين)ی فەرمانــدەی ســوپای عەباســی تووڕەبــوو لەســەربازە دیلەکان و پێی گوتن: بۆ ئەمە ئەگرین!!

ئەوانیش گوتیان: باشبوو لەگەڵماندا.

(الطبري)

## 78-ئیعتراف لەکاتی گیانەڵادا –معتصم-:

نەمزانی تەمەنم هێندە کورتە دەنائەوانەی کردم نەمدەکردن.

معتصم کە تووڕە دەبوو, بەئاسایی لەکوشتن و خراپە چیدەکرد دەیکرد.

(الطبري)

## 79-رووت بەو بێپۆشاك:

خێڵی (بنو عقیل) ڕێگەی (جدە)یان لە (حجاج) گرت, هەندێکیان لەکاتی شەڕو کوشتاری سەربازانی خەلیفەدا هاواریاندەکرد بەم شێوەیە:

دایکم رووتەو تۆیش خاوەنی دوو کراسی, کراسێکمان پێببەخشە ئەی دایکقەحبە!

(الطبري)

## 80-لەگەڵ هەژاران و دژی شاعیران:

کە (جریر الشاعر) سەردانی (عمر بن العزیز)ی خەلیفەی ئەمەوی کردو هیچی لێدەستنەکەوت گوتی:

خەلیفە هەژارانی دەوێت و لەشاعیران دوورەپەرێزە.

(الاغاني)

## 81-باوكانی زیناكار[81]:

(عباس بن الوليد) لەگەڵ (عمر بن عبدالعزيز)ی خەلیفەدا بوو, لەوكاتەدا چەند كەنیزەكێك تێدەپەڕین, عباس بەخەلیفەی دەگوت: (يا أمير المؤمنين) ئەمەيان جوانە بۆ خۆتی دابنیٚ, خەلیفەش گوتی: دەتەویٚ زینا بكەم.

لەوكاتەدا عەباس چووە دەرەوە تووشی چەند كەسێك لە (ئەمەويەكان) بوو پێی گوتن: لەدەرگای كەسێكدا بۆ دەوەستن كەباوكو باپیرانتان بەزیناكار دەزانێت؟!

(ابن عساكر)

## 82-دڵسۆزی هەژاران:

پێغەمبەر لە هەژارانی (مهاجرين)ی دەخواست كە نوێژو دۆعای خێر بكەن, (النسائی) لە (أبی سعيد الخدری)وە دەيگێڕێتەوە كە پێغەمبەر گوتوويە: خودابەهۆی دڵسۆزیو نوێژو دۆعای هەژارانەوە ئەم گەلی ئیسلامە سەركەوتوو دەكات.

(الاستيعاب)

## 83-دوو جەمسەر بۆ بەهای بەڕەوشت:

دەستەيەك بەناوی (ابوحنبل)ی مزگەر هاتە ماڵی خەڵكی گەرەك رژانە ماڵەكەی, (ابو حنبل) پێی گوت:

بۆ كوێ دەچن؟ ئەوانیش گوتیان: هاتووینە سەر ئەو مزگەرەی بۆتە دراوسێت.

أبو حنبل پێی گوتن: ئەگەر بۆ دراوسێكەم هاتوون ئەوە هەرگیز ناتوانن ... فەرمانبدا بەخزمەكانی شمشێر یان لێڕاكێشن‌و نەهێڵن.

(محمد بن عبدالملك الزيات – وزير الواثق

84-(أبو الفوارس) یەكێك بوو لەسەرۆكەكانی (قرامطة) لەدەشتی كوفە, دیلكراو هێنرایە بەردەم خەلیفە (معتضد) و بە (أبو الفوارس)ی گوت:

–وادەزانن (روح الله) و رۆحی پێغەمبەران هاتوونە جەستەتان‌و لەهەموو هەڵەو گوناهێك دەتان پارێزن؟

–زۆر سەیرە! ئەگەر (روح الله) بێتە جەستەمان چ زیانێك لەئێوە دەكەوێت؟ خۆ ئەگەر (رۆح)ی شەیتان بێتە جەستەمان تۆ چیت دەستدەكەوێت؟ باسی شتێك مەكە پەیوەندی بەجەنابتەوە نەبێت,باسی خۆت بكە.

–ئەی تۆ لەبارەی منەوەچی دەڵێیت؟

ابو الفوارس گوتی: پێغەمبەری خوا كۆچیكردو عەباسی باوكتان داوای خەلافەتی كرد, ئایا هیچ (صحابە)یەك كردیان بەگەورەی خۆیان؟

پاشان (أبوبكر)كۆچیكردو (عمر)ی كرد بەجێنشینی خۆی لەكاتێكدا شوێنی عەباسیشی دەزانی‌و نەیكرد, (عمر)یش مردو دەسەلاتی كرد بەهەڵبژاردن (شوری) لەنێوان (6) كەسدا ئەمجارەش

عەباس نەخوێندرایەوە, ئیدی ئێوە بە چ هەقێك شیاوی خەلافەتن لەکاتێکدا (صحابە) تێکرا باپیری ئێوەی هەڵنەبژاردووە.

پاشان (معتضد) رەش داگیرساو فەرمانیدا دەستو قاچیان بڕیو بەخۆگریی مایەوە هەتا فەرمانیدا بە سەربڕینی.

(ابن الاثیر)

85-(شـــــرف الـــــدین البـــــویهی) بـاڵوێزێکی خـۆی نـاردەلای (قرامطة)لەناوچەی (الاحساء), کە گەڕایەوە راپۆرتێکی پێشکەشکرد تیا هاتبوو: (قرمطی)یەکان لێیان پرسیم (پاشا) چۆنە؟ منیش گوتم باشەو رەوشتی جوانە, ئەوانیش گوتیان: بۆیە لەساڵێکدا (3) جار بەبێ هیچ هۆیەك, وەزارەتی گۆڕیوە.

پاش ئەمە (شرف الدولة) وەزارەتی نەگۆڕی.

(ابن الاثیر)

86-فێڵو ساختەی پاشایەکی بەرتیلخۆر:

سـوڵتان (محمـود سـبکتگین غزنـوی) جـەنگی دژی گرووپـەکانی (الباطنیة – المعتزلة– الفلاسفة) راگەیاند, مەبەستیشی لەو جەنگە پەیداکردنی پارەبوو.

پیاوێکی زۆر دەوڵەمەند لەنیسابوور کێشکرا بۆ (غەزنە), سوڵتان مـەحمود لێـی پرسـی: دەڵێـی جـەنابت (قرمطـي)ت؟ پیاوەکـەش لەمەبەستی تێگەشتو گوتی:

من (قرمطی) نیم.. وەڵێ سامانداریم و چیلێدەڕوات با بڕوات، سوڵتانیش نوسراوی بۆ نووسی، کەبیروباوەڕی باشە.

(ابن الاثیر)

## 87-لەهەموو خانوویەك هەفتەرە بڕووخێت:

لەساڵی 442ی کۆچیدا (خوارج)ەکانی چیای (عمان) بەسەرۆکایەتی (ابن راشد) شاری (عمان)یان داگیر کردو خەڵکی شاریش هاوکاری (خوارج)ەکانیان کرد چونکە (دیلم – بویهیی) یەکان خراپبوون لەگەڵ خەڵکدا.

لەکاتی هێرشدا سەراو (دار الامارة)یان تەختکرد، (ابن راشد) لەوکاتەدا دەیگوت: لەهەموو خانوویەك هەقترە بەڕووخاندن، خۆیشیان عەدالەتیان چەسپاندو باجیان هەڵگرت و خۆیشیان بوون بەخوریپۆش (واتە خۆیشیان سۆفی ئاسا) لەگەڵ خەڵکدا مامەڵەیاندەکرد.

(ابن الاثیر)

## 88-سەرکردە حەشەریەکان:

خەلیفە متوکل (4000) چوار هەزار ژنە کۆیلەی (جاریە)ی بووەو جۆتەلای هەموویشیان.

(مروج الذهب)

## 89- پاشایەکی ناوازەو نائاسایی (شذوذ):

(ابن الشحفة) دەیگێڕێتەوە کە (جلال الدین بن ملکشاە السلجوقی) بەمردنی هەتیوێکی لووسکەی خۆی عەقڵی تێکچوو، زۆری خۆشدەویست، تەنانەت بەمردوویش ماوەیەك لەلای خۆی داینابوو، کەنانیان بۆ دەناردە ژوورەوە وەڵامی دەنارد: لەدوێنێ باشترم.

90-**گەوادەکان** – (**خطیب البغدادي**) لەزمانی (ابي ذر الغفاري)وە دەیگێڕێتەوە کەپێغەمبەر گوتوویە:

خراپترین کەس ئەوانەن کە خەڵك دەفرۆشن.

91-**خودرەخنەیی** (**نقد ذاتي**):

پێش مردنی، بەعائیشەیان گوت لەگەڵ پێغەمبەردا دەتنێژین، ئەویش گوتی: نابێت چونکە من لەپاش ئەو پەیدابووم.

(البدء والتأريخ – العقد الفريد)

92-**بێزاری سیاسی**:

(مسلم بن یزید العدوی) لەسەردەمی خەلیفە مەنسوردا بێزارو نارازیبووە لەبارودۆخی ئەو سەردەمەو بەم شێوانە دەری بڕیوە:

هەتا کەی عەدل نەبینین و بگەشێینەوە؟

هەتاکەی (دادخوازان) بێ پشتو پەنابن و

چ سوودی هەیە داکۆکی لەهەق بکەین؟

ئەوەتە ستەمکاران بەچەندین رەنگ خۆیان دەگۆڕن.

هەی داد! بۆ ئەو نەخۆشیە کە، دەرمانی نییە

رابەرێکی نابینا، نابینایان رادەکێشێت!

(المتطرف)

### 93-واسیتەو خزم خزمێنە: عمر بن الخطاب

ئەوەی لەپاش من دێت باشبزانێت, کە خەڵکانی دوور ونزیکی خۆی لێی نزیك دەبنەوەو مەرایی بۆ دەکەن, قەسەم بەخودا لەماوەی دەسەلاتمدا من لەجەنگدا بووم لەگەڵ خودی خۆمدا.

(طبقات ابن سعد)

### 94-کارلێکی دەسەلات لەئەخلاق: عمر بن الخطاب

خەڵك راستو باشن هەتا ئەوکاتەی ئیمامەکانو رابەرانیان, راستو باشبن.

(طبقات ابن سعد)

### 95-بێبارو فرسەتتەڵەب: (عبدالله بن عمر)

لەکاتی فیتنەو ئاژاوەدا شەڕ ناکەم, نوێژیش لەپشتی ئەو کەسەوە دەکەم کە سەرکەوتووە.

(طبقات ابن سعد)

### 96-گەشبینی (تفاؤل)

عەلی کوڕی ئەبو تالیب رووی دەمی لەستەمکارانو ملهوڕانەو دەڵێت:

جیهان پڕ دەکەن لەزوڵمو ستەم, گشت ماڵێك لەو خراپکاریانە بێبەش نابێت, کەداوای درهەمێکتان لێبکەن نایدەن.. وەلێ ژیان تا

سـەر واناميێنێـت, ديسـان زەوى بەدادپەرسـتى و خۆشـى شـاد دەبێتەوە.

(اللكنى والاسماء للدولابي)

97-**ئۆپۆزسيۆن (معارضة) —سفيان الثوري:**

ئەوەى لەمەجليسى زاڵمدا پێدەكەنىٚ و كۆڕ خۆشدەكات, ئەوەى پارەو خەڵات لەزاڵم وەردەگرێت, پايەكانى ئيسلام دەڕوخێنێت و ئەويش دەچێتە گرۆى زاڵمان.

لەشوێنێكى تردا سوفيان دەڵێن:

لەم زەمانەدا نە ئيمام بە, نە بانگوێژ (مؤذن)و نە جاسوس و نە پارەيش وەربگرەو بەسەر هەژاراندا بەشى بكە.

(تنبية المغترين للشعرانى)

98- **بازرگانى (سفيان الثوري)[98]:**

بەڕووكەش تەماشاى جلوبەرگى بازرگانان و ئەهلى بازاڕ مەكەن, لەو ديوى ئەو جلانەوە گورگى هار خۆى حەشارداوە.

لەشوێنێكى تردا (سوفيان) دەڵێت:

وورياين! نەچنە كۆڕى دەوڵەمەندان و حيكايەتخوانانى سوڵتان و بازاڕيان.

(كتاب المغترين للشعراني)

99-**دژى بيگارو سوخرە —وهب بن منبه:**

ئـەوەی بـەپارەی هـەژاران دەوڵەمەنـد ببێـت, لـەدوا ڕۆژدا هـەژار دەبێت, ئەو خانوەی بە بێگارو سوخرە دروستئەکرێت وێراندەبێت.

(هەمان سەرچاوە)

100-هەژاران لە پێشترن:

(عمر بن عبدالعزيز) کەبیستی مەی تێکەڵی پایەکانی مزگەوتی دیمەشقکراوە, بە (زعفران) سواغ دراون – خەلیفە والی خۆی ئاگادار کردەوە کە هەژاران بۆ ئەو پارانە لەپێشتربوون.

(هەمان سەرچاوە)

101-دژی جوانکاریو زەخرەفە (سفيان الثوري):

ئـەوەی خـانوو دروسـتدەکاتو بەخشـتو زرد دەینەخشـێنێت, خۆیشیو ئەوەیش کەیارمەتیئەدات گوناهبارن.

(هەمان سەرچاوە)

102- پیشەو کاریدەست:

پیشەیەك فێربنو ئیشی دەستبزانن, ئەوانەی کەدەچنە دەرگای میرو سوڵتان هەژارن.

(سفيان الثوري – هەمان سەرچاوە)

103- پێوەری عەقڵ (سفيان الثوري):

پیـاو بـەمجۆرە هەڵسـەنگێنە: پیـاوێکی هـەژاری ڕووتـەو چـڵکن کەهاتە سەر بەڕەکەی, ئەگەر گرژو تووڕەبوو ئەو پیاوە عاقڵ نیە.

(هەمان سەرچاوە)

104- **سفرەو خوانە رەسمیەکان (فەرمودەی پێغەمبەر):**

خواردنی خراپ, خواردنی شاییە, دەوڵەمەندەکان بانگدەکرێن‌و هەژارانیش پشتگوێدەخرێن.

(صحيح المسلم)

105-**ئیتاعەتی کوێرانە:**

پێغەمبەر سوپایەکی نارد بۆ شوێنێك, یەکێکی کرد بەفەرماندەی ئەو سوپایە, ئەویش ئاگرێکی کردەوەو فەرمانیدا بەسەربازەکان کە بچنە ئاگرەکە.

هەندێکیان نەچوونە ئاگرەکەو هەندێکیان چوون‌و سووتان, کەهەواڵەکە گەیشتەوە بەپێغەمبەر گوتی: ئەوانەی سووتان بەئاگری ئەو دنیاش دەسووتێن, بەئەوانەیش کە نەچووبوونە ئاگرەکە ئامۆژگاریکردن‌و گوتی: گوێڕایەڵی‌و ئیتاعەتکردن بۆ شتی باشە نەك بۆ خراپ.

106-**یەکەم, هێزە (فەرمودەی پێغەمبەر):**

ئیماندارى بەتواناو بەهێز لای خودا باشترو خۆشەویسترە لەئیمانداری لاوازو بێدەسەڵات.

(هەمان سەرچاوە)

107-**مرۆڤ یەکسانن (ابن تيمية):**

ئـەوەی خـۆی لەخـەڵك بـە بـەرزتر دەزانێـت زوڵمـە, چـونكە خـەڵك لەیـەك بنەچـەن, مـرۆڤیش وادەخوازێـت كـە خـۆی لەهـەموو كـەس بەرزتربێتو دیارە ئەمە بەزوڵم نەبێت ئەنجام نادرێت.

(السياسة الشرعية)

**108- پەیوەندی بەرهەم بەزوڵمو ملهوڕیەوە:**

كە (حجاج) بوو بە والی عیراق (خراج)و داهاتی (سەد هەزار 100 ملیۆن درهەم بوو, بەڵام بەهۆی سەركێشیو خراپی ئیدارەی حەجاج داهاتی خەراج دابەزی بۆ 25 ملیۆن درهەم.

(التنبية والاشراف)

**109-سەربەرز بە (فەرموودەی پێغەمبەر):**

ئـــەوەی بـــەنیازی دونیـــاو پـــارە, كارئاســـانی بـــۆ خەڵكـــدەكات سەرشۆڕەو (2 سێیەكی ئیمانی) لەدەست ئەدات.

(تأريخ اليعقوبي)

**110-سامانو خەرج (نفقات):**

*چالاكی عەسكەرتاری كەلەسەدەی (3)ی كۆچیدا زاڵتر بوو, بایی (10) ملیـۆن دینـارو (10) حەبـە گەوهـەر كـەبایی (3) ملیـۆن دینـارە كەلوپەلی هەبوو.

*(حسن بن سهل) کەوەزیری مەئمون بوو، خەرجی شووکردنی (بوران)ی کچی بەمەئمون (1) ملیۆن درهەم بووە لە (5) رۆژدا، (مەئمون)یش بۆ قەرەبووی (10) دە ملیۆن درهەمی دایەوە بە (حسن بن سهل)!.

*گەنجینەی دەوڵەت لەسەردەمی (رشید) 1 نزیکەی (1) ملیار دینار بووە.

*(یعقوب بن اللیث) یەکێك بووە لە (ملوك الطوائف) لەخۆرهەڵاتداو لەسەدەی (3)ی کۆچیدا، لەپاشخۆی (50) ملیۆن درهەمو (1) ملیون دیناری لەپاش بەجێما.

## 111-هاومافی (عمر بن الخطاب):

*ئەوەی مافی ئێوە دابین نەکات ئێوەیش مافی ئەو دابین مەکەن.

(ادب الوزير للماوردي)

***علي بن ابي طالب:**

ئەوەی مافی یەکێك بدات کە ئەو مافی خەڵك پێشێل دەکات، خۆیدەکات بە کۆیلە.

(نهج البلاغة)

***جعفر الصادق:**

وازهێنان لەماف زەلیلی و سەرشۆڕیە.

(تحف العقول)

**112-لەسەر بەردەنووسێك لەسەر گۆڕی (صاحب الزنج) ئەم دوو شیعرەی خوارەوە خوێندرایەوە:**

**سەلامی خوات لێبێت ئەی باشترین هەوار**
**کۆچت کردو کەسیش بەخراپ باسی نەکردیت**
**ئەمڕۆ رۆژگار لەئێمەی دوور خستیتەوە**
**کەسیش لەشەقی زەمانە بیٚ بەش نەبووە**

**113-یەکەم دەزگای کپکردن وقمع:**

**(قلقشندی) دەڵێت: یەکەم دەزگای سەرکوتکاری, (عثمان بن عفان)دایهێنا بەناوی (صاحب شرطة) واتە بەڕێوەبەری پۆلیس.**

**114-سوودەکانی وەزیفە:**

**(قلقشندی) لەژماردنی سوودەکانی وەزیفەی دەزگاکانی دەوڵەت: شانسی باش – خۆشگوزەرانی – تێکەڵکردنی پاشایانو خانووی گەورە- بەرگو پۆشاکی کەشخە- وولاٚخی گران- کارەکەرو خزمەتکاری پاكو باش- ئەمانەو چەندین شتی وەك پێداویستیو ناومالٚی (شاهانە).. ئەمانە گشت لەکەمترین ماوەدا.**

## 115-بیروکراتیەت: هەڵسوکەوتی فەرمانبەران لەلای (قلقشندی):

کەچووەلای سوڵتان یان سەرۆکی خۆی لەکۆڕێکی گشتی یان تایبەتدا پێویستە زۆر ڕێزو شکۆمەندی پێشکەش بکات, خزمەتی باش و زۆری خزمەت نابێتە هۆی پشتگوێخستن و ئیهمالکردن, بەڵکو دەبێت لەسەر ڕێو ڕەسمی خۆی بەردەوام بێت.

دەبێت جلوبەرگی فەرمانبەر یان ئەهلی بازاڕ لەپۆشاکی سوڵتان یان گەورەکەی کەمتر بێت.

## 116-دژی فیزو خۆ بەزلزانی چینایەتی:

(علی بن الحسین) کچەکەی دا بە (مولاء), ژنە کۆیلەیەکی خۆیشی ئازادکردو هێنای, (عبدالملك بن مروان)ی خەلیفە تانەو تەشەری لێدا, بەڵام (علی) هیچ گوێی پێنەدا. لەکاتی خۆیشیدا (عمر بن الخطاب)یش لەگەڵ (اسلم مولی) دائەنیشت, پیاوێکی (قریش) بە (عمر)ی دەگوت: لەبری قریشیەکان لەگەڵ (عبد بنی عدی) دائەنیشێت, (عمر)یش دەیگوت: پیاو لەوشوێنە دەبێت کەسوودی لێوەردەگرێت.

(طبقات ابن سعد)

## 117- مەیخواردن[117]:

(عبدالمجید بن سهل) دەیگێڕێتەوە کە: سەردانی گەڕەکی (خناصره)م کرد لە دەوروبەری شام و لەسەردەمی (خلیفە عمر بن عبدالعزیز) دا, دیم: لەماڵێکی ئەو گەڕەکەدا بەئاشکرا مەیدەخۆن و ئاهەنگ دەگێڕن.

کەبەڕێوەبەری پۆلیسم ئاگادار کردەوە, گوتی: من ئەم باسەم بۆ خەلیفە (عمر بن عبدالعزین) کرد, گوتی: ئەوەی لەماڵدا دەکرێت وازیلێبێنە.

(هەمان سەرچاوە)

118-**سامانی زۆر:**

که (عمرو بن مسعدة) مرد, نامەیەك بەخەلیفە (مأمون) گەیشت کە (80) ملیۆن درهەمی لەپاش جێماوە, (مأمون)یش لەپشتی راپۆرتەکەی نوسی: ئەمە زۆر کەمە بۆ ئەو پیاوەی کەماوەیەکی زۆر خزمەتی ئێمەی کردبیٚو پەیوەندی بەئێمەوە بووبێت!

(أدب الوزیر)

119-**مرۆڤ یەکن (أبوبکر الزبیدی الاشبیلی)**[119]**:**

**شیعر:**

لەوڵاتەکانی ئێمەدا, هەژاری غوربەتە
پارەیش لەغوربەتا نیشتمانە
زەویش چەند نیشتمانێکەو هەمووی یەکە
مرۆڤیش براو دراوسێن

(ابن خلکان)

120-**ئاوکێش و شەرعزان (فقیە):**

ئاوکێشێك لەشەرعزانێکی پرسی کە لەدەرگای سوڵتان وەستابوو, ئەویش گوتی ئەم شوێنەکەی شوێنی پرسی شەرعە؟ ئاوکێشیش گوتی ئەم شوێنە کەی شوێنی (فقیە)ە؟

(محاضرات الراغب)

121-**مرۆڤ خزمی یەکترن (ابو صلت الاندلسی)**[121]:

کەمن لەخاکبم هەموو خاکیش نیشتمانی منە,

کەواتە خەڵکانی جیهانی خزمی منن

122-**یاخیەکان (زیادە بن مزید)**[122]:

ئێمە بۆ پاشاکان نەرم نابین تا ئەوکاتەی: بەرد بۆ جووین و گازلێگرتن نەرم دەبێت.

123-**هەرسێکیان شەڕن**:

(مروان بن الحکم) سەردانی کێڵگەیەکی خۆیدەکرد لەناوچەی (غوطە)و لەسەردەمی (معاویە)دا, لەکاتی پشکنیندا هەستی بەشتێککردو بەوەکیلەکەی گوت: قوڕ بەسەرت خیانەت لەمن دەکەیت؟

ئەویش گوتی: دڵنیایت یان هەر گومانە؟

مەروان گوتی: دڵنیام

وەکیل گوتی: بەڵێ .. من خیانەت لەتۆ ئەکەم, تۆیش لە (أمیر المؤمنین)و ئەمیش لەخواو لەعنەتی خوایش لەهەرسێکمان.

124-**شەڕی پارتیزانی**[124]:

راوبۆچـوونی (أحنـف بـن قـیس) لـەبارەی شـەڕی پـارتیزانی کـە (خوارج)ەکان دەیانکرد:

ئەوان ڕۆژێك بەسواری گوێدرێژو ئێستر, بەشەو لەشوێنێکی تر بن ئەم کارە درێژە دەکێشێت.

(کتاب البغال/ الجاحظ)

125-**هانا بۆ بردن (شاعیرێکی سەردەمی عەباسی):**

ئـەم ڕۆژگـارەی ئێمـە, وەك (ابـن مسـعود) و (کعـب) باسـیدەکەن, ئەگـەر وادەوام بکـات نـە بـۆ (کوڕبـوون) دەخـەنین و نـەبۆ مـردوو دەگرین.

(العزلة/ ابو سلمان البستی)

126-**ئێمەو ئەوان**[126]**:**

***ابو ذر الغفاري:**

ئەوان دەیهاڕن و ئێمە دەیقرتێنین, ئەنجامیش خوا دەیزانێت.

*ژنە عەرەبێکی دەشتەکی لەمێردەکەی پرسی:

– ئێمە خۆشدەژین یان (بنومروان)؟

مێردەکەی: ئـەوان لـەڕۆژدا خۆشـتر دەژیـن و ئێمـە لەشـەودا, لـەوان خاوێنترین.

(بخلاء الجاحظ)

127-**ریشەی زوڵم و ملهوڕی (نهج البلاغە):**

*ئەوەی بوو بەخاوەنی دەسەڵات, زوڵم دەکات.

*مرۆڤ کەبووی، بایی دەبێتو (طوغیان) دەکات.

(قرآن)

128-**خواناسیو (زهد)ی دەسەڵاتداران (علي بن ابي طالب)**[128]:

خوا لەسەر ئیمامی عادلی فەرز کردووە کەخۆی لەئاستی لاوازیو نەبوونی خەڵکدا بێت، چونکە خەڵکانی هەژار بەکەشخەو رابواردنی کاربەدەستان هێندەی تر هەژار دەبن!

(نهج البلاغة – العقد الفريد)

129-**وەسیەتو ئامۆژگاری**[129]:

محمد، عەلی نارد بۆ کارێکی سیاسی بۆ ناوچەیەكو بەمجۆرە ئامۆژگاریکرد:

لەناو خەڵکدا دەرکەوە، خەڵکانی نزمی کۆمەل بالەپێش خانەوادە بەرزو ئەشرافەکانەوە بن، خەڵکانی لاوازو بێدەسەڵات بالەپێش بەهێزو دەسەڵاتداران بن، با ژنان لەپێش پیاوانەوە بن.

(كتاب الحجاب/ للجاحظ)

130- **بۆ دادوەرێك**[130]:

(عمر بن الخطاب)، (شریح) دەکات بەقازی بەمجۆرە ئامۆژگاریدەکات:

*تەماشای (دعوا)یەك مەکە خۆت تیا لایەنبیت.

*سەلارو هێدیبە نەك دڕو تووڕە.

*نەبکڕەو نەبفرۆشە واتە (دەعوایەك) مەبینە کە خۆت لایەن بیت چ بەکڕیار یان فرۆشیار.

(الاغاني)

131-عەرەب بەرامبەر زوڵم و ستەم[131]:

*(عبدالرحمن بن ابی بکر) بەتانەو تەشەرەوە باسی هەڵبژاردنی (بیعة)ی (یەزید) دەکات:

دەیانەوێت سیستمی دەسەڵات کیسری ئاساو هیرقل ئاسابێت, کە کیسراو هیرقل مردن کیسراو هیرقلێکی تر جێگەیان بگرنەوە.

(الامامة والسیاسة –الاغاني- الاستیعاب)

*(الربیع بن زیاد الحارثي) یەکێك بوو لەسەرکردەکانی فتوحات لەکاتی دەسەڵاتی (عمر بن الخطاب)داو لەساڵی 53 کۆچیدا مرد, لەکوشتنی (حجر بن عدی)دا بەتانەو تەشەرەوە باسی عەرەب و ئەو کوشتنە دەکات:

عەرەب لەپاش ئەو: ئارام و سەبریان نەماوە, ئەگەر لەوکاتی کوشتنەدا بەکۆمەڵ شاڵاویان ببردایە تۆڵەیان دەسەندو سەرکەوتوو دەبوون, بەڵام ئەو سەرشۆڕییەیان قبوڵکردو داسەکنان.

(الطبری)

*عائشە لەبارەی (حجر)ەوە:

ئێمه ئەمانزانی کە شتێك بگۆڕین, دەکەوینە کێشەیەکی خراپتر, دەنا کوشتنی (حجر)مان دەگۆڕی. دیارە عائیشە زانیویە بەکوشتنی (حجر) زوڵم و پێشێلکاریی گەیشتە ترۆپك.

*(عمار بن یاسر) لەباسی (اموی)یەکاندا:

-چێژی دنیایان کردو خۆشیان ویست, لەوەگەیشتن کە ئەگەر لایەنی هەق بگرن رابواردنی ژیانیان لەکیس دەچێت, بۆیە خەڵکی هەواداری خۆمان بەم بیانووە خەڵەتاندو گوتیان: ئیمامەکەمان بەناهەق کوژراو زوڵمی لێکرا (عثمان بن عفان). بەمجۆرەو بەم بیانووە خۆیان کرد بە پاشاو کەڵەگا.

(ابن الاثیر)

*پێشینەیەکی محمد بەقسەی (ابو ذر):

ئەگەر ژمارەی بنەماڵەی (آل ابی العاص) گەیشتنە (40) کەس, ماڵی خواتالاندەکەن و بەسەرخۆیاندا دابەشیدەکەن, بەندەکانی خودا دەکەن بەکۆیلەی خۆیان و ئاینی خودایش دەکەن بەسەرمایەو بازرگانی پێو دەکەن.

132-دژی فتوحات (سفیان الثوري):

جەنگ دژی (مشركین) فەرز نیە, تەنها لەو كاتەدا جەنگ واجبە كە مشـركین دەستپێشـخەربن, ئەوكاتـە جـەنگیان واجبـەو (بـەرگری لەخۆكردنە – دفاع عن النفس).

133- **نموونەیەك بۆ سەرانەو (ابتزاز):**

(ابو حمزة الخارجی) لەخوتبەكەیدا باسی خەلیفە دەكاتو دەڵێت:

دوو كراسـی خەتخـەتی لەبەردایـەو بـە (2) هـەزار دینـار بـۆی چنراوەو ئەو پارەیەش حەڵاڵ نیەو لەشوێنی خۆیدا خەرج نەكراوەو بۆ پەیداكردنی ئەو (2) هەزار دینارە داركاری خەڵكراوەو شیعری بۆ گوتراوە.

(الاغاني – ابن الاثير)

134-**شكستو (ئینهیار)ی پێشوەخت** [134]**:**

پێغەمبەر لەدوا رۆژەكانی ژیانیدا دەڵێت:

بەرەنگاری لێشاوی ئاژاوەو فیتنەم كرد كە, وەك هەورە تاریكەكان یەك لەدوای یەك شالاویان بۆ دەبردەم.

(تأريخ الطبرى – الاستيعاب)

عمر بن الخطابیش بەزمانی پێغەمبەرەوە دەڵێت:

بەلام ئیسلامم كرد بەیاساو بەچەند قۆناغێكدا پێڕەو كەبوو, وەك چۆن حوشتر: ساوایەو یەك ساڵەو چوار ساڵەیەو شەش ساڵەیەو تەواوە, ئایا حوشتری تەواو كەمناكاتو دانەبەزێت؟

*دیارە مەبەستی (عمر) وەك هادی عەلەوی دەڵێت:

لەکاتی (فتوحات)دا عەرەبی جەزیرە بەپارەو سامانی (فتوحات) یەکجار گەشەیانکرد, (عمر) ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە هەڵپەو پەلاماری موسوڵمانان بۆ (خۆدەوڵەمەندکردن) بەسەر سامانی فتوحاتەوە, بووەهۆی تێکشکانی پێشوەختی (ئیسلام)و قۆناغی سەرەتا.

(تأريخ الطبري - الاستيعاب)

135-**نەمانی ترسو ( رادع ) :**

عائیشە کەهەواڵی کوشتنی (علی ابن ابی طالب)ی پێگەیشت گوتی: دەبا عەرەب بەهەوەسی خۆیان چیدەکەن بیکەن, خۆ کەسێك نەما پێیان بێژێت: نابێت!

136-( **ئاواتێکی دەرەبەگانە ( المأمون ) :**

شەرەف بەبنەماڵەو (نسب)ە (المأمون):

شەرەف بە بنەماڵەیە, شەریفی عەرەب لەشەریفی عەجەم لەپێشترە, هێندەی رەشەخەڵکی عەجەم بۆ شەریفی عەجەم, شەریفی عەجەم لەپێشترە بۆ عەرەب لە رەشەخەڵکی عەرەب بۆ شەریفیان.

137-**سامان**[137] **:**

*(سعد بن ابي وقاص), (250000) دووسەدو پەنجا هەزار درهەمی لەپاش بەجێما.

*طلحة: لەخانوو سامانی تر بایی (30) ملیۆن درهەمی لەپاش بەجێما, لەنەختیش (2) ملیۆن‌و سەد هەزار درهەم.
*لەزێڕیش سەد (بهار) و یەك بهاریش (3) (قناطر) زێڕە.

(طبقات ابن سعد)

138-بازرگانان ( محمد بن حمدون النديم ):

بازرگانان! ماڵیان لێوەرگرن‌و درەنگ بیدەنەوە, ئەوان ریسوان‌و گوناهبار نابن چونکە چیان کۆکردووەتەوە حەرامە.

المعری:

لەبیابان, وێرانەو گەلەحوشتر مۆلیداوە, لەشاریشدا بازاڕ وێرانەیە, ئەمانە فیززل‌و لووتبەرزن ئەوان بازرگانن ئەمانیش (ئەعراب)ن.

139-ژیانی ( بژی‌و مەمرە - الکفاف )[139] :

محمد بەعائیشەی گوت:

گەر منت دەوێت لەدنیا بە (توێشووی سەفەر) رازیبە, تێکەڵی دەوڵەمەندان مەکە, جلوبەرگت بەبێ پینە مەگۆڕە.

(طبقات ابن سعد — سنن الترمذي واللئالئ المصنوعة)

140-دژی موڵکداری ( من مختارات النووی ):

کەبوونە خاوەنی کێڵگە, ئیتر هەڵپە بۆ دونیا دەکەن؟

(رياض الصالحين)

**141-ئیعتدال و میانەڕەو لەخانوودا ( ئەڵێن فەرموودەی پێغەمبەرە ):**

زۆرترین سامانی موسوڵمانان, لەخانووکردندا دەڕوات.

(طبقات ابن سعد)

**142- پێشبینی ( فەرموودەی پێغەمبەر ):**

دینارو درهەم پێشینانی ئێوەیان فەوتان ئێوەش دەفەوتێنن.

(اصول الكافي)

**143-ژیانی بژی و مەمرە( الكفاف )[143] :**

مرۆڤ تەنیا مافی ئەم شتانەی هەیە:

خانوویەك تیا بژی, پۆشاكێك (عەورەتی) دابپۆشێت, قەراخە كولێرەو ئاوێك.

**144- پەشیمانی ( ابو مسلم الخراسانی ):**

(ابن المعافي) بە (ابو مسلم)ی دامەزرێنەری دەوڵەتی عەباسی گوت: ئەی میر! كارێكت كرد بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی(بەنی عەباس), كە لە بەهەشت نزیكت ناكاتەوە ئەبوموسلیمیش گوتی:

من لەئاگر زۆر دەترسم و تەماعم بە بەهەشت نیە, من پشكۆی (بنی امیە)م كوژاندەوە, وەلێ بە (بنی العباس) چەندین ئاگرم هەڵگیرساند, ئەگەر بەكوژاندنەوە دڵخۆشبم, ئای بەهەڵگیرسان چەندە پەست و خەفەتبارم!

یەکێکی دی گێڕایەوە:

-لەکاتی وەستانی لەکێوی (عرفات)دا گوێملێبوو ئەبو موسلم بەگریانەوە دەیگوت: خودایە بمبەخشە لەگوناهێك کە گومانم هەیە بمبەخشیت!

منیش گوتم: ئەی میر! ئایا لای خودا بەخشین هێندە گرانە؟

(ابو مسلم)یش گوتی:

کراسێکی زوڵمم چنیوە هەتا دەوڵەتی (بنی عباس) بمێنێت ئەو کراسە ناڕزێت, چەندین پیاوو ژن هاوار دەکەن‌و نەفرەتم لێدەکەن, ئیدی خودا چۆن لەیەکێك خۆشدەبێت کە ئەم هەموو خەڵکە دوژمنی بن؟

## 145-لەگەندەڵیەکانی راگەیاندنی رەسمی[145]:

ئەوەی لەسوڵتانەکانەوە روو دەدات بزربوونە لەخودی خۆیاندا, خۆیان لاپەسەندەو بەڕاو بۆچوونی خۆیان شانازیی دەکەن چونکە بێجگە لەستایش‌و پیاهەڵدان هیچی دی نابیستن.

ئەگەر خەڵکانی دۆست‌و دەوروبەریان دڵسۆزبن بۆیان هەموو شتێکی هەق‌و راستیان بۆ دەگێڕنەوەو هیچیان لێناشارنەوە.

(ابو حیان التوحیدی) دەربارەی خەوش‌و عەیبی وەزیرانی (الصاحب بن عباد)ەوە دەیگێڕێتەوەو دەڵێت:

ئەو گەورەو وەزیرانەی کە کەس هەڵەی بۆ راستنەکردنەوە, لەکاری خراپدا سەرزەنشتی نەکردن, تەنها:

(راستدەفەرمووی گەورەم, باشت پێکا گەورەم) ببیستن – ئەو گەورەو وەزیرانە گەندەڵدەبن‌و سەرەنجام بۆگەندەکەن.

(ابو سليمان البستى – كتاب العزلة)

## 146-سەوقات و دیاری والی و خەلیفەکان:

سێوی لوبنانیان بەدیاری برد بۆ (عمر بن عبدالعزیز)ی خەلیفە کەزۆر حەزیلێدەکرد بەلاّم وەرینەگرت, پێیانگوت: پێغەمبەر دیاری وەرگرتووە.

ئەویش گوتی: ئەوە بۆ پێغەمبەر دیاری بووە, وەلیٚ بۆ ئێمە بەرتیلە.

(طبقات ابن سعد – البصائر والذخائر/ واللفظ له)

## 147-رێنمایی راگەیاندن[147]:

(عبدالملك بن مروان) بۆ دۆستو هاورێکانی خۆی ئەدواو ئەوانیش سەرگوزەشتەو کارەکانی (عمر بن عبدالعزیز)یان باسدەکرد, (عبدالملك)یش پێی گوتن:

بەس باسی (عمر) بکەن, ئەو سووکایەتی بوو بۆ والییەکان, (رعیت) و رەشەخەڵکیشی خراپکرد.

(البصائر/ محاضرات الراغب)

## 148-لیبرالیەتی خەلیفە[149]:

(عمر بن الخطاب) چووە ناو کۆرێك دەیانخواردەوەو لە (مەیخانەدا) مۆمیان هەڵکردبوو, (عمر)یش پێی گوتن: پێمگوتن مەخۆنەوە .. خواردتانەوە, پێمگوتن لە (مەیخانەدا) ئاگر مەکەنەوە کردتان.

ئەوانیش گوتیان: جەنابی خەلیفە ئارامبە .. خودا جاسووسی حەرامکردووە تۆکردت .. بەبێ روخسەتوەرگرتن چوونە مالآن حەرامە تۆ کردت.

(عمر)یش گوتی: ئەم دووانە بەو دووانە, پاشان رۆیشت.

(العقد الفريد)

## 149-چەند ئامۆژگارییەکی چینایەتی:

*هەڵپەو چاوبرسیەتی بۆ هەموو خەڵك بێزراوو ناپەسەندە تەنیا بۆپادشاو سوڵتانەکان نەبێت, ئەوان بەسامانو گەنجینەی پڕەوە سامو هەیبەتیان هەیە لەپێشچاوی گەلو دوژمنانی.

*عەشق بۆ هەموو کەس قێزەونە بێجگە لەگەنجانو دەوڵەمەندانو خواپێداوان, بۆ ئەمانە کەمتر قێزەونە.

(يحي بن عدى/ تهذيب الكلام)

## 150-دیموکرا تخوازیی زانایان (ابو حنیفه):

ئێمە راوبۆچوونی خۆمان بەزۆر ناسەپێنین بەسەر هیچکەسدا, ئەوەیش باشتری لایە فەرموو بیخاتەڕوو.

(الانتقاء)

## 151-واتای هەرچیوپەرچی:

(ابی عاصم النبيل) باسی دەکات:

پیاوێك هاتەلامانو گوتی ژنەکەم پێمدەڵێت: هەرچیوپەرچی! منیش پێمگوت: ئەگەر من هەرچیوپەرچی بم سێبەسێ تەڵاقت کەوتبێت.

(ابو عاصم)یش گوتی:

–ئایا تۆ دەچیتە کۆڕی شەڕە بەران‌و شەڕە کەڵەشێر؟

–نەخێر.

–ئایا تۆ ئامادە دەبیت لەو کۆڕەدا کە سوڵتان بەندکراوەکانی بەندیخانە ریزدەکات‌و دەڵێت: فلان! فەلاقەی فلان بکە؟

–نەخێر.

–ئایا کەسوڵتان لەرۆژی هەینیدا دەچێت بۆ نوێژ, تۆ لەپشت رێگاوە چاوەڕوانی دەکەیت‌و لەبەری هەڵدەستیت؟

–نەخێر.

–تۆ (هەرچی‌و پەرچی) نیت, ئەوانە (هەرچی‌و پەرچی)ن کە ئەو شتانە دەکەن.

(کتاب العزلة)

## 152- پێکەنین‌و قەشمەر بەخەلیفە[152]:

(ابو حنیفە) بەوە ناسراوە کە لەڕیزی نەیارانی خەلیفەدا بووە, بۆ (مبایعە)و قبوڵکردنی خەلیفە (المنصور) ناچارکرا, پاشان بەنیمچەگیراوی برایە بەردەم خەلیفە منصور:

خەلیفە: تۆ زۆر فێڵبازیت, خودا شاهیدە کەتۆ بەڕاستی‌و لەدڵەوە بەدەسەڵاتی من رازینەبوویت.

ابو حنیفە: خودا شاهدە لەسەرم هەتا رۆژی قیامەت.

خەلیفە: بەسەو فەرمو بۆ دەرەوە.

کەچووە دەرەوە هاوڕێکانی پێیان گوت:

ئایا حوکمی خۆتدا کە رازیت بە خەلیفە هەتا رۆژی قیامەت.

(ابو حەنیفە)ش گوتی: من مەبەستم لەمە هەتا ئەو سەعاتەیە کە لەمەجلیسی خەلیفە هەڵدەستم‌و دەچم بۆ سەر پێشاو (توالیت)، یان پێویستییەکی دی.

**(الانتقاء)**

**153-دوو هەڵوێستی دژبەیەك:**

**لەپاش (فتح)ی مەکەو لێبوردنی گشتی:**

(سلمانی فارسی)و (صهیب الرومی) و (بلال الحبشی) گوتیان: شمشێری خودا لەگەردنی دوژمنی خودا ناگەڕێتەوە.

(ابوبکر)یش گوتی: چۆن بەمجۆرە لەگەڵ (شێخ)و گەورەی قورەیش ئەدوێن؟

**154- پێشبینیەکی (توقع)زیرەکانە، لەزمانی (عتبة بن غزوان)ەوە دەگێڕنەوە[154]:**

خۆم لەخزمەت پێغەمبەردا بووم حەوتەم کەس بووم، خواردنمان گەڵای دار بوو، لێومان (شەقار شەقار) بوو، وەلێ ئێستا هەر یەکێکمان میری شارو وڵاتێکە، منیش پەنا بە خودا ... نابم بە گەورەو لەپێشچاوی خەڵکیشدا بچووك، ئەوە کەهاتە پێش (پێغەمبەرایەتی –نبوة) بوو، لەپاشدا کۆپیکراو بوو بە پاشایەتی، ئاخۆ لەپاش منیش میرەکان چ بەڵایەکیان تووشدەبێت!

**(ابن الجوزي – القصاص والمذكرون - الاستيعاب)**

155-**دژی ئەشکەنجە**[155]:

**ئیمانداران ئەگەر بەناچاریی خرانە جەنگ‌و کوشتار, با بەپاکترین شێوە بجەنگن‌و بەکوژراوان سووکایەتی‌و بەبرینداران ئەشکەنجە نەکەن.**

**(سنن ابن ماجه)**

156-**سەلمانی فارسی:**

**یەکێك بە (جعفر الصادق)ی گوت:**

**تۆ بۆ هێندە باسی سەلمانی فارسی دەکەیت؟**

**ئەویش گوتی لەبەر سێ هۆ:**

1-**ئەوەی بۆ خۆی هەڵدەبژێرێت, پێشتر بۆ (علی) هەڵدەبژێرێت.**

2-**خۆشەویستی بۆ هەژاران‌و زێدە رێزگرتنیان لەخەڵکانی ساماندارو بەدەسەڵات.**

3-**خۆشەویستی بۆ زانایان‌و زانست.**

**(الدرجات الرفيعة)**

157-**ناڕەزایی**[157]:

**سەربازێکی بەرەکانی (فتوحات) لەسەردەمی (معاویە)دا گووتوویە:**

**ئەی (معاویە)! یان خێزانەکانمان بنێرە بۆ لامان یان رێگەمان پێبدە بڕۆینەوە بۆلایان! تۆش (کیسرا ئاسا) سەربازەکانت**

بەنـدکردوون, بـەجۆرێك ئێمـەت جەڕانـدووە, ئاواتـەکانی خۆمـان بیرچۆتەوە.

158-دڕندەیی[158] وەحشیگەری:

ژنێك لـە (مشـرك)ەکان بـەناوی (قـرفـة)جنێـوی زۆری بـە پێغەمبـەر ئەدا, (زید بن حارثة) لـە (سـەربازگە)یەکی خۆیـدا بەنـدیکرد, پاشـان هەر قاچێکی بەست بە ئەسپێکەوە هەتا بوو بەدوو کەرتەوە!

(الروض الأنف)

159-لەنێوان خەلافەتو پاشایەتیدا:

بە (سفینة)ی خاوەنی (ام سلمة) یان گوت:

(بني امیة) وادەزانن ئەوان شیاوی خەلافەتن.

ئـەویش گـوتـی: سـەریان دای لەبـەردو درۆیـانکرد, ئـەوان پاشـانو بگرە خراپترین پاشاش.

(الروض الانف)

160- پاساو:

به (عمر بن عبدالعزیز) یان گوت: خودا لەقورئاندا دەڵێت: (لەشتە باشەكان بخۆن – كلوا من طیبات ما رزقناكم) دیارە خودا هانی خەڵك ئەدا بۆ خواردنی چاك.

(عمر)یش گوتی: ئێوە بەمانایەكی دی راڤەیدەكەن, خودا بەمەبەستی لە: (پاكیە لەكاسبیو پەیداكردن)دا نەك خواردنی پاكو نایاب.

(طبقات ابن سعد)

161-دژی بێگار:

كەسێك گێڕاویەتیەوە : لەگەڵ كاروانی پۆستەدا سواربووم تاكو پۆستە ببەین بۆ (عمر كوڕی عبدالعزیز) و لە (شام) دا پەكمانكەوت, پاشان وڵاخمان بە بێگار گرتو گەیشتینە خەلیفە لە (خناصره).

(عمر) پرسی: كۆمەڵی موسوڵمانان بەكوێ گەیشت؟

گوتم: كام كۆمەڵی موسوڵمانان؟

گوتی: پۆستە

گوتم: لەفلانە شوێن پەكیكەوت

عمر گوتی: ئەی بەچی هاتیت؟

گوتم: وڵاخی دەوار نشینێكیم بەبێگار گرت

عمر: لەسنووری دەسەلاتی مندا بێگار بەخەڵك دەكەن؟!

پاشان فەرمانیدا چل قامچیم لێدرا.

(طبقات ابن سعد)

**162-دوو هەڵوێست:**

دیلێکی (خوارج)یان هێنایە بەردەستی (ولید بن عبدالملك)، وەلید بە دیلەکەی گوت: لەبارەی (حجاج)ەوە چ دەڵێیت؟

-نازانم چ بڵێم! (حجاج) یەکێکە لەگوناهەکانی تۆو بگرە پزیسکێکە لەئاگری تۆ، نەفرەت لەتۆیش و لە (حجاج)یش.

لەو کاتەدا (عمر بن عبدالعزیز) لەکۆڕەکەدا ئامادەبوو، وەلید پێی گوت: ئەی تۆ چ دەڵێیت؟

عمر گوتی: پیاوێکە جنێوت پێئەدات، تۆیش یان هەمان جنێوی پێئەدەیتەوە، یان ئەیبەخشیت.

وەلید زۆر تووڕە بوو، بەعمری گوت: تۆیش یەکێکی لە (خوارج)!

(شرح نهج البلاغة)

لە (نهج البلاغة) دا نووسراوە:

*پیاوێك لە (خوارج) جنێوی بە (علی بن ابی طالب) دا، پیاوەکانی عەلی ویستیان سزای بدەن، ئەویش گوتی: ئارامبن! جنێو بە جنێو، یان بەخشین لەگوناه..

**163-یەکسانی لەگەندەڵیدا:**

(عمر بن الخطاب)گوتی: (جوولەکە) و (دیان) مەکەن بە گەورە چونکە ئەوان بەرتیلخۆریدەکەن لەئاییینی ئێمەشدا بەرتیل حەرامە.

(الشهدی) لەکۆڕەکەدا بوو گوتی:

برادەرانیش – ئیسلامەکان– لەوان باشتر بەرتیل وەردەگرن!

## 164-داد پەروەری لەبری ئازایەتی:

دەڵێن (اسكندر المقدونی) لەدانایانی هیند، یان (بابلی) پرسی:
لەلای ئەوان، کامیان باشترە: دادپەروەری یان ئازایەتی؟
ئەوانیش گوتیان ئەگەر داد ببێت پێویستیمان بەئازایەتی نابێت.

## 165-قەڵای راستەقینە[165]:

پارێزگاری (حمص) نامەی بۆ (عمر بن عبدالعزیز) نووسی:
شورای شار رووخاوە، ئەمیری موسوڵمانان ئەگەر رازیبێت چاکیدەکەینەوە.
(عمر) بۆی نووسی: دادو عەدالەت بۆ شارەکەت شوورایە، رێگەوبانی قەڵاکەت تەنها بەعەدالەت لەستەم دەیپارێزێت.
(العقد الفريد – المستطرف/ تأريخ الخلفاء- عيون الاخبار)

## 166-ئۆروستکراتی[166]:

بە (حجاج بن ارطاة)ەیان گوت:
بۆ نوێژی جومعە ناکەیت؟
ئەویش گوتی: ئەترسم بەقاڵەکان تەنگم پێهەڵچنن.

## 167- حاكم و سۆفی:

بە (ابو الفرج الصوفی البغدادی) م گوت:

**تۆ سۆفیەکی بەتەمەنی و ناوبانگی باشەت هەیە لەناو خەڵکدا .. بۆ لەگەڵ ئەم پیاوەدا – الصاحب بن عباد– باسی زوهدو خواپەرستی و دوودڵی (وساوس)و شتە ناسکەکانو (تصفیه الاعمال) ناکەیت؟**

**ئەمانە زانستێکن پەیوەندیان بەخەڵکانی ریشدارو پرچدارو جلوبەرگی سۆفیانەوە هەیە.**

**ئەویش گوتی:**

**ئەمە پیاوێکی بەرزو بەدەسەڵاتەو خاوەنی سامانەو خەڵکیش ئیتاعەتی دەکەن, منیش پیرو نەخۆشمو خێزانیش پشتیی کورڕ کردوومو بۆ نانێك موحتاجم, بەگاڵتەجاڕیو قسەی خۆشنەبێت هیچ لەدەستی ئەم سفتاح ناکەم, سەعاتێك دێمەلایو هەندێ قسەی پڕوپووچی بۆ دەکەم بەشکم لەو هەموو بەرماوەو سامانە کە رەشەخەڵكو گەورەکانیش سەریان تێکردوون, شتێکم دەستبکەوێت.**

**(التوحیدی في مئالب الوزیرین)**

## 168-لایەنگیریی چینایەتی[168]:

**(ابن العمید) دەڵێت:**

**یەکێك کیتابێکی دائەناو ناوینابوو (الخَلق والخُلق) منیش چەند پەڕەیەکم لێخوێندەوە ئەوە نەبوو بەڵام:**

پیسـی سـەرکردەکان حەڵوایـە, نینـۆکی دەوڵەمەنـدان دارعـودو بخـوردەو قالۆنچـەی گووخلێنکـەی بەرپرسـانی دەوڵـەت (رامشـنە)یە (گولەباخە).

169-**ئامانجی گەورە**[169]:

(حمـدان بـن الاشـعث) کـە (قرمطي)بـوو لەیـەکێکی هـەوادارانی (اسماعیلیـــە)کانی پرســـی لەناوچـــەی (ســـواد) کـــە ســـەرەتای پەیوەندیکردنی بوو بەو بزوتنەوەیە:

چی دەڵێی بەخەڵکی ئەو شوێنەی بۆی دەڕۆیت؟

ئەویش گوتی:

فەرمانم پێدراوە خەڵکەکەی لەنەزانی و جەهالەتـەوە بگوێزمـەوە بـۆ زانسـت, لەگومڕاییـەوە بـۆ هیدایـەت, لەکەساسـی بـۆ بـەختیاری, لەکارەساتی زەلیلی و هەژاری رزگاریان بکەم, هێندەیان دەستکەوێت پێویستیان بەو هەموو شەکەتی و ماندوو بوونە نەبێت.

(فضائح الباطنية للغزالي)

170-**خەلافەت لەنێوان (قریش) و رەشەخەڵکدا**[170]:

(ضرار بن عمر) و یەکێکی (معتزله):

ئەگـەر (قریشـیەك) و (رەشـە خـەڵکێکیش) خۆیـان کاندیـدکرد بـۆ خەلافەت رەشە خەڵکەکە هەڵدەبژێرین, چونکە کەمن و عەشیرەتیان کەمە, ئەگەر لەڕێگەی خودا لایداو ویستمان لاییبەین ئاسنترەو هێزو دەسەلاتی کەمترە.

(الملل والنحل للشهرستاني)

**171-ئاشتی ( پەندێکی پێشینانە ):**

**ئاشتی دەروون ئاسوودە دەکات‌و لەدەروونی پیاوانیشدا جێگیر دەبێت.**

**172-رەوشی ئاسایی ( پەندێکی پێشینانە )[172] :**

**عەدالەتی سوڵتان لەپێزو پیتی زەمانە باشترە**

**173-بەرنامەی فەرمانڕەوایی[173] :**

**دەڵێن ئامۆژگاری‌و مۆچیاری (هرمس)ە بۆ یەکێك لەپاشاکان:**

**یەکەم ئامۆژگاریم بۆ تۆ خوداپەرستی‌و ئیتاعەتە, ئەوەی دەبێتە سەرۆکی خەڵك دەبێت ئەم شتانەی هەمیشە لەبیر بێت:**

**یەکەم: بەرپرسە لە خەڵکێکی زۆر.**

**دووەم: خەڵکانی قەڵەمڕەوی ئەو ئازادن‌و کۆیلە نین.**

**سێیەم: دەسەڵات‌و گەورەیی ئەو هەتا سەر نامێنێت.**

**باشبزانە خەڵك –رەعیەت– هۆگری ئەو کەسەن کەباشەیان لەگەڵدەکات‌و رادەکەن لەوکەسانەی خراپەیان لەگەڵدەکەن, سوڵتان بە رەعیەتەوە گەورەیە دەنا تەنها سوڵتانیخۆیەتی.**

**قیامەتت باشکە دونیاشت بۆ باش دەبێت, نهێنیت بپارێزەو لەکاروباردا هوشیارو جدیبە, کارێك ویستت بیکەی دوو دڵ مەبەو بیکە.**

**ئاگاداری گرۆی شکۆداری کیمیابە کە جوتیارانن, سەربازان بەوان تێر دەبن‌و گەنجینەکانی سامان بەوان پڕ دەبن.**

ڕێز لە (أهلی علم) بگرەو پێشیانبخە, دەنا گەل‌و ڕەعیەت مافی خۆیان نازانن, ئەوەی زانستخوازە بۆ ئەوەی مێشکی سافبێت, خزمەتی بکەو ڕێزی لێبگرە, ئەوەی دزیکرد دەستی بېڕە ئەوەی جەردەیی‌و ڕێگری کرد بدە لەملی, ئەوەی نێربازیکرد بیسوتێنە.

ئەوەی زوڵمی لێدەکرێت پشتیوانی بە, سەرپەرشتی بەندیخانەکان بکەو لەمانگێکدا زوڵم لێکراوان ئازاد بکە, بەژیرو عاقڵان ڕاوێژ بکەو بەڕاوێژکردن ئەو هەڵانە چارە دەکرێت کەخۆ بەخۆدراون, هەڵەو گوناهەکان بەسزا چارە مەکە, با فێری یەکتر بەخشین‌و پۆزش ببن.

(اخبار الحكم للقفطي)

174-**یەکسانی دنیا (المعتزلة):**

نیعمەتی خودا لەدونیادا بۆ کافران هێندەی نیعمەتی خودایە بۆ موسوڵمانان‌و جیاوازیان نیە.

(عن الفخر الرازي)

175-**موڵکیەتی شەخسی:**

بە (قطری بن الفجاءة) یان گوت کە یەکێك لە هاوڕێکانی (70) حەفتا هەزار دیناری هەیە, خۆی پێگەیاندو گوتی:

هیچ پێویستنیە موسوڵمانێك 70 هەزار دیناری ببێت.. ئەمە فیتنەیە.

(الكامل للمبرد)

176-**کۆیلەکانی دەسەڵات:**

(مهلب بن ابي صفرة) لەجەنگدابوو لەگەڵ (خوارج)دا سەرۆکی سوپای خەواریجەکان (مصعب بن الزبير) بوو, هەواڵ گەیشت کە (مصعب) کوژراوە, ئەم هەواڵە پێشتر بە خەواریجەکان گەیشت.

سوپاکەی خەواریج لەسەر قەبرەکەی وەستان‌و (مهلب) لێی پرسین: راتان چیە بە (مصعب)؟

*گوتیان: ئیمامی هیدایەتە, ئەی بە(عبدالملك)؟

-گومڕایەو خەڵکیش گومڕا دەکات.

پاش دوو رۆژ لەکوشتنی (مصعب) و سەقامگرتنی دەسەلاّت بۆ (عبدالملك) و (مهلب), وە نوسراو گەیشت کە (عبدالملك) گەورەی سوپایە, هەمان سوپا کۆکرانەوە, لێیان پرسین راتان چیە بە (مصعب)؟ بێدەنگ بوون‌و نوتقیان لێوە نەهات, ئەی راتان بەرامبەر عبدالملك؟ ئیمامی هیدایەت.

گوتیان ئیمامی هیدایەت.

خوارجەکان بەسەربازەکانیان گوت:

ئەی دوژمنانی خوداو کۆیلەی دونیاو دەسەلاّت! تا دوێنێ گومڕابوو ئەمڕۆیش ئیمامی هیدایەتە؟!

(الكامل للمبرد)

177-ملهوڕو دیکتاتۆر (عبدالملك بن مروان):

-من جاران سڵم لەوە دەکرد پێبنێم بەمێرولەیەکدا, (حجاج)یش بۆیدەنووسیم لەبارەی کوشتنی خەڵکێکی زۆر, منیش پێمخۆشنەبوو.

-رۆژێك (الزهری) شەرعزان پێی گوت:

هەواڵمزانیوە کە مەیت خواردۆتەوە
(عبدالملیك) گوتی بڵێ خوێنیش.

**178-شاعیرو سوڵتان**[178]**:**

بە (کلثوم العتابي)یان گوت بۆ سەردانی سوڵتان ناکەیتو خزمەتی بکەیت؟

ئەویش گوتی: من سوڵتان دەبینم شت دەبەخشێت نەك بۆ خێر یان یارمەتی, دەکوژێت بەبێ گوناه, منیش نازانم کامپیاویانم؟

**179-دادوەری دز**[179]**:**

ژنێك چووەلای قازیو گوتی مێردەکەم مردو باوكو دایکیو منالێشی بەسەرما جێهێشتو سامانیشی هەیە.

قازیش گوتی: بۆ باوكو دایکی شینو گریان, بۆ مندالەکانیش هەتیویيو بۆ ژنەکەیش سوکایەتێکردن, بۆ کەسو کاریشی هەژاریو داماویيو سامانەکەیشی دەهێنن بۆ ئێمە چونکە دەبێتە هۆی دوژمنایەتیو ناکۆکی ئێوە.

**180-ئەنجامی هەڵپەی کورسیو دەسەڵات:**

(حسين بن القاسم) كه خەليفه (القاهر بالله العباسى) لابرا, خرايه بەنديخانه, پاشان ئازادكرا, لەپاش گۆڕانى بارودۆخ خرايەوه بەنديخانەو جارێكى تريش ئازاد كرا.

لەپاش لابردنى لەخەلافەت ماڵو موڵكيشيان لێسەندەوه, رۆژێك (القاهر) لەمزگەوتى (المنصور) وەستابوو كه خەڵك سواڵى دەكرد, يەكێكى عەباسيەكانى دىو سواڵكردنى لێقەدەغەكردو (500) درهەمى پێدا.

## 181- شەڕكەران له سنووقێكدا:

(حسين بن القاسم) وەزيرى خەليفه موقتەدر بوو پاشان لێخراو دوورخرايەوه له عيراق, كه (ابن مقله) بوو به وەزير, هەوڵيدا (حسين بن القاسم) تيرۆر بكات له ململانێى ئەو رزگارى ببێت, كەسێكى نارد سەريان بڕىو سەرەكەيان خستە سندوقێك و له (دار الخلافه) هەڵگيرا (وەك داب و نەريتى) ئەو زەمانه.

لەسەردەمى خەليفه (المتقى) دا ئاژاوەيەك لەبەغدا پەيدابوو, بەشێك له(دار الخلافه)و گەنجينەيش تالانكرا, سندوقەكەيش لەتالانكراوەكاندا بوو, كه كرديانەوه:

سەرێكى بڕاوو دەستێكى تيابوو لەگەڵ نوسراوێكدا:

ئەمه سەرى (حسێن بن قاسم) ه ئەم دەستەيش هى (ابن مقل) ەيه كه ئيمزاى كوشتنى كردووەو خەڵكى ناردووه بۆ تيرۆركردنى.

(الالمام للنويري)

## 182-خوداو سوڵتان (دەڵێن عەباس گوتويه):

سـولّتان لەزەويـدا هێمـای گـەورەيی خودايـەو ئەگـەر يـەكێك سوكايەتی پێبكات, خراپەی خۆی باسدەكات.

183- پەيوەستی چينايەتی[183] ( علي بن ابي طالب ):

خـودا لەسـەر زانايـانی فـەرز كـردووە كـە لـەرق‌و زوڵمـی زاڵمـان‌و لەبرسيەتی زوڵملێكراوان بێدەنگ نەبن.

(نهج البلاغة)

184-رەوشی ئاسيا ( پەندی پێشينان ):

كێڵگەی كشتوكاڵ هـەزار نەخۆشـی هەيـە هيچيان هێنـدەی زوڵمـی زاڵمان خراپ نيە.

185-بارودۆخی ئاسيا ( پەندێكی پێشينان )[185] :

أ-(زبير بن العوام) لەبارەی كوشتنی (عثمان)ەوە دەڵێت:

ئەگەر خـەڵك لـەو رەوشـە سـەخت‌و خراپـەی كـەبووەهۆی كوشـتنی عثمـان بێـزار نەبوونايـە, هـەموو ئيمامـەكانی پـاش (عثمـان)يش دەكوژران بەهۆی ئەو رەوشەوە.

(الطبري)

ب-ژنێك لە (هەمدان) قيژاندی بەسەر (معاوية بن ابي سوفيان)داو گوتی:

(ابن ابی طالب) ڕەوشێكی وای خولقاند كە خەڵك بوێرن بەسوڵتان (علي ابن ابي طالب) و پاشان بەئێوەیش بڵێن:- زۆر بەدرەنگ تێر دەبن.

(بلاغات النساء)

## 186-ابن روشدو خەلیفەكانی ڕاشدین[186]:

(كۆمەڵی عەرەبی كۆن) كۆپیەكی تەواوە لە (كۆماری ئەفلاتون)، موعاویە ئەم نموونە بەرزەی شێواندو دەسەڵاتی ڕەهای (بنی امیە)ی دامەزراند، بەمەیش مێژووی (انقلابات)و پیلانكاری هێنایە ناو كە دوورگەكەی ئیمەیش -الاندلس- لەو پەیڕەوەو پیلانكاریە بەدەر نەبوو.

## 187- پێشمەرگەیەكی گیانباز[187]:

خەلیفە مەنسور خوتبەی ئەداو گوتی:

لەسەردەمی دەسەڵاتی مندا خودا تاعوونی لابرد.

پیاوێك لەكۆڕەكە هەڵساو گوتی:

خودا بەڕەحمو دلۆڤانە بۆ ئێمە، چونكە پێكەوە مەنسورو تاعوونیش نانێرێت.

188-**هاندان**[188] (**فەرمودەی پێغەمبەر**):

**پێشترین شەهید (حمزة بن عبدالمطلب)ە پاش ئەو پیاوێکە بەرامبەر ئیمامێکی زاڵم بوەستێت و ئامۆژگارییبکات, ئەویش فەرمانی کوشتنی دەربکات.**

**(الدولابي – الخطيب البغدادي- الترمذي)**

189-**رێگای دەرکەوتن و گەورەبوون:**

**(جعفر بن سليمان) حاكمی (المدينة) بوو, پێی گوترا کە (مالك بن انس) فەتوای داوە کە تەڵاقی (بەزۆر) ناکەوێت– مەبەستیشی لەم فەتوایە ئەمەبووە: کە(بيعة)ی خەلیفەی عەباسی و پێڕازیبوونی بۆ کەس واجب نیە چونکە بەزۆر بووەو بەسەر خەڵکدا سەپێنراوە.**

**(جعفر) ناردی بەشوێنیداو بەدەستوقاچی هەڵیانواسی بەباری ئاسۆییدا, پاشان دارکارییانکرد هەتا شانی دەرچوو, وازیانلێنەهێنا هەتا شتی تریشی لێقەوما.**

**–ئەوەی هەواڵەکە دەگێڕێتەوە دەڵێت:**

**لەپاش ئەو رووداوەو هەتا ئێستا (مالك بن انس) لەپێشچاوی خەڵك گەورەتر دەبێت و ئەو تێڵایانە بوون بەخشڵ و بەرزیی بۆ ئەو.**

**(الانتقاء لابن عبدالبر)**

**190- سنووری ئازادی:**

**(معاوية بن ابي سفيان):من نابمە كۆسپو مانع لەبەينی خەڵك و زمانياندا, بەمەرجێك ئەوانيش نەبنە كۆسپ لەبەينی ئێمەو لەبەينی سوڵتاندا.**

**191-كوشتنی پادشايان:**

**لەگەڵ پاشايان بەئاشتی دەژينو لەسنووری ئاسايیدا, لەهەمانكاتيشدا كوشتنيان بۆ ئێمە حەرام نيیە.**

**(جابر بن حني التغلبي)**

**192- ناسينو پەی بەشت بردن:**

**خەليفە مەنسور بە (شەرعزانێك – فقيە)ێك گەيشتو بەتوندی رايوەشاندو گوتی:**

**ئايا دەمناسيت؟**

**–ئەويش گوتی ناتناسم وەلێ دەستو مەچەكت هی يەكێكی بەهێزو ملهوڕە!**

**(الامامة والسياسة)**

**193-بازرگانيكردن بەئاينەوە:**

**(عثمان بن عفان) مزگەوتی پێغەمبەری گەورە دەكردو (10) دە هەزار درهەمی لەماڵی خۆی بۆ خەرجكرد, بەلاّم خەڵك دەيانگوت:**

مزگـەوتی پێغەمبـەر گـەورە دەکـاتو لەهەمانکاتیشـدا پـەیڕەوەکانی دەگۆڕێت.

(الانساب للبلاذري)

194-**ترسان لەمیللەت:**

(حبیب بن مسلمة الفهري) لەپاش چڕبوونی چالاکیەکانی (ابو ذر الغفاری) لەوڵاتی شام, بە موعاویەی گوت: ئەگەر پێویستتان بە شام هەیـــە فریـــای خەڵکەکـــەی بکـــەون, چـــونکە (ابـــو ذر) خەریکـــە رەوشەکەتان لێتێکئەدات.

(الانساب للبلاذري)

195-**بۆ بێدەنگکردنی موعارەزە:**

(عثمان بن عفان) میرەکانی لای خۆی وەك (سعید بن العاصو ابن عامرو معاویه) کۆی کردنەوە بەنیازی گفتوگۆ لەبارەی (معارضة) کە چالاکیان بەهێز بووە, (عثمان) گوتی: خەڵك چیانکرد بۆم باسبکەن.

سـەعید گـوتی: بیانکـە بـە سـەربازو رەوانـەی بـەرەکانی جـەنگیان بکــە, ئەوکاتــە بــرینو زامێکــی ولاخــەکانیان لەقســەکردن گــرنگتر دەبێت.

(الانساب للبلاذري)

196- **بارودۆخی ئاسیا (في العقد الفرید):**

سوڵتان تەوەرە و ئاشی دنیا لەسەری دەگەڕێت.

197-**مەرایی (ریاء)**[197] :

(عبدالله بن الزبیر) قۆپچەکانی توند دەکردو (عمر بن الخطاب) ئاسا گۆچانێکی دەگرت بەدەستەوە, (ابو حمزە)یش دەیگوت:

لەهەموو کارو کردارەکانی فاروق تەنها قۆپچەو گۆچانی وەرگرتووە.

(انساب البلاذري)

198-**بێباری کەمئەندامێك:**

مادام لە قەڵەمڕەوی ئەودا دەژیم, ئامادەم کرنووش بۆ مەیموونێکی خراپیش بەرم.

(شاعرێك)

199- **بۆ یەکتر دەکوژن:**

(عبدالله بن عمر) لەبارەی ململانێی نێوان (اموی)یەکان و زوبەیرییەکانەوە دەڵێت:

خۆزگە نەمردبام هەتا دەمزانی ململانێ و دوژمنایەتی (ابن زبیر) دەگەیشت بەچی, بەرەحمەتبێت ئەم داوای پوولوپارەی عیراقی دەکردو (مروان) یش بەڕەحمەتبێت داوای (دراهم)ی شام!

(انساب البلاذري)

**200-وەڵامدانەوەی خێرا:**

(عبیداللـه بـن زیـاد) پیـاوێکی (خـوارج)ی دیلکـردو فەرمانیـدا بیکوژن, بەڵام پۆلیسەکان دوو دڵبوون لەکوشتنی چونکە پیاوێکی خوانـاس و (وارع) بـوو, لەوکاتـەدا کـە لەگۆڕەپانـدا ئامـادەی کوشـتن بـوو, پیاوێـك بـەناوی (مـثلم) شـاڵاوی بـۆ هێنـاو کوشـتی, پاشـان (خوارج)ەکـان داوێکیـان بـۆ (مشـلم) نایـەوە, چـوونە ماڵەکـەی و بیانووی کڕینی حوشترو لەماڵەکەی خۆیدا کوشتیان و ناشتیان, ئەم هەواڵە گەیشتەوە بە (ابن زیاد) و گوتی:

من چی بکەم؟ یەکێك لەم کافرانە دەکوژم, بکوژەکەی دەکوژنەوە.

(انساب البلاذري)

**201-ڕەوش و دۆخی (ئیسلامە غەیرە عەرەبەکان - الموالی)[201]:**

لـەبری مـن بێـژن بـە (امیـة)و (ابـن الـزبیر) و (عـەرەب) کـە (مـوالی) بێـزارن و گلـەییان هەیـە لەخەلیفـە, چـونکە ئـەوان برسیـەتی و جـەنگ کەنـەفت و لاوازیکـردوون, (مـوالی) بـرای ئێـوەن (بـرای ئـایینی –ح), کەچی گشت هۆی کێشەو بەڵاتان بەئێمەی دەزانن.

پەیمانئەدەین بەخودا کە ڕۆژگارو لەهەڵبژاردندا باکمان نەبێت کێ لێـــدەخرێت و هەڵنابـــژێرێت, گونـــاهو عـــەیبی ئێمـــە چـــیە کـــە لەدەوروبەرمان پاشایان دەگۆڕین و دەبەزن؟

(انساب البلاذري)

**202-شتە سەیرو سەمەرەکانی دەسەڵات (شاعرێك):**

ڕۆژێك قەڵەوو ڕۆژێك لاواز

رۆژێك تاڵتر لەگوژاڵكە
شەوێك شاهانە, شەو دەكەنەوە
شەوێك لەسەر زبڵدان

## 203-دیموكراتیەتی شمشێر:

لەكۆڕێكـدا (معاویـة) باسـی دانـانی (یزیـد)ی كـوڕی دەكـرد بـە (جێنشـینی خـۆی – ولـی عهـد), ئامـادەبوانی كۆڕەكـە بـوون بـەدوو بەش, لایەنگرو دژ, یەكێك لەكۆڕەكە هەڵساو خوتبەی بۆدان:

–ئەوە (امیر المؤمنین)ە
(پەنجەی بۆ راكێشا)
–ئەگەر مرد ئەوەیە
(پەنجەی بۆ یەزید راكێشا)
–ئەوەیشی رازی نابێت ئەوەیە
(پەنجەی بۆ شمشێر راكێشا)
(معاویە) گوتی:
دانیشە تۆ باشترین خەتیبیت!

## 204-هەتا خوێنم نەڕژێت - هۆی تەواو بۆ هەڵگیرساندنی شۆڕش:

(محمـد بـن ابـراهیم)ی ناسـراو بـە (ابـن طباطبـا) لەشـەقامەكانی كوفـەدا پیاسـەی دەكـردو خـۆی بـۆ راپـەڕین دژی خەلیفـە (مـأمون) ئامادە دەكرد, پیرە ژنێكی بینی توورەكەیەكی چڵكنی بەدەستەوە بوو, ئەو خورمایانەی كۆدەكردەوە كەلە كۆڵو بارە خورما دەكەوتن.

(ابن طبا طبا) پرسی: چ دەكەیت لەو خورمایە؟

گوتی: من بێوەژنم‌و کچەکانیشم گەورەن‌و بەخێوکەریان نیە، من‌و منداڵەکانم بەم خورمایە دەژین.

(ابن طبا طبا) بەکوڵ گریاو گوتی:

تۆو خەڵکانی وەك تۆ، ناچارم دەکەن سبەینێ ڕاپەڕم‌و خوێنم بڕژێت.

(مقاتل الطالبين)

205-**سواڵکەرو خەلیفە:**

سواڵکەرەکە، کە دەگەیشت بە (بشیر الرحال) داوای شتی لێدەکرد، (بشیر)یش پێی دەگوت:

مافی تۆ لەلای پیاوێکە، ئەگەر ئەمانە دژی ئەو پیاوە هاوکاریم بکەن هەقەکەت بۆ دەسێنم‌و دەوڵەمەندتدەکەم.

سواڵکەرەکەیش دەیگوت:

من پێیاندەڵێم.

ڕۆژێك لەمزگەوتی (الجامع) کابرای سواڵکەر بەئەهلی جەماعەتی گوت:

خەڵکینە ....! ئەم پیاوە وادەزانێت مافی من لەلای پیاوێکە، ئەگەر ئێوە هاوکاریبکەن مافەکەم بۆ وەردەگرێتەوە، بۆ خاتری خودا هاوکاریبکەن.

ئامادەبوانی مزگەوتەکە لەمەبەستی (بشیر) گەیشتبوون (مەبەستی لەخەلیفەیە –و) بەکابرای سواڵکەریان گوت:

ئەو پیاوە (بشیر) جەفەن‌و گاڵتە دەکات!!

(مقاتل الطالبين)

## 206-گەرمیەك كێ دەیكوژێنێت[206]:

(بشیر الرحال) رەخنە لە (منصور)ی خەلیفە دەگرێت:

گوتت ئەگەر بكرێین بەمیر عادل دەبین و هەروایش بوو, بەڵام بووی بە خەلیفە چ عەدلێكت خستەڕوو... چ زوڵمێكت لابردو چ زوڵملێكراوێكت بەسۆزەوە تەماشا كرد؟ ئەم شەویش وەك دوێنێیە... لەسنگمدا ئاگرێك هەیە تەنها بەعەدل و دادپەرستی فێنك دەبمەوە .. دەنا بۆ من قرچەو گەرمی شمشێر باشترین ئافاقەیەو شیفایە.

(مقاتل الطالبین)

## 207-كامیان باشترە[207]:

لە (ابو حنیفة)یان پرسی لەبارەی –ابراهیم بن عبدالله– (كەلە بەسرە بەرامبەر بەدەسەڵاتی خەلیفە مەنسور راپەڕی) كە ئایا: كامیانت خۆشدەوێت لەپاش ئیسلام: چوون بۆ حەج یان پەیوەندیكردن بە (ابراهیم بن عبدالله)؟

(ابو حنیفة)یش گوتی: لەپاش ئیسلام, چوونە ئەو راپەڕینە پەنجا هێندە باشترە لەچوون بۆ حەج.

## 208-گرووپە هەژارەكان و خزمانی پێغەمبەر (اهل البیت)[208]:

(علی محمد بن زید العلوی) كە گەورەی (طبرستان) بوو, پێشوازی لەگرۆیەكی رەشە خەڵك دەكردو دەیگوت: فەرموون بێنە ژوورەوە .. كەس ئێمەی خۆش ناوێت بێجگە لە داماوان و كزوكوێران!

209-**شاعیرەکانی سوڵتان:**

(ابو عمیثل)ی شاعیر چووەلای میر (علي طاهر بن الحسیني)، دەستی میری ماچکردو ستایشیکرد، طاهر پێی گوت: عمیثل مووەکانی سمێڵت زۆر زبرن!!

شاعیریش گوتی:

سیخەکانی سووچەڕ چنگی شێر زامدار ناکات.

(طاهر)یش بۆ شیعرەکانی هەزار درهەمی پێداو بۆ رستەکەی سەرەوەیش سێ هەزار درهەم.

210-**وەسیەتی دز:**

(عثمان الخیاط) بەمجۆرە ئامۆژگاری دزە کارامەو لێهاتووەکانی هاوڕێی دەکرد:

ئێوە سێ شتم بۆ مسۆگەر بکەن، منیش سەلامەتیتان بۆ دابین دەکەم:

دزی لەهاوسێ مەکەن، خۆتان لەژنان بپارێزن، وەك هاوبەشێك تەماشای خاوەنی ماڵە دزراوەکە بکەن (واتە هەمووی مەدزن)، هەرچەند دەوڵەمەندان درۆزن و فێڵبازو گزیکارن و زەکات نادەن و لەئەمانەتەکانی خەڵك خیانەت و گزیدەکەن.

(محاضرات الراغب)

211-**بارودۆخی ئاسیا**[211]**:**

(عبدالله بن ابي ربيعة) چووەسەر كانیو ئاوی (زبرقان بن بدر) و ئەویش لێی قەدەغەكرد, (عبدالله)یش بەشیعر زەمیكردو گوتی:

زبرقان كەئاومان لێقەدەغە دەكات نەكوێخای خواپەرستیەو نە پشتیوانی خودایە.

پاشان (زبرقان) بۆ شكات چووەلای (عمر بن خطاب)و ئەویش (عبدالله)ی بانگكردو بەمجۆرە بۆ خەلیفە عومەر دوا:

من چوومەتە سەر ئاوەكەی نەیهێشتووە.

(عمر)یش گوتی: (زەبرقان)! چۆن ئاو لە رێبوار قەدەغە دەكەیت؟

ئەی ئەمیری موسوڵمانان! من ئاوێك قەدەغە ناكەم كە باپیرانم جۆگەكانی هەڵكەندووە, منیش بەدەستی خۆم قووڵم كردووە!

(عمر)یش گوتی: سوێند بەوەی گیانی منی بەدەستە گەر بزانم ئاو لە رێبوار قەدەغە دەكەیت نەمدەهێشت هەرگیز لە (نجد)ا بژیت.

(كتاب الاغاني)

212-موسوڵمانان لەنێوان دوو سەردەمدا:

(ابو ذر الغفاري):

خەڵك گەڵابوونو بیٚ دڕك

بەڵام ئێستا:

دڕكی بیٚ گەڵان

ابن المرزبان في (فضل الكلاب)

## 213-باجی دەسەڵات:

(عمر بن عبدالعزیز) لەپێش بوونی بەخەلیفەدا جلوبەرگی کەشخەو گرانی لەبەر دەکرد بەڵام بەشێواوی و ناڕێکی، کەبوو بە خەلیفە جلوبەرگی زبرو هەرزانی لەبەر کرد.

(شرح نهج البلاغة)

## 214-بەرەو گۆڕان و وەرچەرخان[214]:

لەبارەی زۆربوون و پەرەسەندنی خانوو لە شاری (مدینە)وە (ابو ذر الغفاري)دەڵێت:

پێغەمبەر فەرمانی پێداوم کە هەرکاتێك خانوو گەیشتە (سلع – شاخێکە لەدەوروبەری شار) لێی دەرچم, خەڵکی (مدینة) مژدەتان لێبێت جەنگ و هێرشێکی سەخت لەپێشتانە.

(عن مخطوطة في التاريخ مجهولة المؤلف في مكتبة المتحف البريطاني)

## 215-خۆپەرستیەکی چینایەتی[215]:

(هشام بن عبدالملك) پیاوێکی خەڵکی (طخارستان)ی دی بەسواری هێسترێکی (طخاری)ەوە لێی پرسی:

–ئەمەت لەکوێ بوو؟

–فلانی کوڕی فلان پێی دام.

هشام گرژ بوو گوتی:

وادیاره ولاّخی تەخاری زۆر بووه بۆیه رەشه خەڵکیش دەستی کەوتووه؟!

(مروج الذهب)

216-**هۆکاری رووخانی (اموی)یەکان:**

پرسیاریان لە بەتەمەنێکی (بني امية) کرد پاش نەمانی دەسەلاّتیان و هاتنی (بنی عباس):

هۆی نەمانی دەسەلاّتتان چی بوو؟

ئەویش گوتی:

تەنها سەرقاڵی رابواردن بووین, لەکاتێکدا دەبوو ئاگاداری زۆر شتبین, زوڵمان لەگەل و (رعية)ی خۆمانکرد, ئەوانیش لەئێمە نائومێد بوون و خوازیاربوون کە لەئێمە رزگار بن, ئەرکی سەر جوتیاران و خەڵك گرانتر بوو, ئەوانیش لێماندووركەوتنەوە, بەمەیش زەوی و کێڵگەکان وێرانبوون و گەنجینەو (بیت المال) مان خاڵیی بوون. ئێمە لەوەزیرەکانمان دڵنیا بووین و سیقەمانپێدابوون,بەلاّم ئەوان بەرژەوەندی خۆیان دەخستە پێش بەرژەوەندی ئێمە, زۆر شتیان دەکردو لەئێمەیان دەشاردەوە.

مەعاش و مانگانەی سەربازەکانمان دوا دەخراو ئەوانیش ئیتاعەتیان نەدەکردین, دوژمنەکانمان بانگیان دەکردن و پێکرا جەنگیان لەگەڵکردین, بەلاّم شاردنەوەی هەواڵ و دەنگوباسەکان بەهێزترین هۆکار بوو لەرووخانی دەسەلاّتی ئێمەدا.

(مروج الذهب)

217-**لەشتە قێزەونەکانی سیاسەتی عەباسیەکان**(217) **:**

خەلیفه (منصور) ویستی لەمامی (عبدالله بن علی) کە لەلای خۆی حەپس بوو رزگاری ببێت, بە یەکێك لەپیاوەکانی خۆی گوت کەبەپیلانێك بیکوژێت. پیاوەکەی (منصور) چووەلای بۆ بەندیخانەو ژنە کۆیلەیەکی لەگەڵ خۆی برد, (عبدالله)ی خنکاندو ژنەکەیش تەماشایدەکرد, (عبدالله)ی راخست لەسەر جێگەکەی, پاشان ژنەکەیشی خنکاند, جەلادەکە روویکردە (عبدالله)ی مردوو گوتی:

ئەی عبدالله! کەس نەما بیکوژی ئەم ژنە نەبێت؟ پاشان لاشەی ژنەکەی لەپاڵی (عبدالله) داناو بەشێوەیەك کە گوایا دەستیان لەملی یەکدا بووە!

پاشان خانووەکەیان بەسەردا رووخاندو (ابن علام)ی قازیو چەند کەسێکی تریان ئامادە کرد بۆ شایەتی, ئەوانیش دییان کە عبداللەو ژنەکە دەست لەملانن, دیارە ئەمەیش سیناریۆی رووخانی خانوو بوو لەکاتێکدا (عبدالله) و جاریەکە دەستلەملانن.

(مروج الذهب)

## 218-موسوڵمانان[218]:

(عبدالله بن عمرو بن العاص) گەمارۆی (عبدالله بن زبیر) یاندا لە (مکە) بە (منجنیق) قەسفیانکردو (کەعبە)یان سووتاند, پاشان (عبدالله بن عمرو) بەگریانەوە خوتبەی داو گوتی:

خەڵکینە ئەگەر (ابو هریرە) هەواڵی پێبدانایە کە ئێوە کوڕی پێغەمبەری خۆتان کوشتووەو خانەی خودای خۆشتان وێرانکردووە- دیارە ئەتانگوت:

(ابو هریرە) لەهەموو کەس درۆزنترە.

ئایا ئێمە کوڕی پێغەمبەری خۆمان دەکوژین و یانەی خودای خۆمان دەسووتێنین؟!

قەسەم بەخودا ئێوەن ئەمەتان کرد, کوڕی پێغەمبەری خۆتان کوشت و یانەی خودای خۆتان سووتاند, بەتەمای غەزەب و تۆڵە بن, سوێند بەو کەسەی گیانی (عبدالله بن عمرو) ی بەدەستە, خودا پەرتو بڵاوتان دەکات, دەبن بە چەندین کۆمەڵی دوژمنبەیەك.

(الانساب للبلاذري)

## 219-فیلْو پیلانی خەلیفەکان:

(معاویە) لەگەڵ پیاوێکی (باهلە)دا شەڕە قسەیکردو پێی گوت:

جارێك ویستم پاپۆڕێك پڕ بکەم لە (باهلە) و لەناوەڕاستی دەریادا بیانخنکێنم.

پیاوەکەیش (باهلە) گوتی:

بەڵام ئێمە نەك هێندەی پاپۆڕێك بگرە بەگشت (ئەمەویەکان) رازی نابین.

موعاویە پەرچی دایەوەو گوتی:

بێدەنگبە قەلە رەشکە!

(باهلە) گوتی:

زۆرجار قەلەڕەشکە پەلاماری (هەڵۆ) ئەدات و چاوی هەڵدەکۆڵێت.

لەم کاتەدا (یزید)ی کوڕی موعاویە بەم شەڕە قسەیەی زانی و بەباوکی گوت: بۆ نەتکوشت؟

موعاویە بێدەنگبوو.

لـەپاش ماوەیـەك بـۆ موعاویـە رەخسـا کـە ئـەو پیـاوە بگرێـت بەسەربازو رەوانەی بەرەکانی جەنگ‌و (فتح) بکرێت‌و کوژرا.
(معاویة) بە (یزید)ی کوڕی گوت:
ئەمەیان نادیارەو خاوێنترە!

## 220-کامیان سەختترە؟ (الجاحظ):

ئەوەی کە مندالانی هەژار کزو کوێرو شەل‌و قەموور دەکات پێی دەڵێن (المشعب) نازانم کامیان کوفرو دڵڕەقیە, ئەو باوك‌و دایکانەی کـە مندالـەکانیان دەخەنـەلای (مشـعب) بـۆ ئـەوەی کـوێرو شـەل‌و شـێواویان بکـەن یـان خـودی (مشـعب)ەکە؟ ئـەم (مشـعب)ە لـەم سەرزەمینەدا بێجگە لەم کارو پیشەیە هیچی نەدۆزیەوە کە وازیشی لێناهێنێت.

## 221-بۆ راحەت‌و دڵنیایی:

(خلیفـة معتضـد)ی عباسـی بڕیاریـدا بـە سـوپایەکەوە بـڕوات بـۆ (ئامد – دیاربەکر) بۆ یـەکێك لەنـەیارەکانی‌و دامرکانـدنی راپـەڕین – لەوکاتـەدا لەبەندیخانـەی بەغـدادا چـەندین سیاسـی‌و زانـا بەنـدکرابوون, پـێش چـوونی بـۆ دیاربـەکر گشـت ئـەو سیاسـی‌و زانایانەی بەندیخانەکەی کوشت, ئەمەیش بۆ ئەوەی دڵ‌و مێشکی بەو بەندکراوانەوە مەشغووڵنەبێت.
یەکێك لەو بەندانە (احمد بن الطیـب السرخسـي) بـوو کـە شـاگردی (کندی) بوو.

(اخبار الحکماء)

### 222-هەڵوێست[222]:

(هشام بن عبدالملك) داوای لە (اعمش) کرد کە ژیاننامەی (عثمان) بنووسێت چ باشەو چ خراپەی, (اعمش) نامەکەی وەرگرتو خستیە ناو دەمی مەڕێكو ئەویش لوولیدا, بەنێردراوی هیشامی گوت: پێی بێژە ئەمە وەڵامی ئەوە, نێردراوەکە بە(أعمش)ی گوت: وەڵامی بۆ نەبەمەوە دەمکوژێت, هەندێك لەئامادەبوانی کۆڕەکە بە (أعمش)یان گوت: (ابو محمد) مەیدە بە کوشتو شتێکی بۆ بنووسە, ئەویش وەڵامەکەی هیشامی بەمجۆرە دایەوە:

ئەی (أمیر المؤمنین)! ئەگەر (عثمان) باشەی هەموو خەڵکی زەوی بوو بێت بەتۆ چیو سوودی بۆ تۆ نییە, ئەگەر (علی) خراپەی خەڵکی جیهانی بێت هیچ زیانێکی بۆ تۆ نیە, تۆ خەمی شتە تایبەتەکانی خۆت بخۆ ... والسلام.

(ابن خلكان)

### 223- نموونەیەکی فاشیانە:

(سعید بن توفیل) پزیشکی (احمد بن طولون) بوو, بەڵام (احمد) زۆر رووی پێنەئەداو ئیهمالی دەکرد.

(سعید) لەلای سکرتێری (احمد), گلەو گازندەی کردبوو, سکرتێریش بە (سعید)ی پزیشکی گوت: تۆ پزیشکێکی زانای لەکارتاو تەنها عەیبت ئەمەیە: کە لووتبەرزیتو بۆ خزمەتکردنی میر ووشكو رووگرژیت, تۆزێ رووخۆشو نەرمو نیانبە لەگەڵ میر.

پزیشك گوتی: خزمەتی من بۆ میر وەك خزمەتی مشكە بۆ پشیلەو بەرخە بۆ گورگ .. (ابن طولون)یش هەڕەشەی لەپزیشك كردبوو: باشبزانە تۆ لەپێش منەوە دەمریت, ئەگەر من لەسەر جێگا بمرم, رێگەت پێنادەم كە پاش من, پێمخۆشبیت.

–جارێك (ابن طولون) ئارەزووی لە خواردنێك بوو, بەڵام سەعیدی پزیشك لێی قەدەغە كرد, بەڵام ئەو خواردی, لەوكاتەدا میوەی لەشامەوە بۆ میر هاتبوو, پزیشك پێی گوت: بەناشتا گازێكی لێبگرە بەسوودە, بەڵام كە پزیشك رۆیشت میر, یەك بەهێی خواردو بەتوندی رەوانبوو, ناردی بەشوێن سەعیدی پزیشكداو نەیهێشت قسە بكات و گوتی:

كوڕی دایك وەها لێكراو تۆ گوتت بەهێ باشەو كەچی رەوانیكردم.

سەعیدیش (پیسیی) میری پشكنی و گوتی:

ئەو بڕە خواردنەی كە لێمقەدەغە كردیت هێشتا لەسكتایەو هەزم نەبووەو (بەهێ) مژیویە, من گوتم گازێكی لێبگرە نەك هەمووی بخۆ.

پاشان لێی پرسی چەند بەهێت خواردووە؟

ئەویش گوتی (2) بەهێ, سەعیدی پزیشك بەمیری گوت: تۆ بۆ (تێربوون) خواردووتە نەك بۆ چارەسەركردن!

میر بە پزیشكی گوت: كوڕی دایكوەها .. تۆ ساغ و سەلیم و من نەخۆش وادیارە گاڵتەم پێدەكەیت و پێم رادەبوێریت؟!

پاشان فەرمانیدا (200) دوو سەد داری لێبدەن و بۆ رسواكردنی سواری حوشترێكیان كردو بە ناوشاردا گێڕایان و هاواریاندەكرد:

ئەمە جەزای ئەو کەسەیە بەئەمینی بزانن‌و ناپاکیی لەئەمانەت دەکات.

دزو جەردەیش خانوو ماڵەکەیان تالأنکردو لەپاش (2) رۆژ گیانی سپارد.

(طبقات الاطباء لابن ابي اصيبعة)

## 224-شێوە بەرهەمی ئاسیایی[224]:

ئەگەر زانستخوازیت, لەخودی خۆتا ئەو راستیە بزانە کە تۆ بەندەیەکی خودای, زانستیش بۆ خزمەتی خەڵك بەکار بهێنە.

لێیان پرسی: مانای (عبودیة) چیە؟

ئەویش گوتی: مرۆۋ کە بەندەی خودایە باشبزانێت کە ئەو خاوەنی هیچنیە تەنها بریکارە (وکیل) لەبەکارهێنانی ماڵ‌و ساماندا‌و خوا خاوەنی ماڵە.

ئەگەر مرۆۋ سنووری دەسەڵاتی خۆی نەزانی, دەستخستنی دنیا بۆ ئەو ئاساندەبێت‌و لەگەڵ خەڵکیشدا تەبا نابێت, مرۆۋ پێویستە هێندە سامانخوازو خۆ هەڵکێش‌و (بەخکەر – تفاخر) نەبێت.

## 225-هەڵوێستێکی چینایەتی:

پێشبینیەك(نبؤة) لەزمانی پێغەمبەرەوە:

خەڵکانێك لە (ئاخر زەمان)دا پەیدا دەبن کە بەزۆرو ناچاریی دەبن بە (زاهد) نەك بەئارەزووی خۆیان, بەزۆر دەکرێن بە (قیامەتخواز) نەك بە ئارەزووی خۆیان, حەز لە سەردانی گەورەو

(والی)یەکاندەکەن‌و ڕێگەیان پێنادەن, هەژاران دوور دەخەنەوەو لە دەوڵەمەندان نزیك دەبنەوە, ئەو ملهوڕانە دوژمنی خودان.

(موعظة السالكين)

226-**دژی دەمارگیریی ئاینی:**

دەگێڕنەوە كە (ابراهيم) بێ میوان نانی نەدەخوارد, ڕۆژێك چووە دەشت بۆ میوان دەگەڕا, پیرێكی دی بۆی دەركەوت كە (مشرك)ە, بەپیرەی گوت ئەگەر ئیماندار بای دەعوەتم دەكردیت, پاشان جوبرائیل هاتەلای ئیبراهیم‌و بەزمانی خوداوە پێی گوت:

حەفتا ساڵە من ڕۆزی ئەدەم, ڕۆژێك نانی كەوتەلای تۆ پێتنەدا؟

(موعظة السالكين)

227-**ملنەدان و ( تحدی ):**

(ابو طاهر القرمطي) بە خەلیفەی عەباسی دەڵێت:

كە نەمبینی بیرم دەكەیت
كە بێم دەبێت چەم و بێشە بڕم
ئەی (بنی عباس) كێ پشتیوانتانە
منداڵە یان خەساوە یان ژنە

(محاضرات الراغب)

228-**شێوە بەرهەمی ئاسیایی ( القرآن ):**

ئەو سامانەی من پێمبەخشیون بارمتەیەو ئێوە وەکیلی منن, دەبا لەکاری باشدا خەرجی بکەن.

229-**ئیشی دەست:**

لەزمانی (عیسا)وە دەگێڕنەوە کە ئاوو نانی بۆ هاوڕێکانی لەزەوی بەرهەم دەهێنا, لێیان پرسی: ئەی رۆحی خودا! کێ لەئێمە باشترە, ئەویش گوتی:

لەئێوە باشتر ئەوانەن ئیشی دەستدەکەن و لەبەری رەنجیان دەخۆن.

(موعظة السالکین)

230-**شێوە بەرهەمی ئاسیایی**[230] **:**

لەزمانی (مسیح)ەوە دەگێڕنەوە کە جارێکیان لەگەڵ هاوڕێکانیدا دایان بەلای پەڵە گەنمێکداو گوڵی کردبوو.

هاوڕێکانی پێیان گوت: ئێمە برسین و بەخودا بێژە کە لەم گەنمە خۆمان تێر بکەین, خودایش رێگەی پێدان و بەگەنمەکەدا بڵاوبوونەوەو گوڵە گەنمیان دەپروان و دەیانخوارد.

لەناکاو خاوەنی گەنمەکە هات و گوتی:

زەوی و کێڵگەی خۆمەو لەباوك و باپیرانمەوە بۆم ماوەتەوە, کێ رێگەی پێداون بیخۆن؟

(مسیح) لەخودا نیزایکردو خاوەنەکانی ئەو زەویە لە (ئادەم)ەوە هەتا ئێستا بەژن و پیاوەوە ئامادە بوون لەتەنیشت گوڵە کەنمێکەوە

هەموویشیان دەیانگوت (ئەم زەویە هی منە)و لە باوك و باپیرمەوە بۆم ماوەتەوە.

کابرای خاوەن زەوی زۆر ترساو سامگرتی, هەواڵی (مسیح)ی بیستبوو بەڵام نەیدەناسی, کەناسی شەرم گرتی و داوای لێبوردنیکردو گوتی نەمناسیت ئەی پێغەمبەری خودا! ماڵ و حەڵاڵ و کێڵگەم موڵکی تۆن.

(مسیح)یش گریاو گوتی:

بێبەڵا بیت! ئەمانە گشت خاوەنی ئەم زەویە بوون و زیندوویان کردۆتەوە, پاشان کۆچیان کردوو جێیانهێشت و تۆیش دەڕۆیت – کەواتە تۆ نەخاوەنی زەوی و نە خاوەنی ماڵیت.

(موعظة السالكين)

**231-داکۆکی لە (زنوج) (الجاحظ)**[231]**:**

لەپەرچدانەوەی ئەو کەسانەدا کە بەسوکایەتی دەڕواننە توانا و کارامەیی (زنوج)و لەسپیپێستان لەئاوەزو (عەقڵدا) بە کەمتریان دەزانن – جاحیز دەڵێت:

ئێوە هەرگیز (زنج)ی راستەقینەتان نەدیوە, ئێوە تەنها دیلەکانتان دیوە کە لەکەنارەکانی (قنبلة)و چەم و بێشەوە هێنراون – خەڵکی (قنبلة) نە عەقڵ و نە جوانیان هەیە.

بەڵام (زنج) دوو بەشن: (قنبلة) و (لنجوية) وەك عەرەب دوو بەشن: قحطان و عدنان, ئێوە هەرگیز نە خەڵکی (لنجوية)تان دیوە نە خەڵکی کەنارەکان و نە خەڵکی (جوف) ئەگەر ئەوان دەبینن, جوانی و (کمال) تان لەبیر دەچێتەوە.

(فخر الودان)

232-**دژی زوڵم و خۆسه پاندن**[232] :

(علی بن ابی طالب) به یه‌كێكی زاڵم و خۆسه‌پێنی گوت: تۆ پیاوێكی سه‌ره‌ڕۆو خۆسه‌پێنیت .. چۆن ده‌بیته دۆستی خه‌ڵكانێك كه ده‌تبوغزێنن؟

(أساس البلاغة)

233-**خه‌ڵك و ده‌سه‌ڵات و رۆشنبیری**[233] :

ده‌ڵێن پێغه‌مبه‌ر گوتویه‌تی:

دوو گرۆ له ئومه‌تی من, ئه‌گه‌ر باشبن خه‌ڵكیش باشده‌بن, ئه‌گه‌ر خراپیش بن خه‌ڵكیش خراپ ده‌بن:

میرو زانایان.

234-**تائیفه‌گه‌ریی:**

له‌كتێبه‌كانی (ئامۆژگاریكردن) دا ده‌ڵێن ئیمامه‌كانی شیعه گوتوویانه:

له‌ڕۆژی قیامه‌تدا شیعه‌كانی ئێمه له‌گۆڕ دێنه ده‌ر, روخساریان گه‌ش و جوانه‌و چاویان گه‌شه‌و هێمن و شپرزه نین, خه‌ڵك ده‌ترسن و ئه‌وان ناترسن, خه‌ڵك مات و خه‌مبارن و ئه‌وان نه‌ماتن و نه خه‌مبار.

235-**عه‌لی و كۆیله- له‌سه‌رچاوه‌كانی شیعه‌وه:**

عەلی دارخورمای دەڕواندو خورمایدەفرۆشتو بەپارەکەی کۆیلەی دەکڕیو ئازادیدەکردنو هێندەیشی پێئەدان کە موحتاجی کەس نەبن.

## 236-دەسەلاتی خۆرهەلاتی[236]:

زمانەوانان بۆ شکۆو بەرزی پاشایان پێیان دەلێن: (سەر) ی رەعیەت, دیارە گشت ئەندامانی لەش ئامادەکراوە بۆ هەلگرتنی سەر, لەبەرئەوەی لەش بەبێ (سەر) لەناودەچێت, لەشیش بەبێ سەر ژیانی بۆ نیە.

(الماوردي/ في تسهيل النظر)

## 237-بەکۆیلەکردنی مەلایانە:

گەورەیی پاشایانو فەزلیان بۆ رەعیەتو چینەکانی خەلك لەوەدایە: کە گەلو رەعیەت هەرچەند لە (جۆر – نوع) دا وەك پاشانو لە(خلقەت) دا وەك یەکنو پاشایان ئەوانی نەکڕیوە, بەلام پلەو پایەیان لەزۆر لایەنەوە وەك (مولکی خەلکن), چونکە (ملك یملك) لەبنەڕەتی زمانووسیدا بەمانا (پاشایەتی) نیە بەلکو بەمانا (خاوەنداریە)!!

(الماوردي في تسهيل النظر)

## 238-گیانبازێك:

(عبدالملك بن مروان)ی خەلیفە لە (مكە) خوتبەیئەداو خەڵكی بانگئەكرد بۆ خواناسی, پیاوێك لەئامادەبوان هەڵساو گوتی:

ئێوە فێرن ئەمر ئەكەن بەڵام خۆتان تەتبیقی ناكەن, بەخەڵك دەڵێن ئەوە مەكەن خۆتان دەیكەن, ئایا ئێمە چاو لە كردارتان بكەین یان بەقسەتان؟ ئەگەر چاو لە كردارتان بكەین.. كردارتان چیەو خودا كەیدەڵێت چاو لەكردارو رەوشتی زاڵمان بكەن كەماڵی خوایان خواردووەو بەندەكانی خودایان كردووە بەكۆیلەو خزمەتكار؟

ئەگەر دەڵێن فەرمانی ئێمە ئەنجامبدەن‌و ئامۆژگاریەكانمان وەربگرن, ئەوەی غەش‌و گزی لەخۆی بكات, چۆن ئامۆژگاری خەڵك دەكات؟ یان كەی پێویستە گوێڕایەڵ‌و ئیتاعەتی كەسێك بكەیت كە عەدالەتخوازی بۆ كەس ئیسپات نەبووە؟ خۆ ئەگەر دەڵێن ئامۆژگاری وەعزتان لەهەر شوێنێك‌و لەهەر كەسێك بیست وەریبگرن‌و پەیڕەوی بكەن, لەسەر چ بنەمایەك ئێمە بووین بەژێر دەستی ئێوەو گیان‌و سامان‌و كێشەكانی خۆمان خستە بەردەستان؟

ئایا نەتاندەزانی لەناو ئێمەدا خەڵكانی واهەن لەئێوە شارەزاترن لەهونەری ئامۆژگاریداو لەئێوە زاناترن لەزمانەكاندا؟

ئێوە جێگەیان بۆ چۆڵكەن, دەنا كار لەكار دەترازێت, جێگە بۆ ئەوانە چۆڵبكەن كە لەوڵات دوورو ئاوارەتان كردوون هەریەكەیان تەروەنەی چەم‌و هەرێمێكن.

لەپاش ئەم قسانە یەكێك لەپاسەوانەكانی خەلیفە گرتیان ئیتر كەس نەیدییەوە!

(امالي المفيد – بحار الانوار)

**239-خەلیفەکان[239]:**

(شفیق بن سلمة) بۆ (أعمش)ی نوسی:

ئەی سولەیمان! بەخودا ئەمانە –خەلیفەکان– یەکێکن لەم دوانە: نەخوداپەرستی خەڵکی ئیسلامیان هەیە, نە خەونی خەڵکانی سەردەمی جاهیلین ...

(نصيحة الملوك)

**240-قەدەغەی قسەکردن[240]:**

(ابوبکر) بە (سلمان الفارسی) گوت:

هێندە قسە مەکە .. دەترسم ئەسحابی پێغەمبەر هەندێك لەقسەکانی تۆ ببنە هۆی ناکۆکی نێوانیان.

(نصيحة الملوك)

**241-دژی بیرۆکراتیەت[241]:** (علي بن ابي طالب) لەڕێگایدا بۆ (صفین) گەیشت بە جوتیارانی (انبار) کە بە پێخاوسی پێشوازیان لێدەکردو بەپڕی وەستابوون, عەلی پرسی: چیتان کردووە؟

گوتیان: هاتووین ڕێز لەئەمیرەکانمان دەگرین.

عەلی گوتی: بۆ ئەمیرەکان سوودی نیە – بۆ ئێوەیش لەم دنیا خۆماندووکردنەو لەو دنیاش بەگوناه بۆتاندەنوسرێت.

**242-جلوبەرگی کاربەدەستان:**

دەیگێڕنەوە کە (علي بن ابي طالب) کراسێکی دڕاوی پینەکراوی لەبەردابوو, لەو بارەیەوە پرسیاری لێکراو عەلی گوتی:

دڵ پێی گەرمدەبێت, (نفس)یش پێی دەشکێت, ئیماندارانیش چاویلێدەکەن.

**(نهج البلاغة)**

**243-تەتەڕوف و توندڕەوی عیراقییەکان:**

(ولید بن عبدالملك) کە بڕیاریدا مزگەوتەکەی لەدیمەشق دروستبکات –الجامع الاموی– فەرمانیدا کە هەموو پیاوێك 1 خشت بهێنێت وەلێ عیراقیەك 2 خشتی هێنا, وەلید کەزانی خەڵکی عیراقە گوتی: ئەی خەڵکی عیراق! لەهەموو شتێکداو تەنانەت لەئیتاعەتیشدا, زیادەڕەوی دەکەن.

**(الطبري)**

**244-هەڵوێست:**

(عمرو بن عبید) برادەری (منصور) بوو, لەپاش بوونی بە خەلیفە سەردانیکرد بەنیازی باسکردنی بارودۆخ بەشێوەیەکی راشکاوانە, گشت راستیەکانی خستە پێشچاوی خەلیفە.

خەلیفە (منصور) ویستی لەو قسەو باسە خۆی بدزێتەوەو گوتی: ئەوا 10 دە هەزار دینارمان بۆ دابینکردی.

عمرو: هیچ پێویستم پێی نییە

خەلیفە: ئەی پێویستیت بەچیە؟

عمرو: هەرگیز نەنێریت بەشوێنما هەتا خۆم دێم

خەلیفە: کەواتە بە یەکتر نەگەینەوە.

عمرو: ئەوەم دەوێت!

عمرو رۆیشتو مەنسور بەشوێنیاو بەشیعر دەیگوت:

هەموویان دێنو خەلاتیان دەوێ

زۆریان راوچینو نێچیریان دەوێ

تەنها (عمر)ە لای من نابێت شەوێ

(مروج الذهب)

## 245-بەرەنگاریکردن:

خەلیفە (منصور) (موسی بن عبدالله)ی گرتو خستیە بەندیخانە, فەرمانیدا (500) داریان لێداو خۆگرانە ئۆفێکی نەکرد, لەکاتێکدا (موسی) جوانپۆشو ناسك بوو جگە لەمەیش دەوڵەمەند بوو.

مەنسور شڵەژاو گوتی: من خەتەنەی پیاو خراپانم کرد, کەچی ئەم لاوە ناسکەی کە خۆری نەدیوە سەرنەوی ناکات. (مەبەستی لە پیاوخراپان: جەردەو دزو رێگرانە).

موسا هەڵیدایەو گوتی: پیاوخراپان لەسەر خراپەیان خۆگربوون, ئەی راستیخوازان چۆن خۆگر نەبن!

کە (موسی) چووە دەرەوە, (ربیع بن یونس) ی (حاجب – سکرتێر) سەرزەنشتی مەنسوریکرد, ئەم سەرزەنشتەیش هێندەی تر رقی مەنسوری زیاتر کرد, لەم کاتەدا موسا گوتی:

من رۆڵەی گەلێکم, دڵڕەقی سوڵتان هێندەی تر خۆگرمدەکات.

## 246-لێهاتن و کارامەییەکی دیبلۆماسیانە:

(وەفدێکی) خەڵکی (کوفە) هاتنەلای خەلیفە (مأمون) و یەکێکی وەفدەکە گوتی:

(والی) شارەکە خراپترین کەسی جیهانە, لەیەکەمساڵی هاتنیدا ناومالْمان و خانوومان فرۆشت, لەساڵی دووەمدا کێڵگەو زەخیرەمان, لەساڵی سێیەم دا هانامان بۆ ئەمیری موسوڵمانان هێناوە لەشار دەرچووین, بەهیوای وەرگرتنی سکالاْمان و دوورخستنەوەی لەشارەکەمان.

خەلیفە (مأمون) پەرچی قسەکانی وەفدی (کوفة)ی دایەوەو گوتی: درۆتکرد .. ئەو پیاوێکە کارو بڕوای جوانە, من لە ئاین و شێوەی کارکردنی رازیم .. من بەتایبەتی بۆ ئێوەم هەڵبژارد چونکە دەمزانی ئێوە چەند لە (والی) پێشووتان بێزار بوون!!

ئالێرەدا نوێنەری کوفە گوتی:

ئەی ئەمیری موسوڵمانان! تۆ راستدەکەیت و من درۆ, ئەو (والی) یە کە دڵنیایت لەئاین و عەدالەت و ئەمانەت و بەویژدانی, چەند ساڵە لەلای ئێمەیەو شوێنەکانی تری وڵات لێی بێبەشن.

(مأمون)یش وەڵامی نەبوو, بەناچاریی والی کوفەی لابرد.

## 247-لە (کسرا)وە بۆ دەشتەکیەك[247]:

کە (مدائن) لەلایەن سوپای فەتحی ئیسلامەوە گیرا, دوو بازنی کیسراو لەگەڵ چەندین شتی تری لە تەلاری کیسراوە گوێزرایەوە بۆ (عمر بن خطاب) ئەویش بانگی کرد.

کوا (سراقة بن جشعم)؟

ئەویش گوتی: ئەوە منم ئامادەم!

(عمر)یش گوتی: ئەم دوو بازنە وەرگرەو بیکە دەستت, بێژە سوپاس بۆ خودا کە ئەم دووبازنەی (کسری هرمزان)ی وەرگرتەوەو پێشکەشی عەرەبێکی (بنی مدبج)ی کردو ئەویشی ناردەوە بۆ شوێنی خۆی!

(الالمام للنويري)

## 248-لۆجیکی پیاوێکی (عسکری)[248]:

قازی (سجستان) دەیگێڕێتەوە:

میری خۆراسان (نصر بن احمد السامانی) سوپایەکی ناردە سەرمانو (سجستان)ی داگیر کرد, سوپاکەی بەهەموو سووچێکی وڵاتدا بڵاوبوونەوە, دەستیان کرد بە فەسادو خراپەکاری .. تەنانەت دەستیان گەیشتە ژنانو بەزۆر کاریان لەگەڵکردن!!

خەڵك گردبوونەوە لەلای من, بڕیارماندا بچینەلای فەرماندەی سوپاو یەکێك لە (شەرعزانانم) لەگەڵ خۆمبرد, چووینەلای فەرماندەی سوپاو (شەرعزانەکە – الفقیە) دواو ئامۆژگاریکردنو پاشان خراپەکاری سەربازەکانی بۆ فەرماندەی سوپا باسکرد, فەرماندەی سوپاکە گوتی:

ئەی شێخ! نەمزانیوە کە تۆ هێندە نەفامو نەزانیت, سوپاکەی من (30) سی هەزار سەربازنو ژنیان لەشاری (بخارا)ن, کە ئارەزووی ژنیان کردوو هینایان تاویدان چ بکەن... دەیکەنو ئایا دەکرێ بە (جوالة بریدیة)دا بینێرنەوە بۆ ژنو حەرەمیان؟

نەخێر... پێویستە لەلای خەڵکی ئێرە دایبنێن.. بە چ جۆرێك هەڵدەکەوێت, ئەمە کارێکە من لێرە ناتوانم دڵی سەربازەکان بشکێنمو لێیان قەدەغە بکەم.

(نشوار المحاضرة/ للتنوخي)

249-**فاشیەتی پاشایەك:**

(عمرو بن اللیث) لەخانوویەکدا دەنوستو دوولاو پاسەوانی بوون, شەوێك هەڵساو دی هەندێك گەنج پاڵیانداوە بەدیوارەکەو نوستوون, (عمرو)یش ئانیشکی خستە لایگوێچکەی, چاوی لەپاسەوانەکان داگرتو کوشتیانن.

(نشوار المحاضرة/ للتنوخي)

250-**فاشیەتی فەرماندەیەکی سەربازی:**

یەکێك لەوان دەیگێڕێتەوە:

رۆژێك میوانی (حمید الطوسی) بووم, نانیان هێناو مریشکێکی برژاویان بۆ دانام, منیش لەبەرئەوەی تێربووم کەمێکم لێخواردو ئەویتر بەساغی مایەوە.

لەپاش ماوەیەك هەراو (دەنگە دەنگ) لەلای ژێرخانەوە پەیدابوو, پیاوێك بەگریانەوە هاتەلام‌و گوتی فریام بکەوە خەریکە دەمکوژێت‌و تۆش هۆکاری ئەو کوشتنەیت.

منیش گوتم: من بۆچی؟

ئەویش گوتی: من چێشتلێنەری حەمیدم, تۆ کەمت لەمریشکەکە خواردووە, حەمیدیش هۆی ئەم کەمخواردنە دەباتەوە بۆ کاڵی‌و نەبرژاوی مریشکەکە!

منیش چوومە لای (حمید)و شەفاعەتم بۆ کردو پێمگوت کە مریشکەکە زۆر باش برژابوو.

حەمیدیش گوتی: ئەیبەخشم بەتۆو ئیتر نەیەتەوە بەماڵمدا, ئێمە لەقیامەت نائومێد بووین‌و ئەم دنیایەیش لەکەس قبووڵ ناکەین بۆمان خراپبکات!

(نشوار المحاضرة للتنوخي)

## 251-ڕەوشتی کۆمەڵگەی چینایەتی:

بۆ (30) سی ساڵ دەچێت ئارەزووی خواردنێك دەکەم حەڵاڵ‌و خاوێن بێت نە بەشی خوداو نە بەشی خەڵکی تیا نەبێت, بەلام دەستم نەکەوت!

(نشوار المحاضرة/للتنوخي)

## 252-ژیان لەکۆمەڵگەی چینایەتیدا:

برادەرێك لەلای برادەرێك, گلەیی لەژیانی خراپی دەکرد, ئەویش گوتی:

گوێمەدەرێ‌و لەم بازاڕە گەورەیەدا (دەستی بۆ راکێشا) بانگبکە: ئەوە میکرۆب .. هەموو خەڵکی بازاڕەکە پەلاماریئەدەن‌و دەڵێن ئەمانەوێت.

(نشور المحاضرات/ للتموخي)

## 253-خۆپەرستیی چینایەتی[253]:

(ابو جعفر محمد) لێپرسراوی ناوچەی (اهوان) بوو لەسەردەمی خەلیفە (متوکل) دا, (ابو القاسم التنوخی) رووداوێك لە (ابو جعفر)ەوە دەگێڕێتەوە:

ئەبو جەعفر بانگیکردم‌و گوتی:

نان لای ئێوە بەچەندە؟

گوتم (50) رەتڵ بە درهەمێك.

ئەی مریشك؟

گوتم بە (3) درهەم.

ئەی هێلکە؟

6ی بە درهەمێك

ئەی گیسك؟

باشترین گیسك بە 2 درهەم

پاشان لەنرخی هەنگوین‌و شەکرو میوەهاتیش پرسی,

گوتی: ئەم نرخانە بۆ ئێوەیش‌و بۆ هەموو کەسێکە؟

گوتم بەڵێ بۆ ئێمەیش‌و بۆ هەموو کەسێك چونیەکە.

(ابـو جعفـر) فەرمانیـدا بـە ولاّخـداران و خزمـەتكاران بـۆ خۆیـان كۆبكـەن و تفـاقی مـالّ و پێداویسـتی ولاّخ و كـەژاوە ئامـادە بكـەن و ئەسپ زینكەن.

منیش گوتم: هیچ قەوماوە ئەی خۆشەویستی خودا؟

ئـەویش گـوتی: بـەڵێ ... مـن وامـدەزانی كـە ئـەوان بـە هـەرزانتر شتمان پێدەفرۆشن و قـەرەبووی ئـەوەمان بـۆ دەكەنـەوە كـە دیاری و سەوقاتیان (هدیة) لێوەرناگرین.

بەلاّم ئێستا بۆم رۆشن بوو كە منیش و خەڵكی ولاّتیش بەیەك نرخ شتدەكڕین, كەواتە ئەم دەڤەرە هیچ حسابێك بۆ شەریف ناكات, وە بۆرە پیاوو شەریف لەرابواردن و پیاوەتیدا وەكیەك و هاوشانن, ئیدی لەمەودوا جێگەی من لەم دەڤەرەدا نابێتەوە, دەڕۆم بۆ ولاّتێك پایەو مـەقامم لەخەڵكـەوە دیاربێـت و نیعمـەت و بـەراتی خـودایش بڕژێـت بەسەرما.

(نشوار المحاضرات)

## 254-بۆ تەواوكردنی ژمارە, دەیكوژن:

(بجكم)ی (میری میرانـی) بەغـدا, كۆمـەڵێك لـەپیاوەكانی خـۆی نـارد بـۆ (انبـار) بـەنیازی كوشـتنی كۆمـەڵێك لـە (اعـراب) كەبەنـدبوون و هێنانـەوەی (سـەرەكانیان) بـۆلای (بجكـم) كـە ژمارەیـان (10) كـەس بوون.

بەنـــدەكانیان كوشـــت و ســـەرەكانیان هـــەڵگرت, لـــەڕێگا پـــاش حەوانەوە, سەرەكانیان بژارد (9) بوون, زۆر گەڕان و سۆراخیانكرد (دەیـەمیان) دەسـتنەكەوت و لەهەمانكاتیشـدا لـە (بجكـم) دەترسـان

بەوە گوناهباریان بکات کە پیاوەکانی بەپارەو بەرتیل یەکێکیان نەکوشتووە, ناچار لە ناو خۆیاندا بڕیار ئەدەن کە هەرکەسێکیان لەڕێبواران تووش بوو بیکوژن.

لەئەنجامدا پیاوێکی پیریان تووشهاتو کوشتیان بێ ئەوەی بزانێت گوناهی چیە, پاش ماوەیەك سەرەکەیان دۆزیەوەو سەرەکان بوون بە 11, ئەوانیش سەری پیرەکەیان لابردو لەشوێنێکدا شاردیانەوە, 10 سەرەکەیشیان بردەوە بەردەستی میری میرانی بەغدا.

(نشوار المحاضرة)

## 255-هەڵبژاردنو جیاکردنەوەی چینایەتی[255]:

لەڕێگەیدا بۆ کەربەلا, (حسین بن علی) گەیشت بەپیاوێك لە (کوفە)وە هاتبوو بەنیازی پەیوەندیکردن بە (حسین)ەوە, ناوی (مجمع بن عبدالله) بوو.

حسین لەبارەی رەوشو دۆخی (کوفە)وە پرسیاری لێکرد, ئەویش گوتی:

ئەشرافو خانەدانەکان هەتا دێت بەرتیلخۆرتر دەبنو گەنجینەیان پڕ دەکەن لە سامانو خەڵکی پێدەکڕنو لەخشتەیان دەبەن, بەو سامانە بۆ مەبەستی خۆیان ئامۆژگاری خەڵك دەکەن, ئەمانە دوژمنترین کەسن بەتۆ, بەلام خەڵکیتر دڵیان لەگەڵ تۆدایەو شمشێریان دژی نەیارانی تۆ ئامادەیە....

(الطبری)

## 265-تاکتیکی زیرەکانە:

پیاوێکی (معتزلە) لە بەسرە گوتی (قران) ئافەریدەو (مخلوق)ە, هەندێك لەتوندڕەوو بیرتەسکەکان گرتیانو بردیانەلای (والی – نزار الضبي) و بەندیکرد, کە سەرۆکی (معتزلە) بەمەیزانی هەزار کەس لەهەوادارانی خۆی کۆکردەوەو بردنی بۆ بەردەرگای والی, (اسماعیل الصفار)ی سەرۆکی موعتەزیلە بەوالی گوت: ئەی ئەمیر خوا پایەدارتبکات, پیاوێکت بەندکردووە چونکە گوتوویە: (قران مخلوق)ە, ئێمەیش هەزار کەسینو هاتووینە خزمەتت, گشتمان دەڵێین: (قران مخلوق)ە, یان ئێمەیش بخەرە بەندیخانە, یان ئەویش ئازاد بکە.

(والی) یش کەزانی رزگارنەکردنی ئەو پیاوە دەبێتە هۆی هەڵگیرسانی فیتنەو ئاژاوە کە سەرئەنجامیان نازانرێت, بەرەڵایکرد.

## 257-چارەسەری وڵاتێکی نەخۆش:

(بشر بن هارون) لەبارەی لابردنی وەزیرێكو دانانی وەزیرێکی تر قسە دەکات لەو رێگایەوە پشتی فاتمیەکان دەگرێت: ئەوەی کەمی پێئەداین رۆیشت

ئەوەی زۆری بوو کەمی ئەدا رۆیشت
هەرکاتێك (پێوەر) و (بەڵگە) رێککەوت
وادەزانم ماندوو یەك دەبێتە گەورەمان

بێژە بە (فاطمي) لەچارەسەرو رۆیشتندا قسەکانی خاوو شاردبوونەوە, دە خێراکە مەوەستەو برۆ بەشکم خودا بەهۆی تۆوە شیفاو ئافاقە بنێرێت بۆ ئەم گەلە نەخۆشە.

## 258-( حلاج ) لەنێوان کوفرو سیاسەتدا :

هەندێك لەهاوڕێیانی حەلاج بۆیان باسکردم کە: نامەیەك بەئیمزای (حـلاج) لـەناو هەوادارانیـدا بڵاوکرایـەوە, منـیش لێـی ئاگـادارمو هەندێکم لەبیر ماوە:

کاتی ئەوە هاتووە کە دەوڵەتی بەڕێزی (فاطمة الزهـراء) کـە لـەلای خەڵکی ئاسمانو زەوی خۆشەویستە وە ئەو کۆمەڵەی (الظاهرة) کە هەرچەند زۆریش لاوازن- دەرچنو بڕۆن بۆ (خۆراسان), لەوێنـدەرێ (هەق) پەردە لەڕووی خۆی لائەباتو (عدل)یش دەچەسپێت.

(نشوار المحاضرة)

## 259-مەیمونو وەزیر[259] :

(ابو الحسین بن عیاش – سەدەی 4ی کۆچی) دەیگێڕێتەوە:

لەشەقامی -الخلد- لەبەغدا دیم:

خـــەڵکێکی زۆر لـــە مـــەیموونێكو خاوەنەکـــەی کۆبوونەتـــەوە, راهێنەرەکە لێی دەپرسی:

حەز دەکەیت ببیت بە کۆتاڵفرۆش؟

مەیموونەکە: بەسەری دەیگوت بەڵێ.

-حەز دەکەیت ببیت بە عەتار؟

مەیمونەکە: بەڵێ

ئەی حەز دەکەیت ببێت بەچەندین پیشەو کاری تر؟

مەیمونەکە: بەسەر رەزامەندی پیشان ئەدا.

ئەی حەز دەکەیت ببیتە وەزیر؟

مەیمونەکەیش بەسەری ئاماژەی دەکرد نەخێر! دەیقیژاندو هەوڵی ڕاکردنی ئەدا.

(نشوار المحاضرة)

## 260-بکوژی حەلاج:

(ابو حازم)ی دادوەرو قازی کە باسی قازییەکی پاکو بێگەرد دەکرا زۆر تووڕە دەبوو, دەیگوت ئەو پاكو بێگەردیە بۆ پۆلیس دەبێت نەك بۆ قازی, ڕۆژیکیان گوتی:

باوەڕ ناکەم لەژیانـدا مـن ئـەو قازیـە پـاكو بێگـەرد ببیسـتم, ئـەم سەنعەتە نەماوە, کەسانێك بوون بەقازی پێویستیان بە پیاهەڵدانو ناسینە, خـەڵکیش لەمـەودوا هـیچ پێویسـتناکات بڵـێن: فـلان قـازی پاكو بێگەردەو باچاوی لێبکەن, لەوکاتەدا ناوی (ابو عمر محمد بن یوسف)ی برد.

(ابو عمر) ئـەو قازیـە بـوو لەسـەر داوای وەزیـر (حامـد بـن العبـاس) فەتوای کوشتنی حلاجی دا.

(نشور المحاضرة)

## 261-ئەو خەلیفەیەی کە مەی شێتی کردبوو:

(علـی بـن عیسـی) لەباسـی خـەلیفـە (مقتـدر) دا دەڵێـت: ئـەم پیـاوە نەیـدەتوانی بـۆ مـاوەی 5 ڕۆژ مـەی نەخواتـەوە بـۆ ئـەوەی زەیـنو هۆشی خاوێن بێت, خـەمی هـیچ شـتێکی نـەبوو بێجگـە لـە سۆراخـی مەی, تەنها بەمەی وڕو گێژ دەبوو.

(نشوار المحاضرة)

## 262- پێڵاوی دایكی خەلیفە:

یەكێك لەكارمەندانی دیوانی خەلافت (دارالخلافة) باس دەكاتو دەڵێت:

من قوماشی (دیبقیة)م دەكڕی بەناوی (قوماشی پێڵاو)، بەقیاسی پێ دەمبڕی، بەمیسكو عەنبەر سواخمان ئەداو دەیبەست، پاشان چەند پارچەیەكی ترمان بەهەمان شێوەی سەرەوە دەخستە سەر یەكو چەسپم دەكرد، پاشان بە كەتیرەو عەنبەر پارچەكانمان دەكرد بەیەك پارچە.

توێژی سەرەوە سپی بوو، لێوارەكانی بەئاوریشم ئەچێنراو دەورە دەگیرا.

ئەم پێڵاوە دایكی خەلیفە (مقتدر)و خێزانی بەكاریان دەهێنا، ئەم پێڵاوەیش تەنها بەشی نزیكەی 10 ڕۆژیدەكردو شیتاڵ دەبوو.

## 263-بەفیڕۆدانو دەستبلاوی خەلیفەكان:

(ابو القاسم الجهنی) لە (ابو محمد بن حمدون) ئەویش لەباوكیەوە دەیگێڕێتەوە كە:

خەلیفە (متوكل) ئارەزووی لەوەبوو كە لەڕۆژێكی خواردنەوەیدا هەموو ئەو شتانەی پێشچاوی زەردبن، گومەزێكیان لەسەندەڵی زەرکەفتکراو لەنزیكەوە بۆی دانرا، پەراوێزەكانی ئەو گومەزە بەرەنگی زەردو ئاوریشم داپۆشران، چەندین گیاو گوڵی بۆنخۆش لەبەردەستیا دانرا.

شــەرابەکەیش زەردو ســینیەکانیش زەردبــوون, ژنــە کۆیلــەکانی دەوروبــەری خەلیفــەیش لــەوکاتی خواردنــەوەدا جلوبــەرگیان بــەتاڵی زەردی ئاڵتوونی تــەنرابوو, گومەزەکــەش لەســەر حــەوزێکی پــڕ لــەئاو دانرابوو, خەلیفە (متوکل) فەرمانیدا کە بەزەعفەران زەرد بکرێت.

دانیشتنی خەلیفە زۆری خایاندو زۆری خواردەوە, زەعفەران هاتــە کــزیو ڕەنگــی (گوڵەبــەڕۆژە) یــان بــەکارهێنا, پــێش سەرخۆشــبوونی ئەویش هاتە کزیو چوونە بازاڕ بۆ کــڕینی زەعفــەرانو ڕەنگــی (گوڵــە بەڕۆژە) ئەویش هاتە کزی چونکە چوونەوە بۆ بــازاڕ کــاتی دەویســت بۆیــە بەناچــاریی خەلیفــەیان ئاگــادار کــردەوە, ئــەویش بەدەســتو پێوەندی گــوت: بــۆ بڕێکــی زۆرتــان ئامــادە نــەکرد, لــەم کاتــەدا ئەگــەر ڕەنگــی زەرد بێتــە کــزی, ئــەم ڕۆژەم لێدەشــێوێت, بــڕۆن جلو بەرگــە زەردەکانو بەسیمی زەرد چنراو بخەنــە نــاو حەوزەکــەی بــەردەممان, کاتێك خەلیفــە ســەرخۆش بــوو, گشــت جلو بــەرگی نێــو ســندووقو ماڵو گەنجینەکانیش خرانەئاو.

(التنوخي)

## 264-بەرەو داڕووخان[264]:

(شریك بن عبدالله) قازیەکی ناودداربوو لەسەردەمی عەباسیەکاندا, لــەو ڕۆژگــارەدا زانــا ئاینیــە بــەناو بانگــەکان نــەدەبوون بــەقازی لەدەزگاکانی دەوڵەتدا.

(شریك)ی قازی چووه سەردانی (مهدی بن المنصور)، (مهدی) بەقازی گوت: پێویستە لەم (3) شتە یەكێكیان بكەیت:
ببیتە قازی، یان مامۆستای كوڕەكەم یان خواردنێك بخۆیت.
(شریك)لەپاش رامان و بیركردنەوە، بەخۆی گوت خواردنەكە بۆ من ئاسانترە، خەلیفە فەرمانیدا بەنرخترین و خۆشترین خواردنی بۆ ئامادە بكەن لەمۆخی سووركراوە بەشەكری كەللەو هەنگوین، لەپاش نانخواردن، یەكێك لەئامادەبوانی كۆڕەكە گوتی: جەنابی قازی هەتا هەتایە لەم خواردنە رزگار نابیت، هەروایش بوو، ئەوەتە (فضل) دەڵێت:
بەخودا (شریك) پاشان باسیكرد كە: بەمنداڵەكانیشی خوێندو بوویش بە قازی.

(مروج الذهب)

## 265-وورە بەرزیی لەجەنگدا(265):

لە (علي بن ابي طالب)یان پرسی:
بەچ شێوەیەك بەسەر (بەرامبەرەكانتا) زاڵبوویت؟
(علی)یش گوتی:
لەگەڵ هەركەسێك دەچوومە مەیدان، بەرامبەرەكەم لەهەناوو دەروونی خۆیدا بڕوای وەهابوو كە بەرگەی من ناگرێت و دەبەزێت.

## 266-سۆشیالیستی(266)-(الفخر الرازي في التفسیر):

دەسـکەوتەکانی ژیـان (منـافع) هاوبەشـن‌و سـنووردارن، قەتیسکردنی بۆ هەندێك، کارێکی خراپ‌و قێزەونە لەڕووی ئاوەزو عەقڵەوە، هەموو پێداویستیەك کەزۆربەی خەڵك موحتاجی بن، پێویستە و (واجب)ە بەهاوبەشی ئەنجامبدرێن.

(سنن ابي داود)

267-**دزی ئەشکەنجە (فەرموودەی پێغەمبەر):**

خودا لەقیامەتدا ئەشکەنجەی ئەو کەسانە ئەدات کە لەدنیادا ئەشکەنجەی خەڵکیانداوە.

(سنن ابي داود)

268- **محەمەدو کۆیلەکان- دەڵێن پێغەمبەر گوتویەتی:**

بەردەوام (جبرائیل) پێمدەڵێت ئاگات لە کۆیلەکان بێت — بەرادەیەك وام گوماندەکرد کە پێویستە ماوەیەك دیاریی بکرێت بۆ ئازاد کردنیان.

(مکارم الاخلاق/ للطبرسی)

269-**دوو جۆر دز**(269)**:**

(عمرو بن عبید) تەماشای کۆمەڵێك خەڵکی دەکرد، خۆی لەهەندێکی پرسی: دز چۆنە؟

وەڵامیاندایەوە: دز ماڵی خەڵك دەبڕێت

(عمرو)یش گوتی:

دز بەنهێنی ماڵدەبڕێت بەڵام دزی ئاشکرا ماڵی ئەویش‌و خەڵکی تریش دەبڕێت.

(دیاره مەبەست لەدزی ئاشکرا دەوڵەتە.و)

270-**لۆجیکی دەرەبەگێك (سعد بن العاص):**

ناوچەی (سواد)ی عێراق‌و باخ‌و بێستانی هی قوڕەیشە.

271-**چارەنووسی ئاینی ئیسلام**(271) – **دەڵێن فەرموودەی پێغەمبەرە:**

ئیسلام لەسەرەتاوە غەریب بوو, بەغەریبیش کۆتایی دێت, بەهەشت بۆ غەریبانی ئومەتی منە.

272- **پۆلیس (فەرموودەی محەمەد لەبارەی میعراجەوە):**

پێغەمبەر لەبەهەشتا گورگی دی, پرسی: گورگ‌و بەهەشت؟! گوتیان ئەم گورگە کوڕی پۆلیسی خواردووە!

(ابن عباس) لەمبارەیەوە (تعلیق)ئەدات:

ئەو گورگە کوڕی پۆلیسی خواردووە جێگەی بەهەشتە ئەگەر خۆی بخواردبا بەرز دەکرایەوە بۆ (علیین).

273-**سامان:**

هاوڕێیەکی پێغەمبەر مرد, پێغەمبەر پرسی:

ئەم برادەرەتان قەرزارە؟

گوتیان نەخێر.

ئەی هیچی پاشەکەوت کردووە؟

گوتیان نەخێر.

پێغەمبەر گوتی: دە ئێستا با نوێژی لەسەر بکەین.

(صحیح البخاری)

## 274-دژی جاسووسی:

(احنف بن قیس) لەکۆڕێکدا (مصعب بن الزبیر)ی دی سەرزەنشتی پیاوێکی دەکردو پێی گوت:

ئەوەی بۆ من باسکراوە لەبارەی تۆ, پیاوێکی جێگەی متمانەو سیقەیت.

پیاوەکەیش گوتی: جەنابی میر متمانەو سیقەی من ناگات بە تۆ.

## 275-سەربازەکانی سوڵتان:

(منصور)ی خەلیفە بەیەکێکی (خوارج)ی گوت:

پێمبێژە کام لەهاوڕێکانی من زۆر ئازان؟

-ئەویش گوتی: کەسیان بەڕوخسار ناناسم, تەنها لەپشتەوە دەیاننناسم.

## 276-هاوڕێی سوڵتان و فەیلەسوف:

یەکێك لەهاوڕێکانی سوڵتان فەیلەسوفێکی دی حەشیشەی هەڵدەگرت و دەیخوارد, پێی گوت: تۆ ئەگەر خزمەتی سوڵتان بکەیت پێویستیت بە حەشیشە نابێت.

فەیلەسووفەکەیش گوتی: ئەگەر تۆیش حەشیشە بخۆیت خزمەتی سوڵتان ناکەیت.

277-**رسوایی دەستوپێوەند:**

(زبیدة)ی ژنی (هارون الرشید) مەیمونێکی بوو خۆشی دەویست, فەرماندەو وەزیرەکان کەدەچوون بۆ ماڵی خەلیفە سەلامیشیان لە مەیموونەکە دەکرد, یەکێك لەوانە (یزید بن فرید الشیبانی)بوو کە فەرماندەی خۆرهەلات بوو.

278-**بارودۆخی ئاسیایی:**

ژمێریارێکی دیوانی عەباسی پارەی بۆ کارمەندێکی دیوان خەرج نەکردو پێی گوت:

ئێمە لەگیرفانی خۆمان خەرج ناکەین, بەڵکو ئێمە وەکیلین.

(الكامل في التاريخ)

279-**شۆڕشگێڕان, سەرۆکی (زنج)ەکان:**

شمشێرەکانمان لەرۆژی جەنگ و تێکڕژاندا پڕ لە مشتن و کێلانی شمشێریشمان سەری پاشایانە.

280-**پاشماوەی کۆمەڵگەی (مشاعی – کۆمۆنیستی سەرەتایی):**

پیاوێکی خەڵکی شام بە ژنێکی خێڵی (کلب) گەیشت, پێی گوت: شیر هەیە بۆ فرۆشتن؟

ئەویش گوتی: تۆ پیاوێکی پیسکەو خراپی یان ماوەیەکی کەمە بووی بەهاوڕێی خەڵکی پیسکەو خراپ؟ دەنا چۆن مرۆڤی بەخشندە

شـیر دەفرۆشـێت یـان نایبەخشـێت؟ کـاری وەهـا پیشـەی مرۆڤـی پیسکەو خراپە.

(امالی القالی)

281-**لەمەیدانی جەنگدا:**

(هانی بن قبیصة) لەجەنگی (ذی قار)دا:

*ئەی خێڵی بەکرا کوژراوێکی خاوەن بڕوا باشترە لە نەکوژراوێکی راکردوو.

وریایی و ترسان, لەچارەنووس و قەدەر رزگارت ناکات.

*مردن نەك سەرشۆڕیی.

*پێشوازیکردن لەمردن نەك پشت تێکردنی.

*شمشـــێردان لـــەقورتمی مـــل زۆر باشـــترە لـــە بێدەســـەلاتی و پشتتێکردن.

*ئەی هـۆزی بـەکرا بجـەنگن... کـە ئەجـەل هـات و رۆژ تـەواو بـوو.. چارەیەکی تر نیە.

(امالی القالی)

282-( **مسعودی** ) **لەنیشتمانەکەی ئەدوێت:**

....ناوەڕاسـتی هەرێمـەکان هـەرێمی (بابـل)ە لـەوێ لـەدایکبووین هەرچـەند چـەپۆکی رۆژگـار ئێمـەی لـەوێ دوورخسـتەوە, هەمیشـە سۆزی ئەوێ لەدڵماندایە چونکە نیشتمانەو شوێنی لەدایکبوونمانە.

ئـەو هەرێمـە بەدەسـتی پاشـایانی (فـارس)ەوە بـوون, لەزسـتاندا لەعێراق دەژیان و لەهاوینیشدا لەچیاکان, پێشـینان عێـراقیـان بـەدڵی

جەستە دەشوبهان, چونکە زەوی عێراق ئاشکرایکرد کە خەڵکەکەی ژیرو شارەزای ئیشوکارن.

بۆیـە خەڵکەکـەی هەمـەڕەنگن‌و بـەژن بـەرزن, بۆیـە سـەلامەتبوون لـەدرۆی (رۆم)و (صـقالبە)و رەشـەکانی حەبەشـەو رقئەسـتووری (بەربەر) ەکان.

لەخـەڵکی نیشـتمانەکەمدا باشـەو جـوانی هـەموو جیهانیـان تیـا بەدیـدەکرێت, وەك چـۆن خۆیـان لەسـەرخۆوموعتەدلن ئـەوهایش زیـرەك‌و هێـدین, باشـترینی ئـەو هەرێمانـە (دار السـلام – بغـداد)ە, بەداخەوە چارەنووس منی لەو نیشتمانە دوورخستەوە.

ئەمە رۆژگارە! کارو پیشـەی, بڵاوپێکـردن‌و بـەڵاو کارەساتە, بـەڵام نیشانەی ئەمەك‌و وەفای مرۆڤ (بەردەوامیە) لەسۆزو تاسەی دۆست‌و براو نیشتمان, ئەوەی خۆی بناسێت, دەبێت هەمیشە بۆ نیشـتمان‌و زادگەی (مولد) خۆی بەسۆزو پڕ تاسە بێت.

(مروج الذهب)

283-**خوداو رەگەزپەرستی:**

کوڕوکچـێکی رەشپێسـت هاتنـەلای (ابـو مهدیـة) و پێیـانگوت: دەمانەوێت ببینە هاوسەری یەکدی‌و هـاتووین لەیـەکتر مارەمـانبڕن, (ابـو مهـدی)یش گـوتی: خـودا هێنـدە گەورەیـە ناکرێـت لـەلای ئێـوە ناوی ببرێت, بڕۆن جووتبن لەعنەتی خواتان لێبێت.

(ذیل اخبر البحتري/ للصولی)

(جاحظ)یش بەهەمان شێوە دەیگێڕێتەوە کەدوو کۆیلەی کوڕو کچ چوونەلای (خالد بن صفوان) بەنیازی مارەکردن, (خالد)یش پێی گوتن:

خودا لەوە گەورەترە کە لەنێوان ئێوەدا ناوی ببرێت.

284-ڕا پۆرت مەنووسن[284] (ابن مسعود):

پێغەمبەر گوتوویەتی: کەس لەلای من باسی هاوڕێکانی من نەکات, من دەمەوێت کەهاتمەلاتان دڵو دەروونم ئاسوودە بێت.

(ابو زرعة في تأريخ دمشق)

285- پشتبەخۆبەستن -لەزمانی (ثوبان)ەوە:

پێغەمبەر گووتی: یەکشت هەیە کێ مسۆگەری دەکات منیش بەهەشتی بۆ مسۆگەر دەکەم.

گوتم: من, پێغەمبەریش گوتی:

سواڵ لەکەس نەکەیت

(ثوبان) کۆیلە بوو, پێغەمبەر کڕیو ئازادیکرد, یەکێکە لەو کەسانەی کە (حدیث)ی (حەرامکردنی کەڵەکەکردنی سامان)ی نەقڵ کردووە.

(ثوبان) کە دارەکەی دەکەوتەخوار, خۆی دائەبەزیو هەڵیدەگرتەوە.

(عوارف المعارف للسهروری)

286-دووره پەرێزی لەدەسەڵات:

بەرگدروویەك بە (ابن المبارك)ی گوت:

من بەرگدرووی سوڵتانەکانم, ئایا لەمن دەترسیت کە پشتیوانی زاڵم بم؟

(ابن المبارك)یش گوتی:

ئەوانە پشتیوانی زاڵمن کەدەرزیو دەزوو بەتۆ دەفرۆشن, بەڵام تۆ خودی زوڵمیت.

(احياء علوم الدين/ فصل آداب الضيافة للغزالي)

## 287-هەندێك بابەتی چینایەتی:

کڕیار ئەگەر خواردن لە لاوازێك بکڕێت, یان شتێك لەهەژار, خۆیشی زەرەرمەند بکات وەك خێرێك باشەی کردووە چونکە پێغەمبەر گوتوویەتی:

(رەحمەت لەو کەسە کە کڕینو فرۆشتن ئاساندەکات).

بەڵام ئەگەر لەبازرگانێك بکڕێتو قازانجی زێدەی لێوەربگرێت — لەم کاتەدا چاوپۆشیو پارەی زێدەدان کارێکی خراپەو بەفیڕۆدانی ماڵەو هیچ پاداشتێکیشی بۆ نانوسرێت.

(من كتاب اداب الكسب) (احياء علوم الدين - للغزالى)

## 288-دەوڵەت کە پارەی دا بەیەکێك:

پاشاو دەسەڵاتداران بەبێ مەبەستێکی تایبەتیو بەرژەوەندی خۆیان خزمەتی کەس ناکەن, دەیانەوێت لایەنگری خۆیان زۆر

بکەن, یان لەکۆڕو مەجلیسەکانیاندا دانیشنو ستایشیان بکەنو لەدەرەوەیش بەهەمان شێوە.

یەکەم: ئەگەر ئەو کەسانە نەیەن سوالٚ لەپاشا نەکەنو خۆیان سەر شۆڕ نەکەن, دووەم: ئەگەر دوودڵیش نیشان نەدەن, سێیەم: پیاهەڵدانو دۆعای خێر نەکەن بۆ پاشا, چوارەم: هاوکاری پاشا نەکەن لەکارەکانیدا, پێنجەم: خەڵکی زۆر لەکۆڕو (موکب)ەکانیدا کۆنەکاتەوە, شەشەم: نیشاندانی خۆشەویستی بۆ سوڵتانو لەکاتی ململانێ لەگەڵ دوژمنەکانیدا پشتگرتنی نەکەن, حەوتەم: زوڵمو خراپەکاری نەشارنەوەو لێفەی پیا نەدەن, ئەگەر ئەمانە نەکەن, ئامادە نین یەك درهەم ببەخشن بەکەس.

(احيـاء علـوم الـدين/ الغزالـي كتـاب - الحـلال والحرام)

## 289-وەعز خوێنی سوڵتانەکان (سفيان الثوري):

لەدۆزەخدا (دۆڵێك – وادی) هەیە, کەسی تیا نیە بێجگە لەو کەسانەی لەکۆڕو مەجلیسی پاشایاندا دائەنیشنو شیعرو حیکایەتخوانی دەکەن.

(احياء علوم الدين/ كتاب الحلال والحرام الغزالی)

## 290-سێ هەڵوێست بۆ دەسەلاٚت:

باشبزانە! تۆ لەگەڵ سوڵتانە زاڵمەکاندا سێ حاڵت هەیە:

یەکەم: نەچیتە لایانو لەشەڕیان بەدوور بیت.

دووەم: هەوڵیش بدەیت سەردانت نەکەن.

سێیەم:ئیسلامی راستەقینە بێت نە بتبینن و نە بیانبینیت.

(احیاء علوم الدین/ للغزالی)

## 291-تلیاکی گەلان:

باش بزانە, کە سوڵتان پایەی ئاینە, پێویستنیە –هەرچەند زاڵمیش بێت– بەخراپی و سووکیی تێیان روانیت, (عمرو بن عاص) رەزای خوای لێبێت گوتوویەتی: ئیمامێکی گێل باشترە لە فیتنەیەکی بەردەوام.

پێغەمبەر گوتویەتی: لەمەودوا ئەمیرەکانتان دەناسن و کەچی ئێوە ئینکاری دەکەن و ئەوانیش خراپە دەکەن, خودایش ئەو ئەمیرانە باشتر ناکات, ئەگەر باشەیان کرد, خودا پاداشتیان ئەداتەوە, ئێوەیش دەبێت شوکری خودا بکەن, ئەگەر خراپەشیان کرد, خۆیان گوناهبارن و ئێوەیش دەبێت سەبر بکەن.

(سهل التستری) گووتویەتی: ئەوەی ئینکاری لە (امامة السلطان) بکات زیندیق و گومڕایە, ئەوەیش کوێرانە شوێنی بکەوێت نەفامە (جاهل), لێرەدا لێیان پرسی: کامیان باشن, خەڵك یان سوڵتان, ئەویش گوتی, سوڵتان, گوتیان ئێمە پێمانوایە خراپترین کەس سوڵتانە, ئەویش پێی گوتن: بوارم پێبدەن: خودا هەموو رۆژێك دوو تیڕوانینی هەیە:

یەکەم: پاراستنی ماڵ و سامانی موسوڵمانان, دووەم: پاراستنی جەستەیان, خودایش تەماشای (نامەی کرداری) دەکات و لەگشت گوناهەکانی خۆشدەبێت.

(احیاء علوم الدین/ کتاب الصبر والشکر للغزالی)

**292-تلیاکی گەلان:**

(مسیح) خوا لێی رازیبێت گووتویەتی:

دنیا پردێکە بەسەریا تێپەڕەو تەعمیریشی مەکە

(احیاء علوم الدین/ کتاب الفقر والزهد للغزالی)

**293-دژی زوڵمو سەرکوتکردن (سفیان الثوري):**

ئەگەر پۆلیسێکتان دی نوستبوو, بۆ نوێـژیش بێت هەڵینەسێنن, چونکە کە هەڵسا ئازاری خەڵك ئەدات.

(طبقات الشعرانی)

**294-دوو کەسایەتی:**

(معاویە) کە حەجیکردو بەلای (مدینـە)دا تێپـەڕی, حسێنی کوڕی (علـی بـن ابـی طالـب) بـە (حسـن)ی بـرای گـوت: نـە بـڕۆ بـۆلای و نـە سەلامی لێبکە, کە (معاویە) لە (مدینە) دەرچوو, حەسەن بە حسینی برای گوت: ئێمە قەرزاری ئەو پیاوەینو دەبێت قەرزەکەی بدەینـەوە, حەســەن بەســواری شــوێنی کــەوتو ســەلامی لێکــردو قەرزەکــەی دایەوە.

(احیاء علوم الدین/ کتاب ذم البخل للغزالی)

**295-شەیتان بەسوکایەتی دەڕوانێتە خەڵك:**

(جنيد) كه سۆفی بوو, لەخەوا شەيتانی دی بەڕووتی, پێی گوت: ئەوە شەرم لەخەڵك ناكەيت؟ ئەويش گوتی: بۆ ئەمانە خەڵكن؟!

(الرسالة القشيرية)

269-ئازايەتی شەرعزانێك (فقيه):

(سعيد بن المسيب) كە شەرعزانێكی دوژمن بە (اموی) بوو, برديانەلای (مسلم بن عقبة) پاش داگيركردنی (مدينه) لەسەردەمی خەلافەتی (يزيد بن معاويه)دا (مسلم) پێی گوت: ڕەزامەندیو (بيعة) بە (امير المؤمنين) بكە كە تۆ: كۆيلەيەكيتو خەليفە ئارەزووی بوو ئازادت دەكات يان بەكۆيلەيی دەمێنيتەوە.

(سعيد)ی شەرعزانيش گوتی:

ڕەزامەندیو (بيعة) نەبە كۆيلە دەكەم نە بەئازاد, (مسلم)يش گوتی: بەخودا تۆ شێتيت! فەرمانی بەپياوەكانی دا خنكانيانو فڕێياندايە سەر زەویو دڵنيا بوون كەمردووەو پەتيان لەملی كردەوە, لەپاش ماوەيەك, هۆشياری وەبەرهاتەوەو گوتی: نەواللە ... نەواللە...!!

(مسلم)يش بەناچاری ئازاديكرد.

(نسب القريش/ للزبير بن بكار)

297-استخبارات:

پياوێك لە (هيندستان)ەوە هاتبوو بۆ بەغداو تووتيەكی پێبوو, ڕايهێنابوو كە بڵێت (قل هو الله احد) تووتيەكەی وەك دياری (سەوقات) بۆ خەليفە (ناصر الدين العباسی)ی هێنابوو, تووتيەكە نەگەيشتە دەست خەليفەو مرد.

بەردەستێكی خەلیفە هاتەلای كابرای هیندی بۆ وەرگرتنی تووتیەكە, ئەویش بەگریانەوە گوتی بەداخەوە ئەمشەو مرد.

پیاوی خەلیفە گوتی: بەڵێ ئاگایشمان لەمردنەكەیەتی, بەڵام تۆ بەتەمای چەند بووی خەلیفە ببەخشێ پێت؟ ئەویش گوتی 500 پێنجسەد دینار, پیاوی خەلیفە 500 پێنجسەد دینارەكەی پێداو بەكابرای هیندی گوت: (امیر المؤمنین) لەهیند دەرچوویت ئاگای لێتە.

تێبینی: خەلیفە (ناصر الدین) لەبواری (استخباراتی)دا زۆر بەهێز بوو.

(نكت الهميان)

289-لەئازایەتی (خوارج):

والی خۆراسان لەسەردەمی خەلیفە (هشام بن عبدالملك)دا (جنید بن عبدالرحمن)بوو, جونەید سەركردەیەكی (خوارج)ەكانی بەدیل گرت ناوی (صبیح) بوو لەگەڵ چەند كەسێكدا, (جنید) هەموویانی كوشت بێجگە لە یەكێكیان كە نابینابوو.

پیاوە نابیناكە بە جونەیدی گوت: بۆ ئەوە پاداشتی ئەم (نەكوشتنە)ت بدەمەوە, ناوی چەند كەسێكی ترت پێئەدەم كە هەموویان برادەری (صبیح)ن, نابینا كەناوی (100) سەد كەسی بۆ (جنید) نووسی و هەموویشی كوشتن, پاشان دەركەرت كە هەر سەدەكە سەر بەخەلیفە بوون نەك بە (خوارج).

(نكت الهميان)

299-(مالك بن طوق) والی جەزیرە بوو, لە (ابو العیناء)یان پرسی راوبۆچوونت چیە بۆ (والی)؟

ئەویش گوتی: ئەگەر والی لەناو (بنی اسرائیل)بوایە لەکاتی نازڵبوونی (آیة البقرة) دا, بێجگە لە (والی) کەسیان سەرنەدەبڕی!

(معجم الادباء/ للیاقوت)

300-دژی دەسەڵات:

قازییەك شەهادەتی پیاوێكی وەرنەگرت چونكە لەسەر خوانی سوڵتان ئامادەبووە, كابرایش بەقازی گوت: مەجبور بووم لەسەر ئەو خوانە ئامادە بم.

قازی پێی گوت:

تۆ دەگەڕای بەدووی خۆشترین خواردنداو پارووت گەورە دەكرد!

301-هەڵوێستێك:

لەجەنگی (احد)دا پیاوێكی (انصار)ەكان كوشتارێكی زۆری لە (قریش)ەكانی (مكة) كردو زامدار بوو, خوێنێكی زۆری لەبەر ڕۆیشتو زامەكەی كوشندە بوو.

یەكێك لەبرادەرانی خۆی لەكاتی گیاندا نایپێی گوت: ئەوا شەهید بوویتو پیرۆزت بێت.

ئەویش پەرچی دانەوەو گوتی:

بەخودا من كوشتارم بۆ ئاین نەكردووە, بەڵكو بۆ پاراستنی نامووس كردوومە, دەترسام (قریش) شەرەفمان بشكێننو

نامووسیشمان ئەتك بكەن, ئەگەر ئەمە نەبایە نەدەجەنگام‌و 7 كەسم لێنەدەكوشتن.

302-**شاعیرو هاندەرێك:**

(بشار) لەماڵی(مهدي –ابن المنصور)دانیشتبوو, خەڵكیش دانیشتبوون چاوەڕوانی مۆڵەت‌و چوونە ژوورەوە بوون, یەكێك لەپیاوەكانی بەو خەڵكانەی گوت: راتان چیە بە ئایەتی (وأوحى ربك الى النحل ان اتخذي من الجبال بيوتا ومن الشجر..... الى قوله: يخرج من بطونها شرابا تختلف الوانه فيه شفاء للناس)؟ (بشار)گوتی: ئەوە هەنگەو هەموو كەس دەیزانێت, پیاوەكەی (منصور) گوتی: نەتزانی.. هەنگ (بنو هاشم)ن‌و (يخرج من بطونها شراب) ئەوە زانستە.

(بشار)یش گوتی: خودا نیشانیداوم كە خواردن‌و خواردنەوە و شیفا بەو شتەوەیە كە لەسكی (بنی هاشم) دێتە دەر!

(الاغانی)

303- **پێكەنین‌و قەشمەری بە جەلادەكان:**

(مسلم بن عقبة) لەسەردەمی (يزيد بن معاوية)دا بەسوپایەكی زۆرەوە (مدينة)یان داگیر كرد, پیاوێكی خەڵكی (مدينة)ی بەدیل گرت‌و فەرمانی كوشتنی بۆ دەركرد, كەسوكاری دیلەكە هاتن بۆلای‌و لەوكاتەدا خواردنی بۆ هاتبوو, دیلەكە گوتی:

(خودا ئەمیر باشبكات)و تەماشای خواردنەكەی دەكردو گوتی بەئەمیر: ئەم خواردنە باوكتم بیردەخاتەوە كە بەكراسێكی

خەتخەتەوە خواردنی بۆ میوانەکانی دائەنا, (مسلم) گوتی: باوکمت دیوە؟

دیلەکەش گوتی: بەڵێ

(مسلم) گوتی: راستدەکەیت و لێی خۆشبوو.

دیلەکە لەبەند دەرچوو, لێیان پرسی: ئایا باوکی وابوو؟ ئەویش گوتی نەواللە.... باوکی.... عەبایەکی بەسەر دڕکا کێش دەکرد, ئێمە بۆ کاروان و کەلوپەلمان, تەنها لەو دەترساین.

(في الاغاني)

## 304-ئەنجامی دەسەلات:

بە (عبدالله بن زبیر)یان راگەیاند کە لەپاش داگیرکردنی عیراق, (مصعب)ی برای دوو ژنی شۆخی لە قورەیش هێناوە, یەکی (1) ملیۆن دیناری بەژنەکان بەخشیوە.

(عبدالله بن زبیر) کە ئەم هەواڵەی بیست گوتی: ئێمە (مصعب) مان نارد بۆ عیراق ئەویش شمشێرەکەی خستەوە کێلان و کێری دەرهێنا.

(في الاغاني)

## 305-کێشەیەکی چینایەتی:

(صمیل بن حاتم) لە ئەندەلوس بەلای حوجرەیەکدا رۆیشت بیستی مامۆستایەك ئایەتی:

(وتلك الاموال نداولها بین الناس), صمیل تۆزێك وەستاو نەخوێندەواریش بوو گوتی:

زۆر خەفەتبارم چونکە لەم کارەدا کۆیلەو خوێڕیو ریسواکان بەشداری ئێمەن.

(في الحلة السيراء)

306-لەبارەی لێپرسراوێك[306]:

(ابو العيناء) وەسفی (ميمون بن ابراهيم)ی بەڕێوەبەری (بريد) دەکات:

ئەگەر پیاوێکی تەنها لە رەفتارەکانی ووردبێتەوە لەهەمان کاتیشدا خۆی لەو رەفتارانە دوور بخاتەوە, ئیتر پێویست ناکات فێری هیچ دابو ئوسوڵێك ببێت.

307-رێنمایی راگەیاندن:

کۆمەڵێك لەبرادەرانی (علی) جنێویان بەخەڵکی (شام) ئەدا, (علی)یش پێی گوتن: بۆ ئێوە ناشرینە جنێو بدەنو لەعنەت لەخەڵك بکەنو خۆیشتان بەراست بزانن, وا راستترە کە باسی رەفتارو کرداریان بکەن.

(في شرح نهج البلاغة)

308-بیرۆکراتیەت:

(عـامر الشعبی)شـەرعزان (الفقیـە) لـەکۆڕەکانی (عبـدالملك بـن مروان)دا ئامادە ئەبوو, جارێك (عبدالملك) قسـەیدەکرد, (عـامر) پێـی گوت:

ئـەی گـەورەی موسـوڵمانان بـا قسـەکانت بـۆ بنوسـم, (عبـدالملك) گوتی ئێمەی گرۆی خەلیفەکان بۆ کەس شت ناخوێنینەوە.

جارێك پیاوێك لەمەجلیسی عبدالملك دا بە (کنیـة) بـانگی یـەکێکی کرد (ابو فلان ...) عبدالملك گوتی لەمەجلیسی خەلیفەکاندا کەس بە (کنیە) بانگی کەسناکات.

ڕۆژێـك (أخطـل) سـەردانی (عبـدالملك)ی کـردو کورسـیەکی بـۆ بانگکرد, (الشعبی) پێی گوت: ئەی (امیر المؤمنین) ئەمە کێیە؟

(عبدالملك)یش گوتی: ئێمەی خەلیفە پرسیارمان لێناکرێت.

(في تأریخ دمشق لابن العساکر)

## 309-دژی مەدح و پیاهەڵدان (فەرمودەی پێغەمبەر):

ئەوانـەی بەخـەڵکا هەڵئـەدەن و سـتایش دەکـەن, دەمیـان پـڕ کـەن لەخۆڵ.

(تأریخ دمشق لابن العساکر)

## 310-سیاسەتی والی و پیاوەتی ئەو:

*سیاسەتەکانی (والی) بریتییە لەم سێ ڕەفتارە سەرەکیە:

لەگـەڵ خـەڵکا نـەرمی, گوێیـان لێبگریـت, ئیشـوکاریان بـۆ ئاسـان بکەیت.

*مروەتو مەردایەتی والی لەسێ رەفتاردایە:

خۆشەویستی زانستو زانایان, سۆزو دڵنەوازیی هەژاران, خۆماندوو کردن لە بەرژەوەندی گشتیدا.

*مەبەست لە (زانست) بەگشتی کە لەسەردەمی (صحابە)و پاش ئەوان (تابعین) دا بەکارهاتووە: زانستی فەرموودەکانی پێغەمبەرو زانستی (شەرع-فقە)و زانستی (تفسیر)ی راڤەی (قران)ە.

(الاحنف بن قیس)

**311-بەتیۆریزەکردنی زوڵم (الاحنف بن قیس):**

ئەگەر (والی) جنێوی پێدای, بەجنێوی مەزانە, ئەگەر بەلووتبەرزی مامەڵەی لەگەڵ کردی, بەلووتبەرزی مەزانە, چونکە بای دەسەڵاتو گەورەیی: زبان والێدەکات جنێوو تووڕەبوونو خۆ بەزلزانینی پێئاسان بێت.

(ابن عساکر)

**312-دژی بیرۆکراتیو خۆ فەرزکردن (شرح نهج البلاغة):**

(علی بن ابي طالب) لە (انبار)ەوە دەچوو بۆ (صفین) جوتیارانی ئەو ناوچانە بەپێ هاتبوون بۆ پێشوازیو لەولاخەکانیان دابەزی بوون, بەگەرمی سلاویان لێدەکردو هێسترەکانیان لەسەر رێگا وەستانبوو.

(علی) گوتی: ئەم هەموو ولاخە چیەو چیتان بەمە زیاد کردووە؟

ئەوانیش گوتیان: ئەمە هەمووی هی خۆمانەو هاتووین رێز لەمیرەکانمان بگرین, ئەو هێسترانەیش بەدیاری بۆ تۆمان هێناوە, بۆ

هاوڕیٚ موسوڵمانەکانیشت خواردنمان ساز کردووە, بۆ وڵاخەکانیان ئالٌفمان ئامادە کردووە.

(علی) گوتی: ئەوەی ئیٚوە کردووتانە بۆ ریٚزو گەورەیی, سویٚند بەخودا, میرەکان سوودی لیٚ نابینن, بەڵکو ئیٚوە خۆتان‌و جەستەتان ئازار ئەدەن‌و ماندووی دەکەن‌و جاریٚکی تریش وانەکەن.

ئەو هیٚسترانەش ئیٚمە ئەگەر لیٚتان وەربگرین لەباجی (خراج) بۆتان قەرەبوو دەکەینەوە, ئەو خواردنەیش کە کردووتانە بەباشی نازانین بیخۆین ئەگەر پارەکەی نەدەین.

ئەوانیش گوتیان: خواردنەکە ئامادە ئەکەین پاشان پارەکەی وەردەگرین.

(علی) گوتی: کەواتە هەر ئیٚوە زەرەرتانە چونکە ئیٚوە خواردنیش دەکەن‌و ماندوویش دەبن, ئیٚمە بەسادەترین خواردن رازین.

(ابن عساكر عن عبدالله بن حسن)

## 313-دژی ئوروستوکراتی (فەرموودەی پیٚغەمبەر):

خراپترین ئومەتی من ئەو کەسانەن لەنیعمەتدا دەژین, جۆرەها خواردن دەخۆن‌و جۆرەها جلوبەرگ دەپۆشن‌و قسەی زلدەکەن.

(ابن عساكر عن عبداللة بن حسن)

## 314-ئیعترافکردن:

(زیاد بن ابیة) لەئامادەبوانی کۆڕەکەی خۆی پرسی:

کیٚ لەهەموو کەس ژیانی خۆشترە؟

ئەوانیش گوتیان: ئەمیرو کۆڕەکەی.

(زیاد)یش گوتی: نەتانزانی: بەڵێ (منبر)و دارەکەی سامیان هەیە, لەغاوو زین تەپڵی سوپا ترسیان هەیە, بەڵام بەختیارترین پیاو ئەو کەسەیە کرێچی نەبێت, ژنێکی باشی ببێتو بەمێردەکەی دڵخۆشبێت, هەردووکیان لەژیانیان رازی بن, نە ئێمە بیانناسینو ئەویش ئێمە نەناسێت, چونکە ئەگەر بیناسین ماندووی دەکەینو شەوو رۆژی لێدەشێوێنینو ئاینو دونیاشی لەکیس ئەدەین.

(ابن عساکر)

**315-هاوکێشەیەکی تێکچوو (ابن عساکر):**

(مالك بن دینار) چووەلای (بلال بن ابی بردة الاشعري) کەوالی (بصره) بوو, پێی گوت:

بیلال! دۆعای خێرم بۆ بکە.

ئەویش گوتی: دۆعای من چ سوودی هەیە بۆ تۆ لەکاتێکدا (200) کەس لەبەرماڵەکەت دۆعای شەڕت لێدەکەن.

**316-ئازاد:**

پیاوێك لەدەست (حجاج) رایکردو گوتی: لە (حجاج) دووربمو دەستیم نەگاتیْ, جیهانێکی پانو بەرینو بیْ سنوورە.

**317-بنەمای ( تجنید الاجباری ) نهایة الارب:**

لەیەکێك لە پێغەمبەرەکانەوە دەگێڕنەوە:

*ئەوەی خانوو دروستدەکاتو تەواوی نەکردووە نایەت لەگەڵ من بۆ (غزا).

*ئەو پیاوەی ژنێکی مارە کردووەو نەیگوێزاوەتەوە با نەیەت..
*ئەوەی کشتوکاڵی هەیەو هەڵینەگرتووە بانەیەت...

## 318-ماناى فیتنە:

(مقداد بن أسود الكندی) لەپاش (مبایعة) و رازیبوون بە (عثمان) گوتی:

ئەگەر پشتیوانم ببێت, وەك چۆن لەجەنگی (بدر)ی یەكەمدا شەڕم لەگەڵ كردن, ئێستایش ئەوها لەگەڵیان دەجەنگم.

(عبدالرحمن بن عوف) پەرچیدایەوە: من زۆر لەتۆ دەترسم ببێتە هۆی فیتنەو دووبەرەكی.

(مقداد)یش پەرچیدایەوەو گوتی:

ئەوەی خەڵكو كاربەدەستان بانگدەكات بۆ هەقو عەدالەت نابێتە هۆی فیتنەو دووبەرەكی, ئەوەی خەڵك راپێچی باتڵ دەكاتو ئارەزووەكانی خۆی دەخاتە پێش هەق, ئەوە فیتنە بەرپا دەكات.

(في شرح نهج البلاغة)

## 319-رۆشنبیری والییەك[319]:

(خالد بن عقاب) لەلایەن (حجاج)ەوە كرابوو بە والی (ری), جارێك خوتبەی بۆ خەڵك ئەداو گوتی:

پێتان ئەڵێم وەك خوا لەقورئاندا فەرموویەتی:

(شیعر): كەس لەمردن رزگاری نابێت

بێجگە لەخودای گەورە

بەخالدیان گوت: جەنابی میر ئەوە شیعری (عدی بن زید)ە.

خالدیش گوتی: بەڕاستی (عدی) جوانی گوتووە.

ژنێکیان هێنایە لای خالید کە لە خەوارج بوو, خالید پێی گوت: ئەی دوژمنی خوا تۆ بۆچی لێمان بە جەنگیت؟ ئەی نەتبیستووە خوا لەقورئاندا فەرموویەتی:

(شیعر): پیاو بۆ جەنگ‌و کوشتارو

ژنی بەشەرەفیش کلك راکێشان

ژنەکەیش گوتی (جهل)و بێ ئاگاییت لەکتێبی خودا وای لەمن کردووە لێتهەڵگەڕێمەوە, نەفرەت لەخۆت‌و لەدەستوپێوەندت ئەی دوژمنی خودا.

### 320-خاڵێکی سەربازی (فەرموودەی پێغەمبەر):

سەبرو خۆگریی لەیەکەم نووچدان‌و بەرکەوتنندایە.

(اخرجە ابن العساکر)

### 321-ئەمانەتی خەلیفەیەك:

(ابو اسود الدؤلي) لەگەڵ (معاویة) دا بەتەنها بوون, (ابو الاسود) لەجووڵەیەکدا تڕێکی لێدا, (ابو الاسود) بە (معاویە)ی گوت بۆم بپۆشەو لایکەس قسە مەکە, پاش ماوەیەك: لەملاولا موعاویە درکاندبووی, (ابو الاسود)یش گوتی: پیاوێکی هێندە ئەمانەتی لاوازبێت نەتوانێت تڕێك بشارێتەوە کەی بەکەڵکی ئەوە دێت ئەمانەتی موسوڵمانانی بخرێتە ژێردەست!

(في سرح العيون)

-چارەنووسی نێربازێك:

(ابو الجیش بن خمارویة الطولوني) حاكمی میسر بوو, لەگەڵ خزمەتكارەكانی نێربازیی دەكردو بەزۆر سواریان دەبوو, لە (شەرعزانانیان – فقهاء) پرسی سزای نێربازی چییە؟ ئەوانیش فەتوای كوشتنیان دان.

بەپیلان شەوێك خزمەتكارانی كۆشكی خۆی لە (دمشق) كوشتیانو دەربازبوون.

(ابن عساكر)

-لە پاش مردنی (حجاج):

رۆژی مردنی (حجاج) لەعێراق زەماوەندبوو, لەهەمان كاتیشدا پیاوێكی خەڵكی (شام) لەسەر گۆڕی (حجاج) وەستابوو, لەخودا ئەپاڕایەوە دەیگوت: خودایە! (لەشەفاعەتی) حەجاج بێبەشمان مەكە!

(سرح العیون)

324-خۆشگوزەرانی یان دیموكراتیەت؟ (الف لیلة ولیلة)

دەگێڕنەوە حاجیەك لەسەفەری حەجدا خەوێكی دوورو درێژی كرد, كە لەخەو هەستا, هاوڕێكانی رۆیشتبوون, ئەمیش رێگەی

گرتو پاش ماوەیەك بزربوو, دەوارێكی بینی پیرەژنێك لەبەر دەرگای خێمەكەدا وەستابوو سەگێكیش لەنزیكەوە خەوتبوو.

حاجی بەرەو خێمەكە رۆیشتو سڵاوی لەپیرەژن كردو داوای خواردنی لێكرد, ژنەكەیش گوتی:

برۆ ئەو دۆڵە مارێك راوكە كە تێرتبكاتو منیش بۆتئەبرژێنمو دەیخەمە بەردەستت.

حاجی دوو دڵ بوو, ژنەكە پێی گوت:

منیش لەگەڵتا دێم راوی دەكەم .. هیچ مەترسە, حاجی وەدووی كەوتو سەگیش شوێنیان كەوت, بەشی خۆیانماریان كوشتو ژنەیش دەیبرژاند, حاجیش لەترسی لاوازبوونو برسیەتی بەناچاریی خۆی تێركرد, پاشان تینووی بوو, ژنەكە پێی گوت: ئەوە كانییە برۆ ئاو بخۆ, كەچووە سەر كانیەكە ئاوەكەی تاڵ بوو, بەناچاریی تێر ئاوی خواردەوە.

حاجی بەپیرەژنی گوت: سەرسامم ئەی پیرەژن! چۆن بەم خواردنو خواردنەوەیە قنیات دەكەن! ئا لێرەدا (شهرزاد) گوتی:

ئەی پاشای بەختەوەر! بۆیان باسكردم كە پیرەژن لەوەڵامی ئەو پرسیارەدا بەحاجی گوت:

ئەی وڵاتی ئێوە چۆنە؟

حاجیش گوتی: لەوڵاتی ئێمە خانووی گەورە, میوەی گەیوی بەتام, ئاوی روونو سازگار, هەموو شتێك لەلای ئێمە خۆشو بەتامە, ئافرەتمان لەجوانیدا وێنەیان نیە مەگەر حۆری بەهەشت, ئەو بەهەشتەی كە خودا بۆ پیاوباشانی خۆی ئامادەكردووە.

پیرەژن بەحاجی گوت:

گـوێم لەمانـە هـەموو بـوو, بـەڵام ئایـا سـوڵتانی ئێـوە زاڵمـە بۆتـان, ئەگەر یەکێکتان گوناهی کرد ماڵ‌و سامانی دەباو لەناویشی دەبات, ئەگـــەر ویســـتی, لـــەماڵیش راتـــان دەمـــاڵێ‌و رەگـــو ریشـــەتان دەردەهێنێت؟

حاجی گوتی: لەوانەیە وابێت!

پیرەژنیش گوتی: کەواتە ئەو خواردنە خۆشەو ژیانە بێ وێنەو ئەو هـەموو نیعمەتـە بەتامـە لەگـەڵ زوڵـم‌و سـتەمدا ژەهـری کوشـندەن, خـواردنی ئێمـەیش لەگـەڵ ئاسـایش‌و ئاسـوودەییدا دەرمـانێکی بەسوودن.

## 325-نارەزایی لەحاکم:

(زیاد بن ابیه) خوتبەیەکی بێسەرو بەریداو گوتی: سوێند بەخودا, بێ گوناه بە گوناهبار دەگرم, بەمرۆڤی یاخی, باش‌و موتیع دەگرم, بەوەی روومان تێدەکات, ئەوانە دەگرم پشتمان تێدەکەن.

لـەم کاتـەدا (ابـو بـلال بـن مـرداس) هەڵسـاو گـوتی: ئـەی پیـاو! قسەکانت بیستمان!

بەخودا لێرەدا دژی فەرمودەکانی خودای کەدەڵێت: (ولا تـزر وازرة وزر أخری) کەس گوناهی کەس هەڵناگرێت.

## 326-ژیانێکی سادە (عمر بن الخطاب)[326]:

خودایـــە! لـــەدنیادا هێنـــدەم پێمـــەدە بـــایی بـــبم‌و توغیانبکـــەم, هێنـدەیش کـەم نـەبێت کەسـاس‌و هـەژار بم, کـەمی بـەپێی پێویسـت باشترە لەوەی زۆر بێت‌و هیچم لەیاد نەمێنێت.

(شرح نهج البلاغة)

327-**خاڵێکی تاکتیکی (على في مالك الاشتر):**

(مالك الاشتر) پیاوێکە لەلاوازیو نووچدان ترسی نییە, ئەوەی پێویستە بەخێرایی بۆی بڕوات سستی تیا ناکات, ئەوەیش سستی پێویستەو باشترە هێدییە پەلە ناکات.

(شرح نهج البلاغة)

328-**بەراوردێك (عمری بن عبدالعزیز نەك حجاج):**

ئەگەر هەموو گەلێك (فرعون)ێ ئامادە بکات, ئێمەیش حەجاج ئامادە بکەین هەموویان دەبەزێنین.

(ابن عساکر)

329-**چەند ئامۆژگاریەکی پابەندبوون بۆ سوپا:**

(عمر بن خطاب) ناردوویە بۆ (سعد بن ابی وقاص):

خواپەرستی باشترین چەکە دژی دوژمن بەهێزترین فریودانە لەجەنگدا, فەرمانتان پێئەدەم کەخۆت و ئەوانەی لەگەڵتان, دووربن لەگوناهو کاری ناشەرعی, بەڕادەیەك باشتربن لەدوژمنتان, چونکە خراپەو گوناهی سوپا ترسناکترە بۆ خودی خۆی لەترسی دوژمن.

(نهاية الادب للنوبري/ ج16)

330-**جەلادێك ئامۆژگاری خەڵکدەکات:**

ڕۆژێك حەجاج خوتبەی بۆ خەڵك ئەدا:

خەڵکینە! سەبرو خۆگریی لەسەر حەرامەکان, ئاسانترە لەسەبرو خۆگریی لەسەر عەزابی خودا.

یەکێك لەکۆڕەکە هەڵساو پێی گوت:

هەیداماو! چەندە روخسارت ناشرینەو بیٚ شەرمیت, چی شتی خراپ هەیە دەیکەیتو پاشان بەمجۆرە ئەدوێی؟

پاش خوتبەکەی کابرایان بانگکردو حەجاج لێی پرسیو ئەویش بەمجۆرە وەڵامیدایەوە:

ئەی حەجاج تۆ ئینکاری خودا ناکەیت بەڵکو پڕکێشیو جورئەت دەکەیت کەخۆت دەبەیتە ریزی خودا, منیش بەرامبەر تۆ پڕکێشیم کرد بەڵام تۆیش بەرامبەر من رەق بویت.

حەجاج پاش ئەم قسانە لێی خۆش بوو.

(ابن عساكر)

### 331-تا چ سنوورێك لەدەسەڵات دووربن:

خوشکی (بشر الحافی) چووەلای (احمد بن حنبل) و پێی گوت: ئێمە لەسەربانی خۆمان تەشی دەرێسین چراکانی (الطاهرية) لەبەرماڵ مان تێدەپەڕنو سەربانەکانمان رۆشن دەکەن- ئایا دروستە لەبەر ئەو تیشکانە تەشی بڕێسین؟

ئەویش گوتی: لەبەر روناکی ئەوان تەشی مەڕێسە (الطاهرية), (طاهر بن الحسين)ە کەبنەماڵەیەکن لەمیرەکانی عەباسی.

(شرح نهج البلاغة)

### 332-چەند ئامۆژگارییەك دژی توندوتیژیو زوڵم:

هەندێکجار هەژارێك دەچێتە خانەقای سۆفیان‌و داب‌و رەسمی سۆفیان دەشێوێنێت‌و پاشان دەری ئەکەن‌و لێی ئەدەن.

جارێك عەرەبێکی دەشتەکی چووە مزگەوت‌و میزی کرد, جامێك ئاویان هێناو شوێنەکەیان شۆردو پێغەمبەر سوکایەتی پێنەکرد, بەڵکو نەرمی لەگەڵ نواندو بەنەرمیش داب‌و ئوسوڵی بۆ باسکرد.

ئەوەی کە دەچێتە خانەقای سۆفیان‌و بەکەڵکی ئەو مەقامە نایەت, بەڕێزەوە بەوشەی جوان دووری بخەنەوە پاشان خواردنی پێبدەن.

(عوارف المعارف)

## 233-گەندەڵی موسوڵمانان

(الوهراني) لەنامەیەکدا بۆ (القاضي الفاضل) دەڵێت:

گەورەم جەنابی قازی! ئاگاداریت کە پێغەمبەر گوتوویە:

باشترین سەدە ئەو سەدەیەیە کەمن تیا کرام بەپێغەمبەر, پاشان سەدەی دواترو... (فان اعطوا منها رضوا وان لم یعطوا منها اذاهم یسخطون) واتە (ئەگەر بەشیان بدرێت رازین, ئەگەر بەشیان نەدرێت تووڕە دەبن).

ئەگەر خودا خەڵکی ئەو سەدەیە بەوجۆرە باسبکات دەبێت خەڵکی ئەم سەدەیە چۆن بن کەسەدەی شەشەمە؟

(مقامات الوهراني)

## 334-لەبارەی شەرعزانێکی –فقیە- خراپەوە:

بەفڕوجێك (فرج) حەلاڵ دەکات, بە سادەترین قسە ماڵ حەلاڵ دەکات, ئەگەر مەدارسی بخرێتە ژێردەست, زانست‌و خوێندەواری

دەكات بەكەلاوەو (وێرانە)، كەچووە سەر میحراب هانی ژنان ئەدات كە ئاگایان لەوەعدو وەفا بێت ... پاشان چونكە لەئایندا لاوازەو بڕوای كزە، بەدانیشتنەوە نوێژ دەكات و ئازاری نیە، لەسەر یەك پێ و بەوەستانەوە میز دەكات!

(مقامات الوهراني)

335-**لەبارەی سوڵتانەوە:**

مەلیكی خاوەن شكۆ خودا تەمەنی درێژبكات، ڕۆژگار تالان دەكات و كاتەكان بەهەڵپەوە تەرخاندەكات بۆ رابواردنی خۆی، لەوكاتەوە هاتۆتە میسر نزیكەی 170 هەزار دیناری خەرج كردووە، ئەم بڕە پارەیە وەك خرابێتە ناو بیرەوە سۆراخی نیەو هەمووی بۆ رابواردن و گەوادەكان خەرج كردووە.

ئەو كەسەی ئەم باسی دەكات یەكێكە لەبراكانی (صلاح الدین).

(مقامات الوهراني)

336-**رزقی خاوێن ( سري السقطي ):**

باشترین رزق ئەوەیە كەدووربێت لە (5) شت:

بەگوناهو خراپە پەیدا نەكرابێت، بەزەلیلی و سەرشۆڕی كۆنەكرابێتەوە، بەسوال و خەڵك فریوادن، بەغەش و ناپاكی لەپیشەدا، بەفرۆشتنی ئەو شتانەی گوناهیان پێدەكرێت، بەتێكەڵی و مامەڵەكردنی زاڵمان.

(طبقات الصوفية لعبدالرحمن السلمي)

337-**شكاندنی وەزیرێكی فیزن و لووتبەرز:**

(ابن خنزابة)ی وەزیر جارجارە لووتی بەرز دەکردەوە, پیاوێك ناوی (سیبویە) بوو پێی گوت:

–وەزیر بۆنی پیسدەکات والووتی بەرز دەکاتەوە؟

وەزیریش سەری شۆڕ کردو وەڵامی نەدایەوە.

(یتیمة الدهـ)

## 338-بەڕێوەبەری بەندیخانەو بەندکراوێك:

(عبیدالله بن زیاد) (ابو بلال مرداس)ی (خارجی) خستە بەندیخانە, لەبەرئەوەی (ابوبلال) قسەخۆش‌و خواناس بوو, ڕێگەی پێدا کەبەشەو بچێتەوە ناوماڵی خۆی‌و بەیانی زوو بێتەوە بەندیخانە.

ڕۆژێك (ابن زیاد) بڕیاریدا کە بەندکراوەکانی (خوارج) بکوژێت, کە هەواڵەکە گەیشتە (ابو بلال) بەپەلە گەڕایەوە بەندیخانە.

(شرح نهج البلاغة)

## 339- پێشبینی:

(عوف بن مالك) لەسەردەمی (عمر) دا گوتی:

–ئەی تاعوون بمبە!

گوتیان بۆچی؟

گوتی: لە (6) شت دەترسم:

خەلافەتی (بنی امیة), ئیمارەتی گەنجی هەرچی‌و پەرچی, بەرتیلخۆری لەحوکمدا, خوێنڕشتنی ناهەق, زۆربوونی پۆلیس, مناڵە وردە قورئان دەکەن بەگۆرانی.

(شرح نهج البلاغة)

340-دژی زوڵم و سەرکوتکردن (علي بن ابي طالب)[340]:

پێویستە لەسەرئەوانەی کە (أهل العصمة)ن و پاکو بێگەردن و ئەوانەیش کە دەستنێژو دروستکراوی ئەوانن, بەزەییان بەگوناهکاراندا بێتەوە.

(نهج البلاغة)

341-چەند پیشەیەکی قێزەون:

-فرۆشتنی کفن چونکە چاوەڕوانی مردنی خەڵکە.

-قەساب چونکە دەلڕەقیی تێدایە.

-فرۆشیاری خواردن چونکە زۆر پێویستی خەڵکە, بەگران دەفرۆشرێت.

-دەلاڵی: کەم دەلاڵ هەیە درۆ نەکات و زێدەڕۆیی لەمەدح و سەنادانەکات بەتایبەتی مەدحی دەوڵەت, چونکە هەقەکەی دیاریی نەکراوە, هەندێك جار کەم و هەندێك جاریش زۆرە, ڕێژەیەك دیاریی نەکراوە بۆ کارەکەی ئەمەیش زوڵمە چونکە دەبێت هەقەکەی بەپێی ماندوو بوونی بێت.

(أحياء علوم الدين/ كتاب الكسب - الغزالي)

342-چەند پیشەیەکی باش(342):

بازرگانی – بەرگدروو, پیشەی خەفافی (پێڵاودروو) رستن و چنین, ئاسنگەری, راوی دەریاو وشکانی, (الوراقة) کۆپی کردنی کتێب و دابەشکردنی.

### 343-دەستماچکردن :دەڵێن ( علي بن ابي طالب ) گوتوویە :

بۆ پیاو حەڵاڵ نییە دەستی کەس ماچ بکات بێجگە لەخێزانی منداڵی.

(احياء علوم الدين للغزالي)

### 344-وازهێنان و دوورکەوتنەوە لەدەسەڵات :

یەکێکی سەربازی (عسکری) لەشەرعزانێکی (فقیە) پرسی کە رێگای نیشانبدات, شەرعزان بێدەنگ بوو بگرە خۆی کرد بەکەڕ, هۆی ئەمەیش: ترسانە لەوەی ئەو رێگە نیشاندانە ئەنجامەکەی زوڵم بێت, لەوکاتەدا ئەم دەبێتە یاریدەدەری زاڵم.

(غزالی) ئەم بابەتە لەسەری ئەدەوێت:

ئەم بۆچوونە زێدەڕۆییە (مبالغە), وە پێشینان لەگەڵ فاسقان و کافرانی (أهل الذمة) بەکار نەهاتووە, بەڵکو تەنها تایبەتە بەزاڵمانەوە, چونکە گوناه دوو بەشە: (لازم) و (متعدی), فیسق و خراپە (لازم)ە, واتا زیانی تەنها بۆ خۆی هەیە, هەروەهایش (کفر) دەستدرێژیە لەسەر مافی خوداو خۆی حسابیان لەگەڵدەکات. بەڵام گوناهی والیەکان بەزوڵمکردن (معتدی)یە سەرەنجامی زوڵمکردن تەشەنە بۆ خەڵك دەکات و رەنگئەداتەوە.

**345-هەڵوێست:**

**(حجاج) (فیروز بن حصنی)ی گرت پاش رووخانی بزوتنەوەی (ابن الاشعث), حەجاج فەرمانیدا کە ئەشکەنجەی بدەن, کە (فیروز) هەستی کرد بەنزیکبوونەوەی مردنی, بەجەلادی گوت:**

**خەڵك دڵنیان کە کوژراوم, وەمنیش ئەمانەتو سامانم هەیە لەلای خەڵك, دیارە کە مردم ئەوان ئەمانەتو سامان ناگێڕنەوە بۆ ئێوە, کەواتە لەپێشچاوی خەڵك بادەرکەومو بزانن کەمن زیندووم, ئەوکاتە ئەمانەتەکانو سامانەکان دەگێڕنەوە بۆتان.**

**لەپاش پرسکردن بەحەجاجو رازیبوونی, لەبەندیخانەوە برا بۆ دەروازەی شارو بەدەنگێکی بەرز گوتی:**

**خەڵکینە ئەوەی دەمناسێت باشە, ئەوەیش نامناسێت من (فیروز بن حصین)م, ئەوەی پارەی منی لایەو قەرزاری منە هەمووی بۆخۆی بێتو گەردنی ئازاد بێتو یەك درهەم نەدەن بەکەس.**

**(الکامل بالتأریخ)**

**346-سەرەتاکانی دەسەڵات:**

**سەرەتای زوڵم لەئومەتی محەمەددا لەوکاتەوە دەستیپێکرد گوتیان: رێگە چۆڵبکەنو هاتوچۆ لەرێگادا بوەستێت چونکە لێپرسراوان لێرەوە گوزەر دەکەن!!**

**347-رۆشنبیرو جەللاد:**

خەلیفە (مأمون) بە (ثمامة بن أشرس)ی (معتزلی)ی گوت: سەختترین بەڵا چییە؟

(ثمامة) گوتی: زانایەك, نەفامێك حوكمی بكات.

خەلیفە گوتی: لەكوێدا ئەم قسەیەتكرد؟

(ثمامـة) گـوتی: (رشـید) لـەلای (مسـرور الكـبیر) بەنـدیكردمو هەناسەی پێتەنگكردم, رۆژێك ئایـەتی قورئـانی دەخوێنـدەوە: (ویـل للمكـذبین – بفـتح الـذال) واتـە دۆزەخ بـۆ ئـەو كەسـانەیە كـە درۆیـان لەگەڵ كراوە.

منیش پێمگوت جەنابی میر بێـژە (ویـل للمكـذبین – بكسـر الـذال) واتـــە دۆزەخ بـــۆ ئەوكەســـانەیە درۆ دەكـــەن, درۆ بۆكراوەكـــان پێغەمبەرانن.

(رشید) یش گوتی: بۆیان باسكردووم كـەتۆ (قـدری)و (معتزلـە)یت رزگـارم نابێـت لەدەسـت تـۆ, ئـەمڕۆیش باشـترین شـت مردنـەو رزگـار بوونم لەو هەموو سزاو ئەشكەنجەیە.

(شرح نهج البلاغة)

348-خۆڕاگریی جەنگاوەرێك:

لەهەندێك جەنگدا پرس دەكرا بە (علی بن طالب) ئەگـەر وڵاخـەكان رەویانكرد لەكوێ داوات بكەین؟

ئەویش گوتی لەو شوێنەی كەبەجێتان هێشتووم.

(شرح نهج البلاغة)

349-مەرجەكانی پێویست بۆ قازی:

1–دیاریو سەوقات لەرۆژانی کاری فەزاوەتدا وەرنەگرێت, مەگەر ئەو کەسە لەپێش قەزاوەتیشدا بۆی هێنابێت, نابێت دیاری لەو کەسە وەربگرێت کە کێشەو (مرافعة)ی هەیە لای ئەو, تەنانەت ئەگەر لەکۆنیشدا دیاری بۆ بردبێت, تەنانەت دروست نیە ئەگەر دیاری کۆنیش زۆر بەنرخترو بەرزتر بێت لەهی ئێستا.

2–قازی بۆی هەیە بچێتە ئاهەنگو شایی, نەك بۆ هەندێكو هەندێکیش نەچێت, چونکە فەرقکردن دەبێتە ناعادلی.

3–بۆ قازی جوان نییە راستەوخۆ شتبفرۆشێت یان شتبکڕێت.

4–نابێت بچێتە دادگە لەکاتی تووڕەبوونو برسیەتیو تینووبوونو خەفەتباریو دڵخۆشیی زۆردا, نابێت لەکاتی دادگاییدا وەنەوز (نعاس) زاڵبێت بەسەریاو نەخۆشی پەستی کردبێت, نابێت تەنگاو بێت بۆ تەوالێت, نابێت زۆر گەرماو زۆر سەرمایبێت.

5–دەبێت لەشوێنێکی بەرزدا بێتو هەمووکەس بگاتە لای.

6–واجوانە شوێنی دادگایی فراوانبێت.

(ملخص من شرح نهج البلاغة)

350-**ناوو کردار:**

پیاوێك لەسوپاکەی ئەسکەندەردا لەهەموو شەڕێکدا خۆی ئەدزیەوە, ئەسکەندەر لێی پرسی ناوت چییە؟

گوتی: ناوم ئەسکەندەرە.

ئەویش گوتی: یان ناوت دەگۆڕیت یان کردارت.

### 351-ئۆرستۆكرات:

(عمـر) پيـاوێكى دى بەدەسـتى خـاوو قاچـفرێدانەوە بەلەنجـەو خۆبادانـەوە دەڕۆيشـت, پێـى گوت:ئـەمجۆرە رۆيشـتنە لابـە, ئـەويش گوتى: ناتوانم, فەلاقەيەكى باشى كردو تەركيكرد.

(شرح نهج البلاغة)

### 352-دەمارگيريى خێڵايەتى:

(ابو ربيع الغنوى) عەرەبێكى دەشتەكى وشك و فيـز زل بـوو, لێيـان پرسى:

-كێ باشترين خەڵكە؟

-خەڵك (تۆ بێژى مەبەستى لەوە بێت كـە مـرۆڤ باشـترين ئافەريـدى خودايە؟)

-كێ باشترينى خەڵكە؟

-عەرەب

-باشترين عەرەب؟

-مضر

-باشترينى مضر؟

-قەيس

-ئەى كێ لەقەيس باشترە؟

-عەشيرەتو خێڵ

-ئەى كێ لەعەشيرەت باشترە؟

-غنى(عەشيرەت)

-ئەى (غنى) كێيە؟

–ئەوەی لەگەڵ تۆ قسە دەکات.

–ئایا حەز دەکەیت کچی (یزید بن المهلب) بخوازیت؟

–نەوالله

–حەز دەکەیت خاوەنی هەزار دینار بیت؟

–نەخێر

–ئەی (2) هەزار دینار؟

–نەخێر

–ئەی حەز دەکەیت لە (جنة)؟

–(تۆزێك بێدەنگ بوو) بە مەرجێك منالی لێم نەبێت.

(نهایت الادب للنویري)

353-دۆخی ئاسیایی (معاویة بن ابي سفیان):

ئێمە زەمان و رۆژگارین، ئەوەی بمانەوێت بەرزیدەکەینەوە، ئەوەیش نەمانەوێت دایئەبەزێنین.

(نهایة الادب للنویري)

354-ترسان لەمێژوو:

(حجاج) گوێی لەیەکێك بوو باسی ژیانی (ابوبکرو عمر)ی بۆ دەکردن، ئەوەی دڵی خەڵك دەگۆڕێت دژی (أمیر المؤمنین) حجاج گوتی: مەبەستی خەلیفەی ئەمەویە: ئەمجۆرە پیاوانە کە دائەنیشن و باسی ژیانی ئەبو بەکرو عومەریان بۆ دەکەن، ئەوانیش دژی خەلیفە شۆڕش دەکەن.

(ابن عساکر)

### 355-هەستێکی چینایەتی (سليك بن السلكة):

سەرزەنشتی کردمو لێم تووڕە بوو, وادیارە حەزی لەوانەیە کە قژیان بەلای گوێدا شۆڕ دەکەن, پووریێکم هەیە لەناو پیاواندا و خەفەتی منی پیرو سەرسپی کردووە بەوە خەفەت دەخۆم کەئەو ژنانە زوڵمیان لێدەکرێتو ناتوانم بە سامانو پارە رزگاریان بکەم

مەبەستی لەو ژنانە: زنجیە کۆیلەکانە, (سليك)یش رەشپێست بوو لەسەردەمی پێش ئیسلامدا (جاهلية).

### 356-زوڵمی گشتگیر:

پیاوێك دەیگێڕێتەوە: لەدەستی حەجاج هەڵهاتمو سەری خۆم هەڵگرت, دام بەلای گوندێکدا سەگێك لەسێبەری گۆزەیەکدا نوستبوو, لەدڵی خۆمدا خۆزگەم بەو سەگە خواردو نەدەترسام لە حەجاج, لەپاش ماوەیەك دامەوە بەلای هەمان گونداو پرسیم لەبارەی سەگەکەوە, گوتیان بەئەمری حەجاج کوژرا.

(سرح العيون)

### 357-دزەکانی فتوحات:

(موسى بن نصير) لەپاش فەتحی (اندلس) نامە بۆ خەلیفە (وليد) دەنێرێت: ئەمە (فتح) نیە بەڵکو رۆژی حەشرە!

(موسى) سامانی تالانیو سەوقاتیەکانی (دیاری) هەڵگرتو چوو بۆ میسر, کە (وليد) نەخۆش کەوت, نامەی بۆ (موسى) نارد کە خێرا بگەڕێتەوە, سولەیمانی جێگری (وليد) نامەی بۆ (موسى) نارد

کە نەگەڕێتەوە هەتا (ولید) دەمرێت بۆ ئەوەی سامانی تالانی کە لەلای (موسی) یە بگەڕێتەوە بۆ سولەیمانی جێگری!

کە بەنەخۆشی کوشندە (ولید) مرد (سلیمان) بوو بە جێنیشینی و لەیەکەم دەسەڵاتیدا بڕی (100) هەزار دیناری کرد بەماڵ لەسەری و لەسامانی (بۆ ماوەی – ارث) وەری گرتەوە, پاشان (عبدالعزیز)ی کوڕیشی کوشت کە (ولی عهد) بوو لە (أندلس) و سەرەکەیان ناردەوە بۆ (سلیمان)و پێیان گوت: دەیناسیت؟

سولەیمان گوتی: بەڵێ دەیناسم زۆر بەگەرمی نوێژی دەکردو رۆژوی دەگرت, ئەگەر بکوژەکەی لەو باشتربوو, لەعنەتی خودای لێبێت!

(الحلة السیراء)

## 358- پەرچدانەوەیەك لەشوێنی خۆیدا:

(عباس بن احمد بن طولون) لەژیانی باوکیدا چوو بۆ ئەفریقیا (تونس) یەکەمجار لەشاری (لبدة) جێگیر بوو, سەرۆکی ئەو ناوچەو خەڵکەکەی پیشوازیان لێکردو خزمەتیان کرد.

لەپاش ماوەیەك (عباس) فەرمانیدا بەتالانکردنی شارەکەو ئەتککردنی ژنەکانیان, (الیاس بن منصور)ی سەرۆکی (أباضیة)کان لەچیای (نفوسە) زۆر تورە بوو, (12) دوازدە هەزار جەنگاوەری (اباضي)کۆکردەوە, (ابن الاغلب)یش هاتەپاڵ (الیاس), هەردوو هێزەکە گەمارۆی (عباس)یان داو هەموو کوڕە ئازاکانی سوپاکەی کوژران و گشت سامان و ماڵی تالان کران, خۆیشی هەڵهات بۆ (برقە).

(ابن عساكر)

359-لەرەوشتی (خوارج)ەکان (شرح نهج البلاغة):

یــەکێك لــە (خوارج)ەکــان لــەماڵی یــەکێك لــەبرادەرەکانی خــۆی شاردەوە لەترسی (حجاج)، خاوەن ماڵەکە بۆ کارەکانی خۆی چوو بەســەفەر، بەژنەکــەی گــوت: ئــەی (طبیــا)! –نــاوی بــووە– ئاگــات لەمیوانەکەم بێت، ژنەکەیش زۆر جوان بوو.

لەپاش مانگێك کە لەسەفەر گەڕایەوە، لەژنەکەی پرسی میوانەکەم چۆنە؟

ژنەکەیش گوتی: میوانەکەت نابینایەو هیچ نابینێت، خاوەن ماڵ بۆی رۆشن بوو کە برادەرەکەی خۆی کردووە بەکوێر نەبا تەماشای ژنەکە بکات.

360-ترس و تۆقاندن بەهۆی زانستەوە:

لەچیرۆکی (سیف الملوك) دا (الف لیلة) باسی پیاوانێك دەکات کە (غول) کوێری کردبوون، پرسیاریان کرد چۆن بووە؟

ئەوانیش گوتیان: بەپیاڵە شیرتان بۆ دەهێنن و پێتـان دەڵـێن: ئێـوە ماندووی سەفەرن ئەم شیرە بخۆنەوە.. کە خواردتان وەك ئێمەتان لێدێت واتا کوێر دەبن.

(الف لیلة)

361-دژی سەرکوت و تۆقاندن:

**لــه (مكحــول)ەوە دەگێڕنــەوە کــە: ئیــبراهیم پیــاوێکی دی زینــای دەکــرد, دۆعــای لێکــردو خــودا کوشــتی, پاشــان پیــاوێکی دی دزی دەکرد, ئەویش دوعای لێکردو کوشتی.**

**پاشان خودا بە (ابراهیم)ی گوت:**

**ئەی ئیبراهیم! واز لەبەندەکانم بهینە, بەندەی من لەسێ حاڵەتدایە:**

**یان تۆبە دەکاتو منیش لێی قبوڵدەکەم.**

**یان منداڵەکانو نەوەکانی باشدەکەمو عیبادەتم بۆ بکەن.**

**یان گوناە بەسەریاندا زاڵدەبێتو دۆزەخ دەبێتە جێگەیان.**

***(سمرقندی) لەکتێبی (بستان العارفین)دا دەڵێت:**

**پێویستە پیاو لەگەڵ خەڵکدا نـەرم بێـتو رووگـەش بێـت ئـیتر ئـەو خەڵکە باش بێت یان خراپ, سونی بێت یـان غـەیر سـونی, ئەمـەیش نەك بەشێوەی هەڵدانو تاریفکردن چونکە لەم کاتەدا ئەوان وادەزانن کە کارو رەوشتیان باشە, چونکە خودا بە (موسی) دەڵێت:**

**(فقـولا لـه قـولا لینـا لعلـه یتـذکر أو یخشـی – بەنـەرمی پێـی بڵـێن بەشکم بیر بکاتەوەو بترسێت)**

**دیارە تۆیش لە (موسی و هارون) باشتر نیت, خراپیش لە (فرعون) خــراپتر نیــە, خــودا ئــەمریکردووە بــەهارونو موســا کــە بەنــەرمی قسەیان لەگەڵ بکەن.**

**(طلحة بن عمیر) دەڵێت:**

**بە (عطا)م گوت: تۆ پیاوێکیـت هەمـەجۆر خـەڵك لێـت کـۆ دەبنـەوە, منیش یەکێکی تووڕەو قسە رەقم بەتوندی لەگەڵیان ئەدوێم, ئەویش پێی گوت:**

وامەبە! ئەوەتا خودا دەفەرموێت:

(وقولوا للناس حسنا) واتە: بەباشە لەگەڵ خەڵكدا بدوێن‌و مانای ئەم ئایەتە جوولەكەیش‌و دیانیش دەگرێتەوە چجای موسوڵمان.

362-ڕەشەخەڵکو ئاژاوەچی[362]: (ابوبكر الوراق)ی سۆفی:

عەوام‌و ڕەشەخەڵك دەروونیان‌و كرداریان باشەو زمانیان خاوێنە, ئەوەی ئەم سیفاتانەی تیا نەبێت, ئاژاوەچین نەك (عوام).

363-تلیاكی گەلان (سۆفیەك):

ئەوەی بەڕۆژا هەڵپە دەكات بۆ دابینكردنی خواردن, گوناهی لەسەر دەنوسرێت, چونكە ئەوە نەبوونی متمانەیە بەرەحمی خوداو بڕوانەبوونە بەوەی كە خودا پێشتر ڕۆزی دابەشكردووە.

364-چەند هەناسەیەكی (مسیح)یانە:

هەندێك لەسۆفیەكان گوتوویانە:

*نەترس‌و شوجاع ئەو كەسەیە كە شەو و ڕۆژ نەكاتەوە لەكاتێكدا دڵی شتێكی تیا بێت بەرامبەر كەسێك.

*سۆفیەكی دی گوتی: بگرە نەترس‌و شوجاع ئەو كەسەیە كە شەو و ڕۆژ نەكاتەوە لەكاتێكدا كەسێك گلەیی لەو هەبێت.

*سۆفی وەك زەویە, پیسی تیا بزر دەكرێت, وەلێ تەنها شتی بەسوود پێشكەش دەكات.

ئاگاداری: مەبەست لە (مسیحیات) ئەو راوبۆچوونانەیە كەوەك ئاینی مەسیحی وەهان نەك ئاینی مەسیحی.

365-هەواڵەکانی تاوانکاری:

پیاوێك هاتەلای پێغەمبەر بۆ ئەوەی ئیسلام ببێت, پێشئەوەی (شایەتومان) بهێنێت, ئیعترافیکرد لەسەر تاوانەکانی خۆی کە: گۆڕ هەڵکەن و کفندز بووە,

پێغەمبەر گوتی: هەتا ئێستە تۆبەو پەشیمانیت قبووڵە.

پاشان کابرا گوتی:

کچە کۆیلەیەك لە (أنصار) مرد, گۆڕەکەم هەڵکەندو کفنەکەم لێداماڵی, پاشان شەیتان زەفەری پێبردمو گەڕامەوەو لاقەم کرد.

ئالێرەدا پێغەمبەر هاواریکردو کابرای دەرکرد.

(تنبیه الغافلین)

366-رەگەزپەرستی (الزهری):

بەهەشتیەکان بەعەرەبی ئەدوێن و دۆزەخیەکان بەهیندی.

(بستان العارفین)

367-ئەو کارانەی پاداشتو (خێر)یان بەردەوامە:

حەوت شت هەیە مرۆڤ پاش مردنی خۆیشی, ئەجرو پاداشتی لەلای خوداوە بۆ دەنوسرێت:

1-دروستکردنی مزگەوت.

2-جۆگەو راکێشانی روبار.

3-هەڵکەندنی کارێزو کانی.

4-رواندنی درەخت.

5-فێرکردنی زانست.

6-نووسینەوەی قورئان.

7-بەجێهێشتنی مندالّی باش.

(تنبية الغافلين)

368-تلیاکی گەلان( أنس بن مالك )[368]:

کۆمەڵێك لەهەژاران نوێنەرێکیان نارد بۆلای پێغەمبەرو پێی گوت: ئەی پێغەمبەری خودا! من نوێنەری هەژارانم بۆلای تۆ, ئەویش گوتی: سلاّوو ریزمان بۆ تۆیشو بۆ ئەوانیش, تۆ نوێنەری کەسانێکیت کە خۆشەویستی خودان, نوێنەری هەژارانیش دەڵێت: دەوڵەمەندان هەموو خێریان بۆ خۆیان بردووە, ئەوەتا حەج دەکەنو ئێمە ناتوانین, شت دەبەخشنو ئێمە نیمانە, کە نەخۆشدەکەون زێدە ماڵیان دەنێرن بۆ قیامەتو ئێمە نیمانە, پێغەمبەر گوتی: لەجیاتی من پێیان رابگەیەنە کە: ئەوەی خۆگرەو سەبر دەکاتو حیسابی بۆ دەکرێتو سێ جۆر پاداشتی هەیە کەبۆ دەوڵەمەندان نییە (سێ جۆرەکەیش هەمووی رۆژی قیامەتە)

(تنبية الغافلين)

369-خواردنی دەوڵەت ( السمرقندی ):

ئەگەر بۆ میر مانگایان سەربڕی, ئەوە خۆی نایخواتو دەینێرێت بۆ خەڵکی ناو بەندیخانە.

370-( حسان ) داكۆكی له ( جبلة ) دەكات:

لەبارەی كێشەی پەشیمانبوونەوەی (جبلة بن الأبهم)ەوە (عمر بن الخطاب) به (حسان بن ثابت)ی گوت:

ئەی (ابا الوليد)! زانيوتە (جبلة)ی برادەرت لەدين وەرگەڕاوەو بۆتەوە به ديان؟

حەسان گوتی: (انا لله وانا اليه راجعون) و بۆچی؟

عومەر گوتی: لەسەر ژنێكی زيناكار پياوێك زللەيەكی لێدا.

حەسان گوتی: هەقی خۆی بووە!

عومەريش بەشووڵكی دەستی, له (حسان)يدا.

371-هەندێك كێشەی چينايەتی ( العامری في مناقب الاسلام ):

شەرەف و نرخی مرۆۋ بەلای پاشايانی عەجەم (ساسانيەكان) بەسترابوون به بنەماڵەو (وەجاخزادەييەوە), رەشه خەڵكی خۆيان بۆيان نەبوو لەئاستو پلەيەكی كۆمەڵايەتيەوە هەڵكشێن بۆ پلەيەكی تر.

دياره ئەم سيستمه رێگەی گرتبوو له (يەكسانی) و بەرزبوونەوە بۆ ئاستێكی بەرزتر.

فارسەكان پێش ئيسلام چەوساوەبوونو كۆيله, پاشاكانيان خۆيان ناونابوو (خدايكانيه)و غەيری خۆيان به (دهكانية).

گۆمان لەوەدانيه كه كردنی مرۆڤی ژيرو ئازاد بەكۆيله, ئەوپەڕی نامەردیو خراپەيەو تەسليم بوونه بەدڵڕەقیو ستەمكاری.

**372-ڕەوش ئاسیایی**[372]:

*کۆمەڵێك لەبازرگانانی بیابانی مەغرب لایەنی پاشاکانیان مسۆگەر کرد, زەویشیان بۆ مسۆگەر بوو, سامانیان هێندە زۆر بوو لەژماردن نەدەهات.

*(موفق) کەمیرێکی عەباسی بوو, (سلیمان نوری وهب)و کوڕەکەی خستە بەندیخانە چونکە زۆر دەوڵەمەندبوون, بەم بۆنەوە (ابن الرومی) دەڵێت:

ئایا زانیوتە سامان سەری خاوەنەکەی دەخوات کەهێندە زۆر بوو, زۆرتریش رادەکێشێت و ڕێگا دەبڕێت.

*سواڵکەرێك لەسەردەمی خەلافەتی (مهدی)دا لەسەر پردێك هاواری دەکرد:

خودایە! دڵی خەلیفە نەرمبکە مووچەی سەربازەکانی بدات, ئەوانیش سامانیان زۆر دەبێت و (زکاة) یان لەسەر فەرز دەبێت, ئەوکاتە منیش شتێکم دەستدەکەوێت.

مەبەستی ئەم پیاوە سووڕی (دورة) ئابورییەکە لە دەوڵەتەوە دەستپێدەکات و لەلای سواڵکەر تەواو دەبێت: خەلیفە – سەرباز– بازرگانان–سواڵکەر.

**(في الاغانی)**

*(محمد بن عمر العلوی) لەبەغداو لەساڵی (390)ك دەوڵەمەندترین کەسی شاربووە, (عضد الدولة) (هەزار هەزار دینار)ی بە (سەرانە) لێسەندو بەندیشی کرد.

**(شذرات الذهب)**

**373-مووچەو نرخ:**

**مووچەی قازی کوفە لەسەردەمی (عمر)دا (100) سەد درهەم بووە لەمانگێکدا, مووچەی مانگێکی قازی بەسرە (ایاس بن معاویة) لەسەردەمی (مەروانی) خەلیفەی ئەمەویدا (100) سەد درهەم بووە.**

**مووچەی (عمرو بن العاص) کەوالی میسر بوو لەسەردەمی (عمر بن الخطاب)دا (200) دوو سەد دینار بووە.**

***گرانترین نرخی مانگایەك لەسەردەمی پێغەمبەردا (7) درهەم بووە.**

***(عبداللە بن سلیمان) لەوکاتەدا چۆتە کوفەو دەیگێڕێتەوە: کەچوومە شار (1) درهەمم پێبوو, (30 مد) پاقلەم پێکڕیو رۆژی (مد) یکم دەخوارد.**

**(مد) پێوەرێکە بەشی کەسێکی مامناوەندی دەکات.**

**لەوکاتەدا نرخی مەی (شراب) لەبەغدادو لە ناوەڕاستی سەردەمی عەباسیەکاندا بە (2) دینار بووە.**

**(في شذرات الذهب)**

**374-گومرگو قاچاخچێتی (فی الاحاطة)**

**باسکرا کە یەکێك کالایەکی بەنرخی هێناوەو دەیەوێت لەباجی زۆری ئەوکاتە بیشارێتەوە, لەوکاتەدا پیاوێکی کەشخەو پۆشتەی دی وای گومانبرد کە یەکێکە لەسەرۆکەکانی سوپا, کابرای بازرگان چووە بەردەمیو تکای لێکرد کە کالا بەنرخەکەی بۆ دەربکات,**

ئەویش لێی وەرگرت و شاردیەوە, بەڵام کابرای بازرگانی خاوەن کاڵا لەپاش چەند هەنگاوێك رایکردو خۆی شاردەوە.

کابرای کەشخە کەهەواڵی خاوەن کاڵای پرسی, پێیانگوت هەڵهات, ئەمیش کاڵاکەی لێکەوت و خۆی گرتەوە, کابرای خاوەن کاڵاکە لەناو ژوورەکـــەدا چـــاوەڕوانیدەکرد, ئەمانەتەکـــەی بـــۆ گێڕایـــەوەو سەرسامیش بوو.

376-هەندێك بابەتی راگەیاندن (ابن عساكر):

*خەلیفـە (عبـدالملك بـن مـروان) پیـاوێکی (خـوارج)ی رۆشـنبیرو شارەزاو قسەزانی گرتبوو, لەهەمان کاتیشدا زۆر بەم پیاوە (معجب) بوو.

خەلیفە پێی گوت:

بۆیە حەپسم کـردووی چونکە دەزانم بـەو زبانـە شیرینەت زۆربـەی رەعیەتم لەخشتە دەبەیت.

*(عبید الله بن زیاد) لەبارەی (خوارج)ەکانەوە دەڵێت:

زمـانی ئەمانـە هێنـدە زوو دەچـەقێتە دڵ وەك ئـاگر بەربێتـە بێشـەو قامیشەڵان.

376- پێکەوەژیانی ئاینەکان لە ئەندەلوس:

موسـوڵمانان وجوودیـان مـاوەی 700 سـاڵ لەئیسـپانیادا پێکـەوە ژیان, بەڵام لەپاش (هەڵگەڕانەوە) توندوتیژی و نەبوردن زاڵ بوو

National Geogtaph vol 161 Ns Jvne 1982

**377-دوو سیاسـەتی دارایـی – قورەیشـی یـەکان دەڵـێن (ابـن بکـار) گوتویەتی:**

(مـروان بـن حکـم) گـەورەی (مدینـة) بـووە لەسـەردەمی موعاویـەدا هەنـدێك بـە (مروان)یـان گوتـووە: مـاڵ مـاڵی خودایـەو (عمـر)یش لەشوێنی خۆیدا دابەشیکردووە, (مروان)یش گوتی:

ماڵ ماڵی موعاویـەی (أمیر المـؤمنین)ە بەهەوەسـی خـۆی دابەشـی دەکاتو بەهەوەسی خۆیشی دەیگرێتەوە.

**378-دۆخی ئاسیایی (الاموال لابوعبید):**

*(مالـك بـن أنس) و (سـفیان الثـوري) کۆکبـوون لەسـەر ئـەوەی کـە (خاوەنی ئاو) بۆی نیە ئاو نەدات بـە رێبـوارو کـاروانی (چ بـەخۆی چ بەوڵاخو ئاژەڵی).

رای مالك: خاوەن ئاو بـۆی نیـە ئـاوی (زیـاد لـەخۆی) نـەدات, بـەڵام سـفیان دەڵێـت: پێـدانی ئـاو واجـب نیـە. بـەڵام بۆچـوونی (مالـك) بەهێزترە, چونکە فەرموودەی پێغەمبەر هەیە کە (ابن عمر) ریوایەتی کردووە: پێغەمبەر فرۆشتنی ئاوی (زیاد لەخۆی) قەدەغە کردووە.

*لە(رحلة ابن بطوطة)دا هاتووە:

هـۆی داهـاتی میسـر دەگەڕێتـەوە بـۆ ئـەوەی کـە گشـت موڵکـەکانی میسر بۆ (بیت المال)ە.

**379-چ کاتێك بەرتیل حەڵاڵە؟ (المقنع) لابن قدامة:**

بۆ فەلاح دروستە (جائز)ە بەرتیلبدات بـە فەرمانبـەرو سـەوقاتی بـۆ بکرێـت ئەمـەیش بـەنیازی لابردنـی زوڵـمو سـتەم لەسـەریو لـەکاتی وەرگـرتنی باجـدا, بـەڵام ئەگـەر بـەنیازی داشـکاندنو کەمکردنـەوەی

ئەو بڕە باجە بێت کەبۆی دیاریکراوە, ئەوە حەرامو گوناهە بەڕای هەمووڵایەك.

380-لەبارەی کۆیلایەتی ( حاشية ابن عابدين ):

هەندێك لەجووتیاران کشتوکاڵ جێدەهێڵنو لەشاردا نیشتەجێدەبن, لەم حاڵەتەدا هیچی لەسەر نیەو هەندێك ستەمکار بەزۆر دەیگێڕنەوە بۆ لادێ ئەم (بەزۆر گەڕاندنەوە)یە حەرامە.

(خير الرملی) لە (حاشية البحر)دا دەڵێت: هەندێك لەپیاوانی زانست فەتوایانداوە کە: ئەگەر جوتیار گوندەکەی بەجێهێشتو بەمەیش گوندەکەی وێران دەبوو, بەزۆر دەینێرنەوە گوندەکەی.

هەندێك نەفام ئەمە بەخراپی تەتبیق دەکات, فەتواکە بەمجۆرەیە: ئەگەر جوتیارەکە نەبەهۆی زوڵمێكو نەبەهۆی پێویستیەك لەگوند رۆیشتبوو, ئەوکاتە بەفەرمانی سوڵتانو بۆ پاراستنی گوندی لەوێران بوونو زیانیشی لێنەکەوێت لەگەڕانەوەیدا, چونکە رۆیشتنی بەبێ ئەم مەرجانەی سەرەوە سەرکێشیو قیرسیچمەیی کردووە.

بەڵام ئەوەی ئێستا زاڵمانو ستەمکاران دەیکەن بە زۆرەملێ دەیانگێڕنەوە خەرجو زیانێکی زۆریان لێئەدەن هیچ موسوڵمانێك بەمکارانە قایلنیە, (الحصنی الشافعی) لەمبارەیەوە هێرشێکی سەختی کردۆتەسەر ئەو پێشێلکاریانە.

**بۆچوونەکانی شیعە:**

(اسماعیل بن الفضل الهاشمي) دەڵێت: پرسم بە (ابو عبدالله الصادق) کرد کە:

پیاوێك لەزەوی خۆیداو لەتەنیشت دراوسێکەی خانوو ماڵی دروستکرد, جوتیارە هاوسێکانی لەوێ دوورکەوتنەوە ئایا: ئەتوانێت بەزۆر بیانگێڕێتەوەو خۆیشیان ئارەزوویان لەو گەڕانەوەیە نیە؟

ئەویش گوتی ئەوان ئازادن بگەڕێنەوە یان بۆ هەچشوێنێکی تر بڕۆن.

## 381-ئینکاریکردن و ڤیرسچمەیی:

(فرقد السبخی) سۆڤ سەردانی (حسن البصری) کرد, (حسن) کلاوێکی لەسەردابوو, (فرقد)یش بەرگێکی خوری لەبەردا بوو, (حسن) گوتی: چیە تەماشام دەکەیت و دەڕوانیتە جلوبەرگی ئەهلی بەهەشت و تۆیش جلوبەرگی دۆزەخت پۆشیوە؟

ئێوەومانان (زهد)و کەمتەرخەمی لەجلوبەرگدا دەکەن و لەدڵیشەوە فیزتان زلەو ئێوە بەجلوبەرگی خوریتان زۆرتر موعجیبن لەخاوەنی کلاو بەکلاوەکەی.

## 382- پەیوەستبوون بەداب و نەریتە باشەکانی سەردەمی جاهلی:

(علي بن ابي طالب) دەڵێت: ئەگەر دەمارگیریتان پێویست بوو, با لەکردارە باشەکان و دڵفراوانیدا بێت, کەچۆن پیاوو ژنە شکۆدارەکانی بنەماڵەی عەرەبەکان و سەرۆك خێڵەکان فەخرو

شانازیان بەو کردارە جوانانەوە کردووە, لەو پێناوەداو بۆ رەوشتی بەرزو خەون و خەیاڵی گەورەیی تووشی کارەسات و مەترسی بوون.

دەمارگیریی لە (داکۆکی لەدراوسێ)و بەڵێن ئەنجامدانداببێت, بۆ باشەکردن بچوك بن و بەرامبەر بەخراپ گەورە بن, فێری کرداری باش ببن و دووربن لەخراپە, کوشتن, بەکەم مەزانن و لەکاتی تووڕەبووندا رقتان بخۆنەوەو خۆگرو ئارام بن, خۆتان لەخراپە دوور بخەنەوە.

(نهج البلاغة)

### 383-رەخنەگرتن لەسەرکردایەتی شیعە:

لەپاش کوشتنی عەلی, (أحنف) نەچووە پاڵ (حسن)ی کوڕی و گوتی:

بەهۆی (حسن)و بنەماڵەی (حسن)ەوە تووشی بەڵاو کارەساتی زۆر بووین, ئەوان توانای بەڕێوەبردنی وڵاتیان نەبوو, نەیشیانتوانی پارێزگاری ماڵ و سامانی خەڵك بکەن, لەفێڵ و پاشقولەکانی جەنگدا شارەزا نەبوون.

(شرح العیون وعیون الاخبار)

### 384-چەند پەندێکی ئەخلاقی (دەڵێن عەلی گوتوویە):

ئەمەك و وەفا لەگەڵ ناپاکان ناپاکیە, غەدرو خراپە لەگەڵ غەدرکاران, ئەمەك و وەفایە.

**385-خۆشیەکانی ئیسلام لەباسی (فی اخبار المهدی والمسیح):**

*پێغەمبەر گووتوویە کە لەزەمانی هاتنی (محمدی مهدی)و عیسادا نرخی گا گراندەبێتو ئەسپ هەرزاندەبێت, گوتیان بۆچی؟

–جەنگ نابێتو نایبەن بۆ جەنگ.

ئەی گا بۆ گراندەبێت؟

–زەوی هەمووی دەکێڵرێت.

(عقد الدرر فی اخبار المهدی المنتظر)

*دیسان لەبارەی زەمانی (مهدی)و عیساوە:

خەڵك هەموویان دەبن بەهاوسێی یەکترو پێکەوە دەچن بۆ سەفەرو لەماڵو سامانیشدا دەبن بەهاوبەش.

(هەمان سەرچاوە)

**386-روخساری مەهد:**

روخساری مەهدی وەك ئەستێرە ئەدرەوشێتەوە, رەنگی عەرەبیەو جیسمو بەدەنی ئیسرائیلیە.

(هەمان سەرچاوە)

**387–هەڵگەڕانەوە (فەرموودەی پێغەمبەر):**

دەگەڕێنەوە سەر یاساو رێسای پێشینانتانو بەشێوەیەکی قێزەون شوێنی شتە خراپەکانیان دەکەون.

گوتیان: مەبەستت لەجوولەکەو دیانە؟

هەندێك سەرچاوە دەڵێت: لەفارسو رۆمە؟

پێغەمبەریش گوتی: ئەی کێ هەیە بێجگە لەمانە؟

### 388-(خەساو) و یەختەکان:

(معاویـــــه) لەســـــەردەمی ئیســــلامدا یەکـــەم کـــەس بـــوو (خەساوویەختە)ی لەکۆشکیا بەکارهێنا.

(الاستیعاب)

### 389-تلیاکی کۆیلەکان (فەموودەی پێغەمبەر):

*ئەگـەر کۆیلـە بـەگوێی ئامۆژگـاری گەورەکـەی کـردو بەباشـی عبادەتو خواناسی کرد, لەلای خودا دووجار پاداشتی هەیە.

*لەکتێبی (امال المفید)دا هـاتووە کـە (جعفر الصادق) گوتوویـە: (3) گـرۆ خـودا نوێـژیان لێقبـوڵ ناکـات, یەکـەمیان: کۆیلەیەکـە لەخاوەنەکـەی هـەڵبێت, پێویســتە بگەڕێتـەوەلای خاوەنەکـەیو دەستبخاتەوە دەستیان.

### 390-شەرمو نەفرەت لە (بەکۆیلەکردنی دیلەکان):

کەوتنـە دەسـتمانو خۆمـان بـۆ ئازادێـك ئاشـكرا نـەکرد, بێجگـە لەچەکی ئاسنو شیرو تیر کەسمان زەلیلنەکرد, ئەگەر بمانویستبا: شەرەفو کەرامەتیان لەناو ئێمەدا دەفرۆشراو دەکڕدرا.

بەڵام وەجاخو (بنەماڵەیەك) ئێمەی پێگەیاندووە, باوكو باپیرانی راستگۆ وایـان تـەمێکردووین کـە: شـتی خـراپو قێـزەون لەئێمـەوە پەیدانەبێت.

(نابغة الجعدي)

(نابغة الجعدي) شاعیرێکی (مخضرم)ه لەهەردوو سەردەمی (جاهلی)و (اسلام)دا ژیاوە.

## 391-رۆڵی ( طائفية )و مەزهەبگەری لەخیانەتدا:

(تاتار)ەكان لەداگیركردنی (اصفهان)و لەسەردەمی (جەنگیزخان)دا پەكیان كەوت, ئەمەیش لەساڵی (633) كۆچیدا بوو.

دانیشتوانی (اصفهان) دوو تائیفە بوون, حەنەفیو شافعیو بەردەوامیش لەجەنگدا بوون لەگەڵ یەكتر, بەردەوام بەئاشكرا بەرامبەر یەكتر دەمارگیربوون,كۆمەڵێك لەشافعیەكان سەردانی (تاتار)ەكانی دراوسێیان كردو پێیان گوتن:

بێنە ئەسفەهانو ئێمە هەموو ئاسانكارییەكتان بۆدەكەین... پاشان بەلێشاو سوپای (تاتار) گەمارۆی ئەسفەهانیان داو شافعیەكان دەروازەی وڵاتیان بۆ خستنە سەرپشت بەپێی ئەو پەیمانەی نێوانیان كە تەنها دەست لە (حەنەفیەكان) بوەشێننو لاقەی شافعیەكان نەكەن.

بەڵام كە سوپای (تاتار) هێرشی هێنا, لەپێشدا (قەتڵو عامی) شافعیان كردو پاشان حەنەفیەكانو پاشان خەڵكی تر.

(شرح نهج البلاغة)

## 392-كامیان باشترن؟:

(میمون بن مهران) دەیگوت من (علی)م لە (عثمان) بە باشتر دەزانی, (عمر بن عبدالعزیز) پێی گوتم: هەركامیان بگریت هەڵپەیان بوو بۆ ماڵ یان بۆ خوێنڕێژیی.

(تأريخ ابو زرعة)

393- پەرچدانەوەی فەرموودەیەکی پێغەمبەر( 393 ):

لە (ابن ابی الحدید)ەوە:

(ابن ابی الحدید) پەرچی ئەو فەرموودەیە ئەداتەوە کە دەڵێت: باشترین (سەدە) ئەوەیە کەمنی تیا دەژیم‌و پاشان سەدەی دوایی ترو.... دەڵێت: ئەوەی هەڵەی فەرموودە کە ئیسپاتدەکات کە: لەپاش پێغەمبەر بە (50) ساڵ شەڕترین‌و خراپترین (سەدەی دونیا بوو), لەم سەدەیەدا حسین کوژرا, (مدینە) یان تالاّن‌و پێشێلکردو گەمارۆیاندا, (مکە)یان روخاندو خوێنیان بەناهەق رژاند, رۆڵەکانی (مهاجر)و (انصار)یان کرد بەکۆیلە.

(شرح نهج البلاغة)

394-لانیکەمی داواکاریەکانی ئورستۆکراتیەت:

لەژیاندا خزمەتکارێك‌و کەشتیەك بەسە.

(سنن الدارمي)

ئۆرستۆکراتیەك ( عبدالله بن عمر ):

سەردانی پێغەمبەرمکردو بالیفێکی چەرمی بۆ دانام کەپڕبوو لە لۆکە, منیش لەبەینی خۆم‌و ئەوا دامنا.

(مسند احمد)

396-بێگارو دژە بێگار ( تحفة الامراء للصابي ):

حوشترو گوێدرێژی خەڵکیان دەبرد بەبێگارو سوخرە, بەڵام (علی بن عیسی) ژمارەیەکی زۆر حوشترو گوێدرێژی کڕیو ئاوی لە (جیدە)وە پێدەبردن بۆ (مکة), گەوڕو ئاڵفی بۆ کڕینو بێگارو سوخرەی قەدەغەکرد.

397- **پرس و ڕا پێکردن لەلای (عمر)** [397] - **(ابن ابی الحدید):**

(عمر) بەزۆریی پرسی بە خەڵك دەکرد – تەنانەت پرسی بە ئافرەتیش دەکرد, کە کێشەیەکی گرانو سەخت بهاتبایەپێش, پرسی بەگەنجانو لاوانیش دەکردو لەژیریو ئاوەزیان سوودی وەردەگرت.

(شرح نهج البلاغة)

398-**عمر بن عبدالعزیز (طبقات ابن سعد):**

(ابی الفصنی) و (محمد بن هلال) دەگێڕنەوە کە (عمر بن عبدالعزیز)یان دیوەو بەڵام هیچ ئاسەوارێکی (سوجدە)یان پێوە دیار نەبووە.

399-**خۆشی –لەدەنگوباسەکانی (المهدي المنتظر):**

محەمەدی مەهدی سکرتێری تایبەتی نیە, جلوبەرگی وەك جلوبەرگی خەڵکە, وەك خەڵك سواری وڵاخ دەبێتو بەشتی کەمیش وڵاخەکەی ڕازاوەبوو.

400-**یاسادانانی بیرۆکراتیانە ( یحی البرمکی):**

پرسکردن بەپاشایان لەبارەی چۆنیەتی حاڵو ئەحواڵیان، کاری (گێلو کاڵفامانە)، ئەگەر ویستت بەمیر بێژیت: میر چۆنە، بێژە بە نیعمەتو کەرامەتەوە بەیانیت باش، ئەگەر نەخۆش بوو، ویستت بێژیت چۆنیت، بێژە خودا ئافاقەو رەحمەتت پێبدات.

پاشایان نەپرسیاریان لێدەکرێتو نەپێیان خۆشدەبنو (شماتة) نە پێیان دەگوترێت: کیف – چۆن؟

*هەندێك: مانای (شماتة) والێکئەداتەوە کە: ئەگەر خەلیفە پژمی، پێی ناگوترێت (یرحمك الله).

401-**هۆشیاریو موعارەزە (الجاحظ):**

خەڵکی عیراق لەدەسەڵاتدارانو ئەمیرەکانی (شام) (واتە امویەکان) یاخیدەبوونو ئیتاعەتیان نەدەکردن، هۆی ئەمەیش دەگەڕێتەوە بۆ:

خەڵکی عیراق بیرمەندو زۆر زیرەك بوون، وێڕای زیرەکیش سۆراخی شتیان دەکردو دەگەڕان بەشوێنی شتدا، وێڕای سۆراخو گەڕان، رەخنەشیان دەگرتو بگرە تانەو خەوشیان ئاشکرادەکردن، هێندە زیرەکانە بیریان دەکردەوە،بەراوردیان دەکرد لەنێوان خەڵکداو دەیانزانی کامیان باشترن، ئەمیرو سەرۆکەکانیان باشدەناسیو لەیەکتریان جیا دەکردنەوە، خەوشو عەیبی ئەمیرەکانیان دەزانی.

وەلێ خەڵکی شام کەودەنو نازیرەکن هەمیشە لە چاولێکەریو (تقلید)ا چەقیونو لەسنووری یەك (راو بۆچووندا) دۆگمانو بیر لە ئاسۆیەکی تر ناکەنەوە، ناگەڕێن وەدووی گۆڕینی بارودۆخدا.

(نقله ابن ابي الحديد في شرح نهج البلاغة)

**402-مەرجی گوێڕایەڵیو ئیتاعەتکردن (فەرموودەی پێغەمبەر):**

مرۆڤی موسوڵمان گوێگرو ئیتاعەتکەربێت, وەلێ ئەگەر ئەمری پێکرا کە گوناە بکات, نەگوێگردەبێتو نە ئیتاعەتکەر.

(صحيح مسلم, سنن ابو داود, سنن النسائي)

**403-دژی زوڵمو چەوسانەوە (علي بن ابي طالب):**

**404- یەك بەیەك (صعصعة بن صوحان) بە (عثمان)ی گوت:**

ئەی ئەمیری موسوڵمانان! لاتداو گەلەکەیشت لایاندا, ئەی ئەمیری موسوڵمانان! خۆت راستکەرەوە گەلەکەیشت راستدەبنەوە.

(ابن معسكر)

**405-تالانکردنی تالانچیان[405]:**

(عثمان) کە مرد (هەزار هەزارو پێنجسەد هەزار درهەمو ئاژەڵ، ولاخیش کە لەزەوی (حما) دا بەجێمان لەژمارە نەدەهاتن, (10) هەزار حوشتریش بەجێما, گشت ئەم سامانە زۆرە لەپاش کوشتنی تالانکران.

(مرآة الزمان)

حما: ئەو زەویانەن کەبۆ لەوەڕو حەیوانداری بەکاردەهاتن, لەرۆژگاری (جاهیلی)دا بەدەستی سەرۆك خێڵەکانەوە بوو, لەسەردەمی ئیسلامدا کرا بە موڵکی گشتی, لەسەردەمی (عثمان)دا کرا بە موڵکی تایبەتی خۆی.

**406-ئیرهابی ئیسماعیلییەك (كتاب الاعتصام):**

خەلیفە (مهدی فاطمي) خەڵكی لەنزیكەی (18) حاڵدا دەكوشت وەك: پشتگوێخستنی فەرمانی، لەكۆڕی ئامۆژگاری وەعزیدا (3) جار غائب بێت، مەرایی و بەرتیلخۆری بۆ پیاوەكانی و.... هیچكام لەو حاڵەتانە لەشەرعدا نین.

**407-(قاهرە) لەسەردەمی (فاطمي)یەكاندا:**

لە (قاهرە) دا نزیكەی (20) هەزار دوكان بوو، هەمووی موڵكی سوڵتان بوو، كرێی مانگانەی زۆربەی ئەو دوكانانە 10 دیناری مەغریبی بوو كرێی هیچ دوكانێك لە 2 دینار كەمتر نەبوو، ژمارەی خانەقاو حەمامو بینای تر هێندە زۆر بوون لەژمارە نەدەهاتن، گشت ئەمانە موڵكی سوڵتان بوون، چونكە خەڵك تەنها كە هەیبوو خانوویەك بوو.

بیستم سوڵتان (8) هەزار خانووی لەقاهرەو میسردابووە، هەمووی ئەدا بەكرێ و هەموو مانگێك كرێكانی وەردەگرت و خەڵك بەهەوەسی خۆیان دەیانگرت بەكرێ، هیچ كەس بەزۆر شتیان بەسەردا نەدەسەپان.

(سفرنامە)

**408-لەنێوان دوو سەردەمدا (في الاغاني):**

یەکێك چەند شیعرێکی (طفیل الغنوي)ی سەردەمی (جاهلی) دەخوێندەوە کەستایشی (بنی جعفر)ی کردووە چونکە خزمەتیان کردووەو پاشان گوتی: خۆزگە دەمزانی چ باشەیەکی لە (بنی جعفر)دیوە وا ستایشیان دەکات؟ لەوکاتەدا (لبید العامری) ئامادە بوو گوتی:

ئەی برازا! تۆ ئاگاداریت کە خەڵك بۆ رزق و بژێوی خۆیان ململان دەکەن و هەندێکیان بەشی خەڵکی تر دەبڕن و هەندێکیان بەشمشێرە ژەنگاویەکەی یان بەحوشترەکەی, نانی منداڵ پەیدا دەکات, (بیت المال) یش (خەزێنەی ئێستا) هەیە مووچەی لێوەردەگرن, ئەگەر لەوکاتەدا (طفیل)ت بناسیبا دەتگوت: هەقی خۆیەتی کەستایشی (بنی جعفر) بکات و تانەت لێنەئەدا.

409- **پیاوێك -( بشار بن برد ) لە ستایشی ( ابراهیم بن عبدالله )دا :**

پاشای ئازاو بەدەسەڵات, شاڵاو دەباتە سەر (مردن)و لەرۆژگارە پڕ لەوەیشوومەکاندا تەختی دەکات.

410-**رەگەزپەرستی ( في الاغاني ):**

ئەگەر قوڕەیشی بوون و (60) کەسیش بوون, رێزیان لێبگرەو کاریان بۆ بکە.ئەگەر عەرەب بوون و 50 کەسیش بوون, رێزیان لێبگرەو کاریان بۆ بکە.

411-**ریفۆرمی راگەیاندن ( فی الاغانی ):**

(عمـر بـن عبـدالعزيز) پيـاوێكی دانـا كـه لەمزگـەوتی (دمشـق) دابنيشـێتو قسـه بـۆ خـەڵك بكـات لـەبارەی رەوشـتو ئاكارەكـانی هاوڕێكانی پێغەمبەر (صحابه), (عمر) بەكابرای گوت: (بنی مروان) ئەم كارەيان لا خراپ بوو نەهيان لێدەكرد.

## 412-ئەرشيف (فی الاغانی):

(جحظة البرمكي) گوتی: خەليفه (معتمد) فەرمانيـدا كـه (1000) هـەزار درهـەم جلوبـەرگی هەمـەجۆر بكـڕن بـۆ (شـارية)ی گۆرانيبێـژ, منيش بۆم كڕیو بۆمبرد.

(علـی بـن يحـی المـنجم) كـه لـەرۆژگاری خۆيـدا يـەكێك بـووه لـه پياوەكانی دەوڵەت, پێی گوتم دەمەوێت بت بينم, پاشان پێـی گـوتم: ئايا لەمەوپێش بيستوته هيچ خەليفەيەك بۆ گۆرانيبێـژێكی هێنـدەی (شاريه)ی بۆكرابێت؟ منيش گوتم نەخێر.

(علی بن يحی) فەرمانيدا كه كردارو مێـژووی خەليفـەكانی پێشـوو بخرێنـه بـەردەم خـەڵكو پـەڕه پـەڕه بكـرێنو كەسـيش رووداوی لەمجۆرەی هەتا ئێستا نەديوه.

## 413-خاڵێكی ياسايی[413] (فی الاغانی):

پياوێـك بـاوەژنێكی خـۆی هێنـا لەسـەردەمی دەسـەڵاتی (عمـر بـن الخطاب)دا, بانگكرايەلای خەليفەو پرسياری لێكردو ئيعترافيكردو سوێندی خوارد كه نەيزانيوه ئەمكاره حەرامه, خەليفەيش لەيەكدی جيايكردنەوەو سزايشی نەدا چونكه نەيزانيوه حەرامه.

414-**دوو سیستمی دەسەڵات**[414] **(ابو الحسن العامری):**

**جیاوازی ئەم دوو سیاسەتە چییە:**

**-سیاسەتی (الامامة) کەمەبەستی چاکەو بەخشندەییە سەرەنجامیش بەختیاری نەبڕاوەیە.**

**-سیاسەتی خۆسەپاندن‌و مەبەستیشی بەکۆیلەکردنی خەڵقە سەرنجامیش خزمەتکاری‌و کەساسیە.**

**(مناهب الاسلام)**

415-**خەلیفەکان‌و پاشاکان (ابو جعفر المنصور):**

**خەلیفەکان (4)ن: ابوبکر, عمر, عثمان, علي.**

**پاشاکانیش (4)ن: معاویە, عبدالملك, هشام‌و من.**

**(تأریخ الخلفاء للسیوطي)**

416-**ئایا دەسەڵات پێویستە یان نا؟**

**الخوارج: دانانی ئیمام هیچ (واجب) نیە بەڵکو (جائز)ە.**

**هشام الغوطي: لەکاتی هێمنی‌و ئاسایشدا دانانی ئیمام واجبە چونکە نەبوونی دەبێتەهۆی پەیدابوونی فیتنەو ئاژاوە, بەڵام لەکاتی فیتنەو ئاژاوەدا لەوانەیە بکوژرێت‌و فیتنەکە پەرە دەسێنێت‌و گەورە دەبێت.**

**ئەوانەی دەسەڵات بەپێویست نازانن, بەڵگە دەهێننەوە:**

1-مرۆڤێـك بكرێتــه گــهورهى مرۆڤێكــى وهك خــۆىو حــوكمى لهشتێكدا بكات كهخۆى دهيزانێتو ئاگاداريش نيه چى زيانى بۆ خهڵك ههيه.

2-دانـانى دهســهڵات فيتنــه بــهرپا دهكـات, چـونكه داواكـارىو ئارهزووى خهڵك جياوازن, هـهر نهتهوهيـهك (امام)ێك ههڵدهبـژێرێتو بهباشى دهزانێت, دياره ئهمه دهبێته هۆى دووبهرهكىو پێكادانو ناكۆكى, ئهمهيش بهتاقيكردنهوه ئيسپات بووه.

چهنده باشه ئهگهر گهلێك تێكرا ميرێك يان سهرۆكێكى كاروبارى ولاتــى پێبســپێرێتو ســوپاى بــۆ رێكبخــات, ســنوورهكانى بــۆ بپارێزێتو ئهمهيش بۆ بهرژهوهندى خهڵك.

ههندێك لهههوادارانى خهوارج دهڵێن: دروسته دهسهڵات دابنرێت ئهگهر زانيان كاروباريان بهبێ ئهو دهسهڵاته سهقامگير نابن.

(ملخص من كتاب الموافق)

417- **پياوگهلێك:**

خێڵـى (ربيـع) لـهململانێى نێـوان (علـى)و (معاويــه)دا پشـتگيرى (على)يان كردو (معاوية)ش ههڕهشهى لهم خێڵه كردو شاعرێكى ئهم خێڵه بهمجۆره وهلامى (معاويه) ئهداتهوه:

ئهى (معاوية) خۆت لهئێمه مهگۆڕه

ئێمــه لــهرۆژێكى ســهختدا زهليلــت دهكــهينو تــهنها وهڕنيــت لهدهستبێت.

شاعر(نهار بن توسعه)يش دهڵێت:

ئەگەر چەند بەشێکمان لەمیرایەتی پێنەدەیت, خۆمان وەك شێر دەڕۆین بۆی.

شاعر (الحصینی بن الحمام)یش بە (معاویە) دەڵێت:

تۆ ناتوانیت بەجنێوو ناوزڕاندن ژیان بکڕیت

ناشتوانی بەسەر پەیژەی مەرگدا سەرکەوێت,

دواکەوتمو ژیانم دەوێت, بۆ ژیانیش لە هیچ ناگەڕێمەوە,

ڕێگایەك نیە وێڕای هەڵمەتبردن

ئێمە ئەوە نین کە برینەکانمان لەپشتەوە خوێنی لێبچۆڕێت ئێمە بەسەر قاچماندا خوێن دەچۆڕێت.

## 418-دژی جاسوسیکردن[418] (سنن ابو داود):

بە (عبداللە بن مسعود) یان گوت: ئەمە فلان کەسە کە مەی لەردێنی دەچۆڕێت, ئەویش گوتی ئێمە جاسوسیمان لێقەدەغە کراوە, بەڵام ئەگەر شتێکمان زانی حیسابی خۆی بۆ دەکەین.

## 419-ڕێکسختنی بەندیخانەکان (طبقات بن سعد):

(عمر بن عبدالعزیز) نوسراوی نارد کە لەکاروباری بەندیخانەکان بکۆڵنەوە, شەقاوەکان ناونووسبکرێنو زەبت بکرێن, خواردنی زستانو هاوینی بۆ دیاریکردن.

(موسی بن عبیدة) دەڵێت: مانگبەمانگ رزقیان بۆ دابین دەکرا, جلوبەرگی هاوینەو زستانەیان پێئەدرا, هەروەها (عمر) نامەی بۆ سەرۆکەکانی ناوچەکان نوسی: بەوردیی بڕواننە بەندیخانەکانو ئەوەی بەهەق بەندکراوە دڵنیابە لەو حوکمە, ئەگەر هەق بوو با

ماوەی خۆی تەواو بکات, ئەوەیش ئیشکالت تیا بەدیکرد, بۆم بنوسە, ناوی شەقاوەکان زەبت بکە, زێدەڕۆیی لەسزادا مەکە, ئەو بەندانەی کەهەژاران و کەسیان نیە, موراعاتیان بکە. ئەگەر خەڵکیك بۆ ماوەیەکی کورت بەندکران, با لە کۆمەڵی شەقاوەکان دووربن و بەندیخانەی سەربەخۆیان ببێت.

ئاگاداربە! لێپرسراوی بەندیخانەکان جێگەی متمانەی خۆتبن, با بەرتیلخۆر نەبن, ئەوەیش بەرتیلی خوارد بەیاسا مامەڵەی لەگەڵ بکە.

هەروەها (عمر) بۆ (ابوبکر عمرو بن حزم)ی نووسی لە (مدینة) کە لەڕۆژانی هەموو (شەممە)یەکدا سەرژمێریان بکات و کۆمەڵی شەقاوەکان زەبت بکات.

هەروەها خەلیفە (عمر بن عبدالعزیز) بۆ (عبدالحمید)ی نووسی لەعیراق کە وریای کۆمەڵی شەقاوەکان بێت ڕێگەی دەرچوونیان پێنەدات, وە لەزستاندا قاتێك بەرگ و لەهاوینیشدا دوو کراسیان پیبدات و ... وە... کە هەموویشی لەبەرژەوەندی ئەواندابوون.

420-**خودا یان ماڵ و سامان؟ (انجیل متی):**

ئێوە ناتوانن خزمەتکاری دوو گەورەبن, چونکە یەکێکتان خۆشدەوێت ئەوی دی دەبوغزێنن, یان دەچنەپاڵ یەکێکیان ئەوی دی بەسووك دەزانن, ئێوە ناتوانن خزمەتکاری خودایش و ماڵیش بن.

421-**یەکسانی (انجیل یوحنا):**

کەقاچەکانی شۆردن و جلوبەرگەکانی خۆی هەڵگرت پاڵیدایەوەو پێی گوتن: تێگەشتن چیم بۆ کردن؟ ئێوە بەمن دەڵێن مامۆستاو گەورە, باشدەڵێن و هەروایشم.

ئەگەر من گەورەو مامۆستام, ئەوا من قاچتانم شۆردو ئێوەیش پێویستە یەکتر بشۆرن, چونکە من نموونەم بۆ هێنانەوە بەو مەبەستەی ئێوەیش بەمجۆرە بن.

من زۆر بەڕاستمە .. بەڕاستمە کە هیچ کۆیلەیەك گەورەتر نیە لە گەورەکەی خۆی, هیچ پێغەمبەرێك گەورەتر نیە لەئومەتەکەی خۆی.

ئەگەر ئەمە باشبزانن و کاریشی پێبکەن, ژیانتان خۆشدەبێت.

### 422-بەهای رچەشکاندن و نامۆبوون (انجیل یوحنا):

ئەگەر جیهان بتانبوغزێنێت, ئەوا باشبزانن کە پێشتر منی بوغزاندووە, ئەگەر ئێوە بەشێکبونایە لەجیهان, ئەوا جیهانیش خەڵکی خۆی خۆشدەویست, بەڵام چونکە ئێوە بەشێك نین لەجیهان و من ئێوەم لەجیهاندا هەڵبژاردووە, جیهانیش دەتان بوغزێنن.

### 423-( مشاعیة )و کۆمەڵگەی سۆشیالیستی ( مسیح ):

بڕواداران یەك دڵو دەروونیان بوو, کەس نەیدەگوت خاوەنی هیچ شتێکم تەنانەت لەماڵی خۆیشی, بەڵکو هەموو شتێکیان هاوبەش بوو ... کەسیان موحتاج نەبوون, چونکە گشت خاوەن کێڵگەکان و ماڵەکان ماڵیان دەفرۆشت, پارەکەیان دەخستە بەر قاچی پێغەمبەرەکانیان و ئەویش بەپێی پێویست دابەشیدەکرد.

*ئا لێرەدا ئەمە لەگەڵ سیستمی خۆشەویستیو (الفة)ی (حمدان بن الاشعث)ی سەرۆکی (قرمطي)یەکانی عیراق بەراورد بکە کە لە (سواد)ی وڵاتدا پراکتیزەی دەکرد لەکارەکانی پێغەمبەران.

## 424-هەمووی لەسەر هەقە (عبدالکریم الجیلی):

*کافرەکان خودایان دەپەرست بۆ خودی خۆیان, چونکە خودا (حقیقة)ی سەرتاپای بوونە (الوجود), دیارە (کفار)یش بەشێکن لەو (وجود)ەو (حقیقة)ی ئەوانیشە, کەواتە ئەوان نکووڵی لەوە دەکەن خودایان هەقە, چونکە خودا (حقیقة)ی ئەوانیشەو خوادیەکی تر لەسەرووی ئەوەوە نیەو خودای رەهایە (مطلق), بۆیە کە خودا دەپەرستن واتە خۆیان دەپەرستن.

ئەوانەیش کە بتپەرستن: چونکە نهێنی بوونی تەواوە, بەبێ ئەوەی ئاوێتەی گەردیلەیەکی (وجود)بێت, کەواتە خودا (حقیقة)ی ئەو بتانەیە کە دەیپەرستنو سەرەنجامیش هەر (خوداپەرستیە)(تر) چونکە دڵیان وا شایەتیان بۆ ئەدات کە (خێر) لەو شتەدایەو باوەڕیان لەسەر ئەو بۆچوونە سەقامگیر بووە, خودایش بریتییە لەوەی کە عەبدەکەی چۆنی دەناسێت.

(دهریة)ەو (ملحد)ەکانیش وەك (هویة) دەیپەرستن ئەوەتا پێغەمبەر گوتوویە: جنێو بە زەمانە (دهر) مەدەن چونکە دەهر بریتییە لەخودا.

---

(1) سۆفیە بەناوبانگەکانی وەك: (باباطاهر)ی عوریان (شێخ محی الدین العریب)و (مەولەوی)و.... هەمان رایان هەیە, ئەوەتە شێخ محی الدین دەڵێت: لەشیعرێکدا لەلای من کەعبەو بتخانە چون یەکن خودا لەهەموو شوێنێکدا هەیە, مەولەوی دەڵێت: خودا لەپیاڵەی مەیشدا هەیە... (وەرگێڕ)

(دهريـــة) كـــانيش دەڵــێن: داواكاريـــەكانی زەمانـــە, خۆڕســـكی و سروشتكردە (فطرة)و خوداییە, كەواتە هەمووی بریتییە لە: مناڵدان پڕ دەكرێت و زەویش هەڵدەلووشێت.

(الانسان الكامل)

*(ابو الحسن العنبری)ی (معتزلة) دەڵێت:

ئــەو شــەرعزانانەی كــە راوبۆچــوونی خۆیــان لەمەســەلە جــۆراو جۆرەكانی ژیانـدا بـەكاردەهێنن (مجتهـد)ن, لەمەسـەلەكانی (پـەیوەنـد بەعەقڵەوە)راستن و پێكاویانە, هەروەهایش لەمەسەلە فەرعیەكاندا.

(المستصفي/ للغزالي)

*لێـــرەدا مەبەســـتی لـــە (پـەیوەنـــد بـــە عەقڵـــەوە): مەســـەلە (عقائد)یەكانە.

*(جاحظ)یش دەڵێت:

ئەوانـەی كـەجیاوازن لـە (ملـة)ی ئیسـلام وەك: جوولەكـەو دیـان و دەهریـەكان, ئەگـەر لاسارانە دژی باوەڕەكـانی غـەیری خۆیـان بـوون, ئەوە گوناهبارن, ئەگەر باوەڕەكانی تـری بینی و توانـای لێگەیشـتنی نەبوو, ئەوە گلەیی لەسەر نیە چونكە خودا خۆی گوتوویە:

-(لا یكلف الله نفسـا الا وسـعها – خـودا ئـەرك بـەپێی توانـا ئـەدات بەسەر خەڵكدا).

(المستصفي)

**425-تلیاکی گەلان (دەڵێن پێغەمبەر گوتوویە):**

**باشترین خەزێنەی مرۆڤی سۆفیو تەرککردنی دنیا.**

**-خوێندنی (سورة)ی (ال عمران)ە لەکۆتایی شەودا.**

**(آمال المرتضی/ عن القاسم بن سلام)**

**426-دۆگماو چەقبەستن:**

**یەکێك بە (ابو سلیمان الدارانی) گوت:**

**(عثمان بن عفان) و (عبدالرحمن بن عوف) دەوڵەمەند بوون.**

**ئەویش گوتی: دەمتداخە! (عثمان) و (عبدالرحمن) لەلایەن خوداوە کرابوون بە (خەزنەوات) و لەکاری خێردا خەرجیاندەکرد.**

**(حلیة الاولیاء)**

**420-له پێش عیبادەتدا[427] (ابو سلیمان الدارانی):**

***عیبادەت لەلای ئێمە ئەوە نیە کە تۆ هەر قاچت جووتکەیتو خەڵکیش خزمەتت بکەنو بۆت تێکۆشن, بەڵکو لەدوو کولێرەکەی خۆتەوە دەستپێبکەو بیان پارێزەو پاشان عیبادەت بکە.**

***خێرو باشە لەدڵێکدا نیە کە چاوەڕوانی لێدانی دەرگایە... واتا بە تەمایە یەکێك سەردانیبکاتو شتێکی پێبدات.**

**428-تلیاکی گەلان (دەڵێن مەعروفی کەرخی گوتوویە):**

خـودای گـەورە فەرموويـە: بەنـدە هـەژارەكانی خـۆم خۆشـدەوێن چونكە گوێم بۆ دەگرن‌و فەرمانەكانم بەجێدەهێنن, منیش پاداشتیان بـەوە ئەدەمـەوە كـە دەوڵەمەنـدیان ناكـەم‌و منیـان لـەیاد بچـێت‌و عیبادەتم نەكەن.

## 429- پێش نوێژ, كاركردن(یوسف بن اسیاط):

كـار بـۆ وەدەسـتهێنانـی رزقـی حەڵاڵـەو فـەرزە, نوێـژ بـە جەماعـەت (سنة)ە.

*سـنة: بـەمانا واجـب نیـەو ئەگـەر نەیشـی كـەیت گوناهـت بـۆ نانوسرێت.

لە (سفیان الثوری)یان پرسی: ئەم دوو پیاوە كامیان باشترە:

–یەكێك درهەمێك پەیدا دەكات, خۆی‌و خێزانی پێدەژیەنێت بەڵام ناتوانێت بەجەماعەت نوێژ بكات؟

–یـەكێك (4) (دوانیـق) پەیـدا دەكـات‌و لەجەماعەتیشـدا ئامـادە دەبێت, بەڵام بەشی ژیانی خۆی‌و خێزانی ناكات؟

(سفیان)یش گوتی با درهەمێك پەیدا بكات‌و بەتەنها نوێژ بكات.

(حلیة الاولیاء)

## 430-كامیان (زاهد) ترە (حلیة الاولیاء):

(ابو سلیمان الـدارانی) و (ابـو صـفوان) مشـتومڕیان بـوو (منـاظرة) لەسـەر ئـەوەی: (عمـر بـن عبـدالعزیز)و (وەیسـی قـەرەنی) كامیـان باشترە؟

–ابو سليمان گوتی: (عمر بن عبدالعزين) له (وەيس) باشتربووه؟

–چۆن؟

–(عمر) خاوەنيی دينابووەو لەهەمانكاتيشدا بۆ دنيا كەمتەرخەم بووەو ئاينی بەتوندی گرتووه.

–(ابو صفوان)گوتی: وەيسيش ئەگەر دنيای ببوايە ئەويش بۆ دونيا كەمتەرخەم دەبوو.

–ابو سليمان گوتی: ئايا ئەوەی بەكردار تاقيكردۆتەوە يەكسانە لەگەڵ ئەوەی نەيديوەو تاقينەكردۆتەوە!

431-**كاروباری رۆژانە (في القاموس المحيط):**

**البطاقة: گچكە پارچەيەكە بەكراسدا هەڵدەواسرێت, ژمارەی نرخی كراسەكەی لەسەرە, پێشی دەڵێن (بطاقة)چونكە بە پەراوێزی كراسەوە گرێدراوە.**

432-**هەڵە لەدابەشكردنی رزقدا: (ابن الراوندی) لەگەڵ خودا دەپەيڤێت!**

رزقت بەسەر خەڵكدا سەرخۆشانە

دابەشكردو هەڵەكانيش بەئاشكرا ديارن

(رسالة الغفران)

433-**تەلی درگاوی (في القاموس المحيط):**

مادەی حسك: درگدارەو لەئاسن يان قاميش چەسپدەكرێت و لەدەوری سەربازگە دائەنرێت.

## 434-نەگونجانی ژیان (البحتری):

لەوکاتـەدا کـە (ژنــی دنیـا) خۆشەویسـتی یەکێکـەو لەپێشچـاوی قەشەنگە, لەهەمان کاتدا بەرەڵا دەبێت.

بەئاشـکرا (ژنـی دنیـا) ژنـی یەکێکـەو لەراسـتیدا ژنـی زۆر کەسـەو رووخۆشیشەو بەجەنگیشە.

## 435-قەدەغەکردنی هاتوچۆ لەشەودا (عبدالله بن قیس الرقیات):

پیاوەکــانی (مصــعب) تێڵایــان لەســەر شــانەو دەســووڕێنەوە, نەیانهێشت بەشەودا پیاسە بکەین و سەرێك بدەین لەخۆشەویستان.

## 436-تاکی دیموکرات و یاسای کۆنە پەرست (آمالي المرتضى):

(علـي بـن ابـی طالـب) چـەند جارێـك پیـاوێکی خـۆی بـانگکردو وەڵامینەدایــەوە, علــی چــووە دەرەوە تەماشــایکرد لەبــەردەرگا وەستاوە.

(علی) پێی گوت بۆ وەڵامتنەدامەوەو هۆی چیە؟

پیاوەکـەیش گـوتی: لـەوەڵامت تەمـەڵیم کـردو لـەوەیش دڵنیـابووم کەتۆ سزام نادەیت.

(علـی)یش گـوتی سـوپاس و درود بـۆ خـودا کـە بەنـدەکانی خـودا لەمن ناترسن.

## 437-ئازایەتی (خارجی) یەك (آمالي المرتضى):

(حجاج) لە (حطیط)ی (خارجی) پرسیاری لێدەکات:

–رات چیه به (عبدالملك)؟

–چ بڵێم لەبارەی پیاوێك کەتۆ یەکێکی لەگوناهەکانی ئەو.

–ئایا هەرگیز بیرت لە تیرۆری من کردووە؟

–بەڵێ .. بەڵام ئەجەلت نەهاتبوو .. پەیمانم داوە بەخودا کە: ئەگەر پرسیارتکرد راستگۆ بم, ئەگەر لەبەندیخانە ئازادبووم, جارێکی تریش هەوڵی کوشتنت بدەمەوە, ئەگەر ئەشکەنجەتدام, ئارامو خۆگربم.

لەپاش ئەم پرسیارو وەڵامە کابرای کوشت.

## 438-چاوەڕوانی قیامەت مەکە (آمالي المرتضى):

پیاوێك لەشێخ حەسەنی بەسری پرسی: ئایا مووچەو پشکی خۆم لە (اموی)یەکان وەربگرم, یان خۆم هەڵگرم بۆ قیامەتو لەخێرو باشەیان هەقی خۆم وەربگرم؟

شێخ حەسەنی بەسری گوتی: هەڵسە بەشی خۆتیان لێوەربگرە ئەوان لەرۆژی قیامەتداو لەباشەدا موفلیسن.

## 439-فریودانی دەسەڵات (آمالي المرتضى):

(حسن البصری) کە باسی (علی بن ابی طالب)ی دەکرد لەسەردەمی (اموی)یەکاندا, دەیگوت: باوکی زەینەب.

*منیش دەڵێم: کە لەزانکۆدا مامۆستای گەورەم (ابراهیم کبە) (لینین)ی باسکردبا, دەیگوت:

(فلادیمیر التش)

**440-دەستپێكردن و ئەنجامدان ( ابو هشام المعتزلی ):**

پێویستە: (نیازی كردنی شتێك) لە (شتەكە) جیا بكرێتەوە لەپاداشت و سزادا, دەبێت: سزای (نیاز) لەگەڵ كردن و ئەنجامی نیازەكەدا جیاواز بێت.

**441-چونكە سەرشۆڕن:**

لەشاعرێكی عەرەبی دەشتەكیان پرسی لەسەردەمی ئەمەویەكاندا: بۆ لە قەومەكەت دەخوێنیت و زەمیان دەكەیت؟

ئەویش گوتی: چونكە ئاژەڵئاسا كە بانگیان بكەن دەجوڵێن و كە لێیان بێدەنگ بن, دەلەوەڕێن.

**442-سەربەرزی پێش هەمووشتێك ( شاء ):**

ئەگەر دەرگای سەرشۆڕی لەتەنیشت دەوڵەمەندیی بێت, بەرەو ترۆپكی سەربەرزیدەڕۆم لەتەنیشتی هەژاریدا.

**443-زوڵم و ستەم كرۆكی دەسەڵاتە ( ابو عبیدالله الموریانی ):**

زوڵم و ستەمی والی دەسەڵاتدار, عەدالەت و ویژدان پەكدەخات, بێجگە لەو كەسانەی كە بە سەر خۆیاندا زاڵن و شەهوەت و ئارەزووەكانیان دەخەنە ژێر پێ و ئەوانە سەلارو بەهیمەتن.

**444-شاعیرەكان, دەسەڵاتداران خرا پدەكەن ( عیسى بن علی ):**

دەڵێت: خەلیفە (منصور) بەردەوام لەکاروباری وڵاتدا مەشوڕەتو ڕاوێژی پێدەکردین, هەتا (ابراهیم بن هرمە) گوتی:

کە دەیویست کارێك بکات, پەنای بۆ ژنە لاوازەکان دەبرد, یان پەنای بۆ پیاوێك دەبرد کە, یەك ڕێگای دەزانی.

ئەگەر بەلاوازەکان پەتی بەهێزی بۆ بقرتایە, خەڵکانی خوار خۆی بەشداری نەدەکردن لەکارە گرنگەکاندا.

445-**بەویژدانی ( في الاغاني ):**

ژنی جوولەکەیەکی (بني قریظة) کەناوی (اوس بن ذبي) بوو موسوڵمان بوو لێی جیابووە, پاشان لەدڵەوە تاسەی مێردە کۆنەکەی کردو سەردانیکردو هەڵینا کەئەویش ئیسلام ببێت, پیاوەکەیش قایل نەبوو گوتی:

کەپێی گەیشتم, داوای لێکردم ئیسلام ببم
منیش گوتم نەخێر .. تۆ ببە بەجوو!
ئێمە پەیڕەوی (تەوراتی) موساو ئاینی دەکەین,
خۆ ئاینی محەمەدیش ئاینێکی باشە
هەردوکیشمان ژیریو ڕێگای ڕاست ئاینمانە
ئەوەی کە ڕێگای ڕاستو ژیری بخوازێت ئەیدۆزێتەوە

446-**لەباسی ( والی )یەکدا :**

یەکێك باسی والیەك بۆ (هارون الرشید) دەکات:

بــەرتیل خــۆرە, زۆربــەی کاتــەکانی بەرابواردنــەوە مەشــغوڵە, بەهەوەس و ئارەزووی خۆی کاردەکات.

447-**راوێژێکی سەربازی** (**زهر الاداب**):

کۆمــەڵێکی عــەرەب هاتنــەلای شـێخەکەیان کـە تەمـەنی 80 سـاڵ دەبـوو, پێیـانگوت: دوژمـن ئـاژەڵ و وڵاخـی تـالآن کـردووین, بـەچ رێگایەك تۆڵەی خۆمان وەربگرین و ئابڕوویشمان بسێنینەوە؟

ئەویش گوتی:

پیری بێهێزی کردووم توانای بڕیاردانم نەماوە, بەڵام بڕۆن بەئازاو نەبــەردەکانتان راوێــژ بکــەن و هــەروەهایش پــرس و راوێــژ بــە ترسنۆکەکان بکەن, چونکە راوبۆچوونی ترسنۆك, رۆح و بێگەردیتان ناپارێزێت. ئازایش ناوبانگ و شۆرەتان لەکەدار دەکات.

لەهــەردوکیان بۆچــوونێك گەڵاڵــە بکــەن کــە لــە هەڵەشــەیی ئــازاو لەگـەلۆری و خـوێڕێتیی ترسـنۆك باشـتر بێـت, بـەمجۆرە, نـەك بـەتیرو شیر دوژمنتان دێنەپێش و ماڤ خۆتان وەردەگرنەوە.

448-**ئیحتیات و پەرێز بۆ پاك و خاوێنی** (**مەسەلەیەکی ئیداری**):

ئـەو کەسـەی کـە دەیکـەیت بـە فەرمانبـەر, هێنـدەی پێبـدە کـەدزی نەکات, ئەو کەسەی کەتێری نەکەیت کارەکانی تۆ جێبەجێناکات.

449-**مەرجی ستەمکار**:

(میمون بن مهران) دەڵێت:

پێشـینان کـە پیاوێکیـان دیبـا سـواربێتو یـەکێکیش بەدوویـدا ڕێبکات, دەیانگوت:

خودا بتکوژێت چ زاڵمێکیت.....!

★(میمون) لەهەوادارانی (عمر بن عبدالعزیز) بوو.

### 450-ئەنجامەکانی سەیرکردنی سوڵتان (طبقات الخواصی):

کـەژاوەی سـوڵتان لەبـەردەم مـاڵی (ابـو الحسـن بـن شـداد)ی شـەرعزانەوە (فقیـە) تێدەپـەڕی, ژنەکـەی لـە ماڵەکـەی خۆیـەوە دەیڕوانیە کەژاوەکە, مێردە (فقیە)ەکەی (نهی) لێکرد کە تەماشای بکات.

جارێـك (ابـو الحسـن) ژنەکـەی خـۆی دی کـە وەسـتابوو تەماشـای دەکردو لەوکاتەدا (سکی پڕبوو), (ابو الحسن)گوتی: تەماشای مەکە .. منداڵەکـەی سـکت دەبێتـە خزمەتچـی سـوڵتان .. هـەروایش بـوو, کوڕێکی بوو چووە ڕێزی خزمەتچیانی دەوڵەت.

### 451-هەلپەرستی (خەلیفە مەنسور):

ئەگـەر دوژمنـت دەسـتی بـۆ درێـژ کـردی, بیـبڕە .. وەگـەرنا ماچـی بکە.

(تأریخ الخلفاء)

452-**دژی جەنگ (المعری):**

**ئەگەر خەڵك دەستیان لەخوێندا نوقم بوو, تۆ دەستبخە ئاوی کانیو ئەستێڵ.**

**بەندەکانت شەکەتو ماندوون, هەتا کەی نووك بەسەر ڕمەوە, هەتاکەی وڵاخ ئامادە بنو جڵەو لەملیاندا؟**

453-**حوکمو بڕیارەکان دەگۆڕێن (المعری):**

**پێویست نیە هەموو شتێك و لە هەموو کاتێکدا بگەڕێتەوە سەر بنجو بنەڕەتەکانی خۆی, چونکە هەندێك جار کەدەچینەوە سەر بنجو بنەماکانی رابوردوو, حوکمو بڕیارەکانی ناشرینو قێزەون دەبن.**

**(الصاهل والشامج)**

454-**تلیاکی گەلان:**

**لە(تفسیر)ی (الکشاف)ەوە:- لەهەندێك کتێبدا هاتووە:**

**خودا پاشای پادشایانە .. دڵو ناوچاویان بەدەستی منە, ئەگەر بەندەکان ئیتاعەیان کردم, منیش پاشاکانیان بۆ دەکەم بەخێرو خۆشی, ئەگەر لەمنیش یاخی بوون, ئەوە پاشاکانیان بۆ دەکەم بەسزایان, خۆتان بەپاشایانەوە سەرقاڵ مەکەن, بڕۆن لەسەردەستی بەڕەحمترین پاشادا تۆبە بکەنو پەشیمان ببنەوە.**

455-**ئاسایشو ئاسوودەیی (شیخ محی الدین العربی):**

ئەگــەر دەتــەوێت نەترسـیت, کــەس مەترسـێنە, لەهــەموو شــت ئەمینبە, ئەگەر هەموو شت لەتۆ ئەمینبن.

(مجموعة غراب/ ترجمة حياتة)

## چەند نامەیەکی سیاسی هەڵبژاردە

نامــەی (ابــو طــاهر القرمطــي) بــۆ (المقتــدر العباســی) لــەوەڵامی نامەیەکی (المقتدر) دا:

بەناوی خودای بەخشندەو میهرەبان, سوپاس بۆ خودای گەورەی هەموو جیهان, پاشە رۆژیش بۆ خواناسانە.

لە (ابو الحسن الجنابی)یەوە کە خەڵك بانگدەکات بۆ خواپەرستی و بەفەرمانی خودا تۆڵەی پێغەمبەری خودا دەسێنێت – بۆ سەرۆکی پیسی و پۆخڵەوات کە بە (ولد العباس) ناودەبرێت.

پــاش ئەمانــە .. بەئومێـدم کــەخودا بتخاتــە ســەر رێگــای خێــرو راستی, بتپارێزێت لە (پابەندبوون) بە پەتی لەخۆبایی بوون و غرور.

نامــە پــڕ لەهەڕەشــەکانت گەیشــت کــە بەگوتــەی خــۆت: بەقســەی بــەتوێکڵ رازاندووتــە, نامەکــەیش پیــاوە گــەورەکانی نووســیویانەو پڕیــانکردووە لەقســەی پڕوپــووچ و بێکــەڵك, ئەوانــەی لای تــۆ رێگــا لەهەق دەگرن و دەبنە کۆسپ, مژدەیان پێبدە کە عەزابێکی سەخت چاوەنواڕیانە.

ئێمــە بەتاســەوە دەڕوانینــە ئــەو رۆژەی کــە دەوڵەتەکــەت لابچێت و نــەمێنێت ... دوا قوتابیــەکانت ئاســەواریان لــەم نــاوەدا ببڕێتــەوە, ئەوکاتە (اولیاء)ەکانی خودا گەردن و ملت لەعۆدەی ئەواندا ئەبێت و

هێرشـدەبەنە سـەر قـەڵاو سـەنگەرەکانت, بەناچـاریی ژنـت دەکـەن بەکۆیلەو بەشێنەیی و سەبر کۆمەڵەکانی سەر بەتۆ دەکوژینەوە.

ئەوانـە حیزبـی خـودانو حیزبـی خـودایش هەمیشـە سـەرکەوتوو دەبێت, سەربازانی خودا هەمیشە سەربەرزن.

لەوکاتـەدا (ئیمـامی چـاوەڕوانکراو – الامـام المنتظـر) و شـێری شێران لەبـەرگی سـەرکەوتنداو بەبـەرگی توڕەییـەوە پەیـدا دەبێـتو پێویستی بەهاریکاریو پشتگیری عەرەب نابێت, لەکاری خوداییدا لەتانـەو تەشـەری کـەس سـڵ ناکـات, ئەمـەیش فـەزڵو گـەورەیی خودایـەو بەهەوەسـی خـۆیو بەهەرکەسـی ئـەدات ئەیـداتو خـودا لەهەموو شتێك ئاگادارە.

لەدەوروبـەری ئیمـام سـامو هەیبـەتو شـکۆمەندی کـۆ دەبێتـەوە, چـادرگەو خێمـەی بـۆ هەڵئـەدرێتو گشـت رووبەنـدو قیناعـەکان لادەبـرێن, تـاریکیو تـەمو هـەور دەڕەوێنـەوە, دەریاکـانی جـەهلو نـەفامی دێنـە کـەمیو کـزر بوونـەوە, ئەمانـە گشـت هەلومـەرجێك دەخـولقێنن کـە هـەقو راسـتی زاڵ دەبـنو بـاتڵو خراپـەکاریش دەپووکێنەوە, هەرچەند تاوانباران ئەو رەوشەیان پێخراپە.

بـەخودا تـۆ لـەخۆت باییـتو مـەغرور, تـەماعت بەشـتێکە کەبـەهیوانیت دەسـتت بکـەوێت, خـۆت بـۆ پارووپـەك مـەلاس داوە کەپێی ناگەیتو چەشکەی ناکەیت.

بـەزەینی خـۆتو پیرەکـەی دەوروبـەرت, کۆڵێـك خـەوشو عـەیبت داوە بەسـەرما, بـەخودا لـەکارەکانت دەپرسـنەوە, نوسـیبووت: حاجیـەکانم کوشـتووە, شـارەکانم وێرانکـردووە, چـەندین مزگـەوتم سووتاندووە.

بەخودا... ئەوانە گشت بەبێ بەڵگەی گەشی وەك رۆژ نەمكردوون, چەندین تایفە لەلای من وایان نیشانداوە كە زۆر باش‌و خێرخوازن, بەڵام پاشان بۆم رۆشن بوو كە رەوشت‌و كرداریان (فاجر)انەیە, منیش فەرمانی خودام بەسەردا داون, ئەوەیش بەپێی فەرمانەكانی خودا حوكم نەكات گومڕاو كافرە.

پێمبڵێ ئەی بەڵگەهێن‌و بەناوی ئەوانەوە موجادەلەكەر! لەچ ئایەتێكی كیتابی خودا هاتووە, یان بە چ فەرموودەیەكی پێغەمبەر مەیخواردن‌و (طمبور)ە لێدان‌و ژەندنی نەی لەلایەن ژنانی كۆیلەوە, ماچكردن‌و دەستلەملانی كوڕانی لوسكە حەڵاڵن؟

خۆت‌و پیاوەكانت لەپارەی هەتیوان كۆی دەكەن‌و لەكاری حەرامدا خەرجیدەكەن.

گوتووتە من مزگەوتی پیاوچاكانم سوتاندووە, ئەو مزگەوتانەی خۆم سەردانم كردوون, وێڕای درۆكردن بەناوی خوداو پێغەمبەر, پشتبەستن بەگوتەی شێخە فاجرەكانیان كە چەند شتێكی درۆو هەڵەیان لەلا كۆبۆتەوە – وێڕای ئەمانە هیچی دیم تیا نەبیست‌و نەدی.

منت ترساندووە بەخوداو ئاگاداربوونی‌و چاودێریكردنم, تۆ زۆر سەیریت! هێندە بوودەڵەو لاوازیت, وادەزانی تۆ لەمن باشتر خودا دەناسیت, گوایا خودا نازانێت كەتۆ ماڵی موسوڵمانان بۆ شەللاتی‌و جڕتلێدەران خەرجدەكەیت‌و لەهەژارانی دەگریتەوە؟

تۆ لەسەر مینبەرەكان بۆ لاوان‌و خەساوەكان دەدوێی, ئایا خودا رێگەی پێداون یان بۆی هەڵدەبەستن؟

گوتووته: من ناوێکی (شەڕەنگێزی)م بۆ خۆم هەڵبژاردووە, ئایا ناوەکەی من لەناوەکەی تۆ گەورەترە کە (المقتدر باللە) و (امیر المؤمنین)ە؟

چ سوپایەك هاتۆتە سەرتۆو توانیوتە پەرچی بدەیتەوە, یان چ دوژمنێك تۆی ناچار کردووە کە دەستپێشخەری بکەیتو پەلاماری بدەیت؟

بۆ تۆ (أمیر الفاسقین) دەگونجێت نەك (امیر المؤمنین).

تۆ هەندێك لەدەسەڵاتەکانت ئەدەیت بەخەڵکانێك کە پیاوانی شەریفو گەورە بە(السید) و (المولی) بانیگان دەکەن کام لەمانە نزیکن لەخوداپەرستی؟!

ئایا زانیوتە: هەرکەسێك کۆمەڵێك لەعەشیرەتو عەسابەی ئامۆزاکانیو بنەماڵەکەی خۆی دەوریان گرتو کردیان بەگەورەی خۆیان – ئەمیش دەبێتە گەورەو دەسەڵاتدارێك؟

پاشان چ هەڕەشەیەك دەکەیتو چی لەتواناتا هەیە بیکەو ئەنجامی بدە, من خودا پشتم دەگرێتو هەر ئەویش باشترین گەورەو پشتیوانە.

سوپاس بۆ خوداو درووود بۆ باشترین ئافەریدەکانیو ئالو عەشیرەتی.

ابو طاهر

له: (اسرار الباطنية لليماني)

**نامەی ( علي بن ابي طالب ) بۆ ( عثمان بن حنف ) والی بەسرە سەبارەت بەوەی کە ( عثمان ) بانگکراوە بۆ شاییو ئەویش ئامادەبووە.**

پاشان (امابعد) ئەی (ابن حنیف): زانیومە کە گەنجێکی خەڵکی بەسرە بانگهێشتی کردووی بۆ داوەتێکی نانخواردن, تۆیش خێرا لەو کۆڕەدا ئامادە بوویت, هەمەجۆرو هەمە رەنگ خواردنت پێشکەشدەکراو بەلەگەن و دەفر خواردنت بۆ دەهات.
من وام نەدەزانی کە لەسەر سفرەو خوانی خەڵکێك ئامادە دەبیت کە بێدەستەکانیان فەرامۆشکراون و دەوڵەمەندەکانیان دەعوەتدەکرێن و لەپێشن!
ئەوەی کە لەو کۆڕی هارین و خواردنەدا دەیخۆیت و دەیهاڕیت, بەتیژیی تەماشای بکە, ئەوەی لێی بەگومانیت وازیلێبهێنەو مەیخۆ, ئەوەیش لەپاکی و باشی دڵنیایت, بەشی خۆتی لێوەربگرە.
ئاگاداربە! هەموو کەسێك ئیمامو رابەرێکی هەیەو بەزانست رێگای بۆ رۆشن دەکات, ئاگاداربە! رابەری ئێوە بەکراسە کونێك و دوو کولێرە ژیاوە.
من دەزانم کەئێوە ناتوانن وەك ئەو بژین, بەڵام تکاتان لێدەکەم بەخۆپاراستن لەگوناهو خۆماندووکردن و راستگۆیی و بێگەردی, هاریکاری من بکەن.
سوێندم بەخودا! لەماڵی دونیا نە زێرم لاداوەو نە پاشکەوتم کردووە (وفر), نە لەسامانی (تالان و چەپاو – غنائم) هیچم کۆکردۆتەوە, نەگرنگیم بەکراسە کۆنەکەم داوە, نە بستێك زەویم هەیە, لەماڵی دونیا ئەوەندەم وەرگرتووە کە ماکەرێکی زامدار پێی دەژی.
ئەوە (نەفسە)و رایدەهێنم بەخودا پەرستی, با لەرۆژی قیامەتدا نەبترسێت و نە بوەستێ و نەخزێت بۆ دۆزەخ, ئەگەر ئارەزوو بکەم, رێگەی هەنگوینی پاڵفتەو کرۆکی گەنم و جلوبەرگی ئاوریشم ئەدۆزمەوە.
بەڵام ئەوە زۆر دوورە کە هەواو ئارەزوو بۆ چاوچنۆکی و نەوسنی رامبکێشن, ئەوەتە من (حیجاز) یان (یمامة)م هەڵبژاردووە چونکە بۆ نان و تێربوون کەس تەماعیان تێناکات.
ئەوە زۆر دوورە لەمن کە, زۆر تێربم و لەدەوروبەرم خەڵکانێك لەبرسا سکهەڵگوشن و منداڵیان بکروزێنەوە, ئەوە زۆر دوورە لەمنەوە کە ئەو شیعرە بم:

ئەوە چ نەخۆشیەکە تۆ بەشەودا سکت
تێر بێت و لەدەورویشت منداڵان
بەهەڵپەوە بگەرێن بەدووی هەمانەو پشتوێنی چەرمدا.

ئایا لەناخ و دەروونی خۆمەوە چۆن رازیبم کە خەڵك پێمبڵێن (أمیر المؤمنین)ە کەچی لەناخۆشی و چورتمەکانی رۆژگاردا بەشداری خەڵك ناکات؟ یان چۆن .. وەك ئەوان نەبم لەخراپی گوزەراندا؟

من بۆ ئەوە نەخولقاوم وەك وڵاخی بەستراوەی سەر ئاخور تەنها خەمی ئالیكم بێت, یان وەك وڵاخی بەرەڵا كە خەمی پاشەڕۆ خواردنی بێتو ووركی لەئالیك پڕبكاتو خەڵكی بەهەوەسی خۆیان گەمەی پێبكەن, یان گوێ بە هیچ شتێك نەدەمو بەگاڵتەو لاقرتێ ژیان بەسەر بەرمو پەتی گومڕاییو زوڵمو ڕێگای بزربوون بگرم لەژیاندا.

دیارە یەكێك لەئێوە ڕۆژێك دەپرسێت: كە (علي بن ابي طالب) بەمجۆرە گوزەران بكات لاواز دەبێتو هێزی لێدەبڕێت ئیدی چۆن دەتوانێت بەرەنگاری پاڵەوانانو ئازایان ببێتەوە؟

ئاگاداربە! كە درەختەكانی وشكانیو چیاكانو بیابانەكان تۆكمەترن, ڕووەكە سەوزو قەشەنگەكان پێستیان پتەوترنو ناسكترن.

منو پێغەمبەر وەك (دوانە)ین (وەك برای باوكو دایكین) یان وەك قۆڵو مەچەكین, بەخودا! ئەگەر هەموو عەرەب پێكرا پەلامارم بدەن, پشتیان تێناكەم, بەپێی توانا هەلیشی لەكیس نادەم بەخێرایی بۆیدەڕۆم, لەمەوپاش خۆم ماندوو دەكەم تێدەكۆشم بۆ خاوێنكردنەوەی زەوی لەو شەخسە لاوازو شێواوە, بەو نیازەی گڵو مرۆر لەخەرماندا نەمێننو پاكبێتەوە.

(علي بن ابي طالب)

**نامەی ( راشد الدین سنان ) خاوەنی قەڵاكانی ئیسماعیلیەكان لەشام لەوەڵامی نامەی هەڕەشەی ( نورالدین الشهید )دا**

سەرەتای نامەكە بەشیعر دەستپێدەكات:

ئەی ئەوەی بە تەقەو زرنگەی شمشێر هەڕەشەمان لێدەكەیت
توانای ئەوەت نیە دڵێك لەلێدان بخەیت
كۆترێك فریو هەڕەشەی لەباز دەكرد
كەمتیارێك بەسەر شێرێكدا دەینالاند
دەستێك دەمی مارێكی بەپەنجە گرت
ئەو پەنجە ئاخۆ چی بەسەر دێت؟!

پەنا بەخودا! سەیرە مێشێك ئاڵاوەتە گوێچكەی فیلێك, مێشوولەیەك ئاڵاوەتە چەند پەیكەرێك, پێش تۆ گەلی تریش هەروایان گوتو تێكو پێكماندانو كەسیش نەهات بەهانایانەوە .. ئیدی بۆ پێ لەهەق دەنێنو ئینكاری لێ دەكەن؟ یان بۆ دەبنە پشتیوانی ناهەق؟

(وسيعلم الظالمون اي منقلب ينقلبون – ئایەتی قرآن– لەمەودوا زاڵمان دەزانن چۆن تێدەشكێن).

ئەو شتانەی گوتووتن چەند ئاواتێکی درۆن‌و چەند خەیاڵێکی پووچن, جەوهەر بەنیشانەکانی لاناچێت (1), هەروەها گیان (روح) بەنەخۆشی لەناو ناچێت(2).

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ شتە ئاشکراو هەستپێکراوەکان‌و واز لە شتە شاراوەکان بهێنین (معقولات), باشترین نموونە پێغەمبەرە کە دەڵێت: هیچ پێغەمبەرێك هێندەی من ئازاری نەدراوە (3) خۆت باش دەزانیت کە چیان بەبنەماڵەو خێزان‌و کۆمەڵەکەی کرد, بارودۆخ هەمان بارودۆخە شتەکەیش بەردەوامە.

سوپاس‌و گەورەیی لەدنیاو قیامەتدا بۆ خودایە, ئێمە زۆر سوپاسی خودا دەکەین کە زوڵم لێکراوین‌و زاڵم نین, پێشێلکراوین‌و کەسمان پێشێلنەکردووە, بڵێ:

(جاء الحق و زهق الباطل ان الباطل كان زهوقا – ئایەت– هەق هات‌و باتڵ سەرشۆڕ بوو, باتڵیش هەمیشە سەرشۆڕ بووە), تۆ زانیوتەو لەبارودۆخی ئێمە شارەزایت کە پیاوەکانمان ئامێزی مەرگدەکەن! تۆ بێژە ((فتمنوا الموت ان كنتم صادقين –ئایەت– ئەگەر راستدەکەن مەرگ بەئاوات بخوازن))پەندێکی رەشەخەڵك – عامة– دەڵێت:

ئایا بە روبارو گۆم مراوی دەترسێنن یان: ئەوان بەرگ‌و کراسی بەلاَن یان:

تۆ بەسمت, گۆڕی خۆت هەڵدەکەنیت, یان بەئارەزووی خۆت‌و بۆ ئەتك لووتی خۆت دەبڕیت. بەلای خوداوە هیچ شتێك ئەستەم نیە.

(من المستطرف)

# راڤەکردنو چەند تێبینیەك لەسەر

# بەشی یەکەم

1–عقلة: کەلەپچە

2–کـاز: کـۆیکردەوە, واتـە مەنجەڵـەکانیان کـرد بەیـەك, واتـەی دەقەکە رۆشنی دەکات کە عومەر لەمەترسیدا بووە.

4–التامورة: مەبەست لەلانەیە (عریب)

النمرة: جامانەیان رووبەندێکی خەتخەتە

فى الاغانى: زۆر گۆڕدراوە لەبەر نهێنیەك

5–(مالـك بـن دینـار) شـەرعزانێکی (فقیـە) سـەردەمی ئەمەویـە, گـۆڕانی بـاری تەندروسـتی ئـەمیر, بەڵگەیـە بـۆ ئـەوەی کەدەسـەڵاتی بۆرابـواردنی شەخسـی خـۆی بـەکارهێناوە, ئـەوەیش مانایـەکی تـر دەگەیەنێت کە, باری ژیانی گۆڕاوە لەهەژاریـەوە بۆ دەوڵەمەنـدی, لـە (بژیو مـەمرە)وە بـۆ رابواردنی شـاهانە, هـەردوو ماناکـە لەئەنجامـدا یەکدەگرنەوە.

7-فەرموودەی دانراو (**خديث موضوع**): ئیسپات بێت کە پێغەمبەر گوتوویە, ئەم فەرموودەیەش روونی دەکاتەوە کە موسوڵمانان لەسایەی (خەلافەت)دا لەچ بارودۆخێکدا دەژیان, دیارە ئەو رەوشەیش هەرەشەو پێشبینی بوو بۆ داڕوخان و شکستی تەواو, ئەم داڕوخانەیش لەسەدەی چوارەمی کۆچیەوە نیشانەکانی دەرکەوتن, لەو سەدەیەدا مێژووی (دانان و هەڵبەستنی) فەرموودەکانی پێغەمبەر دەستیپێکرد.

9-(الزمان) هاومانای چارەنووس و قەدرە, لەوەڵامەکەی (احنف) دا پەیوەندیەکی راستەوخۆیە, لەنێوان دەسەڵات و رەوتی ژیان لەکۆمەڵگەی (عربی - اسلامی)دا.

12-الاست: قنگی مرۆڤ.

14-القيان: تاکی (قنية)یەو کۆیلەی گۆرانیبێژە.

16-الجراب: هەمانەیەکە بەزۆریی لەپێستە دروستدەکرێت, لەناو رەشە خەڵکی عیراقدا لەخوری دروستدەکرێت وەك (هۆڕ - گوێنی- جەواڵ).

18-سجية: خوو + رەوشت رەفتار کە دەگەڕێتەوە بۆ سروشتی مرۆڤ, کەواتە دەبوو سابت و نەگۆڕبێت بەپێچەوانەی عادەت, ئەمە لە بارەی زمانەوە, بەڵام لەڕووی زانستی دەروونناسییەوە هیچ خەسڵەتێك نیە قیرسیچمەو نەگۆڕبێت.

20–(انس بن مالك) یەکێکە لە (صحابة)ی پێغەمبەر, کەمتەمەن و مێردمناڵبووە, پێغەمبەر بۆ کاروباری تایبەتی خۆی بەکاریدەهێنا. لەسەردەمی (حجاج) دا کاری سیاسی کردووە, حەجاج وەك (راوێژکارێك) مامەڵەی لەگەڵ کردووە.

21–(الحسن البصری) ئاینزانێك بووە (لاهوتی) لەسەردەمی (اموی) داو هاوچەرخی (حجاج) بووە, دژی زوڵمو ستەمی (اموی) یەکان بوو, لەهەمان کاتیشدا دژی ئەو راپەڕین و شۆڕشە چەکداریانە بوو کەدوژمنی خەلافەتی (اموی) بوون.

22–اية الكنز: بریتییە لەئایەتی (والذين يكنزون الذهب والفضة ولا ينفقون في سبيل الله فبشرهم بعذاب اليم) واتە ئەوانەی کە زێڕو زیو کەڵەکە دەکەن و لەڕێگەی خودا خەرجی ناکەن, مژدەیان پێبدە کەتووشی سزاو ئەشکەنجەی سەخت دەبن.

ئێمەیش لەمبارەوە کتێبێکمان هەیە بەناوی (في الدين والتراث) کە لە (دار الطليعة/ بيروت/ 1973) دەرچووە.

23–ئەم شیکاری و بۆچوونە لەمانای (رق – کۆیلایەتی)دا ئەو گۆڕنکاریە دەردەخات کە لەماوەی نێوان (اغریق – عەرەب)دا پەیدا بووە, کۆیلایەتی بەلای (ارسطو) دەگەڕێتەوە بۆ سروشت, واتا شتێکی سروشتیە, بەڵام (فخر الرازی) دژی ئەم بۆچوونەیە.

24–**التطفيـف: لـه (طفيـف)ەوە هـاتووە بـەمانا كـەم، قورئـانيش بەنيازی (دزی لەسەنگو تەرازوو)دا بەكاری هێناوە.**

26–**لـەم دەقـەدا (فخـر الـرازی) مانـای (تطفيـف)ی گشـتاندووەو رەبتی كردووە بەپەيوەندی گشتی كۆمەڵايەتيەوە.**

32–**نيزو: بەهەڵەشەيی بازئەدات.**

**المعاهد: ئـەو كەسانەن كـە موسـوڵمان نين‌و لـەوڵاتانی ئيسـلاميدا دەژين‌و پێشـی دەڵـێن (ذمـي)، سەرچاوە (فقهی)يـەكان دەڵـێن مانـای (المعاهد)و (ذمي) جياوازن، بەڵام لەم دەقەدا مانايەكی گشتی هەيە.**

33–**لــەم دەقــەدا نموونــەی ملمــلان‌و ســەراعێك دەخاتــەڕوو كــە لەنێوان (نمط الانتاج الاسيوي)و جۆرە خـراپ‌و استغلاليەكانی تـردا هەيە.**

**دەســەڵاتەكانی خەلافــەتی (عباســی‌و أمــوی) كــە بــۆ تێركردنــی پێداويسـتی چينايەتی كاريـان كـردووە، ئـەو خەلافەتانـە كاريـان بـۆ ئـەوە كـردووە كـە رووبـەری كـەرتی گشـتی (القطـاع العـام) تـەنگ‌و سنووردار بكەن‌و دژی (موڵكايەتی تايبەت) بوون.**

34–**لەسـەردەمی (راشـدين–چوار خەليفەكـەی دوای پێغەمبـەر) دا سيسـتمی (تجنيـد الاجبـاری) نـەبووە، بگـرە لەسـەردەمی دوای ئەمانيشدا.**

**بـەڵام كـەناوی يـەكێك لـەديوانی ژمێرياريـدا تۆمـاركراو مانگانـە وەربگرێـت، دەبـوو لـە ئـەرك‌و واجبـاتی سـەربازی دوانەكـەوێت،**

تۆمـاركردنيش لـەو ديوانـەدا هەوەسـكاری بـوو, بـەلاّم سيسـتمی عەشـايەری رۆلّێكـی كاريگـەری بـوو, خۆبەخشـەكانی سـەربازی بـەپارەو ديسـپلنی خێڵەكايـەتی فريويـان ئـەدان, ئـا لێـرەدا سـزای دواكـەوتووەكانو راكردووەكـانی سـوپا (المـتخلفين والهـاربين) تاڕادەيەكی زۆر بەقياسو پێودانگی عەشايەری بوو.

35–ئـەم دەقـە لـەكتێبی (طـبري) دايـە, خـەڵك پێشـتر لـەكۆڕو مەجليسـی خەليفەكانـدا وتووێـژيان لەگەڵـدەكردنو پەرچيشـيان ئەدانەوە, بەلاّم ئەم رەوشە لەسەرەتای دەسەلاّتی (اموی)يەكاندا كەم كراو سنووردار كرا.

ئـەم هەڵوێسـتەی (عبـدالملك) هـەنگاوێكی بـەهێزە بـۆ داڕشـتنو پتەوكردنی ستەمكاریو زوڵمی سياسی.

36–(سعيد بـن المسـيب): يەكێكـە لەشـەرعزانەكانی (فقهـاء)دوای پێغەمبـەر, لـەپێش بـوونی خـەليفە دۆستايەتی لەگـەڵ (عبـدالملك)دا هـەبوو, سـەعيد بەكـەنارگيرو (خۆپـارێز لـەگوناه) ناسـرابوو تێكـەڵی دەسەلاّتدارانی سياسی نەدەكرد.

37–ئەمانـە بريتی بـوون لـە (عثمـان بـن حيـان), (قـرة بـن شـريك), (خالـد بـن عبـدالله القسـري), ئەمانـە (والـی) ئـەو شـارانە بـوون لەسەردەمی خەلافەتی (عبدالملك) داو مەبەستی (عمر بن عبـدالعزيز) لەم دەقەدا ئەو (والی)يانەيە.

43–ئەم دەقە پەیوەندی هەیە بە (کنز الاموال)و تەماشای بڕگەی (22) بکە لەم بەشە.

44–پێوەری زاڵبوونی ستەم لێرەدا ڕەفتاری دەسەڵاتە, چونکە ڕەفتاری خەڵك – بەپێی سیاسەتی ئیسلامی– تابعو شوێنکەوتەی دەسەڵاتە.

45–لێرەدا (رای گشتی) ڕەنگدانەوەیەکی ڕاستی سیاسەتی دەسەڵاتدارە.

54–بعد الفوت (بعد فوات الاوان) پاش ئەوەی کارەکە لەدەستدەرچوو, یان: لەپاش باران کەپنەك.

مقبلا: مەبەستی لەباربوونی بارودۆخ بۆ هەڵسان بەکارێکی نوێ.

59–ئەوکاتە دراوی کاغەز نەبوو, دینار دەکرا بە پارچە زێڕێکی خڕ, دیارە نانیش دینارئاسا خڕە بۆیە بەنان دەڵێن (قرص) لەزمانی جڵفەی عیراقیشدا پێی دەڵێن (گرمة خبز).

*(ابن السماك) سۆفیەکی سەردەمی (عباسی)یە.

*وشەی (سلك) لەپەرەگرافی (السماك)دا: مەبەستی لە: پلەی کۆمەڵایەتی یان شکۆو گەورەیی یان شانسو بەختی تاك, ئەم بۆچوونانە لەسیاقو فەزای پەرەگرافەکەدا وەردەگیرێن.

62–استفتح الاسلام: مەبەست لەسەرەتای پەیدابوونی پەرتبوونو فیتنەیە.

65–شـــەریعەتی ئیســـلام (کـــارکردنی خـــۆڕایی و بـــێ کرێـــی) حەرامکردووە مەگـەر کەسێك (خۆبـەخش)بێت. ئێمـە شـارەزای ئـەوە نین موسـوڵمانەکانی سـەرەتای ئیسـلام کـەولاتانیان (فتح) کـردووە, هەڵوێستیان بەرامبەر بێگارو سوخرە چۆن بووە. بەڵام سەرچاوەکان پێمان دەڵێن کە (معاویة بن ابي سفیان) یەکەم کەس بووە خەڵکی بە بێگـارو سـوخرە بـردووە خـانووی پێکـردوون, واتـە یەکـەم کەسبووە خەڵکی شارەکانی بردووە بۆ بێگارو سوخرە.

(عمر بن عبدالعزیز) لەنامەکانیدا بۆ (والی)یـەکان, باسـی سـوخرەی کـردووە لـەبواری بردنـی جوتیارانـدا, ئەمـەیش لـەم دەقـەی (ابـن عبـدالحکیم)دا باسـکراوە, پاشـان (عمـر بـن عبـدالعزیز) فـەرمانی لابردنی سوخرەی داوە, بەڵام پاش ئـەم, بێگـارو سۆخرە گەڕایـەوەو بەردەوامیش بوو.

67–الـبرذون: چەشـنە هێسـترێکی مەشـقپێکراوە, لـەناو چـینە ئورستوکراتەکاندا بۆ فیزو کەشخەکردن بەکاردەهات, لە (لادێ)کانی عیراقدا هـەمان نـاوی هەیـە, لـەم بارەیـەوە پرسـم بـە هـاوڕێم (الشیخ موسی لازم)کرد گوتی ئەوان هێستر لـە (چاککردنی) ئەسپ و ماکەر پەیدا دەکەن.

68–جنف: لار, خوار

ئەمجۆرە بۆچوونانە دوورنیە لە (عمر)ەوە، لەوانەیشە لەماوەیەکی دواتردا و لەژێر کاریگەری کوشتنی (عثمان)دا ڕێکخرابێت.

71–نافج: رافع

النثيل: الروث: شیاکە.

الخضم: پارووی گەورەی پڕدەم.

البطنة: التخمة: زۆرخۆری و ترخەکردن.

ئەم دەقە لە خوتبەیەکی (الشقیقة)ە وەرگیراوە کە ڕەخنە لەسیٚ خەلیفەکە دەگرێت.

73–الحين (الحاء مفتوحة): مردن.

الدبى: پۆلی کولله

ضرب طلحف: شدید

74–فلیکن بهم البدار: پێش هەموو کەس لەوانەوە دەستپێکەین چونکە لەهەمووکەس زاڵمترن، لێرەدا کوشتاری موسوڵمانانی پێباشترە لە (کفار) چونکە موسوڵمانەکە زاڵمترە.

81–پەرەگرافەکەی (عمر بن عبدالعزيز) تاوانبارکردنی (چوونەلای ژنە کۆیلە)یەو لەشەرعیشا حەڵاڵەو ڕێگای پێدراوە، لای (تستری)، چوونەلای ژنە کۆیلە بەبیٚ مارەکردن دروستە، تەنها مەرجێك کەپێویستە: ژنەکە ببێت بەموڵکی پیاوەکە.

لەم دەقەدا ڕۆشندەبێت کە (عمر) (تستری)بەلاوە خراپەو پێی قبوڵ ناکرێت, وە فەرمانیشیدا کە ژنە کۆیلەکانی کۆشکی خەلافەت بگێڕنەوە ناو خێزانەکانیان وەك (ابن عبدالحکیم) دەڵێت.

91-احدثت بعده: ئەو کارەم کرد کە ئەو لێی قەدەغە کردم, لێرەدا عائیشە ئاماژە بۆ جەنگی (جمل) دەکات.

97-عریف: فەرمانبەرێکی سەربازیە, لەوانەیە لەوکاتەدا تایبەت بووبێت بەجاسوسی.

(سفیان) وەرگرتنی پارەوماڵو دابەشکردنی بەسەر هەژاراندا قەدەغە کردووە, دیارە مەبەستی لەحەرامکردنی ئەم کارە, مامەڵەکردن بووە لەگەڵ دەوڵەتدا, تەنانەت لە کاری خێریشدا, ئەمەیش ئەوە دەردەخات کە سوفیان لەدژایەتی خەلیفەکاندا توندڕەو بوون.

98-السوقة: خەڵکی بازاڕ, مەبەستیشی ڕەشەخەڵکە, بەڵام پەرەگرافی سوفیان مەبەستی خۆی دەرخستووە.

100-خلقت بالزعفران: جوانکرابوو, ڕازاندرابوو بەزەعفەران.

110-الحسن بن سهل: وەزیرێکی مەئمون.

(یعقوب بن اللیث الصفار): پاشایەکی (طوائف) بووە لەخۆرهەڵاتدا لەسەدەی (3)ێی کۆچیدا.

117–خناصرة: شوێنێکە لەدەوروبەری شام.

119–(ابو بکر الزبیدی): شاعیرێکی ئەندەلوس بووە لەساڵی (379) کۆچیدا.

121–(ابو الصلت الاندلسی): (امیة بن عبدالعزیز)ەو زاناو ئەدیب بووە, لەبابەتەکانی: پزیشکیو گەردووناسی (فلکی)و مەنتیقیدا نووسینی هەیە, لە (دانیە/ اندلس) لەدایك بووە, لە (المهدیە)ی مغربو لەساڵی 529 ك مردووە.

122–(زیادة بن مزید) شاعرێکی دەشتەکیە لەسەرەتای سەردەمی ئەمەویکاندا ژیاوە.

124–الاحنف بن قیس: یەکێکە لەسەرکردەکانی خێڵی (تمیم) لەسەرەتای ئیسلامدا ژیاوەو یەکێکە لە فەرمانەدەکانی (فتح)و لەگەورە هوشیارو حەکیمەکانی عەرەب.

*بنات العهال: ئەسپو ماین.

*بنات النهاق: گوێدرێژو هێستر.

(احنف) لەم دەقەدا ئاماژە دەکات بۆ (قواعد)ی عەرەبی هەروەها ئامارژە دەکات بۆ ئەوەی گوێدرێژو هێستر بۆ ئەمجۆرە جەنگانە باشترە لەئەسپو ماین.

125–(کعب): (کعب الاحبار)ە, جوولەکەیەك بوو لەسەردەمی خەلافەتی (عمر بن الخطاب)دا ئیسلام بوو, چیرۆکەکانی (بنی

اسـرائيل)ی دەگێڕایـەوە, ئـەوەیش دەگێڕنـەوە کـە دەسـتی بـووە لـەتیرۆری (عمـر بـن الخطـاب)دا, بڕوانـە (ترجمـة عمـر في طبقـات ابـن سعد).

*ابـن مسـعود: (عبداللـە) یـەو ئەسـحابەیەو لەموسـوڵمانەکانی سـەرەتای ئیسـلامە, ئامـاژەکردن بـۆ ئـەم دوانـە لەدەقـە شـیعریەکەدا, پەیوەنـدی هەیـە بـەو پێشـبینیانەی کـە دەیکـرد لـەبارەی گـۆڕانی بارودۆخ‌و خراپبوونی رەوشی موسوڵمانان, ئەم پێشبینیانە خـەڵکی تریش کردوویانە.

126–یخضمون:کەدەخۆن دەمیان پڕەو سیخاناخ.

نقضم: بەلێواری زبان دەخۆن.

مەبەسـت لەیەکـەم: زۆری خواردنـە, مەبەسـت لـەدووەم کـەمی خواردنە.

128–لـەکتێبی (نهـج البلاغـة)دا ووشـەی (یتبیـغ) هـاتووە, مەبەسـتیش: هـەژاری نـەیکوژێت. بەسـتنی (زهـد)ی حـاکم بـەبوونی هەژارانەوە, بەو نیازەیـە کەپێویسـتە دەسـەڵاتدار بۆلابردنی هـەژاری تێبکۆشێت پێش ئەوەی ژیانی ئاسایی خۆی دابین بکات.

129–الشریف: ئوروستوکراتیە.

الوضیع: کوڕی رەشەخەڵك.

لێرەدا زاراوەکە بـەمانای گشـتی بـەکارهاتووە, گریمـان وەك زمـان‌و ئـەخلاق بـەکاربێت, کەواتـە دەبێـت شـەریف بخرێتـە پـێش (وضـیع), بـەڵام وشـەی (ضـعیف) و (قـوی) هاومانـای (وضـیع) و (شـریف)ە

یەكــەم (ضــعیف)ە بەشــێوەی ئاســایی بــەهۆی هــەژاریو لاوازی كۆمەلاّیـەتی, (شـریف) بریتییـە لـە (قـوی) چـونكە خـاوەن سـامانەو بگرە زاڵیشە بەهۆی نزیكی شەریف لەدەوڵەتەوە.

130–لاتشار: دوژمنایەتی مەكە, بـەمانا: مەڕوانـە كێشـەیەك كـەتۆ تیایدا دوژمن بیت.

131–ب: الربیع بن زیاد الحارثي: یەكێكە لە سەركردەكانی (فتح) لەسەردەمی (عمر بن الخطاب) و لەساڵی 53ی كۆچیدا مردووە.

ج– قتل حجر: لەگوتەی عائیشەدا وەك (فاعل – بكەر) بۆری هەیە, مەبەستی عائیشـە ئەوەیـە كـە: هەسـتدەكات كـەبارودۆخی شـێواوە, زوڵمو ستەم گەیشتۆتە تۆرپك بەهۆی كوشتنی (حجر)ەوە.

د–* هەندێكی تر ئەم پەرەگرافە ئەدەنە پاڵ (علی بن ابي طالـب)و خەڵكی تریش كە هەواداری (علی) بوون لەجەنگی (صفین)دا.

هـ–*ئـەم چیرۆكە (واقدی) دەیگێڕێتـەوە, زۆر دوورو ئەسـتەمە كـە گوتەی پێغەمبەر بێت, چونكە پێشبینی تیا هەیـە, ئەگـەر راسـتبێت شـەهیدبوونی (ابـوذر) بـەهۆی ئـەو بـووە (لەكاتێكـدا واقـدی جێگـەی متمانەیـە), كەواتــە ئــەو بەرپرســە لــە رەوشــەكە, لەوانەیشــە هــۆی (بەشـەوقەوە رۆیشـتنی) بـۆ ئـەو كـارە لـەو كاتـەدا بووبێـت كـە, دژی دەسەلاّتی بازرگانە ئەمەویەكان بێت كە ململانێی كردووە.

دول: تەنها لەنێوان خۆیاندا ئاڵوگۆڕی پێدەكرا.

خول: كۆیلەن.

دخل: فێڵو فریودان: لیچرەدا مەبەست بازرگانی كردنە بەئاینەوە.

133–الابشار: خۆڕاگر.

(ابو حمزه) لێرەدا باسی دووفاقی (ازدواج) ترساندنو تۆقاندنی سیاسەتی خەلیفە لەخوتبەکەیدا دەکات.

134–(عمر) ئاماژە بۆ قۆناغەکانی پێگەیشتنی حوشتر دەکات.

بازل: حوشتری کامڵ.

ئەم پەرەگرافە ئاماژە بۆ گەشەکردنی دارایی و سامانی عەرەبی (جزیرة) دەکات بەهۆی (فتوحات)ەوە, ئەم تێبینیەی (عمر) سەبارەت بە هەڵپەو پەلامارданی ئیسلامەکانە بۆ وەدەستخستنی تالانی و سامان, ئەم هەڵپەیە بووەهۆی پێشبینی کردنی داڕوخان و تێشکانی ئیسلامی سەرەتا.

137–البهار: پێستی گا.

139–زاد المرکب:کەلوپەلی سەفەر.

یستخلفه: بەکەڵکی (بەکارهێنان) نەماوە.

143–الجلف: دەفر.

145–ابو سلیمان البستی: دانەری کتێبە لەسەدەی (4)ی کۆچیداو ئەو دەقەیش لەکتێبی (العزلة)ەوە وەرگیراوە.

147–ازراء.. ازری بە: خراپەی لەگەڵدا کردو ئازاریدا.

مفسدة للرعية: نموونەیەکی بەڕێوەبردنی حوکم پێشکەشدەکات کە باشتر بێت لەوەی کە هەیە, دیارە لەمکاتەدا خەڵك ئەو نموونەیەی پێباشترەو پاڵی پێوە دەنرێت بۆ راپەڕین.

دیارە لێرەدا (عبدالملك) باسی بیانوو لۆجیکێك دەکات کە لۆجیکی هەموو ئەو حکومەتانەیە کە لەگەل تەریك‌و دابڕاون.

149-یحی بن عدی: کۆلکە فەیلەسووفێکی (متفلسف) مەسیحیە لەسەدەی چوارەمی کۆچیدا, یەکێکە لەشاگردەکانی فارابی, ئەم دەقەیش لەکتێبی (تهذیب الاخلاق)ەوە وەرگیراوە.

151-مەبەست لەم پرسیارە: دڵنیابوونە لەکەوتنی (تەلاقەکە), چونکە ئەگەر ئیسپات ببێت کە پیاوەکە مانای (غوغاء)ی بەسەردا تەتبیق دەکرێت, ئەوە ژنەکەی تەلاقی کەوتووە, لەکاتێکدا بەلای زۆربەی مەزهەبەکانی (سنی)یەوە, لەمجۆرە حالانەدا تەلاق دەکەوێت.

بەلام لە (علی بن ابي طالب)ەوە دەگێڕنەوە کە ئەمجۆرە بڕیارانە بایەیخیان نیە, هەروەها (ابن الجوزی) لەکتێبی (اعلام الموقعین)دا هەمان بۆچوونی هەیەو تەلاقەکە ناکەوێت.

(شەڕە بەران) و (شەڕە کەڵەشێر) گەمەیەکی ناسراوەو هەتا پێش جیلی ئێمەیش لەبەغدا باوبوون.

152–فـره راوبۆچـوون لەپەرەگرافەكـەی (ابوحنيفـة)دا پەيوەنـدە بەئيعرابی (الساعة), (منصـور) بـە (مرفـوع) راڤـەی دەكـات وەك بكـەر (فاعل) لەم بۆچوونەدا مانای (رۆژی قيامەت).

بەڵام (ابو حنيفة) بـە (منصـوب)ی دەزانێـت لەسـەر (ظرفيـة), هـۆی ئەم لێڵیە دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی (حركـة – سـەروبۆر) لەڕستەكەداو (وقف) كە لە (نحو)دا هەندێكجار پەيڕەو دەكرێت.

154–(عتبـة بـن غـزوان) (صـحاب)ەيەو يەكێكـە لەسـەركردەكانی (فتح) لەعيراقداو دامەزرێنەری شاری (بەسرە)يە.

ئـــەم دەقـــە جێگـــەی گومانـــە, چـــونكە پێشـــبينی گۆڕانـــدەكات لەسياسـەتی (امـوی) يەكانـداو ئـەميش ئـەو سـەردەمەی نـەديوە, هەرچۆنێك بێـت (عتبـة) بەرجەسـتەو (تعبير) لـەو هەڵوێسـتە دەكـات كەدژی ئەو گۆڕانەيە.

155–مەبەست لەمانای ئەم حەديسە ئەوەيە كە ئيمانداران ئەگـەر ناچاركران كوشتار بكەن, بەلاوازترين ئامێری كوشتن خەڵك دەكوژن.

157–التجميد: مەبەست لەوكەسانەيە كەبـەزۆر راپێچـی بـەرەكانی جەنگكراون و لەسەربازگە دوورەكاندا دەژين و رێگەيان پێنادرێت كـە سەردانی خێزانەكانيان بكەن.

(عمـر بـن خطـاب) هـەر شـەش مـانگ جارێـك مۆڵـەتی گەڕانـەوەی پێئەدان بۆناو خێزانيان, بـەڵام لەسـەردەمی (اموی)يەكانـدا ئەمـەيش لابراو هەڵوەشايەوە.

(تجميد) یەکێك بوو لە هۆکاری پەیدابوونی بزوتنەوەی (زید بن علی)لەعیراق, چونکە لەدەقی (مانیفێستی) بزوتنەوەکەدا هاتووە کە (تجمید) بوەستیٚو کاری پێنەکرێتو سەربازەکان بگەڕێنەوە بۆناو کەسوکاریان.

لەم دەقەدا ئامارژە کراوە بۆ (کسری)و مەبەستیش لەوەیە کە (عەرەب) بەمجۆرە سیاسەتە نامۆن.

158–هەموو شەرعزانو بیرمەندان کۆکن لەحەرامکردنی سوکایەتی بە: چ زیندوو چ مردوو, بڕوانە برگەی 155, بەڵام پابەندبوون بە (دەستوورو قەواعدی تیۆری (نظري) شەرع, تۆکمەو پتەو نەبووە.

پێشێلکاری (زید بن حارثة) بەڵگەیەکە لەو یاسا شکێنییە.

165-(مکسیم رودنسون) دەڵێت: کە پەیڕەوکردنی دەوڵەتێك بۆ پرۆسەیەك کەزۆرینەی خەڵك لەو پرۆسەیە رازیبنو ئاواتو خواستەکانیان بۆ بێنێتەدی – لەم حاڵەتەدا (دەزگاکانی زوڵمو سەرکوتکردن کەمدەبنەوە. بڕوانە: الماركسية والعالم الاسلامي).

166– (حجاج بن ارطة): ئەندازیارێکی تەلارسازی (معماری) بووە, لەساڵی 145ی کۆچیدا مردووە.

168–رامشنة: گەلای ئاسنو دووسەری هەیە.

خبیص: جۆرە حەڵوایەکە.

جعص: گووه.

ند: دارێکی بۆنداره.

169- (حمدان بن الاشعث) دامەزرێنەری بزوتنەوەی (قرمطي) یە لەدەشتی کوفەدا, سەرکردەیەکی شەعبیو خۆشەویست بوو لەناو لایەنگرانیدا چونکە دڵسۆزو خواپەرست بوو.

لەناوچەیکوفەو دەوروبەریدا لەپاش کۆنترۆڵکردنی ئەو ناوچەیە, جۆرێك لەکۆمۆنیستی سادەو ساناى پێکهێنا, کە وێنای سیستمی (الفة)و هۆگرییو خۆشەویستی بوو.

(حمدان) لەبارودۆخێکی نادیارو نهێنیدا شوێنبزر بوو, پێدەچێت ئەم بزربوونە پەیوەندی ببێت بە ناکۆکی لەگەڵ ناوەندی بزوتنەوەی (اسماعیلیة) دا لە (سلمیة).

170-نبط: یەکێکن لەدوا نەتەوە سامیەکان, نوێنەری قۆناغێکن لەنێوان (ارامیین)و عەرەبدا, زمانیان تێکەڵە لەئارامیو عەرەبی, لەکاتی پەیدابوونی ئیسلامدا ئارامیەکان جوتیاری عیراقو شام بوون.

172-ئەم نموونەیە, ناوەندی دەوڵەتی خۆرهەلأت لەکۆمەڵگادا ڕووندەکاتەوە, کە سیستمی سیاسی پەیوەندە بە جۆرێك لەشێوەی بەرهەمهێنان, ئەم سیستمە وادەخوازێت کە لەلایەن (ناوەندەوە – مرکز) سەرپەرشتی بکرێتو دەسەلأتێکی زاڵمو ستەمکار بیبات

بەڕێوە, ئەمەیش دەچێتە سنووری (جۆری بەرهەمی ئاسایی- نمط الانتاج الاسیوي).

173-هرمس: ناوێکە پەیوەندی بەکۆمەڵێك پەندو بۆچونی فەلسەفیەوە هەیە کە لەبواری سۆفیگەریدا دەگوترێت, ئەم وشەیە دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی (ئەسکەندەرانی), بوونی مێژویی ئەم ناوە جێگەی گومانە, بەلاّم ئەم ئامۆژگاریەی کە ئێمە هێناومانە ئیسلامیەو دراوەتە پاڵ (هرمس)و بەو نیازەی نرخێکی فەلسەفی ببێت.

178-(کلثوم العتابي) شاعیرێکی سەدەی سێیەمی کۆچیە, بەوە ناسراوە کە ترساوە لەغەدری دەسەلاّتداران و دەستوپێوەندیان, بەلاّم ستایشی (رشید)ی کردووەو لە (برمکی)یەکانیشی خواردووە, گوناهباریش کرا بەکافری و زیندیق و خۆی دەرباز کرد, پاشان بەپشتگیری و واستەی (فضل بن یحي البرمکي) گەڕایەوە.

179-لأمرأته الخلف: شوویەکی تری کرد.

183-یقار: بێدەنگ و دڵنیا دەبێت.

کظلة: زۆر خواردن و ترخەکردن.

سغب:برسیەتی.

185-أ- الضرب: مەبەستی شاراوەی, ئەو بارودۆخەیە کە لەدوای کوشتنی (عثمان) هاتە کایە, ئەو بارودۆخەیش شێوازێکی

فشـارو زەخـتی جـەماوەر بـوو کـە لێـرەدا (زبـیر بـن عـوام) دەیخاتـە پێشچاوو لێی دەترسێت.

ب-الـتلمظ: لسـتنەوەی زمـان لـەپاش قووتـدانی پـاروو, وە چـێژ لێـوەرگرتنی, لـەم دەقـەدا مەبەسـتی لـەو قۆنـاغو کـەش‌و هـەوا دیموکراتیە یە کە, هاتبوە پێش لە پەیوەندی خەڵك بە دەوڵەتـەوە, (معاویـة) باسـی ئـەو تەنگژیـە دەکـات کـە چـۆن عـەرەب بخاتـە ژێـر دەسەڵاتی خۆی پاش ئەو ئەزموونەی کەپێیاندا تێپەڕین.

186-دەقی عەرەبی کتێبی (ابن رشد) بزرە, ئەم دەقە لە (رینان) و لـەکتێبی (ابـن الرشـد والرشـدیة) وەرگـیراوە کـە (عـادل زعـیتر) وەریگێڕاوە.

187-ئەم باسە بەمجۆرە پێمانگەیشتووە, پێدەچێت ئەمە تێبینی یـەکێك لـە ئامـادەبوان بێـت‌و (منصـور) نەیبیسـتبێت, هەرچـەند ئەمجۆرە ئازایەتی (تاکە خەڵك)انە دەگمەن نیە لەکاتێکدا ململانێ کۆمەڵایەتییەکان توندو چڕ دەبنەوە.

188-دەشێت گێڕانـەوەی ئـەم (حـدیث)ە بـەوە راستبکرێتەوە کـە (محمد) پێشبینی ئەوەی کردووە کە کۆمەڵگا نوێکەی ئەو گۆڕنکاری بەسـەردا دێـت لەسـاڵانی پـاش خۆیـدا, ئەمـەیش پێشـبینیەکی سـەخت‌و گرانـە, هەرچـۆنێك بێـت ئـەم (حـدیث)ە, رەنگدانـەوەی هەڵوێستی ئۆپۆزسیۆنی ئیسلامیە لەم قۆناغەدا.

192–خەلیفە (منصور) شەرعزانەکانی لەخۆی نزیك دەکردەوەو هەوڵی ئەدا کە بیانخاتە دەزگا قەزائی و ئیداریەکانی, بۆیە رەخنەیشی لێقبوڵ دەکردن, نەیدەگرتن و سزای نەئەدان هەتا ئەوکاتەی لێیان نائومێد دەبوو.. دەشێت راستی ئەو (روایة)ە بەرۆشنایی ئەم هەڵوێستە لێکدەینەوە (تفسیر).

197–الدِرة: لەسەر نەزمی (هرة) جۆرە عەسایەکە (عمر بن خطاب) کە دەگەڕا بەشاردا دەیگرت بەدەستەوە.

(ابو حرة): (بلاذري) دەڵێت شاعیرێکی (موالی – غەیرە عەرەب) بووە, پێدەچێت وەهایش نەبێت چونکە ئەو ماوەیە کورتەو (غەیرە عەرەب) تیا نابن بەشاعر ئەگەر لەژینگەیەکی عەرەبیدا گەورە نەبووبێت.

رەخنەکەی شاعیر بۆ سەردەمی (ابن زبیر)و بگرە بۆ سەردەمێکیش بووە کەدەسەڵاتداری عەرەب بانگەشەی بۆ رادیکاڵترین دروشم کردووە, لەهەمانکاتیشدا بەکرێگیراوی موخابەراتی ئەمریکاو سەهیۆنی نەبێت.

201–الحرب: لەناوچوون.

یخبس: پەیمان شکاندن.

لن یقبل شوری...... هتد ئەم نیوە شیعرە مانای ئاڵۆزە, پێدەچێت مەبەستی لەنەمانی (شوری – پرس و راکردن) بێت پاش سەردەمی (راشدین)و چوار خەلیفەکە, ئەم پارچەیە ئیسپاتی دەکات کە

(ابوحره) (موالی – ئیسلامی غەیرە عەرەب) بووە, بڕوانە بڕگەی (197).

206–(بشیر الرحال): یاخیەکی سەدەی دووەمی کۆچی بووە, (ابو فرج الاصفهانی) لەکتێبی (مقاتل الطالبین)دا روونی دەکاتەوە کە (بشیر) لەهەواداران و لایەنگرانی (ابراهیم بن عبدالله بن حسن) بووە کە لە بەسرە دژی خەلیفە (منصور) راپەڕینی کردو لەقۆناغی کۆتاییدا کوژرا.
سەرچاوەکانی (معتزلە) لەژیاننامەی پیاوانی خۆیاندا باسیان کردووە.

207–حجة الاسلام: مەبەست لە (حجة)ی فەرز کراوە, (مسلم) حەز دەکات لەنەبوونی (فەرز)و سەردانی (کعبة) زیاتر بکات بەهیوای پاداشتی زۆرتری خودا.
(ابو حنیفة) لێرەدا ئەوە بەباشتر دەزانێت کە (مسلم) پەیوەندی بە بزوتنەوەی (ابراهیم بن عبدالله) بکات. نەك بڕوات بۆ حەج (بڕوانە سەرەوە), بەو پەیوەندیکردنە دەڵێت (غزوة – غەزاکردن) مەبەست لەغەزایش جەنگە لەگەڵ (کفار)دا, دیارە (ابو حنیفە) جەنگ دژی خەلیفە لەم روانگەیەوە سەیر دەکات.

208–(محمد بن زیاد) لەپاش براکەی (حسن) بووە بە سەرۆکی (دووەمی) تەبرستان, ئەمارەتی تەبرستانیش حەسەنی برای دایمەزراندووە لەساڵی (250)ی کۆچیدا.

سەرەتای دامەزراندنی ئەم ئەمارەتە دەگەڕێتەوە بۆ یاخیبوونی جوتیاران و شوانەکانی (دیلم) دژی (ولی)یە عەباسیەکان کە لەوەرگەیان لێزەوت کردبوون, یاخیبوونەکەیش بەسەرکردایەتی (حسن) بوو.

211-(عبدالله بن ابی ربیعة) شاعرێکی (مخضرم) بوو, لەسەردەمی (جاهلی)و ئیسلامدا.

الزبرقان بن بدر: سەرۆکی خێڵ بوو لەقۆناغێکدا کە هەندێك لەسەرۆك خێڵەکان و کاربەدەستان بوون بە خاوەنی موڵك و سامان و لە تاکەکانی خێڵەکانیان دابڕان, ئەم قۆناغەیش لەپیش هاتنی ئیسلامدا بووە, ئەم چیرۆکەیش کەخاوەنی (أغانی) دەیگێڕێتەوە, باسی ئەو جۆرە بارودۆخەیەو هەڵوێستی (عمر) بەرامبەری.

214-ئەمە لە دەستنووسیك وەرگیراوە کە لەکتێبخانەی مۆزەخانەی بەریتانیا وەرگیراوەو دانەرەکەیشی نادیارە.

215-طخاري: پەیوەندە بە (طخارستان)ەوە کە هەرێمێکی خۆرهەڵاتە.

217-ئاشکرایە کە کوشتنی ژنە کۆیلەکە بۆ ریکخستنی پیلانەکە بووە, (منصور) دەترسا لەکوشتنی مامی بەشێوەیەکی ئاشکرا چونکە پەیمانی ژنە کۆیلەکە پەیوەندی بە بکوژەوە نەبووە, بەڵکو تەنها بۆ بزرکردن و شاردنەوەی خوێنی گەورەکە بووە.

218-عبداللـــه بــن عمــرو بــن العــاص: بەپێچــەوانەی بــاوکی, هــەوادارانی خوداپەرسـتی بـووە, حـەزی لەبەشـداریکردن نـەبووە لەململانێی نێو موسوڵمانان.

222-یزمنهم: تووشی نەخۆشی (زمانة)ەیان دەکات.
*لێرەدا (جاحظ) لایەنی سێیەمی کێشەکە باسناکات کە سیستمی کۆمەلایەتیەو ئەو دەوڵەتەیش نوێنەری ئەو سیستمەیە.
*خویصة: بچوککردنەوە (خاصە)ەیە.

224-المسـیس بـالخلق: دەسـتدرێژیی کـردن لەسـەر خـەڵكو پێشـێلکردنی مافـەکانیان. مەبەسـت لـەزاراوەی (مـال اللـە) گشـتی سامانە بەرامبەر تایبەتمەندی.
بەسـتنەوەی بەندایـەتی خـودا بـە خاوەنـدارێتی سـامان, یەکێکـە لەحاڵەتەکانی (نمط الانتاج الاسیوي) بەلام بەگوزارشتی ئایەتی.
ئـەم دەقـە ئاراسـتەیە بۆ خـاوەنی دەسـەلات, بـەلام. هـەتا رادەیـەك لـێڵو نادیـارە چـونکە باسـی ئـەوەی نـەکردووە کـە سـامانی گشـتی دەوڵەت بەچ شێوەیەك خەرج بکرێتو لەچ شتێکدا؟

228-(فخر الرازی) ئەم ئایەتەی بەمجۆرە راڤە کردووە:
ســـامانی بەردەســـتی ئێـــوە, ســـامانی خودایـــەو خۆیشـــی دروسـتیکردووە, خـودایش خسـتوویە بەردەسـت ئـەو کەسـانەی کـە

بەپێی شەرع خەرجی بکەن, ئەو کەسەیش کە ئەرکی خەرجکردنی بەسەرا دراوە, وەك (وکیل)ە یان بریکارە یان خەلیفەیە.

کەواتە واجبە بەئاسانی ئەو سامانە خەرج بکرێت وەك یەکێك, یەکێکی دی سەرپشك بکات بۆ خەرجکردنی سامانەکەی.

بڕوانە: التفسیر الکبیر, سورة الحدید/ 7.

بەپێی ئەم (تفسیر)ە, (موڵکایەتی تایبەت – الملکیة الخاصة) بەمانای ئاسایی لێرەدا وجودی نیە, مالیك تەنها بریکارەو خۆی (تصرف) دەکات, کارل مارکسیش کەباسی دیاردەی (نمط الانتاج الاسیوي) دەکات هەمان بۆچوونی هەیە.

230–الفرك: (زمخشری) لەکتێبی (أساس البلاغة)دا دەڵێت: (أفرك زرعهم) بەماناکاتی ئەوە هاتووە کە گوڵە گەنمەکەیان ..... بپروێت, واتە کاتی دروێنە کردنەوەیان هاتووە. ئەم چیرۆکە (ئەفسانە ئامێزە) پەیوەندی هەیە بە بڕیارێکی شەرع کە رێگا ئەدات بەمرۆڤ ئەگەر چووەناو کێڵگەیەك بۆی هەیە هێندەی پێویستی خۆی لێی بکاتەوە بەبێ وەرگرتنی رەزامەندی خاوەنەکەی, ئەمەیش یەکێکە لەشێوازەکانی (نمط الانتاج الاسیوي).

231–ئەم دەقە لەنامەیەکی (کتێب) جاحزدا هاتووە بەناوی (فخر السودان علی البیغان), لەو کتێبەدا جاحز داکۆکی زۆری کردووە لە رەشپێستانو بەشێوازی خۆی باسی باشەو پیاوچاکی کردوون.

232–خروط: سەرکەش و هەڵەشە, لەعیراقدا بۆ کەسێك بەکاردێت کە گرنگی بە یاسا نەدات.

یـؤم النـاس: لەنوێـژدا ئیمامـەتیان بـۆ دەکـات, پێشـنوێژی لەسـەرەتای ئیسـلامدا رەهەنـدی (بعـد)ی سیاسـی هـەبوو, ئیمـام و پێشنوێژ خۆیشی فەرمانـدەی سـەربازی و لێپرسـراوی سیاسـی بـوو, ئەم وەزیفەیە لەسەردەمی عەباسیدا بوو بە ئەرکێکی ئاینیی رووت.

233–لەکاتێکدا (مشاعیة العلیا – کۆمەڵگەی باڵاو گەشە کردووی کۆمۆنیسـتی) دەبێتـە دەوڵـەت, دەبێتـە خـاوەنی هـەموو سـامانی زەوی و مەبدەئی (لەسەر زەوی موڵکداری تایبەت نیـە) چڕ دەبێتـەوە لە (مولکیەتی دەوڵەت)کە, پاشا نوێنەریـەتی, کـە (ملـك – پاشـا)یش پەیـدا بـوو, (نمـط الانتـاج الاسـیوي) دەبێتـە سیسـتمی (کۆیلایـەتی مێـزەر), ئـەم بڕگانـەش (230,225,224,211) کەشـوهەوای (مشاعی)یان هەیە.

236–دەقـی (مـاوەردی) گوزارشـت لەحاڵـەتی (کۆیلایـەتی مێـزەر) دەکات و چینی دەسەڵاتدارو (منظر)انی بەمجۆرە لێی تێگەیشتوون.

239–ئەم سەرکردانە بوون بە (پاشا)و رەوشت و بەهای خێڵیـان تیـا نـەما, رەوشـت و بـەهای دەشـتەکی (بـداوة), (مشـاعیة – کۆمۆنیسـتی سـەرەتایی)ی کـاریتێکردووە, ئیسـلامیش لەسـەرەتای پەیدابوونی کاری بۆ ئەوە دەکرد کە رەوشت و کرداری موسوڵمانان

بەشێکبن لەو بەهاو ڕەوشتانەی کە لەخێڵدا پەیڕەو دەکران لەژێر پەردەی زاراوەی (تقوی)دا.

لەپاش پەیدابوونی (پاشا) لەکۆمەڵگەکانی –ئاسیا–دا. زوڵم و توغیان پەیدابوون و ئەمەیش بووەهۆی پەیدابوونی بۆچوونە ئەخلاقیەکان.

240–ئەم چیرۆکە ئاماژەیە بۆ هەڵوێستێکی تایبەتی (سلمان الفارسی) لەبارەی ڕاوبۆچوونی لەسەر سامان و دەسەڵات و مامەڵەکردنی سەحابەکان لەبەرامبەر ئەم دوانەدا (سامان – دەسەڵات) بۆ تێگەیشتنی ئەم دەقە, بڕوانە بڕگەی (156).

241–الدهاقین: چەند توێژێکی کۆمەڵایەتین و لەسەردەمی (ساسانی)یەکاندا لەپاش پلەی موڵکدارەکانەوە بوون.

247–کسری بن هرمزان: لەچیرۆکەکەدا واهاتووە, پێدەچێت خاوەنی چیرۆکەکە خۆی دەسکاری کردبێت, چونکە (هرمزان) باوکی (یزدجرد)ی سێیەم نیە کە (فتح)ی ئیسلامی ڕووخاندنی, بەڵکو (هرمزان) نازناوی هەندێك لەئەمیرەکانی ساسانیە.

ئەم چیرۆکە بەچەند شێوازو داڕشتن لە هەندێك سەرچاوەکانی مێژوو ئیسلامدا هاتووە, لەم دەقەدا دەرئەکەوێت کە (عمر) هەست بە تێکشکاوی ئەم گەلە دەشتەکیەو خۆشبەختی دەکات, چونکە گەنجینەو سامانی گەورەترین و دەوڵەمەندترین ئیمبراتۆری داگیرکردووە.

248–سفاتج کۆی سفتجة: حەواڵەی دارایی: خەڵکی (سجستان) بەگشتی زۆر ئازایانە بەرەنگاری ئەم فەرماندەیە بوونەوە, ئیزنیان لەقازی وەرگرت بۆ بەرەنگاربوونەوەو رێی پێدان.

شەوێك تێنەپەڕی سوپای داگیرکەریان شکاندو تووناکرد, فەرماندەی سوپای داگیرکەریش رایکردو خۆی رزگارکرد.

251–سری السقطي: سۆفیەکی خەڵکی (بغداد)ە, خاڵی (جنید)ە کە سەرۆکی سۆفیەکانی بەغدا بووە لەسەدەی (3) کۆچیدا.

253–الجداء–کۆی– جدی– یە: کاری بزن.

التقل: کەلوپەل‌و پێداویستی.

العمارية: جۆرێکە لە کەژاوە.

255–قلوبهم معك و سیوفهم علیك: بەهەمان مانا (فرزدق)یش گوتوویە, ئەم دەقە لێقەومانی گەلێك دەخاتەڕوو کە دەسەڵاتی نابێت‌و داگیر دەکرێت.

لێرەدا (تجنید الاجباری – سەربازی تەوزیمی)یان بەسەربازگرتنی خێڵەکایەتی (التجنید القبلی) رۆڵێکی بەهێزو کاریگەری بووە.

259–ئەم دەقە تیشکدەخاتە سەر ئەو هۆکارە نهێنیانەی کە (حلاج)یان پێکوشت.

264–وردت (عينيه): (عينيه)لەدەقەکەدا سەری هەیە (منصوبة)، زۆر جار (تنوخی) شێوازی رەشەخەڵکی خستۆتە نوسینەکانی بەتایبەتی لە گێڕانەوەی ئەم وتوویژەدا.

الصندل: دارێکی هیندستانە.

الدیباج: کاڵایەکە لەئاوریشمی ساغ.

الدستنبو: جۆرێکە لەنارنجی بۆنخۆش.

ثیاب القصب: کراسێکە بەتاڵی ئاڵتوونی تەنراوە.

مرصعة: بە رەساس بۆیە کراوە.

العصفر: گوڵە بەرۆژە، بۆ ئەو رەنگەیش بەکاردێت کە لەگوڵەبەرۆژە وەردەگیرێت.

265–السکر الطبرزد: شەکری کەللە پێی دەڵێن (قەند)و ووشەکە فارسیە.

(شریك بن عبدالله): یەکێکە لە (شەرعزانە – فقهاء)کانی سەردەمی عەباسی، لەوکاتەدا بزووتنەوەی دوورەپەرێزی لەدەزگاکانی دەوڵەت، بەتایبەتی دەزگای (قضاء) زۆر بەهێز بوو، (شریك)یش لەو کەسانە بوو کەدژی هەردوو خەلافەتی عەباسی و ئەمەوی بوو، ئەو شەرعزانانە زۆرینەی فیقهی ئەو سەردەمەبوون.

هەڵوێستی ئەو شەرعزانانە بەشێك بوون لە بزوتنەوەی ئۆپۆزسیۆنی دژی خەلافەت، چونکە خەلافەت گۆڕدرابوو بە (پاشایەتی ستەمکار).

بزوتنەوەی موعارەزە بەدوو سەرچاوە پەیوەندبوو:

1–داب و نـەریتی عـەرەبی کـە بـە (سەرشـۆڕکردن بـۆ دەسـەڵاتێك) لەوکاتــەدا رانــەهاتبوو, چــونکە عــەرەبی ئــەو رۆژگــارە سروشــت و خۆڕسکی (خێڵەکایەتی – دەشتەکی)یان بوو.

2–بیروبـاوەڕی ئیسـلام – ئیسـلامی سـەرەتا– کـە هـەتا رادەیـەك تەرێزی (تحفظ)ی دەکرد لە (سیستمی پاشایەتی).

کارکردنی ئەم شەرعزان و (حدیث)زانە لەدەزگای قەزای خەلیفەداو لــــەناو (شــــەرعزانەکاندا)– وروووژان و ئاڵۆزیــــەکی دروســــتکرد, لەئەنجامدا (شریك) خۆیشی لەگەڵ باری دەروونی خۆیدا نەدەگونجا وەك (قازی)یــەك, لەئەنجامــدا خەلیفــە هەســتی کــرد کــە متمانــەی پێناکرێت, بۆیە لایبرد.

ئەم چیرۆکی دەقە دەگەڕێتەوە بۆ کەشو هـەوای قبـوڵکردنی پایـەی (قازی), ئەم چیرۆکە بەچەندین جۆری دژ بەیـەك دەیگێڕنـەوە, بـەڵام تێکڕا نزیکن لە راستییەوە چونکە (شریك) ڕاڕاو دوودڵ بوو لـەنێوان هاندان و (شیرنکردن) و ترس و (ورع) و خۆپاراستنی گوناهدا.

266–ئەوەی ئامادەیەو پڕکێشی دەکات کە بەرەنگاری ئەو بکات, لەپێشەوە خۆی دەزانێت کە دەبەزێت.

269–ئــەم حەدیســە سەرچــاوەکانی شــیعە دەیگێڕنــەوە, ئەگــەر راسـتبێت ئاماژەیـەکی لـێڵ و نادیـاری تیـا بەدیئـەکرێت کـەبیر لـەوە کراوەتەوە کە کۆیلەکان ئازاد بکرێن, ئـەوەیش تێبینی دەکرێت کـە (محمـد) دەیویسـت چـەند یاسایەك دابنێـت و پاشـان پەشـیمان بـوو, هەندێك جار لەپاش دانانی یاساکە هەڵیدەوەشاند وەك لەمەسـەلەی

**(کەڵەکەکردنی سامان – کنز الاموال)دا, هۆی ئەمەیش دەگەڕێتەوە بۆ شڵەژانێك کە ئێستا شوێنی باسکردنی نیە.**

270–**دزی نهێنی, دزە, وەلێ دزی لەڕوو: ئاشکرا دەوڵەتە.**

271–**(سعید بن العاص) سەرکردەیەکی ئەمەویەکان لەسەردەمی (عثمان)دا.**

**السواد: عێراقە, یان لادێکان.**

**لێرەدا یەکێك لەڕووەکانی ململانێ دەرئەکەوێت لە نێوان (نمط الانتاج الاسیوي)و رووکردنە داگیرکاری زەوی لەلایەن دەرەبەگەکانەوە.**

284–**ابومهدیة: عەرەبێکی دەشتەکیە, خەڵکی بەسرە, وشەو زمانیان (مفردات اللغة) لیوەردەگرت.**

**(خالد بن صفوان) یەکێکە لەستەمکارەکانی نێو بەسەرە لەسەردەمی (بنی أمیە)دا.**

306–**(الصمیل بن حاتم) لەنەوەکانی (شحربن ذي الجوشن)ە, لەپاش (فتح)ی ئەندەلوس کۆچی کرد بۆ ئەویێو یەکێك بوو لە پیاوماقووڵانی ئەندەلس.**

319–**(المقداد بن الاسود الکندی) سەحابەیەکی بەناوبانگە شیعە بە یەکێك لەچوار پایەی خۆیانی دەزانن.**

(عبـــدالرحمن بـــن عـــوف) ســـەحابەیەکی گەورەیـــەو لەســـەرەتای ئیسلامدا بە دەوڵەمەندو ساماندار ناسرابوو.

326-(ابوبلال مرداس بن ادیه): سەرکردەیەکی (خوارج)ە, یـەکێك بوو لەو کەسانەی کە حەزی لەکاری چەکداری نەبوو, پاشان ئەویش چووە کۆڕی چەکداری, چونکە بۆی دەرکـەوت کـە خـەباتی ئاشتیانە سوودی نیە.

سەرکردەی کۆمـەڵێك لەئەسحابەی کـردو لـە پێکـادانێکی سـەختدا لەگەڵ هێزەکانی (حجاج)هەموویان کوژران.

بـیلال لـەناو هـەموو لایەنـەکانی موعـارەزەی دژی ئەمەویەکانـدا خۆشەویسـت بـوو, چـونکە (طائفیـة - تایەفەگـەری) تەسـك, کـاری تێنەکردبوو کە مامەڵەی لەگەڵ ئەو لایەنانەدا دەکرد.

332-بشر الحافی: سۆفیەکی سەدەی سێیەمی کۆچیە.

340-(عـوف بـن مالـك) لـە (شـرح نهـج البلاغـە)دا بـەمجۆرە نـاوی هاتووە, ئەمە ناوی دووکەسە, یـەکێکیان ئەسحابەیەو ئـەوی تـریش نـەوەی پـاش سـەحابەیە (تـابعین), هەواڵەکـە راسـت نیـە, بێگومـان لـــەپاش روودانـــی ئەوشـــتانە لەســـەردەمی ئەمەویەکانـــدا خـــۆی هەڵیبەستووە.

342-مەبەستی لەمەیە کە: کرێـی دەلاڵ بـەپێی نرخـی ئـەو شـتەی کــە دەلاڵیەکــەی بــۆ دەکرێــت, دیــاری دەکرێــت, بــەلام عەدالــەت

وادەخوازێت کە کرێی دەڵاڵ بەپێی ماندووبوونی دەڵاڵ لەو کارەدا بێت.

356-(سليك بن سلكة) شاعرێکی سەردەمی پێش ئیسلامەو دڕو مرۆڤکوژ بووە, لەخێڵی (بنی تميم) بووەو رەشپێست, بەناوی (مستبعدات السود) ناو دەبرا, واتە لەلایەنی دایکیەوە رەشپێستو کۆیلە بووە, پێش دەرکەوتنی ئیسلام بەماوەیەکی کەم کوژرا, (سلكة)ناوی دایکیە.

362-(ابو الليث السمرقندي) سۆفیو شەرعزان بووە لەسەدەی (4)ی کۆچیدا.

367-(الزهری) شەرعزانێك بووە لەسەردەمی ئەمەویدا, ئەم یەکێکە لەو کەسانەی کەلەدەزگای دەوڵەتدا کاری کردووەو بگرە لەجیلی یەکەمیانە, لەکاتێکدا کە شەرعزانانی ئەو سەردەمە دوورە پەرێز بوون لەبەشداریکردن لە دەزگاکانی دەوڵەتدا.

368-369-(أنس بن مالك): سەحابەیەکی کاسەلێسو بەکرێگیراوبوو (مرتزق) تەمەن درێژ بوو.

372-(ابو الحسن العامری) فەیلەسوفێکی سەدەی (4)ی کۆچیە, پابەند نەبووە بە فەلسەفەیەکی تایبەتو فەلسەفەی ئیغریقی بەکزیی لەنوسینەکانیدا رەنگیداوەتەوە, پێدەچێت هۆی (بەناوبانگنەبوونی) دەگەڕێتەوە بۆ هۆی باسکراو.

393–(میمون بن مهران): لەجیلی پاش سەحابەکانە, لایەنگری (عمر بن عبدالعزین)بوو, ئەم دەقە ئاماژەیە بۆ ئەو جەنگانەی کە (علی) لەسەردەمی دەسەڵاتی خۆیدا کردوونی, من وای بۆ دەچم کە ئەمە گوتەی (عمر بن عبدالعزین) نیە, چونکە بەخراپی باسکردنی (علی) وەك زانراوە لە لایەن ئەو کەسانەوە بووە کە بە چینی ئۆرستۆکراتی نوێی ئیسلام ناسراون, (عمر بن عبدالعزین)یش خۆی یەکێك بووە لەو چینەو پاشان یاخی بووە.

397–(علی بن عیسی): وەزیرێکی پایەدار بووە لەسەردەمی عەباسیەکاندا, خەلیفە (مقتدر) چەند جارێك کردوویە بەوەزیر, جێدەستی دیارە لەبواری رێکخستنی ئابووریو چاکسازی لەئیدارەدا.

بەوە گوناهبار کرا کە پەیوەندی بە (قرامطة)ەوە هەبووە, پاشان ئەو گومانە لەسەری لابرا, بەڵام پەیوەندی لەگەڵ (قرامطة)دا باش بووە.

405–(معصعة بن صوحان العبدي): لەهەوادارانی (علی)بوو, لەهەر 3 جەنگەکەیدا بەشداریی کردووە, بەڵام لەپاش مردنی (علی) دوورکەوتەوە لە سیاسەتو جەنگ بەتایبەتی کە (اموی) یەکان بەتەنها خۆیان دەسەڵاتیان گرتەدەست.

413-(جحطة البرمكي): شاعرێكی سەدەی 3 ی كۆچی قسەزان و قسەخۆش بووە, كتێبێكی هەیە لەبارەی چێشتلێنانەوە (طبیخ), شیعەیەكی كاڵئاین (قلیل التدین) و داماوبووە, ئەوەتە لەشیعریكیدا دەڵێت:

خۆشەویستی (أهل البیت) هەژاریكردم.

*(یاقوت) دەڵێت لەمانگی رەمەزاندا بەنهێنی شتی خواردووە.

414-(عمر) لەبەخشینی ئەم پیاوەدا پشتی بە ئایەتی (وما كنا معذبین حتی نبعث رسولا) بەستووە كە ئەنجامگیرییی (استنتاج)والێدەكرێت كە (ئاگادارنەبوون- الجهل بالقضایا) بەهەند وەربگیرێت لەكێشە گوناهەكاندا (الجزائیة).

418-(نهار بن توسعه) یەكێكە لەپیاوەكانی (فتوحات) لەرۆژهەڵاتداو لەسەردەمی (مروانی)داو شاعرێكی كەمبەرهەم بووە.(الحصین بن الحمام) شاعرێكی فارس بووە لەسەردەمی (جاهلی)دا, دەڵێن پێش هاتنی ئیسلام ئەو (بتپەرستی) رەفزكردووە.

427-(ابو سلیمان الدارانی) خواپەرستێكی (زاهد) سەدەی (2) كۆچی بووە.

# راڤەکردنی نامە هەڵبژاردەکان

**نامەی (ابو طاهر القرمطي):**

1-سەندنی تۆڵەی پێغەمبەر: ئاماژەی بۆ چەوساندنەوەی بنەماڵەی پێغەمبەرو پەیدابوونی (اسماعیلیة) وەك کاردانەوەیەك بۆ ئەو حاڵە, (ابن هانئی)ی ئەندەلوسی لەهەڵبەستەکانیدا (المعریات), رەنگدانەوەی ئەو رەوشەیە.

2-فخامة اغطامك: مەبەستی (خۆ بەگەورە زانین)ی (مقتدر)ە لەنامەکەیدا.

3-برگەکانی نێو نامەکە تیشکدەخاتە سەر چالاکیەکانی (قرامطة) لەنێو لادێکانی عیراقداو مانای سیاسی ئەو چالاکیانە دەخەنە روو.

کە دەڵێت: (سبیهم حرمك), مەبەستی لە حەرەمی خەلیفە نیە, چونکە (قرامطة نەگەیشتنە بەغدا, کەواتە دەبێت مەبەستی لەم برگەیە دیلکردنی لایەنگرانی خەلیفەو هەوادارانی بێت, (قرامطە)یش لەجەنگەکانیاندا ئەوکارانەیان کردووە.

4-کە دەڵێت (مستغنیا عن نصر العرب) تەعمیمێکی وورد نیەو تەنها بۆ رێکخستنی (سجع – سەرەوا) یە لەگەڵ وشەی (غضب) دا, چونکە گشت لایەنگرانی (ابو طاهر) عەرەبی دانیشتووی بیابانی شامو خێڵەکانی خۆرهەلاتی دوورگەی عەرەب بوون, ئەوانەیش کە لەژێر بەیداخی خەلیفەدا شەریان لەگەڵ (قرمطي) یەکاندا دەکرد زۆربەیان تورك بوون.

لەشێوەی دەربرینی (بلاغی) زۆرجار وردیو راستی رەچاو نەدەکرا, ئەمەیش نموونەیەکە:

(علي) لەنامەیەکیدا بۆ (عقیل) دەنووسێت: عەرەب بەرووکەش جەنگی بۆ براکەت دەکرد, وەك بەرووکەش جەنگی بۆ پێغەمبەر دەکرد, لەکاتێکدا ئێمە دەزانین کە سەربازگەی (علی) زۆربەیان عەرەب بوونو کەمینەیەکیش لە (مولی – ئیسلامی غەیرە عەرەب) کە هەتا ئێستایش ژمارەیان نەزانراوە.

5-(ابوطاهر) دەیەوێت بڵێت: ئەو حاجیانەی کە ئەمان سوکایەتیان پێکردوون لایەنگری خەلیفە بوونو بێگوناهنەبوون.

ئەو سوکایەتیانە کەلەم برگەیەدا باسکراون بەزۆریی بەرامبەر کاروانو کەژاوەی حەجی رەسمی بووە.

6-(ابوطاهر) لێرەدا ئاماژە بۆ ئەو مزگەوتانە دەکات کە وەك سەکۆیەکی پروپاگەندە بەکاردێن لەخزمەتی خەلیفەدا.

7-الصفاعنة: کۆی (صفعان)ەو بۆ زێدەرۆیی (مبالغە) بەکاردێت, ئەو کەسانەن کە بەنیازی زەلیلکردنو سوکایەتی فەلاقەدەکرێن,

(جرت لێدەران و ئەوانەی کوڕ بۆ دیوانی خەلافەت خۆشدەکەن و خەلیفە پێدەکەنێت) لەگرۆی (ضاعن)ەن.
دەیگێڕنەوە کە خەلیفە (متوکل) یەکێکی دەخستە (منجنیق)و فڕێی ئەدایە دیجلە, ئەویش بەمەلە خۆی رزگار دەکردو کوڕی پێکەنینی خۆشدەکرد.
8-یدعی للصبیان: بەهۆی سیستمی (ولایة العهد) زۆرجار خەلیفە دەمردو (وەلیعەهد - جێنشین) نەگەیشتبوو بەئاستی (رشد)و کامڵبوون, بەڵام هەرچەند مێردمناڵ بوو, بانگی خەلافەتی بۆ ئەدراو لەسەر (مینبەری موسوڵمانان)ی خۆرهەڵاتی و خۆرنشین باسدەکراو دۆعای خێری بۆ دەکرا.
الخصیان: ئەو (ممالك)انەن کە عەباسیەکان لەبازاڕدا کڕیبوویانن و پاشان خۆیان بوون بەدەسەڵاتداری دەوڵەت.
9- لێرەدا (ابو طاهر) ئاماژە بۆ (مقتدربالله) دەکات (نامەکەی (علي بن ابي طالب).
1-(العائل): هەژار.
2-الطمر: کراسەکۆن.
القرص: کولێرە
مەبەستی: کراسێکی زستانەو کراسێکی هاوینەو (2) کولێرەیش بۆ بەیانی و ئێوارە.
3-(اتان دبرة): (اتان) ماکەرە, دبرة: زامدار, مەبەستی گوێدرێژێکی نەخۆشە.
(4) القد: بەدارو شورادا هەڵزانن, هەژاران کە بێخواردن دەبوون, هەڵدەزنان بە درداو گەڵاو پێستەکەیان دەمژی.
لەچاپی یەکەمدا (قدید) بوو, مامۆستا (عبدالمعین الملوحی)بۆی راستکردمەوە.
(5)التقمم: خواردنی پاشماوە.
(6)ئاماژەیە بۆ (معاویە).
(7)المدر: پارچە قوڕ, مەبەستی لە پاککردنەوەی وڵاتانی ئیسلامە لە (معاویة).
فۆرمو دارشتنی ئەم نامەیە دەیسەلمێنێت و ئیسپاتی دەکات کەنامەی (علي بن ابي طالب), بەم (بلاغة) بەرزە, لەتوانای (الشریف الرضي) تێپەڕاندووە.

**نامەی ( راشد الدین سنان )**

1-الجوهر هو القائم بذاته ومرض قائم بغیره, والجوهر هو الاصل: لێرەدا (راشدالدین) ئەو بۆچوونە دەڵێتەوە کە: (جوهر)نەگۆڕەو (عرض) دەگۆڕێت بەڵام مەلا (صدر الشیرازی) رای وەهایە کە

(جوهر)یش دەگۆڕێت وە دەجووڵێتو پێی وەهایە کە (جوهر)یش وەك شلەمەنی دەجووڵێت.

2-الارواح لاتضمحل بالأمراض: ئاماژەیە بۆ باوەڕی (مثال) یەکان کە (روح – گیان) بەنەمر (خالد) دەزانن.

3-ئیسماعیلیەکان رووی دەرەوەی دەقەکان بەهەند وەرناگرن, بەڵکو قووڵ دەبنەوەو مانای دوورتری بۆ ئەدۆزنەوە.

4-الفوت: ئاماژەیە بۆ مردن.

لەم نامەیەدا هەست بە خولیای زەبرو زەنگی چەکداری دەکرێت کە لەقۆناغی پەیدابوونیاندا چالاکیان دەستپێکردووە.

# بەشی دووەم

## چەند بابەتێکی زانستیو فەلسەفییە

1- **پێداویستیەکان نوێ دەبنەوە ( یەکێکیان ):**

بەشەوو رۆژ هەڵپەمانە بۆ پێداویستیەکان, ئەوەی دەژی پێویستیەکانی تەواو نابێت.

2- **مەرجەکانی خوێندنی زانستو گەیشتن بە پلەی داهێنان: کورتەیەك لەکتێبی ( ادب الدنیا والدین ) ی ( ماوردی ).**

أ- بەئاوەزو عەقڵ لەڕاستیی شتەکان تێدەگەین.

ب- الفطنة: بە (فطنة) وزیرەکی شتە ئاڵۆزەکانی زانستەکان (تصور)ی دەکەین و بۆیدەچین.

ج- الذكاء: ئەو شتانەی بە (فطنة) بۆیدەچین و (تصور)ی دەکەین, بە (ذکاء) لێی دڵنیا دەبین و تێی دەگەین.

د- الشهوة: بەردەوام داوا دەکات و هەرگیز بێزار نابێت.

و- فەراغ و بۆشاییەکی ببێت کە بتوانێت بەهۆی ئەو فەراغەوە زۆرتر شت وەرگرێت و بزانێت.

ز- کارەسات و لێقەومانی ترسناك روو نەداو نەخۆشی لەکارو خوێندنت نەخات.

ح- تەمەن هێندە بێت کە رابگەیت بە کەڵەکەکردنی زانست و زانیاریی و بگەیتە پلەی (کمال).

ط- ببێت بەزانایەکی پڕ زانست و لێبوردەو دڵفراوان, لەفێرکردنی خەڵکدا هێدی بێت.

3- **جۆرەکانی پێداویستی ( الكافيجي ):**

سێ شت پێویستن:

أ–پێویستیی خۆت: خوداناسیو کارکردن بۆ ئەو.

ب–پێویستی کەپەیوەندە بە خەڵکی ترەوە: نەخت, پارە.

ج–پێویستی بۆخۆت‌و غەیری خۆت, وەك لەشساغی کە بۆ دووشت پێویستە:

بێئێش‌و ئازاریت‌و پێداویستیەکانت دابیندەکەیت, وەك زانستیش زۆر خۆشەو دەبێتەهۆی بەختیاری.

## 4-زمان, بە پێی گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی دەگۆڕێت:

ئەسمەعی گوتی: عەرەب بۆ هەموو مانایەك, گوفتارو ئاخاوتنێك هەیە, ئەگەر ماناکە گۆڕا, ئیدی بەو ئاخاوتن‌و (کلام)ە قسە ناکات, بەنموونە:

جاران خەڵك دەیانگوت: (ساق الیها صداقها – حوشترەکەی بردی بۆلای ئەو), وشەی (صداق) بەمانا حوشترو مەڕبوو, یان دەیانگوت: (قل بنی فلان البارحة علی اهله – فلانکەس دوێنێ بینای کرد لەسەر خێزانەکەی) مەبەستیان ئەوەبوو کە لەو شەوەدا (قبە) یەك یان خێمەیەکی هەڵداو ئەمە لەبری خانووی بوو.

## 5-گومان‌و دوودڵیی (فخر الرازی):

دوا هەنگاوی عەقڵ, کۆت‌و بەندە.

سەرەنجامی رەنجی جیهان گومڕاییو (ضلال)ە

رۆحمان بەجەستەمان نامۆیە

سەرەنجامی ژیانمان ئازارو بەڵایە, بەدرێژی تەمەنمان‌و

لەهەوڵ‌و کۆششمان, سوودمان وەرنەگرت ..

بگرە ئەوەیش کۆمانکردۆتەوە
جێگەی گومان و مقۆمقۆیە.

**6-تێبینیەکی سایکۆلۆجی (البستي لەکتێبی – روضة العقلاء):**

ژیرو عاقڵ، بەخۆڕایی و بەلابەلاش لەنەفامان و گێل و گەوجانەوە خۆراك و ژیان وەردەگرن، عاقڵان لەسەر شتی خەڵکانی دەوروبەریان کاوێژ دەکەن، ئەینابینیت کە گەلی (زط) ئازاترین کەس نین، بەڵام لەخوانی شێران کاوێژ دەکەن؟!

**7-هۆشیاری لەبارەی ئاسەوارەوە:**

(ابویعلی) ای قازی بەلای خانوویەکی کەلەپووریدا تێپەڕی و خەریکبوون وێرانیان دەکرد، ئەمیش ئەم چەند شیعرەی گوت:

بەشوێنێکی (اثري)و شوێنەواریدا تێپەڕیم،
لەشوێنێك وەك ئاسەواری فیرعەونەکان
بەرد لەترسی پاچ رایدەکردو فڕێئەدرا
ئەو بەردانە وەك شیعری (زجل) رێکخرابوون
دەستی شکاندن کەوتبووە وێزەی ئەو بەردانە
دەتگوت زەمانە جەنگی (وائل) ی بۆ سازداون
ئەوەی وردی دەکەیت! ئەیدەستت شکێ
با بمێنن بۆ ئەو کەسەی نرخیاندەزانیت، یان
بۆ کەسێك دیدەنیان بکات، یان بۆ ئەوەی

**هەواڵی کەسانێك دەپرسێت کە لەو شوێنانەدا**
**ژیاون و هەواڵیان بەئێمە نەگەیشتووە**
**هیچ شتێك لەدەنگوباسی ئەو شوێنانە شیرین ترنیە**

8-**زانست عیبادەت و خودا پەرستیە (دەڵێن فەرموودەی پێغەمبەرە):**
**ئەوەی کەمێك زانستی هەیە باشترە لەوەی عیبادەتی زۆرە**
**(أدب الدنیا والدین)**

9-**تێبینیەکی سایکۆلۆجی (الماوردی):**
**ئەوەی کە زۆر لەخۆی دەکات بۆ شتێك, دژیەتی, مەگەر لەسەری بەردەوام بێت و ئاوەزو عەقڵی رابهێنێت کە شتێکی جوانەو لێی بگات, یان ئایندارییی بکات و لەشەرع تێبگات و عاشقی بێت نەك پێی راهاتبێت.**

**(أدب الدنیا والدین)**

10-**ژیان لەئەستێرەکاندا (الفخر الرازی فی تفسیرە):**
**هەندێك هەوڵئەدەن بەڵگە بهێنن کە ژیان لە ئەستێرەکاندا نیە چونکە نزیکن لەخۆر ئەویش زۆر گەرمە بەهۆی ئەمەوە ژیان لەئەستێرەکاندا نیە.**

11-**لەداب و ئەتەکێتی مشتومڕو گفتوگۆ – جدل- (الفخر الرازی):**
**ئەوەی کە راستیشە دەبێت گوێ لە ناڕاستیش بگرێت, بەبێ ئەوەی ئازاریبدات و نێچیرئاسا گەمارۆی بدات.**

ئـەم گوتەیـە سـەبارەت بـەو ئایەتەیـە کـە خـودا موسـاو هـارونی ناردبۆلای فیرعەون و ئامۆژگاریکردن کە:

(قولا له قولا لینا – قسەی نەرمی بۆ بکەن و لەگەڵی بدوێن).

12-ماده نامرێت (فخر الرازی):

هەندێك لـەزانایانی عـەرەب دەڵـێن کـە پارچـەکانی جیهـان نـامرن, سەبارەت بەمردن و نەمانی زاهری دەڵێن پارچەکانی پێشچاو پـەرت دەبـن, لـەم بۆچوونەیشـدا پشـت بەئایـەتی (یـوم تبـدل الارض غـیر الارض – رۆژێك دێت, زەوی ئەم زەویە نابێت و دەگۆڕێت) دەبەستن.

ئـەم ئایەتـە راشـکاوانە دەڵێـت کـە پێکهاتـەی شـتەکان ئـەمێنن وەلێ شێوازو سیفاتیان دەگۆڕێت.

13-النظر والعمل (الفخر الرازي):

ژیری و دانایی بریتییه لە: گونجاندنی کار لەگەڵ زانسـتدا, ئـەوەی بتوانێت ئەمە بکات دانایە.

مەبەستی: ئەوەی کاردەکات دەبێت زۆر شارەزابێت لەکارەکەیدا.

14-بناغەی داهێنان (الفخر الرازی):

هەوڵ و کاری زۆر دەبێتەهۆی پەیدابوونی بەهرە (ملکة)و زیرەکی.

15-تێبینیەکی هونەری (الفخر الرازی):

رەنگەکان لەئەساسدا (3)ێن: سپی, رەش, سـوور, رەنگـەکانی دی لەتێکەڵکردنی ئەو رەنگانە پەیدا دەبن.

16-**بەخوداکردنی مرۆڤ (فەیلەسوفە موسوڵمانەکان):**

**مـرۆڤ بـەهێزی عـەقڵو ئـاوەزی, لەگـەڵ خـودا بەشـداریدەکات بـۆ لێکگەیشتن‌و دەرککردن بە راستیەکان (الحقائق).**

17-**بۆچوونێکی (هیگڵ)یانە - (الغزالی فی الاحیاء):**

**هەموو زانستێك لـەدوو زانسـتی پێشـتر پێکـدێت, هـەواداری یـەکتر دەبن‌و لەسەر چەند تایبەتمەندیەك ئاوێزانی یەکتر دەبن‌و پاشان لەو ئاوێزانبوونە زانستی سێیەم لەدایکدەبێت.**

18-**یەکگرتنی پێکدژەکان (الغزالي في الاحیاء):**

**گشت ئافەریدەکان لەگەڵ یەکدی دژیشن‌و کۆکیشن.**

19-**بڕواو تێگەیشتن (الغزالي في الاحیاء):**

**ئــەوەی ئیتاعــە دەکــات‌و ئارەزووەکــانی پێشــێلدەکات, ئــەوەی لــەبیروباوەڕێك‌و راســتیەك بەتــەواوی تێگەیشــتووە – لەوانەیــە راســتیەکانی تــری بەتــەواوی بــۆ کەشــف نــەبووبێت, چــونکە دەمارگیریی (تعصب)و دۆگمای ئایدۆلۆجی بەرچاوی لێڵ کردبێت.**

20-**بناغەی شڵەژان (الماوردی):**

**پێکهاتنی خەڵك لەسەر راست‌و درۆ بۆ بەرژەوەندیـە, بەرژەوەنـدی باش‌و راست, دەکرێت خەڵکێکی زۆر یەکڕابن لەسـەری, تەنانـەت لـە گواستنەوەی هەواڵێکدا کە نـەدەکرا هـەموویان تەنانـەت یـەکبگرن‌و**

پێکبێن – خەڵك بەو هەواڵە باوەڕ دەکەن چونکە لەبەرژەوەندیانەو سوودی هەیە.

یەکگرتنی خەڵك بۆ بەرژەوەندی باش‌و بەسوود مومکین‌و شیاوە, بەڵام ناکرێت خەڵکێکی زۆر یەکبگرن‌و پێکبێن بۆ گواستنەوەی هەواڵێکی درۆ, چونکە هیچ بەرژەوەندیەکی بەسوودی تیا نیەو بگرە زیانیشی هەیە. نەبووە بەعادەت‌و باو خەڵکێکی زۆر یەکبگرن بۆ شتێکی بێسوود, لەبەرئەمە دروستە خەڵك یەکبگرن لەسەر راستی‌و بەرژەوەندیشیان لەو راستیەدابێت, بەڵام دروست نیە لەسەر درۆ یەکبگرن‌و بەرژەوەندیشیان یەکناگرن.

### 21-دژی ئەستێرەگەری:

ئیسماعیلیەکان (ئەستێرەگەریی – تنجیم)یان لەلاخراپەو گوتویانە: خودا کارو تەگبیرەکانی خەڵك چۆن تەسلیم بەشتێکی بێگیانی رەقدەکات کە ئەستێرەیە؟

### 22-شارەزاو لێزانێك لە (ئاسەوار)دا:

(عبداللطيف البغدادي لەکتێبی (الافادة والاعتبار)دا کە باسی ئاسەوارەکانی میسر دەکات‌و دەڵێت:

هەتا ئێستاش پاشاکان ئەم ئاسەوارانە دەپارێزن‌و رێگە بەشێواندنیان نادەن هەرچەند لەهەمان کاتیشدا دوژمنی هەوادارانی ئەو ئاسەوارانە نین.

پاشاکان بەچەند مەبەستێك‌و بەرژەوەندیەك ئەو ئاسەوارانە دەپارێزن وەك:

*ئاگاداربوون لەمێـژووی چـەند قۆناغێـك, شـایەتحاڵێك بـۆ كتێبـە پیرۆزەكان و قورئانی پیرۆزیش باسی ئەو شوێنانەو دانیشتوانی ئەو رۆژگارەی كـردووە, دیـارە بـە بینـینی ئـەو شـوێنانە هەواڵـەكانی نێـو قورئان باشتر ئیسپات دەبێت بۆ خەڵك.

*بەبینینی ئەو شوێنانە خەڵك باشتر فێری سـەبرو خـۆگری دەبـن و ئومێدو هیوایان پێدەبەخشن.

*دەنگوباسـی پێشـینانی خۆیـان دەبیـنن و ئاگـادار دەبـن لـەخوو رەوشتی پێشینان و زانستەكانیان و خاوێنی بیروبۆچوونیان.

پاشـان هەڕەشـەی لەوانـە كـرد كـە ئـەو ئاسـەوارانە دەڕووخێـنن بەمەبەستی دۆزینەوەی گەنج و زێڕو گوتی:

بەچەندین بیانوو دەستدەكەن بەوێرانكردنیان و روخساری بتـەكان دەشێوێنن وەك ئەوەی لەو بتانە پارە بخوازن!

23-هەوڵدان بۆ یاسادانان:

(عبداللطیف البغدادي) لەهەمان سەرچاوەدا دەڵێت:

كۆمـەڵێك لەپزیشـكان بەگـەرمی گۆڕسـتانە كۆنـەكان دەپشـكنن بـۆ ئێسـقانی مـردووان و پەیكـەرە ئێسـكەكان ئەمـەیش بـۆ شـیكاری و لێكۆڵینەوە.

پاشان گوتی: ئەو پزیشكانە بۆیـان باسـكردووم كـە گەیشـتوونەتە دەرئەنجامی زۆر بەرزو بگرە لەكتێبەكەی (جالینوس)یش تێپـەڕیون, پاشان دەڵێت:

هەرچەند (جالينوس) لەشیکاریی و لێکۆڵینەوەکانیدا گەیشتە ئاستێکی بەرزی پشکنین و خۆپاراستن لەبۆچوونی ساکارو بەپەلە — بەڵام (شت بەچاو بینین) بەهێزترو بەڕمێنترە.

24-**موتوربەکردنی شارستانیەکان نوێکردنەوەیە (ابن خلدون في المقدمة):**

(امة) و گەل لەپێشینان و گەلانی پێشتر زۆر شت وەردەگرن و ئاگایشیان لەسامانی نەوەی(جیلی) خۆیانە.

25-**کاریگەری دەوروبەر لەسەر مرۆڤ (ابن خلدون):**

مرۆڤ زادەو کوڕی دەوروبەرو راهاتن و رامبوونە, نەك کوڕی سروشتی و خوو میزاج, خودا بەمشێوەیە مرۆڤی خوڵقاندووە:

لەبارودۆخێکەوە بووە بە (خلق – ئافەريد) پاشان بووە بە (ملكة – بەهرەو بلیمەتی), پاشان گەیشتە ئاستی: بەشێك لەسروشت (جبلة).

26-**لێکدانەوەیەکی ئابووریانە بۆ مێژوو (ابن خلدون):**

جیاوازی نەوەکان (الاجيال) لەبارودۆخدا دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازیان لەئاستی ژیان و گوزەراندا, هۆی کۆبوونەوەو یەکگرتنیشیان دەگەڕێتەوە بۆ هاوکاریکردنی یەکتر بۆ وەدیهێنانی گوزەران و بژێو.

27-**کارەساتی فیکر (معيار العلوم/ للغزالی):**

هەموو ئەو شتانەی کە دەزانرێت ناگوترێن بەڵکو سنگی بیرمەندو ئازادان, گۆڕستانی نهێنین.

## 28-هەڵوێستێکی رەخنەگرانە بەرامبەر بە کەلەپوورو (تراث) (ابن رشد/ حول علوم الاقدمين):

ئەوەی کۆکەو دەگونجێت بۆ هەق, لێمان وەرگرتن و پێی دڵخۆشبووین و سوپاسمان کردن, ئەوانەیش لەگەڵ هەقدا ناگونجێن, خەڵکمان لێئاگادار کردنەوەو ترسمان خستە پێشچاویان و پۆزشمان بۆ هێنانەوە.

## 29-کاردانەوەی بێمەرج (المنعکس اللاشرطي)(*):

(غزالی) لەکتێبی (مشکاة الأنوار)دا باسی پلەکانی عەقڵی مرۆڤ دەکات و دەچێتە سەرباسی (الروح الخيالی) و دەڵێت:

(روح الخيالی) دەخوازێت ئەوەی (هەستەکان – الحواس) وەریانگرتووەو لەلای خۆیان خەزنیان کردووە – بیخاتە بەردەمی (الروح العقلی – کە لەو بالاترە) لەکاتی پێویستدا, دیارە ئەمە لەلای ساوای شیرەخۆر لەسەرەتای گەشەیدا, بۆیە شتی لەلا خۆشەویستدەکرێت بەو نیازەی وەریبگرێت, بەڵام کە ماوەیەك لەپێشچاوی نەما, لەیادی نامێنێت و تاسەی ناکات.

بەڵام کە تۆزێك گەورە بوو, وای لێدێت ئەگەر لێی بشارنەوە دەگری و داوای دەکات کە وێنەی ئەو شتە لەخەیاڵیدا هەر بمێنێت,ئەم دیاردەیە لەهەندێك گیاندارانـدا بەدیدەکرێت, بۆیە

---

(*) باسی (منعکس الشرطي ) و تاقیکردنەوەکانی, باسێکی کۆنەو فەیلەسووفە یونانیەکانیش بەدرێژی لێی دواون, بەڵام زانای بەناوبانگ (بابلوڤ) ئەم باسەی بەتاقیکردن و شیکردنەوەی (پراکتین)ی باشتر گەشەپێداو خەڵاتی (نۆبڵ)ی لەسەر وەرگرت(وەرگێڕ).

دەڵێین (هەندێك) چونكە دەبینین كە (پەپوولە) چەندە عاشقی ئاگرەو لەهەمانكاتیشدا ئازاری ئەدات.

هۆی عەشقی پەپوولە بۆ ئاگر لەبەر ئەمەیە كە عاشقی رووناكی (نهار)ەو (وا) دەزانێت كە چراو قوتیلە كونو دەلاقەیەكن بۆ شوێنی رووناكی, خۆی پیا دەكێشێتو ئازاری پێدەگات, دیسان كە شەوداهاتو جیهان تاریكبوو, هەمان كاردەكاتەوە, ئەگەر (گیانی یادكردنی) ببایەو ئەوەی هەستیارەكانی بە فیعلی دیویانە –وەك سووتانو چزان– جاری دووەم نەدەگەڕایەوە بۆ هەمان كار, بە نموونە: سەگ كە بەدارێك لێی درا, هەركاتێك دارە كە ببینێت رادەكات.

### 30-یەكە مجار, عەقڵ (شافعی بۆ قوتابییەكانی):

ئەگەر باسی شتیكتان بۆ كراو عەقڵتان وەرینەگرت, بایەخی پێمەدەن, عەقڵ پیویستەو بەناچاری دەبێت هەق قبووڵبكات.

### 31-ئەمانەتو دەستپاكی زانستی (الامانة العلمية):

(قرطبي) لەكتێبی (أحكام القرآن)دا دەڵێت خێرو بەرەكەتی زانست لەوەدایە كە, ئەوەی شتێكی گوتووە. لەكاتی پێویستدا ناوی گوتیاری ئەو شتە باسدەكرێت.

### 32-(معرفه)و زانین سنووری بۆ نیە (المسعودی – فی التنبیه والاشراف):

هەرچەند رۆژگاری ئێمە لەپاش سەردەمی ئەو کەسانەیە کە کتێبیان داناوەو لەئێمەوە دوورن – هیوادارین ئێمەیش کەمتەرخەمی نەکەین لەدانانی کتێبی هەمەجۆرو هەمە (مەبەست).

ئەگەر ئەوان رچەشکێنو دەستپێشخەربوون, ئێمەیش شانازیدەکەین کەرێگامان بزر نەکردوون, زۆرجار راو بۆچوونەکان هاوبەشنو زۆرجاریش یەکێك لەوانیتر باشتریان داناوە چونکە زۆرتر بەئەزموون بوونو زۆرتریش لەرەخنە ترساون.

*ئا لێرەدا رۆشندەبێت کە زانستەکان بەردەوام گەشە دەکەنو سنووریش بۆ ئەم (گەشەکردنە) نیە, چونکە ئەوەی لای یەکێك هەیە, ئەوی تر پەی پێنەبردووە, نیازو مەبەستەکانیش هێندە زۆرن جوغزێکی (حدود) دیاریکراویان نیە.

### 33-داکۆکی لەتازە ( ابوالفضل الاندلسي ):

بێژن بەوانەی کە بۆ خەڵکی ئەم رۆژگارە هیچ بایەخو نرخێك دانانێن, هەمیشە پێشینانی خۆیان بەپێشکەوتوو دەزانن:

ئەو پێشینانە لەکاتی خۆیاندا تازەبوونو
ئەم تازەی ئێستاش دەبێت بەکۆن

### 34-کەرەنتینەی تەندروستی ( حجرصحی ):

کەزانیتان لەوڵاتێکدا نەخۆشی (تاعون) بڵاوبۆتەوە, مەڕۆن بۆ ئەو وڵاتە.

ئەگەر لەوڵاتی خۆتاندا بڵاوبوو, مەڕۆنە دەرەوەی وڵاتی خۆتانو لەترسی رامەکەن.

(فەرموودەیەکی پێغەمبەر لەبارەی تاعوون) ەوە

## 35-کۆنترین وەسفی تۆپ

(ابن خلدون) لەهەواڵی گەمارۆدانی (سجلماسة)دا لەلایەن (سوڵتان ابو یوسف المرینی)وە دەڵێت:

بەئامێرەکانی (منجنیق و عرادات و هندام النفط القاذف) گەمارۆ درابوو, وردە ئاسن لەزاری دەردەچوو, بەشێوەیەکی زۆر سەیر ئاگرو باروت ئاوێتە کرابوون و لەپێشزاری نێڵەی دەهات.

## 36-تەنگژەو قەیرانی (غەزالی):

شێخەکەمان (غزالی) چووە زگی فەیلەسووفەکان, ویستی دەربچێت و نەیتوانی.

(نقض المنطق/ لابن تیمیة)

## 37- پەککەوتن (أبو القاسم الکعبی سەر بە - معتزلة):

خودا ویست و ئیرادەی نیە, گشت کردارەکانی کە ئەو دەیکات بە ئیرادەی خۆی نیەو خاوەنی ویست و فرمان نیە.

## 38-بنەمای دۆزینەوەی هەردوو ئەمریکا:

(ابن فضل الله العمري) لەکتێبی (مسالك الابصار) دا دەڵێت: شێخمان (فرید الدهر أبو الثناء محمود بن أبي القاسم الاصفهاني) – خودا شادی بکات– دەڵێت:

من بەدووری نازانم: ئەو زەویە کە ئاو بەجێی دەهێڵێت لەدیوی ئێمە, لەدیوی ئەولایش بەهەمان شێوە بێت, کەواتە بەهەمان شێوە بەدووری نازانم کە هەمان گیاندارو رووەك‌و کانزا ببێت وەك لای ئێمە هەن.

## 39-سامانی پیاوانی بیرمەند:

سامانی لەپاش جێماوی (ابو یوسف القاضي) خەملێنراوە بە 2 ملیۆن دینار:

*(قاضي عبدالجبار المعتزلي) 1 ملیۆن دیناری لەپاش بەجێما.

*(عبدالله بن المبارك) (40) چل خانوی کرێی لەپاش بەجێما.

*(ابن سینا) دەوڵەمەندترین فەیلەسووفە ئیسلامیەکان بووە.

## 40-مەسەلەیەکی سایکۆلۆجی (علي بن أبي طالب):

ئەو کەسەی شتێك نازانێت, دەبێتە دوژمنی ئەو شتە.

## 41-راستی‌و خەڵك (علي بن ابي طالب):

هەق بەپیاو ناناسرێت, هەق بناسەو پیاوەکانیش دەناسیت.

(البیان والتبین)

## 42-سەرچاوەی هەڵە (ابن تیمیة):

پیاو کاری خراپە لەبەر دوو هۆ دەکات:

بۆ پێویستی یان ناحاڵیە, ئەو کەسەی خراپی شتەکە دەزانێتو پێویستیشی پێنیە, نایکات مەگەر هەواو ئارەزوو کۆنترۆڵی عەقڵیان کردبێتو گوناهو خراپە دەستیان بەستبێت, ئەمەیش جۆرێکی ترە.

**43-لە پێداویستیەکانی بلیمەتی لە( جاحظ )ەوە بەکورتی:**

لە شتدا قوڵبوونەوەو خنکان, وە خۆتەرخانکردن بۆ ئەوشتە, رێگایەکە بۆ داهێنان.

**44-چەند بابەتێکی زمانەوانی (الجاحظ):**

هەموو (لفظ) ووشەیەك, مانایەك لەهەناویدایە, هەندێك جار (معنی – مانا) هەیەو ناوی نیە, بەڵام هیچ ناوێك بێمانا نیە.

ئەو ناوانەی (اسماء) کە لەناو خەڵکدا بەکاردێن, دانراون وەك نیشانەیەك بۆ تایبەتمەندی حاڵەتەکان نەك بۆ ئەنجامی رستەکان.

هەروەها مانا (تایبەتە تایبەتەکان – خاص الخاص) ناویان نیەو دەبێت ئەو نیشانەی کەبە (لفظ)ەکەوە هەیە دەبێتە ناو, زانستە کورتەکان ناویان هەیەو ئەو ناوەیش پڕ بەپڕی ماناکەیەتی, بەڵام زانستە درێژەکان دەگەنە رادەی پێداویستیەکانو پاشان کۆتاییان دێت.

(رسالة الجد والهزل)

**45-دژی سکپڕیی (الحرث بن کلدة):**

ئەوەی دەیەوێت منداڵی نەبێت, سەری مەمك پێش جوتبوون بەڕۆنێك چەور بکات.

46- **پێناسەیەکی سۆفیانە بۆ عەقڵ ( الحارث المحاسبي ):**

روناکی (غریزة – خۆڕسك) لەگەڵ تاقیکردنەوەو ئەزموونگەری، ئەمانە زانستو (حلم – ئارام) بەهێز دەکەن.

47- **دوو ڕێگا لەبیرکردنەوەدا:**

پیاوێك هاتەلای (حسن البصری) و گوتی:

تەلاقم خواردووە کە حەجاج ئێستا لەدۆزەخدایە، تۆ چ دەڵێی، ژنەکەم بهێنمەوە یان جیا ببینەوە؟

(حسن البصری) گوتی: بەخودا نازانم چ بڵێم بەتۆ، حەجاج زاڵمو فاسق بوو، بەڵام ڕەحمی خودایش هێندە زۆرەو بەشی هەموو کەس دەکات.

پیاوەکە چووەلای (عمرو بن عبید) شێخی (معتزلة)و کێشەکەی خستە بەردەستی، ئەویش فەتوای بۆداو گوتی: بڕۆ لەگەڵ ژنەکەتا بژی، خودا ئەگەر لە حەجاج خۆشبوو، بە (زنا) سزات نادات.

(ابن خلکان)

48- **ناچاریو ئازادی ( ابو حیان التوحیدي في البصائر ):**

ئازادیی نابەخشرێتو دەسەندرێت، چونکە زۆرداریو ناچاریی چڵكو خڵتەی جیهانە.

49- **پەرچدانەوەیەکی زانستیانەی ( شعوبية ):**

ئەگـەر عـەرەب لەرەوشـتو جلوبـەرگو زمـانو تايبەتمەنديـەكانى هەموو گەلێك شارەزا دەبوونو– گوناهيشيان نيە كە شارەزا نين – بـەزۆر خۆيـان نەدەسـەپاندو ئيسـراحەتيان دەكـردو ئـەو گەلانـەيش كەتێكەڵيان بوون هێندە فشاريان نەدەخرايە سەر.

### 50-بيرۆكەيەكى گۆڕانو گەشەكردن ( جاحظ ):

كە رۆژگارو زەمانە گۆڕا, (فرض)و (شريعة)يش دەگۆڕێن.

(رسالة جاحظ في بيان مذاهب الشيعة)

### 51-وجودو بزوانو جوولأن ( اخوان الصفا ):

شـــتەكان بـــۆ ئـــەوەى بمێننـــەوە, پێويســـتە بجـــوڵێن, هـــەركاتێك جووڵەيان نەما, بۆگەندەكەنو سيستەمو نيزاميان تێكدەچێت.

### 52-چەند بيرێك بەرەو هەڵكشانو گۆڕان:

مـــرۆڤ ناگاتـــە (كـــەماڵ) هـــەتا لـــەرابوردووى خـــۆى تێنـــەگات, بوونـــەوەرەكان (موجـــودات) چـــەند جـــۆرێكى پێكـــەوە بەســـتراونو يەكەمجۆر پەيوەندە بە پاشخۆى.

(ابن مسكوية قي تهذيب الاخلاق والفوز الاصغر)

*بوونەوەرە گەرديلەكان هەميشە لەگەردووندا (كـون) دەڕۆن بـەرەو كەماڵ چونكە گەردوون لەبچوكترين وجودەوە دەستپێدەكاتو بەرەو (بالأترين وجود) ملدەنێت, لەنزمترين حاڵـەوە بـەرەو (بەشـەرەفترينو كاملترين حاڵ) هەڵدەكشێت.

(اخوان الصفا)

53-**ڕێبازی گومان (الجاحظ):**

ئەو دۆزو شوێنانە کە جێگەی گومانن و هۆکانی ئەو گومانە, فێر ببە, ئەمە بەو نیازەی کە دۆزو شوێنەکانی (یەقین) و هۆکانی بزانیت.

لەکتێبی: (مقدمة کتاب البلدان) دا هاتووە:

سوپاس بۆ خودا کە هەندێك جار جیاوازی (فرەبۆچوون) دەیکات بەهۆی پێکهاتن و هۆگری, وەگومان دەکات بەهۆیەك بۆ (یقین).

54-**خۆگونجاندن لەلای گیانداران (الجاحظ):**

لەناو گیاندارانـدا مەڕ لەهەموویان خراپترە بۆ ناسینی دوژمن, هۆی ئەمەیش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە مەڕ لەخزمەتی مرۆڤدایەو هەندێك پێداویستی بۆ دابیندەکات, مەڕیش مرۆڤی کردووە بەشوان و پارێزەری خۆی.

ئەگەر ئەم هۆیە نەبایە ناچاردەبوو چەندین دەرگاو ڕێگای تر بۆ خۆی بدۆزێتەوە.

(الحیوان)

55-**ڕێبازی گومان (شاعرێك):**

ئەگەر گومانێکت لێبکەم, دەتپارێزم چونکە گومان کلیلی بڕواو (یقین)ە.

**56-یەکبونیادی (وحدة الوجود / حلاج):**

**نە مرۆڤایەتی لەخودا جیایەو نە بەویش پەیوەستە.**

***خودا بەلای (الجهمیة)ەوە:**

**خودا لەگەڵ هەموو شتێکدایەو لەهەموو شتێکدایە هیچ شتێك نیە ئەوی تیا نەبێت, ئەو شوێنی نیەو لەهەموو شوێنێکیشدایە.**

**57-بۆچوونێکی (براغماتیکی) (ابن تیمیة في نقض المنطق):**

**ئەو کارە باشە کە مرۆڤ بۆخۆی دەیەوێتو سوودی لێدەبینێت, بۆ کاری خراپیش بەپێچەوانەوە.**

**بەرئەنجامی زانستو راستیو عەدالەتیش لەلای مرۆڤ بریتیە لەوەی سوودێکیان, یان چ زیانێکیان هەیە؟ کاری باشو کاری خراپ کامیان دەبێتەهۆی گەیشتن بەئاواتی مرۆڤ.**

**کەواتە هەق هەندێکجار مانای نیگەتیفی هەیەو ناهەقە چونکە لەگەڵ ئاواتو بەرژەوەندی کەسێکدا ناگونجێت, هەروەهایش باتڵ, هەندێکجار مانای پۆزەتیفی هەیە چونکە لەگەڵ ئاواتو بەرژەوەندی کەسێکدا کۆکە.**

**هەروەهایش بەکردار دەگوترێت:**

**ئەم کارە سوودی هەیەو ئاواتت جێبەجێدەکاتو هەقە, ئەم کارەیش باتڵە چونکە سوودی نیە.**

***دەقێکی تر:**

**هیچ کردارو شتێك مانایەکی (مطلق – رەها)ی نیە, هەرکاتێك مرۆڤ زانی کارێك سوودی هەیە دەیکات, ئەگەر زیانی بوو نایکات.**

ئـەوەیش بەهەسـتی دیـارو ئاشـكرا (چـاو.. گوێ...)یـان بەهەسـتی (هەناوی – باطني) دەزانرێت, مانایەكی تەواوو (مطلق)یان نیە.
زانستە تیـۆری‌و رووتـەكانیش (كیمیـاء – فیزیـاء– ماتماتیـك ....) بە (سوودیان) بۆ ژیان دەنرخێن.

### 58-ریشەی زانین‌و (معرفة)ە (اخوان الصفا):

زانسـتە (غریزیـة) كـان دەبێـت بچـنەوە سـەر ئـەو شـتانەی كـە لەسروشتدا هەستیان پێدەكرێت.

### 59-سوودەكانی زانستی (انترۆبۆلۆجیا – علم الانسان/ الجاحظ):

هەنـدێكجار زمـان جیـاوازەو یـەك نەژادیشـن, بەپێچەوانەیشـەوە: (هەندێكجار زمان یەكەو نەژاد جیاوازە, ئەوەی لەسەرەتاو كۆتایی خۆراسان شارەزا بێت, یان لەسەرەتاو كۆتایی چیاكان (دانیشتووی چیاكان – وەرگێڕ) شارەزابێت, تێدەگات كە زمان بەپێی سروشتی وڵاتان لەیەكتر جیاوازن, بەڵام رەگ‌و ریشەی هەموویان یەكێكە.

### 60- پەرچدانەوەی تیۆری (فیض) (اسم) :

(ابن تیمیة) لـەكتێبی (نقض المنطق) داو لەباسـی ئایـەتی: (انـی یكون له ولد ولم تكن له صاحبة – كەژنی نیـە چۆن منداڵی دەبێت) دا دەڵێت:
قورئـان دەڵێـت منـداڵ بـەبێ دوو ئەسـڵ‌و سەرچـاوە پەیـدا نابێـت, واتـا (ئـەنجام – معلـول) پەیـدا نابێت بـەبێ جوتبـوونی (هـۆ – علـة)

(*)هەندێك لەفەیلەسوفەكانی یۆنان‌و پاشان بیرمەندەكانی ئیسلام لەبارەی دروستبوونی (گەردوون)ەوە وای بۆ دەچن كە ئەم گەردوونە بەشێكە لەخودی (خودا)و لەخۆی زیادبووە, ئەم گەردوونەی لەو (زیادەیە – فیض)ە خوڵقاندووە. (وەرگێڕ)

بەڵام شتێك خۆی بە تەنیا نابێت بە (هۆ – علة) وباوك, واتە هیچی لێناوەشێتەوەو کەسیشی لێنابێت, چونکە ئاسەوارەکان کە لە (هۆ)کانەوە پەیدا دەبن دەبێت لەدوو شتەوە بێت: باوكو دایك یان (بکەرو وەرگر) یان (ئاگرو دار).

61- **دیالیکتی جووڵان (ابن سینا):**

جووڵانی سروشتیو ئاسایی بریتیە لە جووڵان لەدۆخێکی خراپەوە بۆ دۆخێکی باشتر, خودی سروشت هۆی بزوانو جووڵان نیە ئەگەر ویستو ئیرادەیەکی تر نەبێت کە ئەویش حاڵەتی (ئەنتی جووڵانە) چونکە خودی سروشت هۆی خودی جووڵان نیە...

62-**یەکبونیادی (وحدة الوجود/ ابن عربی):**

خوداو ئافەریدەکان یەك شتن, ئەو شتەیش هۆیە بۆ خۆیو دروستکراوی خۆیشیەتی.

63-**دیالیکت (السهروردی الشهید):**

گشت ئەوانەی لەشتێکدا بەشدارن, ڕۆژیك دێت بەهۆی شتێکی ترەوە لەیەکدی جیاببنەوە.

64-**بۆچوونێکی فەلسەفی (ابن عربی):**

(ابن عربی) لەخەویدا لەگەڵ (ادریس)ی پێغەمبەر ئەدوێت:

–چەند ساڵە مردوویت؟ 40 هەزار ساڵە.

–ئەی ئادەم, چونکە لەلای ئێمە مێژووی دیاری نەکراوە؟

–ئیدریس: چ(ئادم) ێك دەپرسیت؟

–ئیبن عەرەبی: نزیکترین ئادەم

–ئیدریس: راستە من پێغەمبەری خودام, چونکە مێژووی ماوەیەك بۆ جیهان دیاریی ناکەم, بەلام وای بۆ دەچم کە خودا بەردەوام (خالق)ە و دنیاو قیامەتیش و (مخلوق)ەکانی دنیایش ماوەیەکیان بۆ دیاریکراوە, بەڵام هەتا ئەوکاتە بەردەوام ئافەریدەکان وەك هەناسە نوێدەبنەوە.

– ئیبن عەرەبی: بۆ رۆژی قیامەت چەند ماوە؟

– ئیدریس: ئەوکاتە نزیکە, رۆژی قیامەت نزیکەو مرۆڤەکانیش بێئاگان.

– ئیبن عەرەبی: نیشانەیەکی نزیکبوونەوەی قیامەت؟

– ئیدریس: پەیدابوونی ئادەم مەرجێکە لەمەرجەکانی قیامەت.

– ئیبن عەرەبی: ئایا پێش ئەم دونیا, دونیای تر هەبووە؟

–ئیدریس: ماڵی بوون (وجود) یەکێکە, ماڵیش نابێت بەماڵ بەبێ ئێوە, ئەوەی بەردەوام لەگۆڕاندایە:

جەستەکانە دێن و دەڕۆن و ئێستایش و لەمەودوایش هەروا دەبێت.

(عن الشیرازي في (الاسفار))

## 65-بۆچوونێکی گەشەکردوو (ابن عربی):

سەرسامترین شت ئەمەیە کەمرۆڤ هەمیشە لەگۆڕان و هەڵکشاندایەو هەستیش بەم گۆڕانە ناکات, چونکە خاوەنی وزەیەکە هێندە ناسکە نابینرێت و دیمەنەکانیشی وەك یەکن.

# چەند هەڵبژاردەیەك لە مەلا (صدر الشیرازی)

### 66-ڕەوکردن و کۆچی (عقل)ەکان:

من دەربەستی ئەوە نیم سەرپێچی جەماوەر بکەم و ئەوەی ناوەو بەناوبانگە ئیهمالی بکەم، بگرە ئەوەی ڕەوتەنیەو غەریبە پێخۆشحاڵە بەو سەرپێچی و ئیهمالکردنەو شانازیشی پێوە دەکات، چونکە جەماوەری ئەو شوێنە جێگیرن و شوێنی زێدی خۆیانە، خەڵکی ئەو شوێنە کەمیان شوێنی خۆیان جێدەهێڵن.

### 67-گۆڕانکارییەکان:

مرۆڤ لەهەموو کات و ساتێکدا لەهەناویدا دەگۆڕێت، (نفس) لایەنێکی بەردەوامیەو لایەنێکی تری نوێبوونەوەیە، چونکە پەیوەندیان بەدوولایەنەوە هەیە: عەقڵ و (الهیولی)، ئەو کەسەی بگەڕێتەوە بۆ ویژدان دەزانێت کە، پێناسەی ئێستای خۆی جیاوازە لەگەڵ پێناسەی رابوردووی، ئەو جیاوازیانە نەك لەبارودۆخدا بەڵکو لەخودی خۆیدا هەن.

### 68-پەیوەندی (دیالێکتیکی)و (معرفة):

جەمهوری فەیلەسوفەکان کارێکیان کردووە کە شتەکان لەیەکتر جیاوازبن و خودی (ذات) خۆیان لەیەکتر دووربن و پەیوەندیان پێکەوە نەبێت و یەکیش نەگرن. ئەم باوەڕە دیوارێکی ئەستوورو گەورەیەو ڕێگە نادات شتەکان وەك خۆیان بناسێنیٚ و لەخەوش و

ناتەواویی هەڵکشێنین بۆ کەماڵ، لەدامێنەوە بگەینە ئاستێکی بەرز، هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە فەیلەسوفەکان زیرەکانە لە پەیوەندی (وجودیة)و پەیوەندی هۆکان (علل)و (معلولات) دواون.

## 69-گۆڕان بەردەوامە:

لەجیهاندا تەنها کەسێك نیە خودی خۆی (قدیم) بێت بەڵکو لەهەموو کاتێکدا یەکێکی تری وەك ئەو هەیە، ئەم ئاسمانو زەویانە هەمان خەڵکی ئێستایان تیا نەژیاوە، نە لەکاتی (طوفان – لافاو) و نە پاش (لافاو) نەپێش لافاو هەمان مرۆڤو هەمان جۆری ژیان نەبووە.

هەروەها جۆری (نوع) هەموو شتێك – پێکەوەبن یان لەیەکتر دووربن– هەمان جۆر نین لەهەموو کاتو زەمانێکدا وەك لەناو مرۆڤدا کەسێك نیە کە لەئەزەلەوە مابێتەوە (وەك خۆی)، هەروەهایش لەجۆرەکانی تری سروشتدا، تەنانەت ئەو بوونەوەرەی کە تەنها هەر خۆیەتی وەك (خۆر)و هاوجۆرێکی نیە، ئەویش بەردەوام تازە دەبێتەوەو تۆکمەیەو لەهەمان کاتیشدا دەڕواو نامێنێتو تایبەتمەندیەکی واینیە کەمانی بەردەوامبێت.

*هەموو شتێك لەهەموو ساتێکدا، لەدۆخێکی تازەدایە.

*شتی چەقبەستوو لەگەردووندا نیە، هەمووی بەرەو هەوارو مەبەستی دیاریکراو دەجمێنو ملدەنێن.

*سروشت جەوهەرێکی شلەو ئاوئاسا رێدەکات.

## 70-یەکیەتی (هۆو ئەنجام – العلة والمعلول):

(هۆ) شتێکی حەقیقیەو (ئەنجامیش – معلول) لایەکە لەلاکانی (هۆ)و گەشەکردنی هۆیە نەك لەیەکتر جیابوونەوەو جیاوازیی.

## 71-دیالیکتیك:

ژمارە هەرچەندە لەیەکتر جیاوازن و هەریەکەیان ئاستی سەربەخۆیان هەیەو لەوانی تردا نین – بەلاَم ئەگەر بەقووڵی لەژمارە وردبینەوە, لەئاستە جۆراو جۆرەکانی تێبگەین– بۆمان رۆشندەبێت کە ژمارە بریتیە لە (یەك).

لەهەمانکاتیشدا هەموومان سوورین لەسەر ئەوەی کە هیچ ژمارەیەك وەك هیچ ژمارەیەکی تر نیە, پسپۆڕان و شارەزایانی ماتماتیك و بەڕێزانی تریش ئاگایان لەم تایبەتمەندیە هەیە.

ئاشکرایە ژمارە (1) نیە چونکە بەرامبەرێکی تری هەیە, لەهەمان کاتیشدا ژمارە (دووبارە بوونەوەی) (1)ە کەچی هەموو ژمارەیەك جۆرێکی جیاوازە لەجۆرەکانی ترو ئەوەی لەجۆرێکدا هەیە لەجۆرێکی تردا نیە.

## 72-هەموو شتێك بەندە بە پەیوەندیەکانی:

ئەگەر بەقووڵیی بیر لەهۆکارە نزیکەکانی شتێك بکەینەوە – بۆمان رۆشندەبێت کە گشت ئەو هۆکارانە یەك شتن و لەئاستێکی نزمەوە بەرەو بەرزتر رێدەکەن.

بەنموونە: دارتاش مرۆڤێکی بەرەڵای بێ لایەن نیە, بەڵکو بە پەیدابوونی ئامێرو شوێن و کات و... بووە بەدارتاش, بەهەمان

شێوەیش تەختەکە هەرگیز ئامادەیی تیا نەبووە بۆ تاشین- وەڵێ کە بەدەستی دارتاشەوە بێت وەك یەك شتی بزۆکە لەچەند خاڵێکدا.

### 73-خەڵکانی ئایینیو لاهوتی:

دەم لەمەسەلە عەقڵیەکانەوە ئەدەن, بەڵام بابەتە هەستپێکراوەکان نازانن, بە بەڵگەو پێوانە مامەڵە دەکەن, وەڵێ فڕیان بەسەر ماتماتیکەوە نیە, باسی شتە ئاینیەکان دەکەن, وەڵێ هیچ لە بایلۆجی نازانن.

### 74-شتەکانو ئەدگارو تایبەتمەندیە (دووفاقە - مزدوج )ەکان:

شتەکان, هەرچەند توندوتۆکمەنو بەردەوامن, وەڵێ وجودێکی تازە بوونەیان هەیەو دوو بەشن:

(رابوردوو – داهاتوو), یان ناتەواو کامڵ, لەهەمان کاتدا هەندێکنو تاکیشن, هەندێکیان نەماونو هەندێکیان دێن, هەندێکیان لەکاتێکی دیاریکراودا (هەن)و هەندێکیان (نین), (هێندەکانیش- ابعاض) هەمەجۆرنو ژمارەیان وەك ژمارەی شتێکی تر نیە, هەندێکجار ئەگەر بێژین یەکێکە راستەو ئەگەر بێژین زۆرترە هەر راستە. ئەم وجوودو ژیانە چەندە سەیرو عاجباتیە! لەهەموو کاتێکدا وەك یەك نیەو تازە دەبێتەوە, خەڵکی ئەم ژیانەیش سەریان لەم کارە سووڕماوە, لەهەمانکاتیشدا خودی خۆیشیان لەهەموو کاتێکدا لەگۆڕاندان.

بۆیە سەریشیان سووڕماوە, چونکە تێگەیشتن سەختە لەو شتەی کە دەمێنێتەوەو باقیەو تازە دەبێتەوە کە هەر (یەکە), دیارە ئەمەیش

پێویستی بە ئیدراكو میزاجێكی پاكو عەقڵێكی ڕۆشنو بەبڕشت هەیە.

## 75-نوێژی سوپاسنامە بۆ فەیلەسووفەكانی ئیغریق:

پایەدارەكانی حیكمەت لەلای هەندێك هەشتن: (3)یانیان لە (ملطیة)كانن: تالس, انكسیماس, ئاغا تازیمون, (5) یان یۆنانیەكانن, وەك:

انبادوقلیس, فیساغورس, سوكرات, ئەفلاتون, ئەرستۆتادلس, خودا نەفسیان بەرزرا بگرێت, خودا ئێمەیش لەبەرەكەتو نیزای ئەوان بێبەش نەكات, بەهۆی ئەمانەوە خودا نوری دانایىو حیكمەتی بەسەر جیهاندا رشت, زانستەكانی (خودایی – ربوبیة)یان لەدڵو دەروونی خەڵكدا چاند, گشت یەكێك لەمانە حەكیمو دانابوون, بەندەیەكی خوداپەرستی (تەركیدنیاكردو) بوونو روو لە خودا بوونو پشت لەقیامەت.

## 76-جۆرەكانی نەزانیو نەفامی (فەیلەسووفەكانی ئیسلام):

جەهل دوو جۆرە: ئاساییو ساكار, تێكەڵ (مركب):

یەكەم: ئەوەیە كە هیچ نەزانێت.

دووەم: ئەو شتەی دەیزانێت هەڵەن.

دووەم باشترە لەیەكەم چونكە شتێكی هەڵە بزانێت باشترە لەوەی كە هیچ نەزانێت.

## 77-چەند بنەمایەكی ڕێبازو پلانسازیی (جاحظ):

هـەتا مەسـەلەو کێشـە سـەرەکی و بنەڕەتیـەکان وەسـتابن مەچـۆرە کێشـە لاوەکیـەکان, هـەتا بناغـەی کێشـە گرنگـەکان دانەڕێـژرێت, مەڕوانە قسەی نەستەق و چیرۆکی غەرائب و عەجایب.

بـا زانسـتخوازی لەسـەر بنـەمای ریزبەنـدی و رێکخسـتنی پێشـەکیەکان (مقـدمات) بێـت, بـا پلانسـازی و رێکخسـتن و خـۆ ئامادەکردن لەسەر بنەمای سنورداری و لەبوارێکدا بێت, ئەم ئامازانە لەهەڵـەکردن دەتپـارێزن و بـەوەی کـەباوەڕتان پێـی هەیـە شـەکەتتان ئەدەن, دیارە هـەموو خانوویـەك پێویستی بەبناغـەی بەهێزو تۆکمە هەیە.

### 78-مەعریفەو زانست دوو قۆناغی هەیە:

**دەڵێن ( عمر بن خطاب ) گوتوویە:**

کەس لەعەقڵی خۆی سوودمەند نابێت, هـەتا لـەگومان سـوودمەند نەبێت.

### 79-مەسەلەیەکی لۆجیکی ( محمد بن حرب ):

راستبوونی گومان دەروازەیەکی گەورەیە لە رووناسی و سەرناسی (فراسة).

### 80-رەوشتی پزیشکی ( الجاحظ ):

یەکـەم مـەرج کـە لـەئۆباڵ و گـەردنی پزیشـکدایە, پاراسـتنی نهێنی نەخۆشیەکانی خەڵکە نەخۆشەکانە.

## 81-خۆگونجاندن لەگەڵ ژینگەدا:

### أ-الجاحظ:

دانیشتوانی هەرێمی (بابل) ئەسمەرن‌و ئەم رەنگەیش (مامناوەندی)ترین رەنگە, چونکە ئەوان نەزادەی چیاکانن‌و نە کەنارەکانی دەریاکان, عەقڵە هەناویەکانیان (عقولهم الباطنة) لەشوێنێکی مامناوەندیەوە چەکەریان کردووە, بۆیە رەنگ‌و هەڵسوکەوتیان مامناوەندیە.

### ب-المسعودی:

سروشت‌و رەنگی زەوی کاریگەری هەیە بۆ دانیشتوانەکەی, بەنموونە شوێنە گەرم‌و سوتماکەکان‌و نزمەکان, دانیشتوانیان رەشباون, شوێنە (لم سپیەکان) دانیشتوانیان سپیی پێستن, بەلاّم ئەگەر لمەکە سووربوو, رەنگی دانیشتوانیان (خۆڵ باو)ە, رەنگی کەڵەکێوی‌و چیاکانیش هەمان حاڵن, ئەگەر چیاکان سووربوون, ئەوانیش سوورن‌و ئەگەر سپیش بوون, ئەوانیش سپی, لەڕەنگی پیریشدا: دێزی – خۆڵەمێشی‌و ماشو برنجی.

### ج-الرازی:

بەپانی‌و گەورەیی ولاّتان, داب‌و نەریت‌و رەوشت‌و میزاج دەگۆڕێن, هەروەهایش دەرمان‌و خۆراکیان.

# چەند رستە مرواریەکی پزیشکی

**بۆ تەمەن درێژی:**

**چوار شت جەستە وێراندەکەن:**

**بوورانەوە لەکاتی تێرخواردن‌و چڵێسیدا, بەتێریی چوونە حەمام, خواردنی گۆشتی ووشکەوە بوو, جوتبوون لەگەڵ پیرەژندا.**

**(ابن ابي أصيبعة)**

83-**خرا پبوون‌و لێپیسبوونی دەرمان (مضاعفات الادوية):**

**بەدەرمان نەخۆشیەکان چارەسەر بکە, زۆر پێویستیش نەبوو, دەرمان مەخۆ, چونکە چەندە سوودی هەیە, هێندەش زیانی هەیە.**

**(هەمان سەرچاوە)**

84-**پەیوەندی خۆراك بەتەندروستییەوە:**

**گەدە (معدة) حەزی جەستەیە, دەمارەکانیش چیان پێبدرێت ئەوە دەنێرنەوە, ئەگەر خۆراك باش‌و تەندروست بوو, تەندروستی دەخولقێنن, ئەگەر خراپیش بوو نەخۆشی دەهێنن.**

85-**اسحق بن حنين:**

مەی کەم:- هاوڕێی گیانە, زۆریشی دوژمنی لەشە.

(هەمان سەرچاوە)

86-**الکنــدی:** ئـەوەی تەندروسـتی دەوێـت با خـوا پەرسـت بێـتو نەترسێت, هیچ شتێك جێگەی نەفس ناگرێتەوە.

دەبێـت بەنـەخۆش بگوترێـت چـەندە خـودا هـۆی چـاکبوونەوەی نەخۆشــە, دەبێــت بترســێت کــە لەهــەمان کاتــدا خــودایش هــۆی نەخۆشیو مردنیەتی.

(هەمان سەرچاوە)

87-**چەند کارێکی ناتەندروست (ثابت بن قرة):**

خراپترین شت بۆ پیرو بەتەمەن (چێشتکەرێکی لێزانو شـارەزایە, پاشـان (جاریـة - کۆیلـەژنێکی) شـۆخو جوانـە, چونکە زۆر دەخـواو زۆریش جووت دەبێتو پیر دەبێت).

(هەمان سەرچاوە)

88- **کیمیاء (ابو حاتم السجستاني):**

ئەگـەر ویسـتت دڵنیابیـت لەنامەیـەکی نهـێنی, بـە (شـیر) نامەکـە بنووسە لەسەر کاغەز, ئەوەی نامەکەی بۆ دەچێت کاغەز بسوتێنیو خۆڵەمێشـەکەی بەگـەرمی بخاتـە سـەر نامەکـەو نوسـراوەکە بـەڕوونی دەخوێنرێتەوە, ئەگـەر بـەئاوی (زاخـی سـپی) نوسـرا, هـاڕاوتی مـازو بکە بەسەر نوسراوەکەدا دەخوێندرێتەوە.

89-**هەوڵێك بۆ فڕین ( ئیبن خەلەکان لەم هەواڵە دڵنیا نییە ):**

(جـوهری) خـاوەنی فەرهـەنگی (الصـحاح) بـاڵێکی لەتەختـە دروستکردو لەشوێنێکی بەرزەوە بانگی کرد: خەڵکینە ئەوا دەفڕم، خۆی فڕێدا، بەلام باڵـەکانی پێبـەرز نەکرایـەوەو کەوتـە سـەر زەوی، ئەم کەوتنە بووبەهۆی مردنی.

90-**سوڕانی زەوی ( ئیمامی ( مکە الحوینی ) لەکتێبی ( شامل ) دا گوتی:**

*خـەڵکانێك هـەن رایـان وایـە کـە زەوی خـڕەو بـەدەوری خۆیـدا بەردەوام دەسووڕێتەوەو لە سووڕانەوەی (دولاب) دەچێت.

*(بیرونـی) لـەبارەی (اسـطرلاب)ی (زورقـی)ەوە دەڵێت:داهێنـەری (اسـطرلاب) (ابـو سـعید السـجزی)یەوە بنـەمای ئـەم ئـامێرە لەسـەر ئەوەیـە کـە زەوی دەجووڵێت و گـەردوون و ئـەوی لەگەردوونـدا هـەن، بێجگە لە (حەوت ئەستێرە گەڕۆکەکان) سابتن و ناجووڵێن.

91-**لەگۆرانیەوە بۆ زانست:**

رازی لەسەرەتای تەمەنیدا گۆرانیبێژ بوو، کە چووە تەمەن و ریشی هـات، گـوتی: هـەموو گۆرانیـەك (سـتران) لـەنێو ردێـن و سمێڵـەوە دەرچێت گوناهی نیە، پاشان وازی لەگۆرانی هێناو خۆی بۆ زانست تەرخانکرد.

**(ابن خلکان)**

### 92-ژینگەی خاوێن و تەندروست:

داوایـان لـە (رازی) کـرد شـوێنێك هەڵبـژێرێت بـۆ دروسـتکرنی نەخۆشـخانە, ئـەویش فەرمانیـدا کـە لەچـەند شـوێنێکی (بەغـدا)دا چەند پارچە گۆشتێك هەڵبواسرێت.

لەپاش چەند رۆژێك پارچە گۆشتەکانیان بەسەر کردەوە, (رازی) دی کە پارچەیەکیان نەگۆڕاوە قرچ و بۆگەن نەبووە, رازی گوتی: ئا لێرەدا نەخۆشخانەکە دروستبکەن.

(رستە مرواریەك لەڕاوبۆچوونەکانی –رازی– لەبواری پزیشکیدا)

### 93-( معرفة ) کۆتایی نایەت:

لەڕاسـتیدا بـواری پزیشـکی سـنووری بـۆ نیـەو تـەواو نابێـت, پشتبەستن تەنها بەچارەسەری نێو کتێبان بۆچوونێکی مەترسیدارە, بەڵکو دەبێت حیساب بۆ سەلیقەو لێزانی پزیشکیش بکرێت.

### 94-چارەسەری سایکۆلۆجیانە:

پێویسـتە پزیشـك وا لەنـەخۆش بگەیـەنێت کـە بـاری تەندروسـتی باشـترە هەرچـەند لەمـەیش دڵنیـا نـەبێت, چـونکە میـزاج و سروشـتی لەش پاشکۆی نەفس و دەروونن.

### 95-بەدواداچوونی رەوشی نەخۆش:

پێویستە پزیشك بەوردی لەنەخۆش پرسیار بكات‌و لەو شتانەی کە مومكینە هۆكاربن بۆ نەخۆشیەكەی‌و پاشان بەهێزترین هۆكار وەربگرێت‌و بڕیاری خۆی بدات.

**96-لێزانین‌و هزر:**

ئەو پزیشكەی تەنها پشت بە تاقیكردنەوە دەبەستێت, بەراوردو خوێندنەوەی كتێب فەرامۆش دەكات – سەركەوتوو نابێت‌و فەشەلدەكات.

**97-لە پزیشكیدا پلە بە پلە (تدرج):**

لەپزیشكیدا تەنها (باش پێگەیاندن)و خوێندن گرنگ نیە, بەڵكو دەبێت بگاتە ئاستی تۆكمەیی‌و تاقیكردنەوە.

**98-رەفتاری پزیشك:**

ژیان‌و حاڵی پزیشك دەبێت ئاسایی بێت بەتەواوی روونەكاتە پارەو سامان‌و بەتەواوی پشتنەكاتە قیامەت, پێویستە لەنێوان خۆشی‌و ترسدا بژی (ترس لەقیامەت – وەرگێڕ).

**99-دەرمان:**

هەتا دەتوانیت دەرمانە سادەو (یەك توخمەكان) بەكار بهێنەو لەدەرمانی هەمەچەشن‌و هەمەتوخم خۆت بەدوور بگرە.

**100-هاوكاری نێوان پزیشك و نەخۆش:**

كە پزیشك زانابێت و نەخۆشیش گوێڕایەڵ و (مطیع)، ئیتر نەخۆشی هێندە نامێنێتەوە.

**101-بۆ نەخۆشەكان:**

پێویستە نەخۆش پزیشك نەگۆڕێت، سەردانی پزیشكێك بكات كە متمانەی پێدەكات، چونكە ئەگەر هەڵەیش بكات زوو خۆی راستدەكاتەوەو باشترو شارەزاتر دەبێت.

**102-پزیشكی نەزان و پزیشكی موهمیل:**

پزیشكە نەخۆێندەوارەكان، وەك: نەخوێندەوارە مێردمناڵەكانن كە ئەزموونیان نیە، ئەو پزیشكەی گرنگی بەخۆی نەداو خۆی پێنەگەیەنێت، ئەوەی بەردەوام خەریكی رابواردن و شەهەواتی خۆی بێت، پیاوكوژە نەك پزیشك.

**103-هەڵوێست:**

(ابن ابی اصیبعة) گوتی:

(ابن الخمار)ی پزیشك، لەكارو پیشەكەیدا: بێفیزبوو لەبەردەم هەژاراندا و خۆی بەگەورە دەزانی لەپێشی دەسەڵاتداران.

ئەو کەسەی کە بانگی دەکرد, ئەگەر خواناس و زاهید بایە بەپێ سەردانی دەکردو پێی دەگوت:

هاتنم بۆلای تۆ, گوناهی رۆیشتنم بۆلای فاسق و زاڵمانی پێلادەبەم.

ئەگەر سوڵتان بانگی کردبا, بەرگی شاهانەو پیاوە مەزنەکانی دەپۆشی و بەباشترین ئەسپ دەڕۆیشت و بەجوانترین شێوەی کەشخە ئامادە دەبوو!

104-**خەوتنی زانایان (ابن سینا):**

کە شەو دەگەڕامەوە خانووەکەم, چرام لێهەڵدەکرد, پێکێ مەیم دەخواردەوە بەو نیازەی بەهێزبم و بگەڕێمەوە سەر دۆخی جاران, پاشان دەچوومەوە بۆلای خوێندنەوە, چەندە بخەوتمایە خەونم بەو مەسەلانەوە ئەدی, بەڕادەیەك بەشێکی زۆر لەکێشەو مەسەلەکان, لەخەودا بۆم رۆشن دەبوونەوە.

105-**کتێبەکان و منداڵان (اسحق بن سلیمان الاسرائیلی):**

تەمەنی (100) ساڵەو ژنی نەهێناوە, لێیان پرسی: دڵخۆش نابیت ئەگەر منداڵێکت ببێت؟

ئەویش گوتی: ئەگەر کتێبی (حمیات)م ببێت, نەخێر.

(اسحق) باسی دەکرد کە:

(4) کتێبم داناوە, هەریەکەیان یادگاری زیاتر لەمنداڵێك بوون, ناوی کتێبەکان: کتاب الحمیات, کتاب الاغذیة والأدویة, کتاب البول, کتاب الاسطقسات.....

(هەمان سەرچاوە)

### 106- پزیشکێکی مرۆڤدۆست:

(احمد بن یونس الحرانی الاندلسی)ی پزیشك 12 گەنجی خەڵکی (صقالبه)لای کاریان دەکردو وەك ئامادەکردن و کولاندنی شروب و ئیشی هەویر.

لە (المستنصر)ی خەلیفەی (قرطبة)ی مۆڵەت وەرگرت کە ئەو شرووب و خواردنانە بەسەر هەژارانی نەخۆشدا دابەشبکات.

### 107-حەبی تا (یەکێکیان گێڕایەوە):

نەخۆشکەوتم و تایەکی سەختم گرت, هێندە سەخت بوو خستمیە سەر گیانەڵاو غەرغەرە, (سعید بن عبد ربە)ی پزیشك بەلاماندا تێپەڕی و لەباوکمی پرسی چ دەرمانێکتان پێداوە؟ ئەویش باسی دەرمانێکی کردو (سعید)یش گاڵتەی بەو دەرمانە کرد, پاشان 18 حەبی خڕی بۆ ناردم کە رۆژی حەبێکی لێبخۆم, پاشان ئافاقەم بۆهات.

(ابن ابي اصيبعة)

### 108-هاوڕێیانی ئەندازیار (ابو علي المصري):

دڵـم بـۆ خۆشەویسـتی کۆمـەڵێك دابـەش بـووە، هـەر لاوێکیـان چـمکێکی دڵمیـان بـردووە، پێدەچـێت دڵـم چـەق و ناوەنـد بێـت و ئەوانیش لەدەوری بن و خۆشەویستی منیش چەند هێڵێك بێت لەناو ئەو ناوەندەدا.

### 109-ئاڵۆش و چڵێسی (ابن سینا/ القفطي):

شیخ –ابن سینا– لەهەموو روویەکەوە زۆر بەهێز بوو، بەتایبەتی هێزی سێکسی زۆر بەئاڵۆش بوو، شێخ زۆرجار سەرقاڵی ئەمکارە بوو بەڕادەیەك ئەم کارە بەشێك بوو لەخوو میزاجی.

### 110-چەند نموونەیەك لەداهێنان (القفطي):

حەسەن یەکێك بوو لەکوڕەکانی (موسی بن شاکر) و لە زانستی ئەندازیاریدا بێ وێنەبوو، خوویەکی سەیری بوو لەم زانستەدا، لەکاتێکدا تەنها شەش گوتاری لەکتێبی (أقلیدس – الاصول) خوێندبوو، ئەو گوتارانەیش کەمتر بوون لەنیوەی کتێبێك.

بیرو هۆشێکی عەجیبی بوو، خەیاڵێکی بەهێزی بوو بەڕادەیەك چەندین پرسیارو کێشەی حەل دەکرد کە هیچ کەس پێشخۆی بۆی حەلنەکراوە، وەك:

دابەشکردنی گۆشە (زاویە) بەسەر سێ بەشی وەکیەکدا، یان دوو هێڵی بەناو (دوو ریزکراو)دا دەرکردووە بەپێی ڕێژە، یان ئەو پرسیارو کێشانەی دەبەستەوە بەچەندین کێشەی تری بێکۆتایی، ئەو کێشانە پێشینانیان گێژ کردبوو، بیرو هزری بەجۆرێك راهێنابوو، خۆی باسی دەکرد کە هەندێکجار بەڕادەیەك نوقم بووە

لەبیرکردنەوەدا، ئاگای لەو کۆڕە نەماوە کە تیا دانیشتووەو قسەکانی ئەو کۆڕەی نەبیستووە.

حەسەن دەیگوت: رۆژێك هێندە بیرمکردەوەو نوقم بووم دنیا پێشچاوم تاریك بوو بێهۆش کەوتم یان چوومە حاڵەتی خەونەوە.

### 111- مەسەلەیەکی پزیشکی (دەڵێن گوتەی پێغەمبەرە):

با دەفری شەڕی ناو سکیان (گەدە) پڕ نەکەن، ئەگەر چاریش نەبوو، با سێیەکی بۆ خواردن و سێیەکی بۆ خواردنەوەو سێیەکیشی بۆ خودی خۆی بێت.

### 112-دانایی و خودا پەرستی (لەکەلە پووری شیعەوە):

ئیمانداریك لە ئامۆژگارییەك و (ووشەی حیکمەت) گوێبگرێت، باشترە لە خوداپەرستی و عیبادەتی سوننە.

### 113-مەسەلەیەکی سایکۆلۆجی (نهج البلاغة):

نیوەی هۆکانی پیری، خەفەتە(*).

### 114-لەبارەی دەروونناسی کۆمەڵایەتییەوە (علم النفس الاجتماعی):

ئەگەر دونیا رووی کردە یەکێك، باشەکانی خەڵکیشی بۆ دەخوازێت.

ئەگەر دونیا پشتیکردە یەکێك، باشەکانی خۆیشی لێزەوت و داگیر دەکات.

---

(*) میخائیل انجیلۆی هونەرمەندو تەلارسازی ئیتاڵی ویستی وێنەی (مسیح) بکات و گەنجێکی شۆخی 32 ساڵانی بۆ ئەم مەبەستە برد بۆ ژوورەکەی، لەپاش ماوەیەك ویستی وێنەی (یهوذای اسخربوطي) بکوژی (مسیح) بکێشێت، گەڕا بە شوێن یەکێکی سیما ناشیرین و شێواو، یەکێکی هێنا بۆ ژوورەکەی، بەڵام کابرا هاواریکرد: من بۆ هەمان مەبەست هاتوومە ئەم ژوورە، ئەو کۆڕە قۆزە منم و ئەم بیچمەیش هۆی خەفەت و قەلەقە.

115-**مەعریفەی ( یقینی ) دڵنیایی: ( موسی الکاظم ) بە ( هشام بن الحکم )ی گوت:**

**ئەی هیشام! ئەگەر گوێزێك لەدەستابوو, خەڵکیش دەیگوت گەوهەرە, تۆ چ قازانجێکدەکەیت؟**

**خۆ ئەگەر گەوهەر لەدەستابوو, خەڵك گوتیان گوێزە تۆ چ زیانێك دەکەیت کە دڵنیایت.**

116-**داهێنان و خۆتەرخانکردن ( التفرغ - الجاحظ ):**

**یۆنانیەکان بیریان لە (هۆکان – العلل) کردەوە, نە بازرگان و نە پیشەسازو کاری دەستبوون, نە کشتیارو جوتیاربوون, نە باخەوان و نە بیناسازبوون (بناء).**

**ئەوان پاشاکانیان ژیانیان بۆ دابینکردبوون و تەرخانیان کردبوون بۆ کاری هزرو فەلسەفە, ئەوان پێکڕاو پێکەوە زۆر بەتوانای بێسنوورەوە, بەعەقڵ و زەینێکی تەرخانکراو بیریانکردەوە, سەرەنجام بوون بە خاوەنی ژیریی و دانایی.**

**ئەوان کەوێنەی خودایان دەکێشا, وێنەی ئامێریشیان دەتاشی و دەکێشا, نموونەیشیان دەهێنایەوە, خۆیشیان کاریان پێدەکرد.**

**117-تاقیکردنەوەو دیاریکردنی جۆری پسپۆڕی لە بواری پزیشکیدا:**

(ثابت بن سنان) گێڕایەوە:

لەساڵی 319 کۆچیدا پەیوەندیکرد بە (المقتدر)ی خەلیفەو پێی ڕاگەیاند کە پیاوێکی ڕەشەخەڵك بەهەڵەی (کۆلکە پزیشکێك) مردووە, خەلیفەیش فەرمانی بۆ گشت کۆلکە پزیشکان دەرکرد کە نابێت, کار بکەن هەتا ئەو کاتەی باوکم -سنان بن ثابت- تاقیاندەکاتەوەو بڕوانامەیەکی دەستنووسیان پێئەدات.

پاشان هاتن بۆ لای باوکم و تاقیکردنەوە, جۆری پسپۆڕی بۆ دیاریکردن, ژمارەی ئەو پزیشکانە لە هەردوولای بەغدا گەیشتنە نزیکەی 863 پزیشك, تاقیکردنەوەکانی باوکم, ئەو پزیشکانەی نەگرتەوە کەزۆر بەناوبانگن یان پزیشکی خودی خەلیفەن.

**118-دوو ڕێگا بۆ خوێندنی زانست (ابن ابی اصیبع)دەڵێت:**

(علي بن رضوان)ی میسری لەسەردەمی (فاطمیەکان) دا ڕەدو پەرچی پزیشکەکانی ئەو ڕۆژگارەی ئەدایەوەو دەیگوت: من لای مامۆستا نەمخوێندووە, کتێبێکی لەو بارەیەوە دانا کەفێربوونی پیشەکە پێویستی بەمامۆستا نیە, (ابن بطلان)یش ئەو بۆچوونەی (علي) پەرچدایەوە لەکتێبێکی تایبەتدا, بەشێکی ئەو کتێبەی تەرخانکرد بۆ ئەو هۆیانە کەوەرگرتنی زانست بەشێوەی ڕاستەوخۆ لەزاری زانایانەوە باشترە لەکتێب -تەنانەت ئەگەر بۆچوونی هەردوولایش دەقاودەق یەکبن.

**119-ڕەخنە لە (نحو): جاحظ لەبارەی پەروەردەوە:**

... (نحـو)يش دڵـی بـۆ مانـدوو مەکـە, تـەنها ئەوەنـدە فێـر بـە کەلەهەڵەی زەق دووربیت, هێنـدە فێر بە کە لەنووسینی کتێبێکدا, یان لـەدانانی شـیعرێکدا لـە (عـوام)و نەخوێنـدەوار جیا بکرێیتـەوە, لەمـە زیـاتر سـەر قاڵـدەبێت بەشـتێکەوە کـە زۆر لـە (نحـو) گـرنگترو بەسـوودترە, ئامـادەکردنی نموونـەو هـەواڵی راسـتو دەربـڕینی وەستایانە هێندە گرنگنین.

تـەنها ئەوەنـدە پێویسـتیمان بـە (نحـو) هەیـە کـە بگەینـە ئامانجـەکانمانو هێنـدە (نحـو) قـووڵ نەکەینـەوە, ئـەو کەسـانە کـە حەزیان لەگەیشتن بە ئاواتەکانیانـەو حـەزیان لەقارسکردنی (نحـو)ە, تـەنها ئـەو کەسـانەن کـە پێویسـتیان بـەزانینی ووردەکارییـەکان نیـە, پێویستیان بە زانینی شتە ئاڵۆزو شاراوەکان نیـە کـە پەیوەستن بـە بەرژەوەندی خەڵكو شارەزابوون لەبناغەکانی ئیسلامدا, ئێمە ئەمانە جێدێڵین بۆ ئـەو کەسـانەی کەبێجگـە لـەم بـوارە مووچـەو گوزەرانیـان دەستناکەوێت.

بابەتە ئاڵۆزو تەلیسـماویەکانی (نحـو) سـوودی بـۆ هـیچ مامەڵەیـەك نیەو کەسیش بەناچاریی موحتاجی ئەو بابەتانەی –نحو– نیە.

## 120-چەند ئامۆژگارییەك بۆ زانستخوازان:

*زانست تەنها لەکتێب وەرمەگرە هەرچـەند لـەخۆت دڵنیا بیت کـە بەباشی لێی دەگـەیت, با بـۆ هـەموو زانسـتێك دوو مامۆسـتاتهەبێت, ئەگـەر مامۆسـتای پێویسـت نـەبوو, ئـەوەی دەیزانیـت لێـی وەرگـرە, هەتا ئەوکاتەی مامۆستایەکی باشترو زاناترت دەستئەکەوێت.

*کاتێك سەرقاڵی خوێندنی کتێبێکیت, نەکەیت بچیتە سەر خوێندنی کتێبێکی دی, نەکەیت سەرقاڵی خوێندنی دوو زانستبیت لەکاتێکدا, بەڵکو بۆ ساڵێك یان زیاتر سەرقاڵی خوێندنی 1 زانستبە, کە لەزانستێك تێربوویتو گەیشتیتە مەبەست, بچۆرە سەر زانستێکی دی.

نەکەی وابزانیت کە زانستێك کافیە, بەڵکو پێویستیت بەزانستێکی تر دەبێت, کە زانستێکت زانی نەکەی وابزانیت کافیە, بەڵکو پێویستە موراعاتی بکەیت بۆ ئەوەی گەشە بکاتو کەمنەکات, موراعاتیش بریتیە لە یادخستنەوەو بیرکردنەوە, بەخوێندنەوەی لەگەڵ شاگردە سەرەتاییەکانو هاوڕێکانیدا, بەدانانی کتێبو دەرس گوتنەوە.

(ابن ابي اصيبعة)

### 121-سوودەکانی زانستی مێژوو (عبداللطيف البغدادی):

پێویستە مرۆڤ مێژووەکان بخوێنێتو لەرەوشتو ئەزموونەکانی گەلان شارەزابێت, ئەوکاتە خوێنەر لەتەمەنی کورتی خۆیدا وادەزانێت کە لە رۆژگاری گەلانی پێشوودا ژیاوەو خێرو شەڕی زانیون.

### 122-تایبەتمەندیەکانی پزیشك (على بن رضوان):

1-ئەندامەکانی لەشی ساغبیو عەیبی تیا نەبێتو زیرەك بێت.

2-جلوبەرگی جوانو پاکوخاوێنبێتو بۆنی خۆشبێت.

3-نهێنی نەخۆشەکانی بپارێزێتو باسی نەخۆشیەکانیان نەکات.

4–چـاكبوونەوەی نەخۆشـــی, لـــەپارەی كـــرێ لاگرنگتربێـــت, چارەسەری هەژاران, لەچارەسەری ساماندااران لاگرنگتر بێت.

5–دەبێت سووربێت لەسەر (بەردەوامی فێربوون)و سوود گەیاندن بە خەڵك.

6–دەبێت دەسپاكو داوێنپاك بێت.

7–ژەهـری مرۆڤكـوژ نەنوسـێت بـۆ خـەڵك, هـەروەها دەرمـانی لەباربردن (الاجهاض) بۆ ژنان نەنوسێت,

8–وەك چۆن دۆستی خۆی چارەسەر دەكات, ئەوهایش دەبێت دوژمنی چارەسەر بكات.

(ابن ابي اصبيعة)

123-چەند مەسەلەیەكی سایكۆلۆجی (نهج البلاغة):

ئـەو كەسـەی لەمێشـكیدا شـتێكی حەشـارداوە, بەهەڵـەو زەللـەی زمانی, یان بەڕوخساری تێكچووی, ئەو شتە ئەدركێنێت.

124-ویستت شتێك ببەخشیت, یان شتێك بكەیت, دوو دڵ مەبەو بیكە, چونكە ترسو دڵەڕاوكێ زۆر خراپترە لەكردن یان بەخشینی ئەو شتە.

125–ئەگـەر خـۆت (حلـيم) و خۆگرنیـت, هەوڵبـدە خۆگربیـت, چونكە زۆربەی ئەو كەسانەی خۆیـان شوبهاندووە بەخـەڵكی تـرەوە, بوون بەبەشێك لەو خەڵكانە.

**126-کەمێکی بەردەوام, باشترە لە زۆرێکی وەڕس بوونو بێزاریی.**

**127-گەلانی رۆشنبیر (القفطي):**

ئەو گەلانەی گرنگیان بەزانست داوەو قووڵیان کردۆتەوە بریتین لە: هیند-فارس- کەلدانیەکان- یونانیەکان- رۆمەکان- میسریەکان- عەرەبەکانو عیبرانیەکان, باقی گەلانی دی گرنگیان بەزانست نەداوەو شتێکیان نیە, بەڵکو ئاژەڵئاسا دەخۆنو دەخۆنەوەو زاووزێدەکەن.

**128- پوختەکردنی بڕیارەکان (فی الملل والنحل):**

ئەگەر شەرعزانێکی (فەتوادەر - مجتهد) لەڕووداوێکدا فەتوایدا بە (ئا) یان (نا), پاشان لەکاتێکی تردا هەمان رووداوی لەو جۆرە پەیدابوو, شەرعزانەکە نابێت هەمان (فەتوا) بدات, چونکە لەوانەیە لەفەتوای یەکەمدا هەندێك شتی رەچاو نەکردبێتو پێی نەزانیبێت.

**129-چێژو لەزەتی هزرو دەسەلات (ابو حنیفة):**

ئایا پاشایان دەزانن کە ئێمە لە چ نازو نیعمەتێکداین؟ ئەگەر زیرەكو دانابان ئێمەیان لەسەر ئەو نازو نیعمەتە دەکوشت.

(محاضرات الراغب)

**130-یەکیەتی شکڵو ناوەڕۆك (الجاحظ):**

هەر ئاخافتنێك جۆرە وشەیەکی هەیە, دیارە خراپ بۆ خراپو ئاسان بۆ ئاسانو ناسكو رەوان بۆ ناسكو رەوان.

### 131-ڕەخنەی ئەدەبی: سەبارەت بەیەکیەتی چامەو تۆکمەیی:

(عمـر بـن ابـي ربيعـة) دژی (جميـل بثينـة) بـوو, هـەر چـامەیەکی هەڵدەبەست, ئەویش چامەیەکی لەو جۆرەی دەخستەڕوو, لەوکاتەدا وابـاوبوو لـەناو شـاعیران و ڕۆشـنبیراندا کـە: (عمـر) لەچـامەکانی (رائيەو عينية) دا شاعیرترە لە (جميـل), (جميـل) یش لـە چامەکانی (لاميه)دا لە عمر شاعیر ترە.

(زبير) لەزاری (الحرمی بن العلاء) ەوە دەڵێت:

خەڵکانێك هەن چامەی (لامی) جەمیل بە باشتر دەزانن لەچامەکانی (عمر) وەلێ من وایبۆدەچم کـە چـامەی (جميـل) هەمـەجۆرن و تۆکمـە نین لە (نجـد) ەوە دەچێت بۆ (مهـد), بـەڵام چامەکانی (عمـر ابـن ابـي ربيعــة) نــەرم و ناســکن, بەیتــەکانی تــەخت و ڕێکــن و پاڵیانــداوە بەیەکترەوە.

(في الاغاني)

### 132-ئاین و زانست:

یەکێکیان دەڵێت:

شەوێك لەشـەوان کتـێبی (التشـريح)ی (جـالینوس)م دەخوێنـدەوە, لەپڕێکــدا چــاوم بەســەرمدا زاڵ بــوو, دیــم یــەکێك ئــەم دەقــەی دەخوێندەوە:

((من نـە شـتەکانی ئاسمـان و زەویـم پیشـانداون و نـە دروسـتکردنی خۆیان ......, من گومڕاکانم نەکردووە بەپشتیوانی ئێوە))

لەوکاتەدا لەخەو ڕاپەڕیم و کتێبەکەم پارچە پارچە کرد.

### 133-بەردێك مێش راودەنێت (التنوخی فی نشوار المحاضرة):

(ابو الخطاب محمد بن علي التنوخي) بۆی گێڕامەوە کە:

(ابی فصی) بەردێکی (شەرابی رەنگی) لەشێوەی مێشدا هەبوو, چەندین جار دیومە لەدوکانی (ماستو شیر فرۆشیدا) دایناوە کەپڕبووە لەمێشو هەموویان رۆیشتوونو دوکانیان جێهێشتووە, کە بەردەکەی لابردووە, دوکانەکە پڕ بۆتەوە لەمێش.

### 134-بڕوای راستو رەفتاری دروست (هەمان سەرچاوەی پیشوو):

بیستوومە کۆمەڵێك لەبرادەرانی ئێمە دەڵێن:

یەکێك لەخێرو بەرەکەتی (معتزلة) ئەوەیە کە منداڵو گەنجەکانیان لە (جنۆکە) ناترسن, بۆیان باسکردوین کە: دزێك چووە ماڵی (معتزلی)یەك, کە هەستی پێکرد خۆی مەڵاسدا بەهیوای گرتنی, کە دزەکە هەستی کرد, خۆی فڕێدایە بیرێك, کابرای (معتزلی) بەردێکی گەورەی هەڵگرتو بەنیازی خستنی بەسەر دزەکەدا.

دزەکەیش لەترسی گیانی خۆی هاواریکرد لەکابرای (معتزلی)و گوتی:

شەو بۆ ئێمەو رۆژ بۆ ئێوە!

دزەکە بەمەیش گوایا دەیویست بڵێ: من جنۆکەم

کابرای(معتزلی) گوتی: کەواتە هەردوکمان نیوەی کرێ ئەدەین, پاشان بەردەکەی خستە بیرەکەو دزەکەیش بریندار بوو, بەڵام بەکابرای (معتزلی) گوت:

-ماڵو منداڵت چۆن لەدەست جنۆکە رزگاریان دەبێت؟

-ئەمە بۆ خۆت باسبکەو دەرچۆ لەم بیرە.
دزەکە بەناچاری دەرچوو لەبیرەکەو (معتزلی) ئازادیکرد.

## 135-کشتوکاڵ (الجاحظ):

(ابوالبهلول الهجیمی)(*) بۆی باسکردوم کە
خەڵکی ئەوێ لەساڵێکدا دووجار کشتوکاڵی چەمو دۆڵەکان دروێنە دەکەن

(البرصان)

## 136-ئەزموونیکی بەهێز:

لە ئێران کۆمەڵێك, پیشەی پزیشکیان ئینکار دەکردو ئەیانگوت: تەنها خودا پزیشکە, سەرۆکی ئەم کۆمەڵە, کتێبێکی داناوە سەبارەت بەمباسەو بەڵگەی هێناوە کە گوایا زانستی پزیشکی هیچ بایەخێکی نیە.
جارێك ئەم سەرۆکە (سەرئێشە) بێزاریکردو ناردی بەشوێن (ابن الخمار)ی پزیشکدا بۆدەرمانو چارەسەر, پزیشك گوتی: پیویستە کتێبەکەی خۆی دانێن لەژێر سەریدا با خودا ئافاقەکەی بۆ بنێرێتو پزیشکیش نەچو بۆلای نەخۆشەکە!...

(ابن ابي اصیبعة)

## 137-زانستو ساماندااران (عبداللطیف البغدادي):

(*) لەباسی (مسرد الاعلام) دا لاپەڕە/ 417 نوسراوە (ابو البهول الهجیجی), من (الهجیجی) بەڕاستدەزانم, چونکە (ناوچەی هەجیج/ لەناوچەی هەورامانی تەختەو ناوچەکەیان پڕە لەباخو بێستان(وەرگێڕ)).

کەمجار ساماندااران قووڵدەبنەوە لەزانستدا, مەگەر شەریفێکی زۆر بەغیرەت, یان لەپاش خوێندن دەوڵەمەندبووبێت.

### 138-سوکایەتیو قسەی قۆڕی (منطق)یانە:

(اسحق بن سلیمان الاسرائیلی) پزیشکی فاتمیەکان بوو لە مەغریب, یەکێك چووەلایو بەمجۆرە قسەی لەگەڵ کرد:

–راستە تۆ دەڵێیت: شیرینی دەرئەکەوێت؟

–بەڵێ

–راستە تۆ دەڵێیت سوێریی دەرئەکەوێت؟

–بەڵێ

–شیرینی سوێریەو سوێریش شیرینییە

–(اسحق)یش لێی پرسی:

–تۆ زیندوویت؟

–بەڵێ

–سەگیش زیندووە؟

–بەڵێ

اسحق: کەواتە تۆ سەگیتو سەگیش تۆیە!

### 139-چارەسەر بە مۆسیقا (اخبار الحکماء للقفطي):

لەو چیرۆکە سەیرانەی کە لە (یعقوب بن اسحق الکندی) دەگێڕنەوە: کوڕی دراوسێیەکی بازرگانی, نەخۆش (سکتة)ی تووشبوو, لەپاش پشکنینو لێکۆڵینەوە لەحاڵی کوڕەکە, فەرمانیدا کە چەند قوتابیەکی خۆی لەزانستی مۆسیقا ئامادەبن, بەتایبەتی

ئەوانــەی کــەزۆر شــارەزان لەژەنــدنی (عــود)و ئــاوازی خۆشــی و خەفەتباردا, ئەو ئاوازانەی کە دڵ و دەروون بەهێز دەکەن.

4 کـەس لەشـاگردەکانی کنـدی ئامـادەبوون, فـەرمانی پێـدان کـە لـەلای سـەری دەسـتبکەن بـە ژەنـدنی مۆسـیقا لەسـەر ئـەو ئاوازانـەی کـەخۆی بـۆی دیـاریکردن, خـۆی سەرپـەرشـتی جووڵـەی پەنجـەکانی دەکردن.

ئــەوان بــەردەوامبوون لەســەر ژەنــدن و (کنــدی)یش مەچــەکی کوڕەکـەی بەدەسـتەوە بـوو... هەسـتی دەکـرد کـە هەناسـەی درێـژتر دەبێت و لێدانی دڵی تـۆزە تـۆزە بەهێزتر دەبێت, پاشـان نەخۆشـەکە دانیشــت و دەســتیکرد بەقســەکردن, ژەنیــارانیش لــەکاری خۆیانــدا بەردەوامبوون و ماندوو نەدەبوون.

(کندی) بەباوکی کوڕەکەی گوت: لەکوڕەکەت بپرسە کە ئارەزووی چــیدەکات بیزانێــت؟ باوکیشــی پرســیاری لەکوڕەکــەی دەکــردو چیدەگوت بەووردیی دەینووسـی, کوڕەکـەیش بۆ بـاوکی ئـەدوا, لـەو کاتــەدا قوتابیــە ژەنیارەکــان لەژەنــدنی ئــەو ئــاوازە خاوبوونــەوەو وەسـتان, کـوڕە نەخۆشـەکەیش گەڕایـەوە بـۆ حـاڵی خـۆی و جـاران و بێهۆش کەوت و وەك جارانی لێهاتەوە.

باوکی داوای لێکردن کە ژەنـدن ئەنجامبـدەن, (کەنـدی)یش گـوتی: بەداخەوە ئەوە شەوق و شـەیداییەکی ژیـان بـوو لەجەسـتەیدا مـابوو, ممکن نیە ئەوەی روویدا بگەڕێتەوەو ماوەیەکی تەمـەن زیـاتر بکرێت کە کۆتایی هاتووە.

## 140- پێوەرەکانی رەخنە لەهەواڵەکان (الکافیجی):

أ–كەسەكە خۆی ئامادە بێت لەلای مێژوونووس, ئەمە باشترین جۆریانە.

ب–بەیەقینی و سەد لەسەد بیزانێت.

ج–گومانەكەی بەهێزە یان لاوازە؟

د– هەردوو لایەنەكە ناكۆكن و بەڵگەیش نییە كە بكرێت بە (پارسەنگ)و بەلایەكدا ساغ ببێتەوە, لەم حاڵەتەدا پێویستە ئاماژە بكرێت بۆ ئەوەی كە ئەو كێشەیە جێگەی ناكۆكی و ئیختلافەو دەبێت لایەنەكانی تر وەرنەگیرێن.

141- **پێوەری حەقیقەت ( دەڵێن فەرموودەی پێغەمبەرە ):**

كەی بیستن وەك بینینە

142-**بۆ ( ابن تيمية ) ( ابن مطهر الحلي ):**

ئەگەر ئەوەی جیهان دەیزانێت

تۆیش بتزانیبا, بە دڵنیاییەوە دەبوویتە برادەری جیهان, بەڵام نەتزانی و گوتت: گشت ئەوانەی لەگەڵ تۆ ناكۆكن و بەدڵی تۆ هەڵسوكەوتناكەن, زانا نین.

143- **پێوەری زانست ( دەڵێن فەرموودەی پێغەمبەرە ):**

مرۆڤ هەتا ئەوكاتەی سۆراخی زانستدەكات زانایە, كە گومانیبرد زانایە, ئەوە جاهیلە.

144-**رەخنە لە ( نحو ) ( ابو حنيفة ):**

*ئەوەی قووڵدەبێتەوە لە (نحو) دا زۆر پێوەی خەریکدەبێت, وەك ئەو کەسەیە کە (داری بێبەر) زۆر دەڕوێنێت.

*یەکێکی تر:

(نحـو) وەك خوێیـە بـۆ خـواردن, کـە لـە خواردنـدا زۆربـوو, خراپدەبێت.

145-ئاینو فەلسەفە:

یەکێك راوێژی بە (شەرعزانێك – فقیە) کرد سەبارەت بە زانستی (کلام – فەلسەفەی ئێستا)

ئەویش گوتی: مەیخوێنە, چونکە لانیکەم (دۆستایەتی خودا)ت لەکیسدەچێت, ئەویش گوتی:چۆن؟

شەرعزان: چونکە هەمیشە دەڵێیت: ئەگەر خودا ئەوەی کردبا, جاهل دەبوو, ئەگەر ئەوەی کردبا, بێدەسەڵات دەبوو....

146-زانستی رەچڵەكو بنەچەزانی (النسب):

هەندێك پرسیان لەبارەی (علم النسب)ەوە یەکێکیش گوتی:

نە (زانینی) سوودی هەیە, نە (نەزانینی) زیانی هەیە.

147-مەرجی زاناو مەرجی ئەدیب- گوتوویانە:

ئەگەر ویستت زانابیت, لەیەك زانستدا پسپۆڕ بە, ئەگەر ویستت ئەدیب بیت, لەهەموو هونەرێك شتێك وەربگرە.

148-**چەند راستیەکی زمانەوانی (الکلبی):**

گەلان بەدوو جۆر دەنوسن, یەکێکیان لە چەپەوە بۆ راست وەك (یونان – رومیە– لاتینی), یەکێکیان لەڕاستەوە بۆ چەپ وەك عەرەبی و عیبری.

ئەوانەی لەچەپەوە دەستپێدەکەن لەیەکجیان, لەچینیش نوسین وێنەیە.

149-**فێڵێك لەفێڵەکانی زانایان (الاحاطة لابن الخطیب):**

پزیشکی غەرناتی (محمد بن میمون الخزرجي) حەشارگەیەکی لەباخێکدا هەبوو شەرابی تیا دەشاردەوە, هەندێك دز پێی فێربوون, ئەویش کووپەیەك مەی لەو نزیکانە شاردەوەو تۆزێك دەرمانی سکچوونی تێکرد, خۆیشی لەناو خەڵکدا بڵاویکردەوە کە دزان شەرابە نایابە کۆنەکەیان نەدۆزیوەتەوەو هەرماوە لەشوێنێکی (لەو جۆرەو لەو جۆرە)دا.

دزەکان بردبویانو تووشی رەوانی بوون کە زۆر سەخت بوو, بۆ چارەسەر چوونەلای هەمان پزیشك, پێی گوتن: بایی ئەوەی کە لەو شەرابە خواردووتانە بیگێڕنەوە, پاشان چاکتان دەکەمەوە.

ئەوانیش (چەندین هێندە)ی شەرابەکەیان بۆ کۆکردەوە, ئەویش دەرمانی پێدان.

150-(**فێربوون) کۆتایی بۆ نیە (یەکێکیان):**

مرۆڤ هەتا لەژیاندایە، دەبێت فێرخوازبێت، ئەگەر یەکێك گوتی: بەسمە، ئەوە جاهلترین کەسە بەکاروباری دونیا.

### 151-مەسەلەیەکی رەچەڵەکی (وراثي):

سەحابەیەکی پێغەمبەر کوڕێکی رەشپێستیان بوو، ئەویش لەم رەشیە سڵی کردو چووەلای پێغەمبەرو شکاتی کرد، ئەویش پێیگوت: حوشترت هەیەو رەنگیان چۆنە؟ ئەویش گوتی سوورو رەش‌و.... پێغەمبەر پرسی: ئەم رەنگانە لەکوێوە هاتوون؟ ئەویش گوتی: دەمارەو پێمان گەیشتووە، پێغەمبەریش گوتی ئەمیش دەمارە. پاشان سەحابەکە دەڵێت پرسیم: لەژنە بەتەمەنەکانی (بنی عجل – خێڵی ژنەکەی خۆی)و گوتیان: نەنکی ژنەکە رەش بووە.

### 152-مەرجەکانی خوێندن:

بەشەرعزان‌و ئەدیب (عامر الشعبی)یان گوت: ئەو هەموو زانستەت لەکوێهێناوە؟

ئەویش گوتی:

(خەمخواردن)، گەڕان بەوڵاتدا، ئارامی‌و خۆگری کەر، بەزوو هەستانی قەلە رەشکە.

### 153-لەنێوان شێوەکارێك‌و شاعیرێکدا (الاغانی):

لەبەسرە شێوەکارێك بوو بەناوی (حمدان الخراط)، (بشار بن برد) داوای لێکرد وێنەی باڵندەیەك لەسەر شووشە بکێشێت لەکاتی فڕیندا، ئەویش وێنەی بۆ کێشا.

(بشار) گوتی لەم شووشەیەدا چی هەیە؟

ئەویش گوتی: وێنەی باڵندەن و دەفڕن.

(بشار)یش گوتی: دەبوو وێنەی باڵندەیەکی شەڕانی بکێشیت بەجۆرێك کە دەیەوێت بیانکات بەنێچیری خۆی و بەمجۆرە بایە جوانتر بوو!

شێوەکارەکە گوتی: نەمزانیوە.

(بشار) گوتی: نەخێر بۆیە نەتکردووە, زانیوتە من کوێرم و نایبینم, پاشان (بشار) هەڕەشەی زەمیکرد.

(حمدان) پێیگوت: مەیکە پەشیماندەبیتەوە.

(بشار) گوتی: هەڕەشەیشم لێدەکەیت؟

(حمدان) گوتی: بەڵێ

(بشار) گوتی: ئەگەر زەمت بکەم چیم پێدەکەیت؟

(حمدان) گوتی: وێنەت لەسەر دەرگای ماڵی خۆم دەکێشم و مەیموونێك بەشوێنتەوە کەسوارتبووە, با ئەوانەی تێدەپەڕن ئەم دیمەنە ببینن.

(بشار) ترساو گوتی: خودایە بێحورمەتی بکە, من گاڵتەی لەگەڵ دەکەم و ئەویش تەنها قسەی جیدی وەردەگرێت.

154-**هەڵپەو شەیدای زانست: دەڵێن ( علي بن ابي طالب )گوتوویە :**

دوو گرۆ چڵێسن و تێر نابن: زانستخوازان و دونیا خوازان.

لەروونکردنەوەی ئەم گوتەیەدا (ابن ابی الحدید) دەڵێت:

(ابو عثمان الجاحظ) كە مرد, كتێبێك لەسەر سنگی بوو, شێخی ئێمە (ابو علي الجبائي) یەكێك لە شێخەكانی (معتزلە)ە, لەكاتی گیانسپاردندا دەرسی زانستی (كلام)ی بەكوڕەكەی دەگوت.

لەم ڕۆژگارەی خۆماندا خەڵك دەناسم كە 5 ساڵ نەخەوتووە مەگەر لەكاتی شەفەقدا نەبێت – بەهاوین و بەزستان سەرقاڵی دانانی كتێبێك بوو, لەكاتی خەویشدا دەیكرد بە بالیف (سەرین).

### 155-لەداب و نەریتی خوێندن (جامع بیان العلم لابن عبدالبر):

(میمون بن مهران) گوتی:

لەگەڵ زانادا موجادەلەی وشك و گوماندارو بەمەبەستی شكاندن مەكە, چونكە ئەویش لەزانستەكەی خۆی, بەشت نادات.

### 156-لەمافەكانی مامۆستا (لەگوتەكانی علی بن ابي طالب):

هەندێك لەمافەكانی مامۆستا:

*زۆر پرسیاری لێنەكەیت و لەوەلامەكانیشدا پەرچی نەدەیتەوە.

*لەكاتی حەوانەوەدا زۆری لێنەكەیت (الحاح).

*كە هەستا, كراس و بەرگی ڕانەكێشیت.

*نهێنیەكانی ئاشكرا نەكەیت.

*لەلای مامۆستا, زەم و غەیبەتی كەس مەكە.

*حەز مەكەو مەخوازە كە نووچ بدات و هەڵنگوێت.

*ئەگەر هەڵەی كرد بیبوورە.

*دەبێت ڕێزی لێبگریت و بەرز ڕایگریت.

*لەبەردەمیا دامەنیشە.
*ئەگەر پێویستی بوو, پێش هەموو کەس بچۆرە خزمەتی.

157- **پسپۆڕی ( هەمان سەرچاوە ):**
گوتراوە: گەر دەخوازیت زانابیت, زانستێك وەربگرە, گەر دەخوازیت ئەدیب بیت, باشترین شت لەهەموو شتێك وەربگرە.
(ابو عبیدالقاسم بن سلام) دەڵێت:
هەموو ئەو پیاوانەم بەزاندووە کە, لەچەند زانستێکدا موجادەلەیان لەگەڵ کردووم, بەڵام هەموو ئەو کەسانەی لەزانستێکدا زاناو شارەزابوون, بەسەر مندا زاڵبوون و منیان بەزاندووە.

158- **لەتایبەتمەندیەکانی زانا ( هەمان سەرچاوە ):**
هیچ کەس نابێت بە زانا, هەتا ئەم 3 سیفەتەی تیا نەبێت:
*بەسوکایەتی نەڕوانێتە خوار خۆی لەزانستدا.
*حەسوودی بە سەرووی خۆی نەبات.
*بەزانست و بەهرەی خۆی پارە پەیدا نەکات.

159- **بێفیزیی زانایان ( هەمان سەرچاوە ):**
هەندێکیان گوتوویانە:
من دەزانم گشت ئەوانەی کە لەزانستدا لەمنەوە نزیکبوون, لەوان زاناتر نیم.

## 160-هاوسەنگیەك لەنێوان فێربوون و فێركردندا:

(یزید بن ابی حبیب – تابعین) دەڵێت:

یەكێك لە فیتنەی جیهان ئەو كەسانەن كە قسەكردنیان لەگوێگرتن پێباشترە.

(هەمان سەرچاوە)

## 161-دەنگوباسی زانایان (هەمان سەرچاوە):

(یزید بن ابی حبیب) دەڵێت: هەندێك لەزانایان خۆیان لە هەموو كەس بەپێشتر دەزانن بۆ دووان و قسەكردن, هەندێكیان هیچ بایەخێك بۆ هەژاران دانانێن, هەندێكیان زانستیان لەلای خۆیان كەڵەكەو بەند كردووە, وادەزانن كە ئەگەر خەڵك فێر بكەن چاكەو پیاوەتیە.

هەندێكیان حەز دەكەن زانست تەنها لەلای ئەوان دەستكەوێت, هەندێكیان وەك سوڵتان خۆیان دەبینن كە گوتەیەكیان پەرچ بدرێتەوە غەزەبدەگرن.

## 162-بناغەكانی فێركردن:

*لەمزگەوتداو لەكاتی فێركردندا (التعلیم), دەنگبەرزی جوان نیە.

*بەنیازی باشتر فێربوون, دووبارەكردنەوەی دەرس كارێكی جوانە.

*هۆی برگەی یەكەم ئەوەیە كە, لەمزگەوتدا كۆمەڵ كۆمەڵ (حلقات) دەرس دەخوێنن و هەر كۆمەڵێك مامۆستایەك دەرسیان پێدەڵێت و دەنگی بەرز لێیان دەشێوێنێت.

**163-سەفەر لە پێناوی وەرگرتنی زانستدا ( جامع بيان العلم ):**

(عامر الشعبی) دەڵێت: پیاوێك لەوپەڕی (شام)ەوە بەنیازی فێربوونی وشەیەکی دانایی، بڕوات بۆ ئەوپەڕی (یمن) ئەجرو پاداشتی بەخەسار ناڕوات.

**164-کارکردن بەخێرایی یان بەلێزانین:**

**دەڵێن ( علی ) گوتوویە :**

**هەوڵمەدە لەکاردا خێرا بیت، بەڵکو کارەکەت باش و پوختبێت، چونکە خەڵك لێت ناپرسن چەندت پێچووە، بەڵکو باشی کاریاندەوێت.**

**165-رەوشتەکانی زانایەك:**

(یاقوت) باسی (موهوب الجواليقی) دەکات کە یەکێك بووە لەزاناکانی بەغدا:

**ماوەیەکی درێژ بێدەنگ بوو، بەبێ شێکردن و دڵنیایی هیچی نەدەگوت، بەزۆرییش رستەی (نازانم)ی لەسەر زبان بوو.**

(معجم الادباء)

**166-نەخوێندەواری نەخۆشیەکی سەخت و درێژخایەنە :**

**نەخوێندەواری نەخۆشیەکی شاراوەیە**

(شرح نهج البلاغة)

167-**داهێنان یان شوێنکەوتن و چاولێکەریی:**

یەکێك لەشەرعزانەکان بە (معاویە)ی گوت:

-یا شیخ شوێنکەوە نەك شت دابهێنە.

ئەویش پەرچیدایەوەو گوتی:

-نەخێر! شتدا بهێنەو چاولێکەر مەبە.

(معجم البلدان)

168-**هەڵبەست و زانست:**

(ابو اسحق الحوفی) دەڵێت:

زانستەکان سیانن:

*زانستێکی دونیایی.

*زانستێکی (دونیایی - قیامەتی).

*زانستێك نەبۆ دونیا باشە نە بۆ قیامەت.

ئەو زانستەی بۆ دونیایە وەك: زانستی پزیشکی، ئەستێرەگەری و....

ئەو زانستەی بۆ دونیاو قیامەتە: زانستەکانی قورئان و حەدیس و شەرع و....

ئەو زانستەی نەبۆ دونیایەو نەبۆ قیامەتە شیعرو کارکردنە لەم بوارەدا.

169-**پسپۆڕی (فی معجم البلدان):**

گوتیان: جیاوازی نێوان ئەدیب و زانا ئەمەیە:
ئەدیب لەهەموو شتێك باشترین وەردەگرێت و دایئەڕێژێت.

بەڵام زانا رووردەکاتە زانستێك بەباشی و عاقڵانە تێی دەگات.
جارێك (سفیان – لەوانەیە کە سفیان الثوري – بێت)
گوتی: بیستوومە کە (خلیل احمد الفراهیدی) گوتوویە:
ئەگەر عیلم بۆ خۆت فێر دەبیت, لەهەموو شتێك شتێ وەربگرە, ئەگەر دەتەوێت لەزانستا پێشەوابیت, تەنها یەك رێگە بگرە.

170-**چڵێسی لەخواردن و لەفێربووندا ( معجم الادباء عن احدهم ):**
چڵێسی لەخواردندا سووکیە بەڵام لەئەدەبدا پیاوچاکی و (مروءة)ە.

171-**بۆ زانینی هەڵەی مامۆستا ( ایوب السختیانی/ تابعین ):**
ئەگەر ویستت لەهەڵەی مامۆستاکەت ئاگاداربیت, بڕۆ لەگەڵ خەڵکی تردا دانیشە.

(تأریخ ابو زرعة الدمشقي)

172-**ئەوەی لە ( نحو ) و ئەدەبدا دەخوێندرێن:**
ئەوەی دڵت حەزی لێدەکات و گوێت ئارەزووی دەکات لەئەدەبدا وەریبگرە.
لە (نحو)یش هێندە وەربگرە کە هەڵەی پێڕاستبکەیتەوە, ئیدی بابەتە ئاڵۆزەکانی وەلانێ.

(معجم الادباء)

### 173-ئەزموونێك لەدزانەوە:

(غزالی) باسی سەفەری خۆیدەكات لە (طوس)ەوە بۆ (جرجان)، كە بەنیاز بوو سەردانی مامۆستایەك بكات لەوێو راوبۆچوونی ئەو مامۆستایە وەربگرێت. لەڕێگە جەردە تووشیان دەبێتو ئەوەی پێیان بووە لێیان سەندن، غەزالی دەڵێت:

منیش شوێنی دزەكان كەوتم، بەڵام سەركردەكەیان گوتی: شوێنمان مەكەوە دەنا دەتكوژین.

منیش پێمگوت: توو ئەو كەسەی كەداوای سەلامەتی لێدەكەیت، تەنها ئەو كۆڵەم بدرەوە.

دزە گوتی: كۆڵەكەت چیە؟

منیش گوتم: كتێبێكە شەونخونیم بۆ كردووە، لەپێناوی بیستنو نووسینو زانستدا ئاوارە بووم....

كابرای دزە پێكەنیو گوتی: تۆ چۆن لاف ئەوە لێئەدەیت (ادعاء) كەئەو كتێبە دەزانیت لەكاتێكدا كە دزراو نەما، رووتدەبیتو نایزانیت؟

پاشان سەرۆكی دزان فەرمانیدا كتێبەكەیان بۆ گێڕامەوە، ئەمە تاقیكردنەوەی خودابوو ئامۆژگاری كردم، كە گەیشتمەوە (طوس) خۆم ماندوو كردو بەسێ ساڵ هەموو كتێبەكەم لەبەركرد، ئیدی ئەگەر دزان رێگەم پێبگرن، زانستم لێنادزن.

### 174-زانایانو شەهیدان (فەرموودەی پیغەمبەرە):

قەڵەمی زانایان و خوێنی شەهیدان لەرۆژی قیامەتدا هاوسەنگن.

**175-تایبەتمەندی مرۆڤ (غزالی/ احیاء علوم الدین):**

تایبەتمەندی مرۆڤ، زانستە، مرۆڤ بەزانست مرۆڤە نەك بە (هێز)ی، چونکە حوشتر لەو بەهێزترە، نەك بەگەورەیی قەبارەی، خۆ فیل زۆر لەو گەورەترە، نەك بەئازایەتی، خۆ شێر لەو ئازاترە، نەك بەخواردنی، خۆ گا سکی قەبەترە، نەك بەتوانای سێکسی، خۆ بچوکترین چۆلەکە لە (پەڕین)دا لەو بەهێزترە، کەواتە مرۆڤ تەنها بۆ زانست خوڵقاوەو بەس!

(متبنی) شاعیریش دەڵێت:

ئەگەر بەعەقڵ نەبوایە، بچوکترین شێر
نزیکتر بوو لەشەرف نەك مرۆڤ

**176-بەهای زانست (سالم بن ابی الجعد):**

گەورەکەم بە 300 درهەم منی کڕی و ئازادیکردم، گوتم: چ پیشەیەك هەڵبژێرم؟ پاشان عیلمم هەڵبژارد.

ساڵێك تێنەپەڕی بوو، میری شار ویستی سەردانم بکات و منیش ڕێگەم پێنەدا.

(احیاء علوم الدین/ غزالي)

**177- پرسیارکردن:**

*گوتراوە: زانست گەنجینەیەو پرسیارکردن کلیلیەتی.

*شاعیرێك گوتوویە:

شیفاو ئافاقەی نابینا, پرسیارە, دەنا نابینایی, واتە قایلبوونە بەجەهلو نەفامیی لەماوەیەکی دوورودرێژدا.

*گوتراوە: پێویستە نەخوێندەوارو نەفام, لەنەفامی خۆیان بێدەنگ نەبن, هەروەها نابێت زانا لەعیلمەکەی بێدەنگ بێتو بیشارێتەوە.

*(سفیان الثوري) سەردانی (عقلان)ی کردو ماوەیەك لەلای مایەوە, لەو ماوەیەدا کەس پرسیاری لێنەدەکرد, سوفیان گوتی: ولاخێکم بۆ بگرن بەکریو با لێرە بڕۆم, ئەم ولاتە زانستی تیا دەمرێت.

*دەیانگوت: پرسیاری باش نیوەی زانستە

## 178-زانست لەچیندا (فەرموودەی پێغەمبەر):

سۆراخو خوازیاری زانستبن, باوەکو لەچین دەستانکەوێت

*ئەم حەدیسە (سیوطي) لەکتێبی (اللئالی المصنوعة)دا باسیکردووە, ئەو گومانو بۆچوونانە بەدوور زانرا لەبارەی ئەم حەدیسەوە, بەلام هەر پێویستی بە بەلگەی تۆکمە هەیە.

## 179-هەندێك لەو هۆکارانەی کەقوتابی پێتاقیدەکرێتەوە:

دەبێت مامۆستا قوتابی بترسێنێت لەسەر رەوشتخراپی بەلام بەپێی توانا بەشێوەی ناڕاستەوخۆ بێت نەك بە ئاشکراو (سەراحەت), بەشێوەی عەتفو سەرزەنشت. ئەگەر بەو جۆرە نەبێت

سامو هەیبەتی مامۆستا نامێنێتو قوتابیان سامیان دەشکێتو سووربوون لەسەر (سەرپێچی) دەوروژوێت.

180-**خیانەتی زانایان** (**احیاء علوم الدین - غزالی**):

زانایان دەچنەلای سوڵتانەکانو خۆیان لەدڵو دەروونیان نزیکدەکەنەوە, هەرئەوان رێگای خراپیان بۆ ئەدۆزنەوە, ووردەکاری فێڵو ساختەیان بۆ دائەرێژن بەو نیازەی مەبەستەکانی سوڵتانەکان بەئەنجام بگەن, ئەو کارانە جواندەکەن کە 100٪ حەرام نیە بەڵام جوانیش نیە. ئەگەر جارێك لەجاران ئامۆژگاریو (وەعز)بکەن, بەمەبەستی ریفۆرمو باشە نیە, بەڵکو بۆ پەیداکردنی پلەو پایەو خۆبردنە پێشە لەسوڵتانەکان.

181-**کەماڵی مرۆڤایەتی** (**فەیلەسووفە موسوڵمانەکان**):

مرۆڤ ناگاتە پلەی مرۆڤایەتی بەمردن نەبێت, چونکە تەنها مرۆڤ زیندەوەرێکی قسەکەرە ناتقە و دەمرێت.

(شرح نهج البلاغة)

182-**مشتومڕێکی مەنتیقیانە**:

(ابو الحسین)ی شیعە لەگەڵ (اشعری)یەکدا موجادەلەی دەکرد, لەکاتی قسەدا زللەیەکی دا لەکابرای (اشعری).

(ئەشعەری) گوتی: بۆ وادەکەیت؟

شیعەکەیش گوتی: ئەوە کاری خودایە, بۆ لەمن تووڕە دەبیت؟ (اشعری) یەکە گوتی: کەس شتی وەهای نەکردووە, ئەمە بێ ئەدەبیەو پەیوەندی بە موجادەلەوە نیە.

شیعەکە گوتی: دیارە لەمەزهەبەکەت پەشیمانیت دەبگرە ئەوە سزای پەشیمانیتە.

(اشعری)یەکان دەڵێن کرداری مرۆڤ ئافەریدو خەلقی خودایەو هیچ بەئیرادەی مرۆڤ نیە, یەکێك لەگرۆی (مجبرة) مشتوڕمی کردو دەستی بزواندو بەشیعەکەی گوت: کێ جوڵاندی, (ناشئ)یش گوتی: (دایك زیناکردوو) جوڵاندی, کابرای (مجبرة)یش زۆر تووڕە بوو.

(ناشئ)ی شیعەیش پێیگوت: تۆ لەباوەڕەکەت پەشیمانیت دەنا بۆ تووڕە دەبیت؟

*(مجبرەکان) دەڵێن مرۆڤ جڵەوی کاری بەدەستخۆی نییەو ئازاد نیە لەهەڵسوکەوتیدا.

### 183-خۆپەرستیەکی زمانەوانی (معجم الادباء):

بە (کسائی) یان گوت: بۆ زانستت خستۆتە پێشچاوی خەڵك (واتە سووکت کردووە – وەرگێڕ)؟ ئەویش گوتی: خودایش بەفەرامۆشکردن یارمەتیان ئەدات.

### 184-هاندان بۆ فێربوون –دەڵێن (علی) گوتوویە:

*زانست هیواو خولیای ئیمانداره, فێر بن‌و زانست وەرگرن باوەکو لەبتپەرستانیش بێت, لەهەرکەسێك ئامۆژگاری‌و داناییەکتان بیست, بەبێ سڵکردنەوە وەریبگرن.

*زانست هیواو خولیای ئیمانداره, ئەگەر لەدەستی پۆلیسیشدا بیت با فێر ببن.

(جامع بیان العلم)

185-**قۆناغەکانی فێرکردن (الفضل بن عیاض):**

یەکەم قۆناغی زانست: گوێهەڵخستن‌و بەدزیەوە گوێگرتنە (الانصات), پاشان بەجیدیی گوێگرتنە, پاشان لەبەرکردنە, پاشان کارکردنە, پاشان پەخشکردنەو گەیاندنە بەخەڵك.

*مەبەست لە (کارکردن), (تطبیق)ی ئەوەیە کە فێری بووە بەسەر خۆیدا.

186-**زانست‌و کردار (یەکێکیان گوتوویە):**

شاردنەوەی عیلم فەوتان‌و بەربادیە, شاردنەوەی کردار رزگاربوونە.

*مەبەست لەشاردنەوەی کردار: شاردنەوەی کرداری باشە گوایە ئەمە ریاو شانازیکردنە ئەگەر نەیشاریتەوە.

(جامع بیان العلم)

187-**زانایان‌و زوڵم‌و توغیان - دەڵێن (علی) گوتوویە:**

زانست فێربن و خۆتان لەگەڵ زانستیشدا, بەویقارو هێمن و لەسەرخۆبن, خۆگرو ئارامبن, بۆ ئەوانەی فێریان کردن و بۆ ئەوانەیش فێریان دەکەن بێ فیزو تەکەبوربن, نەکەن ببن بەزانا جەبارو (خۆ بەزلزانەکان).

188-**لەکارە سووك و ریسواکانی زمانەوانەکان (في معجم الادباء):**

(کسائی) ویستی لە (سیبویە) رزگاری ببێت چونکە پلەیەکی بەرزی هەبوو, کۆمەڵێك عەرەبی دەشتەکی بەکرێگرت و چەند وەڵامێکی عەرەبی لەبارەی چەند کێشەیەکی زمانەوانی پێلەبەرکردن.

پاشان داوای لە (سیبویە) کرد کە بەئامادەبوونی (هارون الرشید) حازر بێت بۆ ململان و موجادەلە.

لەو کۆڕەدا هەردوکیان ئامادەبوون, (کسائی) لە (سیبویە)ی پرسی: ئەی بەسراوی ئەم رستە چۆن مانا دەکەیت: (خرجت فاذا زید قائم!) ئەویش گوتی: (خرجت واذا زید قائم).

کسائی گوتی: ئایا دەکرێت بڵێیت: (خرجت فاذا زید قائما)؟

سیبویە گوتی: نەخێر

کسائی گوتی: چۆن دەڵێت (کنت اظن العقرب اشد لسعة من الزنبور فاذا هوهی أو فاذا هوایاها؟)

سیبویە گوتی: (فاذا هوهي) ولا یجوز النصب,

کسائی گوتی: وانیەو خۆت رێکیدەخەیت.

لەوکاتەدا (یحی البرمکی) ئامادەبوو پرسی لە(کسائی) کە بەڵگەت چیە؟

کسائی گوتی: ئەوە چەند عەرەبێکن لەبەردەرگا بانگیان بکەو لێیان بپرسە کاممان راستین, کە عەرەبەکان هاتنە ژوورەوە پشتگیریی (کسائی)یان کرد.
(یحی البرمکی) چووەلای (سیبویە)و پێیگوت: ئەی پیاو خۆبیستت؟
(سیبویە) هەڵساو کۆڕەکەی جێهێشت, بەڵام (یحی البرمکی) 10 هەزار درهەمی پێبەخشی و ئەویش گەڕایەوە بۆناوچەی (فارس)و لەویٚ مایەوە هەتا لەتەمەنی 40 ساڵیدا مرد.

*ئەم چیرۆکە لێی بەگومانن, بەڵام بەسەرهاتەکانی (الكسائی) ئاماژە بەوە دەکەن کە (کسائی) رەوشتی نزم و هەلپەرستو ئینتیهازی بووە, ئەم جۆرە ساختەکاریانە بۆ ئەو بەدوور نازانین.
لەهەمان کاتیشدا چ (کسائی)و چ (سیبویە) بە بنەچە فارسن, کتێبەکەی (سیبویە)ی بەنهێنی و بە 50 دینار فرۆشت بە (اخفش).

189-**کۆن و تازە (الحسن بن علی المصری):**

شیعر: ئیدی هێندە بەکۆندا هەڵمەدە,
لەم رۆژگارەدا چەندین کۆشك و تەلار نەمان و پێچیان کردەوە.
ئەمڕۆ کۆشکی (کیسری) بەڕووخاویش
بەسەری تۆ! لەکۆشکی ئاوەدان باشترە

190- **پاکیی (خلیل) معجم الادباء:**

(سليمان بن علی) والی (اهواز) بوو, نامەيەكی نارد بۆ (خليل احمد) كە تەمێی (تأديب) كوڕەكەی بكات, (خليل)يش بۆ نوێنەری (والی) پارچەيەك نانی وشكی دەرهێناو گوتی هەتا ئەمە ببێت من پێويستيم بەوالی نيە.

### 191-رەخنە لە شەرعزانەكان (الفقهاء/ الوهرانی):

من دەزانم (شەرع – فقه) لەزەمانی ئەودا بريتی بوو لەدووڕوويی و هاوارو قيژەو تفكردن لە دەموچاوی نەياران و دوژمنان.

### 192-(كەساد)و بێبازاڕی شيعر (الوهرانی لەباسی شاعيرێكدا):

لەگەڵ كۆمەڵێك لەبرادەران و دۆستاندا كۆڕێكيان دروستكرد, لەبارەی شيعرەوە پرسی, ئەويش گوتی كە (شيعر شكاوەو بازاڕی نيەو گەندەڵييە)و گوتی: بەهەموو قسەيەكی (سەرواو رێك– مسجع) نەتێر دەبيت و نە قەڵەو, ئەوەيش كە مەدح دەكرێت وەك (الباسط ذراعيه بالوصيد) ئاماژەيە بۆ سەگی (اهل الكهف) كە لەقورئاندا باسی دەكات, ئەوانەی لەلای ميرەكانن لەبيچمی شاعيران خوێڕيترن.

(المنامات)

### 193-رەخنە لە قسەسازیو خۆ بردنە پێش (التحذلق):

فلاجل هذا الحديث عقب عليه الخادم –يقصد نفسه– في قوله في الرقعة: تحرك الحار الغريزي, ولم يقل الحرارة الغريزية وساءة ظهور ذلك عنه لما فيه من التشادق والغشرو والهويل والاشعار بانه عارف والخادم يعلم انه ماكان يحتاج الى تأكيد واظنه ادام الله غره خاف ان

يقول الحرارة الغريزية فيشعر كلامه كلام العامة والسوقة و كوادن الاطباء وجهال الطبيعيين, فتخطي هذه الطبقة الى رتبة الفارابي وابن سينا.

(المنامات)

194-ئەدیبێك چۆن تەمێكرا؟ (الوهرانی):

باسی ئەدیبێك دەكات كە هاوچەرخی بووەو زۆر شانازی بەخۆیەوە كردووە, لەشیعرێكدا گوتوویە:

بۆ هەموو ئامانجی باشەو فەزیلەیەك كە, لەلای

عەرەبو عەجەم كەمە, من لەپیشی هەموویانم.

وەلامی ئەم شیعرە دەبێت لەحزووری هەندێك سولتاندا بێت, ئەوكاتە سولتان پێی بلێت: تۆ گوتووتە: من لەپێش هەموو كەسم بۆ باشەو فەزیلە؟ دیارە شاعیرەكە دەلێت: بەلێ.

سولتانیش ئەلقەیەكی بۆ فڕێئەداتو پێی دەلێت: رایكێشە... دیارە دەلێت ناتوانم, سولتانیش فەرمان ئەدات كە بە زللە دایگرنەوە, پاشان ئەسپێكو رمێكو قەلغانێكی بۆ ئامادە ئەكەنو پێی دەلێن: ئادەی لەگەل ئەم گەنجەدا شەڕ بكە, دیارە شاعیریش دەلێت ناتوانمو نازانم, ئەمجارەیش ئەدرێتەوە بەر زللە.

دیسان سولتان بەشاعیر دەلێت: ئەم وێنەی (اقلیدس)ە مان بۆ شیبكەرەوە, دیارە شاعیر نایزانێتو ئەدرێتەوەبەر زللە, دیسان سولتان پێی دەلێت: ئەستێرەیەكی خشتەی (البتانی) مان بۆ شیبكەرەوە.. دیارە ئەمیش نازانیت چەند زللەیەكی تێئەسرەوێنن .. هەروەها مەسەلەیەكی ماتماتیك زللەیەك .. مەسەلەیەكی (فرائض

– دابەشکردنی میراتی)و زللەیەك ... هەروەها مەسەلەیەکی شەرعو زللەیەك.

پاشان سوڵتان پێی دەڵێت: ئەی کوڕی دە هەزار قەحبە! ئەی تۆ چی دەزانیتو چۆن دەڵێیت:

سبقت الى غايات كل فضيلة؟!

195-ئابووریەکانی زانست (ثعلب اللغوي):

هەمووشتێك کەمبێت خۆشەویستە, بەلام کە زانست زۆربوو ئەوکاتە خۆشەویستە.

(المزهر للسيوطي)

196-بابەتێکی زانستی (شرح نهج البلاغة):

بزواندنی شتێکی (مت – ساکن) ئاسانترە لە متکردنی شتێکی جوولاو.

197-هونەری کاریکاتێر (سرح العيون):

قوماشێك وێنەی (مانی – پێغەمبەری مانیەکان) لەسەر کێشرابوو, ئەم وێنەیە لەلای (مهدی) عەباسی بوو, وێنەیەکی نەگریسو چەپەڵ بوو, لێوەکانی ئەستوور بوو.

**198-سەرەنجامی هوشیاری – دەڵێن (ابو الدرداء) گوتوویەو ئەم مانایە لەتەورات وەرگیراوە:**

**ئەوەی زۆر دەزانیت و زانست فێربووە ئازاری زۆرترە.**

**(جامع بیان العلم/ عیون الاخبار)**

**199-دانەرانی کتێب و رەخنە (البدیع لابن المعتز):**

***مرۆڤ هەتا دەستنەکات بەگوتنی شیعر یان دانانی کتێبێك, دەرفەتێکی هەیە بۆ عەقڵی.**

**(مەبەستی لەوەیە کەمرۆڤ شیعری گوت یان کتێبێکی دانا, ئازادی بیرکردنەوەی کەمدەبێتەوە چونکە دەبێت بەیاساو رێساکانی رەخنەگرانەوە پابەندبێت).**

***گوتوویانە: کچانی واقع بخەیتە ڕوو کە بدوێن, ئاسانترە لەپێشکەشکردنی کچانی نێو سنگ لەلای ئاقڵان.**

**مەبەست لە(کچانی نێو سنگ) بەرهەمە ئەدەبی و فیکریەکانە.**

***ئەوەی بنوسێت و کتێب دابنێت, خۆی ئامادەکردووە بۆ رەخنە.**

**200- پەیوەندی هزرو فیکر بە کارو کردارەوە (ابراهیم النخعی/ فقیە):**

**هزرو فیکر مۆخی کارە**

**201- پزیشکی دەروونناسی (ابن الاثیر):**

(بجكم) (سنان بن ثابت الصابي)ی پزیشكی بانگكردو سكاڵای ئەوەی كرد كە (وزەی غەزەبو توورەیی) زاڵە بەسەریاو حەزیش لەو دیاردەیە ناكات, زۆر حەزی لەوەیە كە (بەپێچەوانەوە)بە ئارامو لێبوردەو دادپەروەر بێت.

(سنان)ی پزیشك ماوەیەك مایەوە هەتا زۆربەی ئەو سیفاتانەی نەماو وازی لەكوشتنو سزادان هێنا.

202-**لێبوردنو ئاستی هوشیاری ( تأریخ ابو زرعة ):**

یەكێكیان گوتوویە:

بەردەوام دوو زانای شەرعزان (فقیە), یەكێكیان لەویدی میانەڕەوترە, كەمتر قوڵدەبێتەوە بۆ شتە حەرامەكان.

203-**هەڵوێستی زانایەك ( تأریخ ابوزرعە ):**

بە (حماد بن ابی سلیمان)یان گوت: جاران تۆ (سەر) بویت لە (سنة) و پەیڕەوانی ئایندا, بەڵام بوویت بە (كلك) لەداهێنانی كاری خراپدا.

ئەویش گوتی: بۆ ئەوەی ببم بە (كلك) لەكاری خێردا, حەز دەكەم ببم بە (سەر) لەكاری خراپدا.

204-**پاكیی فەیلەسووفێك:**

(ابو حيان التوحيدي) باسی (ابوبكر القومسي) فەیلەسووف دەكاتو دەڵێت:

دەریایەكی پڕ شەپۆل بوو, چرایەكی درەوشاوەبوو, پلەوپایەی بەرزبوو لە نابینایی و هەژاریو نەبوونیدا, لەلای قەدر زانان رێزداربوو بەڵام لەهەمان كاتیشدا لەلای ئەوان بێ شانس بوو.

لەلای عەوامو نەخوێندەواران, گوناهبارو ئەهلی جەهەنم بوو, رۆژێك پێی گوتم: هەرگیز تەسەورم نەكردووە كە رۆژگارو دونیا هێندە ستەمكاردەبێت, ئەگەر بڕۆمە سەر دیجلە وشكدەبێت, ئەگەر بچم بۆ دەشت بەنیازی (تیمم – دەستنوێژی رەمزیە بەتۆز) بڕۆم, دەبێت بەتاشە بەردو تۆزی نابێت.

جارێك پێمگوت: سەردانێكی (ابن العمید) و (ابن عباد) بكە بەشكم چارەسەرێكت بۆ بدۆزنەوەو مووچەیەكت بۆ پەیدا بكەن.

ئەویش بەمجۆرە وەڵامیدامەوە:

ئازاری كوێریی و هەژاری باشترە لە ئازاری نەخوێندەوارانو خرتو سابرین (تیس), سەبرو خۆڕاگریی لەسەر ئێشو ئازاری سەخت باشترە لە تەماشاكردنی بیچمو سیمای قورس.

(معجم البلدان)

205-باوەڕێكی فێركاری (الاوزاعی):

ئەوشتە فێر بە كە بەكار نایەت, ئەوكاتە فێری ئەو شتانە دەبێت كە بەكاردێن.

(تأريخ ابوزرعة)

## 206-مەرجی ئوستادی (ابن جابر):

مرۆڤ کاتێك دەبێت بەزانا, لەلای زانایەکی پڕ عیلم بخوێنێت, دیارە ئەمە ئەوانە ناگرێتەوە کەلەسەر داوای زانایەك لەکۆڕیا دائەنیشن.

(تأريخ ابو زرعة)

## 207-تاقیکردنەوەیەکی زانستانەی (مأمون) - (عبدالله بن طاهر):

بیستم (مأمون) دەیگوت (هواء) (تەن – جسم)ە, دیارە ئەمە دژی ئەوانەیە کە دەڵێن (هواء) تەن نیە, عبدالله دەڵێت (مأمون) ویستی بەڵگە بهێنێت و فەرمانیدا سوراحیەکی شووشەی لوولەداریان بۆ هێنا, پەنجەی خستە سەر لوولەکەو پڕی کرد لەئاو, بەلاّم ئاو نەچووە لوولەکە, کە پەنجەی لەسەر لابرد لوولەکە پڕبوو لەئاوو بەخێرایی ڕژا, بەڵگەی ئەمە بووکە: هەوا لە لوولەکەدا بووەو قەتیس مابوو وە ئەوەیش قەتیس مابوو (جسم – تەن)ە.

(تأريخ بغداد لطيفور)

*بۆچوونی (مأمون) پشت بە تیۆری فەیلەسوڤ (معتزلی) (ابراهيم النظام) دەبەستێت کە دەڵێت گشت شتەکانی گەردوون (مادە)یە, دیارە مەبەست لە (تەن – جسم)یش هەر مادەیەو لەو سەردەمەدا بەکارهێنانی (مادە) نەکرابو بە زاراوە.

### 208-بۆ ئایەتی (متشابە) الزمخشري في الكشاف:

ئەگەر بپرسیت بۆچی هەموو ئایەتەکانی قورئان (محکم – تۆکمەو یەك مانا) نین؟ من لەوەلامدا ئەڵێم: ئەگەر هەمووی (محکم) بن خەڵك هۆگری دەبوون چونکە ئاسان دەبوون, ئیدی خۆیان ماندوو نەئەکرد بەشیکردن و بیری قووڵ و ئەنجامگیری, دیارە لەم حاڵەدا ڕێگەی خوداناسین دائەخرا.

بەلام ئایەتە (متشابە)ەکانی قورئان چەندین مانا هەڵدەگرن, بەناچاریی دەبێت زانایان خۆیان ماندوو بکەن لەدۆزینەوەی چەند مانایەك کە بگونجێن لەگەڵ شتە گشتیەکانی ئیسلامدا, لەڕێگەی ئایەتی (متشابە)ەوە زانستە ئاینیەکانی تریش گەشەیان کردووە.

لەهەمان بۆچووندا (فخر الرازي) لەتەفسیری خۆیدا دەڵێت:

ئەگەر ئایەتەکانی قورئان تەنها (محکم و متشابە) بوونایە, ئەوکاتە خوێنەر بەناچاریی پەنای بۆ (عەقڵ) دەبردو ڕزگاری دەبوو لەتاریکیی (شوێنکەوتنی کوێرانە) و دەچوونە جیهانی بەڵگەو ئیسپات.

بەڵام ئەگەر گشت ئایەتەکانی (محکم) بان موسوڵمانان پێویستیان بە بەڵگەی عەقلی نەدەبوو, ئەوکاتە مرۆڤ لەجەهالەت و شوێنکەوتندا (تقلید) دەمایەوە.

*ئایەتی (متشابە) چەند مانایەك هەڵدەگرێت و پێویستی بەتێگەیشتن و (تأويل) هەیە.

### 209- پاداشتی هەڵە (دەستوورێکی فیقهی):

ئـەو (مجتهـد)ەی فـەتوا ئـەدات, ئەگـەر فەتواكـەی راسـت بـوو (2) خێری هەیە, ئەگەر هەڵەبوو 1 خێری هەیە.

(ابن الحزم) لەكتێبی (المحلی) دائەڵێت: (مجتهد)ی هەڵە باشترە لـە (چـاولێكەر – مقلـد)ی, چـاولێكەری شـوێنی غـەیری پێغەمبـەر دەكـەوێت, شـوێنكەوتنی پێغەمبـەر, شـوێنكەوتنی خودایـە, وەڵێ غەیری پێغەمبەر فەرمانێك لای خودا یان پێغەمبەرەوە نەهاتووە بۆ شوێنكەوتنی.

دیسـان (ابـن الحـزم) دەڵێـت: چـاولێكەر عاسـیەو فـەتوادەریش بەكرێگیراوە, بەڵام لەناو خەڵكی ئیسلامدا تایبەتە, چونكە فەتوادان لـەلای گـەلانی دی قەدەغەیـە چـونكە فەتوادانـە لـەخودی بـاوەڕو عەقیدەدا.

منـیش دەڵـێم: پوختـەی ئـەم باسـە ئاوایـە: شـوێنكەوتن (التقلیـد) لەئوسـوڵی ئاینـدا واجبـە, بـەڵام لـەفروعی ئاینـدا حەرامـە, وەك بڕیارەكانی شەرع لەو شتانەدا كە نەلە قورئانداو نە لەفەرموودەكان و كردارەكانی پێغەمبەردا نیە.

كەواتە ئیدی پێویستیمان بە پیاوانی ئاینی نیە لەئیسلامدا, بەڵام هەموو شەرعزانەكان ئەم بۆچوونەی (ابن حزم) رەتدەكەنەوە, چونكە ناكرێت هەموو خەڵك لەبڕیارەكانی شەرع ئاگادار بن و شارەزا.

بەشـێك لـە (شـیعة الامامیـة) خـەڵك دەكـەن بـە 3 بـەش: مجتهد(فـەتوادەر), شـوێنكەوتە, (مقلـد – شـوێنكەوتووی خـەڵك), دووەم ئەو كەسەیە كەهێندە هوشیاری هەیە كەبتوانێت (بلانسێك – موازنـة) لـەنێوان راو بۆچـوونەكانی شـەرعزانەكاندا بـدۆزێت و

پەیڕەوی بکات, هێنـدە شـارەزابێت بتوانێت رایـەکی بـاش بـۆ خـۆی گەڵاڵە بکات.

بەشـی سـێیەم (مقلـد) نەخوێنـدەوارە, بـەڵام ئـەتوانێت بەویسـتی خـــۆی شـــەرعزانێك دەستنیشـــانبکات بـــۆ چـــاولێکردنی, کـــە دەستنیشانی ئەو شەرعزانەیکرد, واجبە چاوی لێبکات.

## 210-چەند تێبینیەك لەبارەی رەنگەکانەوە:

(ابن سینا) دەڵێت بنەمای هـەموو رەنگـەکان رەش‌و سپییە, ئیـدی رەنگـەکانی تـر لـەو دوو رەنگـە پێکـدێن, واتـە (رەش‌و سـپی) دوو رەنگی خاوێن‌و هیچی تریان تێکەڵ نیە.

هەندێکی تر دەڵێن بنەمای رەنگەکان (5) رەنگن:

رەش, سـپی, سـوور, زەرد, سـەوز, بـاقی رەنگـەکان لـەو (5) ە دروستدەکرێن.

(ابـن سـینا) و (ابـن الهیـثم) دەڵـێن: بـوونی روونـاکی مەرجێکـە بـۆ بوونی رەنگ, بەڵگیەشی بۆ ئەم رایە: رەنگەکان بەکزبوونی روونـاکی رەنگەکانیش کز دەبن, هەموو چینێکی رووناکی هۆکارە بۆ چینێکی رەنـگ, ئەگـەر چـینەکانی رونـاکی گشـتیان نـەمان, چـینەکانی رەنگەکانیش نامێنن.

(فخر الرازی) ئەم بۆچوونەی رەتکردووەتەوەو دەڵێت:

روونـاکی مەرجـە بـۆ بینـینی رەنگـەکان‌و بیـنین شـتێکەو خـودی رەنگـەکانیش شـتێکی تـرە, ئـەوەی ئاشـکرایە کـە لەتاریکیـدا رەنـگ نابینرێت, بەڵام نەبوونی رووناکی پەیوەندە بەخۆیەوە.

(المواقف للایجي)

211-**سروشتی روناکی:**

**هەندێك لەحەكیمان دەڵێن روناكی بریتییە لە چەند تەنێكی وردیلە لە (روناكیدەرەكە) وە جیا دەبن و دەلكێن بە رووناككراوەكان.**

**(المواقف)**

212-**بنەما هاوبەشەكانی رووەك و حەیوان (ابن طفیل في حي بن يقظان):**

**پاشان لەخۆیدا رەگەزی حەیوان و رەگەزی رووەكی كۆكردەوە، خۆی هەموویان دەبینێت كە یەكن لە خۆراك خواردن و لەگەشەكردندا.**

**بەڵام حەیوان زیاترە لە نەبات بەهۆی هەست و ئیدراك و جووڵەیان.**

**لەنەباتیشدا جووڵەیەك دەركەوتووە وەك گوڵە بەڕۆژە روودەكاتە خۆر، یان رەگەكانی رووەك دەجووڵێن بەرەو شوێنی خۆراك و چەندین شتی تر.**

***لەمجۆرە قووڵبوونەوە (وە) رۆشندەبێت كە، رووەك و حەیوان یەك شتن بەهۆی یەك شتەوە كە هاوبەشە، ئەو هاوبەشە لەیەكێكیاندا زۆر تەواوو كامڵە، لەویتریشدا شتێك كۆسپە، ئەمە وەك ئاوەكە جارێك شلەو جارێك بەستووە، نەبات و حەیوانیش لەئاودا یەكدەگرنەوە.**

213-**نەخشەی هەڵكشان (اخوان الصفا ومسكویه والشیرازی):**

زەوی و خاك – ئەڵقەیەكی ناوەڕاست – رووەك/ نبات – ئەڵقەیەكی ناوەڕاست – حەیوان – ئەڵقەیەكی ناوەڕاست – مرۆڤ.

مەبەست لەئەڵقەی ناوەڕاست, ئەو بوونەوەرانەن كە تایبەتمەندی هاوبەشیان هەیە لەنێوان هەردوو قۆناغی پێشخۆی و پاشخۆیدا, لەو تایبەتمەندە هاوبەشانەوە تێدەپەڕن بۆ قۆناغێكی كامڵتر.

214-( 5 ) **هەستە هەناویەكان ( الحواس الخمس الباطنة ):**

موسوڵمانان بەپێی ریزبەندیان:

(التذكر) بیركەوتنەوە – هزر (فكر) – بۆچوون (التصور) – تێگەیشتن (الفهم) – ئیرادە.

215-**زانستی ئاین و زانستی زانست ( شرح نهج البلاغة/ لابن ابي الحديد ):**

ئەوپەڕی تەمەنی ئەو هێزە (خۆراكەی كە جێگەی داخورانی لەشی مرۆڤ دەگرێتەوە) لەزۆربەی مرۆڤدا (120) ساڵە, لەهەندێك كتێبی پزیشكیدا دیومە لەماوەی (160) ساڵ دەمێنێتەوە, ئەو هەواڵانە راستنیە كە دەڵێن ماوەیەكی درێژ, بەتەمەنان ماونەتەوە, بەڵام گەلانی ئایندار باوەڕیان بەو هەواڵانە هەیە.

216-**تەمەنی جیهان ( شرح نهج البلاغة/ عن حمزة الاصفهاني ):**

ئەستێرەناسان واگوماندەبەن كە تەمەنی دنیا (زەوی) لەیەكەمڕۆژی رۆیشتنی لەنێو ئەستێرەكانداو لە (رأس الحمل)ەوە هەتا ئەمڕۆ كە (متوكل بن مقصم) لە (سامراء)ەوە چووە (دمشق) بەنیازی كردنی بەپایتەختی خۆی كە رێكەوتی یەكەمڕۆژی

موحەرەمی ساڵی 244 کۆچیە – دەکاتە (چوار هەزار هەزار هەزارو سێسەدو بیست هەزار ساڵ (بەساڵی زەوی), ئەم ژمارەیە دەکاتە چوار هەزار ملیار ساڵ.

217-**تەمەنی ئاسەواری (آثاري) (ابن الاثير):**

لە (پەرستگە – معبد)یەکی هیندستاندا ئیسلامەکان بەردەنوسێکیان دۆزیەوە کە وایدەگەیاند 40 هەزار ساڵ لەمەوپێش نوسراوە.

*بێگومان لەخەملاندنی تەمەنیدا هەڵە هەیە, بەلاّم هەوڵدان بۆ خوێندنەوەی و کەشفکردنی نهێنیەکان سەرتایەکی کۆنە بۆ لێکۆڵینەوەی ئاسەوار.

218- **نامە گۆڕنەوەی خێرا (ابن الاثير):**

(ابراهیم بن الاغلب) لەنزیك شوێنی حەوانەوەی خۆی لە (مغرب) ئاگرێکی دەکردەوە, ئیدی هەواڵ دەگەیشتە (اسکندریە) لەیەکشەودا.

219-**بیرۆکەیەك سەبارەت بەمۆچاندنی چارەوێ (ولاّخی بەرزە):**

ئیسماعیل یەکەم کەس بوو سواری چارەوێ بوو, لەپێشدا وەحشی بوون و ئیسماعیل ماڵیکردن.

(لطائف المعارف)

220-**بیرۆکەیەك سەبارەت بە جلوبەرگ (الامدا لحجری):**

(ادريس) یەکەم کەس بوو کتێبی نووسی و کراسی درووی, پێش ئەو پێستیان دەپۆشی.

### 221-دەرمانێك بۆ شکاوی:

(ثعالبي) لەکتێبی (لطائف المعارف) دا باسی شلەیەك دەکات بەناوی (موميا), بەهاڕین و شێلانی بەردێك ئامادە ئەکرێت کە لەچیاکانی (فارس) دا هەیە, ئەم دەرمانە بۆ چاکبوونەوەی شکاوی بەکاردێت. (ثعالبي) دەڵێت: ئەم دەرمانە بەشکاندنی قاچی کەڵەشێرێك تاقیدەکرێتەوە, کەهێندە گچکە موویەکی دەخرێتە سەر شکاویەك, ئەگەر شکاویەکە پەیوەست بوو بەجۆرێك هەستنەکرێت کە شکاوە, دەنا کەڵکی نیە.

*هەموو ساڵێك لەم دەرمانە 1 رتیڵ دەهێنرا بۆ (دار الخلافة) لە بەغدا.

### 222-میوەی تازە لەدوورەوە ئەگوێزرێتەوە:

گندۆرەی (خوارزم) دەخرایە سنووقی فافۆن و بەفری دەخرایە سەرو ئەیاننارد بۆ (مأمون و واثق) لەبەغدا.

(لطائف المعارف)

### 223- پاکژکاری (تعقیم) – نکت الهمیان/ للصفدی:

ئەو ئاوەی کە (الامام الناصر العباسی) دەیخواردەوە, بە وڵاخ لە (7) فرسەخ سەرووی بەغداوە دەهات, (7) جار دەکولا (هەموو

ڕۆژێك كوڵاندنێك) پاش ئەمە دەكرایە دەفرو قاپەوەو لەپاش (7) ڕۆژ دەیانخواردەوە.

**224-شانۆی بووكە شووشە (الديارات للشابشتى):**

(دعبل الخزاعى) ویستى زەمى یەكێك لەپیاوە نزیكەكانى (متوكل) بكات بەناوى (عبادة المخنث)، ئەمیش كەزانى هەڕەشەى لێكردو گوتى:

ئەگەر ئەمە بكەیت دایكت دەخەمە سێبەر!

**225-تۆڕێك بۆ كۆكردنەوەى كتێب (الحلة السيراء):**

دەسەڵاتى (اندلس) لەوڵاتاندا (وراقین)ى هەبوو بۆ هەڵبژاردن و پەیداكردنى كتێبە دانسقەو دەگمەنەكان، لەپشت (وراقین)ەوە چەند كەسێك بوون ڕێنماییاندەكرد لەهەموو وڵاتێكدا.

(محمد بن طرخان) یەكێك بوو لە (وراقینە)كانى بەغدا.

**226-زانستە دنیاییەكان (المهذب لابي اسحق الشيرازي):**

زانستە نائاینیەكانیش وەك ئاینیەكان فەرزى (كفایة)ن وەك پزیشكى – ماتماتیك، بەڵام بۆ زانستەكانى تر، بۆچوونى جیاواز هەیە: ئیمامى مەكەو غەزالى دەڵێن فەرزى كفایە نین، بەڵام (الكیا الهراسى) حاكمى مەكە دەڵێت فەرزى كفایەن و ئەمەیش باشترە.

**227-حەڵاڵكردنى وێنە (الاعتصام للشاطبي):**

وێنەگرتنى ئیمامەكان و (والى)یەكان لەو شتە داهێنراوانەن (بدعە) كە ئاساییە، بەلاى (شعرانى)و هەندێك لەسەلەفیەكانەوە، عادات و شتە نوێكان (داهێنراوى) خراپ نین.

228-**سینیەکی کاغەز - لەهەواڵێکدا کە (مقصورة ابن دریـد) لە (معجم الادباء)دا باسی دەکات:**

(وضـاحي) گـوتی: ئـەوە چـی بـوو موریـدەکانی شـێخ هێنایـان؟ ئـەویش گـوتی تـەنها 300 سـێ سـەد دینـار بـوو رشـتمە سـینیەکی کاغەزو خستمە بەردەستی.

229-**کاتژمێرەکانی شەو (الاحاطة لابن الخطیب):**

(سـلطان محمـد بـن محمـد) پاشـای سـێیەمی (غرناطـة)، مـۆمی گەورەی دائەناو لەبنیدا دوا کاتەکانی شەویان دەخوێندەوە.

230-**شیکردنی هێماکان (سرح العیون):**

(خلیـل الفراهیـدی) یەکـەم کـەس بـوو لـەبارەی (مەتـەڵ – معمـی) نووسی، ئەمەیش بەمجۆرە دەستیپێکرد:

هەندێك لەیۆنانیـەکان نامەیـەکیان بـەزمانی خۆیـان بـۆ (فراهیـدی) نوسـی، ئـەمیش بـەمانگێك لـەو نامەیـە تێگەیشـت، بـە (فراهیـدی)یان گوت چۆن تێگەیشتیت؟

ئـەویش گـوتی: لـەوە گەیشـتم کـە دەبێـت نامەکـە بـەناوی خـودا دەستپێبکات بەمجۆرە دامرشتو پێوام لەکۆتاییدا لێی تێگەیشتمو خوێندمەوە.

*لەسـەر ئـەم بنەمایـە (خلیـل) کتـێبی (المعمـی فی حـل الرمـوز)ی داناوە.

## 231-دۆزینەوەیەك لەجەمسەر (قطب)ی باكوور (معجم الادباء):

یــەكێك لەئەوپــەڕی وڵاتــی توركــەوە هاتــەلای (ســلطان محمــود سبكتكین) و باسی ناوچەی پشتدەریای بۆ دەكرد بەرەو جەمسەری (قطبي) باكوور كە:

خۆرهەڵاتووە لەسەر زەوی بەشێوەیەك (شەو) نەماوە.

پاشــان پیاوەكــە هاتــە ســەر باســی تونــدڕەوی لەئاینــداو باســی ئیلحــادو (قرمطــي) كــرد, باســی ئــەوەی كــرد كــە دانیشــتوانی ئــەو ناوچانە دوورن لەم ئافەتو بەڵایانە.

لەوكاتــەدا (ابــو نصــر بــن مشــكان) دەڵێــت: ئــەم پیــاوە باســی راوبۆچــوونێك ناكــات, بــەڵكو باســی ئــەوە دەكــات كــەخودی خــۆی دیونیو لەوكاتەدا ئەم ئایەتی قورئانەی خوێندەوە:

(وجدها تطلع علی قوم لم نجعل لهم من دونها سترا) واتە (خۆر لەبانی قەومێك هەڵدێت كە بێجگە لەخۆر شتێك نیە بیانشارێتەوە).

لەوكاتەدا (ابا الریحان البیرونی) پرسی لەكابراو ئەویش بەكورتی بۆی باسدەكردنو ئیقناع دەبوون, سوڵتان مەحمودیش بەووردیی گوێی بۆ دەگرتو لەكۆتاییشدا هەمووی لێوەرگرت.

## 232-خاڵێكی (بۆماوەیی - وراثة) دەڵێن پێغەمەر گوتوویە:

(ربــاح بــن قصــیر اللخمــی) لــەزمانی باوكیــەوە دەیگێڕێتــەوە كەپێغەمبەر پێی گوتووە چەند منداڵت هەیە؟

منیش گوتوومە: منداڵ چیە یا غوڵامە یان (جاریە)یە، پێغەمبەر گوتی منداڵەکانت دەچنەوە سەر کێ؟

منیش گوتم: ئەی پێغەمبەری خودا! یان لەباوکی دەچێت یان لەدایکی.

پێغەمبەر گوتی: دەمتداخە وامەڵێ! کە نوتفە (شەهوەت) چووە منداڵانەوەو جێگیر بوو، خودا گشت پەیوەندیەکانی ئەوان و (ئادەم) کۆدەکاتەوە.

(سرح العیون)

233-**کاتەکانی مزگەوتی ئەمەوی (ابن عساکر):**

ئەم شتانە لەسەر مزگەوتەکەن: چۆلەکە لەمس، مار لەمس، قەلەڕەش لەمس، کە رۆژی قیامەت هات ئەمانە هەموو زیندوو دەبنەوەو مارەکان دەکشێن و چۆلەکە دەجریوێنێت و قەلە رەش دەقیژێنێت، وردە بەردیش دەکەوێتە ناو تەشتەکە!

234-**جیاوازی زانست و سامان (دەڵێن ئەفلاتون گوتوویە):**

سامان و دانایی و زانست کۆنابنەوە

(سرح العیون)

235-**داهێنان:**

(ابن عساکر) لەباسی (صاعد بن الحسن بن صاعد)ی خەڵکی (دیمشق)دا ئەڵێت چەند شتێکی داهێناوە لەوانە:

*قەڵەمێکی مەرەکەب، پڕیدەکات نزیکەی مانگێك پێی دەنوسێت.

*(رافعة)ەیەك بەردی قورسی پێهەڵدەگرێت.

*گومـــەزێکی (فەلـــەکی) دروســـتکردبوو وێنـــەی ئەســـتێرەکان و (ئەوانەی لەواندەچن)ی تیادا دەکێشا.

**236-نیــوە رۆژی شــاری ( ســند ) شــەفەقی ئەندەلوســە , نیــوەرۆژی ئەندەلوس مەغربی ( سندە ):**

**237-سووڕی زەوی - ( المواقف ) للایجی و ( القانون المسعودی ) للبیرونی:**

گوتراوە کە زەوی بەدەوری خۆیدا سووڕ دەخوات لە خۆرئاواوە بۆ خۆرنشین بەپێچەوانەی تێگەیشتنی خەڵك, جووڵەی رۆژانەی (خۆرو گـەردوون – الشـمس والافـلاك) وەك جووڵـەی ئاسـایی نیـە, بـەڵکو بەهۆی جووڵـەی زەوی ئێمە هەستی پێدەکەین و دەیپێوین, چونکە بـارودۆخی ئێمـە لەگـەڵ ئەوانـدا دەگۆڕێـت و ئێمـە لەسـەر بەشـێکی دەژین.

کـە خـۆر لـەخۆرئاواوە بـۆ خۆرهـەڵات جمـا, لـەڕووی خۆرهەڵاتـەوە چـەندین ئەسـتێرە دەبیـنین کـە لەئێمـە شـاراوەبوون بـەهۆی قـۆقزی زەوی, هــەروەها بــەهۆی قــۆقزی زەوی لــەلای خۆرئــاواوە چــەندین ئەستێرە شاراوەبوون کەجاران لەئێمەوە دیاربوون.

بۆیــە وامانــدەزانی کــە (زەوی) وەســتاوە ناجوڵێــت, بــەڵکو ئــەوە گەردوونە کە دەجووڵێت و دیارە لـەم حاڵـەدا وادەرئەکـەوێت کـەخۆر لەخۆرهەڵاتەوە دەچێت بۆ خۆرئاوا.

ئــەم دیمەنــە وەك ئــەم دیمەنەیــە: یــەکێك لەکەشــتیا وادەزانێــت کەشــتیەکە ناجوڵێــت, بــەڵام لەڕاســتیدا ســەفینەکە دەجووڵێــت, بەپێچـــەوانەوە دەڵێـــت ئاوەکـــە دەجووڵێـــت لەکاتێکـــدا ئاوەکـــە

ناجووڵێـت و حـاڵی کەسـەکە بـۆ ئاوەکـە دەگۆڕێـت و لەراستیشـدا کەسەکە ناجوڵێت.

هـەروەها مـانگ دەبیـنین بـەرەو هـەور دەڕوات لەکاتێکـدا هەورەکـە بەرەو ئەو دەڕوات.

هەروەها چەندین وێنەی لەم بابەتە کەبەشێکن لەهەڵەکانی هەست.

ئـەم بۆچـوونە لـەلای (ایجـی و بیرونـی)یش نەچەسـپاوە، بگـرە چەندین بەڵگەیان بۆ باتڵی ئەو هێناوەتـەوە، هـەروەها (فخـر الـرازی) لەکتێبی (المخلص) دا بەباتڵی زانیوە، هەرچەند (بیرونـی) بەتـەواوی بەهەڵـەی نـەزانیوە، بـەڵکو بـەگریّ و گرفتێکـی زانیـوەو بـەجێی هێشتووە بۆ زانایانی سروشتناسی (طبیعیات).

لەمـەوپێش باسـی ئـەوەمانکرد کـە (سـجزی) ئوسـترلابي داهێنـا لەسـەر بنـەمای (جـوولانی زەوی)، بـەڵام گـرفتی سـەرەکی (تیـۆری هێـزی کێشـە - الجاذبیـة)کـە پەیوەنـدە بـەم باسـەو هـەر ئەمیشـە کـە بۆچـوونیان بەتـەواوی یـەکلا نەبۆتـەوە هەرچـەند زاناکـانی ئیسـلام زانیویانە ئەم هێزە هەیە، بەڵام هیچ حیسابێکیان بۆ نەکردووە.

### 238-بۆمبێکی تەقینەوە:

کـە لـە (انـدلس) قەڵایـەکیان داگیرکـردووە لەسـەردەمی غەرناتـەدا (اسماعیـل بـن فـرج) باسـی بۆمبێـك دەکـەن کەلـەگرتنی قەڵاکـەدا بەکارهاتووە:

بـەئامێرێکی گـەورەو بەنـەوت پارچـە ئاسـنێکی خـڕی پـڕ لـەئاگرو بڵێسەیان خستە بورجە سەخت و تۆکمەکەی قەڵاکە، پاشـان تەقیـەوە قەڵاکـەی پـڕ کـرد لەکڵپـەو بڵێسـەی ئـاگرو دوکـەڵ، پایـەکانی

هەڵتەکاند, هێندەی هەورە گرمە ترسی خستە دڵیانەوە, پاشان بەناچاری سەریان بۆ دەسەڵاتی خودا شۆڕ کردو ئەمە لەساڵی 724ی کۆچیدا بووە.

*دانای (حکیم) (غرناطة) (ابوزکریا بن هذیل) باسی ئەو بۆمبارانە دەکات:

وایاندەزانی کە هەورە گرمە تەنها لەئاسماندا هەیە بەڵام لەسەر زەوی هەورە گرمە وێرانیکردن, چەند تەنێکی عەجایبی (هرمس) ئاساو شمشیرئاسا دابارینە سەریانو چیاکانیش دەلەرزینو دەگریان, ئەم دونیایە شتی سەیرو عاجباتی لەلایەو لەمانەیش سەیرتر لەمەودوا پێویستە پەیدا بن.

*هرمس: دانایەکی یۆنانیە وەك دەڵێن, بەڵام دڵنیا نین کە هەر وجودی بووبێت, وەك هێما بۆ (سیحر) دەگوترێت.

*(ابو زکریا) پێشبینی ئەوە دەکات کە لەسروشتا هێزی شاراوە هەیەو ئەم (بۆمبە) بە بەڵگە دەهێنێت.

*تۆپەکانی پێش ئەم بۆمبایە, تەنها (خڕە ئاسنیان) دەهاویشت بۆ رووخاندنو وێرانکردنی قەڵاو سەنگەر.

239-**قەبارەی خۆرو ئەستێرەکان (احیاء علوم الدین/ للغزالي):**

خۆر 160 هەزارو شتێك گەورەترە لەزەوی, بچوکترین ئەستێرەیش 8 جار بچوکترە لەزەوی, گەورەترین ئەستێرەیش 120 جار گەورەترە لەزەوی.

240-هەڵکشانی مەعریفە (المكزون السنجاري) لەبارەی هەڵکشانی ( پلە بە پلە )ی خوداناسانەوە دەڵێت:

ئەم بەشەم بۆ مەبەستی ئەوە هێناوە ئاگادارتان بکەمەوە کەزانستەکانی خودا بەخشیویە بە (ئەولیا)کانی خۆیو خوداناسەکانی تریش هەمیشە تێدەکۆشن بۆ زێدە مەعریفە, هۆی ئەمەیش – هەرچەند کتێبی شێخەکانی یەکتاپەرستی زۆرن– دەگەڕێتەوە بۆ ئەم هۆیە:

لەزانستی خوداییدا پلەو مەقامەکان جیاوازن, گشت ئەوانەی پلەیان نزمە لە پلە بەرزەکان مەعریفە وەردەگرن.

(رسالة تزكية النفس)

241-بەکارهێنانی شقارتە:

*لەبەشێکی (قاموس المحيط) دا (فیرۆز ابادی) باسی کبریتی کردووە دەڵێت: ئاگرەکە لەپێکادانی بەردا پەیدا دەبێت.

*لەدوو شیعری شاعیرێکی عەباسیدا وەسفی نێرگس دەکات:

وەك (لازیوردی) یە بۆ داپۆشینی شینەکەی ناو باخچەکان, ریقنەی یاقوتی کردووە بەسەرا وەك ئاگرێکە لەسەر لقەکانو باریکبوون وەك ئاگرێکە لەدەوروبەری کبریت.

242-بە نجکردن:

*کۆنترین باسی بەنج ئەمەیە کە (اصبهانی) لەکتێبی (مقاتل الطالبين) دا باسیدەکات کە لەچیرۆکی خۆدەربازکردنی (احمد بن

**عیســـی بـــن یزید)یـــە لـــە بەندیخانـــەی (الرشـــید) هەواڵەکـــەیش بەمجۆرەیە:**

**لایـــەنگرانی (احمـــد) بـــەنجیان کـــردە خـــواردنی (وەردیان)ەکـــان, هەموویان خەویان لێکەوتو (احمد)یش دەربازبوو.**

***(غەزالی) لەکتێبی (احیاء علوم الدین)دا باسی ئەو شتانە دەکات کـە عـەقڵ لادەبـەن وەك بـەنجو شـەراب, بەتایبـەتی کـە بـەنج بـۆ سەرخۆشی بەکاربێت.**

**بەنج وەك شلەیەك ئەدرا بەو کەسانەی کە نەشتەرگەریان بۆ دەکرا, پێشینان (مرقد)یان پێدەگوت, (صفدی) لە کتێبی (نکت الهمیـان) دا باسیدەکات کە (ناصرالدین الله)ی عەباسی 3 جار (مرقد)یان پێداو بۆ نەشتەرگەری (کێری)و لابردنی زیخ.**

***لەکتێبی (الف لیلة) دا باسی بەنجی تیا کرا کە بە بۆنکردن مـرۆڤ بێهـۆش دەبـوو, هـەروەها باسـی (ئـەنتی) بەنجیشـکرا وەك هێنانـەوە هۆش.**

***(انطاکي) یش لەکتێبی (تذکرة الانطاکي) دا باسی چەند بەنجێك دەکات بەپێـدان وەك شـلەیەك یـان بـە (بـۆنکردن), هـەروەها انطـاکی باسی نەهێشتنی ئازاریکردووە بە سڕکردن (تخدیر).**

243-**سنووری داهێنان (بدعة) (الغزالی/ احیاء علوم الدین):**

هـەموو داهێنراوێـك خـراپ نیـە, بـەڵكو ئـەوە خراپـە كـە دژی (سـونەتێكی سـابت بێـت) یـان شـتێك لەشـەرع لاببـات كـەمانی پێویستە.

بگرە لەزۆر حاڵدا داهێنان واجبە كەپێویست بێتو هۆكارەكانیش گۆڕابن.

## 244-شیعرێكی دەشتەكی (ابن عساكر):

(نابغة) داوای لە (زهیر بن ابی سلمی) كرد كە نیوە شیعرێكی بۆ بڵێت كە نەیتوانیبێت نیوەكەی تری تەواو بكات.

بمانبە بۆ دەشت خۆ شیعر دەشتیە

## 245- پێشكەوتنی مەعریفە (جامع بیان العلم):

گوتوویانـە: زیـانترین شـت بـە زانسـتو زانایـانو فێرخـوازان ئـەم رستەیە:

پێشینان هیچیان بۆ بەجێ نەهێشتووین.

## 246- پێناسەكردنێكی مادیانەی عەقڵ (الجاحظ):

ئەو مادەیە كەبەهۆی خۆراكی (موقەوی) دەماخەوە پەیدا دەبێت.

## 247-گۆرانی سووكو گۆرانی قورسو گران (الاغانی):

(حكم الـوادی) لـەدوا سـاڵەكانی تەمـەنیا گـۆرانی نـەرمو بەسـۆزی دەچڕی, كوڕەكەی سەرزەنشتی كردو پێی گوت: پیر بوویتو كەچی گۆرانی (نێرەمووكان) دەچڕی, ئەویش بەكوڕەكەی گوت: بێدەنگبـە!

تۆ نەفامیت, 60 ساڵ گۆرانی قورسم گوت تەنها (قووت)م پەیدا دەکرد, چەند ساڵێکی کەمە گۆرانی نەرمو بەسۆز دەڵێمو ئەوەندەم بۆ پەیدا کردوویت هەرگیز بەخۆتەوە نەتدیوە.

248-**کولفەو تێچوونی زانست** (**ابراهیم النظام**):

زانست هەتا هەموو شتێکی پێنەدەیت, کەمێکت ناداتێ.

249-**ئابڕوو ناموسی ڕۆشنبیر** (**آمالي المرتضى**):

(خالد بن صفوان) بە (عمرو بن عبید)ی موعتەزیلی گوت:

بۆ لەمن وەرناگریت, ئەگەر قەرزاری بیدەرەوەو خزمەتی کەسوکاریشی پێبکە.

(عمرو)یش گوتی: قەرزار نیمو خزمیش کە نەبێت هیچ لەسەرم واجب نیە, خالد گوتی: هۆی چیە پارە لەمن وەرناگریت؟

(عمرو) گوتی: هەرکەس پارەی لەیەکێك وەرگرت دەبێت سەرشۆڕ بێت, منیش بەخودا نامەوێت سەرشۆڕی لای تۆبم.

250-**شاعیرو خەلیفە** (**الاغانی**):

(بشار بن برد) بەشیعر ستایشی خەلیفەی کرد بەڵام هیچ پاداشتی پێنەدا, پێیانگوت: خەلیفە شیعرەکەتی پێجوان نەبوو, ئەویش گوتی ئەگەر بەو شیعرە ستایشی ڕۆژگارم کردبا هەرگیز نەدەترسام لێم وەرگەڕێت, بەڵام ئێمە درۆ دەکەینو ئومێدو هیواکانیشمان هەر درۆن.

## 251- پۆلێنکردنی خەڵك لەسەر بنەمای مەعریفە:

خەڵك 3 جۆرن زانا لـەبواری خواناسیدا, فێرکار کـه هـەواڵ ئـەدات خـۆی رزگـار بکـات, هەرچـی و پەرچـی و رەشـە خـەڵك, کـە شـوێنی هەموو قڕان ئاوازێکدەکەون.

## 252- نموونەیەك بۆ رۆشنبیر:

*(ابـو عثمـان الـرازي) دەیگێڕێتـەوە: یـەکێك لـەپیاوەکانی خەلیفـە (معتضد) هاتەلای (ابراهیم الحربی) 10 هەزار درهەمی خەلیفەی بۆ هێنـابوو, خەلیفـە داوای لێکردبـوو دابەشـیبکات و قبوڵینـەکرد, پیاوەکـە گەڕایـەوەو دیسـان پێیگـوت: خەلیفـە دەڵێـت بەسـەر دراوسێکانیدا دابەشی بکات.

(ابـراهیم) گـوتی: خـودا بتبەخشـێت, ئەمـە پارەیـە ئێمـە حـەزمان لەکۆکردنـەوەی نیـە ئـیتر چـۆن حـەزمان لەدابەشـکردنی ببێـت, بێـژە بـەمیری موسـوڵمانان واز لەئێمـە بهێنێـت دەنـا دەگوێزینـەوە لەدراوسێیەتی.

*(ابـو اسـحق الجیلـی) گێڕایـەوە: (ابـراهیم بـن اسـحق الحربـی) نەخۆشیەکی سەختی گرت نزیکبوو لـەمردن, رۆژێـك سـەردانیمکردو پێی گوتم: (ابوقاسم)!

مـن کێشـەیەکی زۆر سـەخت و ئـاڵۆزم هەیـە لەگـەڵ کچـەکەمداو کچەکەی ابراهیمی بانگکردو گوتی: ئەوە مامتە قسەی لەگەڵ بکە!

کچـە گـوتی: مامـە ئێمـە کێشـەیەکی زۆر ئـاڵۆزو خراپمـان هەیـە کەنەپەیوەنـدە بـە دنیـاو نـە بەقیامـەت, ساڵبەسـاڵی و مانگبـەمانگ

خواردنمان نانه رەقەو کە (خۆی) زۆرجاریش خوێمان نیە، دوێنێ خەلیفە (معتضد) بە (بەدر)دا –پیاوی خەلیفەیە– هەزار دیناری بۆ ناردین وەرینەگرت، ئەوە فلان و ئەوە فلان –مەبەستی لەبەرپرسانە– شتیان هێناو وەرینەگرت و خۆیشی نەخۆشە.

(ابراهیم) لای کردەوەو بەزەردەخەنەوە گوتی: کچەکەم لەهەژاری دەترسیت؟ ئەویش گوتی: بەڵێ، گوتی: بڕوانە ئەو گۆشەیە – کچەیش تەماشایکرد– ئەوە 12 هەزار لەزمان و (ووشە سەیرو غەریبەکان) بەدەستی خۆم نوسیومن، کە مردم هەموو رۆژێك 1 جوزء بفرۆشە، ئەوەی 12 هەزار درهەمی ببێت هەژار نیە.

*(اسماعیل بن اسحق) قازی بوو، بەبینینی (ابراهیم الحربی) ئافاقەی بۆ دەهات و دڵخۆش دەبوو، (ابراهیم) سەردانی قازی نەدەکردو دەیگوت من سەردانی کەسێك ناکەم (دەرگاوانی) ببێت، ئەم قسەیە گەیشتەوە بەقازی و جوابی بۆ ناردو گوتی: ئەوا دەرگای ماڵی من دەبێت وەك مزگەوت بێت.

*رۆژێك (ابراهیم) سەردانی قازیکردو لەبارەی خۆیەوە گوتی: لەعومرمدا شەکوای حاڵی خۆم نەلەلای دایکم نەلەلای خەسووم نەکردووە، پیاو نابێت خەم و خەفەتی خۆی باسبکات و خێزانی خەمبار بکات، ماوەی 45 ساڵ سەر ئێشەم بوو بەکەسم نەگوت، ماوەی 10 ساڵە یەکچاوم کەس نەیزانیوە، ماوەی 30 ساڵە من بە 1 کولێرە دەژیم کە ژنەکەم یان کچەکەم بیهێنن بۆم، دەنا بەبرسیەتی و تیونویەتی دەژیم هەتا شەوی دوایی.

ئێستا نیو کولێرەو 14 خورما ئەگەر قەڵەو بێت یان نزیکەی 20 دەنك خورما ئەگەر بچوك بێت, ژنەکەم تۆراوە, کچەکەم نەخۆشەو مانگێکە چووەبۆلای دایکی, لەم مانگەدا بە 1 درهەمو 2 دانقو نێو ئیفتار دەکەمەوە, چوون بۆ حەمام بە 2 دانق سابوونم بۆ کڕین, لەم رۆژانەی کەماون لەمانگی رەمەزان, بە 1 درهەمو چوار دانق نیو دەژین, ژنیشم بۆ جاری دووەم نەهێناوە, لەیەك شتو لەیەك رۆژدا دووجارم نەخواردووە.

(معجم الادباء)

253- **پاککردنەوەی ئاوی دەریا لە خوێ (ابن عساکر):**

(خالد بن یزید) گوتی: ئەگەر بتانەوێت ئاوی دەریاتان بۆ دەکەم بە سازگار (عذب), چەند کونەیەك ئاوی دەریای بۆ هێنراو پاشان پێیگوتن کەچۆن ئاوی دەریا لەخوێ پاکدەبێتەوە.

لەم هەواڵەدا باسی چۆنیەتی کارەکەی نەکردووە, بەڵام (خالد) بەوە ناسراوە کە زۆر حەزی لەزانستەکان کردووە, وەلێ مێژوونوسان باسی ئاستی خولیای خالیدیان نەکردووە.

254- **بینایی پاش (بینایی عەقڵ) البصیرة (الاحاطة لابن الخطیب):**

(محمد بن خلف الاوس) خەڵکی (بیرە)یەو (متکلم)و حەدیسزانێکی (أشعری)یە, چەندین کتێبی لە زانستی (کلام)و حەدیسدا هەیە.

لەخەویا پیاوێکی بینی و پێیگوت: من کتێبێکم لە (بینایی چاو – نورالبصیرة) داناوە, تۆیش لەبارەی (بینایی چاو – نور البصر) کتێبێك دابنێ خۆیشت سوود ئەبینی و سوودیش بەخەڵك دەگەیەنیت.

پاش (محمد)یش کتێبێکی دانا لەبارەی چارەسەرکردنی چاوو ئەم کتێبە بوو بەسەرچاوەیەکی زۆر بەسوود لەم بوارەدا.

*ناوبراو لەساڵەکانی 551 ك دا ژیاوە.

## 255-مەسەلەیەکی سایکۆلۆجی (نهج البلاغة):

ئەو کەسەی حیلمو ئارامی نیە, دەبا خۆی رابێنێت لەسەر ئارامیی, زۆربەی ئەو کەسانە کە خۆیان دەچوێنن (دەشوبهێنن) بە نەتەوەیەکی تر, (تقریبا) وەك ئەوانیان لێدێت.

(ابن ابی الحدید) بەمجۆرە راڤەو شەرحی دەکات:

ئەوەی خۆی بە قەومێکی تر دەچوێنێت – خوو رەوشتی ئەوان وەردەگرێت و دابو نەریتیان فێردەبێت و بەردەوام بێت لەسەر خۆ راهێنان و مەشقی درێژخایەن, بەمجۆرە دەبنە وەرزشکارو خاوەنی بەهرەو بلیمەتی.

دیارە گەیشتن بەو ئاستە, بەمانابوون بەسروشتی ئەو کەسەو پەیوەندی نامێنێت بە حاڵو دۆخی پێشتری, ئەی نابینین عەرەبێکی دەشتەکی (وشك)و گەمژە کە دێتە شارو گوندو تێکەڵی خەڵك دەبێت و ماوەیەکی زۆر لەناویاندا دەمێنێتەوە – چۆن دەگۆڕێت و قسەخۆش و نەرمو نیان دەبێت و وەك ئەوانی لێدێت؟!

ئەم حاڵە لەغەیری مرۆڤیشدا هەیە وەك بازو هەڵۆو پڵنگ, دەبینین چۆن ماڵیدەکرێن‌و خووە کۆنەکەیان نامێنێت‌و کز دەبن‌و دەبنە هاوڕێی مرۆڤ, بگرە شێر کەزۆر دوورە لەماڵیبوون, ئەویش دەیموچێنن‌و ماڵی دەبێت, (ابن الصابی) دەیگێڕێتەوە کە (عضد الدولة بن بوية) شێرێکی هەبوو, پڵنگ ئاسا راووشکاری پێدەکرد.

### 256-(ابن المعتز) وەسفی قەڵەمدەکات:

قەڵەم خزمەتی ویست‌و ئیرادە دەکات‌و بێزار نابێت, بەبێ دەنگی دەوەستێت, قسە دەکات بەزەویەکدا ملدەنێت کە سپیەکەی تاریکەو رەشەکەی روناکە.

(شرح نهج البلاغة)

### 257-نهێنی شکۆمەندی (شرح نهج البلاغة):

لەبەسرەدا خەڵکانێك بوون لە (عمرو بن عبيد) شەرعزانترو فەسیح (رەوان) تربوون, بەڵام (عمرو) لەهەموویان بۆ دینارو درهەم خۆگرترو سابرتر بوو, بۆیە بوو بەگەورەی بەسرە.

### 258-ئیلهامی شیعر:

(عبدالملك بن مروان) لە (ارطاة بن سهية)ی پرسی چیت پێماوە لەشیعر کە تەمەنت نزیکە لەسەد ساڵ؟ رانابوێرم, ناخۆمەوە, ئیدی شیعر لە کوێ بێنم؟

### 259-ستارەیەکی ئۆتۆماتیکی (في الاحاطة):

(منصــــور الموحـــدی) ســــتارەو مینبـــەرێکی لەمزگەوتەکەیـــدا دروســـتکردبوو, بـــەجۆرێك خـــۆی‌و وەزیرەکـــانی لـــەکاتی نوێـــژدا دەبینران‌و بیشیانویستبا خۆیان دەشاردەوە.

لەباسی ئەو ستارەیەدا (ابن مجبر)ی شاعیری مـراکش (سـاڵی 588 ك) ئەم چەند شیعرەی گوتووە:

جارێك گەمارۆدراوی وەك شوورەو دیوار,
جارێك خۆتیان لێدەشاریتەوە (وەك) نهێنیەك,
وەك لەخەڵك تێگەیشتبێت کە دەبێت,
بە (تۆزە تۆزە) بۆیان خەرجبکەیت.
کەهەستت کرد ئیمام سەردانی قەومانی دەکات,
یەکسەر دەڕۆیت بۆلای میوانەکان.

## 260-داهێنان بەرگەی زۆر (اكثار) ناگرێت (الاغاني):

لە (اسحق الموصلی) یان پرسی: چەند سترانت هەیە؟
-نزیکەی 400 سەد ئاواز.
پێیانگوت: بۆ وەك خەڵك زیاتری ناکەیت؟
-چونکە بەرد کونکردنە.

## 261-نهێنی سەرکەوتن (جامع بيان العلم):

لـەکتێبی عەجەمـدا خوێندمـەوە: لـە(جالینوس)یان پرســی چـۆن لەهەموو برادەرانت زاناتریت لە پزیشکیدا؟

–ئەوەی خەڵك ئەیدات بە مەیو خواردنەوە, من ئەیدەم بە زەیتی چرا.

262-**رەخنە لە ( نحو ) ( الاعتصام ):**

(قاسم بن مخميرة – تابعي) گوتی:

*(نحو) سەرەتاكەی فیزو لووتبەرزیەو كۆتایشی زوڵمە.

*هەندێك لەپێشینان گوتوویانە: (نحو) دڵنەرمی لادەباتو ئەو كەسەی دەیەوێت بەسوكایەتی بڕوانێتە هەموو خەڵك – با خەریكی (نحو) ببێت.

*(الشاطبي) گوتوویە: (نحو) وەك بابەتێكی تازە داهێنراو خراپ نیە, بەڵكو بۆیە زەمی دەكەن چونكە دەرئەنجامەكەی زیادە, وەك زانا خراپەكان بەهۆی زانستەكانیان زەم ناكرێن, بەڵكو بەهۆی دەرئەنجامی ئاكارو رەوشتیانە لەفیزو لەخۆگۆڕانو ... هتد.

*منیش دەڵێم: باقی زمانەوانەكانی كۆنو تازە, بەوە ناسراون كە ئاكارو رەوشتیان خراپە.

263-**بەهای رۆشنبیریو بەهای دەسەڵات ( الاحاطة ):**

لەكتێبی ژیانی (عبدالبر بن فرسان الوادی اشی) (لەچۆمی – اش –ە) كەچەمێكە نزیكی (غرناطة): بۆی گێڕامەوە كە منداڵێكی بچوك لەگەڵ منداڵی ئەمیرێكدا بەشەڕهاتن, كوڕە ئەمیرەكە بە منداڵەكەی گوت: باوكت چ نرخێكی هەیە؟

ئەم هەواڵە کە گەیشتەوە باوکی, بەتوورەیی چووەلای کوڕە ئەمیرو گوتی: خودا بتپارێزێت, من بێگومانم کەهاوڕێی باوکتم, بەڵام دەمەوێت تێبگەیت لەنرخی منیش و لەنرخی ئەویش, باشبزانە کە:

باوکت منی نارد بۆلای خەلیفە لەبەغداو نوسراوێکی پێدام لەبارەی خۆیەوە, کە گەیشتمە بەغدا خانوویەکیان بۆ گرتم بە (7) درهەم مانگانەو (7) درهەمیشیان پێئەدام رۆژانە.

مانگێك لەوی مامەوە, پاشان چۆڵمکردو بانگکرام بۆ (دارالخلافة) لەوێ چاوم بەچەندین ئەدیب و نەجیب کەوت, پۆزشیان بۆ هێنامەوە, گوتیان بەخەلیفە, ئەمە پیاوێکە پلەو بەهاو قەدرمان نەزانیوە.

منیان بردەوە بۆ شوێنێك کە بە 70 درهەم گرتبوویان و 70 درهەمیشیان رۆژانە پێئەدام, لەپاش چەند رۆژێك لە (دار الخلافه)وە بانگکرام و خواحافیزیم لە خەلیفەکردو وەڵامم هێنایەوە بۆ باوکت, مامەڵەی یەکەم هێندەی قەدری باوکت بوو, بەڵام مامەڵەی دووەم هێندەی قەدری من بوو.

*ئەو ئەمیرە (ابن غانیة) بوو کە لە (خلیفة الموحدین یعقوب بن یوسف المنصور) یاخی بوو, ئەوکاتە خەلیفەی بەغدا (الناصرالدین الله) بوو.

## 264-هاوکێشەیەکی چینایەتی (فی الاستقصاء):

*(شیخ عبدالله التاودی) مندالانی فێری خوێندەواریدەکرد بەکرێ, پارەی لەمندالانی دەوڵەمەندان دەسەندو دەیخستە بری کرێی هەژاران.

*(هـيرودوت)ی مێـژوونووس باسـيدەكات كـە خـەڵكی (بابـل) لەهەموو ساڵێكدا ئەو كچانەی كاتی شووكردنيان هاتووە مارەيان دەبڕينو بەمجۆرە: پاشان مارەييە زۆرەكەيان ئەدا بە هەژاران بۆ ئەوە كچە (ناجوانەكان) بهێنن, بەمجۆرە كچيان هەموو ئەدا بەشوو.

265-**رەخنە لە زانايان (أخلاق العلماء/ للأجري):**

(فضيل بن عياض) بە شەرعزانەكان –فقهاء–:

*دەڵێت: جلوبەرگی ئێوە وەك جلوبەرگی (كيسراو قيصر)ە نەك هی محەمەد.

*ديسان (فضيل) پێيان دەڵێت: زانا زۆرنو حەكيمو دانا كەمن.

*لەباسی زانای خراپدا (أجری) دەڵێت:

زانای خراپ ئەوانەن كەيفيان لەشەرەفو پلەوپايە هەيەو حەز دەكەن ئامادەی كۆڕی پاشايانو ئەهلی دونيا بن, ديارە ئەمەيش بەو نيازەيە كە خۆشگوزەران بن, ديارە ئەمەيش بەكزكردنی دينو سەرشۆڕی دەبێت بۆ پاشايانو دەستوپێوەنديان, بێدەنگبوونە لەكارە خراپو قێزەونەكانيان, جوانكردنو ئارايشكردنی خراپەكانيان بە بيانووی لێكدانەوەی (تأويل) هەڵەی بێ بنەما.

266-**ئەگەر هەڵە نەبايە, خۆری راست (صواب) هەڵنەدەهات.**

**(ابو الحسن العامري)**

267-**سيفاتی پێويست بۆ زانا (الاجری):**

1-زانستەکەی نەخاتە خزمەتی خۆی لەلای پاشایانو خۆی پێبەرزبکاتەوە یان زانستەکەی بیبات بۆلای ئەوان, بەزانستەکەی پارە پەیدا نەکاتو پێداویستی پێبکرێت.

2-کوڕی دەوڵەمەندان لەخۆی کۆنەکاتەوە, کوڕانی هەژارانیش دووربخاتەوە.

3-بۆ ئەو خوێندکارانەی کە (کەودەنن)و درەنگ تێدەگەن, بەسەبرو خۆگربێت.

4-بەلێدان هەڕەشەو قسەی ناشیرین, منداڵ تەریقنەکاتەوە.

5-کەپرسی شتێکی پێکراو نەیدەزانی, بەبێ تەریقی بێژێت: نایزانم.

6-کەپرسی شتێکی پێکراو دڵنیا نەبوو لێی, بابڵێت پرس بەخەڵکی تر بکەن.

268-**خەڵك بۆ جوانیان خۆشدەوێت؟ (اخوان الصفا):**

بۆیە خەڵك هەمیشە حەزی لەروخساری جوانو قەشەنگە, چونکە حەزێکی دەروونیە, وە زۆربەی ئەو شتانەی کە دەبینرێن لەم جیهانەدا قەشەنگ نین چونکە تووشی بەلا دەبن, جایان بە خۆڕسك جوانن یان پاشان ناشرین دەبن.

باشترین بەڵگەیش ئەو ساوایانەن کە چەند جوانو بێگەردنو نزیکن لەدوا ساتەکانی دروستبوونیان, یان جلوبەرگی تازە چەندە جوانەو قەشەنگە, چونکە دوورە لەبەلای تازەی رزانو کۆن بوون.

269-**ئامۆژگاری پزیشکی (السمرقندی):**

مـرۆڤ دەبێـت لەسـكی تێـرو پـڕەوە نەخـەوێت, چـونكە دڵ لاواز دەكات, وە پێغەمبـەریش گوتوویـە: خـواردن بـە نوێـژكردن بتاوێنـەو لەسكی تێرەوە مەخەوە چونكە دڵتان ئازاری پێدەگات.

(بستان العارفين)

270-لەداب و نەریتەكانی كتێبخواستن (الزهری):

* لە داگیركردنی كتێب, خۆتان بپارێزن.

(مەبەستی لەنەگێڕانەوەی كتێبی خوازراوە).

*(نووی) داوا لـە خـوازەری كتێبـدەكات كـە هێنانـەوەی كتێـب دوا نەخات چونكە خەڵكی تریش چاوەڕوانن.

(المجموع في شرح المذهب للنووي)

271-كتێبخانە (معجم الادباء):

لەناوچـەی (كركـر)ی سـەر بـە (القفص) دا پارچـە زەویـەكی بـەنرخ هـەبوو كـەهی (علـی بن یحـی المنجم) بـوو (یـەكێك بـوو لـەپیاوەكانی متوكـل) لەوێـدا كۆشـكێكی گـەورەی بنیـات نـابوو, لـەو كۆشـكەدا كتێبخانەیـەكی زۆر گـەورەو پـڕ لـە كتێـب دانرابـوو, خـەڵك لەهـەموو شـارو وڵاتێكـەوە روویـان تێـدەكردو لەهـەموو زانسـتێكدا سـوودیان لێـوەردەگرت, كتێـب بـۆ خوێنـەران زۆر بـوو, دەبـوو هـەموو كەسـیش پابەنـدبێت بـە پاراستن و ئاگاداریكردنی كتێـب و كتێبخانـە, خـەرج و پێداویستی خوێنەرانیش لەسەر حیسابی (علی بن یحی) بوو.

(ابو معشر الفلكی) خەڵكی (خوارسان) بوو, سـەفەری حـەجی كـرد لەڕێگا سەردانی ئەم كتێبخانەی كرد, هێندە عاشقی كتێب بوو, ئەو

ساڵە حەجەکەی نەکردو پێشتریش باسی ئەم کتێبخانەیەی بۆ کرابوو, هەتا ئەوکاتەیش لەبارەی ئەستێرەناسی شتی زۆری نەدەزانی, لەو کتێبخانەیەدا فێری ئەو زانستە بوو بگرە بوویش بە زانایەکی بەناوبانگ لەو زانستەدا, ئەم سەفەرە دوا پەیوەندی بوو بەحەج و بەدین و بە ئیسلامیشەوە!

*(کرکر): گوندێکە نزیکی بەغدایە.

### 272-سەربەخۆیی راوبۆچوون (معجم الادباء):

(ابو طالب الدمشقی) لەسەفەری حەجدا بوو بە هاوڕێی زانایەك لەزانستی (کلام – فەلسەفە) دا بەناوی (ابو البرکات العلوی), ئەم پیاوە باسی ئەوەی بۆ کردووە کە (قرآن) (مخلوق)ە.

(ابو طالب) پێیگوت: ئیمامەکان رایان وانیە, ئەویش گوتی: ئەهلی هەق, هەق دەناسن, بەڵام هەق ئەهلی خۆی ناناسێت.

*مەبەست لەبۆچوونی (قەدەر – قەدەریەکان), ئازادی ئیرادەیەو (معتزلە)کانیش هەمان بۆچوونیان هەیە, (معتزلە)کانیش رایان لەسەر (مەخلوقیەتی) قورئانە, بەڵام سەلەفیەکان ئەمەیان بەلاوە هەڵبەستراوو درۆیە, چونکە ئەو بۆچوونە لەگەڵ قودسیەتی قورئاندا –وەك کەلامی ئەزەلی خودا– ناگونجێت و قورئانیش (مخلوق) نیە.

### 273-(مأمون)و رۆشنبیر:

*خودا رەحم بە قەڵەم بکات چۆن بەرگەی ئەم هەموو قسە گۆڕکێ و (راستی لەخەڵکگوتنە) دەگرێت لەولاتدا؟

یان پێنوس چۆن پێڕادەگات ئەم هەموو شتە تاوتوێ بکات؟

**274-دژی دەق و دەفكاری (النصية) دەڵێن (ابو درداء) گوتوویە:**

شەرعزان (فقیە) لەهەموو شەرع تێناگات هەتا ئەوكاتەی بۆ لێكدانەوەی قورئان چەندین مانا رەچاو نەكات.

(عوارف المعارف – احياء علوم الدين/ الغزالي)

**275-چەند پێناسەیەك بۆ زانست – لەكتێبی (منهج الطالبين – من كتب الخوارج) پێناسەی زانست وا كراوە:**

حەقیقەتی شتێك جیا بكرێتەوە لەو حاڵەی كە هەیە

*لەنامەكانی (ابن سبعين) دا هاتووە:

پەیدابوونی وێنەی شتێك لەهەمان جیهاندا, ئەم (پەیدابوونی وێنەیە) بەهۆی (قیاس)و بەراوردو راستگۆیان بەبەڵگەو ئیسپات سەلمابێت.

**276-شیكاریەكی تیئۆریە لە پێش دۆزینەوەی كیشوەری ئەمریكا:**

ئێمە (هادی العلوی) لەچاپی یەكەمی ئەم كتێبەدا باسی چەند هەڵبژاردەیەكمان لەكتێبی (اسعاف النشاشيبى) كرد كە لەكتێبێكی دەستنووسی (العمری) دا بەناوی (مسالك الابصار)ەوە وەری گرتبوو.

ئێمەیش پاش گەڕان و پشكنین, دەستنوسێكی تری هەمان كتێبمان دەستكەوت لەكتێبخانەی (بودلیان) ی (ئۆكسفورد), وا لێرەدا دەقی ئەو راپۆرتە دەخەمە پێشچاو كە لەم نوسخەیەدا هاتبوو:

(ابن فضل العمري) گوتی: پاش ئەوە باسی حەوت هەرێمەکە کرا, من رامنیە لەسەر ئەوەی کە بێجگە لەو (7) هەرێمە شوێنی تر ببێت بۆ قووڵی باکوورو هەرێمی 8 م پێکبێت.

چونکە لەهەرێمی ژوورتردا نەڕووەك و نە گیانلەبەر هەیە, بەهۆی ساردیو بەستن یان بەهۆی پلەی بەرزی گەرماو ووشکی.

پاشان (العمری) دەڵێت: گوتراوە کە زەوی وەك جەستەی مرۆڤەو ئەم لێکچوانەی بەهەڵە زانیوە.

277-عەقڵو ئافرەت (الغزالی):

مرۆڤ کە گیانداران و حەیواناتی دی جیا دەکرێتەوە بە (غریزە) کە عەقڵ تەعبیر لەو غەریزەیە دەکات.

*وەك ئافرەت لە شتەکانی ترو رەنگو وێنەکان بەناسکیو لووسی جیادەکرێتەوە.

*چاو لە (تەوێڵ) بەچەندین سیفاتو تایبەتمەدی جیا دەکرێتەوە ئەویش بینینە.

کەواتە پەیوەندی عەقڵ لەگەڵ زانستەکاندا وەك پەیوەندی چاوە بە (بینین)ەوە.

(احیاء علوم الدین)

## 278-ئالۆزی (التعقید) شت, تێگەیشتن پتەو دەكات:

(المراكشـی) لـەكتێبی (المبـادئ والغایـات) دا باسـی ئاسـانی و سـووكی (اسـطرلاب المخروطـي) دەكـات و دەڵێـت: ئـەم ئـامێرە ئاسـانكارە, (ابـو حامـد بـن محمـد بـن الحسـين الصـنعانی – خـەڵكی سـەنعای یەمەنە)دروسـتی كـردووە, لـەبارەی ئـەم شـتە ئاسـانكەرەوە كتێبێكـی زۆر بەسـوودی دانـاوە بـەڵام لێگەیشـتنی زۆر سـەخت و دژوارە, (نصیر الدین الطوسی) یش گوتوویە ئەمجۆرە ئیشە سوودی بۆ زانستی ماتماتیك هەیەو تێگەیشتن و هوشیاری زیاتر دەكات.

## 279-چەند نموونەیەك لەخەیاڵی عیلمی (الف لیلة):

لەشـــەوەكانی (352–353–354–368) ڕووداوەكـــان باســـی ئەسپێكی باڵـدار دەكـەن كـوڕی پاشایەكی فارسـی سـواری بـووە كـە عاشقی كچە پاشای (یمـن)ە, ئـەم ئەسـپە باڵـدارە لـە عـاج و ئەبـەنۆس دروسـتكراوەو دوو برغـوی پێوەیـە, یـەكێكیان بـۆ هەڵكشـان بـەرەو ئاسمان یەكێكیان بۆ دابەزینـە, كـە ویسـتی بفڕێت, برغوەكـەی بـەرز بوونەوە دەگوشێت و بایئەدات و ئەسپەكە دەجمێنێ و باڵدەگرێتـەوە, هەتا برغوەكەیش باشتر سووڕبدرێت بەرزتر دەبێتەوە.

كـە ویسـتی دابـەزێت, برغـوی دابـەزین سـووڕئەدات هـەتا دەگاتـە نزیـك سـەر زەوی, لەوكاتـەدا چـەند جارێـك دەلـەرزێت و (هەڵبـەزو دابـەز) دەكـات و پاشـان دەوەسـتێت, پـێش بـەرزبوونیش خـاوەنی ئەسـپەكە (كـە دانایـەكی فارسـییە) پارچـەكانی دەپشـكنێت و دڵنیـا دەبێت كە ئامادەیە بۆ كار.

(الشریف الادریسی) نەقڵیكردووە:

(هەرچەند زەوی خڕە بەڵام خڕیەکەی تەواو نیە, هەندێك شوێنی نزمەو هەندێکیشی بەتەواوی خڕ نیە هەندێك شوێنیش بەرزە, بۆیە گوتراوە کە رووی زەوی هەندێکی بەرزیو نزمیەو دەریاش نیوەی زەوی داپۆشیوە بەشێوەی پێوەلکان, ئەم داپۆشینی دەریایە وەك دیمەنی دەرنەکەوتنی نیوەی زەویە لەرۆژ, ئەم دیمەنەیش وەك هێلکەیەك کە دەخرێتەناو ئاوەوە تەنها نیوەی لەخەڵکەوە دەرئەکەوێت).

پاشان لە (ابوالثناء الاصفهاني) یەوە ئەم دەقە نەقڵ دەکاتو دەڵێت:

شێخی بێوێنەمان (ابوالثناء محمود بن ابي القاسم الاصفهاني) گوتوویە:

من بەدووری نازانم ئەو بەشەی کە ئاو بەجێی هێشتووە لەڕووی ئێمەوە, لەڕووی ئەودیوی زەویش هەروا بێت, دیارە کە ئەمە بەدوور نەزانم, ئەوەیش بەدوور نازانم کە هەمان گیانداری رووەك لەم دیو هەیە لەودیویش ببێت, یان هەمان کانزاو رەگەزەکانی تریش.

## 280- (ئاسەوارناسی)و کۆڵینکاری (الف ليلة):

لەچیرۆکی (عبدالله بن فاضل) والی بەسرەدا هاتووە کەناوبراو چۆتە شارێك دانیشتوانی هەموو بەردبوون, کەدەستی بەر قوماشێك دەکەوت, ورد ئەبوو وەك تاڵەکانی (جاڵجاڵۆکە).

## 281-مەرجەکانی گومان ( پەندێکی سۆفیە ):

گومـانی بـیٚ نیشـانه (وسوسـة) و دوودڵیــەو نزیکـه لەچـرپاندنی شەیتانەوە.

### 282-خەیاڵی عیلمی (الف لیلة):

لەچیرۆکی (علـی الزیبـق المصـری) دا هـاتووه کـەخۆی بـه (زفـت) چەورکرد بەو نیازەی که خۆی بگۆڕێت, لەوکاتەدا (دلیلة)ی ئۆینباز رۆنێکی هێنا بۆ ئەوەی بزانێت (علی) خۆی گۆڕیوه یان نا.

### 283-هەروەها لەشەوی (396) ی (الف لیلة) دا:

باسـی شووشـەیەك کـراوه بەنوشـتانەوه ناشـکێت, ئـەم شووشـەیە لەو شتانەدا بووه که له ئەهرامەکاندا دۆزراوەتەوه.

### 284-قۆناغەکانی مەعریفه (ترتیب عرفانی) لـ(المکزون السنجاری):

1-زانـینی یـەقینی: بەوەسف و باسـکردنی راسـتگۆیانەو (یقـینی) بیزانیـت, بەنموونـه: بەدرێـژی باسـی هـەنگوینت بـۆ دەکرێـت و بـه (یەقینی) تێی دەگەیت.

2-خودی یەقین: بەچاوی خۆت دەیبینیـت, بـه نموونـه: هـەنگوین وەك لەمەوپێش بۆتباسکراوه بەچاویش دەیبینیت.

3-هەقی یەقین (حق الیقین) راستەو بیناسیت لەپاش ئەوەی که به (باسـکردن بـۆت) زانیوتـەو بەچـاویش دیوتـه, بەنموونـه: خـواردنی هەنگوین لەپاش ئەوەی که بۆت باسکراوەو دیویشته.

4–هەقیقەتی (حق الیقین): لەئەمەشدا مرۆڤ دەگاتە (فەنای کوللی – الفناء الکلي).

منیش دەڵێم:

یەکەم: زانینی نەزەریە, بەپێی لۆجیکی (منطق) سەردەم.

دووەم: تێبینی کردنە.

سێیەم: ومارەسەیە.

چوارەمیش: چوونە جیهانی سۆفیانەیە لەدەرەوەی سنووری مادەیە.

**285–وزەی عەقڵو وزەی خەیاڵکردنەوە (ابن سبعین):**

عەقڵ ئەوە دەبینێت کە لەواقیعدا هەیەو گەمارۆی ئەدات, بەڵام وزەی خەیاڵ دەجووڵێتو بەرەو دەرەوەی سنووری واقعی گەمارۆ دراوە.

**286–سەربەخۆیی مورید پاش قۆناغی شاگردی:**

کە مورید گەیشتە پلەی شێخ, لەشێخ جیا دەبێتەوە, ئیدی خودای گەورە سەرپەرشتی دەکاتو بەگشتی خودا شیری پێئەداتو شێخیش دەبێتە دایەنو دوو ساڵێك شیری پێئەدات.

**(عبدالقادر الگیلانی/ فتوح الغیب)**

*(ارنست رینان) پابەندە بەگوتەی (ئەوەی شێخی نەبێت, شێخی ئەو شەیتانە), مەبەستی (رینان)ئەوەیە کە: عەقڵی شکۆدار بەبێ یارمەتی دی ناتوانێت بەسەربەخۆیی بیربکاتەوە, رۆژئاواییەکان

بـەمجۆرە گوتـەو قسـانە پشـت دەبەسـتن لەکاتێکـدا کـە ئـەو قسـانە لەسیاق و کەش و هەواو مەرجە واقیعیـەکان دابـڕاون و گوتـەی رووتـن (مجرد).

(رینان)یش زانایەکی گەورەیەو ئەگەر گوتەکـەی (گـەیلانی) دیبایـە خۆی نەدەخستە ئەوتەنگژەیە.

### 287-چەند راستیەکی گەردووونناسی ( عبدالکریم الجیلی ):

ئـەو ئاسمانـەی لەئێمـەوە دیـارە, ئاسمـانی جیهـان نیـە بـەڵکو هەڵمەکـە لـە سروشـت و تـەڕی ئـاوو وشـکی زەوی بـەهۆی گـەرمی رۆژەوە بەرز دەبنەوە, ئەو بۆشاییە پڕ دەکەنەوە کەلـە بـەینی زەوی و ئاسمانی جیهاندا هەن, ئەمەیش بەپێی ئەو رووناکیـەی کـە دەڕژێتـە نێو ئەو هەڵمانە.

لەحەدیسـی پێغەمبەریشـدا هـاتووە کـە نێـوان ئاسمـانی جیهـان و زەوی 500 ساڵە بەڕۆیشتن.

بەڕای گشت زانایانیش چاو ماوەی 500 ساڵ نابینێت و وە ئەگـەر ئەستێرەکان خۆیان روناکی رەوانەی زەوی نەکەن, نابینرێن, دەبێت لەئاسمانەکانـدا چـەند ئەسـتێرەی رونـاك بـن و تیشـکیان – بـەهۆی دووریان لەزەوی– نەبینرێن؟!

(جیلی) بەکورتی ئەو زانیاریانەی باسکردووە کە لەوکاتەداو لـەناو زانا ئیسلامەکاندا باوبووە.

### 288-چەند جیهانێك - دەڵێن هی ( جعفر الصادق )ە:

خودای گەورە 12 هەزار جیهانی گەورەی هەیە, هەموو جیهانێکی لە 7 ئاسمانە.

ئەو جیهانانەیش نابینرێنو خودایش جیهانی خۆی هەیە.

(الخصال/ للصدوق)

289-چەند مرۆڤایەتی- دەڵێن ( محمد الباقر ) گوتوویە:

لەپێش باوکە ئادەمی ئێمە هەزار ئادەمو بگرە زیاتریش بوون.

290-مرۆڤ ( عبدان القرمطي ):

مرۆڤ بەکەم قانع نابێت, چونکە لەکەم دروسنەکراوە, داواکاریەکانی زۆرن چونکە لەزۆر شت پێکهاتووە, کەواتە مرۆڤ سەرتاپای جیهانەو پاشای گشت جیهانە, چونکە لەگشت جیهانە.

(شجرة اليقين)

*ئاماژە بەوە دەکات کەمرۆڤ پێکهاتەی زۆر ئاڵۆزو موعەقەدترە لەهەموو ئافەریدەکانی ترو خاوەنی جیهانە.

291-دژی پڕو پووچو خورافە ( منهج الطالبين ):

(ابو محمد) یەکێکە لەئیمامەکانی خەوارج دەڵێت:

مـــرۆڤ جنۆكـــه دەبـــينیّ‌و لەگـــەڵیان دەدوێـــن, ئـــەوەی دەڵێـــت سیحربازەكان دەبنە كۆتر, پێویستە بگەڕینـەوەو تۆبـە بكـەن‌و داوای بەخشین لەخودا بكەن, دەنا بەرین لەئاینی خودا.

### 292-خۆكوشتنی بیرمەندێك (معجم الادباء):

(ابو القاسم الخوارزمی) نازناوی (خۆری رۆژهـەڵات) بـوو, باشـترین مرۆڤ بوو لەسەردەمی خۆیدا لەزمانەوانی‌و ئەدەبدا, بەڵام خوویدایـە (فەلسـەفە)و عاشـقی شـەیدای بـوو, مرۆڤێكـی ئـاغرو سـەنگین بـوو, موتـاڵای شـەرعی دەكـردو هەنـدێك جـاریش لەكێشـە خیلافیەكانـدا موجادەلەیـدەكرد, گـوێی لەحـەدیس دەگـرت‌و بـەزمانێكی شـیرین راڤەی دەكرد.

(زمخشــری) پێـی دەگـوت (جـاحظ)ی دووەم چـونكە زۆر شـتی لەبـەربوو, لەدوانیشـدا یـەكجار رەوان‌و فەسـیح بـوو, ماوەیـەك لـە (خـوارزم) بـوو لـەلای (خـوارزم شـا) و زۆر رێـزی لێـدەگیرا, پاشـان رۆیشـت بـۆ (مـرو), لـەوێ بەدەسـتی خـۆی (خـۆی سـەربڕی) لەسـاڵی 521ی كۆچیدا, پارچەیەك كاغەزی جێهێشت نووسی بووی: ئەمە خۆم بەدەستی خۆمكردوومە كەس گوناهبار نەكرێت.

### 293-گشتاندنی (تعمیم) مەعریفەی پزیشكی:

شتێكی جوانە كەمرۆڤ هوشیاری پزیشكی ببێت خـۆی لـەو شـتانە بپارێزێت كەزیانی بۆ جەستەی هەیە, داناكـان گوتوویانـە: زانسـت, دوانە: زانستی ئاین‌و ئایینناسی, زانستی جەستەو پزیشكی.

چەندە پێویستە شارەزا بێت لەکاروباری ئایندا, هێندەیش پێویستە لەکاروباری پزیشکیدا شارەزا بێتو خۆت لەوشتانە بپارێزێت کەزیانیان بۆ لەش هەیە.

(بستان العارفين/ للسمرقندي)

294- **پلەو پایەی مامۆستایان – دەڵێن (پێغەمبەر) گوتوویە:**

خۆشەویسترین کەس لەلای خودا پاش پێغەمبەرانو شەهیدان, مامۆستایانن.

295-**قوتابی لەنێوان هوشیاریو لەنێوان شوێنکەوتنو (تەقلید) – سلیمان بن موسى:**

(3) جۆر خەڵك لەدەوری زانا کۆدەبنەوە:

*پیاوێك ئەوەی دەیبیستێت وەریدەگرێت.

*پیاوێك نانوسێتو گوێدەگرێت, ئەمە پێی دەڵێن: ئامادەبووی کۆڕی زانایان.

*پیاوێك بژنینەیەو بەئەقڵی خۆی چی باشە هەڵیدەبژێرێت, ئەم پیاوە باشترین کەسیانە, ئەوەیش کە دەیبیسێت وەریدەگرێت, شەو بەسەر دەبات وەك داری سووتاندنی شەو.

(تأريخ ابو زرعة/ سليمان بن موسى)

296- **مێژوونوسێك رەخنە لەخۆی دەگرێت:**

(ذهبي) لەبارەی تەمەنی (سلمان الفارسی)ەوە دەڵێت: زۆر هەوڵمدا کەتەمەنی بزانم, بێجگە لەگوتەی (بحراین) هیچم

دەستنەکەوت کە دەڵێت: (ماوەی 300 ساڵ ژیاوە ئەمەیش رایەکی بچڕ بچڕەو لاوازە, گشت ئاکارو ئەحواڵی, گشت غەزەوات‌و ئازایەتی, گشت هەواڵەکانی: دروستکردنی سەبەتەو کاریدەست لە لقو لاسکی دارخورماو چەندین شتی تر وای دەسەلمێنن کە تەمەنی زۆر نەبووەو پیریش نەبووە, لەلاویدا نیشتمانی خۆی جێهێشتووە, لەتەمەنی 40 ساڵیدا گەیشتۆتە (حیجاز) یان شتێك کەمتر, پاش ماوەیەکی کەم بیستی کە پێغەمبەرێك نێردراوە, لەپاش ماوەیەك لەحیجاز کۆچیکردووە, زۆر نزیکە (70) ساڵ‌و چەند ساڵێك ژیاوەو باوەڕ ناکەم 100 ژیابێت, ئەوەی کەزانیاریەکی هەیە لەبارەیەوە بۆمان باسبکات, دەڵێن (ابو الفرج ابن الجوزی) باسی تەمەندرێژی سەلمانی کردووە, بەڵام شتێك نیە پشتی پێببەستم.

منیش لەکتێبی (تأريخ الكبير)دا گوتوومە کە, سەلمان 250 ساڵ ژیاوە, منیش ئێستاو لەم کاتەدا بەم ساڵە رازیم‌و راستی ناکەمەوە.

## 297-ناکۆکی نێو مرۆڤ (ئایەتی قورئان/ سورة الهود):

(ولو شاء ربك لجعل الناس امة واحدة, ولايزالون مختلفين الا ما رحم ربك ولذلك خلقهم) (ئەگەر خودا ویستبای, مرۆڤەکانی دەکرد بە یەك گەل, هەتا ئێستایش ناکۆکن بێجگە لەو کەسانەی خۆی رەحمی پێکردوون, خودایش بۆ ئەوە دروستی کردوون) هەندێك لەراڤەکەرانی -مفسرين- قورئان دەڵێن: خۆی بۆیە دروستی کردوون تاکو ناکۆکبن.

(الشاطبي) لەکتێبی (الاعتصام)دا چیرۆکی (کاغەز - قرطاس) دەهێنێتەوە کە: پێغەمبەر لەکۆڕێکدا داوای کاغەزی کردووە بەڵام

بۆی پەیدا نەکراوە, ئەویش گوتوویە: خودا باشتر دەزانیت و خۆی سروشی (وحی) ناردووەو ئەم کتێبەی کردووە بە رەهبەریان و ئیدی هەرگیز گومڕا نابن ئومەتیش لەڕێگەی ئەو لانەدەن, ئەو ناکۆکیانەی کەپەیدا دەبن, خۆی لەرۆژی ئەزەلدا بڕیاری لەسەرداون و وەك هەموو خەڵکانی دی.

298-**شکۆمەندی زانست و زەلیلی سامان (الفتح الربانی):**

ئەی زانا! عیلمەکەت پیس و چڵکن مەکە لەلای دونیا پەرستان, شتی بەرز مەفرۆشە بەشتی هیچ و پووچ.

299- **پیاچوونەوەی قورئان (مسند أحمد):**

لە (ابن عباس) دەگێڕنەوە کە, پێغەمبەر هەموو ساڵێك (قرآن)ی دەخستە پێشچاوی (جوبرەئیل) ئەو ساڵە کە پێغەمبەر تیا کۆچی کرد 2 جاری خستە پێشچاو.

لە(تفسیر)ەکاندا باسکراوە کە (سورة الاحزاب) یەکێکە لە (7) سورەتە درێژەکان و هەڵەی تێکەوتووە.....

300-**رەخنە لە (ابو حنیفە) – (ابو سعید السیرافی):**

هەندێك کێشە هەیە کە (ابو حنیفە) چارەسەری کردووە, من پێی قانع نیم و هاوڕێو هەوادارانی مەزهەبەکەیشی پێی قانع نین.

(معجم الادباء)

*ئـەم رەخنانــە زۆربــەیان لەســەر ئــەوە بــوو كــە (أبــو حنیفــە) خواردنەوەی حەڵاڵ كردووە.

(الاوزاعی)

*(عبداللـە بـن مبـارك) دەڵێـت: مـن لـەلای (اوزاعـی) وەسـفی (ابـو حنیفـە)م كـردووە, ئـەویش وەڵامـی نەداومەتـەوە, لـەكاتی هەڵسـانو خواحافیزیدا پێمگوت:

ئامۆژگــاریم بكــە! ئــەویش گــوتی: مــن نەمدەویســت ئەگــەر تــۆ پرسـیارت لـێم نـەكردبا, تـۆ باسـی پیاوێكـت دەكـرد كـە: شمشـێر هەڵكێشان دژی ئومەتی محەمەدی لەلا دروستە.

(تأریخ ابور زرعة)

*ئاماژە بۆ ئەوە دەكات كە (ابو حنیفة) پشتگیری لـەو بزوتنـەوە چەكداریانە كردووە كەدژی خەلیفەكان خەباتیان كردووە.

301-**لەگەڵ گەردووونـاسیو دژی ئەستێرەگەریی (التنجیم):**

باشـترینو پڕتـرین بابـەت دژی ئەسـتێرەگەران, ئەوەیـە كەشـێخی فەلسەفەناسـان (مـتكملین) لـە سـەردەمی خۆیـدا (محمـود بـن علـی الحمصــی) گوتوویــە: كــە بــەوە قایلــە ئەستێرەناســی پەیوەنــدی بەماتماتیكـەوە هەیـە, بـەڵام ئینكـاری لـەوە دەكـات كـە: ئەسـتێرەكان هۆیەكی ئەكتیڤو كاریگەر بن.

لـەكتێبێكی (محمـود) دا باسـی چـەندین پرسـیار كـراوە كـە پیـاوە گەورەكان لێیان كردوون بۆیان باسكردوون, پاشان (محمود) لەخۆی

**دەپرسێت: چۆن ئینکاری ئەوە دەکەیت کە (ئەستێرەگەران) دەستیان هەیە لە هەواڵی مانگ و رۆژگیران و بینینی مانگدا؟**

**یان چ دەڵێن لەبارەی ئەو چیرۆکانە کە ئەستێرەگەران رووداوەکانی دوارۆژیان زانیوەو پێشوەخت خەبەریان داوە (تنبؤات)و فیعلەن راستیشبووە؟ لەوەڵامدا (محمود) دەڵێت: سەبارەت بە مانگو رۆژگیران و مانگ بینین، پەیوەندەبەحیساب و ماتماتیك، بەهۆی ماتماتیکەوە دەزانن کە لەگەڵ مانگداو لە یەکێك لەدوو گرێکەی (عقدتين) (سەر)و (کلك)دا کۆبوونەوە، ئەوکاتە زەوی دەکەوێتە بەین و تیشکی خۆر نادات لەزەوی، چونکە زەوی لەخۆر تیشك وەردەگرێت، ئەمەیش پێی دەڵێن رۆژگیران، ئەوان لەرێگای ماتماتیکەوە ئەتوانن دووریی نێوان رۆژو مانگ بدۆزنەوە، ئەتوانن ئەو شەوانە دیاری بکەن کە مانگ لەواندا دەبینرێن و ئەو رۆژانەیش کە لەچاو بزر دەبێت، گشت ئەمانە لەرێگای حیسابەوە دەکرێن و پەیوەندیان بەپێشبینی نیە، بەڵکو ئەوە پێشبینیە کە بڵێن لەکاتی رۆژگیران یان مانگگیراندا ئەم شتانە روو ئەدەن، لەمکاتەدا دەبێت بە ئەستێرەگەریی (تنجيم).**

**سەبارەت بە پێشبینیان بۆ رووداوەکان، زۆریان هەر روونادەن، هەندێکیان بەرێکەوت (صدفة) رووئەدەن، ئەوکەسانە کە ئەمجۆرە کارانە دەکەن، فاڵچین و لەپاڵیشیدا خەڵك دەترسێنن، ئەمانە شارەزای ئەستێرەگەری نین، بەڵکو ئەو پیرەژنانەن کە بەرد کۆمەڵدەکەن و بۆ ئەو کەسانە کە (پەرکەمیان هەیە – مصروع) درۆ هەڵدەبەستن، یان گێل و کەمفامان فریو ئەدەن بەو شتانەی کەبەرێکەوت هاتوونە دی.**

*منیش دەڵێم (هـ . ع) لەبۆچوونەکانی کەڵەزانای (محمود الحمصی)یەوە رۆشندەبێت ئەگەر قسەکانی ئەستێرەگەران و فاڵچیان راستبێت, بۆچوونی (جبرية)کانیش راستە مرۆڤ لەژیانیدا هیچی بەدەستنیە.

دیارە ئەم بۆچوونە دژی شیعەکانە کە ئەوانیش هەمان بۆچوونی (معتزلة)ەیان هەیەو دژی (جبرية)ن, بەڵام هەندێك لەزاناکانی شیعە بەتایبەتی (متأخرين) یان باوەڕیان بە (سلف) یەکان بوو کەزۆر دژی بۆچوونی (اختيار)و ئازادی مرۆڤن.

ئاگادارییەك: لەلای زانا دێرینەکان, (گەردووناسی)و (ئەستێرەگەری – تنجيم) یەك زانستبوو, کە دەیانگوت فلانکەس گەردووناسە لەهەمانکاتیشدا پێیان دەگوت ئەستێرەناسە, بەڵام هەندێك لەزانا قەدیمەکان بەجیاوازیان لەقەڵەم داون, هەروەها بڕیاری ئەستێرەناسان پێیان دەگوت: الاحکام, هەندێکیش هەموو کارەکانی ئەستێرەناسیان, چ شارەزایی ڕێگاکان بەهۆی ئەستێرەوە, چ (پاشە رۆژزانین) بەهۆی ئەستێرەوە, تێکەڵکردووە.

دیارە کەڵە زانای (حمصی) هەستی بەم فرە جیاوازیانە کردووە, لەکتێبی (الامال)ی (مرتضی)دا هاتووە کە (علاف)ی موعتەزیلی گەنجێکی لەلای (حسن بن سهل) دیوەو پرسیاری لەمبارەوە کردووە, ئەوانیش گوتوویانە: کاری ئەستێرەگەرییە, ئەویش گوتی لەکۆمەڵی حیساب و ماتماتیکە یان لەکۆمەڵی (احکام)ە (واتە فاڵچی و رەملێدان و قاوەگرتن و کوڵەنانی و.....؟) ئەوانیش گوتیان لەکۆمەڵی (احکام)ە (علاف)ی موعتەزیلی گوتی: ئەمەیان باتڵە!

302-**نارنجۆکی (مولوتۆف) - (المنتظم لابن الجوزي):**

لەباسـی گـەمارۆی بەغـدا لەلایـەن (محمـد شـاه السـلجوقی) لەسـەردەمی خەلافـەتی (المقتضـی) دا, باسـی چـەکێك دەکـرا کـە لـە بـەرگریکردن لەبەغـدادا بـەکار هـاتووە, ئـەویش شووشـەی پـڕ لـە (نەوتی سووك) بوو, دەڵێن 18 هەزار شووشەی پڕ لەنەوت گیراوەتـە سـوپای سـەلجوقی, گەمارۆکـە شـکاو (محمـد شـا)یش سـوپاکەی تێکشکا.

303- **پرسیارێك لەبارەی ( أهرام )ەکانەوە:**

چاوم گێڕاو بەقەشەنگیو جوانی بیناکانیدا سەیرانو گەشتم کرد, وەلێ فیکـرو هۆشـم ئـەو سـەیرانەیان نـەکرد چـونکە نـازانن بۆچـی دروستکراونو مەبەستیان لەدروستکردنیان چی بووە؟

(الف لیلة) –شەوی 379–

304- **پێشینەیەك بۆ شیعری حوڕ:**

*چەند (رجز)ێکی کۆن (یەکێکە لەکێشەکانی شیعر –و)

1–شاعرێکی نادیار گوتوویە:

کردنی بەکوردی ئاڵۆزەو چێژی بۆ خوێنەری کورد نیـە, بـەڵام وەك ئەمانەت دەقەکە دەنووسم:

1–گومناوێك گوتوویە:

یا تیم کونی جد له

اغنی امرؤ ما قبله

اذ قاتلت تیم وفرت حنظله

**واستوعلت كلب وكانت وعله**

2–(**صفية بنت عبدالمطلب**) **بەهەڵپەڕكێوە بۆ كوڕەكەی گوتوویە:**

**كيف رأيت زبرا**

**أ أقطا أم تمرا**

**ام قرشيا باز لاهز برا**

**(الصاهل والشامج)**

305-**چەند راستییەكی زانستی (الفخر الرازی فی التفسیر):**

***جیهان خڕە, جا ئەگەر وابێت خودای جیهان لەسەرەوە نیە.**

***(ابن الرشد) لەكتێبی (فصل المقال)دا گوتوویە:**

**ئەوەی دەڵێت خودا لەئاسماندایە, هیچ بەڵگەیەكی بەدەستەوە نیە.**

306- **پاڵاوتنی نەوت (في تذكرة الانطاكي):**

**نەوت كانزایەكە لەوپەڕی عێراقدایە, لەپێشدا زۆر قورسە, پاشان دەیپاڵێون و (يستقطر) خاوێن دەكرێتەوە: لەیەكەم قۆناغدا دەبێتە نەوتی سپی پاشان نەوتی رەش, ئەگەر نەوتی رەش دیسان خەستبكرێتەوە, دەچێتەوە سەر قۆناغی یەكەم.**

307-**مادەیەكی زۆر رەق كە بەرگەی گەرما دەگرێت:**

**لەكتێبی (أغانی) دا باسی پۆشاكێك كراوە كە ناسووتیٚ و لەسەردەمی (هارون الرشید)او لەجەنگی دژی (بیزنطي)یەكاندا جەنگاوەران پۆشیویانە.**

سەرچاوەکان باسی مادەی (طلق) دەکەن کەهاڕیویانەو ئەوشتانەیان پێچەور کردوون کە لە ئاگر نزیك دەبنەوەو ناسووتێن.

لەکاتی دادگاییکردنی وەزیر (علی بن عیسی)دا کە بەوە گوناهبار کرابوو (ژێربەژێر) ئەم مادەیەی ناردووە بۆ (قرمطي)یەکانو ئەمەیش مەترسیە لەسەر ئاسایشی دەوڵەتو مادەیەکی سەربازیە.

**308-هەوڵدانێك بۆ (منداڵنەبوون – منع الحمل):**

مادەی (نع) لە قاموسی (محیط) دا نەعنایە, لەهەمان قاموسدا هاتووە کە ئەگەر گەڵای نەعنا لەکاتی جوتبووندا بخرێتە زێو شەرمی ئافرەت منداڵی نابێت, بەڵام باسی بەکارهێنانی بەدرێژیی نەکردووە.

**309-سەرچڵیو جەربەزەیی گەشتیارێك (سایح)و ئیعترافکردنیو سەرچاوە جوغرافیەکانی:**

(المقدسی) لەکتێبی (احسن التقاسیم) دا باسی گەشتەکانی دەکاتو دەڵێت:

ئەوەی کەلەبەردەستمدایە لەزانیاری, ئەنجامی گەڕانمە بەوڵاتانی ئیسلامداو سەردانم لەزانایانو خزمەتکردنی پاشایانو:

*چوونە کۆڕی دادوەران (قضاة) خوێندنم لەلای شەرعزانان.

*سەردانم لەئەدیبانو نووسەرانی حەدیسو قورئانو حەدیسخوێنان.

*تێکەڵاوی لەگەڵ سۆفیانو خواپەرستانو زاهیدان.

*ئامادەبوون لەکۆڕی چیرۆك خوێناندا.

*لەهەموو وڵاتێکیشدا دەبوو تێکەڵبم لەگەڵ بازرگانانو هاوڕێیان بم.

*دەبوو زیرەکانەو چالاکانەو بەووردیی، دووریی هەرێمەکان بە (فرسخ) بزانمو بەردەوام تێپەڕم بەسنوورەکانداو بە مۆڵگە سەربازیەکاندا.

*دەبوو زۆر شارەزابم لەمەزهەبو زمانەکاندا.

*دەبوو شارەزابم لەکەشو هەواو ئاوداو دەبوو پارەیش خەرجبکەمو زۆریش ماندوو ببم.

*لەو گەشتانەمدا بە 36 ناو بانگکراوم ئەمەیش بەهۆی جیاوازی ئەو شوێنانەی کە سەردانم کردوونو ئەو باسو بابەتانەی کەچوومەتە نێویان.

*گشت ئەو شتانەی کە گەشتیاران پێویستیانە کردوومە بێجگە لە سواڵکردنو گوناهی گەورە.

*فێری شەرعو ئەدەبو خوداپەرستی بووم لە هەمانکاتیشدا خەڵقیشم فێری شەرعو ئەدەبو خوداپەرستی کردووە، لەسەر مینبەر خوتبەم داوە، لەسەر منارەکان بانگمداوە.

*سەردانی مەدرەسەکانم کردووە، لەکۆڕو مەجلیسەکاندا قسەمکردووە، لەکۆڕی سۆفیاندا هەریسەم خواردووە، لەگەڵ کەشتیەوانەکاندا حەڵوای ئاردو پەڵوڵەم خواردووە.

*لەشەودا لەمزگەوت دەریانکردووم، لەدەشتو بیاباندا ڕێگەم بزر کردووە.

*لەخۆ پاراستن لەگوناهدا راستگۆبوومو ڕێکیشکەوتووە شتی حەرام بەئاشکرا بخۆم.

*بووم بەهاوڕێی کۆیلەکانی چیای لوبنانو ماوەیەکیش لەگەڵ پاشاکاندا تێکەڵاوبووم, ماوەیەك کۆیلەم هەبوو, ماوەیەکیش زەمیلەم بەسەرەوەبوو.

*زۆرجار لەخنکان نزیکبووم, زۆرجار کاروانم لەلایەن جەردەوە رووتکراوەتەوە, زۆرجار بەتاریکی رێگام بڕیوە, لەبازاڕدا کەلوپەلم فرۆشتووە, یان خراومەتە بەندیخانە.

*زۆر جار بووم بە بەرگتێگری قورئانو کتێب بەکرێ, زۆرجار بەتاوانی شۆفاری (جاسوسی) خراومەتە بەندیخانە.

*زۆرجار ئاوم بەگران کڕیوە, لەڕۆژانی گەرما یان بەناو بەفردا رێگەم بڕیوەو لەنێو چیاکاندا نیشتەجێبووم.

*چەندین جار پایەم بەرزو شکۆداربووە, یان چەندینجار پیلانیان بۆ کوشتنم رێکخستووە, بەرگی پاشایانم پۆشیوەو لێشیان سەندووم, چەندینجار هەژار کەوتووم, گەورە پیاوان نامەیان بۆ نوسیومو زۆرجاریش سەرزەنشتیان کردووم, بەکاری بیدعەتو خراپەو چاوچنۆکی گوناهبار کراوم.

*چەندینجار میرانو دادوەران وەك ئەمینو دەسپاك شتیان پێسپاردووم, لەکاروباری وەسێتنامەدا ئیشمکردووە, کراوم بە وەکیل, دزانم تاقیکردۆتەوە, دەوڵەتی فێڵبازو ئۆینبازانم دیوە, پیاوخراپان هەوادارانم بوونو شوێنم کەوتوون, ئەوانەی کە ئیرەیی و حەسادەتیان پێدەبردم بەرهەڵستیان دەکردمو راپۆرتیان بۆلای پاشایان لەسەر دەنووسیم.

*چووم بۆ حەمامەکانی (طبرية)و قەڵاکانی فارس, لەرۆژی (فوارة) و جەژنی (بربارە) ئامادەبووم.

*لەم سەفەرانەدا زیاتر لە 10 هەزار درهەمم ڕۆیشتووە بێجگە لە پێشێلکاری شەریعە, ئاسانکاری گشت مەزهەبەکانم بۆ کاری خۆم بەکارهێناوە, قاچەکانم بەتۆز(*) مەسح کردووە, کورتترین ئایەتی قورئانم لەنوێژدا خوێندووە, نوێژم پێشخستووە, هەندێکجار بەسواری حوشترو وڵاخ نوێژم کردووە هەرچەند بەرگیشی زۆر پیسبووە.

*ئەو نیزایانەی کە لەرکوعو سجودا دەگوترێن تەرکم کردوون, نیوۆژەکانم هەندێکجار کۆو هەندێکجار کورت کردووە, تەنانەت زۆر جار نەك بەهۆی سەفەریشەوە.

*بەڵام هەرگیز لەگوتەی شەرعزانان (فقهاء)و ئیمامەکان دەرنەچووم, هەرگیز نوێژم لەکاتی خۆی دوا نەخستووە, لەڕێگادا ئەگەر دووری دوو شار لەیەکتر 10 فرسەخ بووبێت, لەکاروانەکە جیابوومەتەوەو سەردانی ئەو شارەم کردووە بەنیازی بەئاگابوون لەشارەکەو مێژووی کۆنی, زۆرجار بەکرێ خەڵکم لەگەڵ خۆم بردووەو دوور لەڕێگەی گشتیەوە, بەنیازی ئاگاداربوون لەدەوروبەر, پاشان گەڕاوینەتەوە بۆلای کاروانەکەمو پارەی زیاتریشم بۆ خەرج کردوون.

1- جەژنی (بربارە): یەکێکە لەجەژنە بەناوبانگەکانی مەسیحیەکانی ڕۆژهەڵات.

(*) لەشوێنێك ئاو نەبوو, (تیمم) دەکرێت بەدەست ئەدەی بە خۆڵ یان تۆزی شتێکی پاکدا, ئەو تۆزە لەبری ئاو بەکاردێت. (و.)

2–مەبەست لەئاسانكاری مەزهەبەكان: فەتوای لە چەندین پیاوی ئاینی بۆ دراوە بەبێ ئەوەی پابەندبێت بە مەزهەبێكی دیاریكراو، دیارە فرەمەزهەبی ئەم سوودەی هەیە.

3– كۆكردنەوەی 2 نوێژ بەلای (سوننە)وە دروستنیە، ئەمەیش گۆڕانكاری شیعەیە لەعیبادەتداو لەهەمانكاتیشدا (مقدسی) سوننیە، مەبەست لەكورتكردنەوەی نوێژ: كردنی بە دوو ڕەكعەت بۆ موسافرین.

منیش (هـ.ع) دەڵێم: ئەمە هەموو بۆ دانانی یەك كتێبووە.

## 310-بەرنامەی (مقدسی) لەگەشتەكانیدا:

خەڵك پرسیاری كارو كاسبیان لێدەكردم لەو شوێن و ولاتانەی كە دوورن و منیش سەردانم نەكردوون، لەم حاڵەدا ئەوەی خۆیان دەیانزانی و لەسەری كۆكبوون، منیش باشتر بۆم ئیسپاتدەكردن، ئەوەیش خۆیان لەسەری ناكۆك بوون، خۆم لێدەشاردەوە، ئەوەی دڵم قبووڵی نەكردباو عەقڵم پشتگیری نەكردبا، ئەمدایە پاڵ بۆچوونیانی و دەمگوت:

وایاندەزانی، ئەم كتێبەم بەچەند بەشێك دەوڵەمەند كردووە كە لەئەرشیفی پاشاكانەوە وەرمگرتوون.

## 311- پێش بوونت بەئوستاد (سفيان الثوري):

پیاو ئەگەر خێرا بوو بە سەرۆك، زانست زیانی زۆری لێدەكەوێت، ئەگەر بەردەوام بوو لەوەرگرتنی زانست، پێدەگات.

312-**چارەسەری هەڵامەت بەبۆنکردن (القاموس المحيط):**

**بڕنوتی ڕووەکێکی بۆندارەو گەڵاکەی بۆ هەڵامەت سوودی هەیە.**

313-**قەڵاچۆکردن (القاموس المحيط):**

**دووکەڵی جیوە, مارو دوپشك ڕاودەنێت, خۆ ئەگەر لێی بخۆن دەیانکوژێت.**

314-**(موعەتەر)ی هەوا – (القاموس المحيط):**

**(میعة): درەختێکە وەك سێو, بەرەکەی سپییەو گەورەترە لەگوێز, بۆنی (بۆگەن) لادەباو نەخۆشی درمیش ناهێڵێت.**

315- **پاکو خاوێنی (الحيوان للجاحظ):**

**(امین)ی کوڕی (هارون الرشید) لەگەڵ هاوڕێیەکی پیاسەیاندەکرد, گەیشتن بە کۆمەڵێك قوومارچی, (امین) لەلایاندا وەستاو تەماشایدەکردن, هاوڕێکەی ئەسپێیەکی دی بەکەلوپەلەکەیدا هەڵگەڕاو, هاوڕێکەی فڕێیدا, (امین) پرسی: ئەوە چیت کرد؟**

**ئەویش گوتی: گیاندارێکی گچکەی ئەمانە بەتۆدا هەڵزنا, مەئمون پرسی: ناوی چیە؟ ئەویش گوتی: ئەسپێ, ئەمین پاشئەوەی شڵەژا گوتی: با بیبینم بەخودا ئەو ناوەم بیستووە.**

316-**قەڵاچۆکار (القاموس المحيط):**

**ڕووەکی (دڕکەزی): شەربەتی گەڵای دڕکەزی بپرژێت بەماڵدا, ئەسپێ لەناو دەبات.**

317-**لەنێوان خۆگری و پەلەکردندا (الشریف المرتضی):**
وەڵامدانەوەی خێرا لەکاتی مشتومڕو مونازەردا پەسەندە, بەڵام لەکاتی دۆزینەوەی رای نوێ و کارە ناوەکیەکاندا, هێمنی و ئارامی پێویستە.

318-**میکرۆبەکان ( پزیشکە موسوڵمانەکان ):**
هۆی گواستنەوەی نەخۆشی و تەشەنەکردنی, دەگەڕێتەوە بۆ (بۆنکردن) و جیابوونەوەی پارچەیەك لەجەستەی نەخۆشەکە بۆ جەستە ساغەکە.

319-**قەڵاچۆکاری (القاموس المحیط):**
(الشك): مادەیەکە لەخۆراسانەوە دێت و لەکانزاکانی زیوی سپی و زەرد وەبەرهەم دێت و قەڵاچۆی مشك دەکات.

320-**ئامۆژگارییەکی پزیشکی:** هەندێك لەپزیشکە عەرەبەکان:
مرۆڤی دانا ئەوەی کە زۆر حەزی لێدەکات نایخوات و ئیدی پێویست بەچارەسەر نیە.

321-**چەند حەقیقەتێکی پزیشکی - (ثابت بن قرة):**
خراپترین شت بۆ پیر: ژنە کۆیلەیەکی قەشەنگ و چێشتکەرێکی شارەزایە, زۆر دەخواو نەخۆشدەکەوێت, زۆریش جووتدەبێت و پیر دەبێت.

322-دوودڕ ( عەرەبێکی دەشتەکی ):

دەڵێن: ئەگەر بەعاقڵانە خۆشەویستی و عەشقت کردبا, باشتربوو, بەڵام ئەو عەشقەی بەعەقڵ دەکرێت خێری تیا نیە.

323-کامیان باشترە؟ ( پیرێك ئامۆژگاری کوڕەکەی دەکات ):

نابیت بە نەجیب, هەتا ئەدەب و زانست باشتر نەبێت لەخزم و کوڕەکەت.

324-لەکاتێکدا دەسەڵات دەڕوات و شیعر بەنەمری دەمینێتەوە – ( الاخطل التغلبي ):

کوڕەکەم (امیة)! ئەگەر ئەمڕۆ لەبەشتان وەربگرم, سبەی ئێوە لەستایش و ئاکاری باشم زۆرتر وەردەگرن, کوڕەکەم (أمية)! هێندە مەدح و ستایشی ئێوەم کردووە لەپاش ماوەیەکی زۆر درێژ, ئێوە لەبیر دەچنەوە بەڵام مەدح و سەنای من هەر دەمێنێت.

325-خەسڵەتە باشەکانی حەیوان کە هەیانە بەسەر مرۆڤدا – ( المعری ):

ئینسان بزر دەبێت بەڵام کرمی ئاوریشم بەسەلیقەترە لەمرۆڤ, چونکە لەچیلکە شکاوی دارەکان و پاشماوەی گەڵاکانماڵێك دروستدەکات کە کرێکاران و سەنعەتسازان سەریان لێی سووڕ دەمێنێت.

ئەوە مێشهەنگە باشترین خانوو لە (مێو) دروستدەکات, خۆشترین شتیشی لەو خانووەدا حەشار ئەدات .. ئەی کرێکاری ماهر چ گەورەییەکی هەیە؟

326-دژی شوێنکەوتن و بانگ بۆسەربەخۆیی فیکری:

*سهل التستری: شوێنی خەڵککەوتن گومڕاییە.

*دەڵێن (علي بن ابي طالب) گوتوویە: دەغیلتانم شوێنی کەس مەکەون.

*دەڵێن (عبدالله بن مسعود) گوتوویە:

کەستان شوێنی یەکێك مەکەون بەجۆرێك ئەگەر باوەڕداربوو, ئەمیش باوەڕداربێت, ئەگەر کافریش بوو ئەمیش کافر بێت, هیچ کەس لەبەشەر پێشڕەو نیە.

327-شیکردنێکی پزیشکی بۆ شێواندنی سێکسی:

نێرەمووك دوو جۆرە: یەکێکیان سکماك و سروشتیە, ئەویدیان پەیدابوو, ئەوەی سکماکییە لەکاتی دروستبوونیدا سیفات و میزاجی ژنێتی ئافرەتئاسا بەرەو سکی قووڵە, لەگەڵ ئەمەیشدا هەرچەند پیاوە, بەڵام لەڕاستیدا ژنەو کێرو گونی بچووکن.

جۆری دووەم یان خووی پێوە گرتووە, یان خورانێك هەیە لەحەنی ریخۆڵەی.

(پزیشکە موسوڵمانەکان)

*جــۆری دووەم حاڵەتێکــە پەیــدابووە ســکماکی نیــە, واتــە نەخۆشــیەکی فەســلەجیە, ئــەم بۆچــوونە لــەم دوایــیەدا لەلایــەن پزیشکانی پسپۆڕی بەریتانیاوە خراوەتە بەر شیکاریو لێکۆڵینـەوە لەبواری کێشەکانی (شزوز) و چارەسەرکردنی.

328-**بانگەوازێك بـۆ بیرکردنــەوەو لابردنــی شــوێنکەوتن (التقلیــد / الغزالی):**

دوورکــەوە لەشــوێنکەوتنی کوێرانــەی مەزهەبــەکان, لەڕێگــەی بیرکردنـەوەو لێکۆڵینـەوەدا ببـە بـە خـاوەنی مەزهـەب, (نابینـا ئاسـا) دەســتت نەکێشــنو لەدەوروبەریشــت هــەزار پێشــەوای دی بانگــت بکــەن, پێشــەواکەت ڕێگــەت لێبــزر دەکــاتو بەکەنــدو کۆســپدا راتدەکێشـێت, پاشماوەیـەکی کـەم تێدەگـەیت کـە پێشـەواکەت زاڵـم بووە, کەواتە ڕزگاریت لەسەربەخۆییدایە.

(میزان العمل/ الغزالي)

329-**یەکەم شت گومانە (غزالی):**

ئەگـەر ئـەم وشـانە گومـانی نەخسـتە سـەر باوەڕەکـانی پێشـووت, سوودی نیەو داوای مەکە, چونکە هەر گومانە دەتگەیەنێت بە هەق, ئــەوەی گومــانی نــەبێت بــیری نەکردۆتــەوە, ئــەوەیش بیرنەکاتــەوە نابینایە, ئەوەیش نابینا بێت لەکوێریی و گومڕاییدا ئەمێنێتەوە.

(میزان العمل)

330-**نواندنی دەرمان :**

*هەرشتێك لەگەڵ (مسك) دا تێکەڵبکرێت, رەوانی باشدەکات.
هەرشتێك لەگەڵ (مەستەکیدا) تێکەڵبکرێت تامی خۆشدەکات دەکرێت لەکردنی نیشتدا ئاوێتە بکرێت.

331-**چەند ئامێرێکی چاپ (في القاموس المحیط):**
**الروسم:** مۆری هەڵکۆڵراو بۆ مۆرکردنی سەری گۆزەو دیزەو خۆراك.

332-**پتەوکردنی وزەی عەقڵ بەوزەی خەیاڵ:**
زانا موسوڵمانەکان:
وزە باتنیەکان وەك ئاوێنەی بەرامبەرن, ئەوەی لەملا هەیە لەولایش هەیە, بەڵام ووزەی خەیاڵ سوڵتانو پاشای ئەو هێزانەیە, کاردەکاتە سەر شتە زانراوەکانو بگرە دەسەڵاتی بەسەر وزە عەقڵیەکانیشدا هەیەو دژایەتی دەکاتو بەدژی تایبەتیەکانی خۆی حوکمیشی بەسەردا ئەدات.
ئەوکەسەی بتوانێت تواناکانی خەیاڵ بخاتە ژێر رکێفی عەقڵو بەهەوەسی خۆی کێشی بکات, ئەو کەسە سەرکەوتووە.
(التهاتوی – خلاصة من شرح التجرید و شرح المواقف والمطول وحاشیته)

*مەبەستی لە (ووزە باتنیەکان): کارو وەزیفەکانی دەماخە.

333-**خێرایی رووناکی – (گەردووناسە موسوڵمانەکان):**

بەهەسارەی زوحەل دەڵێن: (بڕەر – ثاقب)، چونکە تیشکەکەی ماوەی 7 ساڵ دەبڕێت تا دەگاتە مەودای بینینی ئێمە.

**334-خەیاڵی عیلمی (هشام بن الحكم):**

خودا دەزانێت لەژێر زەوی چی هەیە، ئەمەیش بە تیشکێك کە لەو جیا دەبێتەوە بەرەو ئەو شتە.

*(هشام بن الحكم) لە (متكلمين – فەیلەسووفەکان)ی شیعەیە لەسەدەی دووەمی کۆچیدا، بەڵام ئێستا مرۆڤ تیشکبەکار دەهێنێت بۆ بینینی پشت تەنە رەقەکان.

**335-(غیلافی جەوی) – گەردووناسە موسوڵمانەکان:**

*هەوای نزیکی زەوی چڕترە لەهەوای دوورتر، چونکە هەوای پاك و سووك زۆرتر بەرز دەبێتەوە لەهەوای چڕو قورس.

هەوای دەوری زەوی زۆرتر قابیلی رووناکی و تاریکیە لە ژوورتر.

(التهانوي/ كشاف اصطلاحات الفنون)

**336-راڤەو تەفسیری پزیشکانە بۆ (کابوس):**

هۆکانی ئەو هەڵمە خەستانەن کە دەماغی مرۆڤ کەبس دەکەن.

(هەمان سەرچاوە)

*بەلای رەشەخەڵك – عامە– لەسەردەمی عوسمانیدا کابووس شەیتانەو پێی دەڵێن (الخناس).

## 337-گەشەکردن و هەڵکشان (ابن عربی):

یەکـــەم دروســـتکراوی ســـەرزەوی, کانزاکانـــە, پاشـــان رووەك و حەیوانـە, ئـاخری هـەموو دروسـتکراوێك دەبێتـە یەکـەمی کۆمـەڵی دووەم, بــەم بۆچــوونە دوا کــانزاو یەکــەم رووەك, دوومەلانــە, دوا رووەك و یەکـەم حـەیوان دارخورمایـە, دوا حـەیوان و یەکـەم مـرۆڤ, مەیموونە.

(مجموعة غراب/ ترجمة حياته من كلامه)

## 338-زانین بەبۆن, زانین بە تەماشا (ابن عربی):

لە (اشبيليه) کۆمـەڵێکمان دی بـەبۆن و هەسـتی بـۆنکردن لەزانسـت دەگەیشـتن, ئەمانـەم لـە (مكـة) و (بيـت القـدس)یش بینی, لەگـەڵیان دواین نەك لەڕێگای زمانەوە بەڵکو لەڕێگای (حال) و غەیبەوە.

هــەروەها کۆمــەڵێکی تــر لەمکەســانەم بــینی کــە بــە (تێــڕوانین) لەیەکدەگەیشتن, من پرسیارم لێدەکراو وەڵامـم ئەدرایـەوە, هـەروەها پرسیارم دەکردو وەڵام ئەدرامەوە, لەنێوانماندا نە کەلامی ئاسایی و نە زاراوەیەکی تایبەت بوو, بەڵام تەماشای بەرامبەرم دەکرد, هـەموو ئـەو شـتانەم دەزانـی کـە لـێم داوا دەکـات, هـەروەهایش کەتەماشـای مــنی دەکــرد, دەیزانــی چــیم لێــدەوێت, (ســەرنجی ئــەو لــە مــن) پرسیاریش بوو, هەروەهایش سەرنجی من لەو.

بـەمجۆرە زانسـتێکی زۆر پەیـدا دەبـوو بـەبێ ئـەوەی لەنێوانمانـدا کەلامێك ببێت.

هەستەکان رێگایەکن بۆ گەیشتن بە عیلم, من دیومە نابینایانی زکماکی جیاوازیان دەرك کردووە لەنێوان رەنگەکاندا, خودا هەستی چاوی, لەهەستی بەرکەوتن (لمس) دا جێگیر کردووە.

(مجموعة غراب/ م.س)

# شەرحو چەند تێبینیەك لەسەر بەشی دووەم

2-بەپێی دابەشکردنەکانی (ماوەردی) مانای عەقڵو (فطنة) ەو (ذكاء) جیا دەکاتەوە بەمشێوەیە:
عەقڵ: ئامرازێکی سەرەتاییە بۆ تێگەیشتن.
الفطنة: بو (تصور)ە قۆناغی پاش (ئیدراك)ە.
الذكاء: ئامرازێکە بۆ (تصرف)و دەستکاری زانیاریەکان.
*برگەی 5 و 7 لەرۆژگاری ئێستادا بۆ (خۆ تەرخانکردنی زانستی – التفرغ العلمی) بەکاردێت.
*برگەی 8 درێژی تەمەن: (برناردشۆ) دەڵێت: تەمەن 150 ساڵ بێت بۆ ئەوەی مرۆۋ ئەو شتانەی کەپێویستین و پەیوەندن بە پسپۆڕی خۆی تەواویان بکاتو بەئەنجامیان بگەیەنێت.

3-الکافیجی: (محی الدین محمد بن سلیمان)ە کەلە ساڵی 879ی کۆچیدا مردووە, دەقەکە لەکتێبی (محی الدین) ەوە بەناوی (المختصر علم التأریخ).

5-الفخر الرازی: کەڵەپیاوی مەیدانی هزری ئاینیو فەلسەفە بوو لەسەدەی شەشەمی کۆچیدا, بەرۆشنبیرێکی ئینسکلۆپیدی (موسوعی)و شارەزایی لەزۆر بواردا ناسراوە. هەرچەند پابەندبوو بە (سەلەفیەت), بەڵام هەمیشە بەگومان بوو.
لەکتێبی (النص المروی فی المتن) دا روونی دەکاتەوە کە لەهەوڵە فیکریەکانیدا نائومێد بووە, ئەو هەوڵانەی کەسەرتاپای (تەمەنی پڕچالاکی) داگیری کردبوو.

6-(الزط) نەتەوەیەکی هیندینو لەباشووری عیراقدا نیشتەجێبوون, خەلیفە (معتصم) دەریکردن چونکە چەندین ئاژاوەیان خولقاند.

7-(ابو یعلی): قازی (معره) بوو, (سیات) شوێنێکە لە (معره)ی کۆن, لەچاپی یەکەمدا بە (سیاه) هاتووە, بۆ راستکردنەوەی مامۆستا (ملوحی) ئاگاداری کردمەوە.

10-ئەم بۆچوونە لەسەر ئەو بنەمایە خولقاوە کە جیاوازی لەنێوان (کواکب)و (نجوم) دا نیە, بەڵام خستنەرووی ئەم پرسیارە, هەنگاوێکە بۆ گەران بۆ چەندین جیهانی دی. (رازی) فەیلەسوف تیئۆرو بۆچوونێکی تری بووە لەبارەی (عەوالمە)کانی تر, بەڵام

درێــــژەی ئــــەو بۆچـــوونە بەدەســـــتمان نەگەیشـــتووە, هـــەمان راوبۆچوونیش لەلایەن چینیە کۆنەکانەوە بەدەستمان گەیشتووە.

14-(الملكة): سیفەتێکە بەهەولـدان پەیدا ئـەبێت, لەپاشان بنج دائەکوتیٚو پتەو دەبێتو دەچێتە دۆخی (بەهرە – موهبة).

23-(جالینوس): سەرچاوەی زانستی نەشتەرگەریو (تشریح)ە لەناو عەرەبدا, (بغدادی) رای وایە کە دەرئەنجامەکان لەکتێبەکەی (جالینوس) تێپەریان کردووە, ئەمە دەیسەلمێنێت کە نەشتەرگەری عـــەرەب لەوکاتـــەدا (بـــە) بـــەراورد لەگـــەڵ کتـــێبی (جـــالینوس)دا پێشکەوتنی بەدەستهێناوە.
با ئـەوەیش لـەیاد نەکـەین کـە پزیشـکە عەرەبـەکان ئازاریـان زۆر چەشتووە بەدەستی (شەرعزانەکان – فقهاء) چونکە ئەوان (تشریح) کردنـی جەسـتەی مردوویـان حـەرام کردبـوو, بەناچاری لێکۆڵینـەوە توێکاری (تشریح)یەکانیان لەسەر (ئێسکەپەیکەر)ەکانی کۆن بوو.

26-(ابن خلدون) مەبەستی لەوەیە کە شێوەی پەیداکردنی بژێو دۆخی کۆمەلایەتی خەڵك دیاری دەکات.

29-(مـنعکس لاشـرطي) یەکێکـە لـەزاراوەکانی (بـافلوف), دیـارە لەپێشدا (منعکس شرطي)ی باسکردووە کە بە (دووبارە بوونـەوە – تکرار) دەبێت (منعکس لاشرطي), (باڤلوڤ) بۆ سەلماندنی ئەم رایە تاقیکردنەوەی لەسەر سەگ کرد.
سەیرەو جێگەی تێرامانە کە (غزالی) بۆ دەرخستنی رۆڵـی (الـروح الخیـالی) سـەگ دەکـات بـە نموونـە کـە ئەگـەر بـەدارێك لێـی درا, جارێکی تر لێی رادەکات.
(جاحظ)یش چەند هەواڵێك باسدەکات لەبارەی ئەو تاقیکردنەوانە کەلەسەر سەگکراون بۆ هـەمان مەبەست, بڕوانە کتێبی (الحیوان)ی جاحز لەبەشی تایبەت بەسەگدا.

35-ســـوڵتان (ابویوســـف) (یعقـــوب عبـــدالخالق المرنیی)یـــە کـــە لەساڵی (685 ك – 1286 م) کۆچی دوایی کردووە, ئەو رووداوەی کە (ابن خلدون) باسیدەکات لەساڵی 672 روویداوە.
*هندام النفط: مەبەست لە (تۆپ – مدفع)ە.
*تۆپ لەسـەرەتادا بە (دانـانی ئاگر لـەدەمی تـۆپ)دا دەتـەقی, کـە ئاگرەکە دەگەیشتە خواری تۆپەکە دەتـەقی, پاشان ئەوەیان داهێنـا کـــە کونێکیـــان لـــەخواری تۆپەکـــە دروســـتدەکردو ئیـــدی ئاگریـــان لەدەرەوە ئەنا بەگوللەکەوە, (چەرخ – زناد) ئەوروپیـەکان دایانهێنـا, دیارە ئەم چاککاریانە (تحسینات) لەتۆپی عەرەبیدا کردوویانە.

36–(غزالـی) دەیزانـی کـە ڕەتکردنـەوەی فەلسـەفە پێویسـتە پێشوەخت لێی بکۆڵرێتەوە, بەووردیی و شارەزایی بکرێت, غەزالی ئەم مەرجەی بەسەر خۆیدا بەباشی پراکتیز کردووە, بۆیە لەدواییدا کتێبی (تهافت الفلاسفە)ەی داناو خۆیشی بوو بە (فەیلەسووف), (الذهبي) لەم بۆنەیەدا ئەڵێت: لێشاوی زەین و زیرەکی غەزالی خزانیە ناو (هرطقیة)و گومانکاری, ژیانی فیکری خۆی پڕبوو لە دەربەدەری و قەلەقی و دوودڵی, (ابـن العربـی)یش دەڵێـت: فەیلەسووفەکان قووتیانداو ناتوانن بیهێننەوە.

37–هەنگاوێکی مەودا دوورە کە جیهان لە قۆناغی (خوداییە – الوهیة)وە بگاتە قۆناغی سروشتی.

38–ئەم دەقەی لەکتێبی (نقل الادیب/ محمد اسعاف النشاشیبی) وەرگرتووە, بەڵام ئەوەی ئەم کەشفەیکردووە, زانایەکی ئایینییەو گرنگی بەمەسەلە عەقڵیەکان ئەدات, لە (ئەسفەهان) لەدایکبووە پاشان ڕۆیشتووە بۆ (دمشق)و (قاهرە)و بەنەخۆشی تاعوون لەساڵی (749 ك– 1349ز) مردووە, پسپۆر نەبووە لە جوگرافیا, تێبینی دەکرێت کە ئەمە لەدەرەوەی خولیا زانستیەکانی بێت, پیاوانی بیرمەندی موسوڵمانان زۆر حەزیان لەپەرەپێدان و گەشەپێکردنی زانیاری بووە, تەنانەت لەدەرەوەی پسپۆری خۆیشیان.
*پوختەی ئەم تیۆرە وادەڵێت: ئاو گەمارۆی زەویداوە, قارەکانیش (کیشوەرەکان) وەك دورگەن (جزیرة) لەناو (محیطات)دا, ئەم بیرۆکە لەو سەردەمەدا کەس بیری لێنەدەکردەوە, وەك گریمانەو (فرضیة), دەکرێت ئەوەی لەنیوەی زەویدا هەیە لەنیوەکەی تریشدا ببێت, ئەم بۆچوونە زانایەکی زیرەك بە (حدس)ی خۆی پەی پێبردووە, بەڵام ئەم بۆچوونە پێویستی بە ئیسپاتکردن هەیەو گەشتی (کولومبس) لەپاش 150 ساڵ بۆچوونی ئەو زانایەی سەلماند.

39–(القاضـي عبـدالجبار) سـەرۆکی (معتزلـة)ەکانـە لەسـەرەتای سـەدەی 5 ی کۆچـیدا, لـەلای (الصـاحب بـن عبـاد)ی وەزیـری (بویهی)یـەکان قـازی بـوو, ئـەم بۆچـوونەی قـازی عبـدالجبار ڕەنگدانـەوەی ئاکـارو بیرکردنـەوەی بێـت لەکاتێکـدا کـە (معتزلـە) ووشکایی داهاتبوو.
*(عبدالله بن مبارك) شەرعزانێکی هەردوو سەردەمی (عەباسی و ئەمەوی)یە, لەکاتێکدا هەڵکەوت کە (شەرعزان – فقهاء)و خەلیفەکان لەیەکدی دابڕان و ناکۆك بوون, بەڵام ئەم وەك موڵکدارێکی خانوبەرە (عقـار), لەدژایـەتیکردنی خەلیفەکانـدا میانـەڕەو بـوو, بـاوەڕی سەلەفیەکی ڕووت بوو, لێیانپرسی: ڕات چیە بەموعاویە؟ ئەویش گوتی (معاویە) لەپشتی پێغەمبەرەوە نوێژی کردووە, وەگوتوویە

(سمع الله لمن حمده), موعاويەش گوتوویە (ربنا لك ولك الحمد) ئیدی پاش ئەمە چیت دەوێت؟
له (عبدالله بن مبارك) یان پرسی: (معاویة بن ابي سفیان) باشه یان (عمر بن عبدالعزیز)؟
(عبدالله)یش گوتی: ئەو تۆزەکە چۆتە لووتی موعاویە کە لەگەڵ پێغەمبەردا بووە, هەزار جار باشترە لە (عمر)!!

41–(علي بن ابي طالب) دەروازەیەکی زۆر گەورە دەخاتە سەرپشت بۆ ئازادی (هەڵوێستوەرگرتن) بەرامبەر هەرکەسێك چەندە گەورەیش بێت!

42–لێکۆڵینەوەکانی سەبارەت بە (بلیمەتی) تا رادەیەك لەپێوەرەکانی دەماغ تێپەڕیون و پەیوەندن بە (واقع)و پێویستی زانستی.
برگە سەرەکیەکانی ئەم باسە, مەسەلەی نوقمبوونە لەبواری مەعریفەدا کە (بلیمەت) لەم بوارەدا شارەزایە.

44–مەعنا هەیە بەڵام (ناوی – اسم) نیە, ئەمەیش ئەو کۆسپەیە کەدێتە رێگای هەموو زمانەکان, بەشێوەی (اشتقاق)و (نحت والترکیب والتولید) چارەسەری دەکەن.

45–لەم چیرۆکەی (الحرث) دا باسی جۆری ئەو رۆنە نەکراوە.

46–(الحارث المحاسبي) لەسۆفیەکانی سەدەی 3ی کۆچیە.
بەلای سۆفیەکانەوە (حیلمو ئارامیی) مەرجێکە بۆ بەهێزکردنی عەقڵ, زانست بەلای سۆفیەکانەوە سلوك و کرداری خاوەنەکەی کاری تێدەکات, بەنموونە: مرۆڤێکی دەروون لێڵ و چڵکن ناگاتە پلەوپایەی (زانا).
دیارە ئەمە پەیوەندی بەسۆفیەکانەوە هەیە, دەنا دەکرێت مرۆڤێکی دەروون لێڵ و چڵکن, لەبواری فیزیاو کیمیادا باشترین زانابێت, ئا لێرەدا با چەندین زانای مەزنی ئەوروپاو ئەمریکا لەیاد نەکەین.

47–(الحسن البصری): زانایەکی لاهوتي و (فیکر سەلەفی) بوو, (عمرو بن عبید)یش (معتزلە) بوو کە (عەقڵ) دەخاتە پێش نەقڵ و شەرع, ناکۆکی وەڵامی هەردوو پیاوەکە, دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی پڕۆگرامی بیرو بۆچوونیان.

48–(الیسنخ): ئەسڵ و سروشت.
السوس: بناغە, بنەڕەت.

49–(جاحظ) پاش ئەوەی باسی رەخنەی (شعوبی)یەکان دەکات لەعەرەب و هۆی (گلەو گازندە)کانیش دەگێڕێتەوە بۆ بارودۆخیان لەسەردەمی (جاهلی)و بیاباندا, پاشان (جاحظ) روونی دەکاتەوە کە خوو کرداری گەلان پەیوەندن بە دەوروبەریان, وە ئەوانیش ئەو رەوشەیان بەسەردا سەپاوە نەك خۆیان هەڵیانبژاردووە, بۆیە ئەوەی لای گەلێك خراپە لەوانەیە لای گەلێکی دی باشبێت.

52–بەم (گوتەیە – مقولة) (ابن مسکویە) نەقسێکی بنەرەتی (ئەرستۆ)ی چارەسەر کردووە (ابن مسکویە) لەدوو کتێبی (تهذیب الاخلاق)و (فوز الاکبر)دا ئاگاداری کردووین, ئیدی تێبینی رۆژهەلاتناس (هاملتون) بایەخی نیە کەدەڵێت: ریزبەندی مەوجودات لەلای (ابن مسکویە) و (اخوان الصفا) دووبارەکردنەوەی ریزبەندی ئەرستۆیە, بگرە لەڕاستیدا دووبارەکردنەوە نیە بەڵکو تەتویرو گەشەپێدانە.

58–بەم دیاریکردنە (اخوان الصفا) ئەو گریمانە (فرضیة) رەتدەکەنەوە کەزانست پێویستە لە لۆجیکی کۆندا, یان مەعریفەی خێڵەکایەتی بەلای (کانت)ەوە.
ئەم بۆچوونەی (اخوان الصفا) پێشبینیو بەرچاو رۆشنیە بەرەو تیئۆری مادی لەمەعریفەدا.

59–پشتبەستن بە بۆچوونێکی هاوشێوە, (ئەنترۆپۆلۆجی)یەکانی سۆڤیەت مەسەلەی (رەگەزی ئاری) رەتدەکەنەوە کە (ئەنترۆپۆلۆجی)یەکانی رۆژئاوا پابەندن پێوەی, بڕوانە کتێبی:
M. Nesturkh, The Races of Mankid – Moscow.

60–ئەم ئایەتە ئەم مانایە ناگەیەنێت, بەڵام شیکردنەوەی (ابن تیمیة) بەوردیی ئەو قاعیدەیە رەتدەکاتەوە کەدەڵێت: (یەك تەنها یەکی لێدەکەوێتەوە) کەپشت بە تیئۆری (فیضي) دەبەستێت.

64–ئەم دەقە لەکتێبی مەلا سەدری شیرازییەوە وەرگیراوە.

68–مەبەست لە(الاسفار) ووشەی(الجمهور) لەدەقەکەدا, کۆمەڵی فەیلەسووفەکانە.

69–دیارە لەو رۆژگارەدا ئەوە کەشفنەکرابوو کە لەگەردووندا چەندین خۆر هەیە!

71-دیاره (جنس - ڕەگەز) گشتگیرەو (نوع - جۆر) تایبەتە, بەنموونە: حەیوان جینسەو مرۆڤ (نوع)ە, کەواتە (کۆی یەکەکان - مجموع الاحاد) لەشوێنی (جنس)ە پاش ئەم پلەکانی تر دێن و دەبن بە (نوع). بەڵام (مرتبة) بەتەنها کۆی یەکەکان نیە, چونکە لەڕاستیدا بەهایەکی ماتماتیکی و حیسابین و جیاوازن لە (کۆی یەکەکان - مجموع الاحاد), لەگەڵ ئەمەیشدا هەمان مەجموع نیە, بەمجۆرە دوودژ یەکدەگرن لەیەك کێشەدا.
(شیرازی) بەم نموونەیە دەیەوێت بیسەلمێنێت کە شتەکانی شێوازیان دژ بەیەکە, ئەمەیش بووە بە پایەو بنکەی تیئۆرەکەی لەبارەی (بزووتنەوەی جەوهەری)یەوە.
73-شتە هەستپێکراوەکان بناغەی شتە مەعقوولەکانن, ئەمەیە پوختەی نووسینەکەی (شیرازی) و (اخوان الصفا)یش هەمان بۆچوونیان هەیە -بڕوانە برگەی 58- بەڵام بەڵگە عەقڵیەکان تەنها بە ریازیات (ماتماتیك) زەبت دەکرێن- بیرۆکەیەکی یۆنانی کۆنە-.
بەڵام (میتافیزیقیەکان), چ کێشەکانی پشت سروشت -غەیب- چ کێشەکانی گشتاندنی فەلسەفی, تەنها بە لێکۆڵینەوەی سروشت چارەسەری دەکات.
لێرەدا ئەوەمان بیر دەکەوێتەوە کە, چۆن (هیگل) لە (واقیع)ەوە گوێزایەوە بۆ (مطلق), مەلا (صدر) هیگڵ ئاسا میسالیەکی توندە, ئالێرەدا رۆشندەبێت کە چ بازدانێکی (طفرة) گەورە روویداوە لە بواری فەلسەفەی سروشتیدا.

74-(الاشتداد): زاراوەیەکە (مەلا سەدر) بەکاری دەهێنێت, لەسەردەمی (ابن سینا)یشەوە هەمان ووشە بەکاردێت بۆ وەسفی:
بزوتنەوەی بوونەوەر لەئاستێکی نزمەوە بۆ ئاستێکی بەرزتر.
خودی (اشتداد)یش دوا قۆناغی بوونەوەرە لەڕەوتی گەشەکردنیدا, بە نموونە:
مرۆڤ خاوەنی بوونی (اشتدادی)یەو لە نوتفە, یان لەهێلکەی پیتێنراوە (وە) دەستپێدەکات و دەگاتە قۆناغی پێگەیشتنی عەقڵی و جەستەیی.

75-ئاشکرایە (سیانە)یە کەمەکانیش یۆنانی بوون, لەوانەیە (شیرازی) (ایونی)و (یۆنانی) تێکەڵکردبێت, لەوانەیە موراعاتی ئەوەی کردبێت کە (ملطیا)ی ئاسیای بچووك (توریکای ئێستا-و) بەشێك نیە لەوڵاتی یۆنان, (انما ثاذیمون) یەکێك نیە لە فەیلەسووفە گەورەو بەناوبانگەکان.

77-(لینین) دەڵێت: ئەوەی پێش چارەسەرکردنی کێشە گەورەو گشتیەکان, کێشە بچووکەکان چارەسەر بکات, بێگومان لەهەموو هەنگاوێکدا تووشی کێشە گشتیەکان دەبێت بەبێ ئەوەی بەخۆی

بزانێت. پێکادانی کوێرانه له حاڵەتی (تاکه – فرد) کاندا, دەبێته هۆی ڕارای و بێباوەڕی له سیاسەتدا.

79–(محمد بن حرب): بەڕێوەبەری پۆلیس بووه لەسەردەمی (عباسی)یەکانداو (حرب)یش پەیوەندی بەکارەکەیەوه هەیه.

81– أ– وشەی (التکیف) بەپێی ئەم تێبینیه, عەقڵو جەسته دەگرێتەوه, لەوانەیشه مەبەست له (شێوەی بیرکردنەوه بێت – طریقة التفکیر) کەبەپێی دەوروبەر دەگۆڕێت, بەڵام (عەقڵی ڕەها – العقل المطلق) جیاواز نیه.
ب–الاراوی: تاکەکەی (اروی)یەو بەمانا گاکێوییه.

82–(الحرث بن کلدة): پزیشکێکی سەردەمی جاهلیەو گەیشته سەردەمی ئیسلامو لەقوتابخانەی (نیسابور) خوێندوویه.
*(عبدالملك بن ابجر): لەسەرچاوەکاندا ناوی هاتووه کە پزیشكو مامۆستا بووه لەقوتابخانەی (الاسکندریة)لەسەرەتای ئیسلامداو دەڵێن دۆستایەتی لەگەڵ (عمر بن عبدالعزیز)دا بووه.
*(اسحق بن حنین) پزیشكو وەرگێڕ بووه لەسەدەی 3 ی کۆچیدا.

87–(ثابت بن قرة): پزیشكو وەرگێڕو گەردووناسو ماتماتیکزان بوو لەسەدەی 3ی کۆچیدا, پزیشکێکی ئینگلیزی هاوچەرخ ئەم گوتەیه دەڵێتو (سەیارە)یشی دەخاته سەر چونکه مرۆڤ بەهۆی سەیارەوه کەمجووڵەبووه.
89–کە زمانەوانێك بیر لەفڕین بکاتەوه, ڕۆشنەبێت کە گرنگیدان بەزانست هاوبەشه بۆ هەموو تاکەکانی کۆمەڵگا, بەدەر لەسنووری پسپۆڕی, کۆمەڵگا دواکەوتووەکان لەکاروانی شارستانی لەمجۆره کارانەوه دووره.
تاقیکردنەوەیەکی لەمجۆره (عباس بن فرناس)ی ئەندەلوسی کردیو سەرکەوتنی بەدەستهێناو ماوەیەکی دوور بەئاسماندا فڕی.

90–(امام الحرمین): ئەم گریمانەی بەتوند ڕەتکردەوەو گوتی چەندین بەڵگەم لەلایه دژی ئەم گریمانەن, لەکاتی خۆیشیدا کەنیسه لەئەوروپا هەمان گریمانەی (فرضیة) (غالیلو)ی ڕەتکردەوه.

98–هەڵپەی دونیاو پشتگوێخستنی قیامەت:
(ڕازی)یش لەئاکاری دنیاییدا هەمان دەربڕینی بەکارهێناوه بەبێ ئەوەی گوێبداته ئیمانداره یان بێ ئیمان, چونکه (ڕازی) ئاینەکان ڕەتدەکاتەوه, هەڵپەی دونیا بەمانا: خەریکی ڕابواردنو دەستکەوتی شەخسی, بیرکردنەوەیش لەقیامەت بەمانا: موراعاتی سنوورەکانی ڕەوشتو میانەڕەوی.

105–(الاسطقسات): واته توخمەكان (العناصر)و وشەيەكى يۆنانيه, مەبەست لەتوخمەكان: (ئاو – هەوا– ئاگر– خاك)ه.
ئەم توخمانه بەپێى ئەفسانەكانى سۆمەرى – بێجگە لە ئاگر – بناغەى بوونى زەوييه, ئەم بۆچوونەيش (انبا دقلس) ئەم تيئۆرەى دارشتووه بەناوى خۆيەوه دەناسرێتو (ئاگريشى) تيا هەيه.
هەروەها بيرۆكەى توخمەكان لەفەلسەفەى چينيشدا هەيەو 5 توخمەو (دار – خشب) يشى خراوەتەبان, بەلام لەلاى ئيغريقيەكان دار (هيولى)يه واته ئەو مادەيەكى سەرەتايە بۆ شتەكانى دى.
114–ئاماژەيە بۆ هەلوێستى ئەو خەلكانەى كە ژيان رووى تێكردوون يان پشتى تێكردوون, واتە ئەو كەسانەى حالو گوزەرانيان باشە يان خراپە, ديارە ئەمەيش بۆ تاكەكانو كۆكانى ناو كۆمەلگايە, لەكۆمەلگە دواكەوتووەكاندا هيچ دياردەيەكى باش (تقييم) ناكرێت, بەلام لەكۆمەلگاى پێشكەوتوودا (تقييم) دەكرێت بەبێ گوێدانە سروشتى ئەو دياردەيە, ئەمجۆرە كێشانە بەهوشيارى كۆمەلايەتىو رۆشنبيرى چارە دەكرێنو مرۆڤ دەتوانێت بەشێوەيەكى راستو لۆجيكانە بيربكاتەوەو هەلوێست وەربگرێت.

116–(جاحظ) يەكێك لەخەسلەتەكانى كۆمەلگاى (چينايەتى – كۆيلايەتى) دەخاتە پێشچاو ئەويش كۆمەلگاى يۆنانى كۆنە كە, كاردابەش بووە بە: كارى دەستو كارى فيكرى, چينى كۆيلەكان كارى دەستى دەكەن چينى گەورەكانو ئازادەكان (الاحرار) كارى فيكرى دەكەن, ئەم دابەشبوونە مەرجە بۆ بەرهەمى فيكرى لەكۆمەلگايەكى چينايەتيدا.

117–ئەم چيرۆكە 3 ماناى هەيە:
1-گەشەكردنى كارى پزيشكىو سەپاندنى تاقيكردنەوەو مۆلەت پێدان.
2-دياريكردنى سنوورى پسپۆريەكانى پزيشكى.
3-زۆربوونى پزيشك لەبەغدا, ئەمەيش ئاماژەيە بۆ گەشەكردنى شارستانى (ژيارى) لەو شارەدا.

120–گەشەكردنى زانست بەپێى ئەم ئامۆژگارييانە پێويستى بە لێكۆلينەوەى تيئۆرىو بەردەوامى هەيە.

127–(قفطي) بەپێى تواناى مەعريفى خۆى باسى مێژووى زانست دەكات, بەلام باسى چەندين گەلى دى نەكردووە بەنموونە: چين, هيند, وە بۆ زانست دەمارگيرە, زەمى چەندين گەلانى تر دەكات بەبێ ئەوەى رەچاوى بارودۆخيان بكاتو پۆزشى بۆ نەهێناونەتەوە, ئەوە زانراوە كە گەلان لەتواناى بيركردنەوەو بەرهەمى زانستيدا جياوازيان نيه, عەيبە كە لە خودى مرۆڤەكاندا

نیه, (توحیدی)یش باسیکردووه کە عەقڵی مرۆڤ لەتوانای زانستدا (وەکیەکن). زانا کۆنەکان لەوەدا جیاوازن کە تا چ رادەیەك جیاوازن لەهوشیاری کۆمەلایەتیو شارەزاییان لە (انثروبۆلۆجیا)دا, هەتا ئێستاش ئەو هوشیارییە بەگشتی لاوازو سنووردارە.

135–(جاحظ) باسی چەمی (بلهجیم) دەکات لەدورگەی عەرەبی کەزۆر بەپیتو رێژەنەو ساڵی (2) جار کشتوکاڵیان هەڵدەگرن, (ابو بهلول) دەڵێت ئەگەر حوشتری ئەم ناوچەیە زۆر قەڵەو بایە, دەیاننارد بۆ شوێنێکی کەم رێژەنتر, دیارە ئەگەر ساڵی دووجار بەرهەمی زەوی هەڵبگرن, کاتی جاری دووەم کورتردەبێت, ئێمەیش دەکرێت ئەو قسانە بسەلمێنین لەکاتێکدا بارودۆخی (تۆبوغرافی)و ئاوو هەوا لەبار بن.

140–(کافیجی) وێنەی ئەو میتۆدەمان بۆ دەکێشێت کە دەبێت مێژوونووس پەیرەوی بکاتو وردەکاری تیا بکات. بۆ سنووردارکردنی تۆمارە – مێژووییەکان, دەبێت پابەند نەبێت تەنها بەزانیاری خۆیو ئاماژە بدات بەچەندین (گێرانەوەی – روایة)تر, مێژوونوسە بەئەزموونەکانیش هەروایان کردووە.

142–(ابن مطهر الحلي) یەکێکە لە (متکلمین – فەیلەسووفەکانی) (امامیة)و شەرعزانەکانیان لەسەدەی 8ی کۆچیدا, ئەو دوو شیعرەیش لەبناغەدا هی (ابو المؤید العنتري) یەو (مطهر) وەك نموونەیەك لەدەمارگیریو (حنبلی) خوازی (ابن تیمیه) یە هێناویە.

158–ئەم حەدیسە جێگەی گومانەو (ابن عبدالبر)و (بیهقی) باسی دەکەنو (ابن قتیبة)یش لەکتێبی (عیون الاخبار) دا باسی کردووە, قسەی ئەم مێژووناسانە پێویستی بە وردەکاری هەیەو دەبێت لەکتێبی (الصحاح)ەوە پشتگیری بکرێن, هەرچۆنێك بێت ئەم حەدیسە ئەوە نیشانئەدات کە لەسەدەکانی ئیسلامدا گرنگی بە فێرکردنو خوێندن دراوە.

168–(ابو اسحق الحوفي): ئەم ناوەم لەکتێبی گەریدەکاندا بەرچاو نەکەوتووە, لەوانەیشە (کوفي) بێت, ئەمانە چەند پیاوێکن لەکتێبی (التهذیب في ثقات المحدثین) دا باسکراون.

174–لەم حەدیسە بەگومانم, پێدەچێت لەئەنجامی گرنگیدان بەزانستەوە پەیدا بووبێت.

176-(سالم بن ابی الجعد) لەجیلی دوای پێغەمبەرە, یەکێکە لەو کەسانەی کە حەدیسی حەرامکردنی (کەڵەکەکردنی سامانی) هێناوەتەناو حەدیسەکان.

189-(الحسن بن علی المصری) شاعرێکی سەردەمی (فاطمي)یەکانە, هاورێی وەزیرە هەڵکەوتووەکەی ئەوانە ئەویش (طلائع بن روزيك)ەو زۆریش بەناوبانگ نیە.

190-(خلیل) بەهۆی ئاینداریو خۆ پاراستنی لەگوناه, ئاراستەی سیاسی هاوسۆزبووە لەگەڵ موعارەزەداو ماوەیەك هەواداری (خوارج)ەکان بووە, ماوەیەکیش هەواداری شیعە بووە, بەلاّم زمانەوانەکانی تری وەك (کسائی) کاریان لەگەڵ دەسەلاّتدا گرێداوە.

191-(الوهرانی) نووسەرێکی سەردەمی (صلاح الدین ایوبی) بووە, بەتوندی رەخنەی گرتووە لەرۆشنبیرەکانی و پیاوانی دەوڵەت لە سەردەمی خۆیدا, بەرهەمەکانی لەکتێبێکدا کۆکراوەتەوە بەناوی (منامات الوهرانی ومقاماتە ورسائلە) وە (ابراهیم شعلان) و (محمد نغش) (تحقیق)یان کردووە بەسەرپەرشتی (عبدالعزیز الاهوانی)و لەقاهیرەو لەساڵی 1968 چاپکراوە.

200-(ابراهیم النخعی) خەڵکی (نخع) ەو لەخێڵەکانی (یمن)ە کە (مالك الاشتر)یش لەهەمان خێڵە, شەرعزانێکی سەدەی 2 ی کۆچیە, یەکێکیش بووە لە (متکلمین) و دەشلێن (مرجئة) بووە کە مەزهەبی پێشووی ئەهلی سوننەیە, بەلاّم هەوادارانی ئەم مەزهەبە بەدەستی سەلەفیەکان تووشی سووکایەتی بوون, چونکە مەزهەبێکی عەقلاّنیەو بەناچاریی (لۆجیك - منطق) بەکاردەهێنن.

201-(بجکم) کابرایەکی تورك بوو, لەخەلافەتی (الراضي بالله) دا کۆنترۆڵی بەغدایکردو بەناچاریی خەلیفە ناوی (امیر الامراء)ی پێبەخشی.

203-(حماد بن ابی سلیمان): شەرعزانو (متکلم)ی کۆتایی سەدەی یەکەمو سەرەتای سەدەی دووەم بوو, هەواداری (مرجئة) بوو, بۆیە بەو جۆرە توندیە رەخنە دەگرێت.

206-مەبەستی لەوەیە کە, زانا بەکەڵکی فێرکردن نایەت هەتا لەلای زانایەکی بەرز (استاذ) نەخوێنێت, دیارە دەڵێت: خۆ تەسقیفکردن کافینیەو بەدیل نیە بۆ خوێندنی قوتابخانە.

*(ابن جابر) ناوی 3 کەسی قورئانزانو حەدیسزانن, بەلاّم (ابو زرعە) نەیگوتووە کامیان خاوەنی ئەم گوتەیەن.

207-(عبــدالله بــن طــاهر) يەكێكــە لــەپياوە هەڵكــەوتووەكانی بنەماڵــەی (طاهريــە), وە لەجــەنگی (أمــين و مــأمون)دا ئەســتێرەی بەختی درەوشايەوە.

209-ئەم دەستورە (قاعدة) (اجتهاد) بە پلەی يەكەم بەپێويست دەزانێــت و شــوێنكەوتن (تقليــد) بــەخراپ دەزانێــت, لــەم گوتەيشــدا هەڵوێستێكی ديموكراتی دەبينرێت بەرامبەر هەڵە.

211-ئــەم گوتەيــە ســەرەتايە كــە بــۆ تيئــۆری (حبيبــة) لــەبواری روناكيدا كەبەكورتی ئەمەيە:
روناكی لەگەرديلە دروستدەبێت و لەشوێنێكدا بڵاو دەبن و روناكی دەكەنــەوە, بەرامبــەر ئــەم تيئــۆرەيش, تيئــۆری (شــەپۆل - موجــة)ەو لەچــەند شــەپۆلێك دروســت بــووە, زانســتی فيزيــای هاوچــەرخيش (پارسەنگە) لەكۆی هەردوو تيئۆرەكە.
*مەبەســتی لــە (اجســام صــغار), (جســيمات)ە, زاناكــانی ئــەو ســەردەمە دەترســان لەزمانەوانــەكان و ئــەوان چــێژی ئــەدەبی خۆيــان بەسەر زمانی زانستدا سەپاندبوو.

222-كاڵــەكی ئاســيای ناوەراســت, زۆر شــيرينەو تــام و بــۆنی زۆر خۆشــە, هــەروەهايش كاڵــەكی (الويفوری) كــە چــينيەكان پێــی دەڵــێن (كاڵــەكی الهــامی), ئــەمجۆرە كاڵەكــە لەخۆرهــەڵاتی ناوەراســتدا نيــەو بەناچاری لەو شوێنە دوورانەوە دەبران بۆ خەليفە.

226-(فرض الكفاية): واجبێكی شــەرعيە, ئەگــەر كۆمــەڵێك بيكــەن بــاقی خــەڵك لــەو واجبــە دەبەخشــرێن, ئەگــەر كــەس نــەيكرد, لەســەر هەموو كەس واجبە.
بەرامبەر ئەميش (فرض العين)ە, كە لەسەر هەموو تاكەكان واجبــە. نموونــەی يەكــەم هــەموو ئــەو (كــارە) باشــانەن كــە كۆمــەڵێك ئــەنجامی ئــــەدەن و مەبەســــتيش دێتــــەدی, نموونــــەی دووەمــــيش وەك نوێــــژ كەلەسەر هەموو تاكێك واجبە.
لەو كاتەدا بۆچوونەكان جياوازبوون كە ئايا خوێندنی زانستەكان فەرزی (كفاية)ن يان نا؟
ديــارە ئــەو جياوازيــە روونــاكی دەخاتەســەر جيــاوازی عەقڵيــەتی شـــەرعزان و (متكلمين)ەكـــان, دەبـــوو رۆشـــنبيرەكانيان بيانگوتايـــە فــەرزەو دژی ووشــكو ســەلەفيەكان, (فالكيــا الهراســی) رای وايــە كــە واجبە, بەڵام (غەزالی) بەپێی ئەو روايەتە- بەلايەوە واجب نيە.

235-سەدەكانی ئيسلام گەلێك لەم ئيختراعەی تيا پەيدا بووە, بەڵام زۆربەيان لەسەر ئاستێكی بەربڵاو نەبوون, چونكە پيشەسازی

بەنــدە بــە (شــێوەی بەرهــەمی ســەرمایەداری – نمــط الانتــاج الرأسمالي)یەوە.

240–(المكزون السنجاری) (حسن بن یوسف)ە, ئەدیب و سۆفی و سـەرکردەی سیاسـی و سـەربازی بـوو, یەکێکـە لەئیمامـەکانی (النصیریة) و لەساڵی 638 ی کۆچیدا مردووە.

248–(ابـراهیم النظـام) فەیلەسـووف و زانایـەکی (معتزلـة) بـوو لەسەدەی 3ی کۆچیدا, بۆ گەیشتن لەجیهان, هەواداری (مادیة) بوو.

251–(هجم ورعاع أتباع كل ناعق): ئەمانە بەپێی دەقەکە کۆمەڵی سـێیەمی ئـەو خەڵکانـەن کـە (نـە)زانان و نـەفێرخوازیش, واتــە نەخوێندەوارو جاهیلن, بەپێی دەقەکە, پەیوەندییەك هەیە لەنێوان شـوێنکەوتووەکان و جەهالەتەکەیانـدا, ئەمــە لــەبواری مەعریفیــدا راسـتە نـەك لـەبواری سیاسـەتدا, نەخوێنـدەوار چـاو لەخـەڵکی تـر دەکات چونکە لەبواری مەعریفیدا هـەژارە, بەڵام لەهـەمان کاتیشدا دەکرێـت بەرامبـەر بەدەوڵـەت و دەسـەڵات شـوێنکەوتەو بـێ ئـیرادە نـەبێت, ئـەو لێـرەدا شـتی تـر کـاری تێدەکـەن وەك بەرژەوەنـدی چـینایەتی کـە دەکرێـت بیکـات بـەدوژمنی دەوڵـەت و دەسـەڵات و لەهەمان کاتیشدا خاوەنی رەسیدێك نەبێت لەمەعریفە.
بەپێچەوانەیشەوە دەکرێت فێرخوازێك یان زانایـەك زۆرتـر شـوێنی سیاسـەت بکـەوێت چـونکە پلـەی کۆمەڵایـەتی ئـەوان نزیکـە لـە دەسەڵاتەوەو مەعریفەش لەو بوارەدا رێگەی پێئـەدات کـەنزیك بێـت لەدەسەڵات.

252–(ابراهیم الحربی): ئەدیب و حەدیسزانی سەدەی 3 ی کۆچی بوو, دانیشتووی گەڕەکی (الحربیة)ی بەغدا بوو.

264–(ابـو عبداللـه التـاودی): زانایەکـە خـەڵکی شـاری (فـاس)ە لەسەدەی 6ی کۆچیدا.

276–لەحاشـــیەو پـــەراوێزی دەستنووســـەکەی (بودلانـــد)دا هـەواڵێکی درێـژم خوێنـدەوە لـەبارەی دۆزینـەوەی ئـەمریکا لەلایـەن (کولـومبس)ەوە دیـارە ئـەو پـەراوێزە خوێنـەرێك لـەپاش ماوەیـەك نووسیویە.
279–ئـەم ئەسـپە بـەووزەی پیشەسـازی دەفـری نـەك بـە سـیحرو (بسـاط الـریح) ئاسـا, لەدەقەکـەدا بیرۆکـەی (ئالێـەتێکی) سـنووردار هەیـە کەدەبێتـەهۆی جـووڵانی ئەسـپەکەو ئـەم بیرۆکەیـەش دەچـێتە سنووری (خەیاڵی عیلمی), گێرانەوەی ئەم دروستکراوە بۆ دانایەکی فارس, پەیوەندە بەرۆڵی فارسەکان لەزانستە ئیسلامیەکاندا.

290-(عبـدان القرمطـي): یەکێکـە لەدامەزرێنـەرانی بزوتنـەوەی (قرامطـة) لـە (سـواد)ی عێراقـدا، (حمـدان بـن الاشـعث) رێکخـەرو مـونزەمی بـووە، لـە (سـلیمە)ی (شـام) بـووە بـەکادیری ئـەم بزووتنەوەیە، بەدەستی فەرماندەیەکی قیرمتی (زکرویـە بن مهرویـە) کـوژرا بـەهۆی ناکۆکیـەك، لـەنێو سـەربازگەیەکدا پەیـدابووە، دیـارە لەکۆمـەڵگا دواکەوتووەکانـدا زۆرجـار ناکۆکیـەکان بەکوشـتن چارەسەرکراون.

305-(الفخر الرازی): وەك لەمەوپێشیش باسمانکرد بیرمەندێکی ئـاینی (لاهـوتی) بـوو، بەمەزهـەبیش (سـوني)بوو، رۆشـنفیکرێکی بـەتوانا بـوو، ئەمـەیش کردبـووی بـە مرۆڤێکـی (ئینسـکلۆپیدی) فرەزان و هوشیار لەبواری فەلسەفەدا.
زۆرجـار ئـەو فرەزانیـە وای لێکـردووە پـەلبهاوێت بـۆ دەرەوەی وەزیفـەی خـۆی، ئـەم گوتەیشـی ناگونجێـت لەبۆچـوونە ئیسـلامیەکانیدا، دووری ئاسمان و زەوی لەیـەکتر، دیـارەو حەتمـەن جیهـانێکي بێکۆتـایی ئیسپات دەکـات، جیهانێـك خـر بێـت ... بـێ (جهات) بێـت... بوونێکی تـر لـە دەرەوەی ئـەو نـەبێت -چونکە بـێ (جهات)ە واتە خاریجە-.

# بەشی سێیەم

## هەندێك كێشەی ئەحلاقی وژیاری ( حضاری )

1-**شەرم ( حياء )! ( المجلسي ):**

(نجيح) دەڵێت (حسن بن علی)م دی دەیخواردو سەگێك لەلای دەستیدا بوو, پاروویەکی دەخواردو پاروویەکی ئەدا بە سەگەکە, پێمگوت: ئەی کوڕی پێغەمبەر! با ئەو سەگە لەخواردنەکەت دوور بخەمەوە, (حسن)یش گوتی: وازیلێبهێنە, من شەرم لەخودا دەکەم گیانداریێك تەماشام بکاتو من بخۆمو بەشینەدەم.

2-**ئیشی دەست ( ابو عمرو الشیبانی ):**

(جعفر الصادق)م دی بێڵێکی بەدەستەوە بوو مێزەرێکی ئەستووری بەسەرەوە بوو, دیواری باخچەیەکی دروستدەکردو ئارەق بەپشتیدا دەچۆڕا, پێمگوت: بەقوربانتبم! بێڵەکەم پێبدە با یارمەتیت بدەم, ئەویش گوتی: من زۆر حەز دەکەم لەبەر گەرمای خۆر ماندوو ببمو بژێو پەیدا بکەم.

(هەمان سەرچاوە)

3-**نەهیکردن لەمەرایی بۆ دەوڵەمەند ( جعفر الصادق ):**

یەکێك هاتەلای دەوڵەمەندو سەرشۆڕی بۆ کرد (2 بەش لەسێ) بەشی ئاینی دەڕوات.

4- **پیاوێکی زانا - ( الاعلان بالتوبیخ لمن ذم التأریخ ):**

سوڵتانەکانو دەوڵەمەندان لەهیچ کۆڕو مەجلیسێکدا سووكو ریسوا نەبوون هێندەی مەجلیسی (أعمش), لەکاتێکدا یەکجار هەژارو کەمدەرامەتبوو.

### 5-چەند ستایش و ستایشکراوێك:

(عبدالله بن مبارك) دەڵێت: لە(سفیان الثوري)م پرسی:

-خەڵك كێن؟

زانایان

-كێ لەهەموو یان بەشەرەفترە؟

لەخودا ترسان

-كێن باشەكان؟

ئەوانەن لەگوناە خۆیان دەپارێزن

-كێ ئاژاوەچییە؟

ئەو چەنەبازو قسە فرۆشانەن بەقسەماڵی خەڵك دەخۆن

-ئەی گەوج و كەودەنەكان كێن؟

زاڵمان....

(المستطرف)

### 6-داب و نەریتی پێشوازیكردنی پیاوان لەیەكدی:

-پیاوێك بە پێغەمبەری گوت: ئەی پێغەمبەری خودا! پیاوێك دەگات بە براو دۆستی ئایا خۆی بۆ بچەمێنێت؟

-گوتی نەخێر

-ئایا باوەشی پیابكات و ماچیبكات؟

-نەخێر

-ئەی دەستی بگرێت تەوقەی لەگەڵدا بكات؟

-بەڵێ.

7-**لەنێوان (سەربەرزی)و (فیز زلی) دا:**

سەربەرزی فیز نیە, سەربەرزی, خۆناسینەو دوورکەوتنەوەیە لەوشتانەی کە مرۆڤ دەشکێنن, فیزو (خۆبەگەورەزان) خۆ نەناسینە, سەربەرزی لەشێوازدا وەك فیزە, بەلاَم لەڕاستیدا جیاوازە, وەك لەیەکچوونی (کەمفیزی و رۆحسووکی - تواضع) لەگەڵ بوودەڵەو (خۆ بەکەمزان) (الضعة والتواضع).

8-**چەند رەفتارێکی پەروەردەیی, لەبارەی کرداری باوك لەگەڵ کوڕەکەی, بەو نیازەی پیاوچاك پەروەردەی بکات (بەرای خۆی) غەزالی ئەم خالاَنەی دیاریکردووە:**

1-با باوك سامی خۆی لەلای کوڕی نەشکێنێت بەقسەی پڕوپووچ, جار جارە نەبێت سەرزەنشتی نەکات.

2-نەهێڵێت بە رۆژدا بخەوێت چونکە تەمەڵ دەبێت.

3-زۆر سەرزەنشت و گلەیی لێمەکە, چونکە سیوایی دەبێتەوەو بێزار دەبێت و ئیدی کاری خراپی لەلا ئاساندەبێت.

4-با رابێت قۆڵ و قاچ هەڵنەکات و لەرۆیشتنیشدا خێرا نەبێت, دەستەکانی خاوو خلیچك شۆڕ نەکاتەوە, بەڵکو لەسەر سنگی دابنێت.

6-پێلاَوی بەرزو کەشخ لەپێ نەکات و خوو رەوشتی رابواردن وەرنەگرێت.

7–خـۆی رابێنێـت کـە لـەکۆڕی ئـەوداو خـەڵکی تریشـدا تـف نەکاتەوەو چڵم نەسڕێتو هەڵەشەیی نەکاتو پشت نەکاتە خەڵكو قاچنەخاتە سەر قاچو دەستنەخاتە ژێر چەناگەیو سەر نەخاتە قۆڵیو ئەمانە گشت بەڵگەن بۆ تەمەڵی.

8–سوێند نەخواتو قسە زۆر نەکات.

9–فێری (گوێڕادێران)و هەڵسان لەبەری خەڵك ببێت.

10–هاوڕێیەتی پیاو خراپ نەکات.

11–لەپاش کارەکانی بڕوات بۆ گەمە کردن.

لەبارەی پەروەردەکردنەوە غەزالی دەڵێت:

منـدالْ لەجەوهـەردا ئامادەیـە فێـری خێریـشو شـەڕیش بێـت, ئەمـەیش بـۆ بـاوك دەگەڕێتـەوە کەبـەلای خێـردا بـڕوات یـان بـەلای شەڕدا؟

(احياء علوم الدين/ غزالي)

9-**کەم فیزیو سەرشۆڕی - ( دەڵێن پێغەمبەر گوتوویە ):**

بەهەشت بۆ ئەو کەسەیە کە بێ فیزەو خۆیشی قورس رادەگرێت.

10–**دابو نەریت, رێژەیین ( الماوردی ):**

دەشـێت –لـەڕووی عەقڵـەوە– چـەند مەسـەلەیەك کـەنامۆیش بـن لەلای هەندێك, بەباشیان بزانن‌و غەیری ئەوە بەخراپ بزانن.

11–**چەند تایبە تمەندیەك ( دەڵێن عەلی گوتوویە ):**

خـودا سـزای (6) گـروپ ئـەدات بـەهۆی کردارییـان: عـەرەب بـەهۆی (خـۆ بـەزلزانیان), ئـەمیرەکان بـەهۆی زوڵمیـان, شـەرعزانان بـەهۆی

حەسـادەتیان, بازرگانـان بـەهۆی ناپاکییـان, جوتیـارانیش بـەهۆی جەهلیان.

(اصول الكافي)

12-**مەسەلەیەکی ئەخلاقی (ابو حنيفة):**

حـەجکردن بەسـواری, باشـترە لـەپێ, چـونکە حـەجکردن بـەپێ دەبێتـە هـۆی خراپـی رەفتـارو ئـازاردانی خـەڵك, ئـەوەی بەسـواری دەڕوات بۆ حەج, کردارەکانی جوانەو ئازاری کەس نادات.
(محاسن الاسلام والشرائع)

13-**لەدابو نەریتەکانی (موجامەلات): گوتەی پێغەمبەرە:**

ئەگەر ئێوە 3 کەس بوون, لەیەکتر جیانەبنـەوەو لەگەڵ خـەڵکانی تردا تێکەڵاوی نەکەن, نەبادا تووشی کێشەو ئازار بن.

14-**سوپاسو تووڕەبوون (جعفر الصادق):**

ئـەوەی بـەدڵڕەقی و سـزادان تـووڕە نـەبوو, سوپاسـی نیعمـەتو خۆشیش ناکات.

15-**بازرگانی رەوشت (ابن خلدون في المقدمة):**

بازرگـانی, مـرۆڤ کێشـدەکات بـۆ رەوشـت نزمـی و کەمویـژدانی, چونکە بازرگانی پێویستی بە دوژمنایەتی و ناکۆکی هەیە, پێویستی بە زمانلووسی و ململان هەیە.

16-**دژی گێلی:**

**لەلای (عمر بن خطاب) دا باسی پیاوێکیان دەکردو دەیانگوت: پیاوێکی بەڕێزەو هیچ لەخراپە نازانێت.**

**(عمر)یش گوتی:**

**ئەو (لەشەڕ نەزانینە) خراپترە لەشەڕەکە.**

17-**توندوتیژیو نەرمونیانی (گوتەی پێغەمبەر)ە:**

***خودا خۆی بەڕەحمەو دڵنەرمیو ڕەحمی خۆشدەوێت, ئەو پاداشتە ئەیدات بە دڵنەرمو بەڕەحم, نایدات بە توندڕەوو دڵڕەق.**

***خودا لەهەموو شتێکدا نەرمیو ڕەحمی دەوێت.**

18-**ناوەکان (گوتەی پێغەمبەرە):**

**خۆشترین (ناو) لای خودا (عبدالله و عبدالرحمن)ە, ڕاستترین ناویش (حارپ و همام)ە, خراپترین ناویش (حرب) و (مرة)یە.**

**(الدولابي – سنن ابي داود- الاستيعاب)**

19-**لەسیفاتەکانی (الابدال) – دەڵێن (علی بن ابی طالب) گوتوویە:**

**(ابدال)ەکان بەکردنی نوێژو ڕۆژو تەسبیحات لەپێشخەڵکەوە نین, بەڵکو بەڕەوشتی جوانو (خۆ لەگوناهپاراستن)و نیهادو دەروونپاکیو سنگفراوانی.**

**(المناوى في شرح الجامع الصغير)**

20-**خەڵك هاوسانن:**

یەکێك هاتەلای (ابو بشر)ی شەرعزان و گوتی: فلانەکەس پێمدەڵێت: دووڕەگ و نانەجیب.

(بشر)یش گوتی: لەمنداڵەکانی (ئادەم) کەسیان دووڕەگ نین, هەموویان لە (ئادەم) و (حوا)ن, بەڵام با بزانن کێ لەئێوە دووڕەگ و نانەجیبە, ئەو کەسانە دووڕەگن کە بەجەستە لەئادەمن بەڵام دڵ و دەروونیان هی شەیتانە.

(الكني والاسماء)

## 21- پاك و خاوێنی:

ئەوەی بەشتی پیس و چڵکنەوە دەخەوێت, کە نەخۆشکەوت کەس تاوانبار نەکات بێجگە لەخۆی.

## 22-خەڵك وەك دانەکانی شانە هاوسانن (گوتەی پێغەمبەر):

(تحف العقول – الكنى والاسماء)

## 23-زەوق (گوتەی پێغەمبەرە):

خودا خۆی خاوێنەو پاکو تەمیزی خۆشدەوێت, بەخشندەیەو بەخشندەیی خۆشدەوێت, میهرەبانەو میهرەبانی خۆشدەوێت, بۆنخۆشەو بۆنخۆشانی خۆشدەوێت, ناومال و حەوشتان پاکو خاوێنکەن, وەك جوولەکە مەبن زبڵ لەماڵیاندا کۆدەکەنەوە.

(الكني والاسماء)

## 24-شین و لەخۆدان (گوتەی پێغەمبەرە):

ئـەوەی کراسـی دادڕیو دەموچـاوی دەڕنێتـەوە ئـەوەی نیزاکـانی سەردەمی (جاهلی) بەکاردەهێنێت, لەئێمە نیە.

(الكني والاسماء)

## 25-کاروباری ناومالْ (گوتەی پێغەمبەر)ە:

دەفرەکان داپۆشن, کوندەو جەوەنەکان ببەستن, دەرگاکان داخەنو چـراکان بکوژێننـەوە, شـەیتان بانەچـێتە کونـدەو جەوەنـەکانو دەرگاکان نەکاتەوە, دەفرو حاجەتەکان با بەدەرەوە نەبن.

(امالي المفيد – صحيح مسلم)

## 26-کەلوپەلی مالْ (گوتەی پێغەمبەرە):

جێگەیەك بۆ پیاوو یەکێك بۆ ژنەکەیو سێیەم بۆ میوانو چوارەم بۆ شەیتان....

(صحيح مسلم)

## 27-ئوسولْی باوێشکدان (گوتەی پێغەمبەر):

ئەگـەر یـەکێکتان باوێشـکیدا بـا لەوکاتـەدا دەسـتبگرێت بـەدەمیا چونکە شەیتان دەچێتە جەستەوە.

(سنن ابي داود – صحيح مسلم)

## 28-لەنێوان رەوشتو شەرعدا:

یـەکێك لـەیاوەرو هاوەڵـەکانی (علـي الرضـا) دەیگێڕێتـەوە لەسـەفەرێکدا بـۆ خۆراسـان, هـاوەڵی (علـي الرضـا) بـووم, سـفرەو

خــوانێکی ئامــادەکردو هــەوادارانی خــۆی لەخــەڵکی ســودانو شوێنەکانی تر ئامادە بوون.

-منیش پێمگوت: بۆ خوانێکمان بۆ ئەمانە ئامادە نەکرد, ئەویش گوتی بێدەنگبە! خودامان یەکەو باوكو دایکمان یەکەو پاداشتی خودایش بەپێی کرداری مرۆڤە.

(مفاتح الكتب الاربعة)

**29-لەنەریتەکانی خواردن ( ابو اهاب الاصحابی ):**

پێغەمبەر نەهی لێکردووین کە بە (شاندادانەوە) نان بخۆین.

(طبقات ابن خياط)

**30-نرخی مرۆڤێکی تاك:**

نرخی هەموو, پەیوەندە بەکارە باشەکانی

(نهج البلاغة – العقد الفريد)

**31-محەمەد باسی خۆیدەکات:**

(5) شت هەتا مردن تەرکیان ناکەم:

خواردن لەخوارەوە لەگەڵ کۆیلان, سواری گوێدرێژی کورتاندار, دۆشینی بزن بەدەستی خۆم, پۆشینی بەرگی خوریو سڵاوکردن لە گەنجانو منداڵان.

(مكارم الاخلاق/ للطبرسي)

**32-لە پاش مردن ( حەدیس ):**

**باسی باشەکانی مردووەکانتان بکەن و خراپەکانیان پشتگوێ بخەن.**

**33-بیانوو بۆ قسەی زیادو ناشیرن:**

**-ئەم وشانە زمانەوانەکان خۆیان بەکاریان هێناون, ئەگەر حاڵێك بێتە پێش و بەکار نەیەن, ئیدی هیچ مانایەکیان نابێت.**

**(جاحظ)**

**34-ئاسوودەیی (ابوبكر الخوارزمی) بۆ دۆستێکی نوسیوە:**

**تۆ کە خۆت ئاسوودەبیت سەرمان لێئەدەیت کەخۆت پەست بوویت کەم سەردانمان دەکەیت.**

**تۆ وەك مانگیت کە تیشکت کەمبوو, سەردانمان کەم دەکەیت, کەزۆریش بوو, لامان دائەنیشی.**

**35-لووتبەرزی و خۆبەزلزانین (ابن الصقر الواسيطي):**

**من کە دەڵێم: خودا بمبەخشە!**

**بەڕاستم نیە.**

**من لەهیچ شتێکی شەیتان رازی نیم**

**بێجگە لەوەی کە سوجدەی بۆ خەڵك نەبرد**

**36-ئینساف و بەویژدانی (زیاده بن مزید):**

**خەڵکانێك گلەییان لێدەکرێت بەبێ ئەوەی تاقیبکرێنەوە.**

**چۆن خەڵك بەبێ تاقیکردنەوە لۆمە دەکرێت؟**

**37-رەخنە لەخۆگرتن (سري السقطي):**

(30) ساڵە کە دەڵێم (سوپاس بۆ خودا), داوای بەخشین دەکەم لەخودا.

گوتیان مەبەستت چیە؟

(سری) گوتی: ئاگرێك لەبەغدا کەوتەوە, یەکێك هاتەلام پێیگوتم: دوکانەکەت نەسوتاو رزگاری بوو, منیش گوتم: (الحمدالله – سوپاس بۆ خودا) منیش لەسوپاسی ئەوکاتە پەشیمانم, چونکە لەوکاتەدا خێرم بۆ خۆم زۆرتر دەویست لەخەڵك.

(ابن خلكان)

**38-مانای حلیمو خۆگری:**

لەکۆڕێکدا کە (معاوية) ئامادەی بوو لەگەڵ (شريك بن عبدالله) دا, لەو کۆڕەدا (معاويە) بە خۆگرو حەلیم وەسفکراو (شەريك)یش گوتی: ئەوەی سوکایەتی بەهەق بکاتو جەنگ لەگەڵ (على بن ابي طالب) بکات حەلیم نیە.

**39-بێباری (ابو القاسم البغدادی) باسی پیاوێك دەکاتو دەڵێت:**

*عەلەوییەو بەدەستی وەردەگرێت بەڵام لەدەستی وەرناگیرێت.

*سۆفیەو لێمان داوا دەکاتو لێی داوا ناکەین.

*سەردانی عەلی دەکات چونکە خۆی شڕۆڵەو پیسە, سەردانی (معاوية) دەکات چونکە سفرەو خوانی هەیە.

(حكاية ابو القاسم البغدادي)

40-**فيزن‌و خۆ بەزلزان – دەڵێن ( عمر بن خطاب ) گوتوویە :**
**بێگومـانم ئـەو کەسـەی خـۆی بـەزل دەزانێـت, لـەخودی خۆیـدا ریسواو سووکە.**

41-**بەخشینی دەوڵەمەندان ( ابراهیم النخعی ):**
**دەوڵەمەندان بۆ ئەوە نابەخشن کە پێداویستیەکانت نەهێڵن, بەڵکو بۆ ئەوەیە ناوت بزڕێنن‌و حەیاتبەرن.**

**(طبقات ابن سعد)**

42-**چەند ئامۆژگارییەکی ژیاری‌و شارستانیانە :**
**دەفرەکانتان سەر بنێنەوە, کوندەو جەوەنەکان ببەستن, دەرگاکان داخەن, چراکان وەکوژێنن, منداڵەکانتان کۆکەنەوە, شەیتان لەناوە.**

**(صحیح مسلم)**

43- **کەلەخەو هەستایت, 3 جار دەستت بشـۆ پێشـئەوەی دەسـتبخەیتە دەفری خواردن ... کێدەزانێت لەخەودا دەستت لەکوێدا بووە؟**

**(صحیح مسلم)**

44-**ئەو کەسەی شتە ئازاردەرەکانی خـوارد – یـان ئـەو کەسـەی لـەمی خوارد- نەیەتە مزگەوت.**

**(صحیح مسلم/ تحف العقول)**

45-**دەبێت موسوڵمان لەهەموو ( 7 ) رۆژێکدا سەرو لەشی بشۆرێت.**

**(صحیح البخاري)**

چەند ئامۆژگارییەك, هەندێك دەڵێن ( پێغەمبەر ) گوتوویە, هەندێكیش دەڵێن ( علی ) گوتوویە

*دەستشۆردن لەپێش خواردن, پاش خواردنیش خێرەو رزق زیاد دەكات.

*لەسەرە رێگا پیسی مەكەن, لەسەربان میز مەكەن و مەیكەنە ئاوی رۆیشتوویش (جاری), ئەگەر میزتان كرد رووەكەنە رەشەبا.

*خۆتان رابێنن و خودا ئەو كەسانەی خۆشناوێت كە پیسی دەخەنە شوێنە گشتیەكان و خەڵك گلەو گازاندەی لێدەكەن.

46-ئەخلاق بیروباوەڕی ( خرمیة ) –البدء والتأريخ:

بەلای ئەوانەوە, هەموو ئاینێك راستە ئەگەر پەیڕەوانی بەئومێدی پاداشت بن و بترسن لە سزا, كەس بەچاوی سووك و خراپە تەماشا ناكەن مەگەر خراپەیان لەگەڵ بكرێت و فێڵ و پیلانیان بەدژ بكرێت و سووكایەتی بەمەزهەبیان بكرێت.

زۆر خۆیان لەخوێن دەپارێزن مەگەر پەلاماریان بدرێت و (گەلەكۆمەكەیان) دژ بكرێت. ئەو (خرمی)یانە كە ئێمە دیومانن لەولاتەكەی خۆیاندا زۆر پاكو خاوێنن و حەز بە تێكەڵی خەڵك دەكەن؟

هەندێكیان دەڵێن: ئافرەت كە خۆی رازیبێت, دروستە بچیتە لای, هەموو شتێك خۆشی و لەزەتی ببێت حەڵاڵە مادام زیانی بۆ كەس نەبێت.

(البدء والتأريخ)

**47-لەبارەی (زهد)ەوە:**

له (الزهري) يان پرسی: (زهد) چيه؟

-نەبه كورتكردنی قژی لای گوێچكەيە، نـه بـه پۆشـينی جلوبـەرگی شرۆڵە، بەڵكو بريتييە لە گرتنەوەی نەفس لەئارەزوو شەهوەت.

**48-لەتايبەتمەنديەكانی پياوە گەورەكان:**

هـەموو ئـەو شـتانەی كـه دژی گـەورەيين، لەگـەورە پياوانـدا هەيـه وەك: زوڵم، حەماقەت، بەخيلی، داوێنپيسی...

**49-چەند خەوش و عەيبێكی كۆمەڵايەتی: ابو حيان التوحيدي:**

چەند تايبەتمەنديەكی كۆمەڵگەيەك كە (4) گروپی تيا ئەژين:

حەماقەو گێلی: بۆ فەرمانبەران.

شەرمنەكردن: بۆ قازی و دادوەران.

هەڵەشەيی: دەستبڕان و تاسگرەوەكان و...

شـێتی: بـۆ ئـەو كۆمـەڵ و گرووپانـەی شـەڕ دەكـەن لەسـەرئەوەی (ابـوبكر) باشـه يـان (علـی)، يـان ئەوانـەی كـه وڵات و گونـدو شـاری خۆيان بەباشتر دەزانن، يان ئەوانەی كە بۆ شتە گچكەكان دەمارگيرو موتەعەسيبن.

**50-بيروكراتی:**

ئەوەی خۆی بەگەورەتر دەزانێت لەخوار خۆی، هێندە بۆ كەسانی سەرووخۆی بچوكيی دەكات.

**51-خراپترین کەس: پرسیان لەشیخ حەسەنی بەسری کێ خراپترین مرۆڤە؟**

گوتی: ئەو کەسەیە کە خۆی بەباشترین کەس دەزانێت.

**52-لەڕەوشتی دزان (عثمان الخياط):**

لەدراوسێ, با دوژمنیشم بێت دزیم نەکردووە, ئەوەیش کەخراپەو ناپاکی کردووە, هەرگیز پاداشتم نەداوەتەوە.

(محاضرات الراغب)

**53-لە رەوشتی دەسەڵاتداران (الحجاج بن يوسف الثقفي):**

سزای کەسێك بەکەسێك ئەدەم کە ناویان .... لەیەکتر بکات, سزای (ولی) بە (ولی) ئەدەم, سزای دراوسێ بە دراوسێ ئەدەم.

(المحاسن والمساوئ للبيهقى)

*زياد بن ابية: بێتاوان لەتۆڵەی تاوانداردا دەگرم.

(الطبري)

**54-لەئەتەکێتی دوان و قسەکردن:**

گوتراوە وەك قسەی جوان فێر دەبیت, فێری گوێلەخەڵك گرتنیش ببە.

**55-رابەری خەڵکهەڵدان (سفيان الثوري):**

ئەو کەسەی لەناو برادەران و دراوسێکاندا مەحبوبە, بزانە قسەلووس و ماستاوچیە.

(الكشاف للزمخشري)

56-**هەڤگۆیی و دۆستایەتی (ابو ذر الغفاري) لەئاوارەییدا:**
**هەقگۆیی دۆستێکی پێنە هێلاوم**

(انساب البلاذري)

57- **نموونەیەکی ئەخلاقی:**
(مالك الاشتر) لەکاتی گەمارۆدانی (عثمان) دا سەردانی کردو دی کەسی لانیەو گەڕایەوە, یەکێك لەهەوادارانی خۆی پێیگوت: ئەی (اشتر)! خۆت پێتگوتین ئەم پیاوە بکوژن, ئێمەیش هاتووین فەرمانی تۆ بەجێبێنین, بەلام کە تەماشات کرد پەشیمان بویتەوە, ئەویش گوتی: رەحمەت لە باوکت! ئەوەتە چاوەڕێیەو مانیعیش نیە.

(هەمان سەرچاوە)

58-**لەخۆشەویستی و سۆزداریدا میانەڕەو بە:**
کە یەکێکت خۆشدەوێت توندڕەو مەبە, لەوانەیە رۆژێك قینت لێی بێت, کە یەکێکیش دەبوغزێنیت هێواشبە, لەوانەیە رۆژێك خۆشتبوێت.

(نهج البلاغة)

59-**مەرجی (تەقوی) (الفضیل بن عیاض):**
مرۆڤ نابێت بەهۆی خودا پەرستییەوە, نە دوژمنی لێی بترسێت و نە دۆستی خۆشی بوێت.

60-**لەرەوشتی سەگ (ابن المرزبان):**

**باشبزانه خودا پایەدارت بکات! سەگێك کەڕایدەگریت بەڕەحمترە لە باوك بۆ مندالی ... لەبرا بۆ برا, چونکە پاسەوانەو لەماڵبیت یان لەدەرەوە لەخەودا بیت یان بەئاگا, ماڵ و خێزانت دەپارێزێت.**

**(فضل الکلاب)**

**61-بەراوردێك:**

**ئەگەر سەگێك نووزەو کلکە لەقەی کرد متمانەی پێبکە, بەلام بەچپەو نووزەی خەڵك لەسەر سفرەو خوان باوەڕ مەکە.**

**(الاحنف بن قیس)**

***باشترین سیفەت لەسەگدا, نازانێت دووڕوویی (منافقی) بکات.**

**62-خۆشەویستی دنیا - دەڵێن( علی ) گوتوویە:**

**مرۆڤو خەڵك کوڕی دنیان .... پیاو ئەگەر دایکی خشبوێت عەیب نیە.**

**(امثال المیدانی)**

**63- پاداشتی باشە ( فضل الکلاب ):**

**(أعمش) سەگێکی بوو هەتا دەگەڕایەوە ماڵ, شوێنی دەکەوت, لەبارەیەوە پرسیاریان لێکرد ئەویش گوتی: دیم مندالان لێیان ئەدا, منیش نەمهێشت و سەگەکە تێگەیشت و سوپاسی کردم, ئەوەتا کە دەمبینێت کلکە لەقەم بۆ دەکات و شوێنم دەکەوێت!**

**64-لەسەر پەیڕەوی ( میکافیللی ):**

(ابو جعفر المنصور)ی خەلیفەی عەباسی (عبدالله بن علی) مامی دایە دەست (عیسی بن موسی) کە بیکوژێت و کەس نەزانێت, (عیسی)یش راوێژی بەدۆستێکی خۆی کردو ئەویش پێی گوت: مەیکوژە! (عیسی)یش نەیکوشت بەڵام بەخەلیفەی گوت کوشتوومە.

هەواڵەکە لەناو خەڵکدا پەخشبوو, براکانی (عبداللە) چوونەلای (عیسی) ئەویش پێیگوتن کوشتوومە.

براکانی عبدالله چوونەلای خەلیفەو پێیانگوت: عیسا (عبداللە)ی کوشتووە, خەلیفەیش زۆر تووڕەبوو گوتی: عیسا مامی من دەکوژێت؟ بەخودا دەیکوژمەوە .. خەلیفەیش حەزیدەکرد عیسا (عبدالله) بکوژێت بەو نیازە ئەمیش (عیسی) بکوژێت و لەهەردوکیان رزگاری ببێت, شیاوی باسە (عیسی) داوای جێنشینی خەلیفەی دەکرد.

خەلیفە (منصور) (عیسی)ی بانگگردو پێی گوت:

–بۆ مامی منت کوشت؟

–تۆ فەرمانت پێدام کە بیکوژم.

–هەرگیز فەرمانی وام پێنەداویت.

–(عیسی) گوتی ئەمە نوسراوی تۆیە بۆ من.

مەنسور گوتی: شتی وام نەنوسیوە.

(عیسی) کەزانی خەلیفە زۆر بەڕاستیەو لەخۆی ترساو بەخەلیفەی گوت:

لەلای منەو نەم کوشتووە!

**65-مشتومڕی گوما نخرا پی و خۆشباوەڕی (الجاحظ):**

بەگشتی نە (گومانخراپی – سوء الظن) خراپەو نە خۆشباوەڕی (حسن الظن)، چونکە بەپێی شوێنو کاتو تاقیکردنەوە دەگۆڕێن، ئەمە پەیوەندە بە باردۆخی خەڵکەوە.

*لە (نهج البلاغة)یشدا هاتووە:

ئەگەر بارودۆخی رۆژگار بۆ خەڵك بەگشتی خۆشبوو، یەکێکیش گومانی خراپی بوو بەرامبەر رەوشەکە، ئەوە زوڵم دەکات، ئەگەر خراپەو گەندەڵی بڵاوبوو لەناو خەڵکداو یەکێکیش خۆشباوەڕ بوو ئەوە خۆیشیو خەڵکیش فریو ئەدات.

### 66-مەسەلەی کەرامەتو ئابڕوو (الاصمعی):

بەگەنجێکی عەرەبی دەشتەکیم گوت بۆ وا لاوازو باریكو بچوکیت؟ ئەویش گوتی: گەورەییو کەرامەت لاوازیکردووم.

### 67-دژی قەناعەت (ابن شبل البغدادی):

گوتیان قەناعەت گەورەییەو بێگەردیو پاکی، دەوڵەمەندیە.

راستدەکەن! یەکێك رازیببێت تێر دەبێت، ئەی ئەگەر هیچی نەبوو، بەچی قەناعەت بکات؟

### 68-ئوروستوکراتی:

(عمر بن خطاب) لاوێکی (بني المغيرة)ی دی لەرۆیشتندا کەشخەی دەکردو خۆی با ئەدا، (عمر)یش دەستێکی بەگوێیدا هێناو گوتی: جوامێری (بنی مخزوم)ە!

**69- پێوەری متمانە :**

(احنف) بینی کە (مصعب بن زبیر) سەرزەنشتی پیاوێکی دەکردو پێشی دەگوت: باسی باشەو متمانەی تۆم بۆو دەکەن.,

(احنف)یش گوتی: نەخێر میران! باشەو متمانە بەتۆ ناگات.

**70-رەحم بەحەیوان: لە( ابی سعید الخدری )یەوە:**

پێغەمبەر کەرێکی دی: بەداخکردن نیشانە کرابوو, زۆر تووڕە بوو, لەحەدیسی تردا هاتووە کە پێغەمبەر نەهی لەنیشانەکردن (کردووە) چونکە سووکایەتی پێکردنە (مثلة).

**71-دوودژ:**

یەکێك لەنێوان دوو پزیشکدا بەراورد ئەکات کە یەکێکیان بێفیزو (متواضع)بوو, یەکێکی تریان فیزن و لووتبەرز بوو:

(ابو الحسن)ی پزیشك و (ابو البرکات) هاوەڵی دوو دژن: ئەویان پلەو پایەی هێندەی ئەستێرەی (ثریا) بەرزەو ئەمیان لەدامێندایە.

**72-ئاکاری زانایان ( الرازی ):**

ئەوەی گرنگینەدات بە تەبیعیات و فەلسەفەو یاساکانی لۆجیك و خوو بداتە رابواردنی دنیایی, من بەگومانم لە عیلمەکەی بەتایبەتی لەپیشە پزیشکیەکەی.

(ابن ابي اصيبعة)

**73-چەند خەسڵەتێکی ریژەیی ( جعفر الصادق ):**

4 شت هەیە زۆریشت پێویستەو بەتەواویش دەستگیرت نابن:

*زانایەك عیلمەکەی بەکاربهێنێت و بەبێ عیلم دەبێت.

*کارێکی بێ ریاو خونکیکردنو بەبێ کار دەبیت.

(موعظة السالكين)

*خواردنێکی بێگومانو(شبهة)و بێخواردن دەبیت.

*دۆستێکی بێ خەوشو عەیبو بەبێ دۆست دەبیت.

74-**چەند هاوکێشەیەك ( ئیمامەکانی شیعە ):**

*ئەو زانایە بە عیلمەکەی کار نەکات, ئەوو شەیتان یەکسانن.

*ئەو پاشایە کە لەگەڵ میللەتی خۆی عادل نیە, ئەوو فیرعەون یەکسانن.

*ئەو هەژارەی لەبەردەم دەوڵەمەندا خۆی کز دەکاتو تەماعی کردۆتە ماڵی ئەو, ئەوو سەگ یەکسانن.

(هەمان سەرچاوە)

75-**ئاوات خواستن:**

بەپێی توانای خۆت خەم بخۆو هەڵپە بکە

76-**زێدەرۆیی لەخواد پەرستیدا ( جابر بن عبدالله الانصاری ):**

بە (محمد بن علی الباقر)ی گوت: میللەتێك هەن کە باسی قورئانیان بۆ دەکرێت, ئەزریکێنن دەڵێی دەست یان قاچیان بڕاوەو بەخۆیشیان نازانن.

ئەویش گوتی: سوبحانەڵلا ئەمە لەشەیتانەوەیە, فەرمانی لەمجۆرەیان پێنەدراوە, بەڵکو پێویستە: نەرمو نیان بن .. بگرینو بترسن.

77-**فاشیستیەت لەدۆزەخدا - دەڵێن ( پێغەمبەر ) گوتوویە :**

**لەکتێبەکانی وەعزو ئامۆژگاریدا هاتووە:**

سوێند بەو کەسەی گیانی پێغەمبەری بەدەستە, ئەگەر دلۆپێك لە (زقوم) بڕژێتە سەر چیاکانی سەرزەوی هەموویان تەخت دەبن و دەچەقن و بەرگەی ناگرن, ئەی چۆنە بیخۆن؟!

78-**بێزاری و تەمەڵی : لەکتێبەکانی ئامۆژگاریدا هاتووە کە ( جعفر الصادق ) گوتوویە :**

لەدوو شت خۆت بپارێزە: پەستی و بێزاری, تەمەڵی, چونکە کە بێزارو پەست بویت, هەقت پێقبوڵ ناکرێت, ئەگەر تەمەڵیش بوویت, ئیشی راستی و هەق ناکەیت.

79-**تلیاکی گەلان ( لەکتێبەکانی ئامۆژگارییەوە ) :**

ئەوەی لەدنیادا تەماشای سەرووی خۆیدەکات, خودا نە (صبر)ی بۆ دەنوسێت و نە سوپاس.

80-**تلیاکی کۆیلەکان – دەڵێن : ( پێغەمبەر ) گوتوویە :**

ئەو کۆیلەی بەجوانی خوداپەرستی دەکات و بەخاوەنەکەیشی هەقی خۆی پێئەدات, دوو پاداشتی هەیە, بەڵام دەبێت خاوەنەکەی ئامۆژگاری بکات.

81- **پێکهاتەکانی کەسایەتی موسوڵمان ( لەکەلتوری شیعەوە ) :**

دەگێڕنەوە لەپێغەمبەرەوە کە گوتوویەتی:

ئیماندار بەبێ (103) خەسڵەت ئیمانی دانامەزرێت, کە ئەمانە بەشێکیانە: عەقڵو کردارو (نهاد پاکی) چ بۆ دەرو چ بۆ ناو, (علی) گوتی: ئەی پێغەمبەری خودا! لەکوێیە ئەو سەدو سێ خەسڵەتە؟

ئەویش گوتی: ئەی (علی) لەخەسڵەتەکانی موسوڵمانە: سنوری بیرکردنەوەی تەسك نەبێت, دەنگی دلێر بێت, کرداری زۆر بێت, حیلمو خۆگری بەرزبێت, لەململانێشدا جوانبێت, دڵفراوان بێت, لەهەموو کەس سنگی فراوانتر بێت, لەهەموو کەس بێفیزتر بێت, پێکەنینی زەردەخەنە بێت, تێگەیشتنی خۆی فێرکردنی خەڵك بێت, خەڵك هوشیار بکاتەوە, نەخوێندەوار بکات بەخوێندەوار, ئەوەی زیانی بۆی هەیە, ئەم زیانی بۆی نەبێت, خۆی نەخاتە کێشەیەك کە پەیوەندی بەوەوە نیە, بەکارەسات و لێقەومانی خەڵك خۆش نەبێت, غەیبەتنەکات, دووربێت لەشتە حەرامەکان, لەشتە شوبهەدارو گوماندارەکاندا بوەستێت, بەخشندە بێت, زیانی بۆ خەڵك کەمبێت, پشتیوانی غەریبان بێت, خەمو ناخۆشیەکانی با لەڕوخساریدا دەرنەکەوێت, بەهەژاری خۆی رووگەش بێت, لەشەکر شیرینتر بێت, لەبەرد سەختتر بێت, نهێنی ئاشکرا نەکات, عەیبی خەڵك ئاشکرا نەکات, جووڵەکانی لەسەرخۆبێت, دیمەنی شیرین بێت, عیبادەتی زۆر بێت, ئاغسەو سەنگین بێت, لەپەیوەندیەکانیدا لەگەڵ خەڵك نەرم بێت, زۆرترین کات بێدەنگونتم بێت, لەکاتی نادیاردا حەلیمو خۆگربێت, بەرامبەر ئەوەی کە خراپەی لەگەڵ دەکات بەسەبر بێت, رێز لەگەورە بگرێت و رەحمی بۆ بچوك ببێت, ئەمانەت بپارێزێت, لەناپاکی و خیانەت دووربێت, دۆستایەتی بپارێزێت و سوێندی لا شەرم بێت, زۆر خۆی لەخراپە بپارێزێت, هەڵەی کەمبێت,

جموجـــوولّی ئـــەدەب بێـــت, قســـەکانی عەجایـــەب بـــن, و کێشـــە سەختەکانی چارە بکەن, شوێنی داوێنپیسی نەکەوێت, بەویقاربێت, خۆگربێـت, سوپاسگوزاربێتو لەخـەڵك بەحیلمو بەرەحمو بێگـەردو شـەریف بێـت, نـەجنێو فـرۆشو فیتنـەو نـەدرۆزنو نەلەپاشـەملە قسـەکەرو نەپیتکـە بـازو نـە حەسـودو نەبـەخیلبێت, رووخـۆشو دەمبەپێکـەنین بێـت, زۆر هەسـتیار مەبـەو جاسووسـی مەکـە, لەداواکارییدا شتی بەرز داوا بکە, لەرەوشتدا روناکترینیان وەربگرە, پارێزراوبیت لەلایەن خوداوە هەروەها پایەدار بێت لەلایـەن خـوداوە, لەبەهێزیـدا نـەرم بیت, لـەکاتی ویستنی شـتێکدا بەهێزەوە بیکـەی, ئەوەی دەیبوغزێنێت, زەلیلو بەیدەستی نەکەیت, ئـەوەیش خۆشـت دەوێـت خراپـەی لەگـەڵ نەکـەیت, لـەکاتی لێقەومانـدا خۆگربیـت, نـە زوڵـم بکـەو نـە پێشـێلکاری, ئـەوەی حەزیلێدەکـەیت مەیکـە, هـەژاری شیعارت بێتو سەبر سیفاتت بێت, زەخیرە کـەم بخـە, یارمـەتیت بـا زۆر بێت, رۆژوو زۆر بگـرە و شـەونوێژ زۆر بکـە, کـەم خـەو بـە, بـەدڵ عیبـادەت بکـەو زانابیـت خـاوێن بێـت, بـەڵێنت ببـەر سـەر, لـەکاتی ناخۆشیدا خەڵك ببەخشە بەئارەزوو بەرۆژوو بە, لەترسا نوێـژ بکـە, لـەعیلمو زانابیـدا وردبـین بـە, چـاوداخەو دەسـتبلاو بـە, سـواڵکەر بێبەش مەکە, دۆستو برادەرانت سەخیو بە بەردەوامی بێ بەشیان مەکە, هاوڕێو دۆستی باشە بە, قسەکانت با لەجێگـەی خۆیانـدابن, لـە هەنـدێك شـوێندا زمانـت بـا لاڵ بێـت, لـەبوغزو لەخۆشەویسـتیدا میانـەڕەوو موعتـەدل بـە, قسـەی خـراپ لەدۆسـتت قبـوڵ مەکـە, لەدوژمنی خۆیشت کە حەق هاتە پێش قبوڵی بکە, کـە فێـر بوویـت, خـەڵکیش فێـر بکـە, حەقدو بـوغزت کـەمبێت, شـوکرانەت زۆر بێـت,

بەرۆژدا نان پەیدا بکەو بەشەودا بۆ گوناهەکانت بگری, کە تێکەڵی ئەهلی دنیاتکرد, لەگەڵ ژیرەکاندا بە, کەتێکەڵی ئەهلی قیامەتتکرد, لەگەڵ باشترین خۆپاریز بە لەگوناه, لەکەسابەتدا بەرزقی شوبهەدار (بەگومان) رازیمەبە, لەکاروباری ئاینیدا, بەوئەرکانە رازی مەبە کە ئاسانن‌و حەڵاڵیشن, دۆستت کە کارێکی بچوکی خراپیکرد بیبەخشەو بە پەیوەندییە کۆنەکانی دۆستایەتی رازی بە.

(موعظة السالكين)

*دەتوانرا ئەم 103 خەسڵەتە کورتبکرێتەوە, زۆریش لەو خەسڵەتانە لەچەندین جێگەدا دووبارە بونەتەوە.

**82-ئیمان‌و ئاکار – دەڵێن ( علي بن ابي طالب ) گوتوویە :**

*چۆن موسوڵمانیت‌و خەڵك بەهۆی تۆوە ئاسوودە نین؟

*چۆن ئیمانداریت‌و خەڵك بەهۆی تۆوە لەئاسایشدا نیە؟

*چۆن تۆ لەگوناه خۆت دەپارێزیت‌و خەڵك لەتۆ خۆیان دەپارێزن؟

**83-هەقی دراوسێ - دەڵێن ( پێغەمبەر ) گوتوویە :**

کەداوای قەرزی لێکردی, بیدەرێ, کەوتە خۆشیی موبارەکبایی لێبکە, تووشی ناخۆشی بوو, سەرخۆشی لێبکە, لەخانوودا زێدەڕەوی مەکەو لای باو شەماڵی لێمەگرە بەرەزامەندی خۆی نەبێت, کەمیوەت کڕی بەدیاری‌و سەوقاتی بۆی ببە, ئەگەر بۆیشی نابەیت بەنهێنی بیبەرەوە, نەبادا منداڵەکانت بیگرن بەدەستەوەو منداڵانی دراوسێی پێتووڕە کەن.

(موعظة السالكين)

**84-چەند شتێك بەمەرجی خۆیان – دەڵێن (علی) گوتوویە:**

*قسە بەبێ کردار خێری نیە.

*شێوازی دەرەوە بەبێ جوانی ناوەوە خێری تیا نیە.

*ژیان بەبێ تەندروستی.

*وڵات بەبێ ئاسایش‌و دڵی خۆش.

**85-چەند ئامۆژگارییەکی دژبەیەك:**

لەزمانی لوقمانەوە:

3 شت هەیە دەبێت خۆتیان لەگەڵدا بگونجێنیت‌و موداراتیان بکەیت:

نەخۆشی – سوڵتان – ژن

**86-جوانی هەندام (جعفر الصادق):**

خودا جوانی‌و خۆجوانکردنی خۆشدەوێت‌و شل‌و شێواوی (خۆ بەداماو نیشاندان)ی بەلاوە جوان نیە.

**87-هێزی توانست‌و ئیرادە (عمرو بن عبید):**

نەفس‌و دەروونم بەجۆرێك راهێناوەو وەرزشم پێکردووە, ئەگەر ئیرادە بکەم ئەتوانم ئاو نەخۆم.

**88-چەند ئامۆژگارییەکی حەزاریانە – دەڵێن (پێغەمبەر) گوتوویە:**

پێڵاو لەپێکەن, مرۆڤی (نەعل لەپێ) وەك سواربێت وەهایە.

89- **پەرچدانەوەو دەستدرێژیی (نهج البلاغة):**

پەرچی دەستدرێژی بدەنەوە, چونکە شەڕ بەشەڕ لەناودەچێت.

90-**دژی دەمارگیریی ئاینی (ابن عربی):**

دوێنێ ئەگەر هاوڕێکەم لەسەر ئاینی من نەبایە دژی بووم, بەڵام ئێستا دڵم هەموو وێنەیەکی تیا دەژی لە: لەوەڕگەی ئاسکەوە هەتا دەیری رەهبانەکان, لەماڵی ئاگرپەرستەوە هەتا کەعبەی تائف, لەپەڕەکانی تەوراتەوە هەتا پەڕەکانی قورئان, ئاینی من, ئاینی خۆشەویستیە, بۆ کوێ مل بنێت و دووی دەکەوم, خۆشەویستی ئیمان و دینمە.

91-**خودا پەرستی و کردار:**

لە دانیشتنێکدا باسی پیاوێکیان بۆ پێغەمبەر کردو گوتیان: پێکەوە چووین بۆ حەج, کە دەچووینە شوێنێك ئەو نوێژی دەکرد هەتا دەڕۆیشتین, لەڕۆیشتنیشدا ئەو هەر زیکریدەکرد.

پێغەمبەر پرسی: ئەی کێ ئاڵفی ئەدا بەحوشترەکەی و نانی بۆ ئامادە دەکرد؟

ئەوانیش گوتیان: هەموومان.

پێغەمبەریش گوتی: ئێوە هەمووتان لەو باشترن.

92-**شتە شکڵیەکانی ئاین:**

(ابو درداء) لەشامەوە نامەیەکی بۆ (سلمان الفارسی) نووسی: برام بڕۆ بۆ قودس بەشکم لەوێ بمریت, (سلمان) یش بۆی دەنوسێتەوە:

برام زەوی هیچ کەس گەورە ناکات, ئەوەی مرۆڤ گەورە دەکات کرداری خۆیەتی.

(الدرجات الرفيعة)

## 93-مەرجی بەختیاری لەکۆمەڵگەیەکی چینایەتیدا:

(شعیب بن عرب) گوتوویە: ئەوەی دنیای دەوێت, ئامادەبێت بۆ سەر شۆڕی.

## 94-گروپی حەدیس:

(شریك بن عبدالله) رۆژێك چوو بۆ سەردانی گروپی حەدیس بۆ گوێگرتن, ئەوانیش بۆنی شەرابیان کردو پێیانگوت: ئەم بۆنە ئەگەر لەئێمە بێت شەرم دەکەین.

(شریك)یش گوتی: چونکە ئێوە ئەهلی گومانن.

## 95-دژی نالەباری (شاعرێك):

خێر لەو گەنجەدا نیە کە زۆر دەخەوێت و خەمی کەسی نیە.

## 96-ئاین فرۆشتن:

(شریك بن عبدالله)ی قازی بۆ وەرگرتنی موچەی, چووەلای (سەڕاف), کابرای سەڕاف لەکاتی پارەداندا گێچەڵی پێکردو بە (شریك)ی گوت: خۆ کوتاڵت نەفرۆشتووە؟! شەریك پێیگوت: بەخودا لەکوتاڵ بەنرخترم فرۆشتووە... ئاینم فرۆشتووە!

*(شریك) لەوکاتەدا قازی بووە.

**97-ئازادی:**

**له (رویم)ی سۆفی بەغدادیان پرسی: کێ سۆفیه؟**

**ئەویش گوتی: سۆفی ئەو کەسەیه موڵکی نەبێت و موڵکی کەسیش نەبێت؟.**

**98-داوێنپیسی قورەیش:**

**نامەیەکی شیعر گەیشتە دەست (هشام بن عبدالله) لەبارەی (سعید)ی کوڕی کە (والی) حمس بوو, لەنامەدا هاتووه:**

**بەجەنابتی رادەگەیەنین ئەی گەورەی موسوڵمانان! ئەمیرێکت بۆ ناردووین لەپیاوەتی نەکەوتووه.**

**باوکیشی سەرزەنشتی کردو گوتی:**

**کوڕی گەورەی موسوڵمانانیت و زینا دەکەیت, بچیتە دۆزەخ و ناتوانیت وەك قورەیش داوێن پیسو بێ رەوشت بیت, ئایا دەزانیت خراپەو داوێنپیسی قورەیش چیه؟ کوشتنی ئەم و ئەوو تالانکردنیان.**

**(العقد الفرید)**

**99-یەکێك بەخەستی مەدحی ( علي بن ابي طالب )ی کردو لەهەمانکاتیشدا قینی لێی بوو, عەلی گوتی: من لەو مەدح و ستایشانه کەمترم بەلام لەتۆ بەرزترم.**

**( نهج البلاغة )**

**100-خودا پەرستی ( زاهد ):**

(عائیشة) پیاوێکی دی خۆی خستبووه حاڵی مردن، پرسی ئەمە کێیە؟

گوتیان: زاهیدەو لەخوداترسە.

(عائیشـە)یش گـوتی: (عمـر بـن الخطـاب)یـش زاهـد بـوو، لـەکاتی قسـەکردندا لەهـەموو گوێسـوکتربوو، کـە دەڕۆیشـت لـە هەموکـەس خێراتر (دەوان) بوو، لێدانیشی لەهەمووکەس ئێشدارتربوو.

### 101-هاوڕێی راستگۆ:

(ابن عمر) عەرەبێکی دەشتەکی دیی سەگێکی پێبوو، لێی پرسی ئەمە چییە؟

ئەویش گوتی: سوپاسم دەکاتو نهێنیم نادرکێنێت، (ابن عمر)یش گوتی:

زۆرباشە ... لەگەڵ هاوڕێکەت بژی.

### 102-یەکێك دەیگێڕێتەوە:

(مالك بن دینار)م دی سەگێکی پێبوو، لێمپرسی ئەمە چییە؟

گوتی: لەهاوڕێی خراپ باشترە.

### 103-دژی عیبادەت – گوتەی پێغەمبەرە لەڕێگەی شیعەوە:

پیاو لەگەڵ ماڵو خێزانی خۆیدا دابنیشێت، باشترە لەوەی کە بخزێتە ئەم مزگەوتەی منو هەر خەریکی عیبادەت بێت.

### 104-دیموکراتی ئاسمان (المعتزلة):

بەنـدە هەنـدێكجار گلـەو گازنـدە دەكـات لـەخودا، ئـەهلی (سـونە) دەڵێن: نابێت نارەزایی و گلەیی لەخودا بكرێت و هەرچییەك بیـەوێت دەیكات.

ئەم بۆچوونەی (سوننی) بایەخی نیـە، چونكە ئایـەتی (لـئلا یكـون للنـاس علـی الله حجـة بعـد الرسـل) (بـۆ ئـەوەی خـەڵك هـیچ بەڵگـەو بیانوویەكیان نەبێت لەسەر خودا لەپاش پێغەمبەران) دەیسەلمێنێت كـە خـەڵك بۆیـان هەیـە كـە بەڵگـەو بیـانوو لەسـەر خـودا –پـێش پێغەمبـەران– بهێـنن، ئـەم ئایەتـە بۆچـوونی ئـەهلی سـوننە پووچـەڵ دەكاتەوە.

(تفسیر فخر الرازي)

105-مرۆڤ (الفخر الرازی فی تفسیره):

نـەفس و دەروونـی مـرۆڤ شـەریفترین نەفسـە لەجیهانـدا، جەسـتەی مرۆڤ شەریفترین جەستەیە لە جیهاندا.

106-دەستپێشخەرییە فەردیەكان:

گوتەی پێغەمبەرە:

ئەوەی داب و كارێكی باش دائەهێنێت، خۆی و ئەوانـەی كـاری تیـا دەكەن پاداشتی لای خودایان هەیە هەتا رۆژی قیامەت.

107-ئیشی دەست:

خۆشترین و بەتامترین خواردنی مرۆڤ ئەوەیە کەبەکاسبی خۆی پەیدای کردبێت.

لەدەقێکی تردا هاتووە:

هیچ خواردنێك باشتر نیە لەو خواردنەی کەبەئیشی دەست پەیدای کردووە.

108-**کارو هەڵە – گوتەی پێغەمبەرە:**

ئەگەر ئێوە هەڵە نەکەن, خودا ئێوە لادەباو قەومێکی تر دەهێنێت کە هەڵەیش بکەن و داوای بەخشینیش بکەن خودایش دەیانبەخشێت.

(صحیح مسلم)

109-**سنووری بێفیزیو (تواضع) – ابن المقفع:**

زێدەڕۆیی لەبێفیزیدا, سووکایەتی دەخولقێنێت, زێدەڕۆیی لە دۆستایەتی و رۆحسوکیدا ریسوایی و سوکایەتی دەخولقێنێت.

110-**گرنگ و گرنگتر:**

پرسیاریان لەیەکێك کرد لەبارەی کۆمەڵێکەوە, ئەویش گوتی: خەڵك زۆرترین کات باسی بچوك دەکەن و گەورە پشتگوێدەخەن.

111-**راوچیان:**

واعیزێك ئامۆژگاری میرێکی کرد, که ڕۆیشت, میر بڕێك پارەی بۆ ناردو وەریگرت, ئەمیریش بەتەوسەوە گوتی (هەمووما ن راوچین, وەلێ تۆڕەکانمان جیاوازە).

112-هەڵوێستێك:

(ابو حازم الاعرج) ئامۆژگاری (سلیمان بن عبدالملك)ی کردو پێیگوت: که زوڵم نەکات, که ڕۆیشت بڕێك پارەی بۆ ناردو ئەویش نەیویست و گوتی: ئەی گەورەی موسوڵمانان! ئەو پارەیە بۆ تۆیش هەقنییە, ئیدی چۆن بۆ من هەق و حەڵاڵە؟

113- پەرچدانەوەی واعیزان (ابو حیان التوحیدی):

پەرچی ئەو کەسانە ئەداتەوە که دەڵێن:

غەیبەتکردن و جنێودان بەزاڵمان گوناهەو دەڵێت:

ئەوەی کەدەڵێت غەیبەت و جنێودان بەزاڵمان حەرامە, خۆزگە خۆیان دەچوونە شوێنی زوڵملێکراوان و تا بزانن ئێشو ئازاری زوڵم و ستەم چییە؟

بەڵام لای ئەم واعیزانە, بینینی بارودۆخی ئەو هەژارو بێبەشانەیان لەلا سووکترە, سەرزەنشت و پیاهەڵشاخانی زوڵملێکراویان لەلا ئاسانترە, بۆیە ئەم واعیزانە ئامۆژگاری زاڵمان ناکەن و بگرە خونیکشیان بۆ دەکەن.

ئەوانەی که دەڵێن غەیبەت و جنێودانی زاڵمان حەرامە ئاسوودەن و کەس تووڕەیان ناکات, لەهیچیان کەم نیەو دڵیان ڕەحەتەو هیچیان

لێنـەکراوە, ئەگـەر شیشـی (قتـادە)ی پیـا بکرایـە ئـەمان دی چ ئـازاو نەبەردێکە, فێنکی و سەرمای خۆشی چ دەکات بەگەرمای وڵات.

114-**هاوکێشەیەکی لارەسەنگ (کتب المواعظ):**

کە (سعد بن معاذ) مرد, (90) هەزار مەلائکە دابەزین بـۆ نوێـژکردن لەسەری بەفەرماندەیی (جبرائیل), پێغەمبـەر لـە (جبرائیـل)ی پرسـی: ئەی (جبرائیل)! بەچ هۆیەك ئەم هەموو نیزای بۆ دەنێرن؟

ئەویش گوتی: چونکە بەردەوام (قل هو الله احد)ی ئەخوێند!

115-**داکۆکیکردن لەدنیا:**

پیاوێك هەر زەمی دنیای کردووە, (علي بن ابي طالـب)یـش گـوێی لێبوو گوتی:

دنیا مـاڵی راسـتگۆییە بـۆ ئـەو کەسـەی لەگـەڵ خەڵکـدا راسـتگۆیە, مـاڵی خۆشـی و ئاسـوودەییە بـۆ ئـەو کەسـەی لێـی تێـدەگات, مـاڵی دەوڵەمەندییە بۆ ئـەو کەسـەی بـۆی تێدەکۆشـێت, مـاڵی ئامۆژگارییـە بۆ ئەو کەسانەی کەفێر دەبن.

(نهج البلاغة)

116-**سەرڕاستی سواڵکەرێك:**

سـواڵکەرێکی نابینـا لـەلای بـەقاڵێك وەسـتاو داوای شـتێکی کـرد, ئـەویش دوو تورەکـەی لەبندەسـتی دەرهێنـا کـە دینـار و درهـەمیان تیـابوو, دینـارێکی لـە تورەکە کـە دەرهێنـا بـە نیـازی 1 درهـەمو دای بەسـواڵکەرەکە. بـۆ رۆژی دوایـی سـواڵکەرەکە چـووەلای بـەقاڵێك بـۆ شـتکڕین, پارەکـەی دوێنێـی دەرهێنـاو گـوتی: ئەمـە درهەمێکـە

هەقەکـەت هـەڵگرەو باقیەکـەم بـدەرەوە, بەقاڵەکـەیش گـوتی: ئەمـە دینـارە نـەك درهـەم سـواڵکەرەکە تێگەیشـت کـە بەقاڵەکـەی دوێـنێ بەهەڵە دینارێکی لەبری درهەمێك داوەتـیێ, بۆیـە گەڕایـەوەلای و پێـی وت: تـۆ خێـرت پێکـردمو لـەبری درهـەمێك دینارێکـت پێبەخشـیم, ئەوەی بەهەڵە دوتمێ وەریبگرەوە.

117-**تلیـاکی گـەلان (الحسـن بـن محمـد الـدیلمی) لـە ئامۆژگـارییو وەعزەکانیدا:**

گشـت توانـاو کاتـەکانت تەرخانبکـە بـۆ کاروبـاری ئـەو دنیـا (قیامەت), چونکە بەشی خۆت لەدنیا بەبێ بیرکردنەوەو کاربۆکردن, دێنەلات.

118-**کار: دەڵێن (عمر بن الخطاب) گوتوویە:**

لەئەنجامی فەراغو بێئیشیدا, چی شتی خراپ هەیە کۆدەبنـەوە, بۆیە بەتوندی  هوشیارتان دەکەمەوە کە دووربن لەبێکاریی.

119-**چۆنیەتی سەردانی نەخۆش:**

یەکێك لەشیخەکانی سۆفی نەخۆشکەوتو مورێدەکانی سـەردانیان کـردو زۆرمانــەوە لای بەڕادەیـەك بێـزار بـوو, کـە ویسـتیان بـڕۆن, گوتیان: یا شێخ دوعامان بۆ بکە ئەویش دەستی بەرز کردو گوتی:

خودایە فێری ڕەوشتی سەردانی نەخۆشمان بکە!

120-**هۆگریو تێکەڵی - (گوتەی پێغەمبەر)ە:**

ئیماندار دەبێت هۆگرو تێکەڵبێت, ئەوەی نەهۆگرو دۆستایەتی ناکاتو خەڵکیش تێکەڵیو دۆستایەتی ناکەن, هیچ باشەیەکی لێ چاوەڕواننناکرێت.

121-**کار (اکثم بن صیفی):**

چەندە خۆشە هیچ کارێکم بەدنیا نەماوە لێیان پرسی: ئەی ئەگەر قەڵەو بوویت شیرت پێدرا؟

ئەویش گوتی: بەڵێ .... حەزیشم لەخووی پەککەوتن نیە.

122-**لە بەهاکانی (قیمە) کانی عەرەبە دەشتەکیەکان:**

عەرەبێکی دەشتەکی جنێوی بەپیاوێك ئەدا: ئێوە سەخاوەتو بەخشندەیی دەگوشن, ئافرەتان بەخەڵك دەسپێرنو ئاویش دەفرۆشن.

123-**سیفاتو خەسڵەتەکانی چەند گەلێك:**

پرسیان ڕۆڵەکانی ئەم گەلانە چۆنن:

*ڕەشپێستەکان؟

ئازاو سەخین

*زەردپێستەکان؟

منداڵیان زۆرە, لەشیان نەرمە, بۆنی دەمیان خۆشە.

*ئەی ڕۆمیەکان (ئەوروپی)؟

خۆ هەڵکێشولەخۆبایيو حەزیان لەوولاخە.

***ئەی عەرەبەکان؟**

**لووتبەرزو حەسوودن.**

**124-کێ سەرکەوتووە – دەڵێن ( علي بن ابي طالب ) گوتوویە :**

**ئەگەر دووکەس جنێویان بەیەکتردا, خراپترین کەسیان سەرکەوتوو دەبێت.**

**(محاضرات الراغب)**

**125-لوتبەرزیو کەللە شەقی عەرەبە دەشتەکیەکان :**

**عەرەبێك نەخۆشیەکی سەختی گرت, پێیانگوت: بۆ تۆبە ناکەیت؟**

**ئەویش گوتی: هیچ شتێك لەحاڵی کەساسیو زەلیلیدا نابەخشم, ئەگەر خودا چاکیکردمەوە, تۆبە دەکەم, دەنا بەمجۆرە دەمرم.**

**126-ئوسوڵی دۆستایەتی – دەڵێن ( علی ) گوتوویە :**

***لەپاش 3 رۆژ پرسەکردن, تازەکردنەوەی موسیبەتە.**

***پیرۆزبایی دوای 3 رۆژ سووکایەتی کردنە بەدۆستایەتی.**

**127-تۆو پیاوخراپان ( یحی بن معاذ ):**

***پیاو خراپان ئەگەر بە (باش ناوت بهێنن) عەیبەیە بۆتۆ, خۆشەویستیان بۆ تۆ, ئابڕوو چوونە.**

***ئەوەی موحتاجە بۆتۆ, سووکەلای تۆ.**

**128-رێکخستنی سەردان – دەڵێن علی گوتوویە :**

روخسارو دەموچاوەکان ئەگەر زۆر یەکتر ببینن, ئاوی یەکتر دەمژن.

(شرح نهج البلاغة)

129-**ستایش و زەم ( ابو علی الخواصی ) سۆفی :**

نەفس بەستایشکردن پیسدەبێت بەزەمکردن پاکدەبێتەوە.

(طبقات الشعراني)

130-**لە خراپیەکانی خێزانزۆری ( سفیان الثوري ):**

هەرگیز خێزانزۆر مەکەن بەچاو ساغتان, چونکە لەشپرزەیی بەدوور نییەو بڕو بیانوویشی بۆ حەرامخۆری و شتی گوماندار دەڵێ: خێزانەکەم!

(طبقات الشعراني)

131- **پەیوەندیەکان ( سوفیان الثوري ):**

سەفەر لەگەڵ کەسێکدا مەکە خۆی بەگەورە بزانێت, ئەگەر لەخەرجدا یەکسانبن, زیانت پێدەگەیەنێت, ئەگەر زیاتریش خەرج بکات, دەتکا بە کۆیلە.

132-**بنەماکانی میوانداری ( الاعتصام للشاطبي ):**

میوانداری بەگشتی بۆیە پێویستە, چونکە بیابانشینان شوێنێکیان بۆ خواردن و حەوانەوە نیە خەڵکی (بەدو) بازاڕیان بۆ شتکڕین نییە, بۆیە میوان هەرچەند دەوڵەمەندیش بێت ناچارە لابداتە لایان.

## 133-تووڕەبوون و رازیبوون هەردووکیان پێویستن: (شافعی):

ئەو کەسەی تووڕەیانکرد و تووڕە نەبوو, کەرە.

ئەو کەسەی داوای رازیبوونیان لێکردوە رازینەبوو, شەیتانە, کەواتە نە شەیتانبەو نەکەر.

(احیاء علوم)

## 134-هاندان بۆ غەریبی (عوارف المعارف):

پیاوێکی خەڵکی (مدینة) مردو پێغەمبەر نوێژی لەسەر کردو گوتی: خۆزگە لەزێدی خۆی نەمردایە, پێیانگوت بۆ؟ ئەویش گوتی: خودا ئەو کەسەی کە لەزێدی خۆی نامرێت, لەبەهەشتاو لەزێدی خۆیەوە هەتا دوا مەنزڵی بۆی حیسابدەکات و بۆی دەنووسێت.

*لەچین, بەردەنووسی گۆڕی عەرەبێکم دی ئەم حەدیسەی لەسەر بوو:

مردنی غەریب, شەهادەتەو ئەوەی بەغەریبی بمرێت شەهیدە.

*لەکتێبی: (عوارف المعارف) دا هاتووە: (بشر الحافی) دەیگوت: ئەی خوێنەران! گەشت و سیاحەتبکەن و دڵخۆشبن, چونکە ئاو کەلەشوێنێکدا مایەوە دەگۆڕێت و بۆگەن دەکات.

*دەگێڕنەوە کە (ابراهیم الخواص) لەهیچ شارێکدا زیاتر لە (40) رۆژ نەدەمایەوە.

## نەهی لەیەکتر ماچکردن (گوتەی پێغەمبەر)ە:

ماچکردنی برای موسوڵمان بریتیە لە تەوقەکردن.

(سهروردی) لەکتێبی (عوارف المعارف) دا ئەم حەدیسەو چەند حەدیسێکی تری هێناوە لەبارەی قەدەغەکردنی (یەکتر ماچکردن)ەوە.

*وادیارە دابی ماچکردن لەسەدەی سەرەتاکانی ئیسلامدا نەبووە, چەند شیعرێك هەیە باسی سەرەتاکانی ئەم (دابە) دەکات, شیعرەکان هی (ابو نواس)یان (عبدالصمد بن المعذل)ن (بڕوانە پەراوێزەکان).

**136- پەیوەندی خزمان: (احیاء علوم الدین/ غزالي)**

(عمر بن خطاب) نامە بۆ گەورەی (والی) وولاتەکان نووسی: بێژن بەخزمان سەردانی یەکتر بکەن و نەبنە دراوسێی یەکدی.

*غەزالی لەراڤەکردنی ئەم گوتەیەدا دەڵێت: دراوسێیەتی خزمان دەبێتە هۆی (لەیەکتر بێزاربوون) و تێکەڵبوونی بەرژەوەندیەکان و کەمبوونەوەی سۆزی خزمایەتی.

**137-بڕی خواردنەوە - (عبدالله بن ادریس) گوتوویە:**

هێندە بخۆرەوە, کە ئەو تۆ نەخواتەوە

**138-لەداب و ئەتەکێتەکانی خواردن و خوان – (احیاء علوم الدین – غزالی):**

*دەستشۆرین لەپێشخواردن و دوای خواردن و بە (دەستەسڕ) ووشککردنەوە.

*بەباشی جوینی پاروو.

*خواردن كه گەرم بوو, فووی لێنەكرێت.

*خواردن و ناوك یان توێكڵ لەیەكدەفردا كۆ نەكرێنەوە.

*بەسەر خواردندا, ئاو زۆر نەخورێتەوە.

*پـێش خواردنـەوە, تەماشـای جـام یـان كـووپ بكرێـت و قرقێنـە لێنەداو فووی پیا نەكات.

*ئەو خواردنەی كە دەچێتە بن ددانەكان و بەچیلكە دەردەهێنرێت, قووتی مەدەرەوە بێجگە ئەوەی كە بەزبان دەردەهێنرێن.

*هەتا لابردنی سفرەو خوان, هەڵمەستن.

*دوان و قسەكردن لەسەر خوان و سفرە ... نەك بێدەنگی.

*پێشكەشكردنی جۆرەكانی خواردن بەشوێنیەكدا, ئەگەر یەكجۆر خـواردن بـوو دەبێـت پێیـان بڵێـت بـا لـەجۆرەكانی خـواردن بێبـەش نــەبن, هەنــدێك خواردنــەكان دەخاتــە ســەر لیســتێك و دەیخاتــە پێشچاوی میوانەكان.

*وەڵامــی ئــەو كەســانە نەدرێتــەوە كــە باســی خــواردنی خۆیــان دەكەن و شانازیدەكەن.

*پێویستە بەشە خواردنی ماڵەكە جیا بكرێتەوە نەبادا چاوەڕوانی شـتێك بـن لەمیوانـەكان بمێنیتـەوە, لەوكاتـەدا خـەڵكی ماڵەكـە گـرژ دەبن و لەلایەك چەند كەسێك خۆشی دەبینێت و لەولایشەوە كۆمەڵێك پەست دەبن و ئەمەیش خیانەتە بەمافی ئەوان.

*ئەگەر خواردنی میوانەكان و هی ماڵەكە جیابوو, پێویستە بەپێی پێویسستبێت, دەگێڕنەوە لەسەر خـوانی پێغەمبـەر هـەرگیز خـواردن نەماوەتەوە چونكە بەپێی پێویست خواردن كراوە.

*زۆر نەکرێت لەکەس بۆ خواردن .. خەڵکیش با بەپێی توانای خۆی بخوات‌و (زۆر خۆری) نەکات.

*کە تەنهایت خۆتڕابینە لەسەر ئەتەکێت‌و دابی خواردن، بۆ ئەوەی لەکاتی کۆمەڵدا پێویستیت بە (تصنع) و (زۆر لەخۆکردن) نەبێت.

*ئەگەر هاوخوانەکانی لەخواردندا شەرمن بوون، پێش ئەوان دەستهەڵنەگرێت‌و کەمکەم دەستببات بۆ خواردن هەتا ئەوانیش تێر ئەبن.,

*کارێنەکات ئامادەبوان بێزی لێبکەنەوە، دەستوەرنەدات لەقاپەکەو لەکاتی خستنەدەمی پاروودا، ملدرێژنەکات، ئەگەر شتێك لەدەمی دەرچوو روو (وەرگێڕێت) لەخواردنەکە، پارووی چەور نەژەنێت بەسرکەدا، ئەوپاروەی کە لێی خواردووە، نەیژەنێتەوە بەشلەیان سرکەدا.

*لەسەرخوان ماوەی زۆر بمێننەوە.

*ئەو خواردنەی کە لەماڵدا هەیە، کافیەو زۆر لەخۆت مەکە.

*بەمیوان نەگوترێت! خواردنت بۆ بێنم، بەڵکو پێویستە چی هەیە پێشکەش بکرێت.

*نابێت میوان زۆر تەماشای ئەو شوێنە بکات کە خواردنی تیا ئامادە ئەکرێت چونکە ئەوە بەڵگەی چڵێسیە.

*لەپێشدا میوە دائەنرێت، پاشان گۆشت‌و تریت‌و پاشان (شیرینەمەنی – حلویات).

*لەسووکترین خواردنەوە دەستپێبکات بۆ ئەوەی زوو تێر نەبێت‌و زۆریش نەخوات، لەداب‌و نەریتی دەوڵەمەدانە کە قورسترین

یەکەمجار پێشکەش دەکەن ئەمەیش بەنیازی: دیسان تێهەڵچوونەوە لەخواردنی سووکە, ئەمەیش دژی داب و نەریتی ئیسلامیە چونکە فێڵێکە بۆ (زۆرخۆریی), وە هەرگیزیش خۆیان بەتەواوی تێر نەکردووە.

*وا جوانە کەخواردن بەکۆمەڵ بێت, لە (سفیان الثوري) دەگێڕنەوە کە: خوداو مەلائیکە نیزادەکەن بۆ ئەو خێزانەی کە بەکۆمەڵ ناندەخۆن.

(شەنفری) شاعیری سەردەمی (جاهلی)یش دەڵێت:

لەسەرخوان کە دەستبرا بۆ خواردن, من پەلە ناکەم, چونکە: چڵێسترین و نەوسنترین گەل لەهەمووکەس بەپەلەترن.

## 139- پەرچدانەوەی ئەو کەسانەی کە گۆرانی بە حەرام دەزانن: الشیخ عمر السهروردی:

چ خراپییەکی هەیە ئەو کەسەی, هەناوو دەروونی بەخۆشەویستی پەروەردە کرابێت, نەسیمی باڵداری لەقەفەزی دەرووندا بەندکرابێت, نەسیمی یادگاری نیشتمان بەدڵیا تێپەڕێت, بەم نەسیمە سەربازەکانی عیرفان بەدڵیا گوزەربکەن و ئاشکرا بن, ئەو کەسە بەهۆی ئاوارەبوونی لەغوربەتا, پێکی دووریی و شەکەتی هەڵدا, ئەو کەسە چەندە بەخەیاڵ ڕێگا ببڕێت, لە (کابە)ی (بەیەکشادبوون)دا شادنابێت و و ئەودیو پەردەی بۆ کەشفنابێت, لەبارودۆخێکی ئەوهادا چ دەبێت تۆزێك بەئازادی هەناسەیەك بداو لەبەرخۆیەوە لەگەڵ (نەفس)و شەیتان بدوێ:

ئەی دوو چیاکەی (نعمان)! توخودا لەشنەی بەیانیان گەڕێن تا دەگاتە شوێنی راستەقینەی خۆیان.

140-**گرژبوون و رووگەشی – دەڵێن ( علی ) گوتوویە :**

رووگرژی لەناو رووگەشاندا قورس و گرانە, رووگەشیش لەناو رووگرژاندا نەفامیە.

(شرح نهج البلاغة)

141-**گۆڕانی داب و نەریت – دەڵێن ( علی ) گوتوویە :**

بەزۆر خوو رەوشتی خۆتان بەسەر منداڵەکانتانا مەسەپێنن, چونکە ئەوان بۆ سەردەم و رۆژگارێك خولقاون کە جیاوازە لەسەردەمی ئێوە.

142-**ئامۆژگاری - دەڵێن ( علی ) گوتوویە :**

خۆت بپارێزە لەهەڵوێستەکانی (پۆزش هێنانەوە), چونکە لەوانەیە بیانوویەك ببێتە بەڵگە بەسەر خۆیەوە هەرچەند بێگوناهیش بێت.

143-**مەبەست لەنوێژی بەیانیان ( گوتەی پێغەمبەر ) :**

کە نوێژی بەیانیتان کرد, زۆر بەدڵ دۆعا بکەن و لەخودا بپاڕێنەوە کە پێداویستیەکانتان بۆ ئەنجام بدات .... خودایە! لەبەیانیاندا خێرو خۆشی بڕێژە بەسەر گەلەکەمدا.

### 144-برا, یان برادەر (سرح العیون):

له (عبدالحمید الکاتب) یان پرسی: لەبرات یان برادەرت کامیانت لا خۆشەویستترن؟

ئەویش گوتی: براکەم, ئەگەر برادەرم بێت.

### 145-دەرپێ (ابن عساکر):

ئافرەتێك سواری گوێدرێژێك بوو, گوێدرێژەکە کەوتە چاڵێك‌و ژنەکەیش کەوتەخوار, لەوکاتەدا پێغەمبەر رووی وەرچەرخاند, گوتیان ئەی پێغەمبەری خودا!

دەرپێی لەپێدایە, پێغەمبەریش گوتی خودایە!

(دەرپێ پۆشەکانی) گەلەکەم ببەخشە, خەڵکینە دەرپێ باشترین پۆشاکێکە بۆ داپۆشینی ئێوە, ژنەکانتان کە لەماڵ دەرچوون, با دەرپێ بپۆشن.

### 146-بەهاکانی کارو بەهاکانی (سەحرانشینی):

(جریر) زەمی (بني حنیفة) دەکات:

کوڕانی باخچەو دارخورماو کێڵگە

شمشێرەکانیان لەدارەو بێڵیان بەدەستە

### 147-شێوازی خواردن (معجم الادباء):

(الوزیر المهلبی) کە شتێکی وەك برنج یان ماستی دەخوارد, پیاوێك لەلای راستی دەوەستاو نزیکەی 30 کەوچکی شووشەی بەدەستەوە بوو, بۆ ئەوەی کەوچکێك 2 جار نەخاتە دەمی, کەوچکی

وەردەگرت و پارووییەکی پێئەخواردو ئەیدایە دەستی پیاوێکی لای چەپی و بەمجۆرە هەتا وەزیرتێری دەخوارد.

**148-خزمەتگوزاری تەندروستی لەبەغدا (الحاخام بنيامين الطليطلي):**

خەلیفە لەکەناری دووەمی روبارەکە, چەندین خانووی دروستکردووە, شەقامی رێکخستووە, لەخانووەکاندا چەندین ژوور ئامادەکراوە بۆ ئەو نەخۆشانەی کە دەبرێن بۆ چاکبوونەوە, لەو شوێنەدا 60 عیادە هەیە, هەموو نەخۆشێك خواردن و یارمەتی پێئەدرێت لەسەر حیسابی خەلیفەو هەتا رۆژی چاکبوونەوەی.

بینایەکی گەورە هەیە بەناوی (مارستان) بۆ ئەو کەسانەی کە لەهۆشخۆیان دەچن بەتایبەتی لەهاویندا, ئەمجۆرە نەخۆشانە هەتا کاتی چاکبوونەوە حیجز دەکرێن.

کتاب (الغواص واللئائي/ د. زويمر)

**149-خوو رەوشتی خەڵکی بەغدا:**

(ابو الحسن العامری) فەیلەسووف کە لەبەغدا گەڕایەوە, لێیان پرسی: خەڵکی بەغدا چۆن بوون؟

ئەویش گوتی: لەڕوو نوکتەیان هەیە, لەشوێنەکاندا دروشم و نیشانەیان هەیە .. ئاوێنەی عاشقانەیان هەیە, بەڵام لەپشتی ئەمانەوە گێلی و گەوجیم دی کەزۆرینەیە, دۆستایەتی و خۆشەویستی ساختەم دی, دیم: کە بەچاوی سووکایەتی دەڕواننە خەڵکی خۆراسان و وڵاتەکانی تر.

(منتخب صوان الحكمة)

**150-چوونه گێژاوی ژیان (یەكێك لەسۆفیەكان):**
خێر لەو كەسەدا نیە كە زەلیلی كەسابەتو زەلیلی سوالٌو زەلیلی جوابدانی نەدیبێت.

**(طبقات ابن الملقن)**

**151-گەچكاری زەویو گەچكاری خانوو (احیاء علوم الدین):**
(احمد بن حنبل) رێگەی داوە كەزەوی گەچكاری (یان شتی وەك گەچ), بكرێت, بەلاٌم رێگەی نەداوە خانوو گەچكاری بكرێت, چونكە: بۆ زەوی تۆزی ناهێلێت, بەلاٌم بۆ خانوو بۆ جوانیە.

**152-رایەك لەبارەی عەترەوە (احیاء علوم الدین):**
دلٌگیرترین بەرامەی پیاو ئەوەیە كەبۆنی هەبیٌو رەنگی نەبیٌ
دلٌگیرترین عەتری ژنیش ئەوەیە كە رەنگی دیاربیٌو بۆنی نادیار

**153-بەهای مرۆڤ (جامع بیان العلم):**
(ابن عائشة)و خەلٌكی تریش دەیگێڕنەوە كە (علی) لەخوتبەیەكیدا گوتوویە: خەلٌك كوڕی ئەو كەسانەن كە باشە دەكەنو قەدرو بەهای مرۆڤ بریتییە لە كارە باشەكانی.
پاشان (ابن عائشة) گوتی: خەلٌك پێیان وایە كە ئەم گوتەی (علی)یە دەگمەنەو هەتا ئێستا كەس نەیگوتووە, دیسان گوتراوە

**کەهیچ وشەیەك هێندەی ئەم گوتەی (علی) یە هانی خەڵك نادات بۆ فێربوونی زانست.**

**(ابن عبدالبر)یش لەم بارەیەوە دەڵێت: گوتەکەی (علی) عەجیبو ترسناکە, خەڵك بۆ قۆزتنەوەی ئەو گوتەیە باڵیان لێپەیدابوو, هەندێك لەشاعیران شیعریان پیا هەڵداو سەریان لە جوانیەکەی سووڕما.**

### 154-ڕەوشتی ئاینداران:

**لەکاتی خۆیدا (اصحاب الحدیث)م بینی کە لەرووی ئەدەبەوە, باشترین کەس بوون, بەڵام ئێستا لەڕووی ئەدەبەوە خراپترین کەسن, ئێمە زۆر سەبرمان لەسەرکردن هەتا ئێمەیش وەك ئەوانمان لێهات.**

**(الاغاني/ سفیان بن عبینة)**

### 155-کەسایەتی هەڵکەوتوو (گوتەی پێغەمبەرە):

**ئەوەی بەباشەکانی خۆی دڵخۆش دەبیٚو بەخراپەکانی خەفەتبار دەبێت, ئیماندارە.**

**(تهذیب ابن عساکر)**

### 156-باشو خراپ لەگوزەراندا – (احیاء علوم الدین):

**ئەو دنیایەی کە دەڵێن خراپەو زەمی دەکەن, بریتیە لە:**

لەزەتوەرگرتن لەهەموو گوناهەکان, لەو شتانەیش کە حەڵاڵن‌و زیاد لەپێویست هۆگریانەو لەزەتیان لێوەردەگرێت, وەك کەڵەکەکردنی زێڕو زیو بەبارو بەخەروار, وەك راگرتنی ئەسپی دەگمەن‌و ڕەوە وڵاخ‌و رانە مەڕو بزن‌و کێڵگەو غیلمان‌و کەنیزەك‌و کۆشك‌و تەلارو جلوبەرگی بەنرخ‌و خواردنی بەتام.

**157-کەسایەتی هەڵکەوتوو (شرح العیون) (خلیل الفراهیدی) گوتوویە:**

ئەوکەسەی کە, بەخۆی زانی خراپە, ئەیشزانێت خۆی چۆن چاکدەکات.

**158-بەدگومانی -**

له (اكثم بن صيفي)یان پرسی: (حزم – خۆگری‌و بەجەرگی) چیە؟

ئەویش گوتی: بەدگومانی بەخەڵك.

**159-زەلیلی‌و پێویستی:**

*ابن الاعرابی: نەهێشتنی پێداویستی ئاسانترە لەوەی کە لەودا زەلیل‌و سەرشۆڕ بیت.

*سفيان الثوري: خواردنی هەرکەسێکم خواردبێت, سووکایەتیم لەسەری پێکراوە.

**160-چەند ئامۆژگارییەك بۆ ئەوانەی لەسەفەردان (عوارف المعارف):**

*موسافیری سۆفی کە گەیشتە تەکیەو خانەقا پێویستە پاكو خاوێن بێت, چونکە برادەران پێشوازیان لێدەکەنو دەستدەکەنە ملیانو لەوانەیە ئاسەواری ناخۆشی ڕێگەوبانی پێوە بێت.

*گەڕانەوە لەسەفەر, باشترە بەرۆژدا بێت, ئەگەر بەهۆی کۆسپێکەوە نەتوانرا بەرۆژبێت, خۆی دوابخوات بۆ ڕۆژی دوایی.

161-**لەخۆبایی بوونی مرۆڤ** - (**صالح بن جناح اللخمی**):

من دەزانم خەڵکانێك هەن: ئەگەر لەگەڵیاندا دانابووی خۆیان دەکەن بەنەزانو ئەگەر خۆت گێل کرد, لەگەڵتا دانایی دەنوێنن ئەگەر خراپەیان لەگەڵ بکەیت, باشەت لەگەڵ دەکەنو ئەگەر باشەیان لەگەڵ بکەیت خراپەت لەگەڵ دەکەن, ئەگەر زوڵمیشیان لەگەڵ بکەیت هەر بەسۆزن بۆتو ئەگەر بەسۆزیش بوویت لەگەڵیان زوڵمت لێدەکەن. ئەگەر کەسێك ئەمە خوی بێت, دەبێت یەکێك بێت لە خوری ئەوان بتپارێزێتو بەسۆز بێت, دەبێت یەکێکی پوختو خاوێن ببێت بتپارێزێت لەپاکیو خاوێنی ئەوان, دەبێت جەهالەتێك ببێت لەجەهالەتی ئەوان بتپارێزێت دەنا ریسوات دەکەن چونکە زۆر ژیری هەیە سەرشۆڕیو ملکەچکردنە,

ئەوەی نەفامێك پشتگیری لێنەکات ریسوا دەبێت, ئەوەی دانەیەکی نەبێت ئامۆژگاری بکات سەرگەردان دەبێت.

(تأريخ دمشق لابن عساكر)

162-**بۆدرەیەك بۆ ئارەق**:

لەکتێبی (مقتبس)ی (ابن حيان)دا باسی دیارییەك دەکرێت کە لە (عبدالرحمن الناصر)ەوە هاتووە بۆ (ابن ابی العافية) کە یەکێکە لەپیاوە ناودارەکانی ئەندەلوس: قووتوویەکی چوارگۆشەی لەعاج دروستکراوی بەزێو نەخشاو, تۆزێکی تیابوو بۆ هاوین کە پاشاکان بۆ ئارەقی لەش بەکاریدەهێنن.

163-**یاری تینس – لەکتێبی (تأريخ الخلفاء)ی (سيويطي)دا هاتووە کە:**

(رشد) یەکەم کەس بوو کەیاری هەچان (صولجان) و تۆپی کردووە.

*صولجان: عەسایەکی تایبەتەو چەماوەیە بۆ لێدانی تۆپ, لەلای خۆمان بەم یاریە دەڵێن (هەچێن).

164-**نەخۆشخانەکانی بەغدا (المنتظم لابن الجوزی):**

لەساڵی 304 دا (سنان بن ثابت) بوو بە بەڕێوەبەری (نەخۆشخانەی – مارستان) بەغدا کە 4 نەخۆشخانە بوو.

*(سنان بن ثابت) پزیشکێکی بەناوبانگەو لە (صابئة الحرانيين)ە.

165- **پاککردنەوەی ددان – پێغەمبەر گوتوویە:**

(سیواك) بکەن چونکە بۆ زار بۆنی خۆشەو خودایش پێی خۆشە.

(مسند احمد)

166- **ناوەکان (سنن الدرامی):**

لـەرۆژی قیامەتـدا بـەناوی خۆتـانو باوکتانـەوە بانگتـان دەکـەن, کەواتە باناوەکانتان  خۆش بێت.

167- **پاكو خاوێنیو زەوق** – ( **علی** ) **گوتوویە** :

خۆتـان پـاکو خـاوێن راگـرن خـودا قـینی لـەو کەسـانەیە کـە خـەڵك بێزیان لێدەکەنەوە.

168-**لەئەرکەکانی مزگەوت** – ( **تأريخ ابو زرعة** ):

لـەبارەی نوسـتن لەمزگـەوتا, پرسـیان لـە (سـعید بـن المسـیب) و ئەویش گوتی:

کەی کۆمەڵی (صفة) دەنوون؟

*کۆمـەڵی (صـفة) ئـەو هەژارانـەن کـە لەسـەردەمی پێغەمبـەردا لەمزگەوتا دەنوستن چونکە ماڵیان نەبوو.

169-**وێنە حەڵاڵەو پەیکەرتاشی حەرامە** ( **احياء علوم الدين** ):

وێنـەی سـەرفەرشو بـالیف حـەرام نیـە, هـەروەهایش وێنـەی سـەر دەفرو لەگەنو تەشت, بەڵام ئەو دەفرو حاجاتانەی کە لەسەر وێنـەی باڵندەو گیانلەبەرانی تر دروستکراون حەرامە.

170-**ناوگۆڕین** :

پێغەمبـەر نـاوی ئـەو عەرەبانـەی دەگـۆڕی کـە موسـوڵمان دەبوونو ناوەکانیـان نـاخۆش بـوو, یـان دژە ئـاینبوون یـان دژی رەوشـتو مرۆڤایەتی بوون وەك:

*(غاوی بن عبدالعزیز)ی کرد بە (راشد بن عبدالله).

*(صرم بن يربوع)ی كرد به (سعيد بن يربوع).
*(عبدشر)ی كردووه به (عبدخير).
*(بنوغيان – عەشیرەته)ی كردووه به (بنو رشدان).
*(غافل بن عبد ياليل)ی كردووه به (عاقل...)
*(حزن – سەخت)ی كردووه به (سهل).

### 171-كۆللاره (فڕۆكەی كاغەز) – (ابن ابی الحديد):

لەكتێبی (النهج) دا باسیكردووه كه:

منداڵان لەكاغەزی تەنك دروستیان دەكردو دوو باڵو كلكیان پێوه دەلكاند، لەرۆژی بادا بەدەزوویەكی درێژ دەیاننارد بەرەو ئاسمان.

*ئەم وێنه له (چين)یشدا هەیەو خۆم دیومه، وەك له مێژووی (چين)ەوه بۆم دەركەوتووه كەچینیەكان دایانهێناوەو لەچینیەكانیشەوه گەیشتووه بەعەرەبەكانی سەردەمی (جاهلی)، دەڵێن (مسیلمة الكذاب) لەشته عەجایەبەكانی خۆیدا بەكاری هێناوه، لەسەدەكانی دواییدا بەڕاستەوخۆیان لەڕێگەی عەرەبەوه گەیشتۆته ئەوروپا.

### 172-هاندان بۆ سەفەركردن – (شاعيرێك):

سەفەركه، خەڵكی تر هەیه لەبری ئەوانەی كەلێیان دوور دەكەویتەوه، هەڵسووڕیو خۆت شەكەتكه، تامی ژیان لەخۆشەكەتكردندایه، ئەی نابینیت ئاو بەوەستان پیسدەبێتو بۆگەندەكات كه لەبەریشی دەڕوات پاكدەبێتو خۆشدەبێت.

### 173-سوودەكانی سەفەركردن (شاعيرێكی دی):

بڕۆ بۆ غەریبی و لەپێناوی بەرزیدا لە نیشتمان سەفەر بکە, چونکە لەسەفەردا (5) سوود هەیە: خەم بەبادان و دەستکەوتی ژیان و زانست و ئەدەب و هاوەڵی چاك.

**174-یەکەم منارە:**

لەکتێبی (الاستیعاب) دا هاتووە کە (مسلمة بن مخلد) یەکەم کەس بوو منارەی دروستکرد لەسەردەمی (معاویە)و لەساڵی 53ی کۆچیدا.

**175- پاکوخاوێنی - لەکتێبی (الاغانی)دا هاتووە:**

(قیس بن عاصم المنقری) کە یەکێك لە کەسایەتی عەرەب, هاتەلای پێغەمبەرو ئیسلام بوو, یەکێك لەئامۆژگاریەکانی پێغەمبەر بۆ ئەم پیاوە: پێیگوت دەستت بەئاوو (سدر – داری تاوگ) بشۆ.

*(سدر) درەختێکەو بەرەکەی (نبق – تاوگ)ە, گەڵاکەی لەگەڵ ئاودا لە لەش دەخرێت و کەفدەکات, (محمد) بۆیە گەڵای ئەم درەختەی پێگوتووە, لەوکاتەدا سابوون نەبووە, دیارە پیشەسازی سابوون تەنها لەسەرەتاکانی سەدەی (عەباسییەکاندا) پەرەی سەندووە.

**176-نەخۆشخانە:**

لەکتێبی (المعجب)ی (مراکشی)داو لە (ابو یوسف الموحدی)وە دەگێڕنەوە کە:

لەشاری (مراکش)دا نەخۆشخانەیەك دروستكرا كەلەجیهاندا بێ وێنە بوو, زەویەكی گەورەی تەختیان بۆ دابینكرد, فەرماندرا بە (بەناكان) كە بەجوانترین نەخشی قەشەنگ بیڕازێنن, فەرماندرا كە بەگشت جۆرەكانی درەختی بۆنخۆش و بەردار باخی تیا دروستبكەن, ئاو بەهەموو شوێنێكدا دەڕۆیشت بێجگە لەمەیش لەناوەڕاستدا 4 حەوزیان دروستكرد, ناوی یەكێك لەو حەوزانە بە مەرمەڕی سپی دروستكرا.

پاشان بەفەرشی بەنرخ و خوری و كەتان و ئاوریشم و چەرم داپۆشرا كە بێوێنە بووە, ڕۆژی 30 دینار بۆ خواردن و پێداویستیەكانی تەرخانكرا, ئەمە بێجگە لە پارەی دەرمان, لەو خەستەخانەیەدا سەیدەلیەك دانرابۆ دروستكردنی شروب و مەڵحەم و كل, بۆ نەخۆشخانەكان جلوبەرگی شەوو ڕۆژیان بۆ ئامادە كرابوو جگە لە جل و بەرگی هاوینەو زستانە.

كە نەخۆش ئافاقەی بۆ دەهات, ئەگەر هەژار بایە بڕێك پارەیان پێئەدا كەپێی بژی, ئەگەر دەوڵەمەندیش بایە, هەقی خۆیان پێئەدا, ئەم نەخۆشخانەیە بۆ هەموو كەسێك بوو لە (مراكش) دا كە نەخۆش بێت .. هەژاریان دەوڵەمەند یان غەریب, ئیتر چارەسەر دەكرا یان دەمرد.

*كل – دەرمانەكانی چاوە.

177- پاكوخاوێنی – لەكتێبی (مسند احمد)ا هاتووە:

کەپێغەمبەر ئەمریکردووە بەپاککردنەوەی (کۆم) بەئاوو پاشان دەستوەردان لەخۆڵو شۆردنیان.

*دیارە لەوکاتەدا سابوون نەبووە, بۆیە پێغەمبەر دەڵێت دەستوەردەن لەخول, بێگومان ئەگەر بیزانیبا سابوون پەیدا دەبێت فەرمانیئەدا کە بەسابوون پاکبکرێت.

## 178-خانوویەکی چەند قات:

لەکتێبی (الحلة السیراء)داهاتووە کە (زیادة اللة الاغلبي)لەشاری (رقادە – تونس) کۆشکێکی چوار نهۆمی دروستکردووە.

## 179-دمشق:

(ابن عساکر) باسی زیاتر لە 130 کارێزی سەقفکراوی دیمەشقی کردووە کە ئاوی خواردنو شۆردنیان بەخۆڕایی دابەشکردووە بەسەر گەڕەکەکانی دیمەشقدا, هەروەها باسی چەند کارێکی تری کردووە لەدەرەوەی شارو باسی بۆری کردووە بۆ دابەشکردنی ئاو, (ابن عساکر) باسی 57 حەمامی کردووە لەشاردا بێجگە لە حەمامی نێو گوندەکان.

## 180-هاتوچۆ:

لەسەر رێگەکانی وشکانیو لەماوەیەکی دیاریکراودا منارەیەك دروستدەکرا پێیاندەگوت: (میل) بەمەبەستی رێپیشاندانی کاروانو موسافرین.

## 181-خاوێنی ژینگە (مستدرك الحالکم):

*پێغەمبەر, پیسایی کردنە جۆگەو سەرە ڕێگەو سێبەری قەدەغە کردووە, دیارە ئەمە هاومانایە لەگەڵ فەرماندان بەدروستکردنی تەوالێت لەماڵەکانداو خانووەکانی سەردەمی (جاهلی) تەوالێتیان تیا نەبووە.

*(حجاج)یش پیسایی و میزکردنی لە (واسط) قەدەغەکردو سەرپێچیکەرانی دەخستە بەندیخانە, عەرەبێکی دەشتەکیش لەشیعرێکدا ئاماژە بۆ ئەمە دەکات:

کەلەشاری (واسط) تێدەپەڕین بەهەوەسی خۆمان دەچووینە سەر پێشاوو (تەوالێت)و نوێژمان دەکرد.

*لەهەمان باسدا, هەندێك سەحابە دەیانگوت: پێغەمبەر هەموو شتی فێرکردووین تەنانەت چوونەسەر پێشاویش.

## 182-سیستمی بانکی (معجم الادباء):

(جحظة البرمكي) قسە لەگەڵ (حسن بن مخلد)ی وەزیرا دەکاتو دەڵێت:

پسوولەیەکی بۆ فڕێدام تیا نوسرابوو: فەرمانی ئەدا بە (سەڕافێك)ی خۆی کە 500 دینارم بۆ خەرجبکرێت, منیش وەرمگرت سوپاسم کرد.

## 183-چەند ئامۆژگارییەکی کۆمەڵایەتی:

حەدیسێکە (ابن العساکر) هێناویە:

دەبێت موسوڵمان لەهەموو ڕۆژێکدا خێرێك بکات, سەردانی نەخۆش خێرە, نوێژی سەر مردوو (جەنازە) خێرە, لابردنی ئەو

شـتانەی کەلەسـەر ڕێگـا ئـازاری خەڵکئـەدەن خێـرە, یارمەتیـدانی هەژارو بێدەسەلآت خێرە.

184-**چەند شارێکی ئیسلامی وەك ( ابن بطوطة ) باسیان دەکات:**

*النجـف: نـە بـاج و نـە (مکـوس)و نـە (والی)تیـا هەیـە, (نقیـب الاشـراف) سـەرۆکی شـارە, بازاڕەکـانی باشـن و خـاوێنن, ئەمـەیش نـاوی بازاڕەکـانی (نجـف)ە, بـازاڕی بەقاڵـەکان –لۆقەنتەچـیەکان– نانـەواکان– بەرگـدرووەکان و میـوەو پاشـان عـەتارەکان و قەیسـەری (بازاڕێکی بچوکە بۆ هەندێك پیشە).

پاشان لەبارەی قوتابخانەی (نجف)ەوە دەڵێت:

هەموو قوتابیـەکی خـەڵکی دەرەوەی (نجـف) بـۆ مـاوەی 3 ڕۆژ دوو ژەم نان و گۆشت و خورمای پێئـەدرا. باسـی خوویـەکی ناتەندروسـت دەکـات لـەناو ئـەو (روضـة)دا کـە گـۆڕی ئیمـام عـەلی تێدایـە: چـەند شـتێکی لـەزێڕو زیـو دانرابـوون و پڕبـوون لـە گـوڵاو و میسـك و چـەند جـۆری تـر, ئەوانـەی کـە دەهـاتن بـۆ زیـارەت دەسـتیان وەرئـەدا لـەو تەشتانەو روخساریان بۆ موفەڕك پێچەور دەکرد.

*صنعاء: شارێکە هـەمووی (مفروشـة – بەردڕێـژ) کـراوە, کـەباران دەبارێـت کۆڵانـەکانی پاکدەبنـەوە, خانووەکـانی لەخشـت و بـەردن, درەخت و میوەی زۆرە.

*مکـة: خـەڵکی مەکـە, جلوبـەرگیان خاوێنـەو زۆربـەی جلوبـەرگیان بـەردەوام سـپیەو بریقەئەداتـەوە, عـەتر زۆر بـەکاردەهێنن, هـەروەها سیواك بەداری (اراك)ی سـەوز دەکـەن کـە درەختێکـی سـەوزەو بـۆنی خۆشـە, ژنـانی (مکـە) یـەکجار جـوانن, زۆر عـەترو بـۆنی خـۆش

بەکاردەهێنن, تەنانەت ئەگەر ژنێك زۆریش برسی بێت, بەپارەی خواردنەکەی عەتری پێدەکڕێت.

ژنان لە رۆژی هەینیدا بەدەوری کەعبەدا دەسووڕێن (طواف)و بەجوانترین بەرگەوە ئامادە دەبن, لەپاش گەڕانەوەی ژنانیش بۆنی خۆشی ژنان لەکەعبەدا هەر دەمێنێت, خەڵکی (مکة) لەرۆژێکدا یەکجار لە عەسردا نان دەخۆن, لە کاتەکانی تریشدا خورما دەخۆن بۆیە زۆر تەندروستن و نەخۆشیان کەمە.

*دورگەکانی مالدیف: خەڵکی خاوێنن و چڵکن نین, زۆربەیان رۆژی دووجار خۆیان دەشۆن چونکە زۆر طەرمەو ئارەق زۆر دەکەن, رۆنە بۆنخۆشەکان زۆر بەکاردێنن وەك (صندلية)و لەگەڵ رۆنێکی بۆنخۆشی گرانی تردا تێکەڵ دەکرێت کە لە (مەقدیشۆ)وە دەیهێنن, یەکێك لەداب و نەریتەکانیان ئەمەیە کە لەنوێژی بەیانیدا هەموو ژنێك بۆ مێردەکەی یان بۆ باوکی کلچیوکێك (مکحلة) ئامادە دەکات و بەگولاوو رۆنی گران دەموچاویانی پێدەهەنوێت و لۆچەکانی روخساریان لادەبات.

کۆلانەکانیان خاوێن و گسکدراون و درەخت و سێبەریان چڕە, گەورەو بچوکیان پێخاوسن (بێپێڵاو), دەبێت ئەو کەسەی دەچێتە ماڵ هەردوو پێی بشوات و بەحەسیرێکی ئەستوور بیانسڕێت, ژنیان سەر داناپۆشن, زۆربەیان لەناوکیانەوە تا خوارەوە بەپارچە قوماشێك دائەپۆشن و باقی لەشیان بەدەرەوەیە, (ابن بطوطة) قازی بووە لەو دورگەیە دەڵێت: زۆر هەوڵمدا ئەم داب و نەریتەیان پێبگۆڕم بەڵام سەرکەوتوو نەبووم, ئەو ئافرەتەی کە دەهاتەلای ئەو دەبوو داپۆشراو بێت.

*بەغدا: زۆربەی بەری خۆرئاوای ویرانەیە (ابن بطوطة) لەپاش نزیکەی 70 ساڵ دوای (سقوط)ی چوّتە بەغدا)، تەنها 13 گەڕەکی مابوو، هەموو گەڕەکێکی شارێك بوو 2 –3 حەمامی تیابوو، یەکێك لەو گەڕەکانە گەڕەکی (باب البصرة)بوون، لەم گەڕەکەدا مزگەوتی (ابو جعفر المنصور) دروستکرابوو، (نەخۆشخانە – مارستان) لە بەینی (باب البصرة) گەڕەکی (شارع) دا کە دەکەوتە سەر دیجلە، ئەم (مارستانە) کۆشکێکی گەورەی ویرانە بوو هەندێك ئاسەواری مابوو.

(گەڕەکی بەسرە، گەڕەکی شێخ مارڤ کەرخی ئێستایە، نەخۆشخانە ویرانەکەیش –عضد الدولة– لەناوەڕاستی سەدەی چوارەمی کۆچیدا دروستی کردبوو، بەئاوەدانی هەتا کۆتایی سەدەی 6 مایەوە).

بەری خۆرهەڵاتیشی پڕبوو لەبازاڕی یەکجار رێکخراو، گەورەترین بازاڕی بە (سوق الثلاثاء) ناسرابوو، هەموو پیشەیەك لەو بازاڕەدا جێگەی تایبەتی خۆی هەبوو، لەناوەڕاستی ئەم بازاڕەدا (المدرسة النظامية) دروستکرابوو، لەپاشاندا (المستنصرية) دروستکرا.

مامۆستای (المستنصرية) لەسەر کورسیەکی بەرز دائەنیشت و بەڕەیەك لەسەر کورسیەکە راخرابوو، جلوبەرگی مامۆستا رەش بوو، مێزەری بەسەرەوە، لەشانی راستو چەپیدا دوو کەس وەستابوون هەرچی پێدەگوتن ئەوانیش دەیانگوتەوە....

*ظفار: خەڵکی شار بەهۆی تیژی گەرماوە، رۆژی چەند جارێك خۆیان دەشۆرد، لەهەموو مزگەوتێکدا شوێنی تایبەتی (بوو)

بۆخۆشـوٚردن, زۆربـەی خـەڵکی شـار سـەریان رووتبـوو مێزەریـان نەدەبەست, گەڵای (تنبل)یان بۆ تامی (دەم) دەجویی, عادەتیان بوو کە شەو دەخەوتن گەڵای (تنبل) لەلای سەریان دائەنا, کە لەخەو هەڵدەستان گەڵایان دەخستە زاریان بۆ لابردنی بۆنی ناخۆش.

*شاری (ترمذ) لەخۆراسان: خەڵکی شار, سەریان بەشیر دەشۆرد, لەهەموو حەمامێکدا چەند دەفرێکی گەورە پڕبوون لەشیر, هەرکەس دەهاتە حەمام, جامێکی بچوکی پڕ دەکرد لەشیرو سەری پێدەشۆردو قژی دائەهێناو لووسی دەکرد.

## 185-شۆردن بەگوڵاو (الحلة السيراء):

(الحاجب المنصور) میوانی (ابن الخطاب) بوو کە یەکێك بوو لە هەڵکەوتوو ئەدیبەکانی (اندلس), لەهەواڵێکی ئەم میوانداریيەدا هاتووە: حەمامی گوڵاوی بۆ ئامادە کرابوو.

## 186-ژنانی (گرینادا) – (الاحاطة):

سیحریان لێدەبارێت ... لەشیان نەرمە ... پرچیان درێژو شۆڕە ... بۆنیان خۆشەو لەنجەیان ناسکەو زمانیان شیرینە, بەلام بەدەگمەن بالا بەرزیان هەیە, زۆر بە شارەزایانەو هونەرمەندانە خۆیان جواندەکەن و جۆرەها خشڵی ئاڵتون و زیو دەپۆشن, کراسی گوڵدارو رازاوە لەبەر دەکەن, خۆ رازاندن و خشڵ و ئارایشتیان لەم سەردەمەدا (سەردەمی ابن بطوطة کەسەدەی 8ی کۆچی بوو) گەیشتبووە رادەیەك, داوابکەین لەخودا کەلە بەلاو کارەساتی رۆژگار بیانپارێزێت.

187-**شوێنە (وقف)ەکانی (دیمشق)و مەبەستیان:**

*چەند شوێنێکی وەقفکراو بۆ ئەو کەسانەی کە توانای حەجکردنیان نیە.

*چەند شوێنێکی وەقف بۆ کڕینی جیازی ئەو کچانەی کە شوو دەکەن‌و ماڵە باوکیان توانای کڕینیان نیە.

*چەند شوێنێکی وەقف بۆ ئازادکردنی دیل.

*چەند شوێنێکی وەقف بۆ ئەو غەریبانەی کە توانای گەڕانەوەیان بۆ وڵاتی خۆیان نیە، پارەی ڕێگاو خواردن‌و پۆشاکیان پێئەدرێت.

*چەند شوێنێکی وەقف بۆ چاککردنی ڕێگاکان‌و ڕەسیفکردنیان، کۆڵانەکانی سێ بەش بوون لەملاولاوە بۆ پیادە بوو، ناوەڕاستیش بۆ سوارە بوو.

188-**لەبارەی ڕێکخستنی ڕێگاو شەقامەکان (غەزالی):**

لەکتێبی (احیاء علوم الدین)دا باسی دیاردە دزێوەکانی سەرشەقامەکان دەکات:

زۆر ناشیرینە لەشەقامەکاندا بۆری دانان‌و دروستکردنی سەکۆ لەپاڵی ماڵەکاندا، ڕواندنی درەخت، دەرکردنی (بەلەکۆن)ی خانووەکان، دانانی تەختەو بارەگەنم‌و خواردن لەسەرشەقام، ئەم دیاردانە دزێون ئەگەر بوون بەهۆی تەسکبوونی شەقامەکان‌و زیاندان لەهاتوچۆکەران.

بەڵام ئەگەر ڕێگاکان زۆرپان بوون‌و خەڵك پێی پەست نەدەبوون، دروستە دانانی دارو بارە خواردن لەسەر ڕێگا بەمەرجێك زوو بگوێزرێنەوە بۆ ماڵ‌و دوکانەکان، چونکە ئەو شتانە بەشێکن

لەپێداویستی ژیان, هەروەها بەستنەوەی وڵاخ لەسەر جادەکان پێویستە قەدەغە بکرێت, چونکە ڕێگاکان تەسکدەبنەوە, تەنها بۆ ماوەی دابەزین و سواربوونی وڵاخ, هەروەها دڕك دانان لە دەوری (بازاڕی وڵاخ) ناشیرینەو جل و بەرگی خەڵك ئەدڕێت, واباشترە لەشوێنی گشتی بگوێزرێنەوە.

ئەگەر وانەبوو دروستە چونکە یەکێکە لەپێویستیەکانی خەڵکی شارەکە.

نابێت هیچ شتێك فڕێبدرێتە سەر شەقام و کۆڵانەکان مەگەر بەمەبەستی گوێزانەوە, هەروەها باری زۆر گران لەوڵاخ کارێکی خراپ و دزێوە پێویستە خاوەنی وڵاخ ئاگادار بکرێتەوە, هەروەها قەسابی کردن لەسەر ڕێگا یان لە بەردەرگای دوکانی قەساب, چونکە ڕێگاکان خوێناوی دەبن و دەبێت قەدەغە بکرێت, چونکە زیانی بۆ خەڵك هەیەو شیاکەو پیسی بڵاو دەبنەوە, هەروەها فڕێدانی زبڵ و پاشەڕۆی خواردن وەك توێکڵی شووتی و کاڵەك, یان ئاوڕشێنی جادەکان و خزان و خلیسکانی خەڵك, هەروەها ڕشتنی ئاوی زێراب و پیسی لەدیواری خانوو بۆ سەر جادە, چونکە بەرگی خەڵك پیس دەبن و لەنوێژ دەچن, بەڵام ئەگەر جادەکە زۆرپان بوو خەڵك دەتوانن خۆیان بپارێزن.

هەروەها کارێکی دزێوە: مانەوەی قوڕاوو باراناوو بەفر لەسەر جادەکان و نەماڵینیان, بەڵام ئەمە کاری یەکێك نیە, بەڵکو هەقێکی گشتیەو (والی) شارەکان دەبێت کرێکاری بۆ بگرن, تاکی کۆمەڵیش تەنها ئامۆژگاری لەسەرە.

**189-كاتەكانی پاكژكردنی ددان - (عوراف المعارف):**

پێغەمبەر لەپێش خەوتن لەپاش هەستان لەخەو سیواكی دەكرد. (واتە ددانی بەسیواك پاكدەكردەوە).

**190-شارستانی (ناو) – (ابن عساكر):**

پیاوێك بۆ شكات‌و سكالاّ هاتەلای (الشعبی) قازی, لێی پرسی ناوت چییە؟

گوتی: (خركوش).

قازی گوتی شوولّ بێنن, كابرایش گوتی:

سەعاتێك مۆڵەتم پێبدە, ناوێكت بۆ دەهێنم كە جوانترین ناوی خەڵكی كوفە بێت, لەپاش ماوەیەك لێی پرسی ناوت چیە, ئەویش گوتی (أبو عمرو)!

**191-دیاریكردنی كاتی ئیش – (الف ليلة):**

لەشەوی (401) دا كچە پاڵەوانی حیكایەتەكە بەهاوڕێكەی گوت: كاتی خزمەت تەواو بوو, كاتی كرێكارانی دەستو بازوویش هەتا عەسرە.

**192- پاكو خاوێنی – لەهەواڵەكانی (ابو يزيد البسطامي):**

لەماوەی 40 ساڵی سەردانی مزگەوتیدا: كراسی مزگەوت‌و ماڵی جیابوو, هەروەها كراسی تەوالێتی هەروەهایش نەعلەكانی.

**193-لای خەڵك خۆشەویستبەو فیزن مەبە – تاریفی سۆفیەك:**

گەورەیی ئەوەیە کەخۆت بەباشی بناسیتو ڕێزی لێبگریت نەك بۆ دەسکەوتێکی دنیایی ڕیسوای بکەیت, هەروەها کیبرو خۆ بەزلزانین, خۆ نەنانسینەو خۆ لێگۆڕانە.

194-**دژی ( سلبیة ):**

شاعرێکی سەرەتای ئیسلام: ئەو کەسانە باش نین کە لەژیانیاندا کەسانێك نەبن بیان بوغزێننو خۆشیان نەوێن.

195-**باشترین شار:**

لەشارێکدا یان لەوڵاتێکدا نیشتەجێبە کە, بازاڕی باشو ڕوبارو پزیشکی شارەزاو سوڵتانی عادلی تیابن.

*لەدەقەکەدا (مصر) هاتووە کە بەمانا شارەو هەندێك جاریش وڵاتە.

196-**ناردنە دەرەوەی شارستانی - ( الف لیلة ):**

لەچیرۆکی (ابوصیر)و (ابو قیر) دا هاتووە کە چۆن حەمامێکیان لەشارێکدا دروستکردووە کە بە سەفەر ڕێیان تێیکەوتووە.

(ابو صیر) ویستوویە بچێتە حەمامو پرسیویە لە خەڵکی شار, ئەوانیش پرسیویانە: حەمام چیە؟

ابو صیر: شوێنێکە خەڵك تێیدا لەچڵك پاکدەبنەوەو خۆشترین شتی دنیایە.

ابو صیر: دەچێتە لای پاشاو باسی سوودەکانی حەمامی بۆ دەکات کە پێویستە لەشاردا ببێت, پاشایش پارەو کرێکارو پێداویستی بۆ دابیندەکاتو حەمامێك دروستدەکات.

پاشا یەکێك دەنێرێت بۆ ناو شارو بەمجۆرە جاڕ ئەدات: ئەی خەڵکی خودا! وەرن سەردانی حەمام بکەن, بۆ هاندانیان 3 ڕۆژیش بە (بەلاش) دەبێت, پاشان (ابو صیر) 10 کەس لەپیاوەکانی سوڵتان فێری کاروباری خزمەتگوزاری حەمامیان دەکاتو خۆیشی لەشار دەردەچێت.

(شەوی/ 935)

197-کەسایەتیەکی بەهێز:

پرسیان بەهەندێك لەداناکان کرد کە:

کێ دڵسۆزە؟

ئەویش گوتی: ئەو کەسەی باشەکانو خراپەکانی خۆی دەشارێتەوە.

198-یەکەم, قسەی باش – لەسورەتی (البقرة)ەوە:

قسەیەکی باشو لێخۆشبوونێك, باشترە لە خێرێك ئازاری بەدواوە بێت.

*گوتەی پێغەمبەرە: قسەی باش, خێرە.

199-لەنیشانەکانی مونافیق – دەڵێن (علی) گوتوویە:

مونافیقو ریاباز چوار نیشانەی هەیە:

*بەتەنها بێت تەمەڵە.

*لەگەڵ خەڵکدا بێت چالاکە.

*کە ستایشیانکرد (مدح) ئیشی زۆر دەکات.

*كە زەميانكرد ئيش كەمدەكات.

200-ئاشتی لەگەڵ خەڵكدا – پێغەمبەر گوتوویە:

خۆ گونجاندن لەگەڵ خەڵكدا خێرە.

(الاربعين الصحاح - للسيوطي)

202-یەكەم، مرۆڤە – (انجيل مرقص):

لەشەمەدا چوونە كێڵگەو شاگردەكانی دەستیانكرد بەگوڵچنین، (فریسیون) بە (مەسیح)یان گوت:

بڕوانە چۆن لەشەممەدا ئیشێكدەكەن كە حەرامە؟

(مسیح)یش گوتی: ئەی نەتان خوێندووە چۆن (داوود)و هاوڕێكانی كەبرسیبوون لەرۆژانێكدا چوونە ماڵی سەرۆكی (كهنة)ەو ئەوانەیان خوارد كە، بۆ كەس بێجگە لە (كهنة) حەڵاڵ نیە بیخوات؟

پاشان (مسیح) پێیگوت: شەممە بۆ خزمەتی مرۆڤە نەك مرۆڤ بۆ خزمەتی شەممە، چونكە نەوەی مرۆڤ خودای شەممەیشە.

پاشان (مسیح) چووە كۆڕێك كە یەكێكیان دەستێكی وشكوو ئیفلیج بوو، چاویان بڕیە (مسیح) كە ئایا لە شەممەدا چاكی دەكاتەوە هەتا شكاتی لێبكەن؟

(مسیح) بەپیاوە (دەست ئیفلیج)ەكەی گوت:

هەڵسە لەناوەڕاستدا بوەستە، پاشان روویكردە كۆڕەكەو گوتی: لەرۆژی شەممەدا كاری خێر باشە یان شەڕ .. یەكێك رزگار بكەیت یان بیكوژیت؟

هەموویان بێدەنگبوون, تەماشایەکی کردن و بۆ دڵڕەقیان خەمی دەخوارد, بەپیاوە ئیفلیجەکەی گوت: دەستدرێژبکەو دەستە ئیفلیجەکەی ئاقاقەی بۆهات.

(فریسی)یەکان و (هیرودسی)یەکان پێکەوە دەرچوون بۆ راوێژکردن لەسەر کوشتنی (مسیح).

**203-یەکسانی لەمافدا – ( حەدیس ):**

خەڵك یەکسانن وەك دانی شانەو تەنها بەباشەوە شانازی بکەن, هاوڕێی پیاوێك مەبە کە ئەوەی بۆ خۆی دەیەوێت بۆ تۆیشی نەوێت.

(ابن عساکر)

**204-وەرزشە سەرەکیەکان – دەڵێن ( عمر ) گوتوویە :**

منداڵەکانتان فێری مەلەو سوارچاکی و تیرهاویشتن بکەن.

(بستان العارفین)

**205-ئامۆژگاری بۆ ئەو کەسانەی کە لەسەفەر دەگەڕێنەوە – ( السمرقندی ):**

پیاوێك کە لەسەفەر گەڕایەوە وا باشترە بە رۆژدا بچێتەوە ناو خێزانی نەك بەشەوداو لەکاتی بێئاگاییدا, (جابر بن عبداللە) لەپێغەمبەرەوە دەیگێڕێتەوە: ئەگەر یەکێکتان لەسەفەر گەڕایەوە بەشەودا نەچێتەوە ناو خێزانی.

(بستان العارفین)

**206-لەبارەی بازاڕەکانی ( قاهرە )ەوە – ( سفرنامە ):**

فرۆشیارەکان لەمیسردا, دەفری پێویست ئەدەن بەکڕیار بۆ ئەو شتانەی کڕیویانە لەشووشەو چینیو کاغەز, ئەمەیش بەو نیازەی کڕیار لەماڵەوە شت نەهێنێت بۆ بازاڕ.

**207-گوازتنەوە لەقاهیرە ( سفرنامە ):**

لەسەر هەموو کۆڵانێکدا گوێدرێژێکی کۆپانلەپشتو رازاوە ئامادەیەو بەکرێیەکی کەم خەڵکیان دەگواستەوە, دەڵێن (50) هەزار وڵاخ رۆژانە بەکرێ ئیشی دەکرد.

**208-غەیبەتو بوختان – ( سنن الدرامی ):**

ئەگەر بە پاشەملە باسی یەکێکت کردو ئەو سیفەتەیان تیابووو ئەوە غەیبەتت کردووە, ئەگەر ئەویش نەبوو, ئەوە بوختانت بۆ کردووە.

**209-لەبارەی مەیو شەرابەوە – ( سنن الدرامی ):**

(عبدالرحمن بن أبی لیلی) دەڵێت: لەشەودا منو باوکم چووین بۆ سەردانی (علي بن ابي طالب) و شێومان کردو خواردنەوەیشی پێداین, پاشان گەڕاینەوە و زۆریش تاریکبوو, رێگەمان بزرکردو قوتیلە بەدەستێکی لەگەڵ ناردین.

(ابو هريرة) لەپێغەمبەرەوە دەیگێڕێتەوە:

ئەگەر برایەکی موسوڵمان سەردانی برایەکی خۆی کرد, با خواردن بخوات و پرسیار نەکات لەبارەی خواردنەکەوە, ئەگەر لەشەرابی خۆی, شەرابی بۆ هێنا, با بیخواتەوەو نەپرسێت, ئەگەر ترسا لەو شەرابە, با بەئاو روونی کاتەوە.

*(عمر بن خطاب): من ئەم شەرابە تیژە ناخۆمەوە کە چیمان خواردووە لەگۆشتی حوشتر دایبڕزێنێت.

*حەدیس: ئەگەر شەرابی تیژو پڕوکێنتان خواردەوە, بەئاو بیشکێنن و روونی بکەنەوە.

*(سنن ابو داود): (دخین)ی کاتبی (عقبة بن عامر)ی سەحابە دەیگێڕێتەوە: چەند دراوسێیەکمان دەیانخواردەوە منیش ئاگادارم کردنەوە بەڵام سوودی نەبوو, بە (عقبە)م گوت: دراوسێکانمان دەخۆنەوە, ئاگاداریشم کردوونەتەوە سوودی نەبووە, دەچم پۆلیسیان بۆ دەهێنم, (عقبە)یش گوتی:

وازیانلێبهێنەو جارێکی تریش بە (عقبە)م گوتەوە, ئەویش گوتی: وازیانلێبهێنە .. من لەپێغەمبەرم بیستووە: ئەو کەسەی (عورة)و عەیبی کەسێك دائەپۆشێت, (بەزۆر گۆڕ کراوێك) زیندوو دەکاتەوە.

*لە (شرح نهج البلاغە)دا هاتووە:

پێغەمبەر سزای مەیخۆرانی نەداوە, خەڵکانێکی زۆر لەژیانی ئەوداو لەپاش (حەرامکردنی) شەرابیان خواردووە.

*لەکتێبی (بحار الانوار)ی (مجلیسی) دا هاتووە:

(سعید بن منصور) سەرۆکی (زیدیة)کان هاتووە بۆلای (حسن بن الحسین)و لێی پرسیوە:

رات چیه بۆ شـەراب .. خـۆ (زیـد)یش لـەلای ئێمـە دەیخـواردەوە؟
ئەویش گوتی: من باوەڕ ناکەم (زید) بخواتەوەو سەرخۆش ببێت.
ئەویش گوتی: بەڵێ
*لەکتێبەکانی (بحار الانوار) و (الاغانی) داهاتووە:
–لـەحزووری (جعفـر الصـادق) دا, شـیعری (حمـیر)ی گوتـووە.
ئەویش گوتی خودا رەحمی پێبکات.
–دیم دەیخواردەوە, ئەویش گوتی: خودا رەحمی پێبکات.
–(دیسان گوتیەوە), من دیم لەلادێ دەیخواردەوە.
گوتی: مەبەستت لەشەرابە؟ گوتی: بەڵێ.
ئەویش گوتی: خودا رەحمی پێبکات .. بۆ کەسێك خۆشەویستی (علی) بێت خودا دەیبەخشێت.
*لەکتێبی (طبقات بن سعد)ەوە:
(عبدالمجید بن سهل) دەیگێڕێتەوە:
چوومە (خناصرة) –سەر بە شاری حەڵەبە– لەسەردەمی (عمر بن عبـدالعزیز) دا, دیـم لەماڵێکـدا دەیـانخواردەوەو رایانـدەبوارد, بەڕێوەبەری پۆلیسی (عمر)م لێئاگادار کردنەوە کە کۆڕیان بەستووە بۆ خواردنەوە, بەڕێوەبەری پۆلیسیش گوتی: من ئەمەم بە خەلیفە (عمـر بـن عبـدالعزیز) راگەیانـدووە, ئـەویش گـوتی: ئـەوەی لـەناو ماڵاندا دەکرێت چاوی لێبپۆشە.

## 210-بووکی نیل – (أحسن التقاسیم):

کەمیسر لەلایەن (عمرو بن العاص)ەوە (فتح) کرا, هەواڵیان پێدا کە (نیل) لافاو دەکات یان کـەمئاو دەبێت, بۆ چارەسـەری ئەمـە: کچێك

هەڵدەبژێرن‌و باوك‌و دایكی قایل دەكەن بەوەی دەیەوێت, پاشان بە جوانترین بەرگ‌و خشڵ دەیڕازێنن‌و دەیخەنە (نیل), ئیدی نیل ئاستی بەرز دەبێت‌و دەڕوات, بەڵام (عمرو) پێی گوتن: ئەمە هەرگیز نابێتەوە, ئیسلام داب‌و نەریتی پێشخۆی دەڕووخێنێت.

211-**بەمەی:**

**لەمەوپێش خڵتەی شەرابیان بەكاردەهێنا بۆ تەڕكردنەوەی قژو شانەكردنی‌و نەرمكردنەوەی‌و دەقگرتنی, شەرعزانەكان (فقهاء) ئەمەیان بەخراپ زانیوە چونكە شەراب بەپیس دەزانن.**

**(ملتقي الابحر: كتاب الاشربة)**

212-**خەڵكی ئاین‌و لاوان - (سفیان الثوري):**

**لەهاوڕێیەتی (حیكایەت خوێنیان) دووركەون‌و هاوڕێیەتی لاوان بكەن, ئەوان كارامەترو جوامێرترن لە (حیكایەتخوێنانی) ئەم سەردەمە.**

**(حلیة الاولیاء)**

213-**شووشەیەكی سروشتی – لەفەرهەنگی (المحیط) دا لەبارەی (الطلق)ەوە هاتووە:**

**بەردێكی بریسكەدارە, كە بكوترێت (پارچە پارچە) دەبێت‌و لەحەمامەكاندا لەبری شووشە بەكاردێت, باشترین جۆری: یەمەنی‌و پاشان هیندی‌و ئەندەلوسییە شێوەی ئامادەكردنیشی بەمجۆرەیە:**

لەگەڵ چەند چەوێکدا دەخرێنە پەڕۆیەكو دەخرێنە ئاوی (شیلەتێن – نە سارد نەگەرم)و پاشان بەهێواشی دەبزوێنرێت هەتا دەتوێتەوە, پاشان لەپەڕۆکە دەردێتو ئاوەکەی لادەبرێتو دەخرێتە بەرخۆر بۆ وشکبوونەوە.

214-ژیانی کارکردن – شاعیرێك لەباسی حوشترەکەیدا دەڵێت:
گشت پارچەکانی جەستەی زۆر کۆن بووە بەدانیشتن دەمرێتو بەکاریش دەژی.
215-رەوشتەکانی (صعالیك)ە دزەکان:
(المرار الفقعسی):
کە هاوڕێکەی هەژارکەوت, بەسووکی تەماشا ناکرێت, ئەگەر دەوڵەمەندیش بوو هاوڕێکەیشی دەوڵەمەند دەکات.

216-دیالێکتی ئەخلاقیانە - (ابن الرومی):
رقو شوکر لەگەنجدا, دوانەن
هەندێك رەوشت, دۆستی یەکترن
217-داکۆکی لە رژد – (أبو الاسود الدؤلی):
لەسەخاوەتو کەرەمدا لەگەڵ خودا (زەموزەمکاری) مەکەن, چونکە ئەو لەهەموو کەس سەخی ترو دڵفراوانترەو ئەگەر بیەوێت لە ناو خەڵکدا هەژارێك نامێنێت, ئەگەر بەقسەی ئەوان بکەینو بیاندەینێ, خۆمان لەوان خراپتر دەبین.

218-ئامۆژگارییەك لەبارەی میوانداری –پەندێکە:

بۆ میوان زۆر لەخۆتان مەکەن, چونکە میوان بەمە پەست و تووڕە دەبێت.

219-**نیشانەکانی گێل و نەفام - ( امالی المرتضی ):**

سێ نیشانەکان لەگێل و نەفامدا دیارن:

1-بەخێرایی وەڵامدانەوە.

2-تەماشای (ئەملاولای خۆی) زۆر دەکات.

3-متمانە بە هەموو کەس دەکات.

220-**هوشیاری بەرهەمهێنان – ( المعری ):**

ئەوەی زەوی دەکێڵێت لەلای خودا باشترە لەسەرکردەیەکی نەفام.

221-**ئازادی زامن و دەستەبەرە – ( المعری ):**

ئازادبەو لەکوێ دەژیت بژی, تەنانەت لەگەرمای ئاگریشدا.

(الفصول والغایات)

222-**پاراستنی ژینگە – ( فی مسند أحمد ):**

کوشتنی میروولەو هەنگ و پەپو سلێمانەو (کونە بەبوو) و دزینی هێلکەی باڵندەکان نەهی لێکراوەو قەدەغەیە.

# راڤەو چەند تێبینیەك لەسەر بەشی سێیەم

5-القصاص: کۆمەڵێکن لەپیاوانی ئاینی, پیشەیان گێڕانەوەی ئەفسانەو حیکایەتە ئاینییەکان بوو لە کۆڕو مەجلیسەکاندا کە بەتایبەتی بۆیان ساز دەکرا.

لەسەردەمی (اموی)یەکاندا پەیدابوون و هەتا چەند سەدەیەکی دواتر هەرمابوون, وەك گوتاربێژەکانی ئەمڕۆی (حسینیة)کانن لە (عاشورا)دا, شەرعزانە توندڕەوەکان دژایەتیان کردوون وەك لەهەڵویستی (سفیان الثوري)دا رۆشندەبێت.

6-لەگوتارێکی گاڵتەجاڕیدا تەعلیقبازی ئەمریکایی (ارت بوخوالد) باسیدەکات: (هنری کیسنجر)ی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا کەسەردانی میسری کردووە, لەگەڵ بەرپرسە میسریەکاندا (ئەملاولای) یەکتریان ماچ کردووە, لەپاش گەڕانەوەی بۆ ئەمریکا رووبەڕووی ئەمریکا روودەکاتە پەرلەمانی ئەمریکا بۆ وەرگرتنی رەزامەندی لەسەر پرۆژەیەك, لەم بارەیەوە (بوخوالد) دەیگێڕێتەوە: (کیسنجر) کەچووەلای سەرۆکی لیژنەی کاروباری دەرەوەی کۆنگرێس, سەرۆکی لیژنە ویستی لەگەڵ (کیسنجر)دا -میسر ئاسا- باوەشی پیابکات و (ئەملاولای) ماچبکات و بەڵام (کیسنجر) نەیهێشت و سەری سووڕما لەم کارەی, لەپاشان (کیسنجر) بۆی روونکردەوە کە

ئـەو لەمیسـر میـوانی عـەرەب بـووەو لەسـەرداب‌و نـەریتی ئـەوان جولاوەتەوە.

8-لێرەدا رۆشندەبێت کە داب‌و نەریتی "باوکسالاری" چ کارلێکی هەیە لەسەر ئامۆژگاریەکان.

11-لەم حەدیسەدا رۆشندەبێت کەچەندە ناڕازیی بووە لەجەهل‌و نەفامی جوتیاران, ئەم دۆخەی جوتیاران هەتا ئێستاش بەردەوامە.

12-ئـەم فەتوایـە دژی بـاوەڕێکی ئاینیـە کـە دەڵێـت: کـریێ بـەپێی ماندوو بوونـە, (وشکە موسـوڵمانەکان) سـووربوون لەسـەرئەوەی کـە زیارەتی (مکة) بەپێ, خێری زۆرترە.

13-لـەم گوتەیـەدا هاندانـە بـۆ (چاوپۆشـینەکردن) لەخراپـەکاری خەڵکانی تر.

19-(الابدال) – (ابن عربی) دەڵێت:

ئـەو کەسـەی دەڕوات بـۆ سـەفەرو دوور دەکەوێتـەوە, پەیکـەرێك لەشێوەی خۆیدا جێدەهێڵێت گوایا نەچووە بۆ سەفەر ئەمەیە (بدل), لـەکۆڕو ناوەنـدە ئاینیـەکان‌و شـەرعزانەکاندا بـەو کەسانە دەڵـێن کـە نموونەیەکی پوختو تەواون لەئایندا.

بەڵام بنەمای (ناوە)کە لەمەوە هاتووە: فیکری ئاینی ئـەم باوەڕەی لەمێشـکی خەڵکـدا چەسـپاندووە کـە, خـودا لەسـەر زەوی چـەند

کەسێکی هەڵبژاردووە بۆ ئەوەی بەرنامەکەی پەیڕەو بکەن – نەك ئەو کەسانەی لەرێگا لایانداوەو مادام لادان لەڕێگە بەردەوامە, کەواتە پەیدابوونی (بدل – ابدال) یش بەردەوامە, لەم بۆنەدا حەدیسێك هەیە کە:

خودا لەسەری هەموو (سەد ساڵێکدا) ئاینی خۆی بەهۆی یەکێکەوە تازە دەکاتەوە.

23–لەوانەیە ئەم حەدیسە ئاماژە بێت بۆ خوویەکی خراپ لەناو جوولەکەی (مدینة) دا.

25–مەبەست لە (شەیتان) لێرەدا: بایەقوش‌و مشکە بۆ: دەفرو حاجەت.

26–لێرەدا مەبەست لەهاندانە بۆ نەکردنی زێدەڕۆیی لە ئەساسدا.

27–شەیتان لەم حاڵەدا ئەو شتە غەریبانەن کە لەوانەیە بچنە زار لەکاتی باوێشکداندا.

28–ئەم هەڵوێستەی (علي الرضا) ئەخلاقیە نەك شەرعی, چونکە شەرع رێگە ئەدات بە: گەورەو کۆیلە, خاوەن (مالك)و موڵك, ئا لێرەدا رۆشندەبێت کە ئەخلاق چ رۆڵێکی باشی هەیە بۆ کەمکردنەوەی رەقی‌و (کەمبەزەیی) یاسا, بۆ حاڵەتێکی فەردی زۆر دەگمەن, ئەم پیاوە لەهەڵوێستێکی دژو نەگونجاودا لەگەڵ رەوشتە بەرزەکانی خۆی‌و رەوشە یاساییەکەی کە گەورەیەو موڵکدارە,

**دەژیا, لەدەقەکەدا دیارە کە بەڕای ئەو هیچ جیاوازییەك لەنێوان ئەوو کۆیلەدا نیە.**

30–**کەواتە مرۆڤ نە بنەماڵەو نە بەنەتەوەیو نە بە بیروباوەڕی (نانرخێنرێت – تقییم), بەڵکو بەوەی چیدەزانێت, دیارە ئەمە سووربوونە لەسەر رۆڵی (کار – عمل) لەنرخاندنی تاکدا.**

31–**ئەشراف و گەورە پیاوان, سواربوونی گوێدرێژ بەو شێوە بێزی لێدەکەنەوە, بۆیە ئەمەبە (أهل الذمة – ئەوانەی ئاینی خۆیان گۆڕیوە بەئیسلام)ی لایقدەبینن وەك (ابویوسف) لەکتێبی (الخراج)دا هەمان بۆچوونی هەیەو دەڵێن (عمر بن الخطاب)یش هەمان بۆچوونی بووەو هەرچەند ئەمەیش جێگەی گومانە.**

32–**ئەم حەدیسە پشتگیرە بۆ ئەو گومانەی کە لەبڕگەی سەرەوەدا ئاماژەمان بۆ کرد سەبارەت بەبۆچوونی (عمر) بەرامبەر (اهل الذمة), چونکە (محمد) ئەو مەرجە بۆ موسوڵمانی لووتبەرزو فیزن دائەنێت.**

34–**(ابوبکر الخوارزمی): خوشکەزای (طبري) مێژوونوسە, لەشاری (نیسابور) و لەساڵی 383 کۆچیدا مردووە.**

35–**(ابن ابی الصقر الواسطي): شەرعزان و شاعیر بوو, لەساڵی 489 ك دا مردووە.**

39–(ابو القاسم البغدادی) کەسایەتیەکی درامیەو دانەری کتێبی (حکایة ابو القاسم البغدادي)دروستیکردووە, عەباسیەکان, نەقابەیەکیان بۆ (طالبیة)کان دروستکرد بۆ یارمەتیدانو ئاسانکاری لەئیشو کاریاندا, ئەمەیش بەمەبەستی کزکردنی گیانی یاخیبوون لەواندا, بەم پلانە ئەوانی لەشۆڕشگێڕی کارامەوە, کرد بە چڵکاوخۆرو جاش, دەقەکەی (ابوقاسم)یش مەبەستی لەمەیە, (تنوخی)یش لەباسی: (خۆشی پاش خۆشی)دا دەڵێت:

(عەلەوی تەنها وەردەگرێتو نابەخشێت).

45–دارشتنێکی ترە بۆ حەدیسی ژمارە 25 یان گێڕانەوەیەکی ترە بەلاّم بەدرێژیی.

52–(عثمان الخیاط): سەرۆکی گرووپێکی دزە لە عیراق لەسەدەی 3 کۆچیدا ژیاوە.

55–مەبەستی (سفیان)ئەمەیە: ئەو کەسە چاو لە هەڵەی خەڵك دەپۆشیٚو رەخنەیان لێناگرێت بۆ خۆشەویستە؟

59–(الفضیل بن عیاض) شارەزای بواری حەدیسەو خواناسێکەو بەسۆفی ناسراوە, لە (سمرقند) لەدایکبووە و لە (مکة) ساڵی 187 ك مردووە.

60–(ابن المرزبان): دانەری کتێبە, لەسەدەی سێیەمی کۆچیداو لەساڵی 309ك مردووە, یەکێك لەکتێبەکانی (فضل الکلاب علی کثیر

**ممن لبس الثياب)ە، لەم کتێبەدا تایبەتمەندیەکانی سەگو زیرەکی بەراورد کردووە لەگەڵ هەندێك کۆمەڵی مرۆڤداو سەگی بەباشتر زانیوە.**

67-(**ابن شبل البغدادی): لەسەدەی** 5 **ی کۆچیدا ژیاوەو خۆی بە فەیلەسووف دەزانی.**

68-(**بنو مخزوم) توێژە باڵاکانی ئورۆستوکراتی قورەیشە لەپێش ئیسلامدا.**

73-**مەبەستی لە فەقیهێکە (شەرعزان) یان رۆشنبیرێك یان ئەدیبێك کە کرداری لەگەڵ رۆشنبیرییەکەیدا بەیەکدژنەبن.**

*** خواردنی بێ (شبهة - گومان): ئەو خواردنەیە کە بەرێگایەکی شەرعیو ئەخلاقی پەیدا کرابێت، ئەم خواردنەیش بەلای (الصادق)ەوە بوونی نیە.**

88-**خەڵکی لادێو بیابان زۆربەیان پێخاوسن.**

92-**ابو الدرداء: سەحابەیەو هەوڵی ئەدا عیبادەتیش بکاتو دەوڵەمەندیش بێت.**

93-(**شعیب بن حرب): شەرعزانو شارەزای حەدیسەو یەکێکە لە شاگردەکانی (سفیان الثوري) لەسەدەی** 2**ی کۆچیدا.**

94–زۆرینەی شەرعزانەکانی سەرەتای ئیسلام و دەوڵەتی (أموی)، خواردنـــەوەی شـــەرابیان بەحـــەڵاڵ زانیـــوە، بێجگـــە لـــە وشـــك و توندڕەوەکانیان کە شارەزایانی حەدیسن و بۆچوونی سەلەفیان زۆر بەهێزە.

97–(رویم بن احمد) سۆفیەکی بەغدایەو لەسەدەی 4ی کۆچیدا ژیاوە.

104–(معتزلە)کان ڕێگەیان خۆشکرد بۆ خەڵك کە لە (کارەکانی قەدەر) گلەیی بکەن و ناڕەزایی دەربڕن، بەتایبەتی بەلای ئەوانەوە: پەیوەنـدی نێـوان خـوداو خـەڵك پەیوەندییـەکی دیموکراتیانەیـە چونکە: بەلای ئەوانەوە، خودا دەستناخاتە کاروباری خەڵك وەك (دروســتکەرو خــاوەن)، بــەڵکو بــۆ پاراســتنی بەرژەوەندیــەکان و نەهێشتنی خراپە..... کە پەیوەندی نێوان خوداو خەڵك بەوجۆرە بێت، ماف خۆیانە موناقەشەی لەگەڵدا بکەن لەبارەی ئەو شتانەی کە پەیوەندی بەوانەوە هەیە کەبەرژەوەندییەکانە.

113–(ابو حیان التوحیدی) لەپێشەکی کتێبی (مثالب الوزیرین)دا هێرشی کردۆتەسەر (الصاحب بن عباد) و (ابو الفضل بن العمید) کە هەردوکیان وەزیری (بویهی)یەکان بوون.

114–ئەمــەیش جۆرێکــە لەبیرکردنــەوەی ئــاینی کــە لێڵــەو نــا مەنتیقی و شێواندنی مێژووە، چونکە (سعد بن معاذ) فەرماندەیەکی

سیاسی و سەربازی گەورەبوو, سەرۆکی خێڵی (أوس) بوو, لەسێ جەنگی سەرەتای ئیسلامدا رۆڵی زۆر کاریگەری بووە:

جەنگی: بەدر, ئوحود, خەندەق, لەجەنگی سێیەمدا بریندار کراو بەو برینەیش مرد, مردنی ئەو خەسارەتێکی گەورەبوو لەپێغەمبەر کەوت و زۆر خەفەتی بۆ خواردو هەمیشە باسی ئاکارەکانی دەکرد, پێدەچێت لێرەدا ئاماژە کرابێت بۆ هەندێك توانای نائاسایی ئەم پیاوە.

ئەم هەموو خۆشەیوستی و گرنگیپێدانەی پێغەمبەر بەم پیاوە وا لێکبدرێتەوە کە بەهۆی خوێندنی (قل هو الله احد) بووە تەنها عەقڵی ئەوانە قبوڵی دەکات کە ئیمان کوێری کردوون.

127-(یحی بن معاذ) خواناسێك بوو لەسەدەی 3 کۆچیداو سۆفیەکان بە یەکێك لەشێخەکانی خۆیانی دەزانن و گوتە مانادارەکانی دەگێڕنەوە.

135-شیعرەکان ئەمانەن:

خەڵك لەرۆژێکدان لەهەموو رۆژێك خۆشترە

کە بەیەکدەگەن بەلەپی دەست تەوقە دەکەن

ئەمڕۆ کوڵم دەمژن و مژینیش شیفایە

رۆژێکە هەرکەس ماچدەکەیت, بەدزیەوە بیکە

من لەو باوەڕەدام ئەم شیعرانە هی (عبدالصمد)ن و وەك ئوسلوبی (ابو نؤس)ەو (عبدالصمد)یش لە سەدەی 3ی کۆچیدا ژیاوە.

139-(شـهاب الـدين عمـر السـهروردی): یەکێکـە لـە سـۆفیەکانی بەغـــداو لەســـــەدەی 6 -7 ی کۆچـــیدا ژیـــاوە, هاوچـــەرخی دوا خەلیفەکانی عەباسی بوو, هاوکاری دەکردن هەرچەند لەناو رابەرانی سۆفی ئەوکاتەدا وا باوبووە کە هاوکاری خەلیفەکان نـەکرێت, چونکە ئەوان دەسـەڵاتدارن نـەك ئیمـام, دەسـەڵاتیان تۆزێـك لـەولای بەغداوە تێپـەڕی نـەدەکرد, مەرقـەدی شـێخ عومـەر لەبەغدایـەو زۆر گەورەیـەو لەسەر شێوەی سەردەمی سـەلجوقیەکان دروستکراوە, ئـەم مەرقـەدە یەکێکە لەو ئاسەوارە دەگمەنانـەی سـەردەمی عەباسـی کـەماون, ئـەم مەرقـــەدە لەناوەڕاســـتی گـــەڕەکێکی گەورەدایـــە لەخۆرهـــەڵاتی پایتەختداو بەناوی (شێخ عمر)ەوە ناسراوە.

ئەم مەرقەدە لەلای سوننە موبارەکـەو لای شیعە ئەفـەرۆزو نـەفرەت لێکـراوە, چـونکە هـەردوکیان بەباشـی نایانناسـیوە هـەتا بڕیـارێکی راستی لەسەر بدەن.

148-(الحاخـام بنیـامین الطلیطلـي): یەکێکـە لـە جوولەکـەکانی (انـدلس), لەسـەدەی 6ی کۆچـیدا سـەردانی بەغـدای کـردووە, ئـەو بـاس و وەسـفەی ئـەو بـۆ بەغـدا, لـەکتێبی دانـەرێکی ئینگلیزییـەوە وەرگێراوە کـە دکتـۆر زویمـر چاپیکردووە لەساڵی 1926ی زاینیـدا لەشاری قودس بەناوی (الغواص واللئالي).

149-ئـەم عیبارەتـە -بەقسـەی جـاحظ- لـە کتێبخانـەی (هـارون الرشـید)دا خوێندوویـەو هـی (علـي بـن ابـي طالـب)ە, هـۆی زۆر عـەجاییبی ئـەم عیبارەتـە لەوەدایـە کـە, گشـت پێـوەرە خێڵەکایـەتی و

چینایەتیەکان لەنرخاندنی تاکدا دوور دەخاتـەوەو وەتاکە پێوەر:- کارایی و بەتوانایی فەردە, جوانترین شیعر لەم بۆنەدا ئەم شیعرەیە:

ئەی ئەو کەسەی لۆمەم دەکەیت! لێمگەڕێ با خۆم

زۆر بەنرخ بزانم چونکە نرخی خەڵك بریتیە

لەوەی چەندە خەڵك بەباشی دەزانێت.

جارێك لە (چین) ئەم عیبارەتەم کرد بەیەکێك لەدەرسە (زمانەوانیە) کـانم, بـەڵام قوتابییـەکی چینی گـوتی: نـەخێر ... نرخـی مـرۆڤ بـەوە دەپێورێت کە تا چەند لەخزمەتی گەلدایە؟ ئەم رەخنەیەش لەجێگەی خۆیدایـە بـەڵام: خزمـەتکردنی گـەلیش بەپلـەی یەکـەم پێویسـتی بەکارامەیی هەیە.

154-(سفیان بن عبنیة) شارەزایەکی حەدیس بوو لەسـەدەی 2ی کۆچیدا.

158-(اکثم بن صیفي) یەکێك بوو لەداناکانی سەردەمی جاهلی و لەگـەڵ کۆمـەڵێك لـە عەشـرەتەکەی رۆیشـتن بـۆ (مدینـة) بـەنیازی ئیسلامبوون بەڵام لەڕێگە بەهۆی تەمەن زۆری مرد.

159-(ابن الاعرابی) شارەزایەکی حەدیس و سۆفی بوو, یەکێك بوو لە موریدەکانی (جنید).

*(مسـعر بـن کـدام): شـارەزایەکی حـەدیس بـوو لـە سـەدەی 2ی کۆچـیدا, یەکێکـە لەشـێخەکانی (سـفیان الثـوري), لەسـەردەمێکدا

ژیــــاوه کـــه شـــەرعزانەکان بەتونـــدی لەعەباســـیەکانی ســـەرەتا دووردەکەوتنەوە, لەم دەقەیشدا رەفتاری سیاسی ئاشکرا دەبێت.

160–تەکیـەو خانـەقا (ئوتێلبەلاشـی) موسـافرین بـوو بەتایبـەتی سۆفیەکان, چونکە سۆفیەکان بەزۆری سەفەریان دەکرد.

161–(صالح بن جناح اللخمی) شاعرێکی دانابووە, (ابن عساكر) لەمێژووی (دیمشق)دا وەك دانیشتوویەکی ئەو شارە باسیکردووە, بەڵام باسی ئەوکاتەی نەکردووە.

170–مانای ناوەکەی رەفزکرد لە (حزن)ەوە بکرێت بە (سهل).

174–(مسلمة بن مخلد) یەکێکە لەفەرماندەکانی فەتحی وڵاتان, لەسـەردەمی خەلافـەتی (معاویـە)دا بـووە بـەوالی گـەورەی میسـرو مـەغریب. 178 (زیـاد الله الاغلبیـی)دوای گـەورەی (اغالبە)کانـە لـەتونس, بـاوکی کـردی بەگـەورەی (صـقلیة) بـەڵام بـەهۆی خراپـی سیاسەتی باوکی لەکاری خست, ئەویش بەپیلانێك باوکی کوشت‌و خۆی چووە شوێنی, پاشان هەڵکەوتووەکانی بنەماڵەکەی لەمام‌و خاڵ پاکتاویکردن چونکە لەمونافەسەیان دەترسا, چەند ساڵێك لە (ئەمارەتە)کەیدا مایەوە, پاشان کە (فاطمیەکان)دەمیانژەندە وڵاتانی مەغریب, ئەویش رایکرد.

184–(تنبول) درەختێکە لەخێزانی (یقطین), تامی گەڵاکەی وەك تامی مێخەکە, رێژەیەکی کەم مادەی سڕکەری تێدایە.

187–ئـەو (وەقفانــە) وەك (ابــن بطوطــة) باســيدەكات چــەندين ئامــانج و كــارى ئينســانى پێــدابينكراوە, بــەلاّم گەنــدەڵى و دزى چــەنديان كۆســپ بــوون لــە راپەڕانــدنى باشــتردا, (وهرانــى) كــە لەديمەشـق بـووە, هەنـدێك لـەو دزيانـەو لێپرسـراوانى ئـەو دزيانـەى بــەناو ئاشــكرا كــردووە, باســى ســكالاّنامەى مزگەوتــەكانى نــاو ديمەشق دەكات كەداويانە بە مزگەوتى گەورەى شار (ئەمـەوى), لـەو سكالاّيەدا باسـى چـەندين ئيشـى تـالاّن و گەنـدەڵى دەكـات كـە بـوون بەهۆى كەمبوونەوەى داهات و پێشكەشكردنى خزمەتگوزارى.

188–لێرەدا خوێنـەر هەستدەكات كـەزمانى غـەزالى چـەند ئاڵۆزو (ركيــك)ە, لەكاتێكــدا ئــەو لەكتێبــە فەلســەفى و (مجــادلــة)ەكانيــدا, رەوانبێژبووە, بەلاّم لەم بڕگەداو لەشـتە گشـتيەكاندا رەوانبێـژى وەلا دەنێت.

192–(ابو يزيد البسطامي بن عيسى) گەورە سۆفيەكى بەناوبانگە لەســەدەى 3 ى كۆچــيدا, ناســراوە كــە (قســەى بێســەروبەرى – شـطحيات)ى لــە (حلاج)يـش زيـاتر بـووە, بــەلاّم نــەكوژرا چــونكە لەسياسـەتدا كـارى نـەكرد, لـەم كتێبـەدا هەنـدێك لـەو (شـطحيات)ە باسكراون.

*كە دەڵێت 40 ساڵ, مەبەستى زۆرييە نەك ژمارەكە.

لەم بۆنـەدا: دەڵـێن (فـارابی) کتـێبی (ما بعد الطبیعة)ی ئەرسـتۆی 40 جـار خوێندۆتـەوەو لێـی تێنەگـەیوە, لێـرەدا (هـیگڵ) بـەپلارەوە دەڵێت: لەوانەیە مەعیدەی فارابی تووشی (سوء الهضم) بووبێت.

بـەڵام ئـەم هەواڵـە لەراسـتیدا لـەبارەی (فـارابی) نیـە بـەڵکو لـەبارەی (ابن سیناء)ە کە لەتەمـەنی 17 ساڵیدا بـووەو پاشـان پێگەیشـتووەو کامڵ بووە.

203-کە دەڵێت: (هاوڕێیەتی پیاوێك) مەبەستی مرۆڤێکە چونکە لەهـەمان دەقـدا وشـەی (نـاس)ی وەك هاوبەشـێك لـەنێوان هـەردوو رەگـەزی پیـاوو ژنـدا بـەکارهێناوە, لـەزمانی عەرەبیـدا جیاوازییـەکی تۆکمـە هەیـە لـەنێوان (پیـاو)و لـەنێوان (مـرۆڤ) دا, بـەڵام کۆمـەڵگای سێکسـی و باوکسـالاری کەئیسـلام پێیگەیانـد, کـاری لەشـێوەی بەکارهێنانی زمانیشدا کردووە.

205-ئـەم ئامۆژگارییـە لەچەندین حـەدیس و باسـی تـردا هـاتووە, هەندێك سەرچاوە هۆی ئەم بۆچوونە دەگێڕنەوە بۆ: کاتێك بدرێت بە ژن بـۆ خۆجـوانکردن بـۆ مێردەکـەی, بـەڵام (سمرقنـدی) دەڵێـت: مەبەست لەمەیە کە با خێزانەکە ناچارو (تەنگەتاو - احراج) نـەبێت, ئەگەر ئەمە راستبێت بەوە لێکئەدرێتەوە کە, مەبەست لە شاردنەوەو لێفـە پیـادانی ئـەو تـاوان و گوناهانـە بێـت کـە (لەوانەیـە) لـەکاتی سەفەری ئەودا روویانـدابێت و سـزای ئـەو گوناهانـەیش زۆر سـەخت بـوو (کوشـتن و رەجمکـردن), لێفەپێـدان و (تسـتر)یش لەحـەدیس و شـەرعدا بـووە بـە یاسـایەکی گشـتی, دیـارە ئەمـەیش دژە لەگـەڵ

**فەرزکردنی سزای توندوتیژ لەلایەك، لێفە پیادان‌و (حەز نـەکردن) بـە فەرزی سزا لەلایەکی دی.**

215-(**المرار الفقعسی**): **یەکێکە لە شاعرە جـەردەکانی سـەردەمی (ئەمەوی).**

# بەشی چوارەم

## خۆشەویستی و ئافرەت

### 1-تايبه تمەندیەكانی ژن و مێرد – (الماوردی):

گوتوویانه: پێویسته ژن بەچوار ساڵ بچوكتربێت لەپیاو, دەنا ژن بەسووكی دەڕوانێتە: تەمەن – بەژن و باڵا – سامان – بنەماڵەیی و نەجیبی (الحسب).

پێویسته ژنیش بەچوار شت لەپیاو گەورەتربێت:

جوانی – ئەدەب و شەرم – خۆپارێزی لەگوناه – رەوشتی بەرز.

### 2-بەرەڵایی - (الجاحظ):

(حەز لەمنداڵزۆری) وەك حەز لە زۆری كێڵان و كشتوكاڵە, بەڵام بەزۆری و باوە كە باشنیەو ئاینیش بەحەرامی دەزانێت, خەڵكیش بەگەورەتری تەماشا دەكەن و لەهەمانكاتیشدا قسەو قسەڵۆكی زۆری بۆ هەڵدەبەستن.

(البخلاء)

### 3-سكاڵا:

ژنێك هاتەلای (عمر بن الخطاب) و گوتی: ئەی گەورەی موسوڵمانان! مێردەكەم لەهەمووكەس باشترەو بەشەویشدا نوێژ دەكات و بەڕۆژیشدا بەڕۆژووە.

یەكێك لەكۆڕەكە گوتی:

ئەوەی ئەم ژنە دەیڵێت تاڵترین سكاڵایە.

(عمر)یش گوتی: مەبەستت لە چیە؟

پیاوەكەیش گوتی: ئەم ژنە دەڵێت: لەمێردەكەی هیچ بەشێكی نیە.

(عمر)یش ناردی بەشوێن مێردەکەیداو پێیگوت:
عیبادەتەکانت کەمکەرەوەو کاتیش تەرخانکە بۆ ژنەکەت.

(محاضرات السيوطي)

4-بەباشتر زانین - (ابو حنیفة):
ژنهێنان باشترە لەعیبادەت.

(تفسير الفخر الرازي)

5-خێزان - (نهج البلاغة):
کەمخێزانی یەکێکە لەدوو هۆی ئاسوودەیی و خۆشگوزەرانی.

6- پرسیار لە (حکیم بن حزام):
ماڵ, سامان چییە؟
گوتی: کەمخێزانی.

7-دژی ژنهێنان - (شاعیرێك):
خۆت بە (مارە)وە مەبەستە
زەردەواڵەئاسا, چیی لێدەکەیت, بیکە

8-دژی چارشێو - (حجاب) – الفخر الرازی:

خـۆ داپۆشـینی ئـافرەت ناچـارکردنە, چـونکە ئـافرەت بەدەسـتی خۆی مامەڵە لەگەڵ کارەکاندەکاتو پێویستە لەشایەتیو دادگاییو مارەبڕیندا روخساری بەدەرەوە بێت.

**9-لەئوسوڵەکانی ( جوتبوون - ( جیماع ) ) – دەڵێن ( علي بن ابي طالب ) گوتوویە:**

کەچوویتەلای خێزانت, پەلە مەکە بابمێنێتەوە, ئەوەی دەتەوێتو حەزی لێدەکەیت, ئەویش هەروایە.

(تحف العقول)

**10-ژن پیاو تەڵاق ئەدات:**

ژنی (ثابت بن قیس) هاتەلای پێغەمبەرو گوتی:

ئـەی پێغەمبـەری خـودا! لـەڕووی ئاینـەوە گلـەییم لـە (ثابـت) نیـە هـەروەهایش لەڕەوشـتدا, بـەڵام حـەزم لـە (کـوفری نـاو ئیسـلام) نیـە, واتە (ثابت) منی خۆشناوێت.

پێغەمبەریش بەژنەکەی گوت:

ئەتەوێت باخەکەی بدەیتەوە؟

ژنەکەیش گوتی: بەڵێ.

(محمد)یش ناردی بەشوێن (ثابت)داو پێیگوت:

باخەکە وەربگرەوەو تەڵاقی بدە.

*باخەکە: (ثابت) وەك مارەیی بەخشی بووی بە ژنەکەی.

**11-زەوقـی ئـافرەت – ( عمـر بـن الخطـاب ) سەرزەنشـتی هەنـدێك خەڵكدەكات:**

هەنـدێکتان پڕکێشــی دەکـەن کچـەکەتان ئـەدەن بـە پیـاوێکی زۆر ناشیرین, ئەوانیش ئەوانەیان خۆشدەوێت کەئێوە حەزی لێدەکەن.

(محاضرات السيوطي)

12-**لەشپیسی** – (**الاسماعيلية**):

لەشپیسی گونجاندنە لەگەڵ دژەکاندا, شەهوەت پیس نییە, خودا, پێغەمبـەرەکان و ئـەولیاکان و پیاوچـاکانی لـەو خوڵقانـدووە, ئیـدی ئەوە کەسەرەتای مرۆڤە چۆن پیسدەبێت؟

(كشف أسرار الباطنية لليماني)

13-**تێکەڵی** – (**الخطيب البغدادي عن ابن عمر**):

لەزەمانی پێغەمبەردا, ژن و پیاو پێکـەوەو بەتێکـەڵی دەسـتنوێژیان دەگرت.

لەکتێبی (مروج الذهب)دا هاتووە کـە (خالیـد القسـری) والـی مەکـە لەزەمانی (عبدالملك بن مروان) گوێی لە شاعیرێك بووە دەیگوت:

ئەو هەڵوێست و وەرزانەچەند خۆشبوون

(کعبة) چ مزگەوتێکی قەشەنگبوو!

چەندە خۆشبوو ئەو ژنانە

لەکاتی وەرگرتنی (بەردە رەشە) کەدا تەنگیان پێهەڵدەچنین.

پاشــان شــاعیرەکە دەیگــوت: بــەڵام ئێســتا هــەرگیز تــەنگمان پێهەڵناچـنن, پاشـان والـی مەکـە لـەکاتی تەوافـدا ژن و پیـاوی جیـا کردەوە.

**14-لەبارەی پەیوەندی ژن و مێردەوە – گوتەی پێغەمبەرە-:**

که یەکێکیان شەو دەچێتە لای خێزانی, با خێزانەکەی ئامادەبێت بۆ بەیەکگەیشتن و رێکخستنی قژی بژی.

(صحيح مسلم)

**15-زینای شەرعی - (فتوی):**

ئەگەر پیاوێك ژنە کۆیلەی خۆی لەکۆیلەیەکی مارەکرد, و ئارەزووی ژنە کۆیلەکەی کرد, بۆی هەیە بەکۆیلەکە بڵێت: لێی دوورکەوە, کە لە (عادە)یش خاوێن بوو, ئەتوانێت بچێتەلای و هەرکاتێك ویستی بیداتەوە بە کۆیلەکە!

(مفتاح كتب الاربعة)

**16-مردنی فەرماندەیەك:**

ژنە کۆیلەیەك (جارية) بەدیاری برا بۆ فەرماندەیەك لەوکاتەدا نانی دەخوارد –پاشان چووەلای و دانەبەزی هەتا مرد.

(الاغاني)

*شاعیرێك شینی بۆ کردو گوتی:

ئایا پارێزەری ئیسلام و شکۆمەندی مرد؟

هەشبەسەر! بۆ زەوی ناهەژێت؟

**17-مافی دایك لەمنداڵدا:**

(ابو الاسود الدؤلي) بەهۆی کورێکیان, لەگەڵ ژنەکەی تێکچوون, (ابو الاسود) بەژنەکەی خۆی گوت: پێش تۆ من هەڵمگرتووە,

ژنەکەیش گوتی: کەلای تۆ بوو کێشی سووک بوو بەڵام کەلای من بوو, کێشی گران بوو, تۆ بە شەهوەت داتنا منیش بەناچاریی, سکم دەفری بوو, باوەشم جێگەی بوو مەمکەکانم خواردنیان پێئەدا.

(ابو أسود) کوڕەکەی دایەوە بەدایکی و تەنازولی بۆ کرد.

## 18-کچێکی بیابانی:

(محمد بن وهیب)ی شاعیر دەیگێڕێتەوە:

لەبەسرە لەسەر دوکانی عەتارێك دانیشتبوم, ژنێکی رەشی عەرەب هات و چەند شتێکی خۆجوانکردنی کڕی, منیش بەعەتارەکەم گوت: ئەو بۆ کچەکەی دەکڕی ئەویش وەك ژیژکە, ژنەکەیش بەپێکەنینەوە ئاوڕی دایەوەو گوتی:

نەخێر ئاسکێکی سرکە, کەهەستا گوێگرە, کەدانیشت وەك چەوە, کە دەڕوات وەك پشیلەیە, خوارەوەی گردێکەو سەرەوەی دارێکی هەڵپاچراوی رێکە, وەك کچەکانی ئێوە نیە کە پێیاندەڵێن: نانە وردەی شەکرو زەیتکراو.

## 19-هوشیاری ژنێك:

(شعیب بن حرب) لەگەڵ ژنێکدا قسەی لەگەڵ دەکردو گوتی: من رەوشتم خراپە.

ژنەکەیش گوتی: خراپتر لەتۆ, کەسێکە کە موحتاجە بەوەی تۆ رەوشت خراپ بیت.

پاشان پێکهاتن

20-**کوشتەی عەشق** – ( **عن الروذباري** ):

**بەکۆشکێکدا تێپەڕیم‌و دیم گەنجێکی روخسار جوان پاڵکەوتبوو خەڵکیش لەدەوری بوون, منیش لێمپرسین‌و گوتیان: ئەمە کەبەم کۆشکەدا تێپەڕیوە گوێی لەژنە کۆیلەیەك بووە گۆرانی چڕیوە: ئەو کۆیلەیە چەندە ئازایە کە تینوی دیدارتە, من ئەوەم بەسە: ئەوکەسە ببینم کەتۆ دەبینێت.**

21-**دیسان لە** ( **روذباری** )**یەوە**:

**لەبیاباندا گەنجێکم دی‌و پێیگوتم:**

**من ئەوەم بەسە کە بەخۆشەویستی شەیداو دەردەداری کردووم.**

**پاشان دیم کە شادومانە, منیش پێمگوت:**

**بێژە: (لا اله الا الله), ئەویش ئەم شیعرەی گوت:**

**ئەی ئەو کەسەی هیچت بۆ من نیە!**

**ئەگەر ئەشکەنجەیشم بدەیت چارەم نیە**

**ئەی ئەو کەسەی هێندە لەدڵمدا دەژیت سنووری نیە**

22-**لەبارەی تەوافی کەعبەوە**:

**(ابو حازم)ی شەرعزان کچێکی یەکجار جوانی دی لە (کەعبەو) پێیگوت:**

**کچەکە لەخودا بترسە! خەڵك لامەدە لەخوداپەرستی, کچەکە گوتی:**

**من لەو کچانەم کەشاعیر وا باسیکردوون:**

من لەو کچانەم کە حەج بۆ ئەوە ناکەم بەگەورە تەماشامبکەن بەڵام ئەو کەسانەی کەبێتاوانن و بێئاگان و گێلن دەبا کچان بیانکوژن.

(ابو حازم) روویکردە هاوڕێکانی و گوتی:

وەرن با گشتمان لای خودا نیزا بکەین ئەم شۆخە لەئاگری دۆزەخدا ئەشکەنجە نەدرێت!

## 23-لەنێوان خۆشەویستی و پابەندبووندا (الالتزام):

پیاوێك بە (عمر بن الخطاب)ی گوت:

دەمەوێت ژنەکەم تەڵاق بدەم

پێیگوت: بۆچی؟

–چونکە خۆشمناوێت

–گوایا ماڵ تەنها لەسەر خۆشەویستی دروستدەکرێت؟ ئەی ڕێزگرتن و ئاوڕدانەوەو زێدە (شەرمکردن) لەکوێیە؟

## 24-زەوق!

(عائشة بنت طلحة) لەماڵی خۆیدا بوو, ژنێکی هاوڕێی سەردانیکردو پێکەوە قسەیاندەکرد, لەپڕ مێردی (عائشە) خۆیکرد بەژووورداو چووە ژوورەکەی خۆی, بە ئیشارەتێك عائشەی بانگکردو دەرگای لەسەر کلۆمرد, هاوڕێکەی دانیشتبوو گوێی لە لرخەو هەناسەبڕکێی بوو!

کە (عائشە) هاتەدەر ئارەق بەتەوێڵیدا دەچۆڕا ... هاوڕێکەی ئاماژەی کرد کە گوێی لەهەمووشتێك بووەو بە عائیشەی گوت: ئافرەتی ئازاد (حرة) کاریوادەکات؟

**عائشە گوتی: ئەسپە سەرکەشەکان بەبێ فیکە ئاوناخۆن.**

**(العقد الفرید)**

**25-یادگارەکانی ژنە کۆیلەیەك (جاریة) – (عریب) گوتی:**

**لەگەڵ 8 خەلیفەدا پێکەوە جووتبووین, کەسیشیان جگە لە (معتز) ئارەزوویان نەشکاندووم.**

**گوتیان: ئەی ئێستا چی دەکەیت؟**

**حەزو ئارەزووم هەر ماوە بەڵام (هینە)کە پووکاوەتەوە.**

**26-داکۆکی لەژن (جاحظ):**

**نە ئێمەو نەکەسیش ناڵێت: ژن لەپیاو بەرزترە یان نزمترە بەدوو قاتو زیاتریش, بەڵام کەسانێك هەن تەماشایان دەکەنو زۆربەی مافەکانیان پێشێلدەکەن.**

**زەلیلیو سەرشۆڕییە بۆ کەسێك بەبێ پێشێلکردنی مافەکانی دایكو پوور, نەتوانێت مافەکانی باوكو مام دابینو مسۆگەر بکات.**

**27-توانای سێکسی:**

**(ابن اثیر) گوتوویە:**

**لەم ساڵەدا (ابو عبداللە)ی شەرعزان (فقیە) لە تەمەنی (100) ساڵیدا مردو ژنان لەبەر توانای بەرزی سێکسی بێزاربوون بەدەستیەوە.**

**28-ستایش! دەڵێن (سلمان الفارسی) گوتوویە:**

بەسەری باوك‌و دایكم, (حسن بن علی) گشت سفرەو خوانێكی, ژنهێنانە.

*حەسەن لەتەمەنیدا كە 50 ساڵ بووە, (90) نەوەد ژنی هێناوە.

### 29-چەند ئامۆژگارییەكی پزیشكی:

ئەو كەسەی دەیەوێت بمێنێتەوە (كەسیش نامێنێت) با جل‌و بەرگی سووكەڵە بێت, نانی ئێوارە زوو بخوات‌و بەكەمیش لەگەڵ ژندا جووتبێت.

### 30-لەهۆكانی تەمەنكورتی – (الجاحظ):

لەهۆكانی تەمەنكورتی: چێشتلێنەری ماهیرەو ژنی جوان.

### 31-لەبری ئاڵتون‌و زیو:

كەئایەتی قەدەغەكردنی (كەڵەكەكردنی ئاڵتون‌و زیو) نازڵبوو, سەحابەكان بەپێغەمبەریان گوت: ئیتر چیمان هەیە؟

ئەویش گوتی: ئەوەی هەمان بێت, زمانێكە زیكری خودا بكات‌و دڵێكە شوكری بكات‌و ژنێك پشتیوانیتان بكات بۆ ئاینتان.

### 32-خۆشەویستی سۆفی:

(ابراهیم بن ادهم) بیستی یەكێك ئەم شیعرەی دەگوت:

هەموو شتێك بۆتۆ دروستە

بێجگە لە من تۆران
ئەم شیعرەی گوت و بێهۆشکەوت

## 33-خۆشەویستی لەدوو سەردەمدا ( یەکێك گوتوویە ):

گەنجێك كچێكی خۆشدەویست و بەساڵ (بە) دەوری ماڵیا خولی دەخوارد بەهیوای شادبوون بەدیداری, كە لەژوانێكدا یەكدەكەوتن, گلەییان لەیەكتر دەكردو شیعریان بۆ یەكدەگوت.

بەڵام ئێستا كەسیان لەیەكتر گلەیی ناكەن و شیعریش بۆ یەك ناڵێن, كە دەچێتەلای وادەزانێت كە لەرۆژی مارە بڕیندا (ابوهریرە)و سەحابەكانیش ئامادەبوون.

(اخبار النساء لابن القیم)

## 34-چەند مەرجێكی سەخت:

یەكێك لەمیرەكانی عەباسی لە (مستهل بن الكمیت)یان پرسی چ ژنێكت بەلاوە جوانە؟ ئەویش گوتی:

سپی پێستێك كە هەڵسا, قژێكی پڕی درێژی رەش هەڵسێت لەگەڵیا, چما رۆژێكی پرشنگدارەو لە هەمانكاتیشدا مووی سەری شەوێكی تاریكە.

ئەویش گوتی كوڕەكەم! ئەمە تەنها لەبەهەشتدا هەیەو سۆراخیشی مەكە.

## 35-سەرزەنشت:

ژنێـك بـەلای كۆمـەڵێك لـە(بنی نمـیر) دا تێپـەڕی و سـەیریانكردو چاویان تێبڕی, ژنەكەیش گوتی: خودا بەسۆزەوە سەیرتان ناكات, چونكە خۆی لەقورئاندا گوتوویە:

(ئـەی محەمـەد! بێـژە بەئیمانـداران لەئاسـتی ئافرەتانـدا چـاویان داخەن), دیسان ئەم شیعرەیشتان پشتگوێخستووە كە دەڵێت:

چاو دابخە تۆ نە لە (بنی نمیر)یت و
نەهێندەی (كعب) بەرزیت و نەدەگەیت بە (بنی كلاب).

36-**قەرزی كۆن:**

(عاتكة)ی ژنی (عبدالملك بن مروان) پرسی لە (عزة حبيبة) كە لە شیعرێكدا گوتوویە:

هەموو قەرزارێك قەرزی خۆی دایەوە,
بەڵام (عزة) دوای دەخات و گوێنادات بەخاوەن قەرز
ئەو قەرزە چی بوو؟
(عزة)یش گوتی: ماچێك بوو.
(عاتیكة)یش گوتی: قەرزەكەت بدەرەوە گوناهی لەسەر من!

37-**ژنێك (ژنە شاعیرێكی گومناو):**

لایەنی خودا بەرنادەم و
خۆشی و رابواردنیش بەشی خۆیان هەیە.

38-**ئازایەتی ژنێك:**

(زیاد بن ابیه) ژنێكی لە (خەوارجەكان) بەدیلگرت و پێیگوت:

–بەخودا دەتانکوژمو تاقتان لێدەبڕم.

ژنەکە: نەخێر بەکوشتن لەزەویدا دەڕۆیین.

کە زیاد ویستی بیکوژێت, خۆی داپۆشی, زیاد پێی گوت: تۆ خۆت دائەپۆشیتو قەومو کەسیشت خودا رووتی کردنو لەناوی بردن.

ژنەکە: بەڵێ .. من خۆم دائەپۆشمو خودایش عەورەتی دایکتی خستە سەر زمانتو ئیسپاتت کرد کە (ابو سفیان) بەدایکت (زینا)ی کردووە, فەرمانیداو کوشتیان.

(بلاغات النساء وشرح النهج)

39-وەڵامێکی پڕاو پڕ:

(حجاج) بە پیاوێکی خۆی گوت بڕۆ ژنەکەت تەڵاق بدە بە دوو (وشە), ئەویش رۆیشتو بەژنەکەی گوت: (كنت فبنت – ژنم بویتو تەڵاقم دایت).

ژنەکەیش گوتی: ژنتبووم هیچ خۆشیم نەدی لەجیابوونیش پەشیماننابم.

40-شەیدای ژنهێنان:

(مدائنی) گوتی: (وليد بن عبدالملك) لەماوەی خەلافەتیدا کە (9)ساڵ بوو تەنها 63 ژنی هێنا, تەڵاقی ئەداو دەیهێنا, یەکێك لەژنەکانی (عاتكە عبداللە) بوو, لەیەکەم شەوی زاواییدا, پاش جوتبوون, وەلید ویستی لەژوورەکە دەرچێتو ژنەکە دامێنی گرت, وەلید پرسی چیت دەوێت؟

(عاتكە) گوتی: مەرجمان لای شایەتەکان گەڕانەوە بوو.. رات چیە؟

(وليد) گوتی: بمێنەوە, پاشان 4 مانگ مایەوەو تەڵاقیدا.

## 41-فشاری بەرپرسی:

(فاطمـة بنـت عبـدالملك) ژنـی خەلیفـە (عمـر بـن عبـدالعزین) بـوو دەیگـوت: لەوکاتـەی کـە ئـەو پلـەی وەرگرتـووە, فریـای خۆشـۆردنی (لەشپیسی – جنابة) نەکەوتووە, ئەوا خودا بردیەوە بۆ خۆی.

(تأریخ الخلفاء للسیوطي)

## 42-لەجوامێریەکانیان:

(مروان بن الحکم) بێوەژنەکەی (یزید بن معاویة)ی هێنا, لە (یزیـد) کـوڕێکی هــەبوو بــەناوی (خالیــد), رۆژێــك (خالیــد) و (مــروان) بەشــەڕهاتن, (مــروان) جنێــوی بەخالیــد داو پێیگــوت: کــوڕی (رطبة)…. خالیدیش گوتی: تاقیمکەرەوە … خالید ئەم هەواڵەی بە دایکـی گەیانـدو پێیگـوت: تـۆ ئەمـەت بـەمن کـردو بەشـیعریش زۆر سەرزەنشـتی دایکـی کـرد, دایکـی بەخالیـدی گـوت: لێـی گـەڕێ جـارێکی دی قسـەی وا ناکـات, (مـروان) هاتـەوەو بەژنەکـەی گـوت: خالید باسی هیچی کرد؟ ئەویش گوتی: ئەی گـەورەی موسـوڵمانان! ئـەو زۆر لـەتۆ گـەورەترەو هـەر بێـزی نایـەت باسـی رووداوی نێـوان خۆیو تۆ بکات.

لەشەودا (مروان) لەخەودا, سەرینیان خستە سەردەمیو بەخۆیو ژنە کۆیلەکانی کوشتیان.

(اسماء المغتالین – لابن حبیب وغیره)

## 43-چاوداگرتنێك:

(تميم الداري) لەسەردەمی (جاهلی)دا عەتری دەفرۆشت, هەر لەو سەردەمەدا خوازبێنی (اسماء)ی ئەبوبەکری کردو لەسەربڕی مارەیی تێکچوون و نەدرا بە (تميم), لەپاش ئیسلام, (اسماء) ویستی عەتری لێبکڕێت و (تمیم) نەیدەناسیەوە, لەسەر نرخەکە رێکنەدەکەوتن, (اسماء) ناسیەوەو پێیگوت: مادام سەوداکردن زیانی بۆتۆ هەیە! ئا لێرەدا (تمیم) ناسیەوەو شەرمگرتی و پارەیشی لێنەسەند.

## 44-ئیعترافکردن:

(أروی بنت الحرث بن عبدالمطلب) داوای 6 هەزار دیناری لە (معاوية) کردو پێی داو لەهەمان کاتیشدا (اروی) پشتگیری (علي بن ابي طالب) بوو, (معاوية) پێیگوت: ئەگەر (علی) داوایبکردایە پێمنەئەدا. (أروی)یش گوتی: راستدەکەیت, عەلی دڵسۆزی خۆی سەلماندو فەرمانی خودای بەجێهێنا, بەڵام تۆ ناپاك بوویت لەماڵی خودا خیانەتت کرد!

(بلاغات النساء)

## 45-رەوانبێژی ئافرەتێك:

(زرقاء بنت عدي) بۆ خەڵکی عیراق لەرۆژی جەنگی (صفين) دا خوتبەی ئەدا: خەڵکینە ئێوە لە فیتنەیەکدان جلوبەرگی ستەم کوێری کردوون و لەڕێگای راست لایداون, چ فیتنەیەکی کەڕو کوێرە, گوێدەگرن بۆ باسەکانی بەڵام تەماشای پێشەنگی فیتنەکە ناکەن.

خەڵکینـە! چـرا لەبـەر خـۆر، رونـاکی نیـە، ئەسـتێرەکان لـەڕووی مانگـدا کـپن، ئێسـتر ناگـات بەئەسـپ، ئاسـنیش تـەنها بەئاسـن لەتـدەکرێت، ئـەوەی داوای ئامۆژگاریمـان لێـدەکات، ئامۆژگـاری دەکـەین، ئـەوەی هـەواڵی لێماندەوێت، هـەواڵی پێئـەدەین، هـەق، سـۆراخ و عاشـقی خـۆی هەیـە، ئـارامبن! ئـەوا بـرینی نـاکۆکی و لەیەکدووری چاکدەبێتەوە، ئەوا هـەق یـەکی گـرت و بەسـەر باتڵـدا سـەرکەوت، پەلەمەکـەن و مەپرسـن چـۆن و کـەی ... ئاگـادارین کـە، بۆیەی ژنـان خەنەیـەو بۆیـەی پیـاویش خوێنیـەتی، سەبرو خۆگریی لەکارەکانـدا زۆر باشـەو دوا رۆژی باشـی دەبێـت، خێراکـەن بـەرەو جەنگ بڕۆن و نەشکێن، ئەم رۆژە دوا رۆژە...

(بلاغات النساء)

## 46-لەچیرۆکەکانی (بەسـەرهاتەکانی پێغەمبـەر - سیرة) (عـائشة) گوتی:

کە پێغەمبەر ژنە دیلەکانی (بني المصطلق)ی دابەشکرد، (جویرة بنت الحارث) بەری (ثابت بن قیس) کەوت و داوای لێکرد کە بەپارە ئازادی بکات، (جویرة) یەکجار جوان و رووخۆش بوو، هەرکەس دەیبینی شەیدای دەبوو، (جویرة) هاتەلای پێغەمبەرو هانای بۆ برد بـەنیازی ئـازادکردنی، (عائشـة) دەڵێـت: کـە (جـویرە)م لەبـەر ژوورەکەمـدا دی، رقم بـوو لێـی چونکە دەمزانـی محەمـەد بەرامبـەر (جویرە)یش وەك ئەوانی تر دەبێت. چووەلای پێغەمبەر گووتی:

مـن (جـویرە بنـت الحـارث)م کـە گـەورەی خێڵـە، بـەڵای زۆرم توشبووە، بووم بە (بەشی – پشکی) (ثابت بن قیس)و داواملێکرد

بـەپارە بمبەخشـێت, ئێسـتاش هاتوومـەلای تـۆ کـە بمکڕیتـەوە, پێغەمبەریش گوتی: خێر لەمە باشتر هەیە؟ (جویرە)یش گوتی چیە؟ ئـەویش گـوتی: دەتکڕمـەوەو ئـەتهێنم, جـویرەیش گـوتی باشـەو هێنای.

### 47-ژنێك:

(عکرشـة بنـت الاطـرش) سـەردانی (معاویـة)ی کـردو گـوتی: ئـەی گەورەی موسوڵمانان ئەو پارە خێرانەی کە بۆ ئێمە کۆ کراونەتەوە, بیگێڕنـەوە بۆمـان, ئێمـە هیچـمان وەرنـەگرتووە, نەهـەژارمان بووژاوەتەوە نەشکاومان گیراوەتەوە, ئەگەر ئەمە رای خۆتە, پیاوی وەکتۆ نابێت ناپاکانو زاڵمان بکات بە بریکاری خۆی.

(معاویة) پێی گوت: (سبحان الله)! ئەوەی خودا فەرزی کردووە بۆ ئێمـە, زیـانی ببێـت بـۆ خـەڵکی دی ... لێـرەدا (معاویـة) گـوتی: ئـەی خـەڵکی عـیراق کـوڕی (ابـي طالـب) دەرزیـداون زۆرتـان مـاوەو تەحمولناکرێن ...

### 48-رێکەوتێکی سەیری (برناردشۆ)یانە:

(الراغب الاصفهانی) لـەکتێبی (المحاضـرات)دا دەڵێـت: (عمارة بن عقیـل) زۆر ناشیرین بوو دەیگوت ژنێکـی زۆر جوان دەهێنم بەشکم منـداڵێکی جـوانی وەك خـۆی ببێـتو زیرەکێکـی وەك مـن ... بـەڵام ژنێکـی هەڵەشـەی هێنـا, کوڕەکـە وەك دایکـی لەهەڵەشـەییداو وەك باوکی بوو لەناشرینیدا.

### 49-بۆچوونێك لەبارەی منداڵی ناشەرعی (زۆڵ):

لەکتێبی (محاضرات الراغب) دا هاتووە:

(قدامة) گوتوویە: منداڵی زینا تۆکمەترو کامڵترە, چونکە پیاوی زیناکار زۆر بە چالاکیو ئارەزوو جووت دەبێتو منداڵیشی کامڵە, بەڵام لەحەلاڵدا ژنو پیاو تێریان لەیەکخواردووەو (تصنع) دەکەن لەجووت بووندا.

### 50-ژن بەلای (ابن رشد)ەوە:

ژنان لەپیاوان جیاوازن لە (پلە)دا نەك سروشتدا, ژنان بۆ هەموو ئەو کارانەی کەپیاوان دەیکەن ئەشێن لەجەنگو فەلسەفەو شتی تریش بەڵام نەك وەك ئەوان, ژنان هەندێکجار پیاوان فێردەکەن وەك لەموزیکدا, چونکە ئەم هونەرە پەیوەندە بە دانانی ئاوازەوە لەلایەن پیاوو گۆرانیش لەلایەن ژنەوە, لەهەندێك وڵاتانی ئەفریقادا ژنان بەباشی ئامادەن بۆ جەنگ, موعجیزە نیە رۆژێك لەرۆژان ببن بەسەرۆك کۆماریش, خۆ هەموو کەس دەیزانن کە سەگی مێ, رانە مەڕو بزن دەپارێزن.

(في جوامع سياسة افلاطون)

### 51-لەبارەی خەلیفەیەك:

(الدارمیة الحجونیة) ژنێك بوو, لەبارەی (علی)وە لێیان پرسیو گوتی:

بەدەسەڵاتو گەورەیی لەخۆی بایی نەبوو, نازو نیعمەتیش سافوو لووسیاننەکرد.

### 52-گوتەیەکی پێغەمبەر:

ئەوەی ژنە کۆیلەی هەیە, با فێری خوێندنی بکاو باشبێت لەگەڵیا, پاشان ئازادی بکاتو بیدات بەشوو, ئەو کەسە لەلای خودا دوو پاداشتی هەیە.

(صحيح البخاري)

### 53-شەهیدی عەشق:

گەنجێکی (بني امية) ژنە کۆیلەیەکی قوڕەیشیەکانی خۆشدەویستو بەهەمان پلە ژنەکەیش, هەواڵی ئەم عەشقە گەیشتە خەلیفە (عمر بن عبدالعزیز), ئەمیش هەوڵیدا بۆ (بەیەکگەیشتنیان)و سەرکەوتوو بوو, ساڵێك لەلای (خەلیفە) ژیان, پاشان ژنەکە مرد, زۆری پێنەچوو کوڕەکەیش مرد.

هەردوکیان خرانە گۆڕێك, ئا لێرەدا (اشعب) گوتی: گەورە شەهیدی عەشقە .. لەسەر گۆڕەکە 70 حەیوانی قەڵەو سەربڕن.

*(ابو حازم الاعرج)ی شەرعزان ئەم هەواڵەی بیستو گوتی:

ئایا خۆشەویستی خودا ئەمەی بۆ دەکرێت؟

### 54-هەڵوێستی دایکێك :- (حجاج بن يوسف)

گەمارۆی (عبدالله بن زبير)ی داو پێیگوت دەبێت تەسلیم ببێت, (عبدالله) پرسی بە دایکیکرد (اسماء بنت ابوبکر), ئەمیش رازی

نـەبوو گـوتی: بەدەسـتی بەسـتراو مەچـۆرە بـەردەمی (اموی)یـەکان و گاڵتـەو سـوکایەتیت پێبکـەن, بەسـەربەرزی ژیاویـت بەسـەر بـەرزیش بمرە, مردن زۆر باشترە لەخۆ بەدەستەوەدان.

(عبداللـه) گـوتی: دەترسـم پـاش کوشـتنم سـووکایەتیم پێبکـەن, دایکی گوتی:

مەڕ کەسەریان بڕی بەکەوڵکردن ئازاری نیە.

## 55-جوانی جۆر جۆرە (الجاحظ):

ژنی جوان و ناسك لەشەودا رەنگی (زەردباوە) لەرۆژیشدا سپیە.

جوانترین ئافرەت رەنگـی کـاڵ و ناسـکە, روخسـاری مـەنگو گەشـە, بۆنی هەناسەی خۆشەو شەوی بووکێنی کورتـە, ژن لـەکاتی سـەمادا یـەکجار جـوان و شـیرینە هـەروەهایش لـەکاتی خـۆ رازانـدن و خـۆ جوانکردندا.

## 56-ژنێك:

(هدیـة بن خشـرم)ی شـاعیر, پیـاوێکی کوشـت و هێنایـان بـۆ سـزا, خزمـانی بکوژەکـە ئامـادەبوون بـە پارەیـەکی زۆر خوێنەکـەی بـدەن, کوڕی کوژراوەکە خـەریکبوو قایـل بێـت, بـەڵام دایکـی کوڕەکـە گـوتی بەڵێن ئـەدەم بـەخودا ئەگـەر نـەی کوژێتـەوە, خـۆم شـووی پێدەکـەم, باوکیشت بکوژێت و دایکیشت بگـێ, پاشـان کوڕەکـە بکوژی بـاوکی کوشت.

## 57-ئێمە لەوە بەهێزترین:

بەپیاوێکی (بنی عامر)یان گوت: ئەو (مجنون)ە دەناسن کە عەشق کوشتی؟ ئەویش گوتی: ئەمە درۆیە .. عەشق ئەو کچە (یمنیة)ی کوشت کە دڵی بچووك بوو.

**58-ستایشی ژنان:**

(سلیمان بن عبدالملك) بە (عمر بن ابي ربیعة)ی گوت: بۆ ئێوە مەدحی ئێمە ناکەن؟ ئەویش گوتی:

چونکە من ستایشی پیاو ناکەم بەڵکو ستایشی ژن دەکەم...

**59-مەزاتێکی ئاشکرا:**

(القفطي) لەکتێبی (اخبار الحکماء) دا لەزاری یەکێك لە هاوکارەکانی دەڵێت:

یەکێك لەشتە سەیرو (عەجایەبەکانی) لازقیە: لێپرسراوی قەحبەکانو ئەوانەی کە غەریبنو هاتوون بۆ کاری سێکسی لەکۆڕێکی بازنەییدا کۆی دەکردنەوە, یەکبەیەك بەناو بانگی دەکردنو غەریبەکانیش بۆ هەقی (شەوێك مانەوە), لەسەر یەکتر پارەیان زیاد ئەکرد, پاشان ژنەکە لەگەڵ پیاوەکەدا ئەچوون بۆ میوانخانەی ئەو, ژنەکەیش موستیلەیەکی قەشەی وەردەگرت لەترسی پیاوەکانی والی, چونکە ئەگەر یەکێکی گوناهبار لەگەڵ ژنێکی گوناهباردا بگیرایە بەبێ مۆری قەشە بەتاوان دائەنرا.

**60-یەکە مجار, هێز:**

عەرەبێکی دەشتەکی کوڕێکی بوو, پێیانگوت: خوا باش‌و ساڵحی بکات, ئەویش گوتی:

نەخێر زۆردارو یاخی بێت, دوژمنان لێی بترسن‌و بۆ پیاوانی خودایش پشتیوانبێت.

61-**خۆشەویستی پاکو بێ عەیب – (لەئاخافتنەکانی سۆفیان):**

خۆشەویستی راست لە 3 شتدا بەرجەستە دەبێت:

*قسەی خۆشەویستەکەی لەپێش خەڵکی دی وەرگرێت.

*دانیشتن لەگەڵ خۆشەویستەکەی لەپێش خەڵکی تر بێت.

*رەزامەندی خۆشەویستەکەی لەخەڵکی دی لاپەسەندتربێت.

62-**جۆرەکانی نەخۆشی (سۆفیگەریی):**

نەخۆشی 3 جۆرە: نەخۆشی دەروون‌و دڵ‌و رۆح, نەخۆشی مونافیق, لەدەروونەوەیە, نەخۆشی ئیماندار لەدڵەوەیە, نەخۆشی دانایش (عارف) لەرۆحەوەیە.

*دەرمانی مونافیق ئاگری دۆزەخە.

*دەرمانی ئیماندار (مەعریفەت)و خۆشەویستیە.

*دەرمانی دانایش بەیەکگەیشتن‌و نزیکیە.

63-**ژن‌و جەلاد:**

(جحاف بن حكيم) لەسەردەمی (عبدالملك بن مروان)دا ژمارەیەکی زۆری لە (بني تغلب) کوشت, ژنێکی (بني تغلب) پێیگوت:

یاخوا پشتت بشکێت‌و قۆڵت شۆڕبێت‌و, خەوت لێبتۆرێ‌و رزقت ببڕێت, بەخودا تەنها ژنت کوشتووە کەوەك بووکە شووشەن.

(مەبەستی: هەر ژن‌و منداڵت کوشتووە نەك پیاو)

(جحاف)یش گوتی: لەترسی ئەوەی یەکێکی وەك خۆی نەخاتەوە, دەمهێشتەوە, فەرمانیداو کوشتیان.

## 64-کچانی وەزیران – تنوخی لەکتێبی (نشوار المحاضرة)دا باسیدەکات:

(اسحق المصعبی)یان کرد بەلێپرسراوی پۆلیس بۆ چەند گەڕەکێکی ناو بەغدا, زۆربەی راپۆرتەکانی باسی هەڵکوتانە سەر ژنان‌و کچانی وەزیران‌و سەرۆکی نوسەران‌و کچانی میرو فەرماندەکان بوو, چونکە لەگەڵ خەڵکانێکدا دەبینران کە جێگەی گومانبوون, بۆیە هەندێکیشیان دەخرانە بەندیخانە.

## 65-نارەزایی لەسەر بایەخنەدان بەژنان :-

(امام عمارة) بەپێغەمبەری گوت: چیە وا هەموو شتێك بۆ پیاوانەو ژنیش هیچی نیە؟

پاشان ئایەتی (ان المؤمنین والمؤمنات...), نازڵبوو, پاش ئەوە قورئان بەردەوام لەپاش پیاو باسی ژنی دەکرد لەزۆر بۆ نەو (موناسەبەتدا), لەپاش فەتحی (مکة), ژنان دوای پیاوان, پەیمانیان بۆ محەمەد تازەکردەوە.

(طبقات ابن سعد)

**66-ژنان لەسەردەمی جاهیلیو ئیسلامدا – (عمر بن الخطاب):**

**لەسەردەمی (جاهلی)دا, خودا هەموو شتی بۆ ئەوان فەرزکردبوو, بەشی خۆیانی دابینکردبوو.**

**(صحیح مسلم)**

**67-ژنێك:**

**پاش ڕووداوێك لەیەكێك, ژنان لەدەوری كۆبوونەوە (محمد علی الباقر) لەوكاتەدا حازربوو ویستی بگاتە لای كابراو نەیتوانی, هاواری لەژنەكان كرد:**

**دووركەون ئەی هاوڕێ چكۆلەكانی یوسف!**

**ژنێكیان وەڵامیدایەوە: بەڵێ ئێمە باشترین هاوڕێی بووینو عاشقی بووین, بەڵام ئێوە خستانە بەندیخانە!**

**باقر لێی پرسی: مێردت هەیە؟ ئەویش گوتی:**

**یەكێكی وەك من پێویستی بەمێرد نیە**

**باقریش گوتی: ڕاستدەكەیت.**

**68-دژی ژن:**

**أ–(علي بن ابي طالب) دەڵێت: ژن هەمووی شەڕە ... شەڕتر ئەوەیە كەپێویستیشە...**

**ب–ابو العلاء:**

**كە كوڕ گەیشتە 10 ساڵان بانەچێتە ناو ژنانی حەرەم,**

بەڵام ژنان خۆیان فریو دەرن,
لەواندا شەرڤ دێرین بزر دەبێت,
فێری دەرزی درومانیان بکەن و
خوێندنەوەو نوسین وەلانێن!
ج-شاعیرێکی سەرسەری:
ژنان نەکراون بۆ نوسین و کار
ئەمانە بۆ ئێمەن, بۆ ئەوانیش:
شەو مانەوە بە لەشپیسی!
د-گوتەی پێغەمبەر:
ئەو قەومەی ژن دەکەن بەگەورە, سەرکەوتوو نابن.
ه-عمر بن الخطاب:
با لە نووسین دوورکەون.

69-**ئامۆژگاری:**
(ابو شمقمق) بەپیاوێکی گوت کە دەیویست ژن بهێنێت:
-قەحبەیەك بهێنە.
0بۆ؟
-گوێبگرە: قەحبە رووخۆشترەو شارەزاترە لەو شتانەی کەپیاوان حەزی لێدەکەن و خۆشیان دەوێت, باشتر گرنگی ئەدا بە خاوێنی خۆی, کەپێتگوت: قەحبە! تووڕە نابێت, پاشان هەوڵئەدات منداڵت نەبێت, پاشان باشدەزانێت کەتۆ دەیناسیت و خۆی بەگەورە نازانێت و فیزت بەسەردا ناکات.

## 70-هەستێکی دادناسی:

ژنی (مزبد المدنی) بەپەیژەدا سەرکەوت, لەناوەڕاستی پەیژەکەدا بوو, مێردەکەی گوتی:

ئەگەر سەرکەویت یان بێیتە خوارەوە تەڵاقت کەوتبێت, ئەویش خۆی فڕێدایە خوار.

مێردەکەی گوتی: باوكو دایکم بە قوربانت بێت, ئەگەر (مالك)یش بمرێت, خەڵك بێ قازی نابن!

## 71-ژنە کۆیلەی ئازادو ژنە ئازادە زەلیلەکان:

ژنە کۆیلەیەکی (مدینة) ڕەخنە لە (عمر بن ابي ربیعة)و ئەو ژنانەی حیجاز دەگریت کە شەیدای ئەون: لەماڵدەرئەچێت سەردانی ئەم ژنو ئەو ژن دەکات, نە عەشقەکەی وامی هەیە, نە قسەکانی ئەسڵی هەیە, بەخودا من بم لەجێی ئەوان بەهیچ شتێکی ڕازی نەدەبووم, لەژنانی حیجاز خوێڕی ترم نەدیوە, ئەوان سەرشۆڕیی قبووڵدەکەن, بەخودا عەبدێکی لای ئێمە سەربەرزترە لەوان.

## 72-ژنێك وەڵامیئەداتەوە:

پیاوێك گوتی: کەس شەرمەزاری نەکردووم بێجگە لە (لیلی بنت عمر), پێی گەیشتم دەڕۆیشتو ئاگای لەخۆی نەبوو, منیش باسی جوانیو ناسکیم دەکردو پێمگوت: بەقوربانت بم بوەستەوە گوێڕادێرە بزانە چیت پیا هەڵئەدەم ئەی لەیلا! شیفای دەروونم بەدەستی تۆیە, ئەگەر بزانیت کاتی ڕۆیشتنەوەو خواحافیزی چ ئەمرێکمان پێدەکەیت بیکەو ڕوومانتێکە!

(ليلى)يش گوتى:

ئەمرت پێدەكەم خودا بناسيت و فەرمانەكانى جێبەجێبكەيت و ئەم جۆرە كارانەش تەرك بكەيت!

## 73-لەيل و مەجنون لەرۆژى قيامەتدا:

(مجنون)يان لەخەودا بينى و لێيان پرسى: خودا چى لێكردى؟ ئەويش گوتى: خودا منى بەخشى و كردمى بەڕابەرى عاشقان.

## 74-كەماڵى مرۆڤ لەعەشقدايە (ابن عربى):

(لەزەت)و خۆشى دوانە: رۆحى و سروشتى, نەفسى ورديلە لەسروشتەوە دروستدەبێت و دايكيەتى, رۆحى خوداوەنديشى باوكيەتى, شەهوەت و ئارەزووى رۆحانى پەيوەندى بەسروشتەوە نيە, ئەوەيش چێژى لێوەردەگرێت بەپلەو پايە(يە), مرۆڤيش لەجيهانداو لەهەموو شتێكدا, چەند پلەو ئاستێكە.

ئێمە تەنها بە شێوازو وێنە پەيوەنديمان بە (هەق – خودا)وە هەيە, مرۆڤ بەزۆرى, چێژ لەكەماڵى خۆى وەردەگرێت, چێژ لەوشتانە وەردەگرێت وەك ئەون, بەڵگەيش بۆ ئەمە: مرۆڤ چێژ لە هيچ شتێك وەرناگرێت كە وەك خۆى نەبێت, وەك عەشقى (جاريە – ژنەكۆيلە)يان كوڕێك, مرۆڤ لەهيچ شتێكدا (فەنا) نابێت وەك خۆى نەبێت.

ئەگەر خودا لەهەمان شێوەى مرۆڤدا دەركەوت, ئيدى ماناكان وەك يەكترن و هەموو شتێك چێژى دەبێت و ئارەزوو دەگاتە هەموو

پارچەکانی (ئەندامەکانی) مرۆڤ, ئەی نابینیت کە (قیس المجنون) لەخۆشەویستی (لیلی) دا (فەنا) بوو.

ئـەوەی نرخــی ژن و نهێنیــان بزانێـت, کەمتەرخـەمی ناکـات لـە خۆشەویسـتی ئەوانـدا, بگـرە خۆشەویسـتی ژن کـەماڵی (داناییـە), ئەمـە پاشمـاوەو میراتـی پێغەمبـەرەو عەشـقی خوداییـە, پێغەمبـەر گوتوویە:

لەدونیادا سێ شـت لـەلای زۆر خۆشەویستن: ژنـان, بـۆنی خـۆش, لەنوێژیشدا چاوم رۆشندەبێت, دیارە ئەو خۆشەویستیە نابێت وات لێبکات دوورکەویتەوە لەخودا.

جارێـك (لـەیلا) هـات بـۆ لای (قـیس) ئـەویش هاواریـدەکرد لـەیلا! لەیلا! سەهۆڵی دەخستە سەر دڵی و گەرمی دڵی دەیتوانەوە, لیلی سڵاوی لێکردو دی لە چ حاڵێکدایەو پێیگوت: قەیس! من خوازیـارو خۆشەویسـتەکەی تـۆم .. مـن سـۆمای چـاوی تـۆم مـن (لیلـی)م, (مجنون)ی عاشقیش گوتی: دوورکەوە لێم .. خۆشەویستی تۆ, تۆی لـەیادکردووم, بـەڵام بەڕوویـەکی گەشـەوە هەڵسـایە سـەرپێ و خـۆی لەپێشچاوی لەیلا ناشیرین نەکرد, چونکە خۆشەویستی, خۆیشـی و خۆشەویستەکەیشی لەبیر بردۆتەوە.

ئەو (حقیقة)ە خوداییەکە لەم (حقیقة)ەدا هەیـە ناگوترێت .. بـەڵێ ناگوترێـت چـونکە نهێنیەکـە, ئـەوەی دەیدۆزێتـەوە تێـدەگات بـەڵام نابێت پێی بگوترێت, بەڵگەی ئەمەیش ئایەتی (نسو الله فنساهم – ئـەوان خودایـان لـەیادکرد ئـەویش لـەیادی کـردن), ئـەوەی شـێوازی خۆی لەیاد بکات نەفسیشی لەیاد دەکات.

**(مــن مجموعــة محمــود غــراب/ الحــب والمحبــة الالهيـة)**

**75-ژنێك - (تلبيس ابليس) لابن الجوزي:**

**ژنێك لەسۆفیەکان, لەدادگاییکردنێکدا لای قازی شیراز (ابـو سعید الداودی) گوتـی:**

**ئەی قازی! ئەمە مێردمەو گەرەکیە تەڵاقم بداتو بۆیشی نیە, قازی پرسی چۆن بۆی نیە؟**

**ژنـەیش گـوتی: چـونکە مـنی کـردووە بـەژنی خـۆیو ئێسـتایش هەروایـە, بـەڵام ئـەو دەڵێـت ئێسـتا ئـەو مانایـە لەمنـدا بەسەرچـوو, لەکاتێکدا ئەو مەعنای منـە لـەو دا هـەرماوە, کەواتـە پێویستـە سـەبر بکات هەتا ئەوکاتەی کە, مەعنای من لـەودا کۆتـایی دێـت وەك چۆن مەعنای ئەو لەمندا کۆتایی هات.**

**(ابو سعید) بەهاوڕێکەی تەنیشتی گوت:**

**ئەمە چ جۆرە شەرعێکە؟**

**ئەویش: ئاشتی کردنەوە.**

**76-بەرەڵایی – لەکتێبی (احیاء علوم الدین للغزالي)یەوە:**

**ئاسـاییە ئەوکەسـەی زۆر چڵێسو سێکسـی بـوو یـەك ژن فریـای نەدەکەوت شتێکی باشە زیاتری بکات هـەتا 4 ژن, خۆ ئەگـەر خـودا سـۆزو خۆشەویسـتی بـۆ زۆرتـر بـوو, دڵنیـاش بـوو, بـۆی هەیـە بیانگۆڕێت.**

*وادیاره پەیڕەوی (حسن بن علي ابي طالب) دەكات كە ژنـەكانی گەیشتنە 200 ژن.

77- **پیاو لەماڵی خۆیدا –دەڵێن ( عمر ) گوتوویە :**

پیاو لەماڵی خۆیدا دەبێت وەك منداڵبێت, هەرچیان لێداواكرد وەك پیاو بێت.

*مەبەست لەوەیە كە, تاقیدەكرێتەوەو دەبێت ئازابێت.

78-**فێرارو هەڵهاتوو لەخۆشەویستی :**

(دعبـل الخزاعـی) دەیگێڕێتــەوە كـە: ئێمــە لەســەر ســنووربوین, رەشبگێری (سەربازگێری) راگەیەنـدراو منـیش لەگـەڵ كۆمـەڵ بـووین, لەوكاتـەدا گـەنجێك رمەكـەی بەهـەردوو دەسـتی رادەكێشـاو مـنی دی لێمڕاماو گوتی: تۆ (دعبل)ی؟ گوتم: بەڵێ.

ئەویش گوتی: گوێڕادێرە بۆ ئەم دوو بەیتە:

ئێمە لەكاری خێرداین, لەنێوان داگیركاریو جیهانداین

جەستەم,

دوژمنم داگیر دەكاتو

عەشقیش دڵم داگیر دەكات!

پاشان گوتی چۆنم دەبینیت؟ كە لەماڵ دەرچووم لـە خۆشەویسـتی رامكرد, كەچووینە شەڕو تێكچڕان, یەكەم كوژراو ئەوبوو.

79-**دژی حەدیسێكی پێغەمبەر – ( سفیان الثوري ):**

سەرم لەو حەدیسە سووڕماوە کەدەڵێت: زۆربەی خەڵکی دۆزەخ ژنە .. لەکاتێکدا ئاکارو کردارەکانی پیاو زۆر پیسترن لەکرداری ئەوان.

(طبقات الشعراني)

*ئاماژەیە بۆ ئەو حەدیسەی کە دەڵێت: زۆربەی خەڵکی ناو دۆزەخ ژنن.

## 80-یادگاریی هاوسەرێك:

(لقیط بن زراة) سوارچاکێك بوو کوژراو ژنەکەی لەسەر دابو نەریتی عەرەبی کۆن, شووی کردەوەو عەیبیش نەبوو, بەڵام ئەم ژنە یادگارەکانی مێردی یەکەمی هەر لەپێشچاوی مێردی تازەی باسدەکرد, رۆژێك مێردی تازەی لێی پرسی ئەوت چەندە خۆشدەویست؟

ژنەکەیش گوتی: لەیادمە جارێك لەشەوێکی تاریکدا عەتریدا لەخۆیو تێر شەرابی خواردەوەو رۆیشت بۆ شکارو گا کێویەکی کوشت.

پاشان هاتەلامو بۆنی خوێنو گوڵاوی لێدەهات, تێر بەخۆیەوە گوشیمی.

تێر بۆنی کردم
خۆزگە ئەو شەوە دەمردم

## 81-ژنی شەیتان – پرسیان لە (الشعبی):

–ژنی شەیتان ناوی چیە؟
–ئەو بووکەیە کە نەم دیوە!

82-**ژنێك شینی مێردەکەی دەکات – ژنی ( أحنف بن قیس ):**
بۆ مێردەکەی دەگریاو دەیگوت:
لەخەڵکەوە نزیك بوویتو لەناو خەڵکیشا غەریب بووی.

83-**دژی رەگەزایەتی - ( شاعیرێك ):**
کچەکانم خۆشدەوێتو دەزانم
کە رۆژێك مردم, خزمان فەرامۆشیان دەکەن
ئەگەر کچەکانم چەندە زۆربن هێندەیش
بۆمن سەربەرزین, من وەك جەنگاوەر نابم
*دەیەوێت بێژێت: من وەك ئەو کەسانە نیم کە قورئان باسیان دەکاتو دەڵێت:
(واذا بشر أحدهم بالانثی ظل وجهه مسودا وهو کظیم – کە هەواڵ بەیەکێکیان ئەدرێت کچی بووە, لەقیندا رەشدەبێتو لەتووڕەییدا خۆی دەخواتەوە).

84-**شەهیدەکانی عەشق - ( فی الاغانی ):**
پیاوێك لەخێڵی (غطفان) ناوی (سلیك) بوو, گشت خێڵەکانی دەوروبەر دوژمنی بوون چونکە لەهەموویانی کوشتبووو داوای ئامۆزای خۆیکرد مامی نەیدا, پاشان لەترسی دوژمنایەتی قایلبوو. رۆژێك 30 سواری (بني فزارة) کە خوێنیان لایبوو, رێگەیان پێگرت

بەسەختی زامدار بوو, کەزانی زامی مەرگە, گەڕایەوە لای ژنەکەی و گوتی:

ڕێگە نادەم تۆ بکەویتە بەر چنگی ئەمانە, من دەمەوێت پێشخۆم بڕۆیت, ژنەکەی گوتی: ئەگەر تۆ نەیکەیت لەژیانتا, من پاش تۆ دەیکەم, (سلیك) بەشمشێر کوشتی و خۆی لە خوێنەکەیدا گەوزان و دەستیکردەوە بەشالاو بۆ سەر دوژمنەکانی و کوژرا.

85-**کچ پێش کوڕ:**

کچێکی (بشار) مرد بەمجۆرە شینی بۆ کرد:

ئەی ئەو کچەی حەزم دەکرد نەك یەك پێنج یان شەش بن
لەو ڕۆژەوە لەسکدابووی هەتا ئێستا
دڵم بۆتۆ پارە پارەو پڕ لەپشکۆ
باشتر لەکوڕێکی بێ خێر, تۆ بوویت و تۆ
کوڕێکی سەرخۆش بۆ من

86-**ئەوەی زینا نیە :**

سەرچاوەی شیعەکان دەڵێن (سعید بن جبیر)یان (ابو حنیفة) گوتوویە: پیاو ئەگەر زەکەری بە حەریرێك پێچاو خستیە هینی ژنێکەوە, بەزینا حیساب ناکرێت و (حەدی لەسەر نیە).

**(الایضاح للفضل بن شاذان)**

87-**ژنێکی ئەم خەڵکە ( فی امالی القالی ):**

ژنێـك لەگــەڕەكێكی (بلــۆك) گــەورەوە هاتــەلای (معاویــە)و ڕێــزی لێگرتو پێیگوت: چ پێویستیەكەت هەیە؟

ئــەویش باســی پێویســتیەكانی گــەڕەكی بــۆ كــردن, (معاویــە) پێیگوت: باسی گەڕەك مەكە, خۆت پێویستیت بەچیە؟

ژنەكـە گـوتی: مـن حـەز ناكـەم جـەنابت بچیتە چـەمێك (وادی) كـە سەرتاسەری بترسێتو موچڕكە بیگرێت, كۆتاییشی وشك بێت.

88-ژنێك لەمیرەكان - ( في الاغاني ):

باسی ژنێكی (ئەمەویە)كانیان دەكرد بەناوی (ام حكیم), ئـەم ژنـە مەشروبی خـواردووەو سـەرخۆش بووە, پێكـی گـەورەی بـەناوبانگی بـووە هـەتا ئـەمڕۆیش (سـەدەی 4 ی كۆچـی) خـەڵكی باسـی دەكـەن, ئــەو پێكــە ئێســتایش لەگەنجینــەكانی خەلیفەكانــدا ماوەتــەوە, لێپرسـراوێكی گەنجینـەكانی (مـأمون) باسـیدەكات كـەخۆی دیویـەو دەڵێت:

پێكێكــی شووشــەی ســەوزەو دەســكەكەی لەئاڵتوونــەو شــێوەی لەكاسەی سەردەكاتو (3) (رطل) دەگرێت, (ابـو فـرج) گوتوویـە: (ام حكیم) شووی بەچەند پیاوێك كردووە ئاخریان (هشام بن عبدالملك) بووە, (ولید بن یزید) لەشیعرێكدا باسی ئەو پێكە دەكاتو دەڵێت:

یەكبینە ئاوی میوەم بۆ بێنن

لەپێكەكەی (ام حكیم) دا تێر شەرابكەن

ئەو لەپێكێكی شووشەی گەورەدا دەیخواردەوە

(رطل): بەهەندێك پێوەر (نیو هۆقە)یە كە بۆ ئەو پێكە دەشێت.

**89-شیعری ژنان:**

(بشار بن برد) گوتوویە: شیعری ژنان هەمیشە لاوازبووە.

پێیانگوت: ئەی (خنساء)؟

ئەو (4) گونی بووە!

**90-هاوسەرێك بۆ غەریبی:**

یەکێك دەچوو بۆ سەفەرو ژنەکەی بەم شیعرە (رجز)ە بەرێی کرد:

خودای گەورە

ئاگات لێی بێت

ئاگات لەجووتە گونی بێ

خودا ئاگات لەکێری بێ

**91-هەتا خۆرئاوا نەبێت:**

(علي بن عبيدة الريحاني) لەکۆڕێکی برادەرانیداو بەتەنیشت (جارية)یەك دانیشتبوو کە خۆشی دەویست, پێکەوە قسەیاندەکردو درێژەی کێشاو نزیك بوو کاتی نوێژەکەی بڕوات, پێیانگوت: ئەی (ابوالحسن)! نوێژەکەت بکە, ئەویش بەدەستی ئاماژەی بۆ (جارية)کە کردو گوتی: (حتى تغرب الشمس – هەتا خۆر ئاوا نەبێت).

**92-هاندان بۆ لەشفرۆشی - (في معجم الادباء):**

(جاحظ) گوتوویە: ئەگەر ژن عاقڵ بێت و کامڵ, دەبێتە (قەحبە), پێیانگوت بۆ؟

گوتی: پارە وەردەگرێت و خەڵکیش و خۆیشی رادەبوێرن, هەمیشە بۆنی خۆشەو بەهەوەسی خۆی پیاو هەڵدەبژێرێت و تۆبەو پەشیمانی لەهەموو کاتێکدا ئامادەیە, دانیشتووی کۆڕەکە پرسی: ئەی پیرەژنەکە (خوا بیپارێزێت)؟ (مەبەست لەدایکی جاحظ)ە

ئەویش گوتی: ئەو گێلترین و نەفامترین کەسە.

## 93-ئازادی سێکسی - (ابن بطوطة):

لەبارەی (عمان)ەوە:

رۆژێك لەلای سوڵتان (سوڵتانی عمان) دانیشتبووم ژنێکی منداڵکاری زۆر جوان هاتە بەردەمی سوڵتان و گوتی: ئەی (ابا محمد)! شەیتان بەسەرما زاڵبووە, ئەویش گوتی: بڕۆ شەیتان لەجەستەت دەرکە.

ژنەکە گوتی: چۆن ئەتوانم کە نزیکی تۆ بم ئەی (ابا محمد)؟

ئەویش گوتی: بڕۆ چیدەکەیت ئازاد بە.

کەلای سوڵتان هەڵسام, بۆیان باسکردم گشت ژنانی وەك ئەم ژنە کەنزیکن لەسوڵتانەوە بەئارەزووی خۆیان فەساد دەکەن و باوك و کەسیان بۆیان نییە بیانکوژن و بگرە ئەو کەسەی دەیانکوژێت دەکوژرێتەوە, چونکە لە (جوار السلطان)دایە.

## 94-ئازادی دۆستایەتی:

لەسەرەتای (أموی)یەکاندا پیاوێك بەناوی (ابیرد) ژنێکی دۆستی هەبوو خۆشی دەویست و لەژواندا یەکتریان ئەدواند, خزمانی ژنەکە ناڕازیی بوون, ئەویش پێیگوتن: گوایا عەرەب ئەمەی نیە؟

**95-سنوورەکانی ئازادی سەفەرکردن - ( فی سنن الدرامی ):**

نابێت ژن بەبێ کەسێکی مەحرەمی خۆی, 3 رۆژ زیاتر سەفەر بکات.

**96-چەند گوتەیەك لەبارەی ( ژنهێنانەوە ):**

*پیاوێك هاتەلای (الحسن البصری) لەبارەی بەشوودانی کچەکەیەوە راوێژی پێدەکرد, ئەویش گوتی: ئەگەر مێردەکەی خواناسبێت, ئەگەر خۆشیویست رێزی لێدەگرێت, ئەگەر نا زوڵمی لێناکات.

*(حسن البصری) گوتوویە: بەلا (4) شتە, خێزانی زۆر, هەژاریی, دراوسێی خراپ, ژنی ناپاك.

*کەژنی (مالك بن دینار) مرد, پێیانگوت بۆ ژنێکی دی ناهێنیت؟ ئەویش گوتی: ئەگەر بتوانم خۆم تەلاق ئەدەم.

*لەشێتێکیان پرسی کێ دەهێنیت؟ ئەویش گوتی: ژنان 3 جۆرن, یەکێکیان بۆ تۆیە, ئەوی دی دژی تۆیە, سێیەم: بۆ تۆیشەو دژیشتە.

-ئەوەی بۆ تۆیە: کچەو تۆی خۆشدەوێتو دڵی بۆ تۆیەو بێجگە لەتۆ کەس ناناسێت.

-هەندێك لەعەرەبە دەشتەکیەکان دەڵێن:

-ئەوەی دژی تۆیە: ئەو ژنەیە کە لەمێردەکەی تری کوڕی هەیە, ماڵت دەخواتو بۆ مێردی یەکەمی دەگری.

-ئەوەی کە بۆ تۆیشەو دژیشتە: ئەو ژنەیە کەمندالّی نیە, ئەگەر لەمێردی یەکەمی باشتر بێت ئەوە بۆ تۆیە, ئەگەر خراپیش بێت ئەوە دژی تۆیە.

-ژنهێنان مانگێك شادیە, سەدەیەك حوزنو نامورادیە, گرانە هێندەی ئەسپێك پشتشکانە بۆ هەندێك.

97- **پاشماوەکانی کۆمەڵگەی دایکایەتی - ( امومة ) ابن بطوطة :**

باسی شاری (ماجر) دەکات لە (اناضول) کە:

رێزو پلەی ژنان لەو شارەدا بەرزتربوو لەپیاوان, ژن خۆیو کۆیلەکانیو مەڕەکانی ئامادەنو ماستو شیر دەفرۆشێتو کەلوپەلو عەتری پێدەکرێت, زۆرجاریش مێردەکەشی لەگەڵدایەو تۆ وادەزانیت یەکێکە لەخزمەتکارەکانی.

98- **چەند ئامۆژگارییەك لەبارەی ( جوتبوون - ( جیماع ) )ەوە :**

*(جیماع) لەکۆتایی شەودا باشترە لەسەرەتای شەو, چونکە گەدە چۆڵە, دەڵێن: (4) شت, تەمەنی مرۆڤ کورتدەکەنو بگرە دەیشتکوژن:

-حەمامکردن بەسکی تێر, خواردنی گۆشتی وشکەوە بوو, جوتبوون بەسکی تێر, جوتبوون لەگەڵ پیرەژن.

-کە لە ((جیماع)) بوویتەوە, بکەوەرە لای راستو پاڵکەوە, ئەمە سوودی زۆری هەیە بۆ لەش, نەکەیت بەپەلە هەڵسیت.

-پێویسـتە پیـاو پـێش (جیمـاع) یـاریو دەسـتبازی بکرێـتو لەچاوی ژندا (شەهوەت - ئارەزوو) بەدیبکەیت.

-(جیماع) بەپێوە باش نیەو زیانی هەیە بۆ لەش.

-خـۆ رووتکردنـەوە بـاش نیـە, دەڵـێن: ئەگـەر ژنو پیـاو رووتـبن, منداڵیان بێشەرم و حەیا دەبێت.

*(الغزالي/ أحياء علوم الدين):

کـەپیاو لەجیماعـدا گەیشـتە ئـارەزووی خـۆی, بـا لەسـەرخۆو شێنەیی بێـت هـەتا ئـەولایش بگـات بـەئارەزووی خـۆی, زۆرجـار ژن درەنـگ رەحـەت دەبێـتو دوورکەوتنـەوە لێـی ئـازاری پێـدەگات, جیاوازی رەحـەتبوونی ژنو پیـاو نـاکۆکی دروستدەکات, بەتایبـەتی ئەگـەر بەپەلـە رەحـەت ببێـت, پێکـەوە رەحـەتبوون چێژی زۆرتـرە بـۆ ژن, با پیاو ئەو رۆڵە ببینێت چونکە ژن شەرمدەکات.

**99-سوودەکانی جیماع - (السمرقندي):**

1-خەمڕەوێنە.

2-لەهەڵپەی حەرام دەکەویتو دوودڵیت نامێنێت.

3-تووڕەیی کەمدەبێتەوە.

4-دڵ پاکدەبێتەوە.

**100-زیانەکانی جیماع:**

1-چاوو لەش لاواز دەکات.

2-دەبێتە هۆی ئێشی قاچو پشتو سەر.

**101-سنووردارکردنی منداڵبوون ( تحديد النسل ):**

غەزالی پشتگیری لێکردووەو پەرچی ئەو شەرعزانانەی داوەتەوە کەحەرامیان کردووە.

### 102-دژی سێکسایەتی (غەزالی):

وا باوە کە کوڕ دەبێت لەدایك, باوكو دایكی دڵخۆش دەبن, بەڵام نازانن خێر لەکامیاندایە؟ زۆر خاوەن کوڕ ئاوات دەخوازێت کچ بوایە, بگرە سەلامەتیو خێرو خۆشی لەکچدایە.

### 103-سێکسایەتی (غەزالی):

مارەبڕین جۆرێکە لەکۆیلایەتیو ژندەبێت پیاو هەرچیەکی حەڵاڵی لێداوا دەکات, ئەنجامی بدات.

(احیاء علوم الدین)

### 104-کورتکردنەوەی (تەعزیەباری - حداد) – في الموطأ:

لە 3 رۆژ زیاتر (تەعزیەباری) قەدەغەیە, مێرد هێندەی ماوەی (قورە – عدة) ئەتوانێت (تەعزیەبار) بێت کە 4 مانگو 10 رۆژە.

### 105-تەلاق لای (سامییە) دێرینەکان – لەیاسای (اشنونا)دا:

ئەگەر پیاوێك ژنەکەی تەلاقدا پاش ئەوەی چەند منداڵێکی بوو, وە ژنی دووەمی هێنا, ئەو پیاوە لەماڵەکەی دەردەکرێتو پەیوەندی بەهیچ شتێکی ئەو ماڵەوە نامێنێت, ئەو دەڕوات بۆ شوێنێك کە خۆی هەڵیدەبژێرێت.

## 106-ژن له دەزگای دادوەریدا (القضائی):

(ابو حنیفة) ڕێگەی بەوەداوە کەژن بکرێت بە قازی لەو شتانەدا کە دەتوانێــت شــایەت بێــت, هــەروەهایش (طــبري)یــش لەهــەموو ئەحکامەکانیدا وا دەڵێت.

## 107-لەشفرۆشی رەسمی – (ابن بطوطة):

لەباسی شاری (قل حصار) دا (ابن بطوطة) دەڵێت:

ژنــە کۆیلــەیان دەکــڕی بــەنیازی بــەکارهێنانیان لــەبواری لەشفرۆشیداو قازیش بەشداربوو لەم کارەدا.

## 108-سنوورەکانی خۆجوانکردن:

نەهیکراوە لە رازاندنەوەی گەردن‌و مل بەقوماشی رەنگاو رەنگ, پێغەمبەر خشڵی زیوی بەجوانزانیوە نەك زێڕ.

## 109-ژنێك - (سلمی بنت القرطیسي) ستایشی خۆی دەکات:

چاوی ئاسکی هەردان بەقوربانی چاوم بێت
گەردن‌و ملی کەڵە کێوی
بەقوربانی گەردن‌و ملم بێت
بەگەردانەی موروو ملم دەڕازێنم
بەو نیازەی کە گەردانەو ملوانکە, بەگەردن‌و ملم جوانکەم!
سکاڵای قەڵەوی ناکەم

بگرە قەدو باڵام سکاڵایەتی بەدەست مەمکم
ئەگەر دراوسێی وڵاتی (ثمود) بام
بەڵا نەدەباری بەسەر (ثمود)ا.

110-چەند بنەمایەك بۆ ڕێکخستنی پەیوەندی خێزانی:
1-نەکردنی (غیرە)ی زۆرو گومانکردن لەژن.
2-لەگەڵ ژندا پێکەوە پێشوازی لە میوان.
3-ژن دەموچاوی (روخساری – وجە) بۆ (غەیر)ی بەدەرەوەبێت.
4-جاسوسی نەکردن بەسەر ژنەوە.
5-ژن لەپێشوازیکردنی میوانداو مێردیشی ئامادە نەبێت ئازاد بێت.
6-ژن ئازاد بێت لەگەڕان بەشاردا.
7-بەند نەکردنی ژن لەماڵدا.
8-نابێت خیانەت لەژن بکرێت, دەنا ئەویش بۆی هەیە هەمان خیانەت بکات.
9-سزای ژن بەهۆی (خیانەتی زەوجی)یەوە تەنها تەڵاقە.
10-خۆشەویستی بەزۆر نابێت.

111-کارامەییەکانی ژنێکی نمونەیی ( خالید بن صفوان ):
*کچ بێت وەك بێوەژن, بێوەژن بێت وەك کچ.
(واتە جوانی کچێکی شوونەکردوو شارەزایی ژنێکی بەئەزموون).
*ناشیرینێکی گچکەو پیرێکی داکەوتوو نەبێت.

*خوێندەواری ترسنۆكو رۆشنبیری كەمتەرخەم نەبێت.

*نازو نیعمەتی دیبیٚو هەژاریشی دیبێت, نە بە دەوڵەمەندی بایی بێتو نە بەهەژاریش بڕوخێت.

*لەجوانیدا هێندە بەسە: لەدوورەوە گەورە دیاربێتو لەنزیكەوە خنجیلانە.

*نەلووتی لەئاسمان بیتو نە چاوی لەزەوی (نە فیزنو نە زەلیل).

كاتی خوێندنەوەی ئەو بڕگانەو خاوەنی دەقەكە پەیوەندیان بەو كەسانەوە هەیە كەتەراخانن (متفرغ) بۆ خوێندنی زانستە ئاینیەكان (مەلاو فەقیٚ–و).

112-**شێوازێكی (تەعزیەباری - حداد):**

مێردی ژنە عەرەبێكی دەشتەكی گەنج مرد, یەكێكی تر خوازبێنی كرد, بەڵام بە پەنجە لەخۆڵدا چالێكی دەكردو پڕی دەكرد لەفرمێسك, دەزگیرانی تازە, لێی بێزاربوو وازیلێهێنا, رۆژێك بە گۆڕستاندا تێپەڕیو ژنەكەی دی لەسەر گۆڕێك بەجوانترین خشڵو جلەوە دانیشتبوو, وایزانی خۆی بۆ شووكردن رازاندووە, بەڵام دی لەسەر گۆڕی مێردەكەی دەگریو ئەم شیعرانە دەڵێت:

ئەی خاوەن گۆڕ! ئەی ئەوكەسەی خەمڕەوێنم بووی
لەژیاندا چەندە بەتەنگ دڵمەوە بوویت
هاتوومە سەر گۆڕتو خشڵو بەرگی جوانم پۆشیوە
گوایا هیچ خەمو ئازارێكم نیە
چونكە دەزانم تۆ كەیفت لەوەیە
لەجوانترین شێوەدابمو گوێتلەدەنگم بێت

هاتووم, چونكه دەزانم تۆ بەوە شاد دەبيت
كە من لەهەنديك شيوازدا ببينيت
ئەوەی من دەبينيت بەم خشلو بەرگەوەو
دەگریم لەناو ئەم مردوانەدا, سەری سوور دەمينيت

113-**ژنانی بەغدا** (**عەرەبيكی دەشتەكی**):

چوومە بەغداو ديم: چاوی ژنان يەكجار رەش بوو, برۆيان پەيوەستو كراسيان هيندە شۆڕ بوو دليانەبرد.

114-**شيواندنی جوانی ئافرەت** (**رەخنەيە لەسروشت**):

(فرزدق): چاوی جوانی گەورە كچان, ژيانيان لەپياوان قەدەغە كردبوو.

115-**خەتەنە واجب نيە-** (**في دستور العلماء**):

(احمد نكری) لەباسی خەتەنەدا گوتوويە كە, خەتەنەكردن (سونەتە – واجب نيە), بەلام مندال تەمەنی بوو بە 18 سال حەرامە, چونكە دەرخستنی عەورەت حەرامە, بەلام ئەگەر گەورەيەك هاتە سەر ئاينی ئيسلام خەتەنەكردنی باشە چونكە دەبيتە بەلگە بۆ ئيسلامبوونی.

# چەند راڤەو تێبینیەك لەسەر بەشی چوارەم

1–هۆی گشت ئەم خەسڵەتو نابەرامبەریە لەنێوان رەوشی ژنو پیاودا, دەرئەنجامی سیستمی باوکسالارییە کە تیا پیاو گەورەی هەموو شتە, لەگەڵ ئەمەیشدا ئەو جیاوازیانە هەندێکیان مەعقولن: ژن تەمەنی کەمتر بێتو جوانتر بێت پەیوەندی بە سیستمی رێکخستنی خێزانەوە نیە, بەڵکو پوختەی سۆزی بەتینی نێوان ژنو مێردە, لەوانەیشە پیاو باشتر وایە درێژتر بێت!, وشەکانی (ورع, ادب, خلق)یش هاومانا بن, هەرچەند (ورع) مانای تایبەتی خۆی هەیە کە پاکیو خاوێنییەو کەمەرجێکە دەبێت لەژنو پیاوا –بەجیاوازی ئاست– ببێت, بەڵامماڵو نەجابەتی ئێمە چاو لەدووی ئەو کۆمەڵگەیەن کەئەو مەرجانەی تیا نەبێت.

2–مەبەستی (جاحظ) لەوەیە کە زۆربوونی منداڵ بەجوتبوونی ژنو مێرد, وەك زیادبوونی بەرهەمی کشتوکاڵە, سروشتیش شێوازی جوتبوونی لاگرنگ نیە, کەواتە جیاوازی لەنێوان ژنهێنانو زینادا نیە بەشەرعو عادەت نەبێت, ئەم بۆچوونە بەگشتی باشە, بەڵام دەبێت بزانین کە کرداری مرۆڤ هەمیشە وەك کرداری سروشت نیە, چونکە کرداری سروشتی مرۆڤ دەیگۆرێتو دەستکاری تیا دەکات, وەك چۆن مرۆڤ دەست دەخاتە کارەکانی سروشتەوە, وە بەپێی پێویستیو بەرژەوەندی خۆی دەستکاریان دەکات, هەروەهایش دەستدەخاتە مەسەلەی (زاووزێ)وە بەئارەزووی خۆی بەکاریان دەهێنێت وە بەپێی پێداویستی کۆمەڵایەتی.

4–مەبەست لە وشەی (النکاح) ژنهێنانە.

12–(اسماعیلیەکان) رێز لەمرۆڤ دەگرن بۆیە رێزی سەرچاوەکەی دەگرن کە (شەهوەتە), دیارە وەك عادەتی خۆیان (باطنین) هەموو عادەتو نەریت (طقس)ێکی ئاینی راڤەو (تەفسیرێکی) خۆیانی بۆ ئەدۆزنەوە کەخزمەتی بزوتنەوەکە بکات, لەم بۆنەیەدا (غوسڵی پاش

(جیماع)) رەتدەکەنەوە کە عادەتێکی شکڵیە, بەڵام بەم بۆچوونە چەند ئامانجێکی کۆمەڵایەتی لادەبەن وەك:
أ–پاکوخاوێني: دڵنیام کە کرداری جیماع هێندە شت جێدەهێڵێت کە خۆشۆردن پێویست بێت.
ب–دیارە خۆ شۆردنی (جیماع) لەشی مرۆڤ چالاکتر دەکات و زیندوویەتی (حیویة)نوێدەکاتەوە.
ج–فەرزکردنی خۆشۆردن لەپاش (جیماع), بەشدارییەکە بۆ کەمکردنی (جیماع), چونکە خۆ شۆردن لەمجۆرە حاڵەدا زۆر قورس و گرانە. لێرەدا رۆشندەبێت کە (شەرعزانی) ئیسلام ئەمانەی هەموو رەچاو کردووە بەتایبەتی هۆکارەکانی تەندروستی و پاکوخاوێنی.

14–تستحد المغيبة: ژن خۆی بۆ بەیەکگەیشتنی مێرد ئامادە بکات.
المغيبة: ئەو ژنەیە کەمێردەکەی لێی دووربێت.

18–خلوت: مەودای خۆ جوانکردن.
الكثيب: گرد.
الفتوت: ووردەنان, وادیارە لەگەڵ شەکرو زەیتدا تێکەڵ دەکران.

25–عريب: گۆرانیبێژێکی جوانبووە لەسەردەمی ئەمەویەکاندا, (الامين) پەیوەندییەکی راستەوخۆی لەسەردەمی ئەمەویەکاندا بووە بە خەلیفەو پیاوانی چینی دەسەڵاتدار هەتا پاش خەلافەتی (المعتز بالله).

28–ئەم حەدیسە لەرووی مێژووەوە راست نیە, چونکە (سلمان)پێش (حسن) مردووە, بێجگە لەمەیش (سلمان)ی پرۆلیتارو خواناسی دوور لەماڵ و شکۆمەندی, چ باکی هەیە ئەم سیفەتە بۆ خەڵك بێت.. (حسن)یش بە (زۆر ژنهێنان) بەناوبانگ بوو.

30–پێش ئەمە لەبڕگەی 87ی بەشی دووەمدا هەمان رامانم لەبارەی (ثابت بن قرة)وە باسکردووە.

34–جثل: قژی پڕی لوول.

42–هەندێك سەرچاوە دەڵێن دەرمانخواردی کردووە, هەرچۆنێك بێت کوشتنی لەلایەن ژنەکەیەوە بووە, دەسەڵاتی ئەمیش تەنها 6 مانگی خایاندو لەتەمەنیشدا پیر نەبوو.

45–مەبەستی لەچڕی تاریکیە.

47–ئامارژە بۆئەو باوەرە دەکات کە ئیسلام چەسپاندوویە لەباسی (زکاة)دا: لە دەوڵەمەندانی شاریان‌و خێڵ وەردەگیراو بەسەر خەڵکی هەمان شار یان هەمان خێڵدا دابەش دەکرا.
پاشان ئەم سیستمە لەسەردەمی (معاوية) بە دواوە, پشتگوێخراو بوو بەم سیستمە: دەوڵەت خۆی (زکاة)ی کۆ دەکردەوە, پاشان دەخرایە (بیت المال)ی ناوەند (مرکزی)و دەچووە ژێر دەسەڵاتی خەلیفە.
لێرەدا: (ابو الخمرة الخارجي) لەخوتبەیەکی شاری (مدینە)دا دەڵێت:
ئەی خەڵکی (مدینە) ئەو 8 بەشەی کە خوا بۆ هەژارو بێوەژنی داناوە چیلێهات؟ پاشان نۆیەم هات کە هیچ بەشێکی نەبوو, دەستی گرت بەسەر هەموو بەشەکاندا (مەبەستی لەنۆیەم خەلیفەیە).
مەبەست لەوەڵامی (معاوية) ئەمەیە کە, بەرژەوەندی بەرزی دەوڵەت گرنگترە لەبەرژەوەندی (رەشەخەڵك).

59–ئەم (زیادکردنە) سەیرو عەجاییە بە هاوئاهەنگی لەگەڵ لێپرسراوو (کە فەرمانبەرێکی ئیسلامە) قەشەدا دەکرا.

63–مەبەستی لەوەیە تەنها ژن کوژراون نەیانتوانیوە بەرەنگاری پیاوان ببنەوە.
*اسافلهن دمی: لەنووسینەکانی ژناندا بەمجۆرە هاتووە, منیش لەمە بە باشی تێناگەم.

64–(اسحق المصعبی): بەرێوەبەری پۆلیسی بەغدا بووە لەسەردەمی (مأمون) و (معتصم)دا.
الاربـاع: کۆی (ربع): بەشێکە لەبەشەکانی بەغدا بۆ کاروباری پۆلیسی.
65–(ام عمارة): ژنە سەحابەیەکی (انصار)ەو بەشداری لەجەنگەکاندا کردووە لە (یمامة)ی جەنگی دژی (مسیلمة)دا دەستێکی نەماوە.

67–البعل: مێرد.

68–هەڵوێستی (علی) بەرامبەر ژن, لەرۆحی کۆمەڵگەی (باوکسالاری) –گەورەیی پیاو لە کۆمەڵدا– یەوە هەڵقولاوە, وە ئەزمونی تاڵی لەگەڵ عائیشەدا کاریتێکردووە, ئەمەیش کەلێن‌و خەوشێکی گەورەیە لە هوشیاری کۆمەڵایەتی (علی)دا.
*هەڵوێستی (معری)یش لەهەمان روانگەوەیەو بێجگە لەویش (معری) بەرامبەر ئافرەت ساردبووەو خەیاڵی خۆشەویستی و سێکسی نەبووە.

69–(ابو الشمقمق) شاعیرێکی کەم بەرهەم بوو, هاوچەرخی (بشار بن برد)بوو, یەکێکە لە (صعالك)ەکان.

70–(مزید المدنی او مزبد) کەسایەتیەکی قۆشمەو قسەخۆش بوو لەسەدەی 2ی کۆچیداو لە (مدینە)دا ژیاوە.

74–(ابن عربی) لێرەدا باسی ئەزموونێکی خۆی دەکات لەگەڵ (نظام)ی کچە فارس کە لە (مکة) بەیەکگەیشتوون و لەرۆح و دەروونیا عەشقێکی وەهای جێهێشتووە کە سەرتاپای ژیانی گرتەوە, (نظام) لەسۆفیگەریی (ابن عربی)دا بوو بە هێمای یەکگرتنی (هەستپێکراو – لەگەڵ رووت و هەستپێنەکراودا – المحسوس والمجرد), ئەم کچە دەبوو کە باسی (ابن العربی) کرابا ناوی ئەویش ببرایە, بەڵام تۆژەرەکانی مێژوو لەهزری ئەم قوتبە گەورەیە, خۆیان دوور ئەگرت لەم باسەو نەبادا خواپەرستییەکەی بڕووشێت کە (ولی)یەك بوو.
بەڵام ئەم بەهۆی هەستکردنی توندی بەجوانی, بووە بە (ولی), ئەگەر ئەمە نەبایە وەك هەموو ئیماندارێکی تری کۆمەڵگە دەبوو, سۆفیەکانیش خودا, بەهێمای (جوانی رووت – جمال المطلق) دەزانن, بەڵام ئەم جوانیە تەنها لەڕێگای (جوانی هەستپێکراو – الجمال المحسوس)ەوە تێیدەگەن.

83–(سێکسایەتی) زاراوەیەکە بەرامبەر (SEXISM) دامناوە ئەمە زاراوەیەکی تازەیە لە ئینگلیزیدا, ئاماژەیە بۆ دەمارگیری یەکێك لەژن و پیاو دژی یەکدی, بەڵام بەگشتی بۆ (دوژمنایەتی لەگەڵ ژن) دا بەکاردێت لەکۆمەڵگەکانی (باوکسالاری) هاوچەرخدا.

86–ئەم گوتەیە پشت بەوە دەبەستێت کە بۆ روودانی زینا (ئاوهاتنەوەی ناولەش) مەرجە بەرای ئیسلام, مەبەست لەحەرامکردنی زینا لەئیسلامدا رێکخستنی خێزانە لەرووی بنەچەی باوك و کەمکردنەوەی منداڵبوون و قەدەغەکردنی دیاردەی (زۆڵ)ە.
کەواتە ئەگەر بەشتێك (ئاو هاتنەوەی ناولەش) وەستا, مانای زینا نایەتەدی و (تحقیق) ناکات, دیارە سزای زینا لەشەرعدا جەڵدەو رەجمکردنە, ئەمەیش بەمانا (اباحیة)و بەرەڵایی نیە, چونکە ئەو تاوانەی کە هەموو مەرجەکانی بەتەواوی نەهاتوونەدی, سزاکانی ئەو تاوانە کەمترو سووکترە, بۆیە من بەدووری نازانم کە (ابو حنیفة) ئەم بۆچوونەی بووبێت, هەرچەند ئەم باسە لەبۆنەیەکدا هێنراوە کەسوکایەتیکردنە بە (ابو حنیفة) لەلایەن (شیعە)وە, گەلێك لەراوبۆچوونەکانی ئەم شەرعزانە (فقیە) مەزنە, لەلایەن نەیارەکانیەوە بەخراپی باسکراون و بەکارهاتوون.

94- ماف دۆستایەتی (ئافرەتی بێ مێرد) باوو پارێزراو بووە لەسەردەمی (جاهلی)و (سەرەتای ئیسلامیشدا) بەمەرجێك لە 1 هاوڕێ تێپەڕ نەكات, لەفەرهەنگی (محیط)دا هاتووە كە ئەو ژنەی زیاتر لەهاوڕێیەكی هەیە بە (الضنوط) ناوی بردووە, مانایشی باش نیە, واتە: خۆ هەڵكێشان, خۆپەرستی, فیشاڵ.

95- سەفەری 3 ڕۆژ بەپێی خێرایی هاتوچۆی كۆن كە زیاتر لە (100 كم)ە, واتە ژن بۆی هەیە بەتەنها سەفەر بكات بۆ دەرەوەی شارەكەی خۆی لەو ماوەیەدا. بەڵام كۆمەڵگە ئیسلامیەكان لەسەردەمی عەباسیەوە ڕێگەیان داوە بەدەرچوونی ژن لەماڵەوە بۆ بازاڕ لە شارەكەی خۆیشیدا!

3-109 بەیتی یەكەم لەدەستنووسێكی كتێبخانەی بەریتانی وەرگیراوە بەناوی (مناهج الانوار), بەڵام دوا بەیت لەمێژوونووسی بەغدا (مصطفی جواد)م بیستووە كەئەویش لەدەستنووسێكی لای خۆی وەریگرتووە. (سلمی بنت القراطسي) لەهیچ كتێبێكی كۆندا باسیم نەدیوە, بەڵام ئەم شیعرەی لەرووی هونەری و دارشتنەوە, گوزارشت لەشاعیرێكی پێگەیو (ناضج) ئەكات, گوزارشت لەكەسایەتیەكی ئازادی (ئەندەلوس) ئاسا ئەكات..

110- ئەمە پوختەی موحازەرەیەكی مامۆستا (عبدالمعین الملوحی)یە كەپسپۆرە لە شیعرەكانی (مسكين الدرامی)دا, بەرەزامەندی خۆی وەرمگرتووە.
من لەبرگەی 8 دا دژی (مسكين) و (مامۆستا ملوحی)م چونكە (هەقبەهەق – المقابلة بالمثل) بەڵگە نیە بۆ كردنی تاوان, بەڵكو تەنها ئەو بۆچوونە لەكاتی (داكۆكی لەخۆ – دفاع عن النفس)دا بوونی هەقە, ئەمەیش لەم پەیوەندییەوە دوورە.
(مسكی الدرامی) شاعیرێكی سەرەتاكانی (ئەمەوی)یە.

# بەشی پێنجەم

## هەمەجۆر

1-**چەند ئاشكرابوونيك –سەهرەوەردى شەهيد-:**

**فيكـر لـەدۆخى قودسـيەتيدا, ناسـكەو ئاسـوودەيى دەوێـت, مەڵبەندەكانى قودسيەتيش, نەفامان‌و جاهيلان پێى تێناخەن, ئەو جەسـتە تاريكانـە حەرامـە بچـنە مەڵبەنـدو (مەلەكووتـەكانى) ئاسمانەكان, خودا بە يەك بزانە, چونكە تۆ بەگەورەكردنى خودا پڕيت, يادو باسى خودا بكە, چونكە تۆ رووتيت‌و بەرگى (گەردوونەكانى ترت – الاكوان)نيە.**

**پەنهان بووم بەڕادەيەك گوتم ئاشكرا نيم, ئيستا**

**هێندەى گەردوونەكانى تر ئاشكرام,**

**كە دڵنيابووين ئێمە بەيەكناگەين,**

**ئەوكاتە بەخواست‌و مەرامەكانمان دەگەين**

**خودايە! با تارمايى من (طيف) لەم جيهانە چڕەدا ناسك بێت.**

2–**نزايەكى فەلسەفى –دەڵێن ئەفلاتون گوتوويە–:**

**ئـەى رۆحانيـەتى مـن (بەرۆحيـەتى بـالاْ)! بپـارێڕەوە لـەو هۆكـارەى كەتۆ ئەنجامى (معلول) ئەويت, بەو نيازەى ئەو هۆكارە –لەبرى من– بپاڕێتەوە لە (عەقڵى كارا– فعال) بۆئەوەى ژيانم‌و بوونم لەجيهانى (تركيب – ژيان)دا ميزاجم تەندروستبێت.**

**(اخبار الحكماء للقفطي)**

3–**چونكە دروستكرام (السوأل بن عاد):**

**بـەمردوويى خولقـام, پـێش ئـەو هـيچ نـەبووم, ئـەويش دەمرێـت, كەواتە بمرە لەو شوێنەى كە زيندوو كرايتەوە.**

4–**دنيا: (عبدالله بن عبدالاعلى الشيبانى) لەكاتى مردنا گوتوويە:**

هاتمە دنیا جاهیل بووم

لەژیانمدا سەرسام بووم

بەزۆریش لێی دەرکرام

5-مانای مردن (مەلا سەدری شیرازی):

هۆی مردن چڕبوونەوەی دەروونەو توندبوون لەوجودا.

6-(ابن السماك) شین بۆ (داود الطائي) دەکات:

داود خودا رەحمی پیبکات, لەدڵیەوە دەیڕوانیە بەردەستی کە بەشێکە لەقیامەت, چاوی دڵ بوو بە چاوی چاو, چما ئەوەی کە ئێوە تەماشای دەکەن, ئەو تەماشای ناکات, چما ئێوە تەماشای ئەو شتە ناکەن کە ئەو تەماشایدەکات. ئەی داود! چەندە بەرزیت لەناو خەڵکانی زەمانەکەی خۆتا, سیماو روخسارت لەخۆتا نهێنی بوو, سیماو روخسارت ئاشکرا نەبووە.

هێندە لەئاینتا شارەزا بوویت, خەڵکت والێکرد کە فەتوایان بۆ بدرێت, هێندە حەدیسی پێغەمبەرت دەزانی و دەبیست, خەڵکت والێکرد خۆیان قسەبکەن, هێندە خۆت کەڕ کرد لەگوتن, خۆیان هاتنە گوتن, نە لەسوڵتان بەخشیش وەرگرە, نە لەبرادەران دیاری, ئەوەی نەتویستووە چەندە پیسەو خۆیشت لێیان بێزار بوویت.

7-جەزبە (الوجد) للشبلی:

ئەی ئاواتی ئاواتخواز

بەتۆ مەشغوڵمو ئاگام لەخۆم نیە

(تەعجوب) لەخۆیشمو تۆیشدەکەم (مجنون)ی (عامر) عەشقی خۆی جاڕدا

منیش عەشقی خۆم پەرچانمە دڵم
بۆیە وا شادم, دەنگم زوڵاڵە حاڵو (وجد)
گەر لە قیامەت بانگکرا کوانێ عاشقان!
من گچکە پیاوی ئەو بارەگایەم, من پێشەنگیانم

**8-راوکردن بەسۆفیگەری ( سۆفیەك ):**

گوتیان بەسۆفیەك بۆ خەرقەکەت فڕێنادەیت؟
-ئەگەر راوچی تۆڕەکەی تووڕدا بەچی راوبکات؟

**9-یەکێك هاتەلای ( جنید البغدادی )و پێیگوت:**

-ئەمە چیدەکەیت .. ئەمە پیشەیەکەو ئێمە لێزانترین.
-بڕۆ خودا دەوڵەمەندترتکات.

**10-دڵی سۆفیان:**

(سعدون المجنون) چووە کۆڕی (ذو النون المصري) لە شاری (فسطاط)و گوتی: ئەی ذوالنون! کەی دڵ دەبێت بەئەمیر؟
-پاش ئەوەی ئەسیر بوو – دەبێتە ئەمیر؟
(ذوالنون): ئەگەر خەبەردار (ئاگادار) شتە شاراوەکانی زانی, لەدڵدا بێجگە لەخەبەردار هیچ نامێنێت.
قیڕاندیو گوتی:
سکاڵابردن بۆلای کەسێك سکاڵا چارە ناکاتو خێری تیا نیەو کە ئارامێشت لێبڕا بەناچاریی سکاڵا دەکەیت.

ئـەی (ابـا فـیض)! لـەناو دڵانـدا, دڵانێـك هـەن پـێش ئـەوەی گوناهبکەن, داوای لێخۆشبوون دەکەن.

(ذونـون)یـش گـوتی: ئەوانـە, ئـەو دڵانـەن کـە پـێش ئیتاعـەتکردن پاداشتیان پێئەدرێت.

11-(ابو حیان) سکاڵا دەکات:

هەتا کەی نانە رەقەو پاقلـەی رزیـو, هـەتا کـەی کراسـی پینـەکراوو هاتوچۆی کۆڵانەکانی (درب الحاجب) و (درب الرواسین), هـەتا کـەی نانـە رەقـی (چـەرم ئاسـا) بەزەیتوونـەوە؟ بـەخودا قـرخن بـووم‌و شێوازیشم گۆڕا, خودا... خـودا! من تێکشکاوم بمگـرەوە, خنکـاوم فریامکەوە – یـەکجار تینـوو تامـەزرۆم, سـەفەرکردن لەشـارێکەوە بـۆ شارێك, زەلیلی کردووم, هێندە وەستام لەبەر دەرگا سەرشۆڕبووم.

12-هەندێك نیزاو پاڕانەوە:

سوپاس بـۆ خـودا کـە, هێنـدە دوورە نابینرێت‌و هێنـدەیش نزیکـە چپە دەبیستێت.

13-محەمەد بە (انصار)ەکانی گوت:

ئێوە لەڕۆژی تەماعدا کەمن‌و لەرۆژی ترسدا زۆرن.

14-(علي بن ابي طالب) لەرۆژی (تحکیم)دا بەهاوڕێکانی دەگوت:

ئێـوە وەك ئـافرەتی دووگیـان بـوون, کـە سـکەکەتان پێگەیشـت, لەبارتان چوو, کۆرپەکەتان مردو ماوەیەکی زۆریش تینوو بوون.

15-( علي بن ابي طالب ) لەبارەی ڕووخۆشییەوە:

ئەو دارەی بنکی نەرمە, لقەکانی چڕوپڕن.

16-خەلیفەیەك بۆ بریکارێکی خۆی:

سکالاَکەرانت زۆرن

سوپاسکەرانت کەمن

یا خۆت چاککە یان بڕۆ

17-( ابو اسحق بن ثابت ) لەگەڵ خودا ئەدوێت:

ئـەی تـەنها کەسـەکەم! ئـەی دراوسـێ زۆر نزیکەکـەم! چـیت بـوو .. لێتوەرگرتمەوە, ئێستا من, من نیم!

18-( ابو حيان التوحيدی ) لەبارەی ( صاحب بن عباد )ەوە:

نـەفامیو گـەوجی ئـەو, دانـاییو حیکمـەتی خـودا ڕەتدەکاتـەوە, دەوڵەمەندی ئەو, واتلێدەکات کە بڕوات بە ڕازق نەمێنێت.

نـەفرەتی خـودا لەهـەژاری کـە جـوامێری شـێت دەکـاتو ئـاینیش عەیبدار.

19-( الصاحب بن عباد ):

پیاوێك لەلای (الصاحب بن عباد) بوو, (ابوحیان) لێی پرسی: (صاحب) چۆن بوو؟ ئەویش گوتی: وەك گەرمایە, كە لێی دەرچوویت بۆی ناگەڕێتەوە.

20-**وەزیرێك:**

(ابو العیناء) سكالآی خۆی بردەلای وەزیرێكی دۆستی, ئەویش گوتی ئیشەكەت لەلای (ابراهیم بن المدیر)ە, (ابو العیناء)یش رەخنەی لێگرت بە (بێتوانا) وەسفی كرد, وەزیریش پێیگوت: خۆت هەڵتبژاردووە.

من چ بكەم؟ موسا لەقەومەكەی 40 كەسی هەڵبژاردو كەسیان كارامەنەبوون, پێغەمبەر (عبدالله بن ابی سرح)ی هەڵبژارد بۆ كاتبی خۆی, خیانەتی لێكردو گەڕایەوە بۆلای (موشریكەكان), (علي بن ابي طالب) (ابو موسی الاشعری) كرد بەقازیو حوكمی خۆیدا.

21-**عەرەبێكی دەشتەكی:**

(أصمعی) لەگەنجێكی پرسی: حەز دەكەیت خاوەنی (5) هەزار درهەم بیتو گێلو نەفامیش بیت؟

ئەویش گوتی: نەء.

-بۆ؟

-چونكە ئەترسم تاوانێكی پێبكەمو ماڵەكەیشم بڕوات خۆیشم بەگێلی بمێنمەوە.

22-**حیكمەت لەبوونی مێش:**

مێشـێك (مەنسـور)ی زۆر پەسـتكرد لەكۆڕێكـدا, (مەنسـور) گـوتی: لەزانایان, كێ لەدەرەوە ماوە, با بێتـە ژوورەوە, (مقاتـل بـن سـليمان) هاتــەژوورەوە, خەليفــە ئــەم پرســيارەی لێكــرد: خــودا مێشــی بــۆ دروستكردووە؟

(مقاتل) كە دی خەليفە زۆر پەستبووە, گوتی:

بۆ ئەوەی زۆرداران و ستەمكارانی پێزەليل بكات.

## 23-مرۆڤ, نەك جلوبەرگ:

(معاوية بن ابي سفيان) (بجاد بن اوس)ی دی لـە عەبايـەكی شـڕی چڵكنداو لەسووچێكی كۆڕەكـەدا دانيشـتبوو, (بجـاد)يش خـەتيب و (بنەچەزان – نساب) بوو, (معاوية) بە چاوێكی سووكەوە تێیڕوانـی و (بجاد)يش هەستی پێكردو گوتی:

ئـەی گـەورەی موسـوڵمانان! عـەبا لەگـەڵ تـۆ نادوێـت بـەڵكو ئـەوەی عەبای پۆشيوە لەگەڵت ئەدوێت.

## 24-وەڵام:

وەفــدێك لــەحيجازەوە ســەردانی (عمــر بــن عبــدالعزيز)يانكرد, گەنجێكيان كردبوو بە زمانحاڵی وەفدەكە, ويستی قسە بكات, (عمر) گوتی: بێدەنگبە با يەكێكی بەتەمەنتر قسەبكات.

گەنجەكەيش گوتی:

ئارامبـه ئـەی گـەورەی موسـوڵمانان! مـرۆڤ بەنـدە بـەدوو شـتی زۆر بچوك: زمان‌و دڵی, ئەگەر بەتەمـەن بێـت, لـەم ئومەتـەدا, بـە (تەمـەنتر لەتۆ) زۆرن.

(عمر) گوتی: قسە بکە!

### 25-دزێکی کەشخەو قۆشمە:

فەرمانبەرێك پارەی دزی, والی پرسیاری لێکرد:

ئەی دوژمنی خودا بۆ پارەی خودا ئەدزیت؟

ئـەویش گـوتی: ئـەی پـارەی کـیٚ بخـۆم؟ بـەخودا زۆر لـە شـەیتان پاڕامەوە 1 فلسم پێبدات, نەیدا پێم!

### 26-وەڵام:

(غضـبان بـن القبعثـري) بـەهۆی پەیوەنـدی بـە بزوتنـەوەی (ابـن الاشـعث)ەوە لەبەندیخانـەی (حجـاج) دا بـوو, (حجـاج) رۆژێـك بـۆ کێشەیەك بانگی کردو پێی گوت: قەڵەو بوویت!

(غضبان) یش گوتی: زنجیر تەمەڵیە, یەکێك میوانی میربێت قەڵەو دەبێت.

(حجاج) گوتی: راستە گوتووتە بە (ابن الاشعث):

پێشـئەوەی حـەجاج بمکـات بـە ژەمـی ئێـوارەی, مـن ئـەو دەکـەم بەژەمی نیوەڕۆ؟

ئـەویش گـوتی: خـودا ئـەمیر باشـبکات, نـە لـەوەی بـۆم گوتـووە سوودم وەرگرتووە, نە لەو کەسەی دژی گوتوومە زیانم دیوە.

(حجاج)یش گوتی: راستدەکەیت.

### 27-کەرە یان قازی؟:

(ابو موسى المكفوف) هاتەلای فرۆشیاری وڵاخ‌و پێیگوت: کەرێکم دەوێت بچوکی بێبایەخ نەبیت‌و زلی بێهونەریش نەبێت, رێگا وەك ئاو ببڕێت, کە رێگە (ئیزدیحام) بوو ئاگای لەخەڵك بێت, خۆی نەدات بەکەندەڵانداو منیش هەڵنەدێرێت, ئەگەر ئالفی زۆربوو سوپاس بکات‌و ئەگەر کەمیش بوو سەبر بکات, کە تێتخوڕی تەکان بدات‌و ئەگەر خەڵکیش سواری بوو بخەوێت.

کابرای فرۆشیاریش گوتی:

ئەی (ابا عبدالله)! سەبر بکە هەتا خودا قازی دەکات بەکەر, ئەوکاتە پێویستیت جێبەجێدەبێت.

## 28-عەدالەت یان:

عەرەبێکی دەشتەکیان هێنایەلای قازی‌و ئەویش بەڵگەی (بێتاوانی) خۆی پێبوو, گوتی:

ئەوە نامەی کردارم, بخوێننەوە (ها کم اقرأوا کتابي – ئایەت)

ئەوانیش گوتیان: ئەمە بۆ رۆژی قیامەتە.

عەرەبەکەیش گوتی: ئەم رۆژە لەقیامەت خراپترە, چونکە لەقیامەتدا باشەکان‌و خراپەکانم پێکەوە دائەنێن, بەڵام ئێوە تەنها لەخراپەکان دەڕوانن‌و باشەکانتان پشتگوێ خستووە.

## 29-تووشبوون‌و تێوەگلان:

(فەرەزدەق) چامەیەکی کۆنی خۆی لەسەر (کمیت) خوێندەوە کە (کمیت) گەنجبووە, (فەرەزدەق) شیعرەکەی پێسەیر بوو, پرسی:

الفرزدق: ئەم شیعرەت پێسەیرە کوڕەکەم؟

**کمیت: بەڵێ مامە.**

**الفرزدق: پێتخۆشە باوکتبم؟**

**کمیت: باوکم نەء, بەڵام پێمخۆشە دایکم بیت!**

**فەرەزدەق دەیگوت: قەت بەمجۆرە تێوە نەگلاوم....**

**30-( معاویە ) بە ( عقیل بن ابي طالب )ی گوت:**

**ئێوە ئەی (بنی هاشم)! ئاڵۆش‌و چڵێستان تیا دەبینم,**

**ئەویش گوتی: بەڵێ ئێمە پیاوانمان بەئاڵۆشن‌و ئێوە ژنانتان.**

**31-دووانە:**

**(عبدالملك بن مروان) پرسی بە (عامر الشعبی) شەرعزانکرد:**

**چیە وا لاوازیت؟**

**ئەویش گوتی: لەمناڵدانا فشارم لەسەر بووە.(مەبەستی لەوەیە کە دووانە بووە)**

**32-لۆجیکی عەرەبێکی دەشتەکی:**

**بە عەرەبێکیان گوت:**

**-تۆ عەبا زۆر دەپۆشی؟**

**ئەویش گوتی: ئەو شتەی ببینیٚ‌و ببیسێت شایەنی ئەوەیە لەگەرماو سەرما بتپارێزێت.**

**33- پەرچدانەوە:**

دراوسێکانی (ابو الاسود الدؤلي) هەوادارو لایەنگری (ئەمەویە)کان بوونو ئەمیش لایەنگری (علي بن ابي طالب)، دراوسێکانی ئازاریان ئەداو بەردیان تێدەگرت، جارێك سکاڵای کردو ئەوانیش ئینکارییانکردو گوتیان:

خودا خۆی بەردتان تێدەگرێت.

(ابو الاسود) گوتی: درۆ دەکەن، ئەگەر خودابێت، ئەیپێکێتو هەڵە ناکات.

مەبەستی لەوەیە کە بەردەکان دەکەوتنە شوێنێکی ماڵەکەو زیانیان نەبوو.

### 34-قسەی ناشرینو جنێودان:

(ابن حمدون ندیم المتوکل) ویستی قەشمەری بەزانای سورەیانی (یوحنا بن ماسویە) بکات لە حزووری (متوکل)دا، (ابن ماسویە) پێیگووت:

لەتۆدا شوێنێك نیە کە عەقڵی تیا بێت وێڕای جەهل، پاشان سوێندی خوارد کە لە 100 ژیژکدا یەکێکیان لە (ارسطالیس) عاقڵترە.

### 35-باڵیۆزو ئەمیر:

باڵیۆزێك هاتەلای (قتیبة بن مسلم)و لەکاتی پێدانی نامەیەکدا، تڕێکی لێداو (قتیبە) لە تەریقیدا سەریداخست، پاشان سەری بەرز کردو گوتی:

تڕ لێدە (اضرط) لەبری بڵێ دانیشە.

باڵیۆزەکە گوتی: تۆیش لێتدا.

(قتیبە) گوتی: من ویستم بڵێم دانیشە

دیسان باڵیۆزەکە گوتی: هەردووکمان هەڵمانکرد.

(قتیبە) نارازیبوو گوتی:

من بەزارم هەڵەمکردو تۆ بە قنت.

**36-قسەی ناشرین و جنێودان لەنێوان ( عبدالملك بن مروان ) و ( عبيد الله بن ظبيان ) دا :**

عبدالملك: ئەمە چیە کەلەناو خەڵکدا بڵاوە؟

عبیدالله: خەڵك چی دەڵێن ئەی گەورەی موسوڵمانان؟

عبدالملك: دەڵێن تۆ ناچیتەوە سەر باوکت.

عبدالله: بەخودا من لەخورما بەخورماو لە قەلە رەش بەقەلەرەش باشتر دەچمەوە سەر باوکم, بەڵام ئەگەر حەز دەکەیت, من پێت دەڵێم کێ ناچێتەوە سەر باوکی خۆی؟

عبیدالملك: خاکبەسەرت کێ؟

عبیدالله: (سوید بن منجوف)ی ئامۆزام

عبدالملك بە 6 مانگی لەدایکبووە, دایکیشی بەوە تاوانبار دەکرا کە لەو گرتوویە.

**37-لەئەدەبی گاڵتەو لاقرتێ :**

سواڵکەرێك لەسەربانێك خەڵکی بانگدەکرد بۆ یارمەتیدانی, خاوەنی ماڵەکە بەسواڵکەرەکەی گوت: بمان بوورە دایکی مناڵەکان لێرە نین.

ئەویش گوتی: خودا باشتبۆبکات, من لەتە نانێکم دەوێت نەك ....ان.

38-**جنێودان و قسەی ناشرین:**

(خالید بن یزید) بە پیاوێکی (قریش)ی گوت:

–چونکە خۆت هیچنیت بۆیە بەکەم رازیدەبیت.

–ئەوەی لەمن کەمترە, ئەو کەسەیە کە دایکی براوەو خەلافەتی لێسەندراوەو کار لە بواری کیمیا دەکات و هیچیشی لێنازانێت.

*دایکی خالید شووی کردەوە بە (مروانی بن الحکم) کەپاش مردنی (یزید) خۆی کرد بە خەلیفە (تەماشای بڕگەی (42) بکە بەشی (4).

39-**لەنێوان (قم)و بەغدادا:**

(علوی)یەك چووەلای لەشفرۆشێك, لەپاش تەواوبوون گوتی: بێنە پارەکەت.

ئەویش گوتی: وازبێنە هەرچەند من خزمی پێغەمبەریشم....

لەشفرۆش گوتی: ئەو قسانە بۆ قەحبەکانی (قم) بکە, لای قەحبەی بەغدا ئەوە ناخوات.

40-**بەرەنگاری:**

یەکێك لەخاوەن کێڵگە گەورەکان بە (فرزدق)ی گوت:

ئایا ئەگەر زەمم بکەیت دەمرم؟

-(فرزدق) نەخێر.

-ئەی (عیشونة)ی کچم؟

-فرزدق: نەخێر.

خاوەن کێڵگە: دە من قاچم هەتا سەرم دەخەمە هینی خێزانت.

فرزدق: بۆ هەتا سەرت؟

خاوەن کێڵگە: بۆ ئەوەی بزانم چ دەکەیت؟

41-**لەئەدەبی قەشمەری – ابو القاسم البغدادی:**

برادەرێکی خەڵکی بەغدا بۆی باسکردم:

لەشەودا پێمنا بەشتێکدا گەرم بوو, دەستم لێدا نەرم بوو, بۆنم کرد بۆگەن بوو, تامم کرد تاڵ بوو, لەبەر چرا تەماشام کرد زەرد بوو ... هاوڕێ فلان ئەوە چیە؟ ئەویش گوتی: گووە.

42-**خەلیفە: عمر بن ابی ربیعه** ) چامە شیعرێکی بۆ (ابن عتیق) خوێندەوە, باسی چالاکی و لێزانی یەکێك لەو ژنانە دەکات کە توانیویە (عمر)و دۆستەکەی ئاشتبکاتەوە, (ابن عتیق) یش گوتی:

موسوڵمانان لەوکاتەی (عمر بن خطاب) مردووە, دەگەڕێن بۆ خەلیفەیەکی وەك ئەو ژنە گەوادەی تۆ بۆ ئەوەی کاروباریان ببات بەڕێوەو ئاشتەوایی بخاتە ناویان.

43-**قەشمەری:**

(اشـعب) لەنوێـژدا یـەکێکی لێـدا, پێیـانگوت بـۆ لەنوێـژدا تـڕ لێئەدەیت؟

گوتی: چ قینێك لەترسی خوا بێدەنگە؟

44-**قەشمەری – ابو القاسم البغدادی:**

تۆران لەپاش وەفا وەك تسە لەپاش بخوور.

45-**شتە خۆشەکان:**

(صاحب عبدالرزاق)ی بەتەمەن دەیگوت:

بۆ ئێمە تەنها 4 شتمان بۆ ماوەتەوە:

خواردنی گۆشتی وشك, خۆ خوراندن وەك گەڕ, خەڵك بەشـەڕدانو قسەکردن لەگەڵ دۆستو برادەراندا.

46-**لە فەلسەفەی دزان:**

(عثمان الخیاط) بۆ هاوڕێکانی ئەدوێت:

هەتا ئێستاش گـەلان یەکدی پێشێلدەکەنو ناوی دەنێن (غـەزا)و ماڵیـان تـالاَن دەکـەنو ئەمـەیش بـە باشترین کەسابەت دەزانـن, ئێـوە لـەتالانی مـاڵی زاڵمـانو خراپـەکاران بیانووتـان هەیـەو بڵـێن غەزایـە, وەك چۆن (خوارج)ەکان بەخۆیان دەڵێن ئێمە کڕیارین.

47-**دیسان ( عثمان الخیاط ):**

دز, حـاڵی لەدەسـەڵاتداری بـەرتیلخۆرو قـازی (مـاڵی هـەتیوخۆر) باشترە.

48-**ابو نواس:**

**دەوڵەمەندەکان کەخراپە دەکەن یان هاوڕێو نزیکی خەلیفەن, یان جەردەو ڕێگرن.**

**بەناوی زەکاتەوە خراپەو دزیدەکەن, وورگزلدەکەن چی خۆشە دەیخۆن.**

49-**بۆچوونی عەرەبێکی دەشتەکی لە پاڵ پەردەی (کعبە)دا:**

**خودایە! من سواڵدەکەم وەك دەمبینی**

**مێزەری خۆم لێبەستووە وەك دەمبینی**

**سکم لەبرسا قۆڕەی دی وەك دەمبینی**

**لەم قیسمەتە خودایە! چ دەبینی؟!**

**(المحاسن والمساويء للبيهقي)**

50-(**معاوین بن ابی سفیان**) **لە پیرێکی پرسی:**

**-لەدنیا چیت دی؟**

**-منداڵەو لەدایکدەبێت, خەڵکەو دەمریت, ئەگەر زاوزێ نەبێت کەس لەسەر زەوی نامێنێت, ئەگەر مردنیش نەبێت, جێگەیش نامێنێت.**

51- (**مسیح**) **مەسیحی نیە – النویری فی المام:**

باسی مەسیحیەکان دەکات و دەڵێت: ئاینی مەسیحیان گۆڕی بەئاینێکی دی, ئەمەیش ساختەکاری (پولص)ی جوولەکەی (تازە مەسیحی) بوو.

## 52-لەهۆڵی تاقیکردنەوەدا:

(ابو الحسن بن التلمیذ) پزیشکەکانی بەغدای تاقیدەکردەوە, لەهۆڵەکەدا پیرێك بەشداری ئامادەبوانی نەکرد لە (موناقەشاتدا).

(ابن التلمیذ): هۆی چیە شێخ بەشداری کۆمەڵینەکرد تاکو بزانین چی لەم پیشەیە دەزانێت؟

پزیشك: گەورەم گشت ئەو شتانەی باسیاندەکرد بەسەر مندا چەندین جار تێپەڕیون.

(ابن التلمیذ): ئەم پیشەیەت لای کێ خوێندووە؟

پزیشك: مرۆڤ کە گەیشتە تەمەنی من جواننیە لێی بپرسن کی قوتابیت بووەو کامیان زیرەك بوون, ئەو کەسانەی کە مامۆستای من بوون لەمێژەوە مردوون.

(ابن التلمیذ): ئەی پیر! ئەمە ئوسووڵەو عەیبنیە باسکردنیان, ئەمەیش با بڕوات, ئەی چ کتێبێکی پزیشکیت خوێندۆتەوە؟ پزیشك, سبحان اللە کەوتووینە چ زەمانێك گەنج چ پرسیارێك دەکەن, چیت خوێندۆتەوە؟... گەورەم بپرسە لەبواری پزیشکیدا چ کتێبێکت داناوە, چەندە گوتارو مەقالەت لەبارەی پزیشکەوە نوسیوە؟ ئەوکاتە خۆم دەناسێنم.

لەو کاتەدا پیرەکە هەڵساو چووە تەنیشت (ابن التلمیذ)و بەچپەوە پێیگوت:

گەورەم بزانە, من ئەوا لەم پیشەدا پیربووم, بێجگە لە زاراوە بەناوبانگەکانی پزیشکی لەبواری (تیمارکاریی – مداواة)دا هیچ شتێك نازانم, ژیانم بەمکارەوە گوزەراندووە, خێزانم هەیە, لەبەر خودای گەورە, کارەکەم بۆ بکەو لەناو ئەم کۆمەڵەدا ئابڕووم مەبە.

(ابن التلمیذ): بەمەرجێك ئەوەی نایزانیت دەرمانی پێنەدەیت, دەرمانی رەوانی نەدەیت بەکەس مەگەر زۆر نزیك بێت لەنەخۆشیەکەی.

پزیشك: من ئەمە پەیڕەومە, دەرمانەکانی من لە (سکنجبین و جلاب) تێناپەڕن (سکنجبین: شەرابێکە بەچەند مادەیەك دەگیرێتەوە – و)

## 53-ناوبژیکارێکی فاشیل:

(أعمش) و ژنەکەی تێکچوون, یەکێکی نابینای ناردەلای ژنەکەی بۆناوبژی کە قسەزان و رەوانبێژ بوو, بۆ ئەوەی نارد کە لەژنەکەی بگەیەنێت کە (اعمش) لەناو خەڵکدا پلەو پایەی بەرزە با ئەویش رێزی لێبگرێت و ژنەکەیشی جوان بوو.

کوێرەکە بەژنەکەی (اعمش)ی گوت:

ئەی (هناء) ئەم پیاوە گەورەی ئێمەیە, ئەم بناغەی ئاین و حەڵاڵ و حەراممان فێر دەکات, خودا بەختی باشکردووی, گوێمەدە چاوی کوتوکوێرو قاچی شەلی.

(اعمش) زۆر لەکابرای نابینا تووڕەبوو پێیگوت: ئەی کوێری ناشرین! خودا وەك چاوی کوێر کردی, دڵیشت کوێر بکات, هەموو عەیەبکانی منت بۆ باسکردووە!

## 54-كارى بەئارەزوو يان بەزۆر:

(شريك بن عبداللـه) لەسـەردەمى (مەهـدى)دا بـەزۆر كـرا بـە قـازىو چـەند پۆليسـێك بـۆ سانسـۆرو (ناچـاركردنى) بـەكاركردن) لـەنزيكى دانران, پاشان كە كارەكەى لەلاخۆش بوو پۆليسەكانيان لابرد.

رۆژێك (سفيان الثـوري) هاتـەلاىو بـۆ رێزگـرتنى هەڵسا لەبـەرىو پێيگوت:

ئەى (ابا عبدالله) چيت پێويستە؟

سفيان: بەڵێ پرسيارێكم هەيە.

(شريك): خۆت زانايت پێويستيت بەمن هەيە؟

سفيان: حەز دەكەم بتدوێنمو پرسيارت لێبكەم.

شريك: فەرموو.

سـفيان: ئەگـەر ژنێك هاتەبـەر دەرگـاى يـەكێكو دەرگـاى لێـوەكردو رێككەوتنو جوتبوون, كاميان سزا ئەدەيت؟

شريك: پياوەكە, چونكە بەزۆر بووە.

سـفيان: ئـەى ئەگـەر بـەيانى هـەمان ژن هاتـەوەو خـۆى تاسـو لووسدابوو, هاتەوەبەر هەمان دەرگاو دەرگاى بۆ خرايە سەر پشتو وەك دوێنێ جوتبوونەوە كاميان سزا ئەدەيت؟

شـريك: هـەردووكيان, چـونكە جـارى دووەم بەهەوەسـى خـۆى هاتووە, لەوەيش ئاگادارە كەدوێنێ چى بەسەر هاتووە.

سـفيان: ئەوكاتـەى پۆليسـت بەسـەرەوە بـوو, بيـانووت بـوو, ئـەى ئێستا چ بيانوويەكت هەيە؟

## 55-زنجیرەی فەساد:

(بدیع الزمان الهمدانی) جارێك گوتبووی:

(زەمانـەو رۆژگـار گەنـدەڵو خـراپ بـووە, بەڕادەیـەك جوانکـاریو ڕەوانبێژیشمان شێواوە)

(ابن فـارس)ی مامۆسـتای بـەهۆی ئـەو گوتەیـە گلـەیی لێکـردووەو بەمجۆرە وەڵامیداوەتەوە:

شێخی ئیمام دەڵێت: زەمانە خراپ بووە, ئەی بۆ ناڵێت: کەی باش بووە؟ ئەوە دەوڵـەتی عەباسـی بـوو خـۆمـان سـەرەتاو کۆتاییمـان دی, ئـــەی ســـەردەمی (مروانیـــە)کان خـــۆ پڕبـــوو لـــەدەرکردنو لێـــدانو ملشکاندن.

*سەردەمی هاشمیەکانیش, ئەوە (علی) بوو گوتی:

خۆزگە هەموو هاوکارانم دەگۆڕی بەخێڵی (بنی فراس).

*ئەوە سەردەمی (امویـە)کان بـوو: بـریتی بـوو لەسـوپا کۆکردنـەوە بۆ سەر حیجازو ترسو تۆقاندن بوو.

*ئەوە (ئەمارەتی) عەدەوی بوو کـە سـەرۆکەکەی دەیگـوت: ئـەوەی هات هەموویان بردو خۆ لەئاسمانیش نابارێت.

*ئەوە سەردەمی خەلافەتی (تیمیە)بوو کـە سـەرۆکەکەی دەیگـوت: خۆزگەمان بەسەرەتاکانی ئیسلام.

*ئەوە سەردەمی پێغەمبەر بوو, کە لەرۆژی (فتح)دا دەگوترا: ئەی (فلانە) بێدەنگبە ئەمانەت نەماوە.

*ئەوە سەردەمی (جاهلی) بوو (لبید) دەیگوت: ئەوانـەی کەسـایەو پەنای خەڵك بوون, نەمان, ئێستە رۆژی ئەوانەیە کە گەڕو گولن.

*ئەوە پێش ئەو برای (عاد)یش دەیگوت:

ولأتێك بوو ئێمە تیا دەژیاین‌و خۆشمان دەویست, ئێستایش خەڵك هەر خەڵکەو زەمانەیش هەمان زەمانەیە.

*ئەوە پێش ئەمیش: دەگێڕنەوە لە (ئادەم)ەوە:

ولأت‌و ئەوەی تیا دەژین, گۆڕاون‌و ڕۆخساری زەوی چڵکن‌و پیسە.

*ئەوە پێش ئەمیش: مەلائکەکان گوتیان بەخودا: خەڵکانێك دەخەیتە سەر زەوی کە (فەساد)ی تیا دەکەن‌و خوێنی تیا دەڕێژن.

کەواتە خەڵك خراپ نەبوون, بەڵکو پێوەر گۆڕاوە.

(واتە: هەر خراپ بووگن –و), ڕۆژگارەکان ڕەش نەبووگن بەڵکو ڕەشی‌و تاریکی درێژ بۆتەوە.

56-**دوا خۆشیەکان:**

گوتیان بە (ولید بن یزید) چ خۆشیەك ماوە؟

گوتی: لەشەودا قسەکردن لەگەڵ برادەراندا‌و لەمانگەشەوداو لەسەر گردۆڵکە خۆڵەکان.

57-**گفتوگۆ لەبارەی شتە خۆشەکانەوە:**

هەواڵیاندا بە (ولید بن یزید) کە کەسێك هەیە بەناوی (شراعة بن الزیدرود) کۆڕو قسەی زۆر خۆشەو ناردی بەشوێنیاو ئەم گفتوگۆیە کرا:

**ولید: تۆم بۆ باسی کتێبو حەدیس بانگنەکردووە.**

**شراعة: منیش پیاوی ئەوە نیم.**

**ولید: باسی قاوەم بۆ بکە.**

**شراعة: هەموو شتباسبکە ئەمە نەبێت.**

**ولید: ئەی لەبارەی شەرابەوە.**

**شراعة: ئەمە چیە باسی دەکەیت!**

**ولید: ئەی باسی ئاو؟**

**شراعة: منیش و هێستریشو کەریش تیا هاوبەشین.**

**ولید: ئەی شەرابی مێوژ.**

**شراعة: سەرخۆشییەو ئازار.**

**ولید: ئەی شەرابی خورما؟**

**شراعة: گشتی باوبژەو ترە.**

**ولید: ئەی شەراب؟**

**شراعە: خوشکی رۆحمەو هاوڕێی دەروونم**

**ولید: ئەی گۆرانی؟**

**شراعة: گۆرانی هێورتدەکاتەوەو خەفەتت کەمدەکات, لەبری خەم گەمەو خۆشی نوێدەکاتەوە, لەکاتی تەنهاییدا وەك هاوڕێیە, بۆ عاشقو تەنهایی فێنکی دڵە, خەیاڵێکی خۆشەو مرۆڤ کاتی بەسەر دەبات, بەخێرایی تەزووی خۆشی بە جەستەی مرۆڤدا بڵاو دەبێتەوە.**

**ولید: چ کوڕێك بۆ تۆ لەهەموو کوڕێك خۆشترە؟**

**شراعە: لەژێر ئەم ئاسمانەدا شوێن بۆ من نیە بێ ئازار بێت.**

**ولید: ئەی رات بۆ خواردن چیە؟**

شراعة: خاوەنی خواردن چی بوو لەماڵدا, دەیخوات.

**58-ئەو پیلانەی ئاشکرایە – لە (عبدالله بن عیاش)ەوە:**

رۆژێك لەکۆڕی (مەنسور)دا بووین و گوتی: ئەو کەسەی 3 زاڵمی کوشت پیتی یەکەمی (عین)ەو پیتی یەکەمی ئەو 3 کەسەیش (عین)ە کە کوژران.

منیش گوتم بەڵێ: (عبدالملك بن مروان), (عمرو بن سعید) و (عبدالله بن زبیر) و (عبدالرحمن بن الاشعث)...

مەنسور گوتی:

ئەو خەلیفەیە دەناسن پیتی یەکەمی (م)ەو (3) زاڵمی گەورەی کوشتبێت کەپیتی یەکەمیان (عین)ە.

منیش گوتم: بەڵێ جەنابی گەورەی موسوڵمانان! (عبدالرحمن بن مسلم) و (عبدالجبار بن عبدالرحمن) و (عبدالله بن علی) مامت کە خانوو بەسەریا رووخا.

لێرەدا (مەنسور) ناڕازی بوو گوتی من چ گوناهێکم هەیە کە خانوو بڕوخێت بەسەریا؟

(ابن عیاش) گوتی: گوناهت نیە...

*(عبدالله بن علی) مامی مەنسور بە پیلانی (مەنسور) کوژرا.

**59-خۆگریی:**

پیاوێك هاتەلای خەلیفە (مأمون) سکاڵای حاڵی خۆیدەکردو دەیگوت: پیرێکی بەتەمەنم توانای کارو کاسبیم نەماوە, زۆر پێویستیم بەئاگاداری چاوی رەحمی خەلیفەیە, لەوکاتەدا کەباسی

حـالّى خـۆى بـۆ دەكـرد, ترپێكـى لێـداو گـوتى: ئـەى گـەورەى موسـولّمانان! ئەمـەيش شـتە سـەيرو (عەجاييبـەكانى) زەمانەيـەو كارەسـاتەكانى رۆژگـارەو ئەمـەيش كەلـەمن روويـدا زۆر لەجێگـەى خۆيدا بوو...

(مأمون) روويكردە ئامادەبوانى كۆڕەكەى‌و گـوتى: هـەرگيز پيـاوى وەك ئەمە دڵبەهێزو خۆڕاگرو هەناسە درێژم نەديوە.

### 60-شارستانيبوونى سەگ – دەڵێن (عمر بن الخطاب) گوتوويە:

ئەوەى شارەزا نيە دەڵێت سەگ لە شێرە, ئەگەر وابايە تێكەڵى مـرۆڤ نـەدەبوو دەگەڕايـەوە بـۆلاى دڕنـدەيى, ئێسـتا سـەگ دۆسـتى‌و ئولفەتى لەگەڵ گوندو ماڵدا هەيەو پەستە بەدەشت‌و چياو حـەزى لـە خانوو كۆڕەكانى مرۆڤە.

*(ابن المرزبان)يش دەڵێت:

چـۆن وانيـە .. ئەوەتـە ناخـەوێت لەسـەر زەوى, كـە بـەڕەيان سەرينێكى دى, لەسـەرى دائەنيشـت, دەيبينين هەميشـە بۆ شوێنى پاكوخاوێن‌و بالاَى كۆڕ ملدەنێت.

(فضل الكلاب)

### 61-كە بەغيل فەلسەفە دەكات – (الجاحظ):

پرسيم لە (حزامى), ئايا حەز دەكەيت پێت بڵێن بەغيل؟

ئەويش گوتى: خودا ئەم ناوەى پێنەداوم.. كە گوتيان بەغيل, واتە ساماندار, كەبووم بە ساماندار چيم پێدەڵێيت بيڵێ.

گوتم: خۆ ئەگەر سەخی دڵفراوانیش بوویت هەر پێت دەڵێن سامانداری .... خودا: بۆ ناوی سەخی, سامانو سوپاسی داناوە, بۆناوی بەغیلیش سامانو زەمی خەڵك, (حزامی) پەرچیدامەوەو گوتی: جیاوازی بەغیلو سەخی زۆرە, کە دەڵێی بەغیل, بەواتای دەرنەچوونی ماڵو مانەوەی لەلای من, بەڵام کە دەڵێی سەخی بەواتای دەرچوونی ماڵ لە موڵکداری من, سامانیش دەگمەنەو سوودی هەیە بۆ خاوەنەکەی, بەڵام سوپاسکاریو ریاکاری خەڵك فریودانەو لەخۆبایی بوون, سوپاسو مەمنویەت سکێکی برسی تێر ناکاتو پشتێکی رووت پۆشتە ناکات, جگە لەمەیش سەرگەردانی خێزانو پێخۆشبوونی دوژمنە.

62-**ئامۆژگاری بۆ دزانی کارامە** – (**عثمان الخیاط**):

دەخیلتانم لەخۆشەویستی ژنانو گوێگرتن بۆ عودو خواردنەوەی شەرابی مێوژی کوڵاو دوورکەون, هەتیوێك راگرن چونکە لەبرا باشترو هاوکارترو بەسوودترە بۆ تۆ لەئامۆزات, شەرابی خورما بخۆنەوەو سەمتوور لێدەنو پێشینانئاسابن, مەزەتان پاقلە بێت, ئەگەر توانیتان فستق بخۆنو (ریحانەی شاهسفرم)و یاسەمین هەڵگرن, لەبری مێزەر دەمامك بپۆشن, کڵاو کفرەو پێڵاوی چەرم (شیرك)ە.

با گاڵتەوگەپت لە حەمامو شەرە سەگبێت, نەکەن نزیکی شەرە بەرانو گەمەکردنی هەڵۆو شەهێن بکەونەوە, لەشێرو کەڵەباب نزیك بن, چونکە لەمانەوە فێری سەبرو فریاکەوتنو خۆ ئامادەکردن کاری چەکدەبن, ئەمانە زەوقو کەشخەی ئازاکانن.

**گەمەی تاوڵە بکەن و دووربن لە شەتڕەنج چونکە شەتڕەنج پیاوی خۆی هەیە، یاری تاوڵە بەدووزار بکەن، (ودع)یش سەرمایەی گەورەیەو سوودەکانی زیرەکی و کارامەیی پێویستە.**

**63-سترانبیژی چاك – یەکێکیان گوتوویانە:**

**پرسم بە (ابن سریج)ی سترانبێژ کرد: خەڵك لەبارەی گۆرانیەوە دەڵێن: فلان راستدەکات، فلان هەڵە دەکات .. فلان جوانی گوت، فلان خراپی گوت و مەبەستیان لەم رستانە چیە؟ ئەویش گوتی:**

**مەبەستیان لە: راستدەکات و جوانی گوت ئەمەیە کە، گۆرانیبێژ ئاوازەکان تێربکات و قورگ و هەناسە پڕبکات و کێشی شیعرەکان راستبکاتەوەو ووشەکان قەبە بکات، ئاگاداری (گرامەر)بێت و (ئیعرابەکان) راستبکاتەوە، شارەزای ئاوازە درێژەکان بێت و پڕیانبکاتەوە، بڕگە کورتەکانی ئاوازیش بەباشی بڵێت، جۆرەکانی ئاوازیش بەباشی بزانیت و یەکیانبخات، لەشوێنی شیاودا دەنگەکان بدزێت بۆ شوێنی باشترو شیاوتر.**

**ئەم قسانەی (ابن سریج)م نیشانی (معبد)داو گوتی: ئەگەر قورئانێك لەبارەی گۆرانیەوە نازڵ بێت، هەرگیز لەمە باشتر نابێت.**

**64-لەشتە ناوازەکانی شەرعزانەکان:**

**شەرعزانێك هاتەلای (مەهدی)و گوتی: مژدەیەکم لایە کە دەسەڵاتی ئەو 30 ساڵ بەرقەراردەبێت، مەهدی لێی پرسی: بەڵگەت چیە؟ ئەویش گوتی: ئەمشەو لەخەودا دەیبینیت، پێشبینی شەرعزانەکە هاتەدی و مەهدی لەو خەوەدا هەستیکرد کە 30 ساڵ دەسەڵاتی دەوڵەتی دەوام دەکات، لەرۆژی دواییدا مەهدی کردی بەقازی.**

کەهاوڕێ تایبەتەکانی قازی, لەبارەی ئەو نهێنیە پرسیاریانلێکرد, گوتی:

ئێوە ئەم شتە نائاساییانە نازانن‌و گوتی:

کە ئەم هەواڵەم پێدا, زەین‌و خەیاڵی پێوە (مەشغوڵ) دەبن‌و پێش خەوتن بیری لێدەکاتەوەو دیارە لە خەویشدا دەیبینێت.

*دیارە خەلافەتی مەهدی کەمتر لە 8 ساڵی خایاند.

(الاذكياء/ لابن الجوزي)

65-**خوێن‌و درهەم:**

عەرەبێکی دەشتەکی هاتەلای (عبدالله بن زبير) لە مەکە, لەوکاتەدا (عبدالله) خۆی بۆ شەڕی (اموی)یەکان ئامادە دەکرد, بە(عبدالله)ی گوت کە ئەمیش ئامادەیە بەرامبەر مووچەیەکی ئاسایی, شەڕی بۆ بکات.

(عبدالله) پێیگوت: لەپێشەوە بچۆرە جەنگ.

عەرەبەکەیش گوتی: خوێنی من نەختە درهەمی تۆ قەرزە.

پاشان نەچوو بۆ جەنگ.

66-**نموونەیەك لەوەرزش – (الجاحظ في كتاب البرصان):**

یەکێك ناوی (علاء بن الوضاح) بوو, مێخێکی ئاسنی بەزەویدا دائەکوتاو قاچی چەپی پێوە ئەبەست‌و قاچەکەی تری دەخستە (ئاوزەنگی)و بازیئەدایە سەر پشتی ئەسپ, جارێك دەماری قاچی پسا.

67-**نوکتە:**

خەلیفە (مەنسور) برادەرێکی (کۆلکە شەرعزانی) بوو (زهر السمان) لەپاش بوونی بەخەلیفە, ناردی بەشوێنیاو 4 هەزار درهەمی پێدا, ساڵی دووەمیش هاتەوەو 4 هەزاری تری پێدا.

لەپاش 3 ساڵ جارێکی دی هاتەوەو بەخەلیفەی گوت بیستوومە نەخۆشیتو هاتووم سەردانت بکەم, ئەویش 4 هەزاری تری پێدا, بەفشاری منداڵانو خێزانەکەی جاری (4)ەم رۆیشتەوە لای خەلیفەو پێیگوت: بیستوومە یەکێك لە ناوەکانی خودا لای تۆ هەیە, هەرکەس بیلێیت بە ئاواتەکانی دەگات, خەلیفەیش گوتی: خوێندنی ئەو ناوە سوودی نیە .... ئەوە چەند جارە من دەیخوێنم کە تۆ نەگەڕێیتەوە بۆلامو قبوڵیش نابێتو ئەوەتا هەر دێیتەوە.

## 68-گیانی یاخیبوون لەکوردا:

یەکێك ئەم ئایەتەی خوێندەوە:

(علیها ملائکة غلاظ شداد یعصون الله ما أمرهم ولا یفعلون ما یؤمرون) واتە: بەرپرسەکانی دۆزەخ چەند مەلائیکەیەکی زۆر دڵڕەقو بێ بەزەیین, ئەوەی خودا ئەمریان پێدەکات نایکەنو بەهەوەسی خۆیان کاردەکەن.

یەکێك لەئامادەبوان بەپلارەوە گوتی:

ئەوانە کەی مەلائیکەن, ئەوانە کوردن.

(محاضرات الراغب)

## 69-عەرەبێکی دەشتەکیو میرێك:

(قتيبة بن مسلم الباهلي) بەسەيران چوو بۆ دەشت, پياوێك هاتەلای‌و پێیگوت: لە چ عەشرەتێکی؟

ئەویش گوتی: لە (عبدالقیس)م, قوتەیبە گوتی:

ڕەچەڵەکت لاوازە, کابرایش بە (قتيبة)ی گوت ئەی تۆ؟

گوتی: من (باهلی)م, کابرایش گوتی:

پیاوی وەك تۆ بەمن دەڵێت ڕەچەڵەکت لاوازە؟ خۆ تۆ لەخێڵی تەمەڵ‌و بێدەسەڵاتیت.

قوتەیبە گوتی: حەز دەکەیت میر بی‌و (باهلی), ئەویش گوتی: خەلیفەیشم ناوێت, قوتەیبە گوتی:

ئەی سامانی زۆرت ببێت؟ گوتی: ئەوەی لەبەرخۆرە نامەوێت, ئەی ئەگەر بچیتە بەهەشت؟

کابرا سەری شۆڕ کردو گوتی: ئەگەر بەهەشتیەکان ئاگادار نەبن!

*خێڵی (باهلی)یەکان بەتەمەڵ بەناوبانگن.

## 70-ڕەچەڵەکی پچڕاو:

(ابو العيناء) نابینا بوو, پیاوێك سڵاوی لێکرد,

(ابو عینا) لێی پرسی: کێی جەنابت؟

ئەویش گوتی: یەکێك لەکوڕانی ئادەم.

ابو العيناء: مەرحەبات لێبێت! من وامدەزانی ئەم ڕەچەڵەکە پچڕاوە.

## 71-سەری کەڵەشێر:

(سـهل بـن هـارون) چـەند كەسـێكی دەعـوەتكرد بـۆ سـەرخوان، مریشـكی بـۆ سـەربڕیبوون، خۆیشـی بەقاپەكانـدا دەگـەڕا بەشـوێنی سەری مریشكداو دەستی نەكەوت، لـە (ئاشپەز – طباخ)ی پرسـیو گـوتی فڕێمـداوە، ئـەمیش تـووڕە بـوو، گـوتی مـن بەفڕێـدانی رانو سـنگی رازی نـابم ئـەی بۆسـەری چـۆن رازی دەبم، سـەری جێگـەی (چـوار هەسـتەكەیە)، بەسـەری دەنگـی هەیـەو رێـزی بەەنگیەوەیـە، سـەری جێگـەی چـاوەكانیەتی كەبەنموونـە دەڵـێن: شـەرابێكە وەك چاوی كەڵەشێر! لەسەریا شتی موبارەك هەیە، دەماخی زۆر عەجیبـە بـۆ ئـازاری گورچیلەكان، ئێسـكی سـەری نـەرمترین ئێسـكە، ئەگـەر جەنابت ئارەزووی ناكەیت، بزانە لەكوێیە؟

ئاشـپەزەكە بۆجـاری دووەم گـوتی: نـازانم، بـەڵام (سـهل) گـوتی: بەخودا ئەزانم لەكوێدایە.. فڕێی داوەتە ورگی.

72-( **علوی** )**یەك بە پیاوێكی گوت:**

**تۆ دەبێت هەموو رۆژێك 5 جار بێژی:**

(اللـهم صـلی علـی محمـد وعلـی ال محمـد)... پیاوەكـەیش گـوتی ئەمەیش دەڵێم: (وعلی الطیبین الطاهرین) و تۆیشی لێدەر دەكەم.

73-**عەرەبێكی دەشـتەكی** هاتـەلای (سـوار)ی قازیو گـوتی باوكمـان مـردووەو مـنو برایـەكی بـەپاش لـەجێماوە، لەلایـەك 2 هێڵـی كێشـا، لەلایـەكی دوورتـر دوو هێڵـی تـری كێشـاو لەبـەینی هەردووكیانـدا منداڵی (ناڕەسەن)ی داناو گوتی: ماڵی چۆن دابەشدەكەیت؟

قازیش گوتی: بەسەر 3 کەسدا بەیەکسانی دابەشدەکرێت, کابرای عەرەبیش گوتی وابزانم لێمنەگەیشتووی, دیسان قازی گوتی بەسەر 3 کەسـدا بەیەکسـانی دابـەش دەکرێـت, کـابرا گـوتی: (ناڕەسەنە)کەیش وەك ئێمە وەردەگرێت؟ قازیش گوتی: بەڵێ.

کابرا گوتی بەقازی: وادیارە باش دەباخ نەکراوی.

*ناڕەسەن: منداڵێکە لەدایکێکی نا عەرەب.

74-( **حطيئة** ) **لە سەرە مەرگدا :**

– ئەی (ابو ملكية) وەسیەت بکە!

–بەڵێ, بڵێن بە (شماخ), من شاعیرترین کەسی عەرەبم.

–ئەی بۆ هەتیوەکان؟

–لەسواڵکردندا چەندو چوون نیە.

–فلاّن کەسی کۆیلە ئازاد بکە.

–هەتا لەسەر زەویە عەبدە, کەچووە ژێر زەوی ئازاد.

–تۆ کچت هەیە وەسیەت بکە.

–ماڵم بۆ کوڕە نەك کچ.

–خودا وای نەگوتووە.

–من دەیڵێم!

–ئەی بۆ هەتیوەکان چ دەڵێی؟

–ماڵی خۆیان بخۆنو دایکیان...

لەکۆتاییدا (حطيئة) گوتی:

بمخەنەسەر کەرێك (خۆ هەرگیز جوامێرێك لەسەری نەمردووە).. خەفەتم بۆ شیعرە, کە بەخراپی دەیگێڕنەوە.

75- **پرسیان لە (مزبد المدنی): چەندە (ابوبکرو عمر)ت خۆشدەوێت؟**
-خواردن لەدڵما خۆشەویستی کەسی جێنەهێشتووە.

76-**دیسان پرسیان لە (مزبد): ئایا پیاوی تەمەن 80 ساڵ منداڵی دەبێت؟**
-بەڵێ .. ئەگەر دراوسێی 30 ساڵی ببێت.

77-**پیاوێك بۆ نوێژ چووە مزگەوت و (مزبد)یش خەوتبوو, کابرا گوتی: خودایە ئێمە نوێژ دەکەین و ئەمەیش خەوتووە.**
(مزبد)یش پەرچیدایەوەو گوتی:
ئەی ساردو بێ زەوق! داوای پێداویستی خۆت بکەو دژی ئێمە هانی مەدە.

78-**دژی هەڵپەرستی:**
کەلەسەرکار لابرا, من لەگەڵیدام
لەکاتی گەورەییشدا توخنی ناکەوم

79-**لەوەڵامە دەمکوتکەرەکان:**
پیاوێك لەلای (سوار)ی قازی بوو پرسیاریلێکرد: ئیشت چیە؟
-منداڵ فێری ئەدەب و خوێندەواریدەکەم.
سوار: شایەتیت قبووڵ نیە.
-بۆ؟

سوار: چونکه تۆ بۆ فێرکردنی قورئان کرێ وەردەگریت.

-تـــۆیش وەك مـــن لـــەجیاتی کـــاری قازییـــەتی موســـوڵمانان کرێوەردەگریت.

سوار: من بەزۆر دایاننناوم.

-: بـەزۆر دانراویـت قازیـەتی بکـەیت, بـەڵام زۆرت لێناکـەن کـرێ وەرگریت.

سوار: وەرە, شایەتیەکەت بدە!

80-**ئارەزووەکان بە پێی تەمەن – احیاء علوم الدین/ غزالي:**

گەنج لەوانەیە نەتوانێت زینا نەکات, کە گەورەو عەقڵی کامل بوو, ئـــەتوانێت, بـــەڵام هەڵپـــەی ناوبـــانگ‌و دەســـەڵات لەگـــەورەبوون‌و تەمەنزۆریشدا کز نابێت.

81-**باسی شارێك:**

یـــەکێك باســـی کرمـــان (سجســـتان) دەکـــات کـــە ئـــاوی ســـازگارە, خورمـــای بچـــووکە, دزی پاڵەوانـــە, بەســـوپای کـــەم, بـــزر دەبـــن, بەزۆربوون, برسی دەبن.

82-**دڵنیایە:**

(ابـو العتاهیـە) هەرچـەند خـۆی وای دەرئەخسـت کـە خواناسـێکی باشەو حەزی لەوەعزو ئامۆژگاریکردنە, بەڵام تەماعکارو بەغیل بوو, سواڵکەرێك چووەلای‌و پێیگوت: تۆ ئەوە نیت کە گوتووتە:

بەشی هەموو زیندوویەك لەماڵی دونیا تـەنها كفنـە, پاشـان گـوتی: تو خودا چیت هەیە ئەیدەیت بەكفن؟

–نەخێر.

–ئەی چەندت بۆ كفنەكەت داناوە؟

– (5) درهەم.

–كەواتە لەوەی كەهی تۆ نیە (1) درهەمم پێبدە.

–نایدەم.

–گۆڕ بە 3 درهەم هەڵدەكەنن, دە تۆ (1) درهەمم پێبدە من دڵنیـات دەكەم كەمردی خۆم گۆڕت بۆ هەڵدەكەنمو 2 درهەم قازانج دەكـەیت, ئەگـەر هەڵیشـم نەكەنـد لـە كەفیلەكـەم 1 درهەمەكـە وەربگرنـەوە بـۆ وەرسەكەت.

–(تەریق بووە) بڕۆ لەعنەتی خودات لێبێت.

بــەئامادەبوانی كوڕەكــەی گــوت: ئــا لەبــەر ئەمانــە خێــرم حەرامكردووە.

ئەوانیش گوتیان: كێ خێری حەرام كردووەو كەی؟!

83-**شەرم لەساڵ – فی البدیع لابن المعتز:**

پیـاوێكی ئـەدیب لەگـەڵ هاوڕێكانیـدا دەیـانخواردەوەو كوڕیـان دەگرت, جارێك دەعوەتیانكرد نەڕۆیشت, پێیانگوت بۆ نەهاتی؟

–دوێنێ تەمەنم بووبە 40 ساڵو لە ساڵ شەرم دەكەم.

84-**چەكی هێرش – في شرح نهج البلاغة:**

یەكێك لە (عەلی) پرسی: بە چ شێوەیەك لەگەڵ دوژمندا خراپ بم؟ (عەلی) گوت: بەوەی تۆ زۆر جوامێربیت, ئەگەر دوژمنت پێی ناخۆش بوو ئەسپێكی چاك یان سەگێكی راوكەرت ببێت, با بیان بینێت و باشەت لەپێشچاوی بێت نەك خراپەت.

## 85-چەندین جار بزیسكێك دەشتێكی سوتاند: دەڵێن (علی) گوتوویە:

گوریسێك لەتاڵی لاوازو باریك پێكدێت, بەپریشكێكی بچوك شارێكی گەورە دەسوتێت, لەخشتێكەوە گوندێكی گەورە رۆ دەنرێت.

(شرح النهج البلاغة)

## 86-هێوریی – (الشعبی) ئامۆژگاری (والی)یەك دەكات:

هێورو لەسەرخۆ بە, چونكە پەشیمانبوونەوە لەكردارێكت زۆر سەختترە لەكردنی.

## 87-بە لەزەتترین شت و تیژترین شت:

لە (ابنة الخس)ی دانای سەردەمی جاهیلیان پرسی:

–چی لەهەموو شت تیژ ترە؟

–ددانی برسی.

–ئەی خۆشترین شت؟

–كچێك كوڕێك ماچبكات.

## 88-خزمایەتیەكی لەبیرچوو:

یەکێك چووەلای خەلیفە سواڵی لێکردو گوتی:
هاتووم بەناوی خزمایەتیمان.
-تۆ لەقورەیشیت؟
-نەخێر
-ئەی عەرەبیت؟
-نەخێر
-کەواتە خزمایەتی من‌و تۆ چیە؟
-خزمایەتی ئادەم.
-خزمایەتیەکی بۆشە (یارمەتی پێدا)

89-مافی میوانداری‌و دراوسێیەتی:

عەرەبێکی دەشتەکی بوو بەمیوانی عەرەبێکی دەشتەکی بەناوی (عقیل), لەخواردنەوەی شەراب خۆیان مر کردو لێی خەوتن, میوانەکە لەشەودا راچڵەکی لەترسا وڕاوەی دەکردو گوتی: ئەوە ئیزرائیلەو هاتووە گیانم بکێشێت.

-نەبەخودا شتی وانابێت ... نە جوامێرییەو نە پیاوەتیە بۆ ئەو کە گیانی تۆی میوان‌و دراوسێی من بکێشیت.

میوانەکە: بەسەری باوك‌و دایکم, ئێوە لەمێژەوە زوڵمتان پێقبووڵ نیەو خەوتەوە.

90-ئازایەتی‌و رەوانبێژی سواڵکەرێك:

پیاوێکی هەژار چووەلای (پەردەوان – حاجب)ی گەورەپیاوێك، کەزۆر قەڵەوو تێکسمڕاو بوو، گوتی یارمەتیم بدە.

–ئەم هەموو سواڵکەرو برسیە چیە؟ خودا لەدەستی ئێوە رزگارمان بکات.

–خواردنی رۆژێکی تۆ بەشی 10 کەسی ئێمە دەکات لەمانگێکدا پارووەکانت زۆر گەورەن، تریشت هێندە زلە لەبری بای شەماڵ، خەرمانێکی پێ شەن و پاکدەکرێت.

## 91-بۆ ئامادەی ئاهەنگەکان نابێت؟

یەکێك لەسۆفیەکان ئامادەی ئاهەنگ و دەعوەتەکان نەدەبوو، کەلێیان پرسی: بۆ؟

گوتی: چاوەڕوانکردنی شۆربا زەلیلیە.

## 92-وەڵامە دەمکوتکەرەکان – (ابن الاثیر في حوادث 621 هـ):

بەرپرسی خەزینە (کە شیعە بوو) رۆیشت بۆ (باقووبە)و زوڵمێکی زۆری لەخەڵکەکەیکرد، ئەو پیاوەی کەجنێوی پێدابوو بانگی کردو پێی گوت: بۆ جنێوم پێئەدەیت؟

–ئێوە جنێو ئەدەن بە (ابوبکر و عمر) چونکە 10 دارخورمای (فاطمة)یان بردبوو، کەچی ئێستا ئێوە (1000) هەزار دارخورمای منتان بردووەو قسەیش نەکەم؟

پاشان بەخشی.

## 93-زەوق:

(جذیمة الابرش) یەکێك بوو لەپاشاکانی (حیرة)، بێزی نەدەهات لەگەڵ کەسدا بخواتەوە، لەشەودا پێکێك بۆ خۆیو 2 پێکی بۆ دوو هەسارەی (فرقدان) ئامادە دەکرد.

**94-ئامانجی گەورەو گرانە – یەکێکیان:**

هەتا ئامانج گرانتر بەدەستبێتو رێگای درێژتربێت، ئاسەوارو رەنگدانەوەکانی گرانترە.

موتەنەبی دەڵێت:

لەهەموو شارێکدا، تەنهامو بیٚ هاوڕیٚ

کە ئامانجیش گەورەبوو، هاوڕیٚو یاریدەدەر کەم دەبێت.

**95-خودا یەکجار هەستیارە:**

یەکێك لە خێڵی (کلب) کرا بە والی (یمامة)، رۆژێك خوتبەی ئەدا: خەڵکینە بۆ گوناهکردن ئازا مەبن،

خودای گەورە ئومەتێکی لەناوبرد بەهۆی هوشترێك کە بە 300 درهەمە.

*ئاماژەیە بۆ هوشترەکەی (ساڵح پێغەمبەر) کەبووەهۆی کوشتنی گەلی (ثمود).

**96-شەرابی ئاسایی – فی الاغانی:**

(اخطل) سەردانی (عبدالملك)ی بەشیعرەوە کردو گوتی:

–قوڕگم ووشکە.

–ئاوی بۆ بێنن.

–شەرابی کەرانە.

–شیری بۆ بێنن.

–لەشیر بڕامەوە.

–هەنگوینی بۆ بێنن.

–شەرابی نەخۆشە.

–ئەی چیت دەوێت؟

–شەراب!

97-**بۆ شاعیر شەو ناخەوێت؟ (فی الاغانی):**

ئەم شیعرەی (اعشی)یان بۆ (کیسرا) وەرگێڕا:

شەو نەخەوتمو خەوم لێتۆرابوو

سەیرە! نە نەخۆشمو نە عاشقم

کیسرا گوتی: ئەمە نە نەخۆشبێ نە عاشقبێو

خەویشی لێزڕابێت هەر دزە

98-**قەرەبووی کوێری لەلای (بشار):**

هەندێك گوتیان بە (بشار): خودا هەرشتێك لە یەکێك بسێنێتەوە, بەشتێکی دی قەرەبووی دەکاتەوە, کەواتە خودا بەچی قەرەبووی تۆی کردووە؟

–بەوەی کە بیچمی ئێسکقورسی وەك تۆ نابینم.

### 99-درۆی عاشقێك – شاعیرێك لەحیجازەوە:

پرسم بە (سعید بن المسیب) كرد كە فەتوام بۆ بدات ئایا خۆشەویستی ئاسكێك گوناهە؟

ئەویش گوتی: شتێك گوناهە كە, بتوانێت ئەنجامی بدات.

مانای ئەم شیعرەیان گەیاند بەسەعیدو گوتی:

بەخودا درۆ ئەكات داوای فەتوای لەمن نەكردووە!

### 100-خۆشەویسترین منداڵ لای باوك:

(كیسرا) لە (غیلان الثقفي) پرسی كە بە (وەفد) سەردانیكردبوو:

–كام منداڵت لەلا خۆشەویسترە؟

–بچوك هەتا گەورە دەبێت, نەخۆش هەتا چاكدەبێتەوە, غەریب هەتا دەگەڕێتەوە.

### 101-كوێرو چرا – یەكێكیان گوتی:

بەكارێكی تایبەتی سەردانی چەند گوندێكم كرد بۆ هەندێك پێویستی بەشەوا دەگەڕام, دیم كوێرێك شەربەیەك و چرایەكی دابوو بە شاندا, پرسیم:

تۆی نابینا چرات بۆ چیە؟

ئەویش گوتی:

ئەی فزوولی! بۆ (ساغكوێرێك)ی وەك تۆمە كەبم بینیێ و نەبێتە هۆی كەوتنی منو شكانی گۆزەكەم.

### 102-حەوزی ( معاویە )و حەوزی ( علی ) : لەزاریانەوە:

لەبەغدا کوێرێکم دی ئەیگوت:

ئـــەوەی شـــتێکم بـــداتێ, خـــودا لەحـــەوزی کەوســـەرو بەدەســـتی (معاویە) بەشی بدات, شوێنی کەوتمو گوتم:

هەی ... تۆ لەم نیزایەدا (علی)ت عەزل کردووە, ئەویش گوتی: من چۆن دەڵـێم: خـودا لەحـەوزی کەوسـەرو بەدەسـتی علـی ... نـا .. نـا ئەوەکارێکی ناجوامێرانەیە!

## 103-سوکێتی (ابن بطوطة):

لە گەشتەکەیدا لەهیندستان باسیدەکات کە, فەتحی (سندابور) کرا لەهیندســـتان, ســـوڵتان (جاریـــة)یـــەکی دیلـــی پێبەخشـــیم بـــەناوی (لمکی)و ناومنا (مبارکة), مێردەکەی ویستی لێمبکرێتەوە بـەڵام مـن رازی نەبووم.

## 104-هەڵوێستێکی مرۆڤانەی (ابن بطوطة):

باسی حاکمی شاری (کالبور) دەکات بەناوی (احمد بن سیرخان), ئـــەم کابرایـــە دیلـــەکانی دەکوشـــتو بەشمشـــێر دەیکـــردن بـــە دووکەرتەوە, کەچوومەلای (کافرێکی) گرتبوو خـەریکبوو بەشمشێر دووکەرتی بکات, زۆرتکام لێکرد کە ئەوکارە نەکات چونکە هـەرگیز لەپێشچاوم کەس نەکوژراوە, ئەویشی بەخشیو خستیە بەندیخانەو پاشان ئازادیشی کرد.

## 105-دزێكو بیرمەندێك:

دزێك ملیوانەی كراسەكەی (ابو الهزیل)ی گرت كە یەكێك بوو لەشێخەكانی (معتزلة)و نەیشی دەناسی و گوتی: رووتبەرەوە! (ابو هزیل) گوتی ئەم مەسەلەیە سەیرە بەلامەوە: تۆ شوێنی رووتبوونەوەت گرتووە كەچی بەمن دەڵێی رووتبەرەوە! ئایا من لەخوارەوە رووتببم یان لە ملەوە؟

دزەكە گوتی: تۆ (ابوهزیل)یت؟ گوتی بەڵێ و وازی لێهێنا.

*منیش دەڵێم: ئاستی بیركردنەوەی دزەكەت بەلاوە سەیر نەبێت ئەوە رەنگدانەوەی دۆخی ژیاری ئەو سەردەمەیە.

من پێزانینی دزەكە بە (ابو هزیل) بەلاواز دەزانم.

ئەوەی مەعقولە: دزەكە زانیویە كە یەكێكە لە بیرمەندەكان و پرسیاری ناوی لێكردووە، زۆربەی ئەم جۆرە چیرۆكانە كورتكراوەن و شێواون.

## 106-دەوڵەمەندی و بەلاغە:

(زیاد الحارثي) ئەدیب، نامەیەكی بۆ (مەنسور) نووسی و داوای زیادكردنی مووچەی دەكرد، (مەنسور)یش بۆی نوسی: دەوڵەمەندی و بەلاغەت كە یەككەوتن لەپیاوێكدا، پەكی دەكەوێت، گەورەی موسوڵمانانیش سۆزی بۆت هەیەو بەلاغەكەت بەسە.

*(مەنسور) لەبەخشیندا گیر بوو.

## 107-سێ شتە عاجباتیەكە – في تأريخ الخلفاء للسيوطي:

كە خەلافەت لە (مەهدی) باوكیەوە كەوتە دەست (هارون الرشید)، دڵی چوو لەیەكێك لە (جاریەكانی) باوكی، جاریەكە پێیگوت:

بەکـەڵکی تـۆ نایـەمو باوکـت گەشـتی خـۆی تیـا کـردووم, نـاردی بەشوێن (ابو یوسف)ی قازیدا پێیگوت: لای تۆ هیچ مانعێك هەیە؟

–ئەی گەورەی موسوڵمانان تۆ بۆ هـەر (جاریه)یـەك شـتێکی گـوت, تۆ باوەڕی پێدەکەیت؟

باوەڕی پێمەکە درۆ دەکات.

*پاشان (عبدالله بن مبارك) بەتەشەرەوە دەڵێت:

بۆ سەیرە بەلاتەوە؟ ئـەو کەسـەی دەستبخاتە خـوێنی موسـوڵمانان بەبێ حیساب, چۆن لەپێشێلکردنی حورمەتی باوکی سڵدەکات, یـان لەو گەلە سڵدەکات کە هەرگیز ئەوی نەویستووە؟!

ئەی چ خێرێك لەو شەرعزانو قازییەدا دەبینرێت کە پێشێلکردنی حورمـەتی بـاوکی بەئاسـایی بزانێـتو بەخەلیفـە بڵێـت: بـڕۆ لێیـدەو گوناهیشی بەگەردنی من؟!

## 108-خۆ تەقدیمکردن بەباشی:

(اسحق بن ابي قروه) کە حەدیسـزان بـوو, ویسـتی سـەردانی (عمـر بن عبدالعزین) بکاتو بۆی نوسی:

شـوێنەکەم دوورەو رێگەکـە ناخۆشـەو بەشـم کەمـەو منـیش لـەتۆ رازیم!

## 109-بۆ دەگری؟ یەکێکیان:

سـەردانی (اسـحق بـن یوسـف الازرق)م کـرد کـە حەدیسـزان بـوو, کەمنی دی گریا, گوتم بۆ دەگری؟ گوتی ئەوە (ابونواس)ە بزانـە چـی نووسیوە:

ئەی گەردن و چاو سیحراوی!

ئەی بە (بەڵێن), من کوژ, دۆزەخ بۆ ئەو کەسانەیە کە بەڵێن شکێنن

(ازرق)ی حەدیسزان گووتوویە:

ئەو ژنەی بەڵێنشکێنە کافرە

ئەو پیاوەی بەڵێنشکێنە لەدۆزەخدا سنککراوە

بەخودا بەناوی منیش و خودایش و هاوڕێیانی پێغەمبەریشەوە درۆی کردووە, من هەرگیز لەم بارەیەوە لەگەڵی نەدواوم.

## 110-شیعر بە شیعر:

(تمام)ی کوڕی (ابوتمام)ی شاعیر چووەلای (محمد بن عبدالله بن طاهر) بەشیعرێکی خراپ و سەخیف ستایشی کرد, میریش بەهەمان شێوەو لەسەر هەمان کێش و سەروا پاداشتی دایەوە.

(تمام) گوتی: شیعر بەشیعر, (سوو – ربا)یە, شتێك بدە تا بۆ منیش و بۆ تۆیش باشبێت.

میریش 1 هەزار درهەمی پێبەخشی و گوتی ئەمە بۆ قسەکەتە نەك بۆ شیعرەکەت.

## 111-ئیرەیی (حسادەت):

(حمزة بن بیض) شاعیرێکی سەردەمی ئەمەوی بوو, تووشی گرفت و قەبزییەکی زۆر سەخت بوو,, کۆمەڵێك هاتن بۆلای و لەم نەخۆشیەدا سەردانیان کرد, لەپڕا یەکێکیان بایەکی گەورەی لێبەربوو, (حمزە) گوتی: ئەو خوا پێداوە کێ بوو؟!

### 112-دیلێك چۆن ئازادبوو؟ - فی الاغانی:

(اعشی همدان) شاعیر بوو لەفەتحی (دیلم)و ناوچەکانی (دستبی – لەنێوان تاران و هەمەدان)دا لەلایەن (دیلم)ەکانەوە بەدیل گیراو درێژەی کێشا, کچی (دیلکەرەکەی) لەبەندیخانەدا بەنهێنی پەیوەندی پێوەکردو عاشقی بوو, شەوێك دزەیکردە بەندیخانەو خۆی گەیاندە (اعشی) 8 جار سواری بوو, ژنەکە پێیگوت: ئەی کۆمەڵی موسوڵمانان ئەمە ئەوها دەکەن بەژنەکانتان؟

–گوتی بەڵێ.

–ئەگەر ئازادت بکەم دەمهێنیت؟

–بەڵێ.

پەیمانیان بەیەکداو لەشەودا کۆت و بەندی لێ کردەوەو لەڕێگەیەکی تایبەتەوە رایکردو ژنەکەیش لەگەڵیا.

*شاعیرێکی ئەسیری تر کە ئەمەی زانی گوتی:

ئەگەر دیل بەپارە ئازاد ببێت

(همدان) کێری رزگاری دەکات

### 113-مەسەلەکە کەرامەتە – لە (مسعر بن کدام)ەوە:

گوتم بە (ابو حصین) بۆ پاداشتی (وهب بن جابر)ت رەتکردۆتەوە کە 2 هەزار درهەمە؟

–شەرم و جوامێری.

### 114-ناوی کورت و (کنیة)ی درێژ:

بە گەنجێکی عەرەبیان گوت: ناوت چیە؟

–قراد.

–باوكت ناوی كورتی ناوی.

–ناوم, (كونیه)ی گەورە كردووم.

–ئەی (كونیەت)چیە.

–ابو الصماری...

## 115-دڵنیایە :

دراوسێكانی (ابو الاسود الدؤلی) لە (بنی قشیر) بوونو (ابو الاسود)یان نارەحەتو بێزار كردبوو, چونكە ئەم (علی) خۆشدەویستو ئەوان (معاویة), (ابو الاسود) پێی گوتن.

–حەز لەدراوسێیەتیو مانەوەتان ناكەم

–بۆ؟

–چونكە ئەگەر ئێوە شتێك بكەن من بەزوڵمو خراپی دەزانمو خۆمی لێدوور دەخەمەوە, ئەگەر ئێوە لە شتێك دووربكەونەوە, من بەباشی دەزانم.

## 116-هۆیەك بۆ دەركردنی پیاوێكی (بێزاركەر):

پیاوێك هات بۆلای (بشار بن برد)و ویستی سەرفی بكاتو لەدەستی رزگاری ببێت, تڕێكی لێداو كابرا وایزانی خۆی بووە ..یەكێكی ترو یەكێكی تری لێدا.

كابرا بە (بشار)ی گوت: ئەم كارە چیە؟

–بینیت یان بیستت؟
–گوێم لەدەنگێكی پیس بوو.
–هەتا بەچاو نەیبینیت باوەڕ مەكە.
كابرا بەپەلە هەستاو ڕۆیشت.

**117- (6) مانگ كەمە:**

(وكیع بن ابی الاسود) والی (ئەمەوی)یەكان بوو لەخوراسان, ڕۆژێك خوتبەی داو گوتی:
خودا ئاسمانو زەوی لە 6 مانگدا دروستكردووە,
پێیانگوت: نەخێر 6 ڕۆژە.
–بەخودا وایە بەڵام من بەكەمی دەزانم.

**118-ئاواتەكانی برسییەك:**

بیستیان عەرەبێكی دەشتەكی لە (كەعبە) لەخودا دەپاڕایەوە:
خودایە مردنێكی وەك مردنی (ابي خارجة)!
لێیان پرسی: ئەمە چیە؟
–كاوڕێكی ئەخوارد بەمەشكەیەك دۆوە, تێر شەرابی دەخواردەوەو لەبەر خۆر دەنوست, جارێك مردو بەسكی تێرو بەگەرمی چووە خزمەتی خودا.

**119-بەڵگەیەكە فریاتناكەوێت:**

ژنێك لەگەڵ مێردەكەیدا بەشەڕ هاتن, ژنەكە بەگریانەوە هاتەلای (شریح)ی قازی, لەوكاتەدا (الشعبی)یش حازر بوو گوتی: من

وادەزانم ئەم ژنە زوڵم لێکراوە, (شریح)یش گوتی: ئەی (شعبی) براکانی (یوسف)یش کەهاتنەلای باوکیان دەگریان.

120- پێوەری موبارەکی – (ابن عساکر):

جارێك (معاویة) گوتی: ئەم زەویەی ئێمە (موقەدەس)ە, (معصعە بن صوحان)یش گوتی: زەوی هیچ شتێك موقەدەسی ناکات یان پیسی ناکات, بێجگە لەکردار.

121-کەسایەتی بەهێز – (ایاس بن معاویة):

من, نە فێڵبازمو نەفێڵبازیش لەخشتەم دەبات.

122-بەهێزتر لەسوڵتان – الحارث بن الارقم:

ئەگەر سوڵتان بەسووکم بزانێت نامەوێت,
کە عەیبم نەبێت بۆچی بەسووکم بزانیت
شتی خراپ کێشتدەکات بۆ سوکیی, زوڵمیش
هەموو باشەو جوامێرییەك, دەخاتە حاڵەتی گومان.

123-سزای کەرێك:

شەوێك (ابو الاسود الدؤلی) بەماڵەکەی خۆیدا دەگەڕاو دی کەرەکەی ئاڵف دەخوات, تووڕەبوو گوتی:

من لەجێگەدا نوستوومو تۆیش ماڵم تالان دەکەیت, بەخودا وا بڕوات لەماڵمدا هیچ ناهێڵیت, بەیانی فرۆشتی.

*(ابو الاسود) لە بەغیلیا بەناوبانگبووە.

### 124-دەمارگیری خێڵەکایەتی – یەکێك دەیگێڕێتەوە:

بەدەوری کەعبەدا دەخولامەوە, یەکێك دەیگوت: خودایە لەمن و باوکم خۆشببە, منیش پێمگوت, بێژە, خودایە لەباوك و دایکم خۆشبە.

–دایکم لەخێڵی (بنی تمیم)ەو حەز ناکەم خودا لێی خۆشببێت.

### 125-شاردنەوەی خێر:

(فرزدق) پەرداخێکی هێنا بۆ پیاوێك, ژێرەوەی شەراب بوو سەرەوەی شیر بوو, کە خواردییەوە, شەراب لەژێر شیرەکەوە هەڵدەقولا, کابرا زۆر سوپاسی (فرزدق)ی کردو گوتی: بەقوربانی باوکت و دایکتبم: تۆ بەنهێنی لەژێرەوە خێر بەهەژاران دەکەیت.

### 126-(بشار)و بەهەشت:

(بشار) دای بەلای (وەعز) خوێنێکدا دەیگوت: ئەگەر یەکێك (رەجەب و شەعبان و رەمەزان) بەرۆژوو بێت, خودا لە بەهەشتا کۆشکێکی پێدەبەخشێت کە حەوشەکەی (1) فەسەخ بێت و بەرزی 1 فەسەخ بێت و دەرگای ژوورەکانی ئەو کۆشکە 1 فەسەخ بن, بەشار گەڕایەوە بۆلای کابرای (واعیز)و گوتی: ئەم خانووە لەکانونی دووەمدا خانوویەکی زۆر خراپە.

## 127-موسوڵمانان لەنێوان ( خەمر ) و ( خنزیر )دا :

سفرەو خوانێکی پڕ لەشەراب و گۆشت لەسەردەمی (مقتدر)دا ئامادەکرا بۆ شاندی (وەفد) (بێزەنتیەکان) بۆ بەغدا.

هەموولایەك چ میوان و چ خاوەن مالٌ دەستکرا بەخواردنەوەی شەراب, بەلاّم گۆشتی بەراز لەو سفرەو خوانەدا نەبوو, وەفدی بێزەنتیەکان پرسیان:

چ نهێنیەك هەیە لەوەدا کە موسوڵمانان پابەندن بەحەرامی گۆشتی بەراز, بەلاّم بەحەرامکردنی شەرابەوە پابەند نین؟

لەوکاتەدا (ابو العیناء) ئامادەبوو گوتی: لەبری گۆشتی بەراز, مەڕو مانگا هەیە, بەلاّم لەبری شەراب شتێکی دی نیە.

## 128-دڵنیایە :

(متوکل) بە (ابو العیناء)ی گوت کە لایەنگری (شیعە)بوو, لە خێلی (ابو طالب) جوانێکت دیوە؟

–بەڵێ لەبەغداد یەکێکم دیوە.

–دیارە ئەویش حیز بووەو تۆ گەوادیت لەسەر ئەو کردووە.

–ئەی گەورەی موسوڵمانان من هێندە کاتم نیە (موالی) زۆر ببێت و گەوادی لەسەر غەریبان بکەم.

یەکێك لەعەباسیەکان بە (ابو العیناء)ی گوت: بیستوومە گەوادی دەکەیت, ئەویش گوتی: من ئینکاری ناکەم بەلاّم بیستووشمە کە پێغەمبەر گوتوویە: گەواد گەورەی ماڵە؟

## 129-ئەنجامگیری ( استنتاج ):

لـە بەلەمێکـدا (مرتضـى) و (رضـي) و (ابـن ابـى الريـان)ى وەزيـرو کۆمـەڵێك لـەپياوە گـەورەکان چـوون بەپێشـوازى چـەند پاشـايەك کـە سەردانى بەغداديانـدەکرد, (احمد بن علی البتى) يان لەگەڵدا بوو کـە (معتزلە)يەکی سەرسەرى بوو.

دز رێگـەى پێگـرتن‌و ئاگربارانيـان دەکـردن‌و ئـەيانگوت: بـێن ئـەى مێردى قەحبەکان! (احمد بن علی) دەيگوت:

ئەمانـە جاسووسـيان هەيـە دەنـا چـۆن ئـەزانن کـە ئێمـە مێـردى قەحبەين.

## 130-لەگەڵ (بشار)دا – پياوێك لە کوفەوە:

دام بەلاى بەشاردا وەك گامێش لەسەر سك کەوتبوو, پێمگوت ئەى (ابو معاذ) ئەم شيعرە هى کێيە؟

گەنجێکی لەشجوان‌و باريکم

ئەگەر با هەڵبکات رادەماڵێت.

بشار: من گوتوومە

کابرا: ئەم درۆيەت بۆ کـردووە؟ خـۆ ئەگـەر ئـەو گەردەلوولانـەى کـە گەلانى دێرينيان قڕ کردووە هەڵبکات, تۆ ناجووڵێنێت.

بشار: خەڵکی کوێی؟

کابرا: کوفە

بشار: ئەى خەڵکی کوفە! رق‌و گرانى خۆتان مەدەن بەسـەر هـەموو حاڵێکدا.

## 131-ئەو دزييەى کەمترين گوناهى هەيە:

پیاوێك چووەلای (سلیمان الشاذ كوبي) شەرعزانو گوتی خودا لەخەودا نیشانی داوم كە دەبیتە بەرپرسی دەزگای دادو قازی ئەسفەهان, ئەویش گوتی:

بریا بۆ دەزگای (باج – دارایی و باج) بایە چونكە دزیكردن لەماڵی ساماندااران ئاسانترە لەماڵی هەتیوان.

*دەزگای داد مامەڵەی لەگەڵ ماڵی هەتیواندا هەیەو بواری دزی تیا بەربڵاوە, هەروەها دەزگای دارایی و باج كە پەیوەندی بەباجی زەوی كشتوكاڵییەوە هەیە, بوارێكی باشە بۆ دزیو (دەوڵەمەندبوونی ناشەرعی).

132-**فەزڵی مرۆڤ بەسەر جنۆكەو شتی تردا – (من الف ليلة)**

لەچیرۆكی ئەو پیاوە لەگەڵ (عفریت) دا هاتووە:

عفریتەكە لە كونەكەی دەرپەڕی, گوتم خۆ من مرۆڤمو ئەو جنۆكەو دەبێت فێڵێكی لێبكەم.

لەچیرۆكی (عبدالله بن فاضل)یشدا هاتووە كە:

دوو برای (عبداللە) بووگن بە سەگ, (پاشاسوور)ی جنۆكەكان گوتبووی ئەو دوو سەگە دەسەڵاتیان هەیە بەسەر ئێمەدا چونكە ئەسڵیان مرۆڤە.

*لەشەوی (945) دا یەكێك لەپاڵەوانی چیرۆكەكە دەڵێت: گشت ئافەریدەكانی خودا, لە (بنی ئادەم) دەترسن.

**133-تونێل: لەکتێبی (مناقب بغداد)ی (ابن الجوزی) داو لە (تأريخ البغداد)ی (خطیب)دا هاتووە:**

*(مەنسور) تونێلێکی بووە لەکۆشکەوە بۆ دەرەوەی بەغدا, بەڕای (ابن الجوزی) درێژی ئەو تونێلە, 3 فەرسەخ بووە, بەڵام لەلای (الخطیب) 2 فەرسەخ بووە.

ئەم تونێلە بۆ کشانەوە ئامادە کرابوو لەکاتی گەمارۆدا.

*لەکتێبی (الف لیلة)و چیرۆکی (حسن البصری)داو لەشەوی (798)دا هاتووە کە تونێلی (حسن البصری) 1 میل درێژ بووە لەکۆشکەوە بۆ دەشت.

*فەرسەخ: 3 میلە. میلی عەرەبی نزیکەی (1972م)ە.

**134-کامیان بۆ ریزگرتن پێویستە – (فی شرح نهج البلاغه):**

(ابو حامد الاسفراييني) دەیگێڕێتەوە:

رۆژێك لەلای (فخر الملك)ی وەزیری (بهاء الدولة) دانیشتبووم, لەوکاتەدا (رضي ابو حسن) هاتو زۆر ریزی لێگرتو لەئاستێکی بەرزدا داینا و ئەوراقەکانی بەردەستی لابرد بۆ قسەکردن لەگەڵ ئەو, پاشان (المرتضی ابو القاسم) هاتو ریزی زۆری لێنەگرتو خەریکبوو بەئیمزاکردنو خوێندنەوە کەمێك دانیشتو رۆیشت.

پاشان (ابو حامد) دەڵێت: گوتم بەجەنابی وەزیر کە (المرتضی) پیاوێکی شەرعزانو بیرمەندە, بەڵام (ابو الحسن) شاعیرە, بۆ رێزت لە (المرتضی) نەگرتو ئەو هەموو رێزەت لە (ابو الحسن) گرت؟

گوتی: سەبر کە با دەورم چۆڵ بێت قسەت بۆ دەکەم, کەنان خوراو دەوروبەر چۆڵ بوو, وەزیر گوتی:

*ئەوە نوسراوی (ابو الحسن)ە کە بۆ منداڵبوونی ژنەکەی 1 هەزار دینارم بۆ ناردبوو کەبیدەن بە (مامان) (وەك نەریتێکی ئەو سەردەمە) بەڵام بەم نامەدا بۆی ناردوومەتەوە کە گوایا: بنەماڵەی ئەوان ژن لەدەرەوەی خۆیان ناهێنن بۆ (مامانی) و پیرەژنەکانی خۆیان ئەو کارە دەکەن ئیدی پارەی پێویستنیە.

بەڵام (المرتضی) لە کێشەیەکی زەوی کشتوکاڵیدا تەنها (20) درهەمی هاتۆتە سەر کەبیدات, دەبڕوانە ئەم نوسراوەی (المرتضی) کە بۆمنی نوسیوەو زیاترە لە (100) دێڕ:

دەپاڕێتەوەو سەرشۆڕیدەکاتو سواڵدەکات لەمن کە ئەو 20 درهەمەی لەسەر لابەم.

(فخر الملك) گوتی: ئیدی کامیان شیاوی رێزگرتنن .. ئەو شەرعزانە بیرمەندە یان ئەو کەسەی بەشاعیر بەناوبانگەو ئەوە نەفسو شکۆمەندیەتی؟

*(محمد بن ادریس الحلی) لەشەرعزانەکانی (امیامیة)یە بە (المحقق الحلی) ناوبانگی دەرکردووە.

*الاسفرایینی شەرعزانێکی شافیعییە.

## 135-کاردانەوەی برسیەتی - (فی تأریخ بغداد لطیفور):

(مأمون) بەکاتبەکەی گوت بەیانی زوو ئامادە بە بۆ خوێندنەوەی ئەو چیرۆكو داخوازیانەی کە ئامادەکرابوون چونکە خاوەنەکانیان ماوەیەکی زۆرە چاوەڕوانی وەڵامن.

کاتبەکەی مەئمون (احمد بن ابی خالد) دەستی کرد بە خوێندنەوەی نامەکان, یەکێك لەنامەکان باسی پیاوێکی یەزیدی دەکرد, بەڵام (احمد) بە (ثریدي) خوێندیەوە کە بەمانا تریتە, (مأمون) گوتی: تریت زۆرە لای (ابی العباس) پێکەنی و (احمد)یش شەرم گرتی و گوتی: ئەی گەورەی موسوڵمانان من برسی نیم بەڵام خاوەنی ئەم چیرۆکە لەسەر نازناوی خۆی 3 نوختەی داناوە.

(مأمون)یش گوتی برسیەتی زۆری بۆ هێناوی بۆیە تریتت بیرکەوتۆتەوە, پاشان یەك تەشت گۆشتی بێ ئێسقانیان هێناو مأمون گوتی ئەوە گۆشت و ئەوە تریت دەبێت بخۆیت و ئیتر لەخوێندنەوەدا هەڵە نەکەیت.

## 136-چیرۆکێك بۆ سینەما – (فی ابن عساکر):

کە خەلافەت کەوتە دەست عەباسیەکان, چەندین پیاوانی (بني امیة) خۆیان شاردەوە, یەکێك لەوانە (ابراهیم بن سلیمان) بوو, هەتا ماوەیەکی زۆریش مایەوە, (داود بن علی) لە (ابو العباس السفاح) (ئەمانی) بۆ وەرگرت, ئیبراهیم زانا بووو جارێك (ابو العباس) لێی پرسی: لەکاتی خۆشاردنەوەتدا, چیت بەسەر هاتووە؟

–لە (حیرة) لەماڵێکدا بووم لەسەر رێگای بیابان, رۆژێك لەسەربان بووم, دیم ئاڵای رەش هەڵکراوەو لە کوفەوە بەرەو (حیرە) دێن, منیش ترسگرتمی وامدەزانی بۆ گرتنی من دێن, خۆم گۆڕی و بەرەو کوفە کەوتمە رێگا, کەچوومە کوفە کەسم نەدەناسی و لەسووچێکدا وەستام, لەپڕاو لەنزیکمەوە دەرگایەکی گەورە کرایەوەو حەوشەیەکی بەربلاو دەرکەوت, منیش چوومە ژورەوەو

لەحەوشەکەدا دانیشتم, لەپاشماوەیەك, پیاوێك بەسواری ئەسپەوە لەگەڵ پیاوەکانیدا هاتنە حەوشەکە, لێی پرسیم تۆ کێیت و چیت پێویستە؟

گوتم: من پیاوێکی (مختەفیم) لەترسی گیانم پەنام بۆ ئەمماڵە هێناوە, ئەویش بردمیە ژوورو لەپاڵ ژووری حەرەمیدا جێگەیەکی سەربەخۆی بۆ ئامادە کردم, لەلای ئەو هەموو خواردن و بەرگی بۆ دابین کردم و پرسیاریشی لێنەدەکردم لەبارەی حاڵم, هەموو رۆژێك لەگەڵ پیاوەکانیدا جارێك دەرئەچوون, رۆژێك لێم پرسی کە بۆ ئەوەندە ئالوودەی دەرچوونیت؟

ئەویش گوتی: (ابراهیم بن سلیمان بن عبدالله) باوکمی کوشتووە, هەواڵیشم پێگەیشتووە کەخۆی شاردۆتەوە, منیش سۆراخی دەکەم کە تۆڵەی خۆمی لێبستێنم.

کەوتمە بیرکردنەوە لەحاڵی خۆم کە, چارەنووس هێناومی بۆ ئەم شوێنە کە خاوەنەکەی سۆراخم دەکات بمکوژێت, ژیانم لەبەرچاوکەوت, پرسیم لەناوی خۆی و باوکی و پێی گوتم, لەدڵی خۆما گوتم: من باوکیم کوشتووە, پێمگوت: هەقی تۆ لە سەر منەو هەنگاوێك وەرە پێشەوە, گوتی: بۆ؟ گوتم چونکە من (ابراهیم بن سلیمان)ی بکوژی باوکتم فەرموو تۆڵەی خۆت بسێنە, ئەویش گوتی: من وادەزانم کە لە خۆ شاردنەوە بێزار بوویت و حەزت لەمردنە.

منیش گوتم: بەڵام بەڕاستی لەڕۆژی ئەوەندەو لەبەر ئەم هۆیانە کوشتوومە.

کە دڵنیا بوو من کوشتوومە, روخساری رەشداگەڕاو چاوی سووربوو ملی داخستو چوو بە خەیاڵدا, پاشان سەری بەرز کردو گوتی: تۆ دەگەیت بەباوکم هەقی خۆی لەتۆ دەسێنێت, منیش خیانەت لەئەمانەت ناکەمو فەرموو لێرە دەرچۆ, چونکە لەخۆم دڵنیا نیمو 1 هەزار دیناری پێدامو لێموەرنەگرتو لەوێ دەرچووم.

137- (**فاتك**)و شێر:

ناوی (جحدر بن مالك)ە لەسەردەمی (حجاج)دا جەردەبوو, هێرشی دەکردە سەر ناوچەکە, رۆژێك (حجاج) گرتیو خستیە بەندیخانە, (حجاج) لێی پرسی: بۆ ئەو جۆرە کارانەت دەرهەق بە خەڵك دەکرد؟

–ئازایەتی خۆمو بێ رەحمی سوڵتانو سەگی زەمانە...

(حجاج) فەرمانیدا کە شێرێکی دڕندە ئامادە بکەنو 3 رۆژ برسیو تینووی بکەن, (جحدر)یان هێناو دەستی راستیان بەستەوەو شمشێریان دا بەدەستی چەپیەوە, (حجاج)و هاوڕێکانی لەشوێنێکدا تەماشای ئەم دیمەنەیان دەکرد, کە (جحدر) تەماشای شێرەکەی کرد گوتی:

شێرە ... شێرو لەبواری زوڵمدایە,
هەردوکمان فیزمان زلەو تاقیدەکرێینەوە,
هەردوکمان ئازاو بکوژین
خودایە پەردەی گومان لابە
ئەو هەقترە کە نەمێنێت

شێرەکە زۆر بەتوندی نەڕاندنیو شالاوی بۆ برد, ئەمیش بەشیرەکەی دەستی چەپی, بەرەنگاری بوو, شیرەکەی هێندە

بەقینەوە لێدا, شێرەکە وەك خێمە کەوتو خۆیشی بەپشتا کەوت, حجاجو خەڵکەکە گشتیان دەستیانکرد بە (اللە اکبر) و (جحدر)یش ئازاد کرا.

**138-خۆ خواردنەوەو ئیراد – دەڵێن (علی) گوتوویە:**

باشترین کار ئەوەیە کە, زۆر لەخۆت بکەیت بۆ کردنی.

**139-ناشرینی (نیسبیە)و جوانی موتڵەقە:**

(عبدالکریم الجیلی) گشت (مەخلوقاتی) خودا, نموونەیەکن لەجوانی خودا, بۆیە هەموو جوانن, لەجیهاندا جوانی (موتڵەق) هەیە, بەلام ناشرینی (موتڵەق) نیە, ناشرینی نیسبیە, وەك وشەیەکی جوان لەهەندێ کاتدا خراپەو لەخودی خۆیشیدا باشە بۆنێك لەلای هەندێك خۆشە لەلای هەندێك ناخۆشە, هەمیشە ژیژکی لەلاجوانە.

(الانسان الکامل)

**140-نە مەدح بکەو نە زەم – (معروف الکرخی):**

زمانت لەمەدحو ستایش بپارێزە

وەك لەزەم دەیپارێزیت

**141-هەردوو دونیا پێکەوە پەیوەندن – دەستورێکی سۆفیە:**

ئەو کردارەی لەدنیا خێری نەبێت لەو دونیاش خێری نیە

**142-هەوڵو تێکۆشان, پـێش کەشـخەو رابـواردن – (ثابـت البنـاني) تـابعی:**

**بەسزاو خەبات قورئانم بە 20 ساڵ تەواو کردوو بەهۆی**
***قورئانەوە 20 ساڵ کەوتمە خۆشگوزەرانی.**
***یەکێکی دی: 20 ساڵ بەشەو رەنجمداو پاشان 20 رامبوارد.**

**143-لەنەخۆشیەکانی دۆستایەتی – (سري السقطي):**

**کەمی راستگۆیی, هۆیەکە بۆ زۆربوونی برادەر.**

**144- محەمەدی پێغەمبەر هەوڵی خۆکوشتن ئەدات:**

**گـوتراوە: پێغەمبـەر چـەندینجار چـۆتە سـەر ترۆپکـی چـیا سەختەکان, هەر جارێك ویستوویە خۆی فرێدات, جوبرائیل فریای کەوتووە پێی گوتووە: ئەی محەمەد! تۆ نێردراوی هـەقی خودایـتو بەمە هێور بۆتەوە, کەهاتنی (سروش – وحـی) دوور دەبـوو, دیسـان دەگەڕایەوە سەر هەمان رەفتار.**
**(عوارف المعارف- باب/26)**

**145-زانیاریو خواردن – ذو النون المصري:**

**گەدەیـەك پڕبێـت لـەخواردن, حیکمـەتو دانـایی جێگـەی تیـا نابێتەوە.**

**146-رەخنە لە سروشت – مالك بن دینار:**

حەزمـدەکرد خـواردنم (چـەو) بووایـە, بەڕاسـتی لـە چـوونە سـەر تەوالێت بێزار بووم.

147-ئازارەکانی ئیرادە – عوارف المعارف:

ئەگەر لەشتێکدا دوودڵ بوویت, ئەوەیان مەکە کەحەزو ئارەزووت لەسەریەتی, چونکە زۆربەی هەڵەکان بەهۆی شوێنکەوتنی ئارەزوو حەزەوە رووئەدەن.

148-باڵندە سەیرەکان – عبدان القرمطي:

لەلای عەرەبێکی دەشتەکی کە لەعیراقەوە هاتبو, قەلە رەشێکم دی بـەدەنووکی جێگـەی دادەخسـت, شـتە شـاراوەکان لـە مـاوەی 20 هەناسـەداو بـە ئیشـارەی خاوەنەکـەی , ئەیدۆزییـەوە, سـواری کەڵەشێر دەبوو, بەدەنوك –کەر ئاسا– ئەیدا لەپشتی کەڵەشێر.

(شجرة اليقين)

149-دژی تەمەڵی – ئەبو الفتح البستی:

کە رۆژێك تێپەڕی و دەستێکم تیا نەخولقاند, زانستێکی تیا فێر نەبووم, ئەوە چ تەمەنێکە؟!

## ئەزمووونی سۆفیگەری

150-یەکڕەهەندی – الشبلی:

لەیەکتر جیا نەبووینەوە, چۆن جیا ببینەوە, کە هەرگیز کۆنابینەوە.

(طبقات الصوفية السلمي)

151-**دڵو (فؤاد) و نهێنی:**

پرسیان لەژنێکی خواپەرستو عیبادەتکار:

-شوێنی دڵ لەکوێدایە, ئەی شوێنی (شەوق)و حاڵ (وەجد) لەکوێدایە؟

-خۆشەویستی لەدڵدایە, شەوق لە (فؤاد)ایەو (وجد)یش لەنهێنی دایە.

-ئایا (فوئاد) و (قەلب) یەکنین؟

-نەخێر, (فؤاد) روناکی دڵەو نهێنیش روناکی (فؤاد)ە, دڵ خەڵکی خۆشدەوێت, (فؤاد) شەوقی هەیەو نهێنیش (وجد)ی دەوێت.

-(وجد) چی دەوێت؟

-الحق

-هەق چۆن (وجد) دەیکات؟

-(وجد)ی هەق جۆری نیە (بلاكيف).

(منهج الطالبين)

152-**پلەکانی زوهدو خواپەرستی – في احياء علوم الدين:**

(زوهد) لەپێداویستی ماڵدا 3 پلەی هەیە, حاڵی مەسیح کە تەنها شانەیەكوجامێکی پێبوو, مرۆڤێکی بینی بە پەنجە ریشی دادەهێنا,

مەسـیحیش شـانەکەی فڕێـدا, یـەکێکی بـینی بەمشـت ئـاوی دەخواردەوە مەسیح جامەکەیشی فڕێدا.

153-**خاوێنی سۆفی – بشر الحافی:**

مـن 40 سـاڵە ئـارەزووم لەگۆشـتی بـرژاو نیـەو پارەکەیشـی کـەپێی بدەم, بەحەرامی دەزانم.

154-**بێفیزیی سۆفی – سری السقطي:**

من لەهیچ کەس گەورەترنیم, گوتیان ئەی لەنێرەمووکانیش؟ گوتی بەڵێ لەنێرەمووکانیش.

155-**مردن بە (حاڵ - وجد) – في تهذیب الانسان لابن الاثیر:**

(ابوبکر محمد بن الحسین السـهلوی) لەسـاڵی 490ك دا مـرد, هـۆی مردنەکەی ئەمەبوو کە گوێی لەیەکێك بوو ئەم شیعرەی دەگوت:

ئەی مەڵبەندی خۆشەویستان! ئاگادارن

دەی وەڵامی خۆشەویستان بدەنەوە!

156-**بەتەماشاکردن چڵکنی ناکەم – في القشیریة:**

گوتیان بەهەندێك سۆفی: ئەتەوێت تەماشا بکەیت؟

–نەخێر

بۆ؟

–ئەو جوانیە بەتەماشاکردنی من چڵکن دەبێت.

**157-ئاوایە رەوشتی سۆفیان – في طبقات ابن الملقن:**

(شـیخ معـروف الکرخـی) لەسـەر دیجلـە دەسـتنوێژی دەگـرت, قورئان‌و لێفەکەی لەشوێنێکدا دانابوو, ژنێك هات هـەردوکیانی برد, ئەویش شوێنی کەوت‌و گـوتی: مـن (معـروف)م و ئایا کـوڕت قورئـان دەخوێنێت؟

گوتی: نەخێر. ئەی مێرد؟ گوتی: نەخێر.

شێخ مارف گوتی: لێفەکە ببە بۆ خۆت قورئانەکەم بدەرەوە.

لـەڕۆخی دیجلـە دانیشـتبوو, کۆمـەڵێك گـەنج لەبەلەمێکـدا دەیانخواردەوەو گۆرانیان دەگوت, موریدەکانی شێخ مارف گوتیان: خـۆ دەبینیـت چ گوناهێـك دەکـەن؟ دوعـای شـەڕیان لێبکـە, ئـەویش دەستی بەرەو ئاسمان بەرز کردو گـوتی: ئـەی خـودای گـەورەی مـن! لەقیامەتیشدا ئەوها دڵخۆشبن!

**158-خۆشەویستی عیبادەتی خودا – یحی بن معاذ:**

لـەلای مـن, مسـقاڵێك (خۆشەویسـتی) لـە 70 سـاڵ عیبـادەتکردن خۆشەویسترە.

**159-لەیادکردنی گوناهو باسکردنیدا:**

(جنیـد) دەڵێـت: رۆژێـك چـوومەلای (السـری) بینـیم شـڵەژابوو, پرسـیم‌و گـوتی: گـەنجێك لێـی پرسـیوم تۆبـەکردن چـیە؟ منـیش

گوتوومـە: گوناهـەکانی خـۆت لـەیاد نەکـەیت, گەنجەکـەیش گـوتی نەخێر, تۆبەکردن ئەوەیە کە باسی گوناهەکانت نەکەیت.

(جنید)یش گوتی: قسەی گەنجەکە راستە چۆن؟

چونکە بەراکـەی مـن: لـەحاڵی دڵڕەقیـەوە دەچـمە حـاڵی (صـفاء)و ئاشـتبوونەوە. بـەڵام باسـکردنی دڵڕەقـی لـەکاتی ئاشـتبوونەوەدا, دڵڕەقی و سزادانە.

(شرح نهج البلاغة)

160-**لەجیهانی (ابو یزید البسطامي)یەوە:**

*هـەق وەك خـۆر هـەڵهات و نهێنیـەکانی جیهـانی رۆشـن کـردەوە, ئـەوەی تەماشـای دەکـات, نهـێنی تیـا نابینێـت و بـەڕێز گرتنــەوە پێیگوتم:

جیهان بێجگە لەتۆ, بەندەی منن

*لێیان پرسی: کامە رێگایە؟

دوور بە لەڕێگا, پێی دەگەیت

*لێشاوی عەشقی ئەو هات و جگە لەمن, ئاویشی سووتاندو کەس نەمایەوە.

*یـەکێك لـەدەرگای ئـەوی داو گـوتی: (ابویزیـد)م دەوێـت, ئـەویش گوتی ماوەی 2- ساڵە منیش (ابو یزید)م دەوێت.

*پیاوێك پێی گوت: چۆنی؟ ئەویش گوتی:

نە بەیانیم هەیەو نە ئێوارە, بەیانی و ئێـوارە بـۆ کەسـێکە پێناسـەو سیفەتێکی ببێت, وەلێ من سیفەتم نیە.

*سیفاتەکانی من نادیارن و لەغەیبدان.

*کەخۆی دۆزییەوە, خۆی سەرپشکە (مخیر) کە بزریش بوو , هەڵیانبژاردووە.

*کەناسیت, ئەستەمە خۆشت نەوێت.

*لەخۆشەویستیدا, خۆت زۆر سەربەخۆیتو شتەکانی خۆت بەکەمدەزانیتو شتەکانی دۆستت بەزۆر دەزانیت.

*خودام لەخەودا بینیو پرسیم: چ ڕێگایەك بگرم؟ خۆت لەخۆت, دوورکەوەو فەرموو.

*(احمد بن مصرویە) خودای بینیو گوتی:

ئەی (احمد)! خەڵك هەمووی شتم لێداوا دەکەن, بەڵام (ابو یزید) تەنها منی دەوێت.

*(یحي بن معاذ) دەیگێڕێتەوە کە (ابو یزید) گوتوویە: خرامە کەشتیەکی ژێرەوەو گشت جیهانی زەویو ژێر زەوی نیشاندام, پاشان خرامە کەشتیەکی باڵاو گشت ئاسمانەکانو بەهەشتەکانی نیشاندام تەنانەت (عرش)یش, پاشان لەنێوان هەردوو دەستیدا رایگرتمو گوتی: لەو شتانەی کەدیوتن, هەرچی داوا بکەیت پێتدەبەخشم, منیش گوتم:

گەورەم! ئەو شتانە هێندە جوان نین تا لێتداوا بکەم, ئەویش گوتی: تۆ بەهەق بەندەی منیتو بەڕاستیش دەمپەرستیت .. خۆم دەزانم چیت لەگەڵ دەکەمو هەندێ شتیشی باسکرد!

(یحي) دەڵێت: هێندەی تر (ابو یزید)م لەلا گەورەتر بوو, گوتم: گەورەم بۆ لێت نەپرسی چۆن بتناسم؟

قیژانیو هاواریکرد: بێدەنگبە! تۆ ئیرەیی (غیرە) لەمن دەکەیت کە, بێجگە لەخۆم کەس نایناسێت (مەبەستی لەخودایە – و).

*(ابو يزيد) گوتی: پیاوێك دەیگوت: (تەعەجوب لەو كەسە دەكەم كەخودا بناسیٚو چۆن عیبادەتی بۆ نەكات؟)

(ابو یزید)یش گوتی: (تەعەجوب) لەو كەسە دەكەم كە, دەیناسێتو چۆن عیبادەتی بۆ دەكات؟

*بەدەوری كەعبەدا دەخولامەوەو نیزام دەكرد, كە بەخزمەتی گەیشتمو بینیم (كەعبە) بەدەوری مندا دەخولێت.

*لەیەكەم (حەج)دا كەعبەم بینی, لەحەجی دووەمدا, خاوەنی كەعبەم بینی, لەسێیەم (حەج)دا, نە (كەعبە)و نە خاوەنی كەعبەم دی.

161-له (ذو النون المصری)یەوە:

*لەكاتی گیانداندا لێیانپرسی: ئارەزووت لەچیە؟

گوتی: لەپێش مردنمدا بیناسم.

*سزای خواناس, دابڕانە لەیادكردنی, ئەوەی تاڵی (كوفر)ی نەچەشتبێت, لەشیرینی باوەڕ تێناگات, ئەوەی (زەلیلی) گوناهی نەچەشتبێت, هەست بەشكۆمەندی (تاعەت) ناكات, گۆڕانی بارودۆخ بۆ بەندەی خودا پێویستە هەتا لەكاتی ناخۆشیو هەژاریدا, باشتر خودا بناسێت.

*ئیماندار, پشتیوانی غەریبە, باوكی هەتیوەو هاوسەری بێوەژنە, گرنگی بەهەژاران ئەدات, لەكاتی لێقەومانو ناخۆشیدا, ساوپەنایە, بێفیزەو رووخۆشە.

*ئەوەی خودای بەگەورەی خۆی زانیو عیبادەتی بۆ دەکاتو بەهەشتیش قەرزەکەیە ئەوەی خودای دەوێت, خۆشی دەوێتو قەرزەکەیشی, شادبوونە بە بینینی.

*خۆشەویستی, زمان دەهێنێتە دوان, بەلاَم شەرم بێدەنگی دەکاتو شەوقیش, پەشۆکانو شپرزەییە.

162-**تلیاکی گەلان لەزمانی سۆفییەکەوە – شقیق البخلی:**

ئەی هەژار! خۆت هێندە ماندوو مەکە بۆ دەوڵەمەندبوون, ئەگەر قیسمەتت (بەشت) هەژاری بێت, دەوڵەمەند نابیت.

163-**چەند پێناسەو پۆلێنکردنێك:**

ترسان (خوف) چەند پلەیەکە:

(خوف), (خشیة), (هیبة).

خوف: یەکێکە لەمەرجەکانی ئیمان.

خشیة: یەکێکە لەمەرجەکانی زانست.

هیبة: یەکێکە لەمەرجەکانی مەعریفە.

164-**خەمی سۆفی:**

-زەکاتی عەقڵ: بەردەوامی زیزبوونو خەفەتە, خودا هەموو دڵێکی خەفەتباری خۆشدەوێت.

- ئەوەی (حەزین) و خەفەتبارە, ڕێگەی خودا بەمانگێك دەبڕێت, بەلاَم ئەوەی خەفەتی نیە بەدوو ساڵ دەیبڕێت.

**165- پلەکانی خۆشەویستی لەلای سۆفیان:**

**استحسان – مودة– محبة – خلة– هوى – عشق – تتيم – ولە.**

**166-هەتا ئەبەد نەزانراوە – عوارف المعارف:**

**(شبلى) گوێی لەیەکێك بوو دەیگوت:**

**کێ هەواڵی (سلمی) دەزانێ,**

**کێ زانیاری هەیە کە لەکوێدائەنیشێت؟**

**قیژانی و هاواریکرد:**

**بەخودا نە لەدونیاو نە لەقیامەتدا کەس هەواڵی نازانێت.**

**167-ئاسۆی سۆفی, جیهانیە – (المكزون السنجاری):**

**بانگو (دەعوەتی) من, بۆ هەمو کەسە**

**بۆ ئیماندارەو بۆ کافریشە**

**168-خەمەکانی سۆفی:**

**(سری السقطي) دەیگێڕێتەوە:**

**کە نوێژی جەژن تەواو بوو, (معروف الكرخی)م بینی دەستی مێردمناڵێکی قژبژی گرتبوو, گوتم ئەمە کێیە؟**

**گوتی: منداڵان گەمەیان دەکردو ئەمیش بە کزۆڵی وەستابووو پرسیم بۆ گەمە ناکەیت؟ گوتی من هەتیوم, ئەی تۆ چی بۆ دەکەیت؟ منیش ناوکی بۆ کۆدەکەمو گوێزی پێبکڕێتو دڵی خۆش ببێت.**

***(شقیق البخلی) باسی (عباد بن كثير) دەکات:**

لەماڵەوە سەردانمکردو چەند مەنجەڵێکم بینی پڕبوون لەترش و شیرین و دەکوڵان و منیش بەلامەوە سەیر بوو, خزمەتکارەکەی گوتی: ئەی خۆراسانی!

(عباد) چەندین ساڵە تامی گۆشتی نەکردووە, هەموو رۆژێکیش 7 مەنجەڵ ترشاو یان شیریناو دەخاتە سەر, هەژاران و نەخۆشان و ئەوانەی کاریان نیە تێر دەکات.

169- پاکیەتی ئەساسە – ابراهیم بن ادهم:

با رزقت حەلاڵ بێت ئیدی (شەونوێژ) و رۆژوو (رۆژووی زیاد – و) پێویستنین.

170-یەکیەتیە دیالێکتیەکان – ابن سبعین:

لەئەنجامی گشتیدا, جووت و تاك تێکەڵن,

هەروەهایش و گوڵ, ئەوەی لەزەمانە دەرئەچێت, حازریشە, ئەوەی بەشێواز یەکەمە, ئاخریشە, ئەوەی لەدڵدا شاراوەیە, ئاشکرایە, ئیمانداری نێو بەهەشت کافرە, هەژاریش دەوڵەمەندە.

ئەمانە لەواقیعدا هەن و رووداوی خەیاڵی نین.

(الرسائل)

171-یەکیەتی زەمان بە (ماهیة) – ابن سبعین:

کاتت بەشێکە لەماهیەتی تۆ, بۆیە بە: خێرو کاروباری ژیان و بەختیاری و خۆ پێگەیاندن مامەڵەی لەگەڵ بکە.

(الرسائل)

## 172-وڕاوەی شتە دژبەیەکەکان – ابن سبعین:

تۆ کە یەکگرتووبیت, ئیدی یەککگرتن نیە, کەتۆ خۆت زانایت ئیدی فێر مەبە,کەتۆ حازریت, ئیدی قسە مەکە, کەتۆ خاوەنی دڵیت, ئیدی خۆشەویستی مەکە, کەتۆ پایەی خۆتت هەیە, ئیدی شادبوونت پێویست نیە.

کە تۆ خودات هەیە, ئیدی خەفەت مەخۆ, کەتۆ خۆت دەڵێیت, ئیدی بەڵگەت بۆ چیە, کەتۆ خەریکی خزمەتکردنیت, ئیدی خۆ هەڵکێشانت بۆ چیە, کەتۆ خاوەنی شتیت, ئیدی مەیشارەوە, کەتۆ ئارەزووت لێیە, بەندەییت بۆچیە, کەتۆ خۆت هیچ ناخۆیت (یان قەبزیت) ڕۆژووت بۆ چیە؟

(من رسالة خطاب الله بلسان نوره)

*(ابن دقیق العید): لەچێشتەنگاو هەتا نزیك نیوەڕۆ لەگەڵ (ابن سبعین) دانیشتم, هەندێك وشەی دەگوت کە بەتەنها بەمانان, بەتێکەڵی بێ مانان وەك:

(ان لا الا انا فلا الا هو, وان کان لا الا هو فلا الا انا).

## 173-کە ململان نەما, وجودیش نامێنێت – ابن سبعین:

ئەوەی کە دەگات بەهەقی ڕووت و بێگەرد, کارەکانی کەمدەبنەوەو دواساتی نەمانی نزیکە.

کە خودا هێندە ئاشکرا بێت, ئیدی زانست کەی پێویستە؟

پەنا بەخودا لەخەباتێك کە بوەستێت, بەڵکو لە عەقڵێك کە قانع دەبێت.

**174-40 ڕۆژ، ڕۆژوو – (ابن بطوطة):**

**سـۆفیەك بـەناوی (شـیخ زادە الخراسـانی) دەیگێڕێتـەوە کـە: (راهب)ێك لە دەیرێکی نزیك بەشاری (شام)دا خواپەرستی دەکاتو زۆریـش بـەرۆژوو دەبێـت کـە بـەردەوام 40 رۆژە، پاشـان بـەدەنکێك پاقلە دەیشکاندو شتی غەیبیشی دەزانی.**

**منـیش گـوتم: 40 رۆژ ڕۆژوگـرتن، مردنـە، غـەیبزانیش بەرهـەمی دوورکەوتنە لەپەیوەندیە مادیەکان کەخواردنەو کارێکی سۆفیانەیەو ئیمانیش مەرج نیە بۆ کاری سۆفیەکان. کەواتـە غـەیبزانی هێمایەکە بۆ دەرچوونی سۆفی لەسنووری هەڵبژاردنی یەك شت کەبەبێ ئەو کار نەکرێت.**

**لێرەدا ژمارە هێندە گرنگنیە چونکە زۆرجار دەبێتە هێما.**

**175-هاوڕێیەکی نائەمین – (ابن عساکر):**

**پیاوێك هاتـەلای (ابوالفصل البغدادي الصوفي)و پێیگوت: خـودام نیشانبدە:**

**ئەویش گوتی: چیت هەیە لای و چی هەیە لەلات؟**

**چـی لـە بەینتانـدا هەیـە؟ کـەس بـەتاکی نـەزانی بێجگـە لـە ئیـبراهیم خەلیل کەچی دایە دەست نـەمرود، تووشـی بـەلای سـەربڕینی کـوڕی کرد، خـۆ بیستووتە چـی بە (یعقوبو یوسف)ی کـوڕیکرد، چـی بـە (یونسو نوحو داود) و پێغەمبەرەکانی تری کرد؟**

**176-خەمی سۆفیەك – (عەبدولقادری گەیلانی):**

هەموو کارەکانم تاقیکردەوە, هیچ کارێك باشتر نیە وەك تێرکردنی برسی, خۆزگە دنیا بەدەست من بایە, هەمیشە برسیم تێر دەکرد.

(قلائد الجواهر)

**177-دیموکراتی سۆفیانە – (ابن سبعین)و هاوڕێکانی:**

لەراڤەکردنی گوتەی (ابن سبعین)دا کە دەڵێت:

(ئاشتی لەگەڵ دوژمندا بێوەییە), موریدێکی باسی خراپەی دوژمنایەتی دەکات لەکاتی سەرکەوتن و شکاندا: ئەگەر دەسڵاتمان بوو بەسەر دوژمنی (غەیرەدین) دا, بە شەرع دەبێت دوژمنایەتی بکەین و بیانکوژین, ئێمەیش گوتمان واباشترە بەحیکمەت و بەسیاسەت و بەباشە مامەڵەیان لەگەڵ بکەین و خودایش ئەمەی پێخۆشترە, چونکە بەمجۆرە دوژمنایەتی کەمتر دەبێتەوەو رایاندەکێشین بۆ ئاینی ئیسلام, وەك راکێشانی (مؤلفة القلوب – ئایەت), هەروەهایش ئەمە سەبرکردن و خۆگرییە بەرامبەر خراپەکارو خودایش بەخشندەیە.

(الرسائل)

**178-داکۆکی لە (حەلاج) – ابن ابی حدید:**

هۆی دوژمنایەتی (حامد بن العباس)ی وەزیری (المقتدر) و (عیسی الجراح)ی وەزیری لەگەڵ (حلاج) دا, بوونی رستەی (النور

الشعشـعانی)یه کـه لـەمانای تێناگـەن‌و نـازانن لەمەبەسـتی ئـەو زاراوەیە, دیارە ئەو کەسەی شتێك نازانێت پێی دوژمنە.

(شرح نهج البلاغة)

*منیش دەڵێم: بکوژی (حلاج) (حامد بن العباس)ە کە وەزیرێکە نەخوێندەوار بووەو یەکێك بووە لەپیاوە شەلاتییەکان, بەڵام (علی بن عیسی) یەکێك بوو لە ڕۆشنبیرو دانای وەزیرەکان لەمەبەستی (حلاج) تێدەگەیشت, بەڵام لەلایەن خەلیفەو هەندێك شەرعزان فشاریان دەخستە سەری‌و خۆیشی هەستی بەمەسئولیەتی خۆی نەکرد.

## 179-داکۆکی لەبکوژانی حەلاج – عبدالقادر الگیلانی:

حەلاج دوو شتی گوتووە:

1-باڵێك درێژو شۆڕ بوو, بە مەقەستی شەریعەت قرتاندیان.

2-(حسین الحلاج) لەرۆژگارێکدا پەیدا بوو, کەس نەبوو یارمەتی بداو دەستی بگرێت, ئەگەر لەرۆژگاری من بایە دەستم دەگرت.

(قلائد الجواهر)

*منیش دەڵێم: (ابن ابی الحدید) ی (معتزلی) و نزیك لەشیعە, هەردوولایان بەکوشتنی (حلاج) ناڕازی بوون, بەتایبەتی شیعە چونکە بەیەکێك لەپەیڕەوانی محەمەدیان دەزانی, (گیلانی) سۆفی‌و سوننە بووە, راوبۆچوونیشی کارلێکی هەردوولایانی (دژ بەیەکی) بەسەرەوە بووە کە(سوننەو سۆفیگەری) یە, (گیلانی)یش

هەنـدێكجار بەقسـەی (هەڵـەج و بەلـەج – شـطحیات) لەسـوننەیش لایئەداو پاشان پەشیمان دەبوو.

**180-دژی توندو تیژی – حمدون القصار:**

كـە سەرخۆشـت بـینی بـەملاولادا ئەكـەوت تـۆ بیلاوێنـەو مەهێڵـە خراپە چ بكات و بەرامبەری بكرێت.

**(القشیریة)**

**181-دژی سەربازان – (ابو بكر الزقاق):**

لـەبیابانی (بـنی اسـرائیل)دا مـاوەی 15 رۆژ وێـڵ بـووم، كـە رێگـەم دۆزیەوە، سەربازێك پێشـوازیلێكردم و ئاوی پێـدام، بـەڵام بـۆ مـاوەی 30 ساڵ توندو تیژی لەگەڵ كردم و ئازاری دام.

**(القشیریة)**

**182-دژی خەڵەتاندن و فریودانی چینایەتی – عبدالقادر الگیلانی:**

(المسـتنجد) 10 كیسـە پـارەی بـە 10 خزمـەتكاردا نـارد بـۆ (عبـدالقادر الگیلانـی) و وەرینـەگرت، لـەپاش پێـداگرتن و (ئیلحـاح)، باشـترین كیسـەی بـە هـەردوو دەسـتی وەرگـرت و كـە گوشـی خـوێنی لێدەچۆڕا، شێخ پێیگـوت: (ابـو مظفر)! تـۆ شـەرم لـە خـودا ناكـەیت، خوێنی خەڵك بەدیاری بۆ من دەهێنیت؟

**(قلائد الجواهر)**

**183-چەند پێناسەیەك – شبلی:**

ئامادەبوون؛ تێگەیشتنە, (حاڵ)یش (غەرق) بوونە, بوونیش (وجود), داخوران و لەناوچوونە, وەك یەكێك تەماشای دەریا دەكات پاشان سواری دەریا دەبێت و نوقم دەبێت. چەندین شوێن هەیە ئەگەر تیامردیت دەبیتە عەیبەو ئابڕووچوون بۆ عەشیرەت.

## 184-دژی جاشایەتی و پارە پەیداكردن:

ئەوەی جلی پیناوی دەپۆشێت: سواڵدەكات, ئەوەی دەچێتە خانەقاو مزگەوت: سواڵدەكات, ئەوەی قورئان بۆخەڵك بەنیازی گوێگرتن دەڵێت: سواڵدەكات.

*خانەقا: شوێنی سۆفی و دەروێشەو پێشی دەگوترێت (تەكیە).

## 185-بێدەنگی سۆفی و جووڵانی – یەكێكیان:

لەلای (جنید) بووم و لەدەوریشی (ابن مسروق)و خەڵكانی تریش دانیشتبوون لەگەڵ (حیكایەتخوان) یێكدا, (ابن مسروق)و كوڕەكە هەڵسان و دەستیانكرد بەزیكرو سەماكردن, منیش بە (جنید)م گوت: گەورەم هیچ دەبیسیت, ئەویش ئەم ئایەتەی قورئانەی خوێند: (وترى الجبال جامدة وهي تمر مر السحاب), (چیاكان دەبینیت رەقن كەچی وەك هەور رێدەكەن).

(القشيرية)

## 186-ئەوانەی كە حاڵیان لێهاتووە:

*پیاوێك لە كورشێكی شەبەلیدا پرسی:

ئایا ئاسەواری (حاڵ)ی راستی, بە روخساری (حاڵلێهاتوانەوە) دەبینرێت؟

شەبەلی گوتی: بەڵێ! نوورێکە لەگەڵ ئاگری شەوق و تاسەدا بەڕوخسارەکانەوە دیارە.

(القشیریة)

187-بۆ نیزا (دوعا) قبووڵ نابێت – یحی القطان:

خودام لەخەودا بینی و پێمگوت: خودایە هەرچەند من نیزا دەکەم هیچی قبووڵ ناکەیت؟ ئەویش گوتی: ئەی (یحی) من حەز دەکەم گوێم لەدەنگت بێت.

188-مەرجی شاگردی – في القشیریة:

(مورید) پێویستنیە کە بڕوای وابێت شێخەکەی پاکو بێگوناهە.

189-دژی (لەسەر خەڵك خۆ ژیاندن)و خەڵك چەوساندنەوە:

ئارەزووی لەشتەکانی لای خەڵکە, دەبێت بزانیت و هەوڵ بدات کە خەڵك چۆنی پەیدا دەکەن, ئەویش ڕەنجبدات و پەیدای بکات بەئارەقی ناوچاوی خۆی.

پرسییان لە (جنید): خەڵکانێکی خاوەن (مەعریفە) دەڵێن: (خۆماندوو نەکردن) بەشێکە لە خێرو خودا پەرستی؟ ئەویش گوتی: نەخێر ئەمە قسەی قەومگەلێکە کە ئیش ناکەن.

190-گریان:

سەبارەت بەگریان و پرسیان لەگەیلانی و گوتی:

*بۆ ئەو بگری.

*لەدەستی ئەوبگری

*بەسەر ئەودا بگری

## 191-نیشانەی دانا (عارف) – الحلاج:

نیشانەی عارف و دانا ئەوەیە کە, ئیشت نە بەدنیا ببێت نە بەقیامەت.

*منیش دەڵێم زۆر لە قوتبەکانی سۆفی دنیاو قیامەتیان نەویستووە, تەنانەت گوتوویانە: بەهەشت ئاواتی مرۆڤی (عەوامە(*)).

## 192-کاڵبوونەوەی عیبادەت – الجنید:

ئەگەر خۆشەویستی بەڕاستی بوو, مەرجەکانی ئەدەب و عیبادەت پێویست نیە.

## 193-لەعەشقا مۆمەکان شکان – ابن مسروق:

(*)مەولەوی تاوگۆزی دەڵێت:

من کە خەجاڵەت بێمە خزمەتت

جەهەنم! هەرگیز ناچمە جەنت

واتە من کەعیبادەت دەکەم و خۆم لەگوناه دەپارێزم, بۆ ئەوە نیە کەبچمە بەهەشت, بەڵکو بۆ ئەوەیە کە بەڕووی سوورەوە بێمە خزمەت خودا (وەرگێڕ)

(سمنـون)م دی لەمزگـەوتا باسـی خۆشەویسـتی دەکـردو گشـت مۆمەکان شکان.

**194-دیموکراتیەت و سۆفی – ( في القشيرية ):**

گوتیان: ئاگر پەرستێك دەعوەتی (ئیبراهیم خلیل)ی کرد, ئەویش پێی گوت: ئەگـەر ئیمـان بێنیـت, دعوەتـت دەکـەم, ئاگر پەرستەکە پێیگـوت: کەواتـە چ منـەتێك دەکـەیت بەسـەرما؟ کـەئاگر پەرسـتەکە رۆیشـت, لـەخوداوە سروشـی– وحـی– بۆهـات: ئـەی ابـراهیم! ئەگـەر ئاینی نەگۆڕیت, میوانداری ناکـەیت؟ خۆ ئێمـە 70 ساڵە کافریشـەو خواردنیشی پێئەدەین!

**195-دڵ و سوڵتان – ( فی القشیریة ):**

(رابعەی عەدەوی) لەبەر روناکی چرای سوڵتان کراسێکی بۆخـۆی دروو, بەڵام ماوەیەك دڵـی نـەماو کـەبیری کـردەوە, کراسـەکەی دڕی و دڵی دۆزییەوە.

**196-سۆفی, لەنێوان شیعرو قورئاندا – في احياء علوم الدين/ للغزالي:**

(ابـو الحسـن الـدراج) رۆیشـت بـۆ (ری)و سـەردانی (یوسـف بـن الحسـین الـرازی) کـرد, کـە لـە (ری) پرسـیاری (یوسـف)ی دەکـرد, دەیانگوت: چ ئیشێکت بەو کافرە زیندیقە هەیە؟!

پـاش ماوەیـەك شـوێنەکەی دۆزیـەوەو لـەکاتی پێکـەوە ئاخافتنـدا, یوسـف پرسـی ئایـا هـیچ شـیعرت پێیـە؟ ئـەویش ئـەم دوو بەیتـەی گوت:

تۆ هەمیشە لەنێوان هەردوکماندا دیوار بینا دەکەیت
ئەگەر ئازا بام ئەوەی تۆ بینای دەکەیت, دەمڕوخاند

قورئانێکی بەدەستەوە بوو دایخستو هێندە گریا, ریشو بەرگی تەڕبوون, پاشان گوتی: بۆ گلەیی لەخەڵکی (ری) دەکەیت کە بەمن دەڵێن (زیندیق)؟

ئەوەتا لەنوێژی بەیانیەوە قورئان دەخوێنمو دڵۆپێ فرمێسك لەچاوم نەهاتووە, بەلاّم کەتۆ ئەو دوو شیعرەت بۆ گوتم قیامەت هەڵساو گریام!

**197-جیاوازی کردارو باوەڕ – معروف الكرخی:**

راستگۆیان چەندە زۆرن! چەندەیش (صالحین) لەناو راستگۆیاندا, کەمن.

(طبقات السلمي)

**198-ئاکارو رەوشتەکانی سۆفی:**

لەگەڵ دەوڵەمەندانـدا خـۆت بە بەرز راگرە, لەگەڵ هەژارانیشـدا خۆت بەزەلیل نیشانبدە (خۆ بە بەرز راگرتن) لەلای دەوڵەمەندان, بێ فیزیو (تواضع)ە, خۆ بە(زەلیل نیشاندانیش) شەرەفە.

(طبقات السلمی)

199-لەترۆپکی گۆرانییەوە بۆ دامێنی عیبادەتکردن:

یەکێکیان دەیگێڕێتەوە:

لەخزمەت (شێخ عدی بن مسافر)دا بووین, نوێژی عەسرمان کردو بەگۆرانی بێژی گوت چەند بەستەیەکی بۆ گوتین و پاشان کۆمەڵێك سۆفی هەژارو سادە هاتن بۆ خزمەت شێخ و ئەویش بەردەوام دائەنیشت و هەڵدەستا, ئەمە درێژەی کێشا هەتا نوێژی شێوان و یەکێك بانگیداو شێخیش شڵەژاو سنگی کوتاو بەکابرای بانگبێژی گوت: ئێمە لەسەر عەرش بوین و دابەزینە سەر فەرش!

(قلائد الجواهر)

200-لەهۆشچوون و ئاوێتەبوون – دەستوورێك:

کە لە (ئیخلاس) و دڵسۆزییدا شەهید بوون, ئیخلاسی سۆفی رزگاری دەبێت.

201-دەرچوون لە خەڵك – في احياء علوم الدين/ للغزالي:

کە پیاو لەم زانستەدا گەیشتە ئەنجام, خەڵك بەردە بارانی دەکەن و قسەکانی لەسنووری عەقڵی ئەوان دەرئەچن و قسەکانی بەشێتی و کوفر دەزانن.

202-مەرجەکانی گوێگرتن – (عبدالرحمن السلمی):

باپیرەم دەیگوت: گوێگر دەبێت، بەدڵێکی زیندوو نەفسێکی مردوو گوێبگرێت، ئەوەی دڵی مردووەو نەفسی زیندووە، بۆی نیە گوێگرتن.

(طبقات الصوفية له)

*مەبەست لەگوێگرتن: گوێگرتنە بۆ گۆرانی سۆفیەکان.

## 203-دژی ژنهێنان:

ئەگەر مریشکێك بژیەنم ئەترسم لەسەر پردێك بوەستم و ببم بە جەلاد.

(مەبەستی لەوەیە کە پیاو ژنی هێناو بوو بە خاوەنی خێزان، هەموو شتێك بۆ ژیاندنیان دروستە – ه.ع.)

*ابراهیم ادهم: ئەوەی بە ڕانی ژن ڕاهات، سەرکەوتوو نابێت.

ژنهێنان دابەزینە لەترۆپکی عەزیمەت و ئازایەتی بۆ داوێنی هەموو کارێکی (ناحەرام).

*(سفیان بن عیینة)یان لەبەردەم دەرگای سوڵتاندا بینی و پێیانگوت: ئەمە هەڵوێستی تۆ نییە، ئەویش گوتی: هەرگیز خاوەنی خێزانتان دیوە کە ئازادبێت؟

## 204- پێویستیم بەخودا نیە – مظفر القرمسيني:

هەژار (سۆفی) ئەو کەسەیە کە پێویستی بەخودا نەبێت.

## 205-ناکۆکی، دابینکردنی مانەوەیە – رویم:

سۆفیەکان هەتا ناکۆکبن حاڵیان باشە, دەنا ئەگەر کۆکبن لەناو دەچن.

(عوارف المعارف)

206-**نوقمبوون – لە ( جعفر الصادق ) ەوە:**

لەنوێژەکەدا بوورایەوە, کە لێیانپرسی ئەمە چیبوو؟

گوتی: کە بەردەوام بووم لە خوێندنی قورئان, بیستم هەمان ئایەت دەخوێنن.

*منیش دەڵێم ئەمە هێمایەکە, بۆ نوقمبوونی سۆفیو لەسەر زاری (جعفر) کە خۆیشی سۆفی نەبووە.

207-**دیموکراتیەتی سۆفی – حاتم الاصم:**

خەڵکی بەغدا لێیانپرسی: تۆ پیاوێکی عەجەمیتو عەرەبیەکەت پاك نیەو کەیەکێك قسەت لەگەڵ

دەکات, دەیبڕیت, ئەویش گوتی من سێ خەسڵەتم هەیە:

–ئەگەر دوژمنانم راستبوون, دڵم خۆش دەبێت.

–ئەگەر هەڵەیانکرد, خەمدەخۆم.

–خۆم لەوە دەپارێزم کە نەبادا بەنەفامانە دژی بم.

(عوارف المعارف)

208-**دژی مۆنیو وشکی – ( في احیاء علوم لدین/ غزالي ):**

(ايوب السختيانى) جەنازەی گوناهبارێکی بینیو خۆی شاردەوە کە نوێژی لەسەر نەکات, خەڵکانێك مردووەکەیان لەخەودا بینیو لێیانپرسی: خودا چیلێکردی؟ گوتی: خودا منی بەخشیو بڵێ بە (ایوب): ئەگەر گەنجینەکانی رەحمی خودا بەدەستی ئەوبایە, لەترسی لێخەرجکردنی دایدەخست.

*مەبەستی بەغیلیە.

209-**شێتیی دوانو زمان – ابو محمد الجريرى:**

ئەم بڕگەیە – وەك ناونیشانی دەریدەخات – نەك بەکوردی بە عەرەبیش لێی تێناگەمو سوودیشی نیە, بەڵام دەقەکە وەك خۆی دەنووسم وەك ئەمانەت.

جنون لغوى:

التسرع الى استدراك علم الانق وسيلة

والوقوف على حد الانحسار نجاة

واللياذ بالهرب من علم الدنو وصلة

واستقباح ترك الجواب ذخيرة

والاعتصام من قبول دواعي استماع الخطاب تكلف

وخوف قوت علم ما انطوى من فصاحة الفهم من

حيز الاقبال مساءة

والاصغاء الى تلقي ما ينفصل عن معدنه بعد

والاستسلام عند التلاقي جراءة

والانبساط في محل الانس غرة

(عوارف المعارف)

210-**بۆ لای خودا, ڕێگا داخراوه – (الجنيد):**

پرسییان (کۆتایی) چیه؟ گوتی: گەڕانەوەیە بۆ سەرەتا.

ڕاڤەی ئەمە: مرۆڤ لەسەرەتادا نەزان بووە, لەپاشدا گەیشتووە بەزانین و پاشان گەڕاوەتەوە بۆ سەرشامی و نەزانین.

یەکێکیش گوتوویە:

ئەو کەسەی کەسەرسام و (متحير)ە لەهەموو کەس باشتر خودا دەناسێت.

(عوارف المعارف)

211-**خودا رەخنە لە (حلاج) دەگرێت – فی (العبر) للذهب:**

(احمد بن الحلاج) دەڵێت: گوێم لە (احمد بن بابك)ی شاگردی باوکم بوو دەیگوت:

پاش کوشتنی (حلاج) بەسێ ڕۆژ, خودای گەورەم لەخەودا دی و لێمپرسی: (حسين بن منصور) چی کردبوو؟

خودایش گوتی: مەزهەبی خۆم نیشانداو بەڵام ئەو خەڵکی بۆلای خۆی بانگکرد, منیش ئەوەم بەسەر هێنا کە دیتان.

212-**هەڵبژاردەکانی (ابو مدين):**

*قورئان نازڵ بوو, بەزۆریش نازڵکرا, نازڵبوونی تێپەڕی, بەزۆر کەیشی هەتا ڕۆژی قیامەت دەمێنێتەوە.

*خودا خولْقێنەری گەردوونە, گەردونیش درێژ بۆتەوە, مادەیش لەخودی وجودەو کەمادە نەما, گەردونیش نامێنێت.

*بەزیانترین شت, هاوڕێیەتی زانایەکی بێئاگایەو سۆفیەکی نەزانەو واعزێکی ماستاو چیە.

*ئەو کەسەی ئازادێکی تەواو بێت, خڵتەی کۆیلایەتی تیا نیە.

*مورید دەچێت بۆلای, بەڵام دانا (عارف) لەلای دەڕوات.

*مردن (لەخەڵك بڕان)؛ سەربەرزیە, فەوت (دابڕان لەهەق) خەم‌و پەشیمانیە.

*پارێزکردن لەلەشدا دوورکەوتنە لەخواردنی خراپ, بەڵام پارێز لەدڵدا, نەچیتەپاڵ خراپکاران, پارێزیش لەدەروونـدا (نفس), نەکردنی خۆهەڵکێشان‌و فشەکردنە.

*جوامێری بریتییە لە: لەباشەکانی خەڵك ببینی‌و خراپەکانیان داپۆشی.

*حەدیس ئەوەیە کە وەڵامی پێویستە, (کەلام)یش بۆ کەسی بەرامبەرە.

*رۆحەکان (ریعایەتیان) پێویستە, تارماییەکان خۆمانیان لێدەپارێزین.

*بناغەی ئەم ژیانە لەسەر هەوڵ‌و خۆماندوو کردنەو نەهێشتنی ئەو شتانەی کە خوو دەقمان پێوە گرتوون.

خەڵکانی دێرزەمان, موڵك‌و ژێردەستەی بارودۆخ بوون, بەڵام خەڵکانی سەردەم, خاوەنی بارودۆخن‌و ئەمان بەهەوەسی خۆیان کاردەکەنە سەر دەوروبەریان.

*کۆیلە نەبێت‌و لەهەموو شتێك‌و هەڵوێستێکیشدا ئازادبێت.

*یەکێك (احد) بناسێت, (الاحد) نەناسێت.
*ئەگەر پیاوێك کەرامات و کاری نائاسایی لێدەرکەوت, باوەڕی پێمەکەن, بەڵکو تەماشای ئەوەبکەن کە تا چ رادەیەك ئەمر دەکات بەباشەو نەهی دەکات لەخراپە.
ئەم بڕگەیە بەشێکە لەدەستنوسێکی کتێبخانەی مۆزەخانەی بەریتانی بەناونیشانی: لەپەندەکانی شێخ (ابو مدین).

213-هۆیەك بۆ دەرکردنی پاشاکان – (في احياء علوم الدين/غزالی):
گوتراوە: هەندێك لەپاشاکان زاهدو خواناسەکان لەخۆیان نزیك دەکەنەوە, پاشماوەیەك بانگی خواردنو پاقلە دەکەنو ئەوانیش زۆر بە هەڵپەوە دەخۆنو پاروی زل دەگلێنن, کە پاشا تەماشایان دەکات لە پێشچاوی دەکەون, زاهیدەکەیش دەڵێت: سوپاس بۆ خودا کە لەپێشچاوت کەوتم.

214-گەشتێك بەنێو (لامعقول) دا – (من القشيرية):
خۆشی مامەڵەیان زەوقە
بەردەوامی سەردانیان, خواردنەوەی دەوێت
بەردەوامی هاتوچۆیان ئاوی دەوێت
ئەوەی زەوقی هەیە خۆی بەسەر خۆش نیشان ئەدات
ئەوەی شەرابی دەوێت مەستە
ئاو خۆریش هوشیارە
ئەوەی خۆشەویستی بەهێزە, شەرابی بەرادەوامی دەوێتو لەپاش ماوەیەکیش بەشەراب سەرخۆش نابێتو بەڕاستیش هوشیارەو

بەختی کزە, نە بەخۆشیو نە بەناخۆشی ناگۆڕێت, ئاگاداربە! پێکی دۆستان لەغەیبەوە دێتو بناغەی لەسەر نهێنیە کۆنەکانەو پەیوەندە بەو (روح)انەوە کە کۆیلەی شتەکانو ئازادن.

تێبینی/ دێڕی خوارەوە بەگۆڕینی بۆ کوردی هێندەی تر ئاڵۆز دەبێت بۆیە وەك ئەمانەت دەقەکەی دەنوسمەوە.

(التفرقة شهود الاغيار لله والجمع شهود الاغيار بالله وجمع الجمع استهلاك بالكلية).

## 215-لەکاتی مردندا:

لەکاتی گیانداندا بە (جونەید)یان گوت: بێژە (لا اله الا الله)

ئەویش گوتی: لەبیرم نەکردووەو هەمیشە لەیادمە

## 216-بانگدەرو سەگ – فی القشيرية:

(ابو حسن النوری) کە پیاوێك بانگی ئەدا گوتی:

ئەمە گورزێکی ژەهراوی مردنە

کە سەگێك وەڕی, گوتی:

ئامادەمو بەختیارم

## 217-داکۆکی لە (ابليس) – عبدالكريم الجيلی:

وشەی (ابليس) لە (التباس)ەوە هاتووە بەمانا کەوتۆتە دوودڵییو گومانی بردووە کە, ئەگەر سوجدە بۆ ئادەم ببات, ئەوە عیبادەتی

غـەیری خـودا دەكـات, وەلامیشــی: مـن لـەئادەم باشـترم ئـەو لـەقوڕ خولقاندوته من لەئاگر, ئەمە ئەوە دەسەلمێنێت كە ئادەم زاناتر بووە بەئەدەبی حـزووری خـوداو شـارەزاتر بـووە لـە دەستووری پرسـیارو جـەواب, چـونكە خـودا نەیپرسـی لـەهۆی (سـوجدە نـەبردن) بـەڵكو پرسی لە (ماهیەتی) (مەنعەكە)و ئەویش كێشەكەی باسكرد.

(الانسان الكامل)

218-**خۆشەویستی و جیهان** – (**ئیبن عەرەبی**):

ئـەم دەقـە لـەگۆڕینی بـۆ كـوردی هێنـدەی تـر ئاڵۆزتر دەبێت, بۆیـە وەك (ئەمانەت) عەرەبیەكەی دەنووسم.

المحـب فى حكـم الحـب لا فى حكـم المحبـوب, ومـن هـى صـفته عينـه فعينه تحكم عليه لا امر زائد, غير ان اثره في المخلوقين التلاشـي عنـد استحكامه, لانه يقبل التلاشي. فلهذا يتنـوع العـالم في الصـور فيكـون في صورة فاذا افرط فيها الحـب مـن حيـث لايعلـم وحصـل التجلـي مـن حيث لا يظهر, تلاشت الصورة فظهـرت في العـين صـورة أخـرى. وهـي ايضـا مثـل الاولى في الحكـم راجعـة اليـه. ولايـزال الامـر كـذلك دائمـا لاينقطع.

ثم ان من كرمه سبحانه جعل هذه الحقيقة سارية في كل عين و قـرن معهـا اللـذة الـتي لا لـذة فوقهـا فاحـب العـالم بعضـه حـب تقييـد مـن حقيقة حب مطلق فقيل فلان أحب فلانا وفـلان أحـب امـرا مـا, ولـيس الا ظهور حق في عين ما احب ظهور حق في عين اخرى كان ماكان؟

(مجموعة غراب/ الحب والمحبة الالهية)

219-**لەدەستی خودا رادەکات – ابن الجوزی:**

هەژارێکی سۆفیم دی رایدەکردو لایدەکردەوەو ئەیگوت: بەشایەتبن لەسەر خوا, ئەوە خەریکە دەمکوژیت. پاشان کەوتو مرد.

220-**سۆفیەکانو ژنان:**

سۆفیەکان مۆڵەتیان داوە کە ژنان جلو بەرگی سۆفیانە لەپیاوانی غەریب وەرگرنو بیپۆشن, ئەگەر مێردەکانیان ژنەکانیان حەپس کرد, ژنەکان بۆیان هەیە داوای جیابوونەوە بکەن هەتا ئەوکاتەی بەرگی پینەکراوی سۆفیەکان وەردەگرنەوە.

(تلبیس ابلیس)

221-**باسکردنو لەیادکردنی – ابوبکر الواسطي:**

ئەوانەی کەلە (زیکردا) باسی دەکەن, لەو کەسانە بێئاگاترن کە, یادکردنیان لەبیرچۆتەوە, چونکە باسکردنی, باسی غەیری ئەوە.

(طبقات السلمی)

*باسی غەیری ئەوە: واتە کارێکی زیادەو جیاوازە لەو.

222-**مشاهد ولوامع – من أوراق المخطوطة لدی الجامع:**

ئەم بڕگەیە یەکجار ئاڵۆزەو کردنی بەکوردی هێندەی تر ئاڵۆزتر دەبێتو خوێنەری ئەم بابەتانە بەعەرەبیەکەی زۆرتر چێژی لێدەبینن, منیش وەك ئەمانەت دەقە عەرەبیەکەی دەنووسمەوە, بەو

هیوایەی کە خوێنەرێکی عاشقی ئەمجۆرە بابەتانە چێژی لێوەربگرن (وەرگێڕ) (من تمكن في مقام الفردانية ودارت عليه احوال الخلق السنية فهو القطب ويقال له الغوث ايضا).

هل يصل احد من العارفين الى حالة جفاء البكاء؟

نعم اذا وصلوا الى حقايق القرب وذاقوا طعم الوصول من بره زال عنهم ذلك لان بكاهم انما هو في حال سيرهم وقد وصلوا.

غاب العارف بنحمر حبه عن الحس والهمس فانجلا له وجه محبوبه كالشمس فهناك دام له السكر وطفحت الدنان ودارت عليه كؤوس المحبة والعرفان.

مازال يشربها وتشرب عقله
خبلا وتؤذن روحه برواح
حتى انثنى متوسدا بيمينه
سكر وأسلم روحه للراح

اذا امتحن العارف بالهجران قام بالادب مع الكتمان وان عدد اوناح لايمكن ان يقال له باح. تجلت له انوار بهجة الحضرة فهام لما رأى هناك نظرة وعجب حين شهد وجه جمالها في جميع تطوراتها واحوالها.

شعر: تناهت جمالا فهي وجه جميعها
فمقبلة تأتي ومقبلة تمضي

المعرفة من حيث هي شهود الجلال والعظمة ومحو وجودك في شهوده هو المراد.

على قدر ما يمحا من الرسوم يكون القرب وعلى قدر مايبقى من الرسوم يكون البعد. فليس الحجاب الا انت. فمتى فنيت ظهرت الحقيقة.

شعر: بدا لك سرطال عنك اكتتامه

ولاح صباح كنت انت ظلامه

فانت حجاب النفس عن سرغيبة

ولولاك لم يطبع عليك ختامه

فقطع مسافة وجودك هو مطالعة الجمع ولا يكون الا بفناء جميع الرسوم وهذه معرفة خاصة الخاصة. وهي على ثلاث مراتب:

معرفة الذات خاص بالرسل والانبياء وافاضل الصديقين. والمعرفة بصفات الله لخواص المؤمنين والمعرفة بافعاله لعوام المؤمنين.

المعرفة بذاته تنتج الهيبة والتعظيم, والهيبة اجلال الحق باقلال الخلق. والتعظيم اعزاز الحق باذلال الخلق. فيسقط من السر اجلال سواه واعزاز غيره .. والمعرفة بصفاته تنتج السكون معه والخوف منه. والمعرفة بافعاله تنتج السكون لعباده.

من شق عليه ركوب الاهوال لم يرتق الى معالي الاحوال. ومن لم يرتق اليها لم يبلغ مراتب الرجال. ومن جانب الاصول او بعضها أو انحط عن درجة الرخصة فترك ادابهم فقد فارق المذهب. المناجات مخاطبة الاسرار عند صفاء الاذكار. المصافاة زوال الاكدار بينك وبين ربك حتى يصفو قلبك وسرك فيصفو لك شهوده ويمحو ذاتك وجوده.

223-هەڵكشان لە پلەوپایەكاندا – هەمان سەرچاوە:

هەندێکیان گوتوویانە: من لە خوێندنی قورئاندا هەستم بەشیرینی نەدەکرد, تا ئەوکاتەی کە دەمخوێند هەستم دەکرد پێغەمبەر بۆ هاوڕێکانی دەخوێندەوە. پاشان پایەم بەرزتر بوو, هەستم دەکرد کە جوبرائیل بۆ پێغەمبەری دەخوێندەوەو پاشان هەڵکشامو ئێستا راستەوخۆ, لەخۆی دەبیستم.

## 224-حەلاجو خۆشەویستیە ئاسمانیەکەی:

لەکاتێکدا ئەم شیعرانەی گوتووە کە داماو بووە:

دۆستە راستەقینەکەم, بەداخەوە پەیوەندی بەمنەوە نیە

هێندەی خواردنەوە پێدام کە ئازادێك ئەیدات بە میوانێك

کەپێك دەوری خۆی تەواو کرد

بانگی شمشێرو پێستی دەباخکراویکرد

هەروا بووە .. ئەوەی لەگەڵ ئەژدیها بخواتەوە

لەهاویندا, ئەمەیە چارەنووسی

*پێستی دەباخکراو: مەبەست لەسەر بڕینە, ئەم شیعرانە (حسين الضحاك) گوتوویە.

## 225-ئاگری ترسو ئاگری شەوق – في الفتح الرباني:

پرسیان لە (احمد بن حنبل) کە ئاگری ترس تیژترە یان ئاگری شەوقو تاسە؟

ئەویش گوتی: ئاگری ترس بۆ موریدو ئاگری تاسەیش بۆ ئەو کەسە کە تاسەیدەکەیت.

226-**عبدالقادر الگيلانی:**

**بزانە کە هەموو شتەکان بەو دەجولێن‌و بەو دەوەستن‌و کە ئەم ڕاستیە چەسپا, ئیدی خەڵك لەگرانی شەریکایەتی ئازاد دەبن‌و هیچ عەیب‌و گلەییەك نایەتە سەریان‌و داوای هیچیان لێناکرێت, بەڵکو تەنها پەیڕەوکردنی شەرعی لێداوا دەکرێت, و کەشتیان زانی پۆزش قبووڵ نیە, واتە زانین‌و فەرمان پێکەوە دەبن, بینینی کاری خودا لەخەڵکدا, باوەڕەو فەرمانی خودای پێهەڵناوەشێتەوە .. بڕیاری لەسەر دراوەو دەبێت بکرێت.**

**خۆشەویستەکەی تۆ, خەڵك لەدڵت دەردەکات‌و لەعەرشەوە دەتخاتە سەر خاك‌و ئیدی نە دنیات خۆشدەوێت نە قیامەت, ئەو لە تۆ بێزارەو پێتئاشنا نیە, بەڵام تۆ دڵت پێی دەکرێتەوە, وەك (مجنون)ی (لیلی)ت لێدێت, خۆشەویستی لەخەڵکی دوور خستەوەو کەنارگیر بوو, بووە هاوڕێی دڕندەکانی بیابان, لەئاوەدانی دوورکەوتەوەو لەکەلاوەدا دەژیا, دەرچوو لە ستایش‌و زەمی خەڵك‌و بێدەنگی‌و قسەکردنیان لەلای (مجنون) وەك یەکبوو, ڕەزامەندی‌و ڕق‌و قینیان لەلای ئەو چۆن یەکبوو, لەهەندێك ڕۆژدا لێیان دەپرسی:**

**-تۆکێیت؟ دەیگوت من (لەیلا)م.**

**-لەکوێوە هاتوویت؟**

**-لەیلا**

**خودایە! با لەدەستی ڕەحمەتی تۆ دەرنەچین‌و لەدەریای (وجود)ا بخنکێین.**

**(الفتح الرباني)**

227-زەلیلی:

پرسیان لە (ابو بکر القحطبي) ڕۆح چیە؟

ئەویش گوتی: نەچووە ژێر دەستی: (ببە – كُنْ).

(التعرف لمذاهب اهل التصوف)

*واتە ئافەریدی خودا نیە.

228-سەرگەردانی دانایان:

*هەندێك گوتوویانە: ئەو كەسانەی سەرگەردانو (متحیر)ن لە هەموو كەس باشتر خودا دەناسن.

*گوتیان بە (ذنون): یەكەم پلەی بەرزبوونەوەی دانا چیە؟

-(تحیر – سەرگەردانی),پاشان پێویستبوون (الافتقار), پاشان پەیوەندیكردن, پاشان (تحیر) و سەرگەردانی.

*ڕۆژێك(شبلی) نوێژی دەكردوو درێژەی كێشا, پاشان نوێژێكی تریكردو كە تەواو بوو, گوتی:

كە نوێژدەكەم, (جاحد) و بێباوەڕدەبم, ئەگەر نەیكەم, كافر دەبم.

229-نائومێدی لەڕاستی:

پرسیان بە (شكتل)ی قوتب كرد كە تەركی قسەی كردبوو بۆ قسە ناكەیت؟

-گەردوون لەراستیدا وەهمو خەیاڵەو ئیدی هیچ دەستەواژەیەك (عبارة) لەودا راستنیە, هەقیش, قسە ناتوانێت (تەعبیری) لێبكات, ئیدی بۆ قسە بكەم؟

330-**مەرجەکانی بوون بەسۆفی – (فی زهر الاداب):**

کوڕێکی (ابو عتاهیة)ی شاعیر، بوو بەسۆفی، رۆژێك (ابو عتاهیة) پێیگوت:

کوڕم! سۆفی دەبێت نەرمونیان و قسە شیرین و بە مانا بێت، بەڵام تۆ سێبەر گرانیت و هەوا تاریکیت، شنەی نەسیمت وەستاوە – چاوت زەقە .. بچۆرەوە بۆ بازاڕو گوزەری بەزازەکان.

231-**چەند پەندێکی سۆفیان:**

*گوڵی درەختەکان جوانترە لەگوڵی باخچە.

*سۆفیەتی، تەرككردنی (ئەرك خستنە سەر خەڵك)ە.

232-**مورید چۆن شێخ هەڵدەبژێریت؟ التهانوی:**

کەمورید چوو بۆلای شێخ، دەبێت هەولبدات بزانێت کە ئایا ئەم پیاوە دەشێت بۆ شێخیەتی یان نا؟

زۆر لەموریدان بەڵکو گشت خەڵك، لەم قۆناغەدا دەکەونە هەڵەو تیاچوون، چونکە ئیمامی خراپ و گومڕا دەکەن بەپێشەوای خۆیان.

دەبێت بزانێت کە ئایا ئەم شێخە ڕێگای شەریعەتی بەڕاستی گرتووە، ئەگەر تەنها موریدو خەڵکانی دەوروبەری بەباشی دەزانن، پێویستە راوبۆچوونی زانایانی سەردەم و دەوربەری بزانێت، ئەگەر زانایان و خەڵکانی دەرکەوتووی کۆمەڵ و پیرو گەنج بەباشیان دەزانی و بۆ شارەزابوونی ئاین و ڕێگەی راست پرسیان پێدەکرد، با

ئـەمیش بیکـات بەشـێخی خـۆی, ئـەم تاقیکردنەوانـە پێـی دەڵـێن (یەکئامانجی)و بەشێکی زۆر گەورەیە.

233-**بارانی ئاسمان** – (**ئیبن عەرەبی**):

لەراڤەو شەرحکردنی ئایەتی (کذلك نخرج الموتی لعلکم تذکرون – بـەمجۆرە مـردوو زینـدوو دەکەینـەوە) دا گوتەیـەکی (دراوە پـاڵی) پێغەمبـەر دەهێـنن کـە باسـی زیندووکردنـەوەی مردووەکـان دەکـات لەقیامەتدا کە, بارانێك چون شەهەوەتی پیاوان دەبارێت.

*وادیارە ئەو مادەیە (بارانە شەهوەتە) دیسان ژیان لەسەر زەوی بۆ جاری دووەم دائەرێژێتەوە؟

234-**شێتێتی عەقڵ** – (**ئیبن عەرەبی**) **لەبارەی شێتێکەوە**:

–پێمگوت: چی عەقڵی تۆی برد؟

–تـۆ شـێتیت دەنـا ئـەم پرسـیارەت لێنـەدەکردم, کـەی مـن عـەقڵی ئـەوەم هەیـە لەگـەڵت بـدوێم و ئـەو لەگـەڵ خـۆی بـردی و نـازانم چـی لێکردو منیشی کرد بەئاژەڵ دەخـۆم و دەخۆمـەوەو ئـەویش کاروبـارم دەبات بەڕێوە.

پێمگوت: ئەگەر تۆ وڵاخ بیت کێ سوارت دەبێت؟

–من وڵاخێکی کێویم کەس ناتوانێت سوارم ببێت.

لێرەدا لەوە گەیشتم کـە دەیـەوێت لـەجیهانی مرۆڤ دەرچێت, ئـەو لەگێژاوی مەعریفەدایەو ئەرکی مرۆڤی لەسەر نیە.

کە دەمبینی نوێژی دەکرد, لێمدەپرسی: ئەوە نوێژ دەکەیت.

–نەواللە ... ئەوەتا دامئەنیشێنێت و هەڵمدەستێنیت و نـازانم چـی لێمدەوێت؟

-لەکاتی نوێـژدا هەسـت دەکـەیت کـە ئـەم نوێـژە خـودا لەسـەرت فەرزی کردووە, ئایا (نیەتت) هێناوە بۆ ئەو مەبەستانە؟

-(بەپێکەنینـەوە) مـن هەسـتدەکەم دامئـەنێت و هەڵمدەسـتێنێت, (نیەتی) چی بهێنم ئەو خۆی لەگەڵ مندایە.

(مجموعة غراب/ ترجمة حياته)

235-**ئالیەتی گوازتنەوە – ئیبن عەرەبی:**

گوازتنەوە لەپلەیەکەوە بۆ پلەیەکی بالاتر بەمجۆرەیە: پلـەی بالاتر خۆی دەرەخسێنێت و ئاساندەبێت بـەجۆرێك هەڵکشـان بـۆ ئـەو پلـەو پایە بەئاستەم هەستی پێدەکرێت, دەبێتـە: گوازتنـەوە لەگـەڵ فلانـە پلەدا نەك گوازتنەوە لەفلانە پلەوە.

236-**جۆرەکانی با – ئیبن عەرەبی:**

روناکیەکانی (با) ڕوناکی رەگەزین و هێندە خێران بەچاو نابینرێن, من تەنها لەحزووری (برزخية)دا بینیومە.

ئێمـە جارێـك لـە (قرطبـة) و لەتـەنها یـەکرۆژدا بینیمـان (بەهەسـتی بینین), ئـەوە تایبەتمەندییـەکی خـودایی و میراتێکـی (محمـدی) بـوو, ڕوناکیەکانی (با) سوڵتان و دەسـەڵاتیان بەسـەر هـەموو مرۆڤدا هەیـە جگە لە پیاوانی خودا.

237-(**حیرة**) **و سەرگەردانی سۆفی:**

لەپەیوەندییــەکی (ئــیبن عــەرەبی) لەگــەڵ خــودا, وەك خــۆی دەیگێڕێتەوە:

**پێمگوت:**

**ئیبن عەرەبی: تۆ**

**خودا: تۆ**

**ئیبن عەرەبی: من**

**خودا: نا, من..**

**ئیبن عەرەبی: ئەی چی بکەین؟**

**خودا: وەك دیوتە**

**ئیبن عەرەبی: بێجگە لەسەرگەردانی هیچم نەدیوەو نەمن هیچم دەستکەوتووە, نە تۆیش هیچم پێدەڵێیت.**

**خودا: پێمگەیاندی..**

**ئیبن عەرەبی: هیچم بەدەستنیە.**

**خودا: هەرئەوەیە کەپێی گەیشتووی.**

# تقاسيم على القران

ئەم بابەتە بەوەرگێڕانی بۆ کوردی لەبەهای هونەری کەم دەبێتەوە, خوێنەری هوشیار لە دەقە عەرەبیەکە زۆرتر چێژ وەردەگرێت, بۆیە منیش وەك (ئەمانەت)و وەك خزمەتیش بەخوێنەر, دەقە عەرەبیەکە دەخەمە پێشچاوی خوێنەرانی ئازیز, لەوانەیە هەندێك ووشکە موسوڵمانیش ئەو عەرزەی (هادی علوی) لەلا سەخت بێت, بەڵام بەڕای من ئەمجۆرە عەرزە هەرگیز لەبەهاو پیرۆزی قورئان کەمناکاتەوەو بگرە رەهەندێکی ئەدەبی و هونەریش دەخاتەپاڵ رەهەندە ئاینی و پیرۆزیەکان.

## (من سورة المدبر)

وثيابك فطهر, والرجز فاهجر, ولا تمنن تستكثر
ولربك فاصبر
فاذا نقر في الناقور
فذلك يومئذ يوم عسير
على الكافرين غير يسير
ذرني ومن خلقت وحيدا. وجعلت له مالا ممدودا. وبنين شهودا. ومهدت له تمهيدا.
ثم يطمع ان ازيد؟
كلا!
انه كان لا يأتينا عنيدا
سأرهقه صعودا
انه فكر وقدر
ثم قتل كيف قدر
ثم نظر. ثم عبس وبسر. ثم ادبر واستكبر. فقال ان هذا لسحر يؤثر. ان هذا الاقول البشر.
سأصليه سقر
وا مادراك ما سقر؟

**لاتبقي ولاتذر**
**لواحة للبشر**
**عيها تسعة عشر**

## (من سورة القلم)

**انا بلوناهم كما بلونا اصحاب الجنة اذا اقسموا**
**ليصرمنها مصبحين**
**ولا يستثنون**
**فطاف عليها طائف من ربك وهم نائمون**
**فاصبحت كالصريم**
**فتنادوا مصبحين**
**ان اغدوا على حرثكم ان كنتم صارمين**
**فانطلقوا وهم يتخافتون**
**ان لايدخلنها اليوم عليكم مسكين**
**وغدوا على حرد قادرين**
**فلما راوها قالوا انا لضالون**
**بل نحن محرومون**
**قال وسطهم الم اقل لولا تسبحون؟**
**قالوا ربنا انا كنا ظالمين**

## من سورة الهود

**ان في ذلك لاية لمن خاف عذاب الاخرة ذلك يوم مجموع**
**له الناس وذلك يوم مشهود**
**وما نؤخره الا لاجل معدود**
**يوم يأت لا تكلم نفس الا باذنه فمنهم شقي وسعيد**

## من سورة الروم

**وقال الذين اوتوا العلم والايمان لقد لبثتم في كتاب الله**
**الى يوم البعث ....**
**فهذا يوم البعث...**
**ولكنكم كنتم لا تعلمون**

## من سورة ابراهيم

**واستفتحوا وخاب كل جبار عنيد**
**من ورائه جهنم ويسقى من صديد**
**يتجرعه ولايكاد يسيغه ويأتيه الموت من كل مكان**
**وما هو بميت ومن ورائه عذاب غليظ**

## من سورة الشورى

فلذلك فادع
واستقم كما امرت
ولا تتبع اهواءهم
وقل امنت بما انز الله من كتاب
وأمرت لاعدل بينكم
الله ربنا وربكم
لنا اعمالنا ولكم اعمالكم
لاحجة بيننا وبينكم
الله يجمع بيننا واليه المصير

## من سورة الفجر

والفجر
وليال عشر
والشفع والوتر
والليل اذا يسر
هل في ذلك قسم لذي حجر؟
الم تر كيف فعل ربك بعاد؟
ارم ذات العماد؟
التي لم يخلق مثلها في البلاد؟
وثمود الذين جابوا الصخر بالواد؟
وفرعون ذي الاوتاد؟
الذين طغوا في البلاد
فاكثروا فيها الفساد
فصب عليهم ربك صوط عذاب
ان ربك لبالمرصاد
كلا بل لاتكرمون اليتيم
ولا تحاضون على طعام المسكين
وتأكلون التراث اكلا لما
وتحبون المال حبا جما
كلا! اذا دكت الارض دكا دكا
وجاء ربك والملك صفا صفا
وجيء يومئذ بجهنم. يومئذ يتذكر الانسان وانى له الذكرى
الرجز: الرجس, والابدال بين السين والزاي شائع في لغتي الكتابة والكلام العربية

بسر: بسل: اي تجهم ومنه الباسل الشجاع لانه يكون في الحرب متجهم الوجه لشدة قتاله واقدامه, والابدال بين الراء واللام شائع في العربية ومنه في العامية المعاصرة ابدلت (ياليت) الى (ياريت).

يؤثر: ينقل, ومنه المأثور للنصوصي والاقوال التي تتناقلها الاجيال.

يصرفها: يقطعونها, وسياق الاية يفيد معنين متزامنين هما: جني المحصول ومنعه عن الفقراء.

الصريم: الارض السوداء التي لا تنبت شيئا والمعنى يوحى بانها صارت قاحلة.

حرد: غضب شديد, وهو بهذا المعنى في العامية السورية, ويدخل في العراق في التسميات ومنه حردان اسم شائع في الارياف.

الشفع والوتر: الزوج والفرد.

الحجر: بكسر الحاء: العقل. من المهجور حاليا.

جابوا: قطعوا يستعمل اليوم في صيغة المضارع (يجوب) وصيغة المبالغة: جواب افاق, مثلا.

ارم ذات العماد: مدائن صالح.

# راڤەو چەند تێبینیەك

## بەشی پێنجەم

1–كە ئەڵێت حەراجەستە تاریكەكان .... لەوانەیە ئەمە هێما بێت بۆ (زیندوو نەبوونەوە).

*لەبــەرگی گەردوونــەكان ... مەبەســت بچــڕاندنی پەیوەندیــە جەستەییەكانە.

2–دۆعـاو نیـزا: پێدەچـێت بەشـێك بێـت لـە بونیـادی مێـژووی فەلسەفەی ئیسلام, لەوانەیشە ئەمە لەسەرچاوەی (ئـەفلاتونی نـوێ) وەرگیرابێت.

3–ئـەم شـیعرە لـەكتێبی (البیـان والتبـیین) ی جـاحیزدا هـاتووە, شـێوازە فەلسـەفیەكەی وامـان لێـدەكات كـە بـەگومانبین لـەوەی كـە شـاعیری جـاهلی گوتوویـە, بـەڵام دەبێـت بـزانین كـە ئـەم شـاعیرە جوولەكەیەو دەكرێت شتێك لەمەعاریف و فەلسەفە بزانێت لـە ڕێگـای لاهوتیەتی جوولەكەوە.

4–هیچ شتێکم لەبارەی (عبداللە الشیبانی)یەوە نەبینیوە, ئەم چیرۆکە لەکتێبی (البیان والتبیین) ی (جاحظ) دا وەرگیراوە.

5–ئەم گوتەی (مەلا سەدر)ە باسی پێگەیشتنی ئاسایی مرۆڤە بەپێی بزوتنەوەی (جوهریة) کە سەرەتای (ئیشراقیە)ی شیرازیە, منیش لە کتێبی (حول نظریة الحركة الجوهرية) دا باسمکردووە, لەبەشی دووەمی ئەم کتێبەیشدا بەناونیشانی (هەڵبژاردەی مەلا صدر) باسکراوە.

6–داود الطائي: لەسۆفیەکانی سەدەی 2 ی کۆچیە, خەڵکی خوراسانەو لەکوفە لەدایك بووەو مردویشە.

10–سعدون المجنون: لە شێتە داناکانەو هاوچەرخی (ذو النون مصري) سۆفیە.

11–(درب الحاجب) و (درب الرواسين) ناوی دوو گەڕەکن لەبەغدای سەردەمی عەباسی.

12–ژیری پزیشکی چواندووە بە لقێکی درەختی تەڕو تازە کە گەشە دەکاتو لە هەڵچوونە.

17–ابو اسحق الصوفي: یەکێکە لە سۆفیەکانی سەدەی 4 ی کۆچی.

22–(مقاتــل بــن ســليمان): یەکێکــە لەدانــەرانی (تەفســیر)و حەدیسزانان, خەڵکی (بەلخ)ە لەبەغدا ژیاوەو لەبەسرە لەساڵی 150 کۆچی مردووە, لەبزوتنەوەی (زیدیة) یان (مرجئة) بووە.

26–(الغضبان بن القبعثري): کۆلکە ئەدیبو لەهاوڕێ نزیکەکانی (حجاج) بووە, خزمایەتیشی بووە لەگەڵ (عبدالملك بن مروان) دا و پاشان پەیوەندی بە (ابن الاشعث)ەوە کردووە بزوتنەوەی (ابن الاشعث) بەهۆی دڵڕەقی (حجاج)و زاڵبوونو کۆنترۆڵی سەربازانی خەڵکی شام بەسەر عیراقیەکاندا پەیدا بووە, بۆیە بەشێکی زۆر لە خەڵکی عیراقو خۆرهەلات لایەنگری ئەو بزوتنەوە بوون, بگرە خەڵکانێکیش کەلەناو دەوڵەتەکەدا بوون هەواداری ئەو بزوتنەوە بوون, کە (غضبان) دیلکرا, نەکوژرا چونکە پەیوەندی بە (عبدالملك)ەوە بووو خرایە بەندیخانە.

36–(عبید الله بن ظبیان) سوارچاکێکی خەڵکی شامەو هەرئەویش (مصعب بن زبیر)ی کوشتو سەرەکەی بردەوە بۆ (عبدالملك)و گوتی: ویستم لەوکاتەدا (عبدالملك)یش بکوژم ئەوکاتە دەبووم بە بکوژی 2 پاشای عەرەب.

38–لەکتێبی (اغانی)یشدا جنێوو سووکایەتی لەمجۆرە باسکراوە – لێرەوە دەرئەکەوێت کە کارکردنی (خالد بن زبیر) لەبواری زانستەکاندا, هەواڵێکی راستە.

41–ئەم دەقە لەکتێبی (حکاية ابو القاسم البغدادي) وەرگیراوە کە پـــەیڕەوی بـــەرەڵایی و جنێـــوادنی دەکـــات وەك بزوتنـــەوەی (دادية)یەکانە.

48–(مخيف سبيل): جەردەو ڕێگربووە, لـەم شیعرەدا (ابونـواس) ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە ساماندارانی بیانوویان ئەوەیە کە زەکات ئـەدەن, بەهـەمان شـێوە (عیـارين)یش دەڵـێن مـاڵی دەوڵەمەنـدانو بەنـەدانو کەڵەکـەبوونی زەکـات, سـامانیان هـەموو دەبێتـە بەشـی زەکاتو کەواتە بەزۆر لێسەندنیان حەڵاڵە.

51–ناونیشـانی کتێبێکـی (برنادرشـۆیە) کـە لـە (دار الطليعـة) دەرچـووە, لـەو کتێبـەدا ئیسـپاتی دەکـات کـە (مەسـیحیەت) ئـاینی (بولص)ەو پەیوەندی بە (یسـوع)ەوە نیـە کـە ئـاینێکی تازەی ببێـت, تێبینیەکانی (نويری) وەك بەرەنجامەکانی (برنادرشۆیە).

52–(ابـو الحسـن بـن التلميـذ): پزیشـکێکی خـەڵکی بەغدایـە لەسەدەی 6 ی کۆچیدا.

*سـکنجين: یـان زەنجـەفيل: شـەربەتێکە لەسـرکەو شـەکر دروستدەکرێت.

*(الجـلاب): گـوڵاوێکی کـوڵاوە لەگـەڵ شـەکرو هەنگوینـدا, لـەناو ڕەشـە خـەڵکی عیراقـدا, بەشـەربەتێکی سـاردی تـامخۆش دەڵـێن (جلاب), لەناو ڕەشە خەڵکی لوبنان ناوی شەربەتێکی ساردە.

54-هەنــدێك لەشــەرعزانانو بیرمەنــدان, هەڵوێســتیان تونــدو نیگــەتیڤ بــوو بەرامبــەر خەلیفــەکانی عەباســیو ئەمــەوی, ئــەم هەڵوێســتەیش لەمــەدا بەرجەســتە دەبــوو کــە دوورەپــەرێز بــوون لــەدەزگاکانی دەوڵــەت بەتایبــەتی دەزگاکــانی داد (قضــاء), ئــەو شەرعزانەی لەم سنوورە دەرئەچوو بەلاوازو سووك تەماشا دەکراو زۆرجاریش بە (خیانەت), بەڵام لەسەدەکانی دواییدا, شەرعزانو بیرمەندەکان پەشیمان بوونەوەو بوو بە بەشێك لەئامێری دەوڵەت چینی دەسەڵاتدار.

55-ئاماژەیە بۆ ئەوەی سەردەمی (مروانیة) هیچ خێرێکی تیا نەبووە.

*مەبەست لەسەردەمی (هاشمیەکان): ئاماژەیە بۆ خوتبەیەکی (علی) کە خۆزگە دەخوازێت پیاوەکانی لە (بنو فراس) بوونایە کە لەئازایەتیدا بەناوبانگبوون.

57-مەبەســت لــە (قــاوە) شــەرابە, ئاماژەیــە بــۆ ئــەوەی کــە قاوەخواردن ئارەزووی خواردن کەمدەکاتەوە, لەسەدەکانی دواتردا, مەبەستیان لە (قاوە) ئەو شەرابە بوو کەلە (قاوە) دروستدەکرا, پاشان ئەم وشەیە لەزمانەکانی تردا بۆ چەندین مەبەست بەکاردێت.

62-(مێوژی کوڵاو): واتە شەرابی مێوژ.

*(ریحانەی شاهسفرم): جۆرە رەیحانەیەکە, پێیشی دەڵێن رێحانە ملوکی.

الخف: پێڵاوی چەرمە, عەرەب لەسەردەمی (جاهلی) وە بەکاری هێناوە, پاشان لەهەموو وڵاتانی ئیسلامیدا بەکارهاتووە, ئێستایش لەبەغدا بازاڕی (خفافین) هەرماوە, مێژووی ئەم بازاڕە دەگەڕێتەوە بۆ کۆتاییەکانی عوسمانی. (عثمان الخیاط) لەپێکردنی بەخراپ دەزانێت بۆ دزان, لەکاتی رۆیشتندا جیڕەی لێوەدێتو دزیش ئەم دەنگەی بۆ خراپە.

*بەڵام هۆی ئەوە نازانم کە, بۆچی نەهی لەشەڕە کەڵەشێرو بەرانو گەمەکردن بەهەڵۆو شێری کردووە, یان بۆچی یاری شەترەنجی لاخراپەو تاوڵەی لا باشە؟ ئەمانە چ پەیوەندیەکیان هەیە بە پلانەکانی (عثمان)ەوە؟

(الحافظ السلفي– سلفة – احمد بن محمد الاصفهاني), یەکێکە لە شەرعزانەکانو حەدیس لەسەدەی 6 ی کۆچیدا, لەلای (فاطمیة)کان ژیاوە, هەرچەند لە (مەزهەب)یشدا لەگەڵیان ناکۆك بووە, لەبەرئەوە قوتابخانەیەکیان بۆ دروستکرد لە (اسکندریه)و گەورەی هەتا مردیش.

100–(غیلان الثقفي): لەسەرۆکەکانی (ثقیف)ە.

لەپاش فەتحی مەکە بەپیری ئیسلام بوو.

139–(عبدالکریم الجیلی) یەکێکە لەکچەزاکانی (گیلانی), قوتبێکی سۆفی بوو لەسەدەکانی (8–9)ی کۆچیدا, دەشێت دوا سۆفیە گەورەو هەڵکەوتووەکان بێت, دەرکەوتنی لە کاتێکدا بوو (حەزارەتی) ئیسلامی کەوتە کزیو بەخشینی نەما.

140-(معروف الكرخي): پێشتر مەسیحی بوو, دەرگەوانی (علي رضا)ی ئیمامی هەشتەمی شیعەکان بوو, سۆفیەتیەکەی مۆرکێکی (مەسیحیانەی) پێوەبوو, لێبوردەو لایەنگری هەژاران بوو, مەرقەدی لەبەغدایە گەڕەکی (شیخ معروف), سوننەکانی ئەوکاتە بەپیرۆزیان دەزانی و شیعەکانیش رقیان لێبوو.

(عبدان): یەکێکە لەدامەزرێنەرانی بزوتنەوەی (قرمطي) لە لادێکانی عیراقدا.

149-(ابو الفتح البستي): نووسەرو شاعیر بوو لەنیوەی دووەمی سەدەی 4ی کۆچیدا, لەلای بنەماڵەی (سامانی)یەکان بووە لە (خۆراسان), توانای شیعری لەڕووی خەیاڵ و نەزمەوە لاوازبوو, بابەتی شیعرەکانی پەندو حیکمەت بوون.

162-(شقیق البلخي) لەسۆفیە دێرینەکانی خۆراسانە لەنیوەی دووەمی سەدەی 2ی کۆچیدا, پابەندبوو بە پەیڕەوەکانی ئیسلام, یەکێکە لەقۆناغە سەرەتاییەکانی سۆفیگەری پێش تێکەڵبوونی بە فەلسەفە, بەناوبانگە لەوەدا کە سۆفی پشتبەخۆی ببەستێت هێندە هەڵپەی دنیا نەکەن, بەڵام هەندێك لەمێژوو نوسەکان دەڵێن, لەپاش مردنی 300 گوندی بووە, چووە بۆ غەزاو لە شەڕێکدا کوژرا.

168-(عباد بن كثير الثقفي): یەکێکە لەزاهیدو خودا پەرستەکان, هاوچەرخی (زید بن علي) و (سفیان الثوري) بوو, هەرسێکیان لە (ورع) و (پارە وەرنەگرتندا لەدەوڵەت)دا هاوڕاو بۆچوون بوون, بەڵام

زاناکانی حەدیس بەلاوازی دەزانن, چونکە بەوردیی حەدیسی نەقڵ نەکردووە.

169-(ابراهیم بن ادهم) لەسۆفیەکانی سەدەی 2ی کۆچیە, لەبنەماڵەیەکی دەوڵەمەندە, بەڵام ژیانی دەوڵەمەندی وازلێهێناو بوو بە: پاسەوان, حەماڵو ئاشەوان, بەشداری جەنگی بێزەنتیەکانی کرد, کۆیلەیەکی باوکی باوکی 10 هەزار درهەمی باوکی بۆ هێناو هەواڵی مردنی باوکیشی پێدا, ئەویش ئازادی کردو پارەکەشی بەخشی بەخۆی.

لەناوچەی (جبلە)ی باکووری سوریا, گۆڕێك هەیە دەڵێن گۆڕی (ابراهیم)ە, بەڵام ئەمە ئیسپات نەبووە, بەڵام ئەمە ئیسپاتە کە لەو ناوچەیەدا و لەشەڕی ڕۆمەکاندا کوژراوە.

170-(ابن سبعین): قوتبێکی سۆفیە لەسەدەی 7ی کۆچیدا, لەوڵاتی (مەغریب)دا گەشەو ناوبانگی دەرکرد, پاشان دوورخرایەوە بەهۆی بۆچوونێکی سەبارەت بە (خاتم الانبیاء), پەنای بردە (مەکە) لەوێ لای بەرپرسی ئەو شارە زۆر ڕێزی لێدەگیرا, دەڵێن بەبڕینی دەماری مەچەکی خۆی کوشت, (عبدالرحمن بدوی) چۆتەوە بەگشت نووسینەکانیداو لەبەرگێکدا کۆکرایەوەو چاپکراو هەروەها کتێبێکی تری بەناوی (بد المعارف) چاپکراو (بد) بەمانا: (بوذا)یە.

176-(عبدالقادر الگیلانی او الجیلی): قوتبێکی سۆفیە لە سەدەی 6ی کۆچیدا, دەچێتەوە سەر نەوەکانی (حسن بن علی),

گوتوویــە: ئەگــەر ســۆفی گەیشــتە پلــەی (قوتــب)، لەپێغەمبــەران گــەورەترە، وەك (عبــدالكریم)ی خوشــكەزای گوتوویــە لــەكتێبی (الانسان الكامل) دا.

مەرقەدێكی گەورەی هەیە لەبەغدا، لەلای سوننە زۆر پیرۆزەو لای شـیعەیش قەشمـەری پێدەكـەن، هـەر بۆیـە لەعیراقـدا شـیعە نـاوی (عبـدالقادر)یان نیـە، لەدەوروبـەری مەرقەدەكـەی گـەڕەكێكی گـەورە هەیـە بـەناوی (باب الشـیخ)، (بـاب) یەكێكـە لـەدەروازەكانی بەغـداو عوسمانیــەكان هەڵیانتەكانــد لەســاڵی 1917 دا، (بــاب الشــیخ)و نازناوی (شێخلی) لەبەغدا بەناوبانگن.

180-(حمـدون القصـار): سـۆفیەكی سـەدەی 3ی كۆچیە، یـەكێك بـووە لەهـەوادارانی مەزهـەبی (ملامتیـە)و (ملامـة) مەزهـەبێكی سـۆفی لـێڵو نادیـارە، هەرچـەند چـەندین پێناسەیشـی هەیـە بـەڵام هێشـتا ڕۆشن نیە.

181-(ابوبكر الزقاق – احمد بن نصر) لە سۆفیەكانی سەدەی 3ی كۆچیە.

لــەوڵاتانی (مغــرب العربــی)دا، عبــدالقادری گــەیلانی پلــەو ناوبـانگییێكی بـەرزی هەیـە، هـەر لـەوێ چـەندین شـوێنی پیرۆز هەیـە بەناوی (شیخ عبدالقادر)ەوە.

184- (ابـو تـراب النخشـبی): سـۆفیەكی سـەدەی 3ی كۆچـیە، خەڵكی (نخشب)ی ئاسیای بچوكە كە (تركیا)، دەڵێن 55 جار چووە

بۆ حەج و پاشان لەبیاباندا نیشتەجێ بووەو لەوێش مردووە, دەڵێن درندەکان خواردوویانە.

187–(یحي القطان): شەرع و حەدیسزانی سەدەی 2ی کۆچیەو شوێنکەوتووی (ابو حنیفە) لە شەرعدا, باسیدەکەن کە هەڵەی زۆر بووە, لەوانەیشە ئەمە یەکێکبێت لەهەڵەکانی.

188–ئەمەیش پەرچدانەوەیەکی ترە کە (رینان) رەخنەی لە (عەقڵیەتی) سامی گرتووە.

193–(ابن مسروق) لە سۆفیەکانی سەدەی 3ی کۆچیەو لەدۆستەکای (جنید) بووە.

*(سمنون) نازناوی (سمنون المحب)ە لەسۆفیەکانی سەدەی 3ی کۆچیە.

196–(یوسف بن الحسین الرازی): لەسۆفیەکانی کۆتایی سەدەی 3ی کۆچی بوو, یەکجار شەیدای جوانی بوو (چ ژن چ کوڕی جوان – غلمان), هێندە هەستیار بوو خەمەکانی بەگریان دەرئەبڕی, چەندین پەندی پڕ مانای هەیەو یەکێکیان ئەمەیە:

(ئەگەر ویستت عاقڵ لە ئەحمەق جیا بکەیتەوەو بیناسیت, باسی شتی ئەستەمی (محال)ی بۆ بکە, ئەگەر وەریگرت و پێی باشبوو, ئەوە ئەحمەقە).

**لەناو عیراقیشدا بەهەمان مانا, پەندێك هەیە ئەمە دەقەكەیەتی (بۆ عاقڵ باسی شتێك بكە كە, شایەنی نەبێت, ئەگەر بەڕاستی زانی ئەوە عەقڵی نیە), (واتە: هەڵیدەو تاریفی بكە – وەرگێڕ).**

198–(**ابو عثمان النيسابوري) سۆفی كۆتاییەكانی سەدەی** 3**ی كۆچیە.**

199–(**عدی بن مسافر): قوتبێكی سۆفیە لەسەدەی** 6**ی كۆچیدا, لەنەوەی (مروان بن الحكم)ە, لە چیای (هەكاری) باكووری موسڵدا دەژیاو نەدەهاتە شوێنی ترو هەر لەوێیشدا مردو خرایە گۆڕ لەلای (یەزیدیە)كان پیرۆزە, یەزیدیەكان باوەڕیان بە (الباطنية الاسلامية)و باوەڕە ئاینیە كۆنەكان هەیە, (بەپیرۆزی زانینی) شەیتان پەیوەندی هەیە بە مەزهەبی سۆفی.**

204–(**مظفر القرمسيني): لەبارەیەوە هیچ نازانم.**

207–(**حاتم الاصم): لەسەرەتاكانی سەدەی** 3**ی كۆچیدا ژیاوە, خواناسێكی خەڵكی (بەڵخ)ە, نازناوی (اصم – كەڕ) لەوەوە هاتووە كە ژنێك هاتووە بۆلای و داوای (فەتوا)ی لێكردووەو تڕێكی لێداوە, ئەمیش خۆی كردووە بەكەڕ بۆئەوەی شەرم نەیگرێت, بەشداری (فتوحاتی) كردووە, هەرچەندە لێبوردەو بەڕەحم بووە, بەڵام خۆی بەشداری كوشتاری كردووە, ئەویش وەك ئەو سۆفیانەی هاو سنفی خۆی لێبوردەو دژی سەركوتكردن بووە, دیارە بەمە لەگەڵ خۆیدا**

نەگونجاو بووە, بەهەمان شێوەیش بیرمەندە ئازادەکانی خۆرئاوایش لایەنگری ئیستعمار بوون, یان لانیکەم بێدەنگ بوون.

209–(ابو محمد الجريري): لەژیان‌و چاکیەکانی ئاگادار نیم.

212–(ابــو مــدين شــعيب بــن الحســن): قــوتبێکی ســۆفی بــوو لەکۆتاییــەکانی ســەدەی 6ی کۆچــیدا, لــە (بجايــە)ی (مغــرب) نیشــتەجێبووە, هێنــدە لایــەنگرو موریــدی زۆر بــوون, (الســلطان الموحدي يعقوب المنصور) ناردی بەشوێنیداو لەبەر پیری لەڕێگا مرد.

216–(ابو الحسين النوری): سۆفیەکی سەدەی 3ی کۆچیە.

221–(ابــو بكــر الــواسـطي): یــەکێك بــوو لەموریــدەکانی (جنیــد) لەسەدەکانی (3–4)ی کۆچیدا ناوبانگی دەرکردو پەرەی سەند.

225–ئەمــە زمــان‌و شــێوە نووســینی (احمــد بــن حنبــل) نیــەو پێدەچێت سۆفیەك لەزمانی ئەوەوە دایڕشتبێت.

# سەرچاوەکان


1–ابن رشد والرشدية – تأليف: رينان/ ترجمة عادل زعيتر.

2-الاحاطة في اخبار غرناطة: لسان الدين ابن الخطيب.
3-احسن التقاسيم في معرفة الاقاليم/ محةمةد بن احمد المقدسي.
4-احياء علوم الدين/ الغزالي.
5-الاخبار الطوال/ ابو حنيفة الدينوري.
6-اخلاق العلماء/ ابوبكر الاجرى.
7-اخبار النساء/ ابن قيم الجوزية.
8-ادب الوزير/ الماوردي.
9-ادب الدنيا والدين: الماوردى.
10-الاذكياء/ ابن الجوزي.
11-الاربعين الصحاح/ السيوطي.
12-الاستيعاب في معرفة الاصحاب/ ابن عبدالبر القرطبي.
13-الاسفار الاربعة/ صدرالدين الشيرازي.
14-اصول الكافي/ يعقوب الكليني.
15-الاعتصام/ الشاطبي.
16-الاعلام بمناقب الاسلام/ ابو الحسن العامري.
17-الاعلان بالتوبيخ لمن ذم التأريخ/ السخاوي.
18-الاغاني/ ابو الفرج الاصبهاني.
19-الافادة والاعتبار/ عبداللطيف البغدادي.
20-الف ليلة وليلة.
21-الالمام/ للنويري (غير صاحب: نهاية الارب).
22-امالي المفيد/ الشيخ المفيد.
23-امالي القالي/ ابو علي القالي.
24-امالي المرتضى/ الشريف المرتضي.
25-الامتناع والمؤانسة/ ابو حيان التوحيدي.
26-الاموال/ ابو عبيد القاسم بن سلام.
27-الانتقاء/ ابن عبدالبر القرطبي.
28-انساب الاشراف/ البلاذري.
29-الانسان الكامل/ عبدالكريم الجيلي.
30-بحار الانوار/ محةمةد باقر المجلسي.
31-البخلاء/ الجاحظ.
32-البدء والتأريخ/ طاهر بن مطهر المقدسي.
33-البداية والنهاية/ ابن كثير.
34-البديع/ ابن المعتز.
35-البرصان والعرجان والعميان/ الجاحظ.
36-بستان العارفين/ ابو الليث السمرقندي.
37-البصائر والذخائر/ ابو حيان التوحيدي.
38-البلدان/ الجاحظ.
39-البيان والتبيين/ الجاحظ.
40-تأريخ الامم والملوك/ الطبري.
41-تأريخ بغداد/ الخطيب البغدادي.
42-تأريخ بغداد/ احمد بن ابي طاهر (طيفور) الجزء السادس فقط.

43–تأريخ ابي ذرعة الدمشقي/ ابو ذرعة الدمشقي.
44–تأريخ الخلفاء/ السيوطي.
45–تأريخ عمر بن الخطاب/ ابن الجوزي.
46–تحف العقول/ ابن شعبة الحراني.
47–تحفة الامراء في تأريخ الوزراء/ هلال الصابي.
48–تذكرة خواص الامة/ سبط ابن الجوزي.
49–تسهيل النظر/ الماوردي. مخطوطة في مكتبة غوتا/ المانيا.
50–التعرف لمذهب أهل التصوف/ ابوبكر (الكلا باذي).
51–تفسير الزمخشري/ الكشاف.
52–تفسير الفخر الرازي.
53–تفسير القرطبي (أحكام القرآن).
54–تلبيس ابليس/ ابن الجوزي.
55–التنبيه والاشراف/ المسعودي.
56–تنبيه المغترين/ عبدالوهاب الشعراني.
57–تنبيه الغافلين/ ابو الليث السمرقندي.
58–تهذيب الاخلاق/ مسكويه.
59–تهذيب الاخلاق/ يحى بن عدي.
60–تهذيب تأريخ دمشق ابن عساكر.
61–جامع بيان العلم واهله/ ابن عبدالبر القرطبي
62–جامع المباديء والغايات في علم الميقات/ عبدالواحد
–المركشي/ مخطوطة/ البودليان.
63–حاشية ابن عابدين في الفقه/ الشيخ محةمةد أمين.
64–حكاية ابو القاسم البغدادي/ محةمةد الازدي أو ابو حيان
التوحيدي – حسب ترجيح مصطفى جواد.
65–الحلة السيراء/ ابن الابار.
66–حلية الاولياء/ ابو نعيم الاصفهاني.
67–حي بن يقظان/ ابن طفيل.
68–الحيوان/ الجاحظ.
69–الخراج/ ابو يوسف القاضي
70–الخصال/ الشيخ الصدوق
71–خمس رسائل اسماعيلية/ تحقيق عارف تامر.
72–الدرجات الرفعية في طبقات الشيعة/ على خان الحسيني.
77–الديارات/ الشابشتي/ تحقيق: گورگيس عواد.
74–ذيل اخبار البحتري/ الصولي.
75–رحلة ابن بطوطة.
76–رحلة ابن جبير.
77–رسائل ابن سبعين/ عبدالرحمن بدوي.
78–رسائل الجاحظ/ محةمةد عبدالسلام هارون.
79–رسالة في أصالة الوجود/ صدرالدين الشيرازي
80–رسالة في سريان الوجود/ صدرالدين الشيرازي
81–الرسالة العرشية/ صدر الدين الشيرازي
82–رسالة في النساء/ الجاحظ

83-رسالة في الحجاب/ الجاحظ
84-رسالة في بيان مذاهب الشيعة/ الجاحظ
85-رسالة الغفران/ المعري
86-الرسالة القشيرية/ عبدالكريم القشيري
87-رياض الصالحين/ النووي
88-الروض الانف/ السهيلي
89-زهر الاداب/ الحصري القيرواني
90-سرح العيون في رسالة ابن زيدون/ ابن بتاتة المصري
91-سنن الترمذي.
92-سنن ابن ماجة
93-سنن ابي داود
94-سنن النسائي
95-السياسة الشرعية في اصلاح الراعي والراعية/ ابن تيمية.
96-سياسة الدنيا والدين/ سعيد الاقسرائي الحنفي/ مخطوطة بمكتبة الاوقاف ببغداد.
97-سير السلف/ ابو القاسم اسماعيل بن الفصل الاصبهاني/ مخطوطة بمكتبة الاوقاف ببغداد.
98-سيرة ابن هشام.
99-سيرة عمر بن عبدالعزيز/ ابن عبدالحكم.
100-شجرة اليقين/ عبدان القرمطي.
101-شرح نهج البلاغة/ ابن ابي الحديد.
102-شواهد الربوبية/ صدرالدين الشيرازي
103-صبح الاعشى/ القلقشندي
104-صحيح البخاري
105-صحيح مسلم.
106-صلة تأريخ الطبري/ عريب القرطبي.
107-الطبقات الكبرى/ ابن سعد.
108-طبقات الصوفية/ عبدالرحمن السلمي.
109-طبقات الاولياء/ ابن الملقن.
110-العزلة/ ابو سليمان البستي.
111-عقد الدرر في اخبار المهدي المنتظر/ يوسف بن يحي المقدسي.
112-العقد الفريد/ ابن عبد ربه.
113-العهد الجديد من الكتاب المقدس.
114-عيون الانباء في طبقات الاطباء/ ابن ابي صيبعة.
115-عوارف العارف/ عمر السهروردي.
116-الفتح الرباني/ عبدالقادر الگيلانى.
117-فتوح الغيب/ عبدالقادر الگيلانى.
118-فرج الهموم في تأريخ علماء النجوم/ ابن طاووس الحسيني.
119-فصل المقال/ ابن رشد.
120-الفصول والغايات/ المعري.
121-فضائح الباطنية/ الغزالي.

122–فضل الكلاب على كثير ممن لبس الثياب/ ابن المرزبان.
123–الفهرست/ ابن النديم.
124–الفوائد المجموعة في الاحاديث الموضوعة/ الشوكاني.
125–فوات الوفيات/ ابن شاكر الكتبي.
126–القاموس المحيط/ الفيروز ابادي.
127–القانون المسعودي/ البيروني – مخطوطة مكتبة المتحف البريطاني – نسخة قديمة كتبت ببغداد سنة 570 هـ.
128–القرآن.
129–القصاص والمذكرون/ ابن الجوزي.
130–قلائد الجواهري في مناقب الشيخ عبدالقادر/ محةمةد بن يحى التادفي.
131–الكامل في الادب/ المبرد.
132–الكامل في التأريخ/ ابن الاثير.
133–طبقات الصوفية/ عبدالوهاب الشعراني.
134–كشاف اصطلاحات الفنون/ التهانوي.
135–الكشكول/ بهاء الدين العاملي.
136–الكنى والاسماء/ الدولابي.
137–الكنى والالقاب/ عباس القمي.
138–اللئالئ المصنوعة في الاحاديث الموضوعة/ السيوطي.
139–اللباب في تهذيب الانساب/ ابن الاثير.
140–لطائف المعارف/ الثعالبي.
141–مثالب الوزيرين/ ابو حيان التوحيدي.
142–مجمع الامثال/ الميداني.
143–محاضرات الادباء/ الراغب الاصفهاني.
144–محاسن الاسلام والشرايع/ علاء الدين البخاري/ مخطوطة بمكتبة الاوقاف ببغداد.
145–المحاضرات والمحاورات/ السيوطي/ مخطوطتان في مكتبة الاوقاف ببغداد ومكتبة باريس الاهلية.
146–المحاسن والمساوىء/ البيهقي.
147–المختصر في علم التأريخ/ الكافيجي.
148–مروج الذهب/ المسعودي.
149–مرآة الزمان/ سبط ابن الجوزي/ المحلدان الرابع والخامس – مخطوطة في مكتبة فيض الله افندي– مكتبة مليت باسطنبول.
150–المزهر في علوم اللغة/ السيوطي.
151–مسالك الابصار/ ابن فضل الله العمري – مخطوطة في مكتبة بودليان باكسفورد.
152–مستدرك نهج البلاغة/ الهادي كاشف الغطاء.
153–المستطرف/ الابشيهي.
154–المسند/ احمد بن حنبل.
155–مشكاة الانوار/ الغزالي.
156–معجم الادباء/ ياقوت الحموي.
157–مقدمة ابن خلدون.

158–معرفة الله والمكزون السنجاري/ اسعد علي – في مجلدين يضم الثاني نصوصا من ادب وتصوف المكزون.
159–مقاتل الطالبين/ ابو الفرج الاصفهاني.
160–المقتبس ابن حيان – المجلد الخامس.
161–المقنع (في الفقه)/ ابن قدامة.
162–مناقب بغداد/ ابن الجوزي.
163–منامات الوهراني/ الوهراني.
164–منهج الطالبين/ خميس بن سعيد الرستاقي.
165–المهذب/ ابو اسحق الشيرازي.
166–مجموعة محمود غراب عن ابن عربي:
*الانسان الكامل والقطب الغوث الفرد.
*الحب والمحبة الالهية.
*ترجمة حياته من كلامه.
167–مكارم الاخلاق/ الطبرسي الابن.
168–مناهج الابرار/ مخطوطة في مكتبة المتحف البريطاني.
169–المواقف في علم الكلام/ عضد الدين الايجي.
170–الموطأ/ مالك بن أنس.
171–نسب قريش/ الزبير بن بكار.
172–نشوار المحاضرة/ التنوخي.
173–نصيحة الملوك/ الماوردي –مخطوطة بمكتبة باريس.
174–نقض المنطق/ ابن تيمية.
175–نهاية الارب/ النويري.
176–نهج البلاغة/ علي بن ابي طالب.
177–وفيات الاعيان/ ابن خلكان.

# پێڕستی بابەتەکان

**تێبینی: ژمارەی یەکەم ژمارەی بەشە, ژمارەی دووەم: بڕگەیە.**


1-**ئاسەوارو هەڵکۆڵینەکان**: 2/7-22-217-230-280.

-2 : 1/296, 5/217.

3-**ئەتەکێتی خواردن**: 3/29, 138

4-**بەرەڵایی** (**اباحية**): 4/2- 76.

5-**داهێنانو باو**: 2/ 167.

6-**داهێنان** (**مەرج, نموونە**): 2/2-43-110-116-260.

7-**ڕەوشتو یاسا**: 3/28.

8-**ڕەوشتو سیاسەت**: 1/224-221-339-, 3/53-57-64.

9-**فەتواو** (**اجتهاد**): 2/209.

10-**ڕەوشت بیرمەندان زانایان**: 2/11-80-98-122-158-159-160-161-165-180-183-187-188-190-191-193-194-204, 5/161.

11-**ڕەوشتی دزان**: 1/212, 3/52.

12-**ڕەوشتی خوڕەمیەکان**: 3/ 46.

13-**ڕەوشتی محەمەد**: 3/31.

14–**ئەدەبی بێهوودەیی (العبث)**: 5/38–46.
15–**زانین و ئیدراك**: 2/214–277.
16–**ویستن و ئیرادە**: 5/ 142– 147.
17–**دژی مشەخۆری و ئیرتیزاق**: 5/184.
18–**پەرەسەندن و هەڵکشان**: 2/52–67–212–213–337.
19–**ئوروستوکراتیەت**: 1/69–168–314–352–396–, 3/68.
20–**ئەرشیف**: 1/413.
21–**تۆقاندن و ئیرهابی دەوڵەت**: 1/34–75–205– 223– 225– 250– 251– 255– 357– 361– 407– 3/53.
22–**زوڵم و ستەم**: 1/35– 188– 312.
23–**جاسوسیەت – ئیستخبارات**: 1/298.
24–**چارەنووسی ئیسلام**: 1/136–272–340–388.
25–**ناوەکان**: 3/155–166–170–190.
25–**بازاڕەکان**: 3/204.
26–**ژیانی مامناوەندی**: 1/142–145–337, 3/156.
26–**دانپییانان و رەخنە لەخۆگرتن**: 1/91–146, 3/ 37.
27–**بڕوابەخۆبوون**: 1/286.
28–**ڕاگەیاندن (الاعلام)**: 1/147–149–308–355–376–412.
29–**کار**: 1/368–164.
30–**دەوڵەمەندان**: 3/41.
31–**هزرو بیر**: 2/181–196–200–240–245–266–278–281, 5/ 139–171.

32–**تلیاکی میللەتان**: 1/292–293–364–369–426, 3/79–116.

33–**بابەتە ئابوورییەکان**: 1/180–342–343–373–374–378–409–432–, 2/164, 3/182–191 (**دیاریکردنی کاتی ئیش**).

34–**دەرەبەگایەتی**: 1/.271

35–**لەبارەی رەنگەکانەوە**: 2/ .210

36–**ئینتەرناسیۆنال** (**اممیات**): 1/ 119, .121

37–**سیستمی دایکایەتی**: 4/97– .105

38–**نەخوێندەواری**: 2/.166

39–**بەهاو نرخی مرۆڤ**: 2/175–290, 3/30–153–208, 5/132, 2/215 (**تەمەنی مرۆڤ**).

40–**ئەنسرۆپۆلۆجیا** (**زانستی مرۆڤ**): 2/25–59–81–.289

41–**هەردوو ئەمریکا**: 2/.276

42–**بێباری مشەخۆری**: 1/52–59–169–178, 3/.39

43–**توانای سێکسی**: 4/9–11–14–23–24–27–98–99–100.

44–**کەشخەیی و خۆشگوزەرانی**: 1/2–101–263–.264

45–**ئازایەتیەکان**: 1/46–4/39–.64

46–**لەشفرۆشی**: 4/60–92–.107

47–**بەنجکردن**: 2/.241

48–**بیرۆکراسی**: 1/39–27–30–60–114–115–309–313–394–401, 3/.50

49-**با**: 2/.54.

45-**راهێنانی چارەویٚ**: 2/.219.

56-**شۆفاری جاسوسیکردن**: 1/275-285-.419.

57-**بازرگانی ئیشی نەخت**: 1/24-38-39-99-140, 3/.15.

58-**سنووردارکردنی زاووزیٚ (نسل)**: 2/45 , 4/5-6-.101.

59-**پسپۆڕی (اختصاص)**: 2/157-.169.

60-**ناڕەزایی و بێزاریی**: 1/92-125-138-.205.

61-**کەلەپوورو هەڵوێستی**: 2/28-.75.

62-**پەروەردە**: 3/8-.141.

62-**دژی خۆسەپاندن (التسلط)**: 5/.122.

63-**شیکاری لەش (تشریح)**: 2/.23.

64-**گەشەکردن و هزر**: 2/50-65-67-.69.

65-**فێرکردن و فێربوون (التعلیم والتعلم)**: 2/155-156-162-163-171-177-179-184-185-205-206-248-261-286-294-.295.

66-**دژی دەمارگیری ئایینی**: 3/.89.

67-**دژی ئەشکەنجەدان**: 1/20-32-157-160, 3/.77.

68-**پێکەوەژیانی ئاینی (تعایش دینی)**: 1/.377.

69-**قووڵبوونەوە, شۆڕبوونەوە**: 2/.208.

70-**راڤەکردنی مادیانەی مێژوو (تفسیر مادی للتأریخ**: 1/58-59).

71-**پێشکەوتنی مەعریفە**: 2/240-.245.

72-**دژی چاولێکەری**: 2/ 272 , 286, 5/.188.

73-لووتبەرزی فیززلی: 3/32-40-193.

74-هاوسانی لەمافدا: 1/111 , 3/14, 206.

75-دژی ئەستێرەگەری و قاوە گرتنەوەو...: 2/301.

76-قاچاخچێتی: 1/375.

77-کاتزانین: 2/236.

78-شۆڕش: 1/171-185-208-209-319.

79-دراوسێیەتی: 3/82.

80-نەزانین و نەفامی: 1/383.

81-نوێ: 1/66-2/32-189.

82-تاوانە سێکسیەکان: 1/366.

83-جوگرافیا: 2/38-213-236-276.

84-گومرگ: 1/375.

85-سێکسایەتی و دژەکانی: 4/68-83-102-103.

86-پێداویستیەکان 2/1-3.

87-جەنگی پارتیزانی: 1/124.

88-سووڕانی زەوی: 2/90-237.

89-ئازادیەکان: 1/317 سێکسی, 4/93 دۆستایەتی, 4/94
ئازادی ژنی ماڵ, 110.

90-چەند ئامۆژگارییەکی ژیاری: 3/45-85-87-181-188-
195-196.

91-(حلاج) لەرووی سیاسەتەوە: 1/259.

92-دەسەڵاتداران: 1/320-329-331.

93-موڵکدارێتی گشتی: 1/406.

94-**خەتەنەکردن**: 4/115.

95-**خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی**: 3/187.

96-**دژی پڕووپووچ خەرافات**: 2/291.

97-**مەی**: 3/209, 5/127.

98-**خەیاڵی زانستی (خیال علمی)**: 2/279-282-334.

99-**دیالیکتیك**: 2/17-18-51-61-63-68-71-72-74-97, 5/170-205.

100-**دیالیکتیکی شارستانیەکان**: 2/24.

101-**دیموکراتیەت (بەکردارو بەهزر)**: 1/113-150-152-234-242-325-404-425, 2/30, 5/177-194-207.

102-**دژی چەقبەستن (دۆگما)**: 2/274.

103-**دەوڵەت و کۆمەڵ**: 1/44-63-94-235.

104-**پاساوو بەهانە هێنانەوە (الذرائعیة)**: 2/57.

105-**رای گشتی**: 1/45-47.

106-**پیاوانی ئاینی**: 1/290-335.

107-**بەرتیل**: 1/165-380.

108-**کۆیلایەتی (الرق)**: 1/90-237-269-389-390-391.

109-**گومانکاری (الريبية)**: 2/5.

110-**کشتوکاڵ**: 2/135-368.

111-**زیناکردن**: 4/15-86.

112-**پێناسەی خوداپەرستی**: 3/47-99-152.

113-**خواپەرستی دەسەڵاتداران**: 1/129-141-162-215-243-327.

114–**ژنهێنان و دژی ژنهێنان:** 4/96, 5/203.

115–**ڕێبازی هۆکاریی:** 2/70.

116–**بەندیخانەکان:** 1/420.

117–**بێکاریی و دژبێگاری (السخرة):** 1/65–99–163–397.

118–**سەفەرو گەڕان:** 3/134–160–172–173–203.

119–**سفوری:** 4/8–13.

120–**دژی نەگونجان:** 3/55–75–95–150–194.

121–**دەسەڵات و بەرهەم:** 1/108.

122–**ئاشتی:** 1/173.

123–**ڕەفتارەکان:**

**أ–ڕەفتاری گەورەو فەرماندەکان:** 1/1–5–7–8–9–18–33–36–37–46–48–51–67–71–78–87–88–123–128–134–148–156–164–199–200–218–219–221–240–263–264, 4/16–25–40–41–42–51.

**ب–ڕەفتاری بیرمەندان:** 2/55–103–105–106–109–122–249–252–257–265–267–298, 3/
, 5/78–113–153–154–157–168–169–176–184–189–197.

**ج–ڕەفتاری شۆڕشگێڕان موعارزەکان:** 1/311–328–384–405–417.

124–**سۆسۆلۆجیای مەعریفە:** 2/19–20–41–42.

125–**دەروونناسی:** 2/6–9–40–94–113–123–124–125–126–255, 3/62, 5/80.

126–**سایکۆلۆجی مەعریفە**: 2/ .43

127–**کەسایەتی موسوڵمان**: 1/10, 3/80–81– .118

128–**شیعر**: 2/ .68

129–**هەڵبژاردن (شوری)**: 1/ .398

130–**پیشەسازیو ئیختراعات**: 2/228–229–233–235–238–241–253–259–302–306– .307

131–**سیستمی بانقی**: 3/ .182

132–**کشتوکاڵ**: 1/50– .192

133–**ناچاریی و ئازادی**: 2/ .48

134–**ئیتاعەتکردن بەمەرج**: 1/ .403

135–**پزیشکی**: 2/34–45–82–84–85–86–87–92–94–95–96–97–98–99–100–101–102–106–107–111–117–118–140–201–221–223–242–269–293–312–330, 3/148–164–165– .176

136–**تایفەگەری (الطائفية)**: 1/ .392

137–**چینە نزمەکان, پێشێلکراوەکان, هەڵوێستە چینایەتیەکان**: 1/73–80–83–101–104–105–117–130–155–158–171–206–210–212–227–241–248–356–372–389, 3/115, 5/82–90–131–182, 1/258 (**جیاکردنەوەی چینایەتی**).

138–**چینە باڵاکان**: 1/152–217–254–306, 3/41–48, 4/ .64

139–**قوتابیان**: 4/ .10

140–تەڵاق: 4/ 105.

141–الوباويات: 1/41–386–400.

142–جیهانیەتی سۆفیگەری: 5/ 167.

143–سۆز: 3/ 58.

144–رەشە خەڵك (العامة): 1/ 363.

145–خوداپەرستی: 3/399, 5/ 192.

146–خوداپەرستی و ژنهێنان: 4/ 3–4.

147–خوداپەرستی و کارکردن: 3/90–102.

148–خوداپەرستی و رەوشت: 3/ 19.

149–لەبارەی سەربازی: 1/318–321–330–238–302, 5/ 181.

150–عەسکەرتاری: 1/ 249.

151–پەیوەندییەکان: 3/131–136.

152–زانستەکان:

أ–زانستی ئاینی: 2/132–215.

ب–زانستی چینەکان: 2/137.

ج–زانست و لێبوردەیی: 2/202.

د–زانست و کردار: 2/186.

ه–پێناسەی زانست: 2/275.

و–زانستی کۆمەڵناسی: 3/ 178.

153–ئیشی دەست: 1/102–231, 3/2–106–117–120.

154–رەگەزپەرستی: 1/233, 3/20, 1/284–367–411.

155–الغزالی: 2/ 36.

156–ئاژاوە: 1/363.
157–توێژە کۆمەڵایەتیەکان: 3/11–49.
158–فەتحەکان و جەنگەکان: 1/75–133–159–358.
159–پێشمەرگەکان (فدائیون): 1/84–164–189–240.
160–گرووپە ئیسلامیەکان: 1/47–236.
161– فیسیۆلۆجی : 2/ 246, 327
162– هزری ئاینی: 3/113.
163–هزری سیاسی: 1/21–25–26–41–49–55–57–61–62–66–70–153–166–167–218.
164–فەلسەفەی دزان: 5/46–47.
165–هونەر: 2/15–153–197–224–227–247–258–268, 3/139–169, 5/202.
166–فیزیا: 2/207–211.
167–(فیض)ی ئەفلاتۆنی: 2/60.
168–قورەیش: 3/97.
169–(دادوەری –قضاء): 1/131–265–350–414–441, 3/95, 5/54.
170– داپلۆسین و سەرکوتکاری (دەزگاکانی): 1/113, 273
171–دژی داپڵۆسین و سەرکوتکاری: 1/294–333–341–345–362, 5/180–181.
172–کۆیلایەتی: 1/381.
173–دژی قەناعەت: 5/173.
174–کەرامەتی مرۆڤ: 3/3–7–9–35–66–67–74–159.

175–سەگو خەڵك: 3/60–61–62.

176–كیمیا: 2/88– 134.

177–زمان: 2/4–44–59.

178–ماتریالیزمی مێژوویی: 2/26.

179–ماتریالیزمی فەلسەفی: 2/12.

180–سامان, موڵكیەتی تایبەتی, موڵكایەتی شەخسی: 1/22–29–31–43–110–119–127–139–143–144–177–421, 2/39.

181–ئەنتیكەكان: 4/88.

182–رۆشنبیران دەسەڵاتداران: 1/169–289–291–348–250.

183–خزخزمێنە (المحسوبیە): 1/93

184– موجامەلات و ئەتەكێت: 3/6 , 13 , 27, 117, 126, 128, 135, 140.

185–كۆمەڵگەی چینایەتی: 1/252–253, 3/94, 5/56.

186–مەدحو ستایش: 1/310, 3/129–147, 5/140.

187–داكۆكیكار: 2/35, 238.

188–ژنو (بەكورتی كێشەكانی): 4/27–52–54–95 – سەفەركردنی, 106–(كاركردنی لەدادگادا), 108–(خۆجوانكردنی), 3/152 (بۆنخۆشكردنی).

189–لێپرسراوێتی دەوڵەت: 1/56, 74.

190–بەئاشتی ژیان لەگەڵ خەڵكدا: 3/59.

191–**یەکسانی و دەمارگیریی:** 1/107–176–228–353–383,
3/.22

192–**موسوڵمانان:** 1/17–28–40–54–214–220–.334

193–**لەبارەی مەسیحیەکانەوە:** 1/.365

194–**هاوبەشەکان:** 1/15–.267

195–**ئۆپۆزسیۆن:** 1/316–326–402–405–.410

196–**وورداری لەجەنگدا:** 1/.266

197–**گوزەران:** 1/.395

198–**شتە سەیرەکانی دەسەڵات:** 1/182–183–.204

199–**گورێزو دوورکەوتنەوە لەدەسەڵات:** 1/68–74–97–122–
132–172–323–359–406–.418

200–**تەرێزو دوورکەوتنەوە لەزوڵم:** 1/68–74–97–122–
132–172–323–359–406–.418

201–**پاشایەتی و خەلافەت:** 1/58–88–89–147–156–161–
188–225–250–415–.416

202–**کردارو تیۆر:** 2/13–.14

203–(**منامات العلماء**): 2/.104

204–**لەبارە ماڵ و خێزانەوە:** 3/25–.26

205–**پەیڕەوکاری (منهجیات):** 2/53–77–118–120–141–
309–310–329–.55

206–**هەڵوێستەکان:** 1/53–191–224–245, 3/111,
5/.182

207–**ڕەوشت و تێڕوانینی جیاواز:** 3/65–.73

208–**پاکوخاوێنی**: 3/21–167–175–177–184–185–189.

209–**ئەبستمۆلۆجیا (نظرية المعرفة)**: 2/29–32–58–68–78–79–281–284–285.

210–**رەخنە**:

**أ–رەخنەی وێژەیی**: 1/ 131– 132.

**ب–رەخنەی سۆفیگەری**: 5/8–9.

**ج–رەخنە لە دەسەڵاتداران**: 1/4–6–10–11–12–13–14–71–81–83–120–179–180–181–184–186–211–336–338.

**د–رەخنە لە سروشت**: 5/146.

**ه–رەخنەی (عمر بن ابي ربيعة)**: 4/71.

**و–رەخنە لەخودا**: 1/433–435, 5/175.

**ز–رەخنە لە (نحو)**: 2/119–144–172–262.

**ح–رەخنە لە وەعز خوێنەکان**: 3/112–154.

211–**هرطقيات (خۆهەڵکێشان و خراپەکاری)**: 4/37–64, 3/103, 5/52.

212–**ئەرکە کۆمەڵایەتیەکان**: 3/183.

213–**یەکبونیادی (وحدة الوجود)**: 1/126–135.

214–**(بۆماوەزانی – وراثة)**: 2/151–232.

215–**بارودۆخی ئاسیایی**: 1/174–184–198–212–226–230–238–239–279–354–373–379.

216–**هۆشیاری کۆمەڵایەتی**: 1/80–170–207–212.

# چەند زاراوەیەکی زانستیو تەکنیکی

1–ئاسەوارو هەڵکۆڵین 280/2
2–رۆنە عەترەکان 280/3
3–راکێشانی ئاوی خواردنەوە 179/3
4–(الاكحال) دەرمانەکانی چاو 176/3
5–حەبی تا 2/ 107
6–(البرتوف) دەرمانی هەڵمژین هەڵامەت 312/2
7–بەنج (سڕکردن) 242/2
8–(حجر ملحی) بەردێکی پزیشکی (بیرۆکە) 34/2
9–بەردێك بۆ راونانی مێش 133/2
10–(حسك) تەلی دڕکاوی 434/1
11–شیر وەك مادەیەکی شۆردن 184/3
12–ئەسپی باڵدار 279/2
13–رۆن بۆ تاقیکردنەوە 282/2
14–تۆزێك بۆ ئارەقکردنەوە 164/3
15–شۆفەڵ (رافعه) 235./2
16–شووشەی سروشتی 213/3
17–شووشەی نەرم 283/2
18–شووشەی پاککراوە 147/3
19–پەردەی ئۆتۆماتیکی 259/2
20–کراس 145/3

21–تەقێك كاغەز 228/2
22–مادەیەكی رەق بۆ ئاگر (الطلق) 307/2
23–كۆلارە 171/3
24–قوببەیەكی ئەستێرەناسی 235/2
25–قەڵەمی مەرەكەب 235/2
26–چەند كەناڵێكی سەقفكراو 179/3
27–بۆمبی مۆلۆتۆف 302/2
28–شقارتە 214/2
29–چەند دەرمانێك بۆ قەڵاچۆكاری (مبیدات) 313/2–316–319
30–تۆپەكان (المدافع) 35/2–238
31–كەوچكی شووشە 147/3
32–باوەشێن (المیعة – ملطف هواء) 314/2
33–دژی ئاوسیو سكبوون: 45/2–308
34–دەرمان بۆشكاوی (مومیاء): 221/2
35–تونێل 133/5
36–خاوێنكردنی نەوت 306/2
37–گەڵایەك بۆ تامی دەم (التنبول) 184/3

## پێڕستی ناوو گروپەكان

1-الأجري: 2/265-267
2-ابراهيم الخليل: 1/226-362, 5/194
3-ابراهيم بن أدهم: 4/32, 5/169-203
4-ابراهيم بن الاغلب: 2/218
5-ابراهيم الحربي: 2/252
6-ابراهيم بن عبدالله بن الحسن: 1/207
7-ابراهيم كبه: 1/440
8-ابراهيم النخعي: 2/200 , 3/41
9-ابراهيم النظام: 2/ 207, 2/248
10-ابراهيم بن هرمة: 1/445
11-ابليس: 1/269 , 4/81
12-ابن الاثير: 1/33
13-احمد بن بابك: 5/211
14-احمد بن حنبل: 1/332, 3/121, 5/225
15-احمد بن الطيب السرخسي: 1/221
16-احمد بن طولون: 1/223
17-احمد بن عيسى 2/242
18-احمد بن يونس الحراني: 2/106
19-الاحنف بن قيس: 1/9 – 124-275-311-312, 3/61-69, 4/82.
20-الاخطل: 1/309-324, 5/96
21-اخوان الصفا: 2/52-58-213-268

22-**ارطاة بن سهية:** 258/2
23-**اروى بنت الحرث:** 44/4
24-**اسحق بن حنين:** 85/2
25-**اسحق بن سليمان الاسرائيلي:** 105/2 , 138
26-**اسحق الموصلي:** 260/2
27-**ابو اسحق الحوفي:** 168/2
28-**الاسكندر:** 164/1-351
29-**اسماء بنت ابي بكر:** 43/4-54
30-**الاسماعيلية:** 21/2, 12/4
31-**ئيسماعيل بن فرج:** 238/2
32-**ابو الاسود الدؤلي:** 323/1, 217/3, 17/4, 33/5-155-123.
33- **اشعب** : 43/5
34-**ابن الاشعث:** 26/5 **هامش** , 58/5
35-**اشعريين:** 15/1-182/2
36-**الاصمعي:** 4/2-66/3
37-**أعش همدان:** 112/5
38-**الاعمش:** 222/1-239-44/3-63-5/.53
39-**ابن الاعرابي:** 159/3
40-**افلا:** 234/2
41-**اكثم بن صيفي:** 121/3-158
42-**اكراد:** 68/5
43-**الياس بن منصور:** 359/1

44-امام الحرمين: 2/90-226
45-امويين: 1/216-439
46-الأمين: 3/ 315
47-انس بن ملك: 1/20-368-369
48-ابو اهاب: 3/29
49-اويس القرني: 1/431
50-اياس بن معاوية: 1/374-5/121
51-ايوب السختياني: 2/171-5/208
52-الاوراعي2/205-300
53-بابك الخرمي: 1/77
54-الباقر: 2/289-3/76-4/67
55-باهلة: 1/219
56- البجاد بن أوس: 5/23
57-بجكم التركي: 1/254-2/201
58-البحتري: 1/435
59-بديع الزمان الهمداني: 5/55
60-ابو البركات العلوي: 2/ 272
61-برنادرشو: 5/52 هامش
62-بشار بن برد: 1/303-410, 2/153-250, 4/85-89,
5/98- 116 -126-130
63-بشر الحافي: 5/153-203
64-بشر بن مروان: 1/34
65-بشر بن هارون: 1/25

66-**ابو بشر الموهبي**: 20/3
67-**بشير الرحال**: 206-205/1
68-**ابن بطوطة**: 174-104-103/5
69-**بغا التركي**: 110/1
70-**ابوبكر**: 240-153-28/1
71-**ابوبكر الخوارزمي**: 34/3
72-**ابوبكر الاشبيلي**:1/ 119
73-**ابوبكر الزقاق**: 181/5
74-**ابوبكر القحطبي**: 227/5
75-**ابوبكر القومسي**: 204/2
76-**ابوبكر الواسطي**: 221/5
77-**ابوبكر الوراق**: 363/1
78-**بنيامين الطليطلي**: 148/3
79-**ابو البهلول الهجيجي***: 135/2
80-**بوران بنت الحسن بن سهل**: 110/1
81-**البيروني**: 2/90, 231,236
82-**التتار**: 392/1
83-**بني تغلب**: 64/4
84-**ابن التلميذ الطبيب**: 52/5
85-**ابن تيمية**: 142-60-57-42/2-207/1
86-**ثابت البناني**: 142/5
87-**ثابت بن قرة**: 321-87/2
88-**ثابت بن سنان**: 117/2

89-**ثعلب**: 251/2
90-**ثمامة بن اشرس**: 248/1
91-**ثوبان الصحابي**: 286/1
92-**جابر بن حني**: 191/1
93-**ابن جابر**: 206/2
94-**الجاحظ**: 220:1-231-402-425-2/43-44-49-50-
53-54-77-80-81-116-119-130-135-199-246-
3/33-65-4/2-262-55-55-.92
95-**جالينوس**: 216/2
96-**جبلة بن الابهم**: 371/1
97-**جحدر بن مالك**: 137/5
98-**محظة البرمكي**: 413/1-12/3
99-**الجراح بن عبدالله**: 32/1
101-**جرير**: 146/3
102-**الجريري (ابو محةمةد الصوفي)**: 209/5
103-**جعفر بن سليمان**: 189/1
104-**جعفر الصادق**: 43/1-55-57-60-61-111-224-
228, 2/3, 3-73-78-86-209-5/.206
105-**جلال الدين ملكشاه**: 89/1
106-**الجنيد**: 296/1-9/5-159-182-189-192-210-
215-221 **هامش**
107-**الجهمية**: 56/2
108-**ابن الجوزي**: 219/5

109–جويرية بنت الحرث: 46/4
110–ابو الجيش بن الخمارويه: 323/1
111–حاتم الاصم: 5/ 207
112–ابو حاتك السجستاني: 88/2
113– الحاجب المنصور: 185/3
114–الحارش الحراب: 220/3
115–الحارش المحاسبي: 46/2
116–الحارث بن الارقم: 122/5
117–ابو حازم الاعرج: 112/3, 22/4
118–الحافظ السلفي: 78/5
119–حامد بن العباس: 261/1–178/5
120–ابو حامد الاسفرايني: 134/5
121–ابو حامد الصنعاني: 278/2
122–الحجاج بن ارطاة: 166/1
123–الحجاج بن يوسف الثقفي: 20/1–34–37–74–108–177–317–324–329–331–346–357–438, 47/2–53/3–181, 39/4–26/5–137.
124–حجر بن عدي الكندي: 131/1
125–ابن ابي الحديد: 394:1–255/2–5/.178
126–ابوحرة 197/1–201
127–الحرث بن كلدة: 82/2
128–ابن حزم: 209/2
129–حسان بن ثابت: 371/1–439

130-**الحسن البصري**: 96./4-51/3-47/2 ,440-382/1

131-**ابوالحسن بن سهل**: 110/1

133-**الحسن بن علي**: 1/3-295/1

134-**الحسن بن علي المصري**: 189/2

135-**الحسن بن مخلد**: 182/1

136-**ابو الحسن العنبري**: 425/1

137-**الحسين بن علي**: 76/4-394-295-255-61/1

138-**الحسين بن الضحال**: 224/5

139-**الحسين بن القاسم**: 181/1

140-**ابو الحسين الدراج**: 196/5

141-**الحصين بن الحمام**: 418/1

142-**الحطيئة**: 74/5

143-**حفصة بنت عمر**: 48/1

144-**الحكم الاندلسي**: 225/2

145-**حكم الوادي**: 225/2

145-**حكم بن حزام**: 5/4

147-**الحلاج**: -191-179-178/5-56/2-261-259/1
224.-211

148-**حماد بن ابي سليمان**: 203/2

149-**حمدان بن الاشعث (القرمطي)**: 169/1

150-**حمدان الخراط**: 133/2

151-**حمدون القصار**: 180/5

152-**ابو حمزة الاصفهاني**: 216/2

153–ابو حمزة الخارجي: 133/1
154–حميد الطوسي: 250/1
155–الحنفية: 392/1
156–بني حنيفة: 144–129/2–207–152/150/39/1–
106–4/4–12/3–300
158–هويطب بن عبدالعزي: 6/1
159–ابو حيان التوحيدي: 204–48/2–168–167–145/1–
19–11/5–113–50–49/3
158–خالد بن صفوان: 249/2–284/1
159–خالد القسري: 13/4–37/1
160–خالد بن يزيد: 38/5–253/2
161–الخرمية: 46/3
162–ابن خلدون: 15/3–26–25–24/2–65–64/1
163–الخليل الفراهيدي: 157/3–230–190–169/2
164–ابن الخمار: 103/2
165–ابن خنزابة: 338/1
166–خوارج: 360–359–299–200–176–175–87/1–
38/4–291/2–438–417–376
167–داود الانطاكي: 242/2
168–داود الطائي: 6/5
169–الدرامية الحجونية: 51/4
170–ابو الدرداء: 92/3–274–198/2
171–دعبل الخزاعي: 224/2

172–ابو ذر الغفاري: 1/53–90–126–131–195–212–214–56/3

173–الذهبي: 269/2

174–ذوالنون المصري: 5/10–145–161

175–رابعة العدوية: 195/5

176–الرازي: 2/81–91–92–72/3

177–ابن الراوندي: 433/1

178–ربيعة (قبيلة): 418/1

179–الربيع زياد الحارثي: 131/1

180–ابو الربيع الفنوي: 353/1

181–هارون الرشيد: 1/110–242/2–307–107/5

182–ابن رشد: 1/189–305/28/2–50/4

183–ابن الرومي: 216/3

184–رويم الصوفي: 3/97–205/5

185–رينان (ارنست): 2/1710–286–188/5 هامش

186–زاد الخراساني: 174/5

187–الزبرقان بن بدر: 211/1

188–زبيدة/ زوجة هارون الرشيد: 278/1

189–الزبير بن بكار: 411/1

190–الزرقاء بنت عدي: 45/3

191–ابو ذكريا بن هذيل: 238/2

192–الزمخشري: 208/2

193–زنج: 1/3–231–280

194-**الزهري** (ابن شهاب): 1/177-367-2/270-3/47
195-**زهير بن ابي سلمى**: 2/244
196-**زياد بن ابيه**: 1:315-326-3/53-4/38
197-**زياد بن فريد**: 1/122
**زياردة الله الاغلبي**: 3/178
199-**زيد بن حارثة**: 1/158
200-**زيد بن علي**: 3/209
201-**سالم بن ابي الجعد**: 2/276
202-**الساميني**: 2/172-4/105
203-**ابن سبعين**: 2/275-5/170/172/177
204-**سراقة بن مرداس**: 1/73
205-**ابن سريج (المغني)**: 5/63
206-**سري السقطي**: 1/252-3/37-5/143-154-159-168.
207-**سعد بن معاذ**: 3/114
208-**سعد بن ابي وقاص**: 1/4-137-330
209-**سعيد بن نوفيل**: 1/223
210-**سعيد بن العاص**: 1/271
211-**سعيد بن المسيب**: 3/168
212-**ابو سعيد السجزي**: 2/90
213-**ابو سعيد السيرافي**: 2/300
214-**سفيان بن عيينة**: 3/154-5/203

215–**سفيان الثوري**: 97/1—98-1014-102-103-132-
290-294-379-430-177/2-311-5/3-55-130-131-
159-212/3-79./4

216–**سفينة الصحابي**: 159/1

217–**ابن السكيت**: 171/2

218–**سلمى بنت القراطيسي**: 295/2

219–**سلمان الفارسي**: 66/1-153-156-240-296/2-
92/3-28/4

220–**سليمان الشاذكوني**: 313/5

221–**سليمان بن عبدالملك**: 358/1/58/4

222–**سليمان بن موسى**: 295/2

223–**سليمان بن وهب**: 373/1

224–**ابو سليمان البستي**: 145/1

225–**ابو سليمان الداراني**: 427/1-428-431

226–**السمرقندي** (**ابو الليث**): 362/1-370-269/2-293-
205/3-98/4-99

227–**السموال**: 3/5

228–**ابن السماك**: 59/1-6/5

229–**سنان بن ثابت**: 201/2-164/3

230–**السهروردي الشهيد**: 63/2-1/5

231–**سهل التستري**: 326/2

232–**سهل بن هارون**: 71/5

233–**السهلوي** (**محةمةد بن الحسين**): 155/5

234-سوار القاضي: 5/73-79
235-سيبويه: 2/188
236-السيد الحميري: 3/209
237-ابن سينا: 2/39-61-104-109-210
238-السيوطي: 2/178
239- الشاطبي: 2/262, 297, 3/132
240-الشافعي: 2/30-3/133
241-الشافعية: 1/392
242-ابن شبل البغدادي: 3/67
243-الشبلي (ابوبكر): 5/7-150-166-183-186
244-شرف الدولة البويهي: 1/85
245-شريح القاضي: 5/119
246- الشريف الادريسي: 2/276
247-الشريف الرضي: 5/134
248-الشريف المرتضي:2/317, 5/134
249-شريك بن عبدالله: 1/265-3/38-94-96-5/54
250-الشطار (العيارين): 1/210
251-الشعبي (العامر): 1/74-309-2/152-163-3/190-5/31-86-119
252-شعيب بن حرب: 3/93-4/19
253-شفيق بن سلمة: 1/239
254-شقيق البخلي: 5/162-186
255-شكتل الصوفي: 5/226

256–**ابو الشمقمق**: 69/4
257–**الشهرستاني**: 128/2
258–**الشيرازي (صدر الدين)**: 66/2–69–71–70–72–73–74–75–213–5/5
259–**الشيعة**: 234/1–112–140/5 **هامش**, 176 **هامش**
260–**صاحب الزنج (علي بن محةمةد)**: 3/1–112–280
261–**الصاحب بن عباد**: 145/1–167–18/5–19
262–**صاعد بن الحسين**: 235/2
263–**صاعد بن مخلد**: 10/1
264–**صالح اللخيمي**: 161/3
265–**صعصعة بن صوحان**: 405/1–120/5
266–**الصفة (اهل)**: 168/3
267–**صفية بنت عبدالمطلب**: 304/2
268–**ابن ابي الصقرا الواسطي**: 35/3
269–**ابو الصلت الاندلسي**: 121/1
270–**الصميل بن حاتم**: 306/1
271–**صهيب الرومي**: 153/1
271–**ضعفاء**: 73/1–184/3
272–**طاهر بن الحسين**: 1:209–332
273–**الطاهرين (اسرة طاهر بن الحسين)**: 332/1
274–**ابو طاهر القرمطي**: 76/1–227
275–**ابن طاووس الحسني**: 331/2
276–**ابن طباطبا الحسني**: 204/1

277-**ابن طفيل:** 212/2
278-**طلحة بن عبيدالله:** 137/1
279-**عائشة:** 1/91-131-135-100/3
280-**عائشة بنت طلحة:** 24/4
281-**ابو عاصم النبيل:** 151/1
282-**العامري (ابوالحسن):** 1/372-415-266/2-149/3
283-**بني عامر:** 57/4
284-**عباد بن كثير:** 168/5
285-**عبادة المخنث:** 224/2
286-**العباس بن احمد بن طولون:**359/1
287-**العباس بن عبدالمطلب:**84/1
288-**العباس بن الوليد:** 81/1
289-**العباسيون:** 144/1
290-**عبدان القرمطي:** 290/2
291-**عبدالبر بن فرسان:** 263/2
292-**ابن عبدالبر القرمطي:** 155/2
293-**عبدالجبار المعتزلي (قاضي):** 39/2
294-**عبدالحميد الكاتب:** 144/3
295-**عبدالرحمن بن ابي بكر:** 131/1
296-**عبدالرحمن بن ابي ليلى:** 209/3
297-**عبدالرحمن السلمي:** 202/5
298-**عبدالرحمن بن عوف:** 319/1
299-**عبدالرحمن الناصر:** 163/3

300-عبدالقادر الكيلاني: 226-190-179-176/5-286/2
301-عبدالكريم الجيلي: 217-139/5-425/1
302-عبداللطيف البغدادي: 137-182-120-23-22/1
303-عبدالله بن ادريس: 137/3
304-عبدالله بن الزبير:65-58/5-305-199/1
305-عبدالله بن العباس: 273/1
306-عبدالله بن طاهر: 207/2
307-عبدالله بن على: 58./5-64/3-217/1
308-عبدالله بن عمر: 396-199-95/1
309-عبدالله بن قيس الرقيات: 437/1
310-عبدالله بن المبارك: 107/5-5/3-300-39/2-287/1
311-عبدالله بن مسعود: 326/2-419/1
312-عبدالله التاودي:264/2
313-عبدالله بن زياد: 339-200/1
314-ابو عبيدالله المورياني: 444/1
315-ابو العتاهية:84/2
317-عبدالملك بن مروان: -238-177-176-147-36-35/1
309, 376-256/2, 26/5 هامش, 96-58-36
318-عبدالمعين الملوحي:110/4-7/2 هامش
319-عتبعة بن غزوان: 154/1
320-عثمان بن حيان: 37/1
321-عثمان بن عفان: -393-195-193-113-71-53/1
406.-405

322-**عثمان الخياط**: 1/210-3/52-5/46-47-62
323-**ابوعثمان النيسابوري**: 5/198
324-**عدي بن زيد**: 1/320
325-**عدي بن مسافر**: 5/199
326-**عراقىو عراقيون**:1/13-70-243
327-**عريب المغنية**: 4/25
328-**عرب**: 1/2-131
329-**ابن عربي**: 1/455-2/62-64-65-337-338-3/90-4/74-5/218-233-234-235-236-237
330-**ابن العربي (الفقيه)**: 2/36
331-**عزة كثير**: 4/36
332-**عقبة بن عامر**: 3/209
333-**عقيل بن ابي طالب**: 5/30
334-**بنو عقيل**: 1/79
335-**عكرشة بنت الاطرشي**: 4/47
336-**العلاء بن الوضاح**: 5/66
337-**علي بن ابي طالب**: 1/19-28-41-45-72-96-111-128-135-162-183-232-235-241-242-266-308-313-328-341-344-349-383-385-393-404-437-440-2/40-41-154-156-164-184-187-251-326-3/11-19-30-58-62-82-84-99-115-124-126-128-140-141-153-167-199-209-4/9-51-68-5/14-15-84-86-102-138

338–علي بن الحسين (زين العابدين): 116–42–16/1
339–علي الرضا: 140/5–28/3 هامش
340–علي بن رضوان: 122–118/2
341–علي بن عبيدة الريحاني: 91/4
342–علي بن عيسى: 178/5–307/2–397–262–76/1
343–علي بن يحي المنجم: 271/2–413/1
344–ابو علي الخواص: 129/3
345–عمار بن ياسر: 131/1
346–ام عمارة الصحابية: 65/4
–93–69–68–67–56–48–47–46–13–4–2–1/1–347
–330–327–247–163–148–147–134–130–111–94
–136–118–68–40–16/3–414–398–374–371–352
60/5–77–68–66–23–11/4–3/4–209–204
348–عمر بن ابي ربيعة: 42/5–72–71–58/4–131/2
349–عمر السهروردي: 139/3
–117–100–81–80–63–51–49–37–32–18–8/1–350
–412–399–393–349–213–165–162–161–160–147
108–24/5–53–41/4–209/3–450–431–420
351–عمرو بن سعيد (الاشدق): 85/5
352–عمرو بن العاص: 210/3–374/1
353–عمرو بن عبيد: 87/3–257–249–47/2–270–244/1
354–عمرو بن الليث الصفار: 249/1

355–عمرو بن مسعدة: 118/1
356–عمرو بن معد يكرب: 4/1
357–ابو العميثل: 29/1
358–عمير بن سعد: 62/1
359–عيسى المسيح: 229/1–230–386–51/5
360–عيسى بن علي: 445/1
361–عيسى بن موسى: 64/3
362–ابو العيناء: 40/1–300–307–20/5–70–128
363–الغزالي: 28/1–345–17/2–18–19–27–29–36–
173–175–242/2–243–277–328–329–8/3–156–
101/4–102–103
364–الغضبان بن القبعثرا: 26/5
365–فاطمة الزهراء: 92/5
366–فاطمة بنت الحسين: 17/1
367–فاطميين: 258/1–408–78/5 هامش
368–ابو الفتح البستي: 149/5
369– الفخر الرازي : 22/1–23–24–25–26–267–2/2–5–
11–13–15–208–7/3–105–8/4
370–فدك: 92/5
371–الفرزدق: 26/5–40–125
372–فرقد السينحى: 382/1
373–ابوالفضل الاندلسي: 33/2
374–ابو الفضل البغدادي: 175/5

375–الفضيل بن عياض: 2/185–265–3/ 59
376–فقراء: 1/82
377–ابو الفوارس القرمطي: 1/84
378–فيروز بن حصين: 1/346
379–القائم العباسي: 1/279
380–القاسم بن سلام: 2/157
381–القاسم بن مخمرة: 2/262
382–ابو القاسم الخوارزمي: 2/292
383–ابو القاسم الكعبي: 2/27
384–القاهر العباسي: 1/14–180
385–قتيبة بن مسلم: 5/35–69
386–قرامطة: 1/76–84–85–2/307
387–قرة (بن شريك): 1/37
388–القرطبي المفسر: 2/31
389–قريش: 1/170–3/98
390–القطب الشمالي: 1/231
391–قطري بن فجاءة: 1/175
392–القفطي: 2/127
393– قيس بن عاصم المنقرى: 3/ 175
394–الكافيجي المؤرخ: 2/3–140
395–الكسائي: 2/183–188
396–كسرى يزد جرد: 1/247
397–الكلبي: 2/148

398-كلثوم العتابي: 178/1
399-الكمين بن زيد: 29/5
400-الكندي: 139-86/2
401-لبيد العامري: 409/1
402-لقمان: 85/3
403-لقيط بن زرارة: 80/4
404-لينين (فلاديمير اليتش): 77/2-440/1 هامش
405-لويس ليفانس: 377/1
406-المأمون: 2-207/2-348-246-136-118-110/1,
135-59/5-273/222
407-مالك الاشتر: 57/3-328/1
408-مالك بن انس: 379-189/1
409-مالك بن دينار: 146/5-96/4-104/3-316-5/1
410-مالك بن طوق: 300/1
411-ماني: 197/2
412-الماوردي: 10/3-20-9-2/2-237-236/1
413-المتنبي: 94/5-175/2
414-المتوكل: 128/5-224/2-264-88-12/1
415-المجبرة: 182/2
416-مجنون ليلى: 7/5-74-73-57/4
417-ابن مجير: 59/2
418-ابن المرزبان: 60/5-60/3

419–محةمةد النبي: باسەكانی لەهەموو بابەتەكاندا هەیە, بەڵام لێرەدا تەنها باسی خودی خۆی یان سەردەمەكەی دەكەین: 29/1–40–105–106–129–134–158–269–285–366–374–31/3–46/4–13/5–144

420–محەمەد بن حرب: 79/2

421–محەمەد بن خلف: 254/2

422–محەمەد بن زید العلوی الطبرستاني: 208/1

423–محەمەد بن طرخان: 225/2

424–محەمەد بن عبدالملك الزیات: 83/1

425–محەمەد بن عمر العلوي: 373/1

426–محەمەد بن محةمةد الغرناطي: 229/2

427–محەمەد بن منصور: 253/1

428–محەمەد بن میمون الخزرجي: 149/2

429–محەمەد بن وهیب: 18/4

430–محمود بن سبكتكین: 86/1–231/2

431–محەمەد بن علي الحمصي: 301/2

432–محمود بن ابي قاسم الاصفهاني: 38/2–276

433–المختار بن عبید: 73/1

434–بني مدلج: 247/1

435–ابومدین: 212/5

436–بني مروان: 126/1–412

437–مروان بن الحكم: 6/1–123–199–377–42/4

438–مروان بن محةمةد: 33/1

439–**مزبد المدني**: 4/70–75/5–76–77

440–**المستنجد العباسي**: 5/182

441–**المستهل بن الكميت**: 4/34

442–**ابن مسروق**: 5/193

443–**مسعر بن كدام**: 3/159

444–**المسعودي**: 1/283–2/32–81

445–**مسكويه**: 2/213

446–**مسكين الدارمي**: 4/110

447–**مسلمون**: 1/218–5/127

448–**مسلم بن عقبة المري**: 1/297–304

449–**مسلم بن يزيد العدوي**: 1/92

450–**ابو مسلم الخراساني**: 1/144

451–**مسلمة بن مخلد**: 3/174

452–**مصعب بن الزبير**: 1/34–176–305–436–3/69–5/36

**هامش**

453–**ابن مطهر الحلي**: 2/142

454–**مظفر القرمسيني**: 5/204

455–**معاوية بن حيدة**: 1/34

456–**معاوية بن ابي سفيان**: 1/9–123–157–185–190–203–219–223–354–389–418–3/38, 44/47–5/23–30–102–120

457–**ابن المعتز**: 2/256

458–**المعتزلة**: 1/174–256

459–المعتصم: 78/1
460–المعتضد: 221–84/1
461–المعتمد: 413/1
462–معروف الكرخي: 197–157–140/5–429/1
463–المعرى: 68/4–221–220/3–325/2–454–453/1
464–مقاتل بن سليمان: 22/5
465–المقتدر: 363–262/1
466–المقتفي: 302/2
467–المقدسي: 309/2
468–ابن المقفع: 109/3
469–ابن مقلة: 181/1
470–المكزون السنجاري: 167/5–484–240/2
471–الملك المعظم الايوبي: 336/1
472–المنصور (الخليفة): –224–217–187–152–92/1
133–106–58–22/5–64/3–451–276–245
473–المنصور الموحدي: 259/2
474–المهاجرين: 82/1
475–المهدي الفاطمي: 407/1
476–المهدي بن المنصور: 64–54/5–197/2–373–265/1
477–477–المهدي المنتظر: 373–265/1
478–ابومهدية: 284/1
479–المهلب بن ابي صفرة: 176/1
480–المهلبي (الوزير): 147/3

481-الموالي: 202/1
482-موهوب الجواليقي: 165/2
483-موسى بن شاكر (اولاد.....): 110/2
484- موسى بن ابى العافية: 3/ 162
485- موسى الكاظم : 44/1, 115/2
486-موسى بن لازم: 67/1 هامش
487-موسى بن نصير: 358/1
488-ابو موسى الاشعري: 50/1
489-الموفق العباسى: 373/1
490-ميمون بن مهران: 393/1
491-الناصرالدين الله العباسى: 298/1-223/2-242
492-النابغة الجعدي: 244/2
493-النابغة الذبياني: 244/2
494-النبط: 161/1-170
495-نجاسون: 90/1
496-النخشبيي (ابو التراب): 184/5
497-نصر بن احمد الساماني: 248/1
498-ابو نصر بن مشكان: 231/2
499-نصاري: 163/1
500-نصير الدين الطوسي: 278/2
501-بنو نمير: 35/4
502-ابو نواس: 48/5-109
503-النوري (ابو الحسين): 216/5

504–النووي (المحدث): 270/2
505–ابو هاشم المعتزلي: 441/1
506–هاني بن قبيصة: 282/1
507–حمدية بن خشرم: 56/4
508–ابو هذيل العلاف: 105/5
509–هرمس اليوناني: 173/1–238/2
510–ابو هريرة: 218/1
511–هشام بن الحكم: 115/2–334
512–هشام بن عبدالملك: 70/1–215–221–229–98/3
513–هشام الغوطي: 417/1
513–ابن الهيثم: 210/2
515–الواثق العباسي: 222/2
516–ابو الوفاء المهندس: 11/5 هامش
517–وكيع بن ابي الاسود: 117/5
518–الوليد بن عبدالملك: 37/1–75–162–243–358–40/4
519–الوليد بن يزيد: 56/5–57
520–وهب بن منبه: 99/1
521–الوهراني: 334/1–335–336–192/2–193–194
522–يحي البرمكي: 401/1–188/4
523–يحى بن عدي: 149/1
524–يحى بن معاذ: 127/3–158/5
526–يزيد بن معاوية: 219/1
527–يزيد بن ابي حبيب: 16/2

528-**ابو يزيد البسطامي**: 160/5-192/3
529-**يعقوب بن الليث**:110/1
530-**يعقوب الموحدي**: 212/5 **هامش**
531-**ابو يعلى القاضي**: 7/2
532-**يهودي**: 163-12/4
533-**يوحنا بن ماسوية**: 34/5
534-**يوسف بن اسباط**: 430/1
535-**يوسف بن الحسين الرازي**: 196/5
536-**ابو يوسف القاضي**: 107/5-39/2 **مؤلف الخراج**
536-**ابو يوسف الموحدي**: 176/3
337-**ايونانيون**: 116/2

## زنجيرەی بڵاوكراوەكانی خانەی وەرگێڕان لە ساڵی 2005

| ناوی کتێب | زمان | نووسەر | بابەت | وەرگێڕ |
|---|---|---|---|---|
| ئەفغانستان و پێنج ساڵ دەسەلاتی تالیبان | فارسی | وحيد مژده | سیاسی | عەلی بیرووەندی |
| تۆپەکە | ئینگلیزی | سی. ئیس. فۆریستەر | ڕۆمان | ئەمین شوان |
| ستراتیژی | | ئا/( ئە نجومە | سیاسی | دلاوەر عەبدوڵڵا، مجید |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ئاسایشی نەتەوەیی ئەمەریکا لەسەدەی ( 21 ) | | نی دارِشتنی ستراتیژی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا ) | | ساڵەح - تارا شێخ عوسمان |
| نهێنی یاری کاغەز | دانیمارکی | یۆستاین گاردەر | فەلسەفە | بەهرۆز حەسەن |
| کلتــوری بەجیهانی بوون و بەجیهانی کردنــی کلتــور | عەرەبی | د.بورهان غلیۆن /د. سەمیر ئەمین | کۆمەڵناسی | خەبات مەحمود |
| چەند لاپەڕەیەك لە سەربوردەی خۆم | فارسی | سەدرەدین عەینی | ژیاننامە | عەزیز گەردی |
| رەوشی ئابووری وکۆمەلآیەتی کوردی رواندز | | ئی. ئار. لیچ | کۆمەلآیەتی | عەزیز گەردی |
| تێگەیشتنی تیۆرە سیاسییەکان | فارسی | تۆماس ئارتۆر سپراگێنز | سیاسی | فەرشید شەریفی |
| التنین | کوردی | محەمەد موکری | ڕۆمان | نەبەز کەمال |
| پلاندانان و پلاندانانی ڕاگەیاندن | عەرەبی | د.عماد محمد حسین الهلالی | ڕاگەیاندن | دلاوەر عوسمان سالْح |
| تۆماری شێتێك | ڕووسی | ن. گۆگۆڵ | شانۆی | جەلال تەقی |
| جوگرافیاو پەیوەندییە سیاسییە نێودەوڵەتییەکان | عەرەبی | محمد عبدالغنی سعودی | جوگرافی | جەزا تۆفیق تالیب ئەحمەد عەلی ئەحمەد |
| گەمییەکەی نوح | تورکی | یەشار کەمال | ڕۆمان | ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل |
| گوتارو وەرگێڕان | فارسی | عەلی سوڵحجوو | وەرگێڕان | کۆساری فەتاحی |
| رینیٚ دیکارت | ئەڵمانی | رینیٚ دیکارت | فەلسەفی | د. حەمید عەزیز |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ڕۆژی شۆڕش | ئینگلیزی | ڕاجی عمر | مێژووی | شیاو محمود کاوە سەباح |
| دۆنی ئارام | عەرەبی | میخائیل شلۆخۆف | ڕۆمان | محەمەد حەمە ساڵح |
| دووبرا | ڕووسی | لێرمەنتۆف | شانۆی | جەلال تەقی |
| هونەری وانەگوتنەوە | عەرەبی | محمد عبد الرحیم عدس | پەروەردەی | محەمەد ساڵح مەلا حەسەن هۆرێنی |
| کلیلی دەسەلاتی چوارەم | عەرەبی | د.فاروق عمر علی | ڕاگەیاندن | هیوا ساڵح ئەحمەد |
| هنری کیسنجەر | عەرەبی | هنری کیسنجر | سیاسی | نەبەز کەمال نوری |
| شیخوخة کلیوباتراو أطفال المطر | کوردی | لەتیف هەڵمەت | هۆنراوە | لەتیف هەڵمەت |
| شانۆی هاوچەرخی سویدی | عەرەبی | فازل جاف | شانۆی | دلێر میرزا |
| سەرچاوەکانی دیموکراسی | عەرەبی | لاری دایمۆند | سیاسی | دلێر میرزا |
| خۆڕاگرەکان | عەرەبی | بۆریس گۆرباچۆڤ | ڕۆمان | خانەی ڕادوگا- مۆسکۆ |
| سۆفیگەرێتی | عەرەبی | نێکۆس کازەنتزاکیس | | ڕەئوف حەسەن |
| نەریتی فاشیزم | فارسی | جۆن وایس | مێژووی | کارزان کاوسێن |
| کورتە مێژووی گۆڕانکارییەکانی کۆمەڵناسی | فارسی | بۆتۆڵ | کۆمەڵناسی | فەرشیدی شەریفی |
| تاو | عەرەبی | لاوتزۆ و چوانگ تزۆ | فەلسەفی | دیاری عەلی و ڕەئوف حەسەن |
| خاڵە ساڤا | ڕووسی | أ.پ.چیخۆف | شانۆی | جەلال تەقی |
| الأنفال الکورد و دولة العراق | کوردی | شۆڕش حاجی رسول | بەڵگەنامەی | خانەی وەرگێڕان |
| ڕاوچی | عەرەبی | یەشار کەمال | چیرۆك | تەها ئەحمەد ڕەسول |
| زانستی کیمیا بۆ | ئینگلیزی | جی.بی. | زانستی | د.بایەزید حەسەن |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| هەمووان | | شولپین | | |
| صفحات من تأريخ كفاح الشعب الكوردي | کوردی | فاتح ڕەسول | مێژووی | کەمال غەمبار |
| لەدەرباری شاوە بۆ زیندانی شۆڕش | عەرەبی | إحسان نرغی | سیاسی | ئەحمەد قادر سەعید |
| ڕۆڵی کارکردن لەگۆڕینی مرۆڤ بۆ مەیمون | ئەڵمانی | فردریك ئەنگڵس | کۆمەڵناسی | کەریم مەلا ڕەشید |
| هونەری شیعر | ئەڵمانی | ئەریستۆتلس | فەلسەفە | د.حەمید عەزیز |
| کۆمەڵگەی نەریتیو کۆمەڵگەی مۆدێرن | فارسی | مالکوم واترز | فەلسەفە | عبدوڵلاّ ڕەسوولی |
| خمسون قصيدة مترجمة عن الشعر الأنكليزى الحديث | ئینگلیزی | الأدب الأنكليزى | هۆنراوە | وفاء عبداللطيف زين العابدين |
| حەوت گوتار دەربارەی وەرگێڕان | فارسی | كورش صفوى | وەرگێڕان | رفعت مرادى |
| دیموکراسییەتی ڕاگەیاندن و پەیوەندیکردن | عەرەبی | د. محمد عبدالقادر حاتم | ڕاگەیاندن | مەم بورهان قانع |
| دڵشاد | عەرەبی | سەلیم بەرەکات | ڕۆمان | جەوهەر کرمانج |
| گوڵبژێرێك لە پەندو سەرهاتە ناوازەکان | عەرەبی | هادی عەلەوی | پەند | حسێن عوسمان نێرگسەجاڕی |

| ناوی کتێب | زمان | نووسەر | بابەت | وەرگێر |
|---|---|---|---|---|
| چەردەیەکی کۆمەلایەتیانە لە مێژووی نوێی ئێراق /2 | عەرەبی | د. عەلی وەردی | کۆمەڵناسی | کوێستان جەمال |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| **چەردەیەکی کۆمەڵایەتییانە لەمێژووی نوێی ئیراق/5** | **عەرەبی** | **د. عەلی وەردی** | **کۆمەڵناسی** | **حەسەن جاف** |
| **چەردەیەکی کۆمەڵایەتییانە لە مێژووی نوێی عێراق بەرگی** (6) | **عەرەبی** | **علی وردی** | **کۆمەڵناسی** | **دلێر میرزا** |
| **چەردەیەکی کۆمەڵایەتییانە لە مێژووی نوێی عێراق پاشکۆی بەرگی** (6) | **عەرەبی** | **علی وردی** | **کۆمەڵناسی** | **دلێر میرزا** |